

پارتی دادو گەشەپێدان و
چارەسەرکردنی پرسی
کورد
لە تورکیا
نووسین و ئامادەکردنی
د. عوسمان عەلی
وەرگێڕانی
عەبدولستار ئەحمەد باغەمرەیی
THE PARTY OF JUSTICE AND DEVELOPMENT IN TURKEY AND THE KURDISH QUESTION
DR. OTHMAN ALI
TRANSLATOR
ABDULSATTAR AHMED BAGHAMRAEE

# پارتی دادو گەشەپێدانو چارەسەرکردنی پرسی کورد لە تورکیا

**نووسینو ئامادەکردنی: د. عوسمان عەلی**

**وەرگێڕانی : عەبدولستار ئەحمەد باغەمرەیی**

**پێداچوونەوەی زمانەوانی: کامەران بابان زادە**

**تایپ: کاکۆ نامیق**

**ئەم وەرگێڕانە پێشکەشە بە...**

**خاتوو (بنار)ی هاوسەرم کە بەردەوام بنارێك بوو بۆ حەسانەوەم...**

**سوپاسێکی تایبەت بۆ:**

**براو خۆشەویستم مافپەروەر کاك (ئاری فاروق نانەکەلی) کە بەردەوام لە پشتەوەی سەرخستنی کارەکانم دابووە...**

## پێشەکی وەرگێڕ...

بێگومان بە هاتنە سەر دەسەڵاتی پارتی دادو گەشەپێدان لە سەرەتاکانی هەزارەی نوێوە گۆڕان، وەرچەرخانو هەژانێکی گەورەی چاوەڕواننەکراو بەسەر دەسەڵاتی میلیتاریو سیستمی پۆلیسی دەوڵەتی تورکیا روویدا. کە لەوەتەی دروستبوونی کۆمارەوە لە 1923 ئەم دەوڵەتە لەلایەن دەستەبژێری سەربازی، ئابووریو راگەیاندنەوە قۆرخکراوە.

گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن ئاك پارتی وەکو مۆدێلێکی نوێی پارتی سیاسی لە تورکیا، کە زیاتر بە پۆست ئیسلامیزم ناسراوە، دوای بردنەوە گەورەکەی لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی 2002 قۆناغێکی نوێی لە ژیانی سیاسی ئەم وڵاتە هێنایە پێش، بەجۆرێك تا ڕادەیەکی زۆر بەرەی لە ژێر پێی سکیۆلارە توندڕۆکان دەرهێناو هەڵبژاردن دوای هەڵبژاردنیش، بەدەنگی زۆرینەی خۆیەوە نقەیان لێوەدەبڕیو بە بەرچاویشیانەوە عەسکەر کۆتو زنجیر دەکاتو گەورە ژەنەڕاڵەکانیش کە بە پارێزەریی شەرعی سیستەمی سکیۆلاریزم دادەنرێن، بەرەو زیندانەکان پەلکێشیان دەکات.

بە بەراورد لەگەڵ تەواوی پارتەکانی دیکەی پێش خۆی لە حوکمڕانی، ئاك پارتی نزیکترە لەدۆزی کورد لە باکووری کوردستانو چارەسەرکردنی ئەو پرسە مێژووییە، بەتایبەت کە لەوەتەی ساڵی 1984وە بەهۆی خەباتی چەکداری پارتی کرێکارانی کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەوڵەتو بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد لەو وڵاتە، خوێنێکی زۆر لە جەستەی هەردوو گەلی تورکو کورد ڕژاوەو بەهۆیەوە وڵات بەگشتیو باشووری ڕۆژهەڵات (باکووری کوردستان) ڕووبەڕووی کێشەگەلێکی سیاسی، ئەمنی، ئابووری، ئیتنی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتیو پەروەردەیی بۆتەوە.

بەر لە ڕاگەیاندنی دەستپێشخەری کوردی، سەرۆك کۆماری تورکیا عەبدوڵڵا گوڵ سەردانێکی بۆ باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵات (باکووری کوردستان) ئەنجامدا. لەم سەردانییەیدا کە هاوکات بوو لەگەڵ ڕاگرتنی ئاگربەست لەلایەن پارتی کرێکارانی کوردستان لە ناوەڕاستی ساڵی 2004 ، باسی لەوەکرد تورکیا بەبێ پرسی کورد سەقامگیر نابێ، چونکە تورکیا ماوەیەکی زۆرە بە دەست شەڕی بەردەوامی باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتەوە دەناڵێنێ. ئەو گوتارەی گوڵ بووە پاڵنەرێك بۆ حکومەتەکەی پارتی دادو گەشەپێدان، بۆ ئەوەی چارەسەکردنی پرسی کورد بکاتە ئەولەویاتی کارەکانی خۆی. لە ئابی 2005 سەرۆك وەزیران رەجەب تەیب ئەردۆگان لە سەردانێکیدا بۆ شاری دیار بەکر وتارێکی مێژوویی ئاڕاستە کردوو، باسی لە ناوەرۆکی هێڵە گشتییەکانی پارتەکەی کرد، کە تێیدا ڕایگەیاند دیموکراسیو پەیوەندییەکانی ئایینی، کە خاڵی هاوبەشن لە نێوان تورکو کورد دەتوانن ببنە هۆکاری

چارەسەکردنی ململانێی نێوانیان "خۆر هەمووان گەرم دەکاتەوەو بارانیش پێدراوێکی خودایە بۆ هەمووان"، "پرسی کورد کێشەی منە... بۆیە لە داهاتوودا بە ڕێگەیەکی دیموکراسییانە هەموو کێشەکان چارەسەر دەکەین". ئەمانە چەند قسەیەك بوون لە کۆی قسەکانی ئەردۆگان کە لە شارەکە پێشکەشی کرد.

لە ڕاستیدا دەستپێشخەرییە ڕاگەیاندراوەکەی سەرۆك ئەردۆگان لە بەهاری 2009، یەکەمین دەستپێشخەری لەم شێوەیە نییە، بەڵکو لە 1991 سەرۆك وەزیرانی پێشووی تورکیا سلێمان دیمریل گوتی: "بەبێ نکوڵێکردن، دان بە بوونی واقیعی کورد دادەنێم لە تورکیا". دواتر پاش دوو ساڵ لە لێدوانێکدا تانسۆ چیلەر میراتگری دیمریل ڕایگەیاند لێکچوونێکی نزیك هەیە لە نێوان نموونەی باسك لە خۆبەڕێوەبردن وەکو هەرێمێك لە چوارچێوەی ئیسپانیاو پرسی کورد لە تورکیادا. هەروەها لە ساڵی 1999 لە کاتێکدا تورکیا لە هەڵمەتی خۆ کۆکردنەوە بوو، بۆ چوونە ناو یەکێتی ئەوروپا، سەرۆك وەزیرانی ئەو کات مەسعود یەڵماز ڕایگەیاند: "گەیشتن بە یەکێتی ئەوروپا لە ڕێگەی دیار بەکرەوە دەبێت".

بێگومان هەر لەسەرەتاوە دوای ڕاگەیاندنی دەستپێشخەری چارەسەرکردنی پرسی کورد لەلایەن سەرۆك وەزیران ئەردۆگان، لایەنەکان کاردانەوەی جیاوازیان هەبوو، هەر یەك لە پارتی گەلی کۆماریو پارتی کاری نەتەوە (نەژاد پەرست) بە توندی نەیاری خۆیان بەرامبەر دەستپێشخەرییەکە دەبڕی، هەروەها هەردوو پارتەکە داوای ڕوونکردنەوەیان لە حکومەت کرد، سەبارەت بە لێدوانەکانی عەبدوڵڵا گوڵ، کە دەستپێشخەرییەکەی بە "هەلی مێژووییو کۆدەنگی نیشتمانی" ناو بردووە. هەر بۆیە ئۆپۆزسیۆن زوو داوای لە حکومەت کرد، دەستبەجێ وەڵامی مانای "هەلی مێژوویی" بداتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش بە فەرمی پەلپی لە لێدوانەکەی گوڵ گرت.

لە بەرامبەریشدا گوڵ بەم شێوەیە وەڵامی ئۆپۆزسیۆنی دایەوە: "بە پێچەوانەی ڕابردوو، لە ڕۆژگاری ئێستادا هەموو خەڵك بە کراوەیی لەگەڵ یەکتری قسە دەکەن. کاتێکیش دەڵێم هەموو خەڵك واتا سەربازەکان، هاووڵاتیانو هەواڵگرییەکان، لە کەشێکی لەم شێوەیەدا هەموو شتێکی نوێ دەگوترێ. بۆیە دەڵێم پێشبینیو مەزەندەکان پێمان دەڵێن شتگەلێکی گرنگ ڕوودەداتو لە سەر ئێمەش پێویستە لە دەست خۆمانی نەدەین".

بەڵام هەرچی سەبارەت بە ڕۆشنبیرانو هونەرمەندانی مرۆڤ دۆست، بەهەمان شێوە ئەوانیش کاردانەوەی تایبەتی خۆیان هەبوو. ڕۆژنامەنووسی خاوەن ئەزموون جەنگیز چاندار کە یەکێکیشە لەو کەسانەی سەبارەت بە دەستپێشخەری کوردی، حکومەت راوێژی پێکرد دەڵێ: "ئەم دەستپێشخەرییە گەرەنتی مانەوەی ناسنامەی ئیتنی کوردە، وەکو هاووڵاتی لە چوارچێوەی کۆماری تورکیاو پاراستنی لەلایەن یاساوە بە گوێرەی پێوەرەکانی یەکێتی ئەوروپا". نیهاد ئۆزجان شارەزا لە کاروباری "پەکەکەو تیرۆر لە تورکیا" دەڵێ:" ئەستەمە باوەڕ بکەین، کار ئاسانی بۆ ڕاگەیاندنی دەستپێشخەری کوردی بە ڕێککەوتو هەندێك گۆڕانکاری ناوخۆیی، هەرێمایەتیو نێودەوڵەتییەوە بووبێ، بەڵکو ئەمە ئەو چرکە ساتەیە کە هەموولایەك ئومێدە خوازی بینینی بووین. هەر بۆیە سەرۆك گوڵ گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی کە کاتی ئەو هەلە هاتووە". زوڵفلی لیڤانالی کە هونەرمەندێکی مرۆڤ دۆستو دیموکراسییەکی کۆمەڵایەتیو سیاسییەکی بەناووبانگە، لە بەرەی بەرگریکارانی

دەستپێشخەری کوردیدایەو دەڵێ: "ئەم پرۆژەیە ئاشتی دەستەبەر دەکاتو رێگە لە خوێن ڕشتنی زیاتر دەگرێ". لەلای خۆیەوە محەمەد ئاڵتان سەبارەت بە دەستپێشخەرییەکە باس لەوە دەکات گۆڕان لە هەڵوێستی نێودەوڵەتی بەتایبەت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دروست بووە، کە ناخوازێ دوای کشانەوەی هێزەکانی لە عێراق هیچ جۆرە ململانێیەك لە ناوچەکە بمێنێ. هەر پرسێکی ناوچەکەش کە پەیوەندی بە ئارەزووی ئەمەریکاوە هەیە، ئەو کات واشنتۆن پێویستی بە ڕۆڵی کارای تورکیا دەبێت، بۆ داهاتووی باکووری عێراق، ئەمەش بەبێ چارەسەکردنی پرسی کورد لە ناوخۆی تورکیا ، ئەنکەرە ناتوانێ بەو ئەرکە هەڵبستێ. مومتاز تۆکنەر شرۆڤەکاری تورك دەڵێ :"هەموو ئاماژەکان سەبارەت بە پرسی کورد ئەرێنین... تورکیا دەیەوێ چارەسەری ئەو پرسە بکات، کە وڵاتی پڕ خوێن کردووەو هاووڵاتیانی ئازار چەشتوو کردووەو گەیاندوونییەتیە ئەم کۆتاییە، ئێستا لێکتێگەیشتنێکی هاوبەش هەیە لە نێوان نێوەندەکانی بڕیار. وەکو دەردەکەوێ حکومەت جددییە لە چارەسەکردنی ئەم پرسە، لە بەرامبەریشدا هاووڵاتیانی کورد گەشبینن بەو چارەسەرکردنەو لەلای خۆشیانەوە شرۆڤەکارانی سیاسی ناوی دەنێن (هەلی مێژوویی". بە بۆچوونی ئاڵتان تان حکومەتو سەرۆك وەزیران خاوەنی ئیرادەیەکی تۆکمە نین، نەك هەر تەنیا لە سەر پرسی کورد، بەڵکو لە هەموو پرسەکانی دیکە. هەروەها دەڵێ: "هەندێکجار لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە حکومەت هەڵوێستی ئازایانە وەردەگرێ، بەڵام وەکو هەورە تریشقەی بێ بارانە، بۆیە ئێستا پێویستمان بە ئیرادەیەکی بەهێزە بۆ چارەسەکردنی پرسی کورد".

سەرەڕای ئەوەی لە سەرەتادا پارتی کرێکارانی کوردستان پێشوازی لە نیازی حکومەت کرد، بەو پێیەی دەیەوێ بە ڕێگەی ئاشتی چارەسەری پرسی کورد بکات، بەڵام دواتر دێ رەخنەی جددی دەگرێ، بگرە پەکەکە دەخوازێ تاکە لایەنی نوێنەرایەتی کردنی کورد بێ، بۆ ئەوەی بەتەنیا لەسەر ئەم دەستپێشخەرییە قسە بکات، پێداگریشی لە سەر ئەوە بوو ئاشتی بە بێ گەڕانەوە بۆ ئۆجەلان بەر قەرار نابێ. لەمبارەیەوە بە توندی ڕەخنە لە دەستپێشخەریەکەی حکومەتی دادو گەشەپێدان دەگرێتو بە ڕووکەشو بێ مانا ناوی دەبا، لە ڕاگەیاندراوێکدا کە لە ئاژانسی هەواڵی فورات بڵاوکراوەتەوە پەکەکە ڕایدەگەیەنێ "چارەسەری پرسی کورد بەبێ دانپێنانی لەلایەن نوێنەری ڕاستەقینەی ئیرادەی گەلی کورد (کە مەبەست لێی پەکەکەیە)و ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵی بە ئەنجام ناگات" لە بەشێکی دیکەی ڕاگەیاندراوەکەیدا پەکەکە بە پێویستی دەزانێ لە ناو دەستووردا حکومەت بە فەرمی دان بەگەلی کورد دابنێ

لەلای خۆیەوە سەلاحەددین دەمیرتاش هاوسەرۆکی بەدەپە چوار مەرجی بۆ گەیشتن بە ئاشتی هەمیشەیی پێشکەشکردووە کە ئەمانەی خوارەوەن:

- داڕشتنەوەی دەستوورێکی نوێ کە پشتگیری لە دیموکراسییەکی تەواو بکات.
- هەموارکردنەوەی بەندی 66 ی دەستوور کە پێناسەی هاوولاتی بوون دەکاتەوە بەدەر لە ئینتیمای ئیتنی.
- ڕێگەدان بە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە خوێندنو ڕاگەیاندنەکان.
- پێدانی دەسەلاتی زیاتر بە ئیدارەی ناوخۆیی ناوچە کوردییەکان.

له لێدوانێکدا که ئاڕاستەی کۆنگرەی پێنجەمی نێودەوڵەتی کرد، که له کانوونی دووەمی 2009 له برۆکسل سەبارەت به (یەکێتی ئەوروپا، تورکیاو کورد) بەڕێوەچوو، ئۆجەلان دەڵێ: "هەموو هەوڵێك بۆ چارەسکردنی پرسی کورد بەشێوەیەکی دیموکراسیو بەرقەرارکردنی ئاشتی گرنگ دەنرخێنم.. ئەمە ڕاستییەکە پێویستە هەردوولا کار بکەن، بۆ چارەسەرکردنی ململانێکانی نێوانیان له سەر بنەمای دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی ژیانی کۆمەڵایەتی، نیشتمانیو سیاسی، که دەوڵەتی له پێناودا دروست بووەو گەیشتن به بڕیاردانی گونجاو... کورد دەخوازێ دان به بوونی دابنرێ، ئازادییه ڕۆشنبیرییەکانی بۆ فەراهەم بکرێ، لەگەڵ دروستکردنی سیستمێکی دیموکراسی گشتگیر... پرسی کورد به چەكو توندو تیژی چارەسەر ناکرێ... ئێمە ڕازین کۆماری تورکیا وەکو دەوڵەتێکی یەکپارچەو سکیۆلار بمێنێتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا باوەڕمان وایەو به پێویستی دەزانین، دەبێ دووباره پێناسەی دەوڵەتی دیموکراسی له سەر بنەمای ڕێزگرتن له مافەکانی گەلانو ڕۆشنبیرییەکانیان بکرێتەوە".

پێشتریش وەزیری دەرەوەی ئێستای تورکیا ئەحمەد داود ئۆغلۆ له تێزی دکتۆراکەی (قووڵایی ستراتیژی) سەبارەت به چارەسەرکردنی پرسی کورد دوو خاڵ دەخاتەڕوو که بریتین له:

1- بەهێزکردنی هەستکردن به مەرجەعییەتی کۆمەلایەتی بەو پێیەی مەرجەعییەتەکە گشتییەو بەشەکی نییە، یاخود ئەو مەرجەعییەته نابێت پارچەپارچه بکرێت، هەروەها دەبێت پشتگیری بکرێت له بنەماکانو ڕەگەزەکانی مێژوویی، ئایینی، ڕۆشنبیریو جوگرافی، ئەمانه وادەکەن دواجار هەستکردنەکه بەهێزترو پتەوتر ببێت.

2- دەستەبەری هۆشیاری: دەبێت هاوولاّتیان لەسەر بنەمای شەرعییەتی سیاسی هەست به یەکسانی بکەن، بێئەوەی هەست به پێویستی دەست تێوەردانی هەر هێزێکی دیکەی دەرەکی بکەن.

بەگشتی پرۆسەی چارەسەری پرسی کورد له تورکیا ماوەی چەند ساڵێکه بەتایبەتریش لەوەتەی نەورۆزی 2013وە گەرمو گوڕییەکی زیاتری بەخۆوە بینیوە، لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی، -هەرێمایەتیو دەرەوە – دا، چەندین کاراکتەری کۆنو نوێ بەتایبەتی بەشداری بەڕێوەچوونی پرۆسەکه دەکەن. بۆ نموونه لەسەر ئاستی ناوخۆی تورکیادا جگه له دەوڵەت یاخود حکومەتو تەواوی دامەزراوەکانی، ڕۆشنبیران، میدیاکاران، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیو بەشی زۆری چینو توێژو هاونیشتمانیانی ئەو ولاّته له چاوەڕوانی سەرخستنی پرۆسەکەدان، که ئەمەش پاڵپشتییەکی بەهێزه لەوەی گەلانی تورکیا خوازیاری کۆتاییپێهێنانی خوێن ڕشتنو دووبەرەکی نێوان هەردوو گەلی تورکو کوردن. ئەوەی ئەمجاره پرۆسەی چارەسەرکردنی پرسەکه لەوانەی پێش خۆی جیا دەکاتەوە، بریتیه له بەشداریپێکردنی هاکان

**فیدان سەرۆکی دەزگای هەواڵگری ناسراو بە (میت) لە ڕێڕەوی بەڕێوەچوونی گفتوگۆکانی نێوان هەردوو لایەنی حکومەتو لایەنی کوردی.**

**ئێستا حکومەتی دادو گەشەپێدان بەتایبەت دوای سەرکەوتنەکەی لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانییەکان کە لە 30ی نیسانی 2014 بەڕێوەچوو، خوازیارە پرۆسەکە بەردەوامی هەبێت، جگە لەمەش دەخوازێ هەر چۆنێك بێ لە کۆتاییدا پرۆسەکە سەرکەوتن بەدەست بێنێ، ئەم هەڵوێستەشی لە میانی کۆبوونەوەی دوایی نێوان ئەردۆگانو نێچیرڤان بارزانی دووپاتکردەوە، دوای ئەوەی بارزانی لە 16ی نیسان بەسەردانێك کە لەسەر داوای ئەردۆگان رێکخرابوو، گەیشتە ئەنکەرەی پایتەختی تورکیا. لەلای خۆشییەوە (قەندیل) دەیەوێ لە کۆتاییدا شکۆی بەرخودانی سی ساڵەی خۆی لە مێژووی خەباتی چەکداریو سیاسی لە تورکیای سەدەی بیستو بیستو یەکدا بە نەمری لە لاپەڕەکانی مێژوو تۆمار بکات.**

**پەکەکە هەردەم پێداگری لەوە دەکرد، ئۆجەلانی رێبەری کە لەوەتەی شوباتی 1999وە لە زیندانی دوورگەی ئیمراڵی دەستبەسەرە، لەناو حیساباتەکانی پرۆسەی ئاشتی بەشداربێ، چونکە دواجار بەبێ گەڕانەوە بۆ (ئاپۆ) پرسی کورد لە تورکیا چارەسەر نابێ، بەو پێیەی ئەو جگە لە سیمبول، هەم کاریزمی، هەم کاراکتەر، داینەمۆو رۆحی خەباتی شۆڕگێڕی کوردانە لە باکوور. هاوکات لە پەیامەکەی خۆیدا بەبۆنەی هاتنەوەی نەورۆزی ئەمساڵ ئۆجەلان دووپاتی کردەوە، کە کورد حەز بە ئاشتی دەکەن، گوتیشی ئاشتی لە شەڕ سەختترە، کورد نە لە شەڕو نە لە قۆناغی ئاشتی ناترسێ. پێشتریش هەر لەمساڵدا ئۆجەلان ڕایگەیاند کە ئەو تا ئێستا کەسێکی کاریگەرە لە تورکیاو حکومەت پرسی پێدەکات.**

**هاوکات لەسەر ئاستی هەرێمایەتی بەبێ پێچوپەنا ئەگەرچی کاردانەوە، لێکدانەوە، قسەو بۆچوونی جیاوازی لەلایەن پێکهاتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانی لەسەر دەکرێ، بەڵام بەگشتی سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتریش هەر یەك لە مسعود بارزانیو نێچیرڤان بارزانی وەکو دوو کاراکتەری سەرەکی بەشدارن لە سەرخستنو بەرەو پێشڤەچوونی پرۆسەکە، لە هەموو سەردانییەکانی هەر یەك لە سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی حکومەت بۆ تورکیا، لە نێوەندی میدیای تورکییەوە گرنگییەکی زۆریان پێدەدرێ، بەجۆرێك دوای سەردانییەکەی سەرۆکی هەرێم مسعود بارزانی بۆ شاری ئامەد سەرۆکی پارتی کاری نەتەوەی نەژاد پەرست دەوڵەت باخچەلی گوتی "ئەردۆگان بووەتە ئامۆزای مسعود بارزانی"، گوتیشی کار وابڕوات، باشووری وڵات دەبێتە هەرێمێکی دیکەی کوردستان لە ناو تورکیا.**

تا ئێستا پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا بەردەوامە، هەموو لایەکیش لە چاوەڕوانی جێبەجێکردنی قۆناغەکانیدان، کە ئایا بەکوێ دەگات، هەندێك پێیان وایە سەرکەوتوو دەبێ، هەندێکی دەڵێن بە بنبەست گەیشتووە، هەر چۆنێك بێت ئێستا ئاگر بەست لە ئارادایەو (چەکەکان بێ دەنگ کراون).

خەباتی شاخ لەسەر دەستو مەچەکی گەریلاکان بەردوامەو نەپساوەیە، خەباتی ئاشتیش لە دڵەکانەوە هەڵدەقوڵێ. لە میانی بەڕێوەچوونی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە شاری وان جێگری سەرۆك وەزیرانی تورکیا بوڵنت ئارنیج رایگەیاند ئەوەی لە هەشتاکانی سەدەی بیست کوردێك لەسەر ئەوەی خەباتی بۆ دەکرد، لە بەدەستهێنانی مافەکانی نەتەوەیی، بینیمان لە زیندانەکان ئەشکەنجە دەدراو دەکرایە هەزار پارچە، بۆیە پێویستە ئێمە ئەمڕۆ تێبگەین ئەوان لەبەر چی روویان لە شاخ کردووە، بەدڵنیاییەوە ئەوەی بەسەر ئەوان هات، منیش بوومایە پەنام دەبردە بەر شاخ.

خوێنەری بەڕێز کاتێك دەستم بە وەرگێڕانی ئەم کتێبەی بەر دەستت کرد، زۆر دڵخۆش بووم بەوەی ببمە بەشێك لە گەیاندنی پەیامێك بۆ ئاشتی براکانمان لە باکووری کوردستان، بە دڵنیاییەوە ئەوەی ئەمڕۆکە بۆ براکانمان لە باکوور هاتۆتە پێش، هەروا رێککەوت نەبووە، بەڵکو کۆمەڵێك فاکتۆری ناوخۆییو دەرەکی، مێژوویی، ئێستاو ئایندەی تورکیای پێوە بەندە. بە بڕوای من ئەگەرچی نامەوێ ببمە بەرگریکارو پارێزەری، بەڵام بوونی پارتی دادو گەشەپێدان لە دەسەڵات، دەرفەتێکی زێڕینیش نەبێ زیوینە بۆ پرۆسەی ئاشتەوایی لە تورکیاو گەیشتنی کورد بە بەشێك لە مافەکانی لەم وڵاتە بەمەرجێك هەردوولا جددی پێدان لەسەر بەردەوامیدان بە کرانەوەو دانووستانی نێوانیان، مێژووی هەشتا ساڵەی رابردووش سەلماندوویەتی کە ئاك پارتی نموونەیەکی باشترە لەوانیدکەی پێش خۆی لە حوکمڕانی، بۆ گوێگرتن لە داخوازییەکانی گەلی کورد. سەبارەت بە تێگەیشتنەکەی ئێمە، نووسەرێکی وەکو ئیلنور چەڤیك هەمان بۆچوونی خۆی دەخاتەڕوو، کە دەڵێ پەیامەکەی ئەمساڵی ئۆجەلان لە نەورۆزدا کە باس لە بەردوامیدان لە ئاشی دەکات، مانای ئەوەیە کە (لێدانو گورزوەشاندن لە ئەردۆگانو پارتەکەی، واتا لێدان لە پرۆسەی ئاشت بوونەوە لەگەڵ کورد).

لە کۆتاییشدا ئەگەرچی من وەکو خوێنەر دواتریش وەکو وەرگێڕ کتێبەکەم خوێندۆتەوە، بەڵام مانای ئەوە نییە کە بەدەر بووبێ، لە کەموکوڕیو نەنگی، هیچ کارێك نییە کامڵی رەها بێ. بێگومان هیچ کارێك نییە، ئاستەنگی لە بەردەمدا نەبێ، بۆیە ئەم کارەی ئێمەش بەهەمان شێوەی کارەکانی دیکە، ئاستەنگی بەردەمی هەبووە، بەڵام توانراوە بە گوێرەی کاتو شوێن تاڕادەیەك بەسەر قورسایی بەشێك لە

ئاستەنگەکان زاڵبین. بۆ نموونە لە بنەڕەتدا ئەم کتێبە لە کۆمەڵێك وتارو نووسینی جیاواز لەلایەن کۆمەڵێك نووسەرو ئەکادیمیك نووسراوە، بۆیە خوێندنەوەو تێگەیشتن بۆ هەر یەکێکیان جیاوازە لەویدیکە. زۆربەی وتارەکان کەمێکیان نەبێ، زیاتر مەیلیان بۆ خودی پارتی دادو گەشەپێدانو سەرکردایەتی ئەم پارتە هەیە، ئەمەش ئەگەر زیاتر بیخەیتە ژێر نەشتەری ئەکادیمیەوە، دژێك دەبینی، بۆیە بە بۆچوونی ئێمە دەبوو، چەند وتارێکی دیکەی لەخۆ بگرتبووایە کە گوزارشت لەرای پێچەوانەو دژ بە ئاك پارتی دەکەن. هەروەها زۆربەی یاخود هەر هەموو وتارو بابەتەکان لەسەردەمێکی زووترو بەر لە ساڵی 2013 نووسراون، بۆیە لە کاتی خوێندنەوەیاندا، خوێنەر هەست بە بەجێهێشتنی ئەو زەمەنە دەکات، کە هێشتا پڕۆسەکە وەکو ئێستا نەچووبووە، ناو قۆناغەکانی جێبەجێکردن. بەگشتی هەموو وتارو نووسینەکان گوزراشت لە بۆچوونی نووسەر دەکەن، بەلاَم ئەوەی بەلای ئێمە گرنگ بوو، وەرگێڕانی ئەم کتێبە هەوڵێکە بۆ ئەوەی ببێتە بەشێك لە سەرخستنی پڕۆسەی ئاشتی لە تورکیاو لە یەکنزیککردنەوەی هەردوولایەنی دژ بەیەك، هاوکات هیوادارم سەرنجی خوێنەری کورد رابکێشێ، بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە پڕۆسەکەو بەدەستهێنانی زیاتری زانیاری لەم بارەیەوە.

لە کۆتاییدا سوپاس بۆ خودا کە یارمەتیدام، سوپاس بۆ دکتۆر عوسمان، مامۆستا کامەران بابان زادە، شوان تاڤینگ، خێزانەکەم دایك، باوك، هاوسەرو خوشکەکانم، (ئادین)ی کچم کە زۆر کاتی یاریکردنم لێیگرت، سوپاس بۆ هەموو کەسو دۆستە نزیکەکانم کە پاڵپشتی مەعنەویم بوون، لە تەواوکردنو سەرخستنی ئەم بەرهەمە.

عەبدولستار ئەحمەد باغەمرەیی

هەولێر

2014/4/22

## پێشەکی نووسەرو ئامادەکار...

راستییەکی حاشا هەڵنەگرە، کە شەش دەیەی رابردووی مێژووی کورد لە تورکیا پڕاوپڕییەتی لە ئەزموونی تاڵو ناخۆش، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە نکوڵیکردنی ناسنامەو هەوڵەکانی توانەوەو لە ناوبردنی بە زۆرەملێی شووناسی نەتەوایەتییەوە هەیە، دواجار پێڕۆکردنی ئەم جۆرە سیاسەتە لەلایەن حکومەتو دەسەڵاتە یەك لە دوای

یەکەکانی تورکیاوە بووەتە هۆکاری بنەڕەتی لە رژانی خوێنێکی زۆر لە جەستەی هەردوو نەتەوەی کوردو تورك، بەڵام لەوەتەی پارتی دادو گەشەپێدان لە ساڵی 2002 گەیشتۆتە دەسەڵات، تورکیا چەندین وەرچەرخانی گەورەی بەخۆوە بینیوە، سەبارەت بە کورد، پرسی کرانەوەی دیموکراسی، دانان بە شووناسی رۆشنبیری کورد، بوونیادنانی پەیوەندیی پتەو لە نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستانو ئەنکەرەو رۆڵی ئەرێنی کۆمپانیا تورکییەکانو بەشداریکردنیان لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان. هەر بۆیە کورد لەسەر هەردوو ئاستی بژاردەو شەقام جارێکیدیکە دێ، هەڵسەنگاندنێکی نوێ بۆ تورکیا دەکاتو خوێندنەوەو تێڕوانینێکی دیکەی بۆ دەبێت، جگە لەمەش کوردیش وەکو تەواوی گەلانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەیەوێو خوازیارە لە مەتەڵو نهێنی سەرکەوتنە بێپایانەکەی ئەزموونی تورکی لە ژێر سایەی حکومەتەکەی ئاك پارتییەوە بگات.

ئەم پەرتووکەی بەردەستت هەوڵدەدا وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، کە کورد بەتایبەتیو کەسانی دیکە بەگشتی پێوەی سەرگەرمنو گرنگە خوێنەری کورد وەڵامەکانی بزانێ: ئایا نهێنی هێزی پارتی دادو گەشەپێدان لە چی دایە؟ ئایا پارتی دادو گەشەپێدان لە توانایدا هەیە چارەسەری واقیعیو ئاشتیانەی پرسی کورد بکات؟ ئایا سکیۆلاریزمی کوردی کە تاڕادەیەك بە هەمان شێوەی سکیۆلاریزمی (لائیکی) تورکی دژە ئایینە، تا چەند دەتوانێ لە ژێر رۆشناییەکانی ئەزموونی نوێی تورکی چاو پێخشاندنەوەو هەڵسەنگاندنێکی تازە بۆ خۆی بکات؟ ئایا ئیسلامی سیاسی لە کوردستان تا چەند دەتوانێ سوود لە ئەزموونی تورکی وەربگرێتو واز لە هەندێك دروشمی کۆنو تەقلیدی (کاریگەر بە بەرنامەی ئیخوانو سەلەفییەتی کۆنسیرڤاتۆر) بێنێو لەمەودوا گرنگی بە پرسە نیشتمانییەکان بداتو خۆی لەگەڵ مۆدێرنەو بەهاکانی دیموکراسی بگونجێنێ؟ ئایا بزاڤی ئیسلامی سیاسی کوردی لە توانایدا هەیە، بەشداربێ لە پرۆژەی نیشتمانی وەکو ئەو بەشدارییە گەورەیەی پارتی دادو گەشەپێدان لە پرۆژە نیشتمانییەکانی تورکیا کردوویەتی؟

ئەم کتێبەی بەردەستت خوێنەری بەڕێز ئاشنات دەکات، بە قۆناغەکانی پێشکەوتنی مێژووی سکیۆلاریزم لە تورکیای هەردوو سەردەمی عوسمانیو کەمالی، هەروەها هەوڵدەدا گەشتی تورکیا بۆ دووبارە گەڕانەوە بۆ ناو خودی خۆی، لە ماوەی دەیەکانی رابردوو بۆ خوێنەر روون بکاتەوە. تورکیای ئەمڕۆ کە بە تورکیای کۆماری سێهەم ناو دەبرێتو لەلایەن سێکوچکەی ( ئەردۆگان، گوڵو ئۆغلۆ)وە داڕشتنی بۆ کراوە، تەواو جیاوازە لە تورکیای رابردوو، تورکیای ئەمڕۆ  نە تورکیای عوسمانیو نە ئەتاتورکییە، بەڵکو تێکەڵەیەکە لە نێوان هەموو لایەنو بەها ئەرێنییەکانی هەردوو سەردەمی دژ بە یەکی عوسمانیو ئەتاتورکی.

ئێستا تورکیا هەوڵدەدا جارێکی دیکە بگەڕێتەوە باوەشی جیهانی ئیسلامی، لە هەمانکاتدا دەیەوێ پارێزگاری لە کلتوری دیموکراسی، سکیۆلاریزمو گیانی نەتەوایەتی سەردەمی کەمالی بکات، لەمبارەیەوە نووسەر (شەریف سەعدەدین توغیان) لە توێژینەوەکەیدا (شێخ رەجەب تەیب ئەردۆگان... بانگبێژی ئەستەنبوڵو

شكێنەری بتی ئەتاتورك) دەڵێ:"ئەردۆگان هەموو دژەكانی هەردوو سەردەمە دژ بە یەكەكەی رابردوو لە پێكهاتە تازەكەی توركیای ئەردۆگانی بە یەكەوە كۆدەكاتەوە، ئێستا توركیا بووتە توركیایەكی میانڕەو، بەو مانایەی توركیای ئەمڕۆكە لە ئاشتیو ئاشتبوونەوە دایە، بەم پێیەش ئەم پێناسە نوێیە كە بریتیە لە (ئیسلامێكی میانڕەو، سكیۆلاریزمێكی میانڕەو، ناسیۆنالیزمێكی میانڕەو، رۆژئاواییو ئەوروپییەكی میانڕەو و رۆژهەڵاتییەكی میانڕەو) بە بەرخۆیەوە دەكات. بێگومان توركیای ئەمڕۆ لەلایەن سەركردایەتیەكی عەقڵانیو رۆشنگەرو تاڕادەیەكی زۆر پەیوەند بە شەفافییەتو راوێژ فەرمانڕەوایەتی دەكرێ، ئا لەوێوە لەوەتەی گەیشتنی ئەم ستافە بە دەسەڵات توانراوە توركیا لە وڵاتێكی تەواو پێكاو بە تەنگژەكانی كارگێریو ئابووری ماندوو  بە گەندەڵیو بێكاری وەربچەرخێ بۆ كۆمارێكی بوژاوەو زیندوو لە نێوەندی هەموو ئەو هەڵچوون و داڕمانە گەورەیەی كە وڵاتانی جیهان لە  تەنگژەی ئابووریی تێیكەوتوون".

توركیای ئەمڕۆ بە هەموو متمانەو ئامادەباشییەكەوە دەخوازێ، بەرەو ئاییندە هەنگاو بنێ، بۆ ئەم مەبەستەش ئەردۆگان دەیەوێ بە هاتنی ساڵی 2023 توركیا بخاتە ناو ریزبەندی دەهەمین گەورەترین وڵاتانی ئابووری جیهان. لە پێشتردا بەتایبەت لەوەتەی سەردەمی ئەتاتوركەوە بە هیچ شێوەیەك توركیا گۆڕانی ریشەیی بەم شێوە قووڵەی لە هەردوو هەیكەلی سیاسیو نە كۆمەڵایەتیدا بەخۆوە نەبینیوە، ئەمەش تەواو بەرهەمی دەستی ئەردۆگانە.

بەلای زۆرێك لە توركەكان لە دوای (مستەفا كەمال)وە توركیا پیاوێكی دیكەی هاوشێوەی ئەو سەركردە مێژووییەی تێدا هەڵنەكەوتووە، بەڵام بەشێكی دیكە بڕوای تەواویان بەوە هەیە كە ئەردۆگان بەبێ شەڕو ئەنجامدانی كودەتای سەربازی توانیویەتی كۆتایی بە دەسەڵاتی كەمالی بێنێو جڵەوی دامەزراوەی سەربازیش كە پارێزەری راستەقینەی سیستمی سكیۆلاریزمی پیرۆزە بخاتە ژێر كۆنترۆڵی خۆی[1].

كتێبی پارتی دادو گەشەپێدان لە توركیاو پرسی كورد، لە یازدە بەش پێكهاتووە، بە ئامانجی گەیشتن بە راستەقینەی وێنای ئەو بژاردەیەی پارتی دادو گەشەپێدانی دامەزراندووە پشت بە هەردوو لایەنی مێژوییو شیكاری بەستراوە، هاوڕێ لەگەڵ ئەو پەیوەندیو هەڵوێستانەی دەربارەی پرسی كورد هەیەتی. لە بەشی یەكەمدا باس لە رێڕەوی مێژوویی پەیدابوونی سكیۆلاریزمی توركی دەكەین، لە ناویشیدا وردەكارییەكانی پرۆسەی بە رۆژئاواییكردن كە بە ناوی تەنزیماتەوە ناودەبراو لە سەردەمی عوسمانییەكان. لە بەشی دووهەمدا گفتوگۆ دەكەین سەبارەت بە سەرهەڵدانی "لائیكی – كەمالی". بەشی سێهەم تایبەتە بە گەشەی ئیسلامی سیاسیو سەرهەڵدانی لە

(1) أردوغان المؤذن الذي أسس الجمهورية الثانية، ملاحق جريدة المدى اليومية.
.http://www.almadasupplements.com/news.php?action=view&id=3480

**تورکیای هاوچەرخدا. بەشی چوارەم تایبەتە بە ژانی هزریو وەرچەرخانە سیاسییەکان، کە بەر لە لە دایکبوونی پارتی دادو گەشەپێدان لە ناو رەوتی ئیسلامی سیاسی تورکی سەریهەڵداوە. لە بەشی پێنجەمدا قسە لەسەر سروشتو تایبەتمەندێتی پارتی دادو گەشەپێدان دەکەین. لە راستیدا بەهاری عەرەبی راستەقینەو میسداقییەتێکی گەورەی بە هیزی سیاسی پارتی دادو گەشەپێدان بەخشی، بەجۆرێك ئەم بیرۆکەیە دواتر وەکو دیاردەیەکی واقیعی خۆی دەرخست، تا ئەو رادەیەی کە چاوەڕوانیو ئەگەری دووبارە بوونەوەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لێدەکرێ، ئەم مشتومڕەیش لە بەشی شەشەمدا بە روونی دەخوێنیتەوە. بەشی حەوتەم تایبەتە بە چاکسازیە ناوخۆییەکانی تورکیا کە پارتی دادو گەشەپێدانی هێنایە پێشەوە، لەگەڵ کاردانەوەی ئەو چاکسازییانەی بەسەر سیاسەتی دەرەوەو پرسی کورددا هات. لە بەشی هەشتەمدا خوێنەر ئاشنا دەبێ بە دکتۆر ئەحمەد داود ئۆغلۆ ئەندازیارو تیۆریستی پارتی دادو گەشەپێدان. بەشی نۆهەمیش گوزراشت لە توێژینەوەیەکی شیکاری هۆکارو دەرەنجامەکانی دەستپێشخەری کوردی دەکات کە لە ساڵی 2010 – 2011 لەلایەن پارتی دادو گەشەپێدانەوە، بۆ چارەسەرکردنی پرسی لە تورکیا پێشکەشکراوە. بەشی دەهەمیش قسە لە سەر چەند توێژینەوەیەك دەکەین، کە تایبەتن بە هەڵوێستی حکومەتی دادو گەشەپێدان بەرامبەر ئیدارەی کوردی لە هەرێمی کوردستانی عێراق. (تێبینی/ هەر بەشێك لە سێ توێژینەوە پێکهاتووە).**

**تکاخوازم ئەم کارە ئەکادیمییە ببێتە هەوڵێك بۆ پتەوکردنی بەیەکەوە ژیانی ئاشتیانەی نێوان هەردوو گەلی کوردو تورکو دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی (عەرەبی) سەبارەت بەو بابەتە، چونکە لە بنەڕەتدا ئەم کتێبە بە زمانی عەرەبی چاپکراوە. پێشبینی ئەوە دەکەین ئەم کتێبە سوودێکی زۆر بە ئەکادیمیكو بڕیار بە دەستانو خوێنەرانی ئاسایی بگەیەنێ. دەبێ خوێنەر بەلایەوە ئاسایی بێ توێژینەوەیەکی لەم شێوەیە ئاستەنگی زۆری دێتە پێش، بەتایبەت کە زۆرێك لە بەشەکانی پێشتر وەکو توێژینەوە بڵاوکراونەتەوەو ئێستاکە لەم کتێبەی بەردەستت کۆکراونەتەوە، هاوکات لەگەڵ بوونی هەموو ئەو ئاستەنگانەشدا کە لە کارەکەدا هاتوونەتە بەر دەممان، بەڵام توانیومانە بە گوێرەی توانا بەسەریاندا زاڵبین.**

**لە کۆتاییدا سوپاسو پێزانینی خۆم ئاڕاستەی هەموو ئەو توێژەرە بەرێزانە دەکەم، کە رێگەیان پێدام توێژینەوەکانیان بڵاوبکەمەوە، هەروەها سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەم کە بۆ تەواوکردنی کتێبەکە دەستی هاوکاریان بۆ درێژکردم، خودا پاداشتی هەموویان بداتەوە.**

**د. عوسمان عەلی**

# بەشی یەکەم

## ڕێڕەوی مێژوویی دروستبوونی سکیۆلاریزمی تورکی

د. عوسمان عەلی

تورکیا لە دواهەمین سەردەمی عوسمانیو سەرەتای کۆماریدا ململانێیەکی توندی ڕۆشنبیری بەخۆوەبینی، تەوەری ئەم ململانێیەش بریتی بوو لە ڕێگاکانی بوژانەوەو ریفۆڕمو چۆنیەتی بەیەکەوە گونجانی نێوان ڕۆشنبیری ئیسلامی نێوخۆییو ڕۆشنبیری ڕۆژئاوای بێگانە، هەوڵە چڕەکانی بەڕۆژئاواییکردنی تورکیا کە ماوەی سەدەو

نیوێکی خایاند، بووە هۆکاری دروستبوونو سەرهەڵدانی ململانێیەکی توندی رۆشنبیری لە نێوان هەردوو ئاڕاستەی موحافیزەکارو ئاڕاستەی نوێخوازەکان، بەڵام دواجار توانرا نوێبوونەوە لە هیزر، فیقهو بەهاکانی ئەو رێبازو یاسایانەدا بکرێت، کە زیندوویەتیو بەهێزی بە ژیانی شارستانیەتی ئیسلامی دەدەن، هەروەها گروپێك لەناو قوتابخانەی تازەگەری بۆچوونی وابوو، کاریگەر بوون بە رۆشنبیری رۆژئاواو بەیەکگەیشتنو کارلێکی سروشتی لەنێوان رۆشنبیرییەکان باشترین بەربەستێکە بۆ بەرگرتن لە توانەوەی رۆشنبیریو دروستبوونی تەنگژەی ناسنامەو بەڕۆژئاوایی بوون. پیاوانی تەنزیمات بەچاویلکەی رۆژئاوا تەماشای بارودۆخی دەوڵەتی عوسمانیان دەکرد، بەهەمان تێڕوانینیش چارەسەریان بۆ نەخۆشییەکانی دادەنا. سەدری ئەعزەم رەشید پاشا (یاسای نوێی) فێربوونی دەرکرد، بەهۆیەوە ئەرکی فێربوون کەوتە ئەستۆی دەوڵەت، بەپێی یاسایەکە رۆڵی زانایان، قوتابخانەکانو ئاوقافەکان لە بواری فێرکردن سنووردارکرا، ئەوە بوو دەوڵەت پرۆسەی نوێی فێربوونی خستە ئەستۆی خۆییو ناوی نا (مکتب)، هەروەها ناوی (مدرسە)ی دایە پاڵ قوتابخانە کلاسیکیەکان، کە وانەی ئاینیان تێدا دەخوێندرا، ئەم دوانەییە بەهەنگاوی یەکەمی پڕۆسەی سکیۆلاریزەکردن دادەنرێن. دیسان ئەستەمبوڵ کۆمەڵێك یاسای دیکەی تایبەت بە بواری دادوەری دەرکرد، لە ناویشیاندا بە مەبەستی کۆتایی هێنان بە قۆرخکردنی لەلایەن زانایانی ئەم بوارە پرۆسەی فێربوون کەوتە دەستی لایەنێکی شارەزا. هەروەها دادگایەکی بازرگانی دروست بوو، کە پشتی بەیاساکانی بازرگانی رۆژئاوا دەبەست، هەر لەو ماوەیەدا چەند دادگایەکی دیکەی تێکەڵ لە هەردوو یاسای ئیسلامیو یاسای دانراو پەیدا بوون لە تەماشاکردنی پرسەکاندا رەچاوی سیستمی دادگاکانی وڵاتانی ئەوروپی دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا پرسەکانی تایبەت بە باری کەسی راستەوخۆ سەر بەدادگای شەرعی بوون، بۆیە ئەم دوانەییە بە هەنگاوی دووهەمی پڕۆسەکە دادەنرێ[(2)].

پیاوانی تەنزیمات بەلاساییکەرەوەی کوێرانەی رۆژئاواو نەبوونی مەرجەعێکی هیزری روونو ئاشکرای تایبەت بەخۆیان ناوزەد دەکرێن، زۆربەی ئەو یاسایانەی لە رۆژئاوا وەریانگرتووە رەمەکیو بەبێ لێکۆڵینەوەی پێش وەختە بووە، بۆ وێنە یاسای زەوی کشتوکاڵی، کە لە ساڵی 1858ز دەرچووە زیانێکی گەورەی بە کشتوکاڵی دەوڵەتی عوسمانی گەیاند، یاساکە تایبەت بوو بە مۆڵکدارێتی زەوی بە جۆرێك زەویەکە یا بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە، کە پێی دەگوترێ (ئەمیریە)و جووتیارەکان کشتوکاڵی تێدادەکەنو لە بەرامبەریشدا پارەدەن، هاوکات مافی پشتاوپشتپێکردنی زەویەکەیشیان دەبێ، یاخود دەبێ زەویەکە ببێتە موڵکی تایبەتی سەرۆك هۆزێك یان سەرۆك خێڵێكو بەیەکسانی لەناو ئەندامانی ئەو هۆزو خێڵەدا یاخود دانیشتوانی گوند دابەش دەکرێ. بەم پێیەش هەموو جووتیارەکان لەناویشیاندا سەرۆکی هۆزو خێڵ یەکسانن لە بەکارهێنانی زەویەکە، بەڵام جێبەجێکردنی ئەو یاسایە بووە هۆی پشێویو گەندەڵی ئیداری، کە لە سەردەمی تەنزیمات گەیشتە لوتکە، بەو هۆیەوە پیاوماقوڵو

---

(2) Şerİf Mardİn ، r*eligion*، *Society*، *and Modernity in Turkey* ،(Syracuse، NY: Syracuse University Press، 2006)،. pp217-18 ، 265-67

دەوڵەمەندەکان زەویەکانیان بەناوی خۆیان تۆمارکرد. هەتا لە ناکاو جوتیارەکان یا دەبوو ببنە کرێگرتەی سەرۆك خێڵەکان، کە لە دوای دەرچوونی یاساکە سەرۆك هۆزو خێڵ بووە فیودالێکی موڵکدار، یا دەبوو ببنە کرێگرتەی خاوەن زەویەکان لە بازرگانانو پیاوماقوڵانی شارەکان. بەم جۆرە پەیوەندیەکی قێزەونو هەلپەرستانە لەنێوان هەردوو چینە نوێیەکە دروست بوو، کە دواتر بەهۆیەوە زۆرێك لە گوندییەکان بەرەو شارەکان کۆچیان کرد.

هەر لەو ماوەیەدا نەریتێکی دیکەی خراپ، کە پێی دەوترا (ئیلتیزام) پەیدابوو، بە گوێرەی ئەم نەریتە حکومەت بۆ وەرگرتنی باج سیستمێکی دیکەی پەیرەو دەکرد، بە جۆرێ لەهەر ناوچەیەکی دیاریکراودا کەسێکی دەوڵەمەند یاخود پیاوانی دەوڵەتی دەست نیشان دەکرد بۆ وەرگرتنی باج لە خەڵك، باجدەر دەبوو باج بداتو باج وەرگریش بە ئارەزووی خۆی باجی وەردەگرتو ئازادو سەرپشك کرابوو لە وەرگرتنی رێژەی باجەکە لە جووتیارانی هەر ناوچەیەکی دیاریکراودا، بۆیە لەم بارودۆخەدا باج وەرگرەکان بەشێوەیەکی زۆر قێزەون جووتیارەکانیان دەچەوساندەوەو زۆرترین رێژەی باجیان لێوەردەگرتن[3].

پیاوانی تەنزیمات تۆوی سکیۆلاریزمیان چاند، زۆربەی دەرچووانی قوتابخانەی مۆدێرنە، کە لەو ماوەیەدا وەکو فەرمانبەری دەوڵەت دامەزرابوون بوونە هەڵگری بیری سکیۆلاریزم، ئەمە لەکاتێکدا خودی دامەزراندنی سیستمی سکیۆلاریزم نە لەبیری سوڵتانو نە لەبیری پیاوانی تەنزیماتدا نەبوو. سەرەڕای فەرمانو یاساکان کە بانگەشەی ئازادی، دادپەروەری، پاراستنی مافەکانی مرۆڤو پیرۆزی موڵکداریان دەکرد، بەڵام ئەوەی لە واقیعدا دەگوزەرا پێچەوانەبوو، بۆیە دەبینی دەوڵەت لە ئەنجامی مەرکەزیەت، سەپاندنی بە جێهێنانی ئەرکی سەربازی بە زۆرەملێو بونیادنانی هێزی پۆلیسو ژەندرمە دەبێتە باڵێکی گورزوەشێنو بەناو هەموو بوارەکانی ژیانی گشتی کۆمەڵگەدا درێژ دەبێتەوە، زیاتر لە جاران دەست بەسەر داگرتنی داراییو مافەکان بەشێوەیەکی ڕەمەکی لەلایەن فەرمانبەرانی دەوڵەتو ژەندرمەوە دەبێتە شتێکی باوو پەرەدەسەنێت، هاوکات لەگەڵ سنووردارکردنی رۆڵی سوڵتان عەبدولحەمید، پیاوانی تەنزیمات لەناو دەوڵەت سەردەمی ستەمیان دەستپێکرد. سەرەڕای بوونی ئەنجوومەنی باڵای راوێژ بۆ تەنزیمات، بەڵام خودی پیاوانی تەنزیمات بەتایبەت عالیو فوئاد پاشا بەبێ هیچ رێگریەك لە ژێر فەرمانو کاریگەری هەردوو باڵیۆزخانەی بەریتانیاو فەرەنسا لە ئەستەمبوڵ دەسەڵاتیان دەگێڕا[4].

## عوسمانیە نوێیەکان

هەموو ئەمانەی لەسەرەوە، کە ئاماژەیان پێدرا بوونە هۆکاری دەرکەوتنی نارەزاییو بێزاری خەڵکی بەرامبەر پیاوانی تەنزیماتو هەوڵەکانیان بۆ سەپاندنی چاکسازی بەزۆرەملێ. هەر لەو ماوەیەدا کۆمەڵێك ریفۆرمخوازی دیکە پەیدابوون، کە نیگەرانی خۆیان بەرامبەر کەمتەرخەمیەکانی پیاوانی تەنزیمات دەربڕی بەهۆی هەڵوێستیان لەسەر ئاستە جیاوازەکان سەبارەت بە ئیسلام و شەریعەت، رەخنەی ئەو ریفۆرمخوازانە

(3) Salih Haider "land Problems of Iraq "Doctoral disssertation،London Unoversity ، 1942 ، pp288-91.

(4) Mardin ، pp.115-17 ; Bernard lewis ، THE EMERGENCE OF MODERN TURKEY ، Oxford university Press ، 1961، p. pp.152-54.

لەوەدابوو، كە زۆربەی چاكسازیەكانی ئەو ماوەیە رووكەش بوون. جگە لەدەست بردن بۆ تویكلی شارستانیەتی رۆژئاوا هیچ ئەنجامێكی دیكەی نەبووە. لەساڵی 1860ز (كۆمەڵەی مامۆستایانی ئیسلامی) دامەزرێندرا. لە راگەیاندراوێكیدا كە بەبۆنەی دامەزراندنی بڵاوكرایەوە، كۆمەڵەكە رایگەیاند: دژی هەموو ئەو كەسانە دەوەستێتەوە. كە ناویان ناون (دەربارانی كۆشك) كە جگە لە بەدیهێنانی خواستو ئارەزووەكانی پیاوانی تەنزیماتو سازشكردن لەسەر بنەماكانی شەریعەت گرنگی بەهیچی دیكە نادەن. لەبەشێكی دیكەی راگەیاندراوەكەیدا كۆمەڵە دووپاتی دەكاتەوە، كە پشتگیری لە ریفۆرم و قبوڵكردنی شارستانێتی رۆژئاوا دەكات، بەڵام رەخنەی ئەو لەشێوازی خواستن و بەكارهێنانی شارستانێتیەكەیە نەك خودی شارستانێتییەكە. دوای خۆناساندنی كۆمەڵەكە ژمارەیەك لە زانایانو فەرمانبەرانی ئاسایىو بێ پلە چوونە ریزی كۆمەڵەكە[5].

لە 10 ی ئابی 1867 كۆمەڵێك لە نووسەرانو رووناكبیرانی رۆشنگەری ئیسلامی، كۆمەڵەی ئیئتیلافی نیشتمانی عوسمانی (جەمعیەتی عوسمانلی وەتەن بیرویران) ناسراو بە (عوسمانیە نوێیەكان)یان دامەزراند، لە دیارترین ئەندامەكانی هەریەك لە ئیبراهیم شوناسی نووسەر (1826 - 1870)، نامیق كەمالی شاعیر (1840 - 1888)، مستەفا فازلو زیا بەگ (1825 - 1880)، فەوزی، ئایەتوڵڵا بەگو عەلی سەفەوی بوون، ئامانجی ئەم كۆمەڵەیە نزیك بوو لە ئامانجەكانی كۆمەڵەی مامۆستایانی ئیسلامی، بەڵام عوسمانیە نوێیەكان لەژێركاریگەری بیری رۆژئاوا دابوونو هەوڵەكانیان چڕ كردبۆوە بۆ پێڕۆكردنی رێبازی گونجاندن لەكارە ریفۆرمیەكانیاندا، بەو هۆیەوەش لە كۆمەڵەكەی دیكە جیادەكرانەوە.

عوسمانیە نوێیەكان لە میانەی وانەو پرۆگرامەكانی (دیدگای بیروبۆچوون)و (پەندو ئامۆژگاری)، (ئازادی)و (پەیوەندی)، كە لە خوولی زانستی جیاجیا پێشكەش دەكران، بانگەشەی وەرگرتنی چەمكو زاراوەكانی رۆژئاواییان دەكرد، لەگەڵ بەردەوامی هەوڵەكانی بەرەسەن كردنو جێگیركردنی وەكو كەلەپوریك هاوشانی كەلپوری ئیسلامی. هەروەها هەوڵەكانیان بەردەوام بوو بۆ گۆڕینی سیستمی دەوڵەتی عوسمانی لە خەلافەتەوە بۆ سیستمی پاشایەتی دەستووری هاوشێوەی سیستمەكانی پاشایەتی دەستووری ئەو ساكەی وڵاتانی ئەوروپا. هەر لەو ماوەیەدا جەختیان لەسەر پرسەكانی ئازادیو خۆشەویستی نیشتمان دەكردەوە، باوەڕی تەواویشیان بە عەقڵ هەبوو وەكو پێویستیەك بۆ بەدەستهێنانی پێشكەوتنو بووژانەوەی دەوڵەتی عوسمانی، ئەمەش بەزیندووكردنەوەی بەهاكانی ئیسلامو تێكەڵكردنی بە بەهاكانی رۆژئاواو سوود وەرگرتن لە زانستی سروشتی ئەوروپی[6].

سەرەڕای بەكارهێنانی سیمبولەكانی ئیسلام لەلایەن عوسمانیە نوێیەكانەوە لەژێر سایەی دەوڵەتی عوسمانیو بیروبۆچوونی هاوچەرخانەیان وەكو توێژێكی بچووك لەناو بژاردەی كارتێكراو بە رۆشنبیری رۆژئاوا[7]، بۆیە دەبینی كەسێكی وەكو (بێرنارد لویس)ی رۆژهەڵاتناسو شارەزا لە كاروباری توركیا دەڵێ: "لە راستیدا

p.218-19.،(5) Mardin

(6) Mardin ، p.38-39.

(7) M. *Şükrü Hanioğlu*، *The Young Turks in Opposition*، *Oxford University Press 1995*.، p.14.

بیروبۆچوونی عوسمانیە نوێیەکان لە بارەی کەلەپوری ئیسلامی هەمان بیروبۆچوونی رۆژئاوا بوو، بەڵام بە خوێندنەوەیەکی پاڵفتەکراو". بۆ وێنە کەسێکی وەکو کەمال نامیقی شاعیر، کە بەگرنگترین بیریارو تیۆریستی ئەم قوتابخانە دادەنرێ، لەژێر کاریگەری هیزری فەیلەسوفی فەرەنسی مۆنتیسکو دابووە، بەتایبەت لەو بابەتانەی پەیوەندی بە پرسی سەروەری دەوڵەتەوە هەبووە، کە بەبۆچوونی ئەو دەبێ گەل لە سایەی دەسەڵاتێکی دەستووریەوە پیادەی دەوڵەتداری بکات. هەروەها مستەفا فازڵ، کە بەیەکێك لە سکیۆلارە نوێیەکان دادەنرێ، باوەڕی وابوو پادشای ئیتاڵیا نموونەیەکە بۆ پادشایەتی دەستووری، بۆ ئەم مەبەستەش داوای دەکرد، ئەم سیستەمە لەناو دەوڵەتی عوسمانی پیادەبکرێ[8].

عوسمانیە نوێیەکان رەخنەی توندیان هەبوو، بەرامبەر لاساییکردنەوەی کوێرانەی شارستانێتیی رۆژئاوا لەلایەن پیاوانی تەنزیمات. ئیسماعیل حامی، یەکێکی دیکە لە بیریارو تیۆریستەکانی ئەم قوتابخانەیە دەڵێ:"لەناوماندا دیاردەو نەریتێکی باو پەیدا بووە، بەجۆرێك قەبووڵی هەموو شتێکی رۆژئاوا دەکەین، کە لەخاکی عوسمانی پەیدا دەبێ، بۆیە دەبینی لەیەك کاتداو بەشێوەیەکی رەمەکی بەرگی سەربازی رووسی دەپۆشین، تفەنگی بەلجیکی بەکاردەهێنین، کڵاوی فەرەنسی دەخەینە سەرمان، چرای هەنگاری هەڵدەکەین، شمشێری ئینگلیزی هەڵدەگرین و بۆ مەشق و راهێنانیش پێڕۆی سیستەمی فەرەنسی دەکەین، پاشان بڕوامان بەخۆمان هێناوە، کە بووینەتە خاوەنی سوپایەك وەکو سوپاکانی ئەوروپا، کەچی ئەمە تراویلکەیەکەو پێویستە هەستی پێ بکەین"[9].

عوسمانیە نوێیەکان لە چاکسازیەکانی سەردەمی تەنزیمات بێ هیوابوون، بەبۆچوونی ئەوان چاکسازیەکان تەنیا لە رووکەشدا بوو، بێ ئەوەی بچێتە قووڵایی شارستانێتی رۆژئاوا، لە بەرامبەر ئەم بێ هیوابوونەشدا بەشێوەیەکی خێرا بارودۆخی وڵات ئاڵۆزتر دەبوو. فوئاد یەکێکی دیکە لە پێشەنگەکانی ئەم قەتابخانەیە سەبارەت بە چاکسازییەکانی پیاوانی تەنزیمات دەڵێ:" توانیان لە هەوڵەکانیان سەرکەوتووبن، لە گواستنەوی سەکۆو شوێنی سەماکردن و مەیخانەکان، کە برەو بەمەیخواردنەوەو خراپەو بێغیرەتی بەرامبەر هەڵس و کەوتی ئافرەتانمان و دامەزراندنی هاوینەهەوارەکانی ئەوروپی دەدەن بۆ ناوەوەی وڵات، بەڕاستی جێگای داخە ریفۆرمخوازەکان، لە پیاوانی تەنزیمات هیچ هەوڵیان نەداوە، سوود لە کەلەپوری دەوڵەمەندی ئیسلام وەربگرن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکان و هەوڵەکەنیان"[10].

لە راستیدا یەکێك لە گرنگترین ئەنجامەکانی تەنزیمات بریتی بوو لە: وێرانکردنی دامەزراوەکان، کە لە سەرەتادا بەدەستی سوڵتانەکانی عوسمانیەوە بوون، پاشان کەوتە دەستی سوڵتانە ستەمکارەکان و دیاریکردنی رۆڵی دەوڵەت لەناو دامەزراوە ئەهلیەکان، کە گرنگترینیان بریتی بوو لە: رۆڵی زانایان و دامەزراوەی دادوەری عوسمانی و فەرمانڕەوا بەهێزەکانی هەرێمەکان. دوای وێرانکردنی ئەم دامەزراوانەی سوڵتانەکان بەتایبەت سوڵتان مەحمودی

(8) Bernard lewis ، p.35، Mardin ، p. 202.

(9) Mardin ، p.123.

(10) Mardin ، 115.

دووەم، پیاوانی تەنزیمات، سوڵتان عەبدولعەزیزو سوڵتان عەبدولمەجید گەورەترین ئەو سوڵتانانە بوون، کە بەبێ هیچ بەربەستێك دەسەڵاتیان بەکاردەهێنا، ئەمەش پاڵی بەخەڵکەوەنا پێشوازی لە بیرۆکەی دەستوور بکەن، ئەوەبوو هەندێك لە سیاسییەکان کە خوازیاری گەیشتن بەدەسەڵات بوونو هەندێك هێزی دیکە لە نموونەی مەدحەت پاشا دڵخۆش بوون بەدەستوور، مەدحەت پاشا کودەتای ئەنجامداو بەهۆیەوە سوڵتان عەبدولعەزیز کوژراو دوای ئەوەی بەڵێنی راگەیاندنی دەستووری لە ساڵی 1876 لێوەرگیرا سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لەشوێنەکەیدا دانرا.

## سەردەمی حەمیدی ( 1876 – 1909)

سەردەمی حەمیدی بەگەرمترین سەردەمی مشتومڕی نێوان بانگخوازانی هەردوو پڕۆژەی ئیسلامیو پڕۆژەی سکیۆلاریزمو لایەنگرەکانیان لە تورکیاو وڵاتانی عەرەبی دادەنرێ. سوڵتان عەبدولحەمید ماوەی 33 ساڵ دەسەڵاتی بەدەستەوە بوو، لێرەدا نامانەوێ بەوردی بچینە ناو وردەکاریەکانی سەردەمەکەی، بەڵام دەمانەوێ هەندێك تێبینی سەبارەت بە پڕۆگرامو رێبازی چاکسازی لەو سەردەمەدا بخەینەڕوو.

دیارە سوڵتان یەکێك بووە لە لایەنگرانی رێبازی سازانو گونجاندن لە چاکسازیدا، بەڵام لەو کارەیدا هەوڵیداوە مەرکەزیەت بەیاساکانی شەریعەتو کەلتووری ئیسلامی بداتو یەکێکیش نەبووە لە لایەنگرانی نوێبوونەوەی ئەم کەلتوورە. سوڵتان عەبدولحەمید باوەڕێکی تەواوی هەبووە سوود لەئەزموونو هونەری زانستی ئەورووپی وەربگرێ، بۆ ئەم مەبەستەش لەگەڵ پیاوانی تەنزیمات رێککەوتو هەوڵیدا لە بواری زانستی درێژە

بەکارەکەی بدات ، بۆیە دەبینی لە سەردەمی ئـەودا چـەندین دامـەزراوەی زانسـتی ڕۆژئـاوایی نموونـەی قوتابخانـەی سـەرەتایی ڕوشـدیە لـە سەرتاسـەری دەوڵـەتی عوسمـانی کرایـەوەو قوتابخانـەکانی ئامـادەیی لـە ناوەنـدەکانی شـارو زانکۆی خانەی هونەر لەگەڵ کۆمەڵێك پەیمانگەی باڵا وەکو پەیمانگەی پزیشکی پادشایەتیو پەیمانگـەی کـارگێڕی بـاڵاو پەیمانگـەی بەیتـەرەو پەیمانگـەی ئەنـدازیاریی دامـەزران، بگـرە لەسـەردەمی ئـەودا دەزگاکـانی زانسـتی زۆر بوون[11]. لێرەدا بۆ سوود وەرگرتن پێویستە قسەیەکی سوڵتان وەبیربخەینەوە، کە گوتوویـەتی: هیوایـەکی گـەورەم بەم ڕابوونو بوژانەوەیە هەیە، کە لەسەردەستی دەرچووانی قوتابخانەکان بەئـەنجام دەگـات، بـەڵام ئەگـەر پایـەکانی ئاشـتی تێـدا پتـەوبکرێت. پاشـان دوای لابردنـی لـە دەسـەڵات سـوڵتان عەبدولحەمیـد ڕووی کـردە ئـەنوەر پاشـا، کـە یەکێك بـوو لەسـەرکردەکانی ئیتحـادو تـەرەقیو کودەتایـان بەسـەرداکرد، هـەروەها لەلایـەکی دیکـە بـەهۆی ژنو ژن خوازیـــەوە زاوای بنەماڵـــەی عوسمانیـــەکان بـــوو پێـــی گـــوت: مـــاوەی 33 ســـاڵ فەرمانڕەوایـــەتیم کـــرد، لـــەماوەی دەسەڵاتەکەمدا باوەڕم بە ئازادی تاکە کەسیو ڕێزگرتن هەبووە، بـەڵام ڕۆژێـك لـە ڕۆژان بـە جـۆرە ئازادییـەك ڕازی نەبوویمە، سنووری نەبووبێ یاخود ئازادیەکی بەربەڕەڵابووبێ... من ڕێـز لـە شارسـتانێتی ئـەوروپی دەگـرم... هـیچ کـاتێکیش لاسـاییکردنەوەی کوێرانـەم بـەباش نـەزانیوە، لێهـاتوویی لـە خۆگونجانـدن لەگـەڵ خـودی ژینگـەو دابو نەریتی خۆماندایە، بۆیە ڕێگرنیم لە هاتنە ناوەوەی لایەنە باشەکانی ئەم شارستانێتیە بۆ ناو کۆشکەکەم[12]، بـەڵام بەشێوەیەکی گشتی سوڵتان عەبدولحەمید لە بۆچوونەکانیدا کەسێکی موحافەزەکاربوو، هۆکارەکەشی بۆ ئەو ژینگـە ئاینداریـە دەگەڕێتـەوە، کـە تێیـدا پـەروەردە ببـوو، ئارەزوویـەکی بـەهێزی هـەبوو بـۆ بەدەسـتهێنانی یەکپارچـەیی موسڵمانان لە میانی پابەندبوون بەدروشمی کۆمەڵەی ئیسلامی، کە پاڵی پێوەنـا بـۆ پشـت بەسـتن بـە ڕەگـەزو هێـزە پارێزگارە تەقلیدیەکان، بۆ ئەم مەبەستەش سوڵتان پشتی بەشێخەکانی ڕێبازەکانی سۆفیگەریو سەرۆکی هۆزەکانو زانایان بەست. لە سۆنگەی بەرگریکردن لە خۆی سەبارەت بەو چاودێریە توندەی لە سـەردەمی ئـەودا پیـادە دەکـرا، سوڵتان دەڵێ:"ڕۆڵی من لە پاراستنی ژێر دەستەکانم لە هەڵمەتەکانی تێکدانی هیـزر، ڕەوشـتو بـەڕۆژئاوایی کردنـی کۆمەڵگـە وەکـو ڕۆڵـی باخەوانێکـە کـە گوڵـەکانی لـە زینـدەوەری زیـان بـەخش دەپـارێزێ[13]. زانراویشـە سـوڵتان عەبدولحەمید لە گواستنەوەی ڕەمەکیو کوێرانـەی دامـەزراوەکانی ڕۆژئـاوا بـۆ نـاو دەوڵـەتی عوسمـانی دژی ڕێبـازی پیاوانی تەنزیمات بوو ، لەمبارەیەوە گوتوویەتی هەموو دەرمانێك تیماری هەموو نەخۆشێك ناکات.

بە بۆچوونی سوڵتان عەبدولحەمید پەرلەمانو دەستوور بۆ دەوڵـەتی عوسمـانی گونجـاو نیـە، بـەڵام لەسـاڵی 1876 ناچـار بـوو دەسـتوور دابنـێ، چـونکە لـەو سـەردەمەدا دەوڵـەتی عوسمـانی ڕووبـەڕووی شـەپۆلێکی گـەورەی

(11) أورخان محمد علي، السلطان عبدالحميد الثاني: حياته وأحداث عهده، العراق- الرمادي، مكتبة دار الانبار، 1987، ص167-168.

(12) هەمان سەرچاوە، ص 340-44.

(13) موفق بني المرجة، صحوة الرجل المريض أو السلطان عبد الحميد الثاني والخلافة الإسلامية، مؤسسة صقر الخليج – الكويت الطبعة1، ص 189.

داواكاری ڕاگەیانـدنی دەسـتوور بـۆوە، لـە سـەروبەندی ڕاگەیانـدنی دەسـتووردا سـوڵتان دەڵـێ: "مـادام گـەل داوای ئەزموونكردنی بەرپرسیارێتی خۆی دەكات، لـە دیـاریكردنی چارەنووسو فەرمانڕەوایـەتیكردنی خـۆی دەبێـت ئـەم داوایەی جێبەجێ بكرێ"[14].

هەر لە سەرەتاوە سوڵتان عەبدولحەمید وەكو میكانیزمی ڕاوێژو بەڕێوەبردنی دەسەڵات باوەڕی بەدەستوور نەبوو ، وەكو چۆن باوەڕیشی بـەوە نـەبوو، كـە سـەڵتەنەتی عوسمـانی لـەمیانی ئەنجوومـەنی نوێنەرانـدا هاوشـێوەی ئەنجوومەنەكانی نوێنەرانی ئەورووپی بتوانێ فەرمانڕەوایەتی خۆی بكـات، بـەڵكو سـوڵتان بـاوەڕی تـەواوی بـەوەبوو، كـە دەوڵـەتی عوسمـانی دەوردراوە بـەو مەترسـیانەی هەڕەشـە لـە بـوونی دەكـەن، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش پێوسـتی بـە پیـاوێكی دووربـینو یەكلاكـەرەوە هەیـە لـە بـەڕێوەبردنی دەوڵـەتو گەیانـدنی بـە كـەناری ئـارامیو ئاسـایش. ئـەو باوەڕەش زیاتربوو كاتێـك بـەهۆی ئـەو گـرژتینو مشـتومڕە سـەختەی لـە نێـوان ئەنـدامانی ئەنجوومـەنی نوێنـەران دروسـت بـوو، ناچـاركرا ڕازیـبێ لەسـەر هەڵگیرسـانی شـەڕی ڕووسو عوسمـانی، بۆیـە دەبینـی ئەنجامـە تێكـدەرو نەرێنییەكانی ئەو شەڕە باوەڕ بە سوڵتان دێنێ دەستوور ڕابگرێ[15].

هەرچەندە سوڵتان خاوەن دەمارگیرییەكی موحافەزەكار بوو، بەڵام هیچ كـات بـە تـەواوەتی هاوچـەرخ بـوون، ڕابوونو سوود وەرگرتن لە ڕۆژئاوای ڕەتنەكردۆتەوە، هەروەها پێشـتر ئاماژەمـان پێـدا سـوڵتان پێشـەنگێك بـووە لـە پێشەنگەكانی زانستی هاوچەرخ لە توركیاو جیهانی عەرەبی، بۆ ئەم مەبەستەش ڕۆڵـی بەرچـاوو جێپەنجـەی دیـارە لە بونیادنانی دامەزراوەكانی زانستی هاوچەرخ. هەوڵو ئارەزووەكان بۆ بە دەسـتهێنانی چاكسـازیو ڕابـوون جێگـەی گومان نیە، بۆیە دەبینی هەوڵی نزیككردنەوەی ڕاكێشانی تـوخمو ڕەگـەزەكانی چاكسـازی داوە بـۆ نـاو دەسـەڵات، بـۆ ئەم مەبەستەش بانگهێشتی خەیروددین پاشای تونسی كردووە كە یەكێكە لە ڕیفۆڕمخوازو لایـەنگرانی مۆدێرنـە لـە تونس، وەكو سەدری ئەعزەم دایدەمـەزرێنێ. خـەیروددین پاشـا هەوڵیـدا بیروبۆچـوونەكانی خـۆی لـە كتێبـی (أقـوم الممالـك) جێبـەجێ بكـات، دواتـر لـە شـوێنی ئـەو سـەعید پاشـا وەكـو كەسـێكی دیكـەی لایـەنگری مۆدێرنــە دادەمەزرێنـدرێ. هـەروەها سـوڵتان بـۆ پشـتگیركردنو سەرپەرشـتیكردنی پرۆژەكـانی چاكسـازی لـە هـەردوو بـواری زانستیو سەربازی پەنای بۆ شـارەزایانی فەڕەنسـی، ئـەڵمانیو ئینگلیـز بـردووە[16]، بـەڵام لەگـەڵ ئەمانـەدا چیرۆكی سوڵتان عەبدولحەمید لەگەڵ ڕیفۆڕمخواز جەمالەدینی ئەفغانی باشـترین بەڵگەیـە لـە بەرجەسـتەبوونی ململانێكـان لەناو خودی كەسایەتی خۆی، لـە نێـوان نەزعـە موحافـەزەكارو چاكسازیەكەی. ئۆرخـان محمـد عـەلی لـە سـەر زاری جەمالەدینی ئەفغانیەوە وەسفی سوڵتانی كردووە، كـە ئـەفغانی گوتوویـەتی: ئـەوەی مـن لـەو پیـاوەم بـینی، لـە زۆر وریـاییو ئامادەسـازییەكانی بـۆ پووچـەڵكردنەوەی فێڵـەكانی ئـەورووپاو نیـاز باشـیو ئامادەییەكـەی بـۆ ڕابـوونی

(14) أورخان، ص 196.

(15) موفق بني المرجة، ص 57-60 ، Hanioglu، p.15 "

(16) بني المرجة، ص 60- 66.

دەوڵەتەکـەی... لـە راسـتیدا پـاڵی پێوەنـام، بەیعـەت بـە خەلافـەت و پاشـایەتیەکەی بـدەم[17]. دەسـتەواژەی (ئامادەییەکەی بۆ رابوون) بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەفغانی گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی سوڵتان پیاوێکی ریفۆرمخوازو دڵسۆزە، بۆیە لەسەرەتادا ویستوویەتی کاری لەگەڵدا بکات، بەڵام دواتر کەسـانی موحافـەزەکارو نزیکـەکانی دەربـاری سوڵتان بەتایبەت شێخی ئیسلام، زانایانو شێخەکانی رێبازی سۆفیگەریو ئەوانەیشی کە لەلایـەن سـوڵتانەوە خـاوەن پێگەی تایبەت بوونە خۆشەویستی نێوانیان تێکدەدەن. هەموو هۆکارەکەش بۆ ئێرەیی پێبردنی زانایان دەگەڕێتـەوە کە لەهەموو سەردەم و سـەدەیەکدا بـوونی هەیـە، هـەروەها بەوپێیـەی ئەوانـە کەسانی موحافـەزەکار بـوونو هـیچ بیروبۆچوونێکی بوێرانەیان لەبارەی ریفۆرمی ئاینیو تێکەڵ بە بەهاو زانستی رۆژئاوایی پێ قبووڵو بەدڵ نـەبووە، بۆیـە بـە سـوڵتان رادەگەیـەنن کـە ئـەفغانی هەماهـەنگی لەگـەڵ ئینگلیـز هەیـە بـۆ گواسـتنەوەی خەلافـەت لـە ئـال عوسمانەوە بۆ شەریفی مەککە[18].

دیدگای بەشەکی (جزئی) سوڵتان عەبدولحەمید لە پڕۆسەی کـارلێکی شارسـتانی ئیسلامی لەگـەڵ رۆژئـاواو بـاوەڕی بـە لەسـوود وەرگرتنـی تەکنـەلۆژیا، چـەكو ئـەزموونی کـارگێڕی رۆژئـاوا وەکـو جەمسـەرێکی گـەورەو بـە هەژموون، بەدەر لە وروژاندنو هاوردەکردنی بەهاو بابەتە هیزریەکان، بووە هۆی ئـەوەی دەسـەڵاتەکەی باجـەکێکی گەورە بـدات، چونکە دەرچووانی قوتابخانـەکانی ئامـادەییو کۆلێـژەکان بوونـە هـەڵگری بـیری مۆدێرنـەی رۆژئـاواو پاشـانیش چـوونە ریزەکـانی کۆمەڵـەی ئیتیحـادو تـەرەقی، کـە لەسـاڵی 1908 کودەتایـان لەسـەر کـردوو کۆتاییـان بەدەسەڵاتەکەی هێنا[19]. سـوڵتان لەیاداشـتەکانی خۆیـدا بـاس کـردووە، بـۆ پشتبەسـتن بـە رابـوونو نوێبوونـەوەی دەوڵەتی عوسمانی زۆری بە دەرچووانی قوتابخانە هاوچـەرخەکان هـەبووە، ، بـەڵام بـە پێچـەوانەوە لـەبری ئـەوکارە بوونە ئامرازێك بەدەستی رۆژئاواو ماسۆنیەتی جیهانی بۆ کاری تێکدەرانە[20].

لەناوەڕۆکدا بۆ هەموو ئەوانەی تایبەتمەندن بە پرۆژەی رابوونو بوژانەوە لە جیهانی ئیسـلامی ئـەزموونی چاکسازی لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمید چەند پرسێك لەخۆ دەگرێ:

**یەکەم:** نیاز پاکی چ لە لایـەن فەرمانڕەواکانـەوە بـێ یـاخود لەلایـەن ریفۆرمخوازەکـان بـۆ بەئـەنجام گەیانـدنی هـەر پرۆژەیەکی چاکسازی بەتەنیا بـەس نیـە، بـەڵکو پێویسـتی بـە بەرنامەیـەکی زانسـتی و دیدگایـەکی هـەمۆکی (کلی) هەیە بۆ سەرخستنی پرۆژەکە.

(17) سلطان عبدالحميد، ص 231.

(18) Nikki Keddie ، Sayyid jamal ad Din al-Afghani: A political Bioghraphy: California University Press ، 1972 ، pp64-67 32–230 " أورخان،ص

(19) Turfan، p.62 ، Bernard lewis ، pp.90-01.

(20) بني المرجة، ص 189

**دووەم:** هەردوو ئەزموونی خەیرودین پاشاو جەمالەدین ئەفغانی لەگەڵ سوڵتان عەبدولحەمید بەڵگەن لەسەر ئەوەی بەبێ بوونی سیستمێکی سیاسیو فەرمانڕەوایەتییەکی چاکساز، کە پابەندبێ بە چاکسازیو هیچ شتێکی دیکە کاری تێنەکات بە ئەنجام ناگات.

**سێیەم:** ڕێبازی گونجاندن بۆ پرۆسەی چاکسازی لە جیهانی ئیسلامی شیاو نییە، بەڵکو پێویستە تیۆرێکی دیکەی زانستی نوێ پێڕۆ بکرێ، کە هەڵگری دیدگایەکی هەمەلایەنە بۆ راییکردنی ڕێبازی چاکسازیو شیاندنی لەگەڵ سەردەم لەمیانی کارلێکی هەنووکەیی لەگەڵ ئەویتر.

وەکو دیارە هێڵێکی بەردەوام لەناو قوتابخانەی سەلەفیو پێشەنگەکانی جیهانی عەرەبی، سوڵتان سەلیمی سێیەم، عوسمانیە نوێیەکان، سوڵتان عەبدولحەمیدو لایەنگرانی پرۆژەی ئیسلامی هاوچەرخ لە دیدگای هاوبەش هەیە، سەبارەت بەپرۆسەی کارلێکردن لەگەڵ شارستانێتی رۆژئاوا، بە جۆرێك هەموان رازین بە سوود وەرگرتن لە لایەنی زانستی سروشتیو کارگێڕی بۆ سەرخستنی پرۆسەی رابوونو نوێ بوونەوە، بەڵام لە بەرامبەردا رازی نین بە هاوردەکردنی لایەنی بەهاو هیزری رۆژئاوا. لە راستیدا تەنگژەی رابوونی هاوچەرخ سەرەڕای تێپەڕبوونی ماوەی دووسەدە بەسەر ئەو دیدگایە، بەڵام نەیتوانیوە ئامانجی خۆی بپێکێ، بۆیە دووبارە پێویستە چاوپێخشاندنەوە بە پرۆژەکە بکرێتەوە، کە دەکرێ پرۆژەی ئیسلامی زانستی دەروازەیەك بێ بۆ پێشخستنی ئەو پرۆژەیە.

# کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی (1908 - 1918)

سەرەڕای کۆمەڵێك زانای گەنج، لەناو کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقیو بەکارهێنانی سیمبولەکانی ئیسلامو دەرکەوتنی ئاماژە گەلێك، کە ئەوان هیچ پێچەوانەو دژێك لەنێوان ئیسلامو بەهاکانی مۆدێرنەی رۆژئاوادا نابینن، بەڵام بەگشتی ئەم بزاڤە لەبواری هزریدا تەواو پابەندبوو، بە قبوڵکردنی بیروبۆچوونو بەهاکانی رۆژئاوا. لەمبارەیەوە (هانی ئۆغلۆ) توێژەری شارەزا دەڵێ:"نامە تایبەتەکانی ئەندامانو هزرڤانانی بزووتنەی ئیتحادو تەرەقی، گوزارشت لە سووکایەتی پێکردنی راستەوخۆی ئیسلامو بەهاکانی دەکات". هەروەها (ئەحمەد رەزا) یەکێك لەلایەنگرانی سەرسەختی تۆرانی لەناو ئیتحادو تەرەقیو سەرکردەی باڵی زۆرینە دەڵێ:"قورئان ئاماژەی بە بەهەشتو پەری زۆر کردووە، ئەمەش بێویژدانیو نادادپەروەریە بەرامبەر بە ئافرەت". پاشان دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت یەکێك لە دیارترین تیۆریستی ئیتحادو تەرەقی واز لە ئیسلام دێنێو دەبێتە کەسێکی بێدینو وایدادەنێ بێدینی زۆر درەوشاوەترو پێشکەوتووترە لە ئیسلام[21].

بیروباوەڕی ئیتحادو تەرەقی لەگەڵ ئەوەی بژاردەیی بوو، هاوکات پایەکانی لە سەر بنەما زانستییەکانی ماددیو داروینی چەسپاو بوو. وەکو زانراویشە (ئەحمەد رەزا) لە ژێرکاریگەری (ئۆگۆست کۆنت)ی سەر بە قوتابخانەی وەزعی (یاسای دەستکرد) دابوو، هەروەها باڵی دووەمی ناو ئیتحادو تەرەقی بەسەرکردایەتی (سەباحەدین جەلالەدین) لەژێرکاریگەری فەیلەسوفی فەرەنسی (ئیدمۆند دی مۆڵنس) خاوەنی قوتابخانەی دەستپێشخەری تاکە کەسی (المبادرات الفردیه) دابووە. لە کۆتاییشدا (زیا کۆك ئەلەپ) کە تیۆریزەکارێکی دیکەی گرنگی ناو ئیتحادییەکان بوو بە لایەنگرو لاساییکەرەوەی فەیلەسوفی جوولەکە (دۆرکهایم) لە زانستی کۆمەڵایەتی دادەنرێ. هەموو لێکۆڵیارانی ئیسلامیو نائیسلامی هاوڕان لەسەر ئەوەی بەرزکردنەوەی دروشمەکانی برایەتی، یەکسانی، ئازادی لەلایەن کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی لە بنەڕەتدا هەمان دروشمی بزووتنەوەی ماسۆنی بووە، کە پەیوەندی پتەویان لەسەر ئاستی ئەندامەکان لەگەڵ یەکتریدا هەبووە. وەکو زانراویشە بارەگا سەرەکیەکانی ئیتحادو تەرەقی لە (مەسدۆنیا)، (سۆلانیکا)و (مانستەر) بووە بنکەی سەرەکی پەناهەندە یەهودیەکانی ناسراو بە یەهودی (دۆنمە). دیارە لە هەریەکێك لەو شارانە هەردوولا هەماهەنگیەکی باشیان هەبووە، پاشان ململانێیەکی توند لەنێوان کۆمەڵەکانی ماسۆنی سەر بەهەریەك لە بەریتانیاو فەرەنسا لەلایەكو ماسۆنیەکانی سەر بە ئیتاڵیاو ئەڵمانیا لە لایەکیتر لەسەر دەست بەسەرداگرتنی ئیتحادو تەرەقی دروستبوو[22].

لە پرۆسەی چاکسازیدا ئیتحادو تەرەقی پشتی بەتەواوی قبوڵکردنی دەرهاوێشتەو لێکەوتەکانی شارستانێتی رۆژئاوا دەبەست، بەبۆچوونی ئەو شارستانیەتێکی جیهانیو هاوچەرخە. لە لایەکی دیکەوە بەتەواوەتی کەلتووری ئیسلامی رەتدەکاتەوە، بەو پێیەی کۆسپی بەردەم پرۆسەی چاکسازییە، عەبدوڵڵا جەودەت دەڵێ:" تاکە

(21) The Young Turks in Opposition ، pp.201-04.

(22) أورخان، ص 269-273، بني المرجة، ص 189-90.

شارستانیەتێکی هاوچەرخ‌و جیهانی، شارستانێتی رۆژئاوایە، جگە لەوە هیچ بژاردەیەکی دیکەمان لەبەردەمدانیە، بۆیە دەبێ بە هەموو گوڵ‌و دڕکێکییەوە قبوولی بکەین... چونکە بەتایبەت رۆژئاوا شارستانێتی خۆی لەسەر بنەمای رابوون‌و بوژانەوەی زانستی‌و شۆڕشی هزری بونیادناوە، لە کاتێکدا موسڵمانان لە بنەڕەتدا هیچ جۆرە بیرۆکەیەکی شۆڕشی هزری لەو شێوەیان نیە، بۆیە جگە لە قەبوولکردنی شارستانێتی رۆژئاوا هیچ ئەلتەرناتیڤ‌و بژارێکی دیکەمان نیە[23].

عەبدوڵڵا جەودەت لەساڵی 1912 لە گۆڤاری (ئیجتیهاد) کورتە چیرۆکێك بە ناونیشانی (خەوتوویێك بەئاگادێتەوە) بڵاودەکاتەوە، کە تێیدا بۆچوونی وایە دەوڵەتی عوسمانی بووەتە دەوڵەتێکی سکیۆلارو رۆژئاوایی رۆڵی ئاین تەواو ون بووە. بە کورتی نووسەر باوەڕی وایە دەوڵەتی نوێی تورکیا بەر لە لەدایکبوونی چووەتە ژێری سایەی مستەفا کەمال[24].

لەوکاتەی رۆژئاوا بەو چاوە تەماشای تورکەکان دەکات، کە دیوێکی دیکەن بۆ ئەوروپا، بەڵام ئیتیحادیەکان بەم شێوە جەماوەری عوسمانی کە تائێستا پابەندە بەئیسلام‌و رۆشنبیریەکەی نابینن. بۆیە لە میانی تێڕوانینی ئاسۆییانەیان هەوڵدەدەن بەتوندی شووناسی ئیسلامی لە جەماوەر دابماڵن بۆ ئەوەی تەواو بۆ قەبوولکردنی پرۆژەی بەرۆژئاواییکردن ئامادەی بکەن[25].

وەکو پێشتریش ئاماژەمان پێدا لەرووی دیدگاو ئامانجەوە ئیتحادو تەرەقی بەسەر دوو ئاڕاستەی هزری‌و سیاسی دابەش ببوو:

**باڵی یەکەم:** ئەحمەد رەزا سەرکردایەتی دەکرد، باوەڕی بە مەرکەزیەتی رەها هەبوو، بۆ ئەم مەبەستەش بەشێوەیەکی بنەڕەتی تەنیا پشتی بە تورکەکان دەبەست، پاشان لەدوای وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن ئیتیحادیەکان ئەم باڵە سەرکەوتوو و دەست رۆیشتوو بووە.

**باڵی دووەم:** سەباحەدین جەلالەدین سەرکردایەتی دەکرد، باوەڕی بەلامەرکەزیەتی دەوڵەت هەبوو، بە پێویستی دەزانی هەموو رۆڵەکانی گەلانی عوسمانی بەیەکسانی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ‌و هەریەکە لە کورد، ئەرمەن، ئەلبان‌و عەرەب رۆڵی خۆیان هەبێ. پاشان ئەم باڵە دەبێتە ئۆپۆزسیۆن‌و لە ئیتحادو تەرەقی جیادەبێتەوە، دواتریش ئەندامەکانی ئەو باڵە پارتی ئازادی‌و ئیئتیلافی لامەرکەزی دادەمەزرێنن.

تێڕوانینی تۆتالیتاریانەی بیرمەندانی ئیتحادو تەرەقی نەزعەیەکی ستەمکارانەی دروست کرد، پاشان ئەم نەزعەیە لە دوای وەرگرتنی دەسەڵات پاش کودەتاکەی 1908 بە روونی دەرکەوت، زانراویشە کودەتاکەی دژ بە سوڵتان عەبدولحەمید لە رێگەی جووڵەی سەربازییەوە لە سۆلانیك بەرەو ئەستەمبوڵ دەستی پێکرد، پاشتریش دەستووریان بەسەر سوڵتاندا سەپاند. هەروەها لە ساڵی 1909 بۆ جاری دووەم‌و سێیەم سوپا بەرەو ئەستەمبوڵ

(23) Hanioglu ، p.18.
(24) Bernard lewis ، p.231.
(25) Hanioglu ، p.210.

جووڵێندرا، بەو هۆیەوەش سوڵتان لە دەسەڵات هێنرایە خواراوەو سوڵتان محمد رەشاد، کە یاری‌و ئامرازی دەستی سوپا بوو لە بەڕێوەبردنی دەسەڵات وەکو سوڵتانی تازە دانرا. ئەم دوو کودەتا سەربازییەی لە لایەن سوپاوە دژی دەسەڵاتی شەرعی ئەنجامدران ئاماژەیەکی مەترسیدار بوون، کە هەرکاتێك حکومەتەکان نەچنە ژێر باری سوپا، سوپا دەتوانێ‌و رەوایەتی بەخۆی دەدا بچێتە ناو سیاسەت‌و کودەتای سەربازی ئەنجام بدات. بێگومان ئەو پێشینە مەترسیدارە لە تورکیا بەرەو وڵاتانی جیهانی عەرەبی هاوچەرخ درێژ بۆوەو بەیەکێك لە گرنگترین کۆسپەکانی بەردەم دیموکراسی دادەنرێ، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانیە لێکۆڵیارانی رۆژئاوا بۆچوونیان وایە، ئیسلام کۆسپی بەردەم پرۆسەی دیموکراسیە، بۆیە سوپا کودەتا ئەنجام دەدات، لەکاتێکدا بیریان چووە ئیتیحادو تەرەقی، کە خاوەنی دیدگای سکیۆلاریزمە لەناو قووڵایی هزری رۆژئاوا، نادیموکراسی لەوێوە سەرچاوەی گرتووە نەك ئیسلام.

لەدوای کودەتاکەی ساڵی 1908 ئیتیحادییەکان هەوڵیاندا، دەسەڵاتی تەواوی خۆیان بەسەر دەوڵەتدا بسەپێنن، بۆ ئەو مەبەستەش دەسەڵاتەکانی سوڵتان سنووردارکران‌و کۆمەڵێك فەرمانبەری سەر بەئیتیحادییەکانیش لەناو کۆشکی سوڵتان دامەزرێنران. هەروەها بەمەبەستی چاودێریکردنی کاروباری وەزارەتەکان لە هەر وەزارەتێك ئەفسەرێك بە پلەی چاودێر دامەزرێندرا، هەر یەکێکیش لەوانە لەگەڵ ئەوەی کەم ئەزموون بوو، بەڵام دەستی دەخستە ناو وردەکاریەکانەوە، ئەمەش کۆسپی لە بەردەم راییکردنی کاروبارەکانی دەوڵەت دروست کردو رەنگدانەوەیەکی زۆر نەرێنی لەناو سوپا لێکەوتەوە، بەجۆرێك سوپا بووە ملکەچ‌و گوێڕایەڵی حیزب، بێ ئەوەی گرنگی بە ئەرکی خۆی بدات، ئەو هەڵوێستەیشی بووە هۆی لاواز بوونی تواناکانی لە کۆنترۆڵکردنی بارودۆخی ناوخۆو رێگریکردن لە دوژمنکاریە دەرەکیەکان. دواتر لەم نێوەندەدا کۆمەڵێك لە پیاوانی دەوڵەت‌و گەورە ئەفسەرانی سوپا ناچار بوون داوای کۆتایی پێهێنانی دەستوەردانەکانی سوپا بکەن لە کاروباری سیاسی، ئەوەبوو ئیتیحادییەکان داواکارییەکەیان بە بەرەنگاری بەردەمی خۆیانیان زانی، بۆ ئەم مەبەستەش لە 21ی شوباتی 1909 کاروانێکی سەربازیان بەرەو نوسینگەی سوڵتان عەبدولحەمید رەوانەکردو داوایان لە یەکێك لە بەرپرسەکان کرد بە سوڵتان بڵێ مۆری سوڵتان لە سەدری ئەعزەم کامیل پاشا وەربگرێتەوەو لە پۆستەکەی دووری بخاتەوە، ئەگەرنا سبەینێ بەهێزێکی سەربازییەوە روو لە ئەستەمبۆڵ دەکەن‌و بەزۆر دەریدەکەن[26].

بەدڵنیاییەوە هیچ کاتێك ئتیحادییەکان لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتی سوڵتان عەبدولحەمید هەستیان بە ئاسایش نەکردووە، بۆ ئەم مەبەستەش بەدوای هەلێکدا دەگەڕان کۆتایی بەدەسەڵاتەکەی بێنن، ئەوە بوو لە نیسانی 1909 بزووتنەوەی ئیرتیجاع "کۆنەپەرستگەرای ئایینی/ وەرگێر" هەڵی بە ئیتیحادییەکاندا، کۆتایی بەدەسەڵاتی سوڵتان عەبدولحەمید بێنن‌و سوڵتان محمد پاشا شوێنەکەی بگرێتەوە، ئەوکات ئیتیحادییەکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد سوڵتان‌و کۆنەپارێزەکان دژی بزوتنەوەکەیان پیلانیان گێڕاوە بۆ ئەوەی لە ئیتیحادییەکان رزگاریان بێ‌و

(26) المنار، ج 3، مجلد 12، ص 1225 .

دەستوور پەكبخەن، بەڵام تێڕوانینە بابەتییەكانو هەندێك لێكۆڵینەوەی نوێ دەریدەخەن، كە پیلانگێڕی بزووتنەوەی "كۆنەپەرستگەرای ئایینی" لەلایەن سوڵتانەوە نەبووە، بەڵكو راپەڕینێكی رەمەكی بووە لە دژی تاكڕەوی ئیتیحادییەكان لە دەسەڵاتو گرتنەبەری كۆمەڵێك رێوشوێنی پێویست لە بوارەكانی سوپا، رۆژنامەو خوێندن، كە سووكایەتیان بەهەستی جەماوری موسڵمان دەكرد، بۆ وێنە رۆژنامەی (ئەستەمبۆڵ). كە دەرچوونی زۆربەی ژمارەكانی لەلایەن ئەندامانی ئیتیحادو تەرەقی بەڕێوەدەچوو دەستی كرد بە تانەدان لە ئیسلامو سیمبولەكانی. ئەوەبوو بەشێك لە نەیارانی ئیتیحادییەكان كە خاوەنی نەزعەیەكی ئیسلامی بوون، چوونە پاڵ ئیتیحادو جەمعیەتی موحەمەدی، كە (حافز دەروێش وەحدەتی) سەركردایەتی دەكردوو لەهەمان كاتیشدا خاوەنی رۆژنامەیەكی تایبەتیش بوو بەناوی (بورِكان). بەگوێرەی راگەیاندراوەكەی ئەم كۆمەڵەیە هەوڵی چاكسازی دەدا، لە سیستمی بەهاكانیداو هاوكات خەریكی نزیككردنەوەی جەوهەری ئیسلام بووە لە خەڵكو لە تەقەلادا بووە بۆ ئەوەی خەڵك لە ئیسلام دوور نەكەونەوە.

كۆمەڵەكە توانی لەگەڵ كۆمەڵێك لە ئەندامانی بەرهەڵستكاری ئیتیحادییەكان لەناو ئەنجومەنی نوێنەران هەماهەنگی بكات، ئەوەبوو لە نیسانی 1909 راپەڕینێكی میللی لە ئەستەمبوڵ وەكو رۆژنامە فەرمیەكان ناویان ناوە راپەڕینی ئیرتیجاع "كۆنەپەرستگەرای ئایینی" روویدا. هۆكاری راستەقینەی شۆڕشەكە بۆ سووكایەتی پێكردنو شەڕ پێفرۆشتن بەو سەربازانە دەگەڕێتەوە، كاتێك لەلایەن ئەو ئەفسەرانەوە، كە خوێندیان لە ئەوروپاو قوتابخانەكانی هاوچەرخ لە ئەستەمبۆڵ تەواو كردبوو، پاشانیش پەیوەندیان بەڕیزەكانی ئیتیحادو تەرەقیەوە كردبوو، ئەوانە بە سكیۆلاریزمو گۆش كرابوون، سووكایەتی بە هەستی ئیسلامیانەیان دەكرا، لەوانە: بەزۆر سەپاندنی كلاوی ئیتالی لەبری فێستو كەشیدەی عوسمانی بەسەر سەربازەكان، گۆڕینی ژوورەكانی نوێژخوێندن لە هەندێك لە سەربازگەكان كردبوویانە شوینی شانۆو قاوەخانە بۆ خوێندنەوەو پێشكەشكردنی وتارو بەرنامەی سیاسی، هەروەها ئاگادار كرانەوە لە بەشداریكردنیان لەهەر كۆڕو وتارێكی زانایانی ئاینی تایبەت بە وشیاركردنەوەی هەستی ئیسلامیانەیان، ئەو رەفتارەی ئەفسەرەكان كاردانەوەی سەربازی لێكەوتەوە، بەجۆرێك لەناو یەكە سەربازیەكانیان راپەڕینو بەدەنگی بەرز لەناو كۆڵانەكانی ئەستەمبۆڵ رێپێوانی بەرفراوانیان ئەنجامدا، هەروەها بەشێكی ئەفسەرەكانیان دەستگیركردوو داوایان لە هێزی ئیتیحادیەكان كرد ئەستەمبۆڵ بەجێبێڵێ، لەلای خۆشیانەوە وتارخوێنان، زانانایان، قوتابیانی قوتابخانەكانی ئایینیو رێبازەكانی سۆفیگەری پشتگیری راپەڕینەكەیان كرد. لەكاتێكدا زۆری نەمابوو راپەڕینەكە كۆتایی بەتەمەنی ئیتیحادییەكان بێنێ، بەڵام ژەنەڕاڵ (محمد شەوكەت) بەپەلە جووڵەی بەسەرباز كردوو كۆتایی بە راپەڕینەكە هێنا، هەروەها تۆمەتی راپەڕینەكە درایە پاڵ سوڵتان عەبدولحەمیدو لەسەر كار لایان برد[27].

---

(27) أحمد جواد "الانقلابات العسكرية الخمسة في الدولة العثمانية"، الهلال الدولي، 16-30 تموز، 1990. دوای جەنگی یەكەمی جیهانی لە گفتوگۆیەكی نێوانیان سوڵتان عەبدولحەمید كە ئەوكات لە كۆشكی بەكلربەگی لە ئەستەنبۆڵ زیندانی بوو، بە ئەنوەر پاشا دەڵێ: "بەوە تۆمەتبارم دەكەن كە سەرپەرشتی پیلانگێری رووداوەكانی 31ی ئازارم كردووە، كە لە راستیدا هیچ پەیوەندیەكەم پێوە نەبووە"، وەكو لە

له سۆنگەی هەڵسەنگاندنی ئەو راپەڕینەو دوای سەردانییەکی مەیدانی بۆ ئەستەمبۆڵ لەدوای رووداوەکانی راپەڕینەکە رەشید رەزا، بەیەکێك بووە لە ریفۆرمخوازو نەیارەکانی سیاسەتەکانی سوڵتان عەبدولحەمید دەڵێ:"لە راستیدا هەڵگیرسانی راپەڕینەکە لە دژی دەستوور نەبوو، بەڵکو هەوڵێکی میللی بوو، بۆ سنووردارکردنی ستەمی ئیتیحادییەکان"(28).

هەر دوابەدوای سەرکوتکردنی راپەڕینەکەی نیسان، ئیتیحادییەکان بە ئامانجی جێگیرکردنی دەسەڵاتەکەیان کۆمەڵێك رێوشوێنی دژ بە ئیسلامیان دەرکرد، لە ئابی 1909 هەردوو یاسای کۆمەڵەکانو یاسایەکی دیکە بەناوی یاسای هەڵگەڕانەوەو ئاژاوە بڕیاریان لەسەردراو پەسند کران، بە پێی یاسایەکە هاوڵاتیانی دەوڵەتی عوسمانی ناتوانن هیچ رێکخراوێکی ئایینی یاخود نەتەوەیی دابمەزرێنن.

گرتنەبەری رێوشوێنەکانی دژ بە ئیسلامو شەریعەت هاوکاتبوو لەگەڵ هەوڵەکانی خەتی تۆرانی لەناو ئیتیحادییەکان بۆ پێڕۆکردنی سیاسەتی توانەوەی گەلانی ناتورك لەناو بۆتەی نەتەوەی تورکدا، دواتر ئەو سیاسەتەی ئیتیحادییەکان پاڵی بە نەتەوەکانی دیکەی بەشدار لە رووخاندنی دەسەڵاتی سوڵتان عەبدولحەمیدەوەنا، ببنە بەرهەڵستکارو کاری نهێنی ئەنجام بدەن، لەو نێوەندەدا بۆ نموونە کەسێکی وەکو ئیبراهیم تەمۆو عەبدوڵڵا جەودەت، لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی بوون بوونە دوو ناسیۆنالیستی ئەلبانیو کوردی.

ئیتیحادییەکان ئەنجوومەنی نوێنەرانیان خستبووە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، بۆ نموونە لە هەڵبژاردنەکانی 1912 جگە لە شەش کورسییەکەی ئۆپۆزسیۆن، توانیان تەواوی کورسییەکانی دیکەی پەرلەمان ببەنەوە، بەڵام هێشتا ئامادە نەبوون ئەم ژمارە کەمەی کورسییەکانی ئۆپۆزسیۆن قەبووڵ بکەن، ئەوەبوو لە کانوونی دووەمی 1913 ئەنوەر پاشا سەرکردایەتی کودەتای پێنجەمی کردوو توانی گەمارۆی ئەنجوومەنی نوێنەران بداتو بەدەمانچەکەی خۆی وەزیری جەنگی کوشت. لەماوەی ساڵانی (1910-1918) بەدواوە سەردەمی سێکوچکەی ستەم ئەنوەر پاشا، جەمال پاشا، تەلعەت پاشا دەستی پێکرد.(29)

جێگەی باسە حوکمی ئیتیحادییەکان پڕبوو لە گەندەڵی کارگێڕیو نزمبوونەوەی ئاستی هەموو نێوەندو کایەکانی دەوڵەت. دەوڵەتی عوسمانی لەزۆربەی ناوچەکانی ئەورووپای رۆژهەڵاتو بەڵکان باڵادەستی خۆی لەدەستدا، جگە لەوە زێدەڕۆییو توندوتیژی دەسەڵاتی مەرکەزیو پیادەکردنی سیاسەتی بە تورککردن بووە هۆکاری گەشەی بزاڤە نەتەوەییەکانی گەلانی ناتورك لەناو دەوڵەتی عوسمانی، کە دواتر دروستبوونی ئەو بزاڤە نەتەوەییانە لەماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بەخێرایی کاریان لە هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی کرد.

---

قسەکانی دەردەکەوێ سوڵتان بەتوندی رەتی کردۆتەوە کە هیچ رۆڵێکی لە راپەڕینەکە هەبوو بێ، بەڵام ئەو تۆمەتانەی دراوەتە پاڵی تەنیا بۆ ئەوەبوو لە دەسەڵات دووربخرێتەوە. بڕوانە ئۆرخان لاپەڕە 343.

(28) رشید رضا " الاصلاح في حکومتنا الدستورية "، المنار، ج1، مجلد 13، 1910، ص 196.

(29) Bernard lewis ، pp.220-21.

بـەم شـێوەیە عوسمانیـەکان بـەلابردنی سـوڵتان عەبدولحەمیـد، جگـە لـە سیسـتمێکی تۆتالیتـارو نالێهـاتوو نـەیانتوانی هـیچ دەسـتکەوتێکی دیکـە بەدەسـت بێـنن. وەکـو زانراویشـە چەوسـانەوەو ئاژاوەیـەکی سـەرتاپاگیر بەدیارترینی تایبەتمەندیـەکانی دەسـەڵاتی ئیتیحادییـەکان بـووە، بەگشـتی سیسـتمی ئیتیحـادو تـەرەقی بـەروبوومی مۆدێرنەو پرۆسەی بە رۆژئاوایکردنی سەڵتەنەتی عوسمانی بوو، بۆ نموونە نووسەری ئەمریکی (هانـا ئارنێـت) ئـەم قسەیە دووپات دەکاتەوەو سیستمی ئیتیحادییەکان بە بەرەنجامەکانی بەرفراوانکردنی ئیمپریـالیزمی رۆژئـاوا لـەناو جیهانی گەلانی نائەوروپی دادەنێ، لەم بارەیەوە دەڵێ:"مەبەسـتی ئیمپریـالیزم بریتیـە لـە پەلکێشـکردنو راکێشـان نـەك بەیەکـەوە کۆکردنـەوەو لکانـدن، هـەروەها خەسـڵەتی دادپـەروەریو نوێبوونـەوە تێـدا نیـە، بـەڵکو مەبەسـت سـەپاندنی ملکەچـیو بـە پاشـکۆیەتیکردن بـوو، ئەمـەش وایکـردووە دیـاردەی ئیمپریـالیزم ببێتـە دیاردەیـەکی چەوسانەوە، گرنگترین جێکەوتەکانیشی بـریتی بـوو لـە هـاوردەکردنی دامـەزراوەکانی توندوتیـژی، بەتایبـەت سـوپا، ئاسایشو بیرۆکراسی، بێ پەنابردنە بەر دامـەزراوەکانی دیکـەی وەکـو رێکخراوەکـانی کۆمـەڵی مـەدەنی، کـە هـەردەم بیرمەندانی مۆدێرنە بانگەشەی بـۆ دەکـەنو بـازاڕی بـۆ گـەرم دەکـەن". هـەروەها (بوشـکلاتە) لەسـەر زاری ئارنێـت دەڵێ: کارەساتەکانی ئەو پرۆژەیە تەنیا لە هێنانی دامەزراوەکانی کۆنترۆڵکردنو رێکخستنی سیاسـی بـۆ گـەلانی ژێـر دەستە کورت نەبۆتەوە، بەڵکو زیاتر بـۆ لەباریـەکبردنی دامـەزراوەو رایەڵـە ئەهلیـەکان کـاری کـردووە، کـە ئـەرکیان رێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی گەلان بووە[30].

## بەشی دووەم

### سکیۆلاریزمی لائیکی کەمالی

بەرەنجامو پێشبینیە سەرەتاییەکانی سکیۆلاریزم لەناو ئیمپراتۆری ئیسلامی بوونە هۆکاری دروست بـوونی کـەمال ئـەتاتورك، لـەدوای جـەنگی ئـازادی تورکیـا بـۆ رابەرایـەتیکردنی دامەزرانـدنی سـکیۆلاریزمی لائیکـی وەکـو بنەمایەکی جێگیرو چەسپاو، کە تا ئێستاش بەجۆرێك لە جۆرەکان بە پتەوی ماوەتەوە.

سـەرەتا هـیچ نیشـانەو رووخسـارێکی دژە ئـاینی لـە ئـەتاتورك دەرنەکـەوت، بـەڵکو بـە گـوێرەی بڕگـەکانی هەردوو پەیماننامەی ئەرزرۆمو سیواس لە 1918 کە بەچاودێری خودی ئەتاتورك بۆ رێکخستنی خـەباتی بـەرگری دژ بـە هاوپـەیمانان مـۆرکرا، جـەنگی ئـازادی لـە پێنـاو پاراسـتنی دەسـەڵاتی عوسمـانیو شـەریعەت بـووە. بـۆ ئـەم

---

(30) العلمانية والاستبداد، ص80.

مەبەستەش لە میانی جەنگی ئازادیو لە وتاری رۆژانی هەینی، کە لەشاری (بالی کسیر) پێشکەشی دەکرد، ئەتاتورك خۆی وەکو کەسێکی تەواو ئاینی دەردەخست، کاتێك سەرۆکایەتی ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانی دەکرد، دوو یاریدەدەری لە شێخەکانی رێبازی سۆفیگەری بۆ خۆی دامەزراندبوو، بەڵام نیازو مەبەستە شاراوەکانی ئەتاتورك درێژەی نەکێشا، بەڵکو لەگەڵ راگەیاندنی کۆمار لە 28ی ئۆکتۆبەری 1923و هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت لەهەمانساڵداو دواتریش هەڵوەشاندنەوەی دادگاکانی شەرعی، ئەتاتورك دەستی بە هەڵمەتێك کرد لەدژی کۆمەڵگەی تورکیای خاوەن نەریتی ئاینی ئیسلامو رووخسارە ئاینییەکانیو دژایەتیکردنی پیادەکردنی ئاین لەلایەن کۆمەڵگەو سەرکوتکردنی سیمبولە دیارەکانی، دواتریش لە 1925 پرۆسەی بەرۆژئاواییکردنی رۆشنبیریو شارستانێتی تورکیاو قایمکردنو پیرۆزکردنی رۆڵی سوپا وەکو پاسەوانو پارێزەری راستەقینەی سیستمی نوێ دەستی پێکرد. بۆ بەرزراگرتنی بەهاو رووخسارەکانی سیستمی سکیۆلاریزم ئەتاتورك چەند فەرمانێکی دەرکرد، لەوانە:

- داخستنی تەکیەو خانەقاکانی رێبازی سۆفیگەری لە تورکیا.
- هەڵوەشاندنەوەی هەموو جۆرە رێبازێکی سۆفیگەری، ئەوەی پێی دەگوترێ پابەندبوون بە فەرمانەکانی شێخ، هەڵوەشاندنەوەی هەموو ناساوێکی دەروێش، مورید، گەورە، بەرێز، پاپا، ئەمیرو خەلیفە، دواتریش قەدەغەکردنی سیحرو فالگرتنەوەو نوشتەکردنونوسینەوەی نزاو پاڕانەوە.
- قەدەغەکردنی بەکارهێنانی هەموو جۆرە جۆرە جلو بەرگێك، کە نیشانەی سۆفیگەری پێوە دیاربێ.
- داخستنی سەرجەمی زیارەتگەو گڵکۆی سوڵتانەکانی عوسمانیو پیاوچاكو شێخەکان.
- سەپاندنی سزای زیندانیکردن، کە ماوەکەی لەسێ مانگ کەمترنەبێ بۆ هەر کەسێك سەرپێچی لەم فەرمانانە بکات.

لە درێژەی ئاڕاستەکردنی تورکیا بەرەو رۆژئاوا، لە ساڵی 1926 یاسای باری کەسیەتی سویسری شوێنی یاسای باری کەسیەتی ئیسلامی گرتەوە، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی هەبوو بە فرەژنی، شووکردنی ئافرەتی موسڵمان بەکەسێکی ناموسڵمانو یان گۆڕینی ئایینەکەی، یەکسانی لەنێوان پیاوو ئافرەت لەمیراتدا. بەگوێرەی یاسا نوێیەکە پیاو بۆی هەیە ئەو منداڵە وەکو هی خۆی ناونووس بکات، کە لە ئەنجامی پەیوەندی نا شەرعی لەگەڵ ئافەرەتێك لەدایك بووە.

لە کۆتاییەکانی 1926 ئەتاتورك باڵا پۆشی ئیسلامی ئافرەتانی قەدەغەکرد، هەر ژنیك سەرپێچی بکردایە رووبەڕووی دادگا دەبۆوە. ئەتاتورك هەوڵەکانی بۆ بەرۆژئاواییکردنی کۆمەڵگەی تورکی بە یەکخستنی قوتابخانەو گۆڕینی پیتی عەرەبی بە پیتی لاتینی کۆتایی پێهێنا، دواجاریش بەر لەمردنی و لە 1938 ئەو مادە دەستوورییەی هەڵوەشاندەوە، کە ئیسلام وەکو ئاینی فەرمی دەوڵەت دەناسێنێ[31].

(31) Bernard lewis ، The Emergence of Modern Turkey ، pp.227-29.

بیری سکیۆلاریزم بەو تێگەیشتنە باوەی لە تورکیا هەیە لەسەر چەند بیرێکی بنەڕەتی، کە ئایدۆلۆژیای لەسەر دادەمەزرێ بونیادنراوە، گرنگترین تەوەرەکانیشی ئەمانەی خوارەوەن:

- بیری کۆماری ئەلتەرناتیڤی سیستمی پاشایەتیو سوڵتانیو خەلافەتی ئیسلامیە.
- بیری نەتەوەیی لەبری ئاین رایەڵەی پەیوەندی بنەڕەتی نێوان رۆڵەکانی گەلی تورکیایە بە گەلو نیشتمانەکەی.
- بیری میللی واتا لێدانی هەژموونی ئەرستۆکراتی عوسمانی، فیوداڵەکانو پیاوانی ئاینیو بەرزکردنەوەی چینەکانی ژێرەوە لەچوارچێوەی یەکسانی نێوان رۆڵەکانی گەلدا.
- بیری باڵادەستی دەوڵەت Statis و گۆڕینی وەکو ئامرازێك بۆ سەپاندنی سکیۆلاریزم، بە رۆژئاواییکردنو نوێکردنەوەی پیشەسازی، ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی.
- بیری کودەتا واتا بەرپاکردنی شۆڕش لەدژی هەر بیروبۆچوونو بارودۆخو دامەزراوەیەك، کە گوزارشت لە نەریتی کۆنەپەرستانەو دواکەوتوویی بکات.

لە هەموو ئەمانە گرنگتر سکیۆلاریزم لە تورکیا تەنیا لە بێلایەن کردنی ئاینو دابڕاندنی لە دەوڵەت وەکو ئەوەی لە رۆژئاوا هەیە کورت نەبۆتەوە، بەڵکو رەهەندێکی دیکەی دوورتری وەرگرت، بەتایبەت کە خەڵك ناچار بکات، پێڕۆی ئەم جۆرە ئاینداریيە بکەن، کە سکیۆلاریزمی تورکی بەو شێوەیەی مەبەستیەتیو تێیدەڕوانێ. (عیسمەت ئینینۆ) هەوڵیدا پێش نوێژو وتارخوێنەکان ناچار بکات سورەتی فاتحیە بە تورکی بخوێنن، هەروەها رێگەی نەدا پێش نوێژەکان بە زمانی عەرەبی نزاو پاڕانەوەکانیان بکەن، بڕیاریشیدا بانگدان بە تورکی بێتو هەموو جۆرە مافێکیشی بە ئافرەتاندا جگە لە باڵا پۆشی ئیسلامی.

بەم شێوەیە ئامانجی سکیۆلارەکان بۆ لابردن و رەشکردنەوەی کاریگەریەکانی ئاین لە ژیانی گشتی خەڵك بەدەردەکەوێ. بۆیە ئەگەر ناتوانن راستەوخۆ هێرش بکەنە سەر ئاین ئاسانترە هێرش بۆسەر ئاینداری. نابێ لە یادبکرێ هێرش کردنە سەر ئاینداری لەناوەڕۆکدا واتا پەلاماردانی خودی ئاین، بۆ نموونە دەوڵەتی سکیۆلاریزم شەڕێکی کراوەیان بەرامبەر بە قوتابخانەکانی تایبەت بە پێش نوێژو وتارخوێنیو ناوەندەکانی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز دەست پێکرد، رێگری کردن لە پیادەکردنی ئازادانەی ئاینداری لەکاری فەرمانبەرێتیدا، بێبەشکردنی ئافرەتانی سەرپۆش لە خوێندنو مافی کارکردن لە فەرمانگەکانی دەوڵەتو کردنەوەی چەند مەلەوانگەیەکی تایبەت بە ئافرەتان. دواتریش رێگەی نەدا بەدامەزراندی بانکی ئیسلامی کە بەسیستمی ئیسلامی کاربکات، هەموو ئەو سەربازانەشی لە ریزەکانی سوپا دەرکرد لە کەسانی ئایندار بوونو پەیوەندیان لەگەڵ ئاین هەبوو لەسەر کار لابرد.

پێچەوانەی سکیۆلاریزمی عەقڵانیو میانڕەو کە سیاسەت لە دامەزراوەکانی ئاینی دوور دەخاتەوە بێ ئەوەی دژایەتی ئاین بکات، بەڵام سکیۆلاریزمی تورکی سکیۆلاریزمێکی توندڕەوی دژ بە ئاینو ستەمکارە. لە راستیدا

سـكیۆلاریزمی تـورکی لـە ڕێگـەی میکـانیزمی سـەربازیو بـەبیانووی پاراسـتنی سیسـتمی سـكیۆلاریزمی دەوڵـەت لێدانێکی کوشندەی بە بنەماکانی دیموکراسی گەیاند. گومان لەوەدا نیـە تـا ئێسـتاش هەنـدێك لـە سـکیۆلارەکان بـیر لەوە دەکەنەوە پیرۆزی بە سکیۆلاریزم بدەن، پیرۆزیـەك کـە بیانوویـان پێـدەدا بـۆ تێکشکانی پایـەکانی دیموکراسـی ئەگەر هەستیان بەوەکرد دیموکراسی دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر سکیۆلاریزم.

سکیۆلارەکان باوەڕیان وایە ئەنجامدانی هەر کارو هـەوڵێك بـۆ سـەپاندنی دەسـەڵاتی ئیسلامیو جێبـەجێکردنی شەریعەت واتای کۆنەپەرستیو دواکەوتوویی دەگەیەنێ. بۆیە هەر هـەوڵو کـارێکی لـەم شـێوەیە بـەتاوانێکی گـەورە دادەنرێو شیاوی ئەوەیە توندترین سزا بدرێ، بە بۆچوونی سکیۆلارەکان ئـەو داواکاریانـەی بـەبیانووی زیـادکردنی ئازادییە ئاینییەکان داوای گۆڕینو هەموارکردنەوەی دەستوور دەکەن لە بنەڕەتدا هێشکردنە بۆ سـەر سکیۆلاریزمو هەولێکیشە بـۆ ئەنجامـدانی کودەتـا بەسـەر سیسـتمی دەوڵـەت، جگـە لەمـە سـکیۆلارەکان رەتـی دیموکراسیـەتێکیش دەکەنەوە، ئەگەر رادەی ئازادییە ئاینیەکانی تێدا بەرفراوان بێ.

سـکیۆلارەکانی تورکیـا هەوڵـدەدەن ئـاین تـەنیا لەویـژدانی تاکـە کەسـیدا زینـدانی بکـەنو کاریگـەریەکانیشی بـۆ نـزمترین ئاسـت داببـەزێنن، بەجیـدی هەوڵـدەدەن شـوێنە گشـتیەکانی دەوڵـەت دووربێـت لەهـەموو کـارتێکردنێکی ئاینیو پشت نەبەستن بە هیچ سەرچاوەیەکی ئاینی تایبەت بەدامەزراوە گشتیەکانی دەوڵەت.

سکیۆلاریزمی تورکی بەو خاسێتەی کە ئایدۆلۆژیایەکی تونـد، بـە زەبـرو سـەرکوتکارە خـۆی بەسـەر کۆمەڵگـەی تورکیـدا سـەپاندووەو ئـازادی لەبـەردەم گەلەکـەی نەهێشـتۆتەوە بـۆ پیـادەکردنی پەرستشـە ئاینییـەکانی، بـەڵکو هەوڵیداوە لەمیانی دامەزراندنی دامەزراوەی کاروباری ئاینی و دامەزراندنی وەزیری دەوڵەت بـۆ سەرپەرشـتیکردنی ئـەم دامەزراویـەو بـەئامانجی زاڵ بـوون بەسـەر مزگەوتـەکانو هێشـتنەوەی هەسـتی ئـاینی تـەنیا لەچوارچـێوەی مزگەوتەکاندا تەواو خۆی بهێڵێتەوە.

## هێزو دامەزراوەکانی سکیۆلاریزم لە تورکیا

چونکە سکیۆلاریزمی تورکی بەهێز خۆی سەپاندووە، بۆیە بۆ پارێزگاریکردنو پاراستنی خۆی پێویستی بە چـەندین دامـەزراوە هەیـە، دامـەزراوەی سـەربازی لەسـەرووی هـەموو دامەزراوەکانـەوە دێـت، کـە پارێزگـاری لـە سـکیۆلاریزم دەکـات بەشـێوەیەك زیـاتر لـە چـەند جـار کودەتـای بـە تۆمـەتو بیـانووی جۆراوجـۆرەوە بەسـەر حکومەتەکانـدا کـردووە، بـۆ نموونـە لـە سـاڵی 1960 بـە تۆمـەتی خیانـەتی گـەورە لـە نیشـتمانو هاوڵاتیـان سـوپا کودەتای بەسەر عەدنان مەندەریس ئەنجامداو دواتریش بە تۆمەتی سوکایەتیکردن بە یاساکانی سکیۆلاریزمو ڕێگە

پێدان بەپیادەکردنی هەندێك رووخساری ئاینداری لە تورکیا رووبەڕووی دادگا کرایەوەو پاشانیش لەسەر هەمان تۆمەت لە سێدارەدرا.

ژەنەڕاڵەکان بە ئامانجی پارێزگاریکردن لە هەژموونی خۆیان لەوەرگرتنی بڕیارە سیاسییەکان، سەرەتا فۆبیای شیوعیو دواتریش فۆبیای ئیسلامیان هەڵبەستاو کردیان بە دوو بیانوو بۆ جێبەجێکردنی مەرامەکانیان، بۆ ئەم مەبەستەش لە (1971 و 1980) دوو کودەتای سەربازیان ئەنجامدا. پاساوی کودەتاکەی 1980 ئەنجامدانی خۆپیشاندانی ملیۆنی بوو کە لەلایەن پارتی ئاشتی نیشتمانی، کە خاوەنی ئاڕاستەیەکی ئیسلامیە لەدژی راگەیاندنی قودس وەکو پایتەختی ئیسرائیل لەلایەن ئیسرائیلەوە لەشاری قۆنیا رێکخرابوو. هەروەها سوپا هۆکاری سەرەکی رووخانی حکومەت بوو لە ساڵی 1996 بە تۆمەتی بڵاوکردنەوەی کۆنەپەرستی لەوڵاتو زیادبوونی ژمارەی قوتابخانەکانی ئاینیو ناوەندەکانی لە بەرکردنی قورئانی پیرۆز کە سوپا بەهەڕەشەی سەرەکی لە قەڵەمدا بۆ سەر سیستمی سکیۆلاریزم، بۆیە دوا ئاگادارکردنەوەی دایە ئەربەکان، لە 1997 کودەتای بەسەر پارتی رەفا ئەنجامداو ئەربەکان ناچارکرا دەست لەکار بکێشێتەوە. یەکێکی دیکە لەو دامەزراوانەی رۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە پاراستنی سکیۆلاریزم لە تورکیا بریتیە لە دەزگاکانی راگەیاندن، کە بەشێکی زۆری بەر کۆمەڵەی (ئایدن دۆگان) دەکەوێتو بەشێکیشی بەر کۆمەڵەی (چێنار) دەکەوێت. دەزگاکانی راگەیاندن لە تورکیا کاریگەریەکی گەورەیان هەیە بۆ جووڵاندنی شەقامی تورکیو ئاڕاستەکردنی. وەکو زانراویشە راگەیاندن بە دەسەڵاتی چوارەم دادەنرێ، بەڵام لە تورکیا دەسەڵاتی یەکەمە، ئەگەرچی لەسەرەتادا دامەزراوەی سەربازیمان وەکو پارێزەری یەکەمی سکیۆلاریزم دانا، لەراستیدا راگەیاندن لە پشتەوەی هەموو جووڵەیەکی سەربازە لە پیلانگێڕییەکانی لە دژی حکومەت، وەکو ئەوەی لە 1997 روویدا، کاتێك دەزگاکانی راگەیاندن هێرشیان کردە سەر حکومەتو سەربازیان لە دژ هانداو وێنایەکیان بە خەڵکی نیشاندا گوایە سکیۆلاریزم لەژێر هەڕەشەدایە، ئەمەش تووڕەیی سوپای لێکەوتەوەو هەندێك لە وەزیرەکانی پارتی رێگای ڕاست داوای دەست لەکارکێشانەوەیان لە حکومەت کرد. هەربۆیە لەم ماوانەی دواییدا وەزیری تەندروستی ئەو کاتی حکومەت، کە سەر بە پارتی رێگای راست بوو، دانی بەوەنا، کە راگەیاندن فێڵی لێکردوونو زێدەڕۆی بەسەر وێناکردنی دۆخەکەدا کردووە.

کۆمەڵەی پیاوانی کاری تورك کە دەوڵەمەندترین پیاوانی کاری تورکیا لەخۆ دەگرێ بە یەکێکی دیکە لەو دامەزراوانە دادەنرێ  کە کاردەکەن بۆ پاراستنی سکیۆلاریزمی تورکی. بەردەوام دوو دەوڵەمەندترین جەمسەر، کە لە کۆمەڵەی( سەپانچی)و کۆمەڵەی (کوچ) پێکدێت سەرۆکایەتی کۆمەڵەی پیاوانی کاری تورك دەکەن، ئەم کۆمەڵەیە لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی کاردەکات بۆ پارێزگاریکردن لە سکیۆلاریزم. کۆمەڵەکە باوەڕی وایە سەقامگیری توخمی سەرەکیە لەگەشەپێدانی بازرگانی، موڵكو سامانەکانیان هەر گۆڕانێکیش بەسەر ئەم سیستمەی ئێستاکەدا بکرێ  بەرژەوەندیەکانیان دەخاتە ژێر هەڕەشەو مەترسی.

لە پاڵ ئەمانەدا هەندێك دامەزراوەی دیكە هەن پارێزگاری لە سكیۆلاریزم دەكەن لەوانە: لێژنەی خوێندنی باڵا، كە ماسۆنیەت دەستی بەسەرداگرتووە، دامەزراوەكانی دادوەری لەناویشیاندا دادگای دەستووری، دادگای باڵاو دادگای كارگێڕی باڵا، كە هەركات بزانێ پرسو دۆخێك هەڕەشەیە بۆ سەر سكیۆلاریزم بەبێ ڕاڕایی‌و دوو دڵی لەبەرژەوەندی سكیۆلاریزم بڕیار دەردەكات، وەكو چۆن سەرپۆشی ئافرەتانی قەدەغەكردوو بڕیاری داخستنی ئەو پارتانەیدا، كە ئاڕاستەیەكی ئیسلامیان هەبوو، وەكو پارتی رەفا، فەزیلە، ئاشتی نیشتمانی‌و پارتی سیستمی نیشتمانی، كە هەموویان لەلایەن نەجمەدین ئەربەكانەوە دامەزرێندرابوون.

لەلایەكی دیكەوە چەپەكان بەجیاوازی ناوو ئاڕاستەی سیاسییانەوە بەپاسەوانی سیستمی سكیۆلاریزم دادەنرێن، بگرە لەزۆر كاتدا دژایەتی ئاین دەكەن. لەم ماوانەی دواییدا پارتە ڕاستڕۆكان، كە پێشتر بانگەشەی ئەوەیان كردووە ململانێی ئەوان لەگەڵ چەپەكان لەسەر پاراستنی ئاینە، بەڵام وەكو دەردەكەوێ بەهەمان شێوەی چەپەكان بەرگری لە سكیۆلاریزمی لائیكی دژ بەئاین دەكەن.

لە كۆتاییدا ژمارەیەكی دیكەی دامەزراوەكانی كۆمەڵی مەدەنی‌و هەندێك لە سەندیكا پیشەییەكان لەناویشیاندا كۆمەڵەی پشتگیری ژیانی سەردەمیانە، كۆمەڵەی هیزری ئەتاتوركی، وەقفی خوێندنی توركی، كۆمەڵەی ئەتاتورك بۆ زمان‌و مێژوو،و ڕێكخراوەكانی ئافرەتان، كە هەموویان بە پاڵپشتی‌و چاودێری حكومەتی پێشووی كەمالی دامەزراون، لەپاڵ ئەو دامەزراوانەی دیكە هەژماردەكرێن، كە بەرگری لە سیستمی سكیۆلاری لائیكی دەكەن.

# بەشی سێیەم

## پەیدابوونی پارتە ئیسلامیەكان لە توركیا

سەرەڕای هەوڵە چڕەكانی بۆ بەسكیۆلاركردنی كۆمەڵگە، بەڵام ئەتاتورك سەركەوتوو نەبوو لەسەپاندنی یاساكانی تایبەت بەو پرۆسەیە، بەڵكو پرۆسەكە تەنیا شارە گەورەكانی گرتەوە، كەچی زۆرینەی گەلی توركیا لەسەر هەمان نەریتی تەقلیدی ئیسلامی خۆیان مانەوە، بەوپێیەی بەلای ئەوان ئیسلام پیرۆزییەكی حەتمیەو نابێ ببێتە قوربانی هیچ پرۆسەیەك كۆمەڵگە دەستبەرداری ببێ.

لە شەستەكانی سەدەی رابردوو ڕێبازی سۆفیگەری لەناویشیاندا نەقشبەندی، تیجانی‌و بزاڤەكانی دیكەی بوژانەوەی توراسی زانستی ئیسلامی نموونەی سلێمانی‌و نوورسی بە ئامانجی رزگاركردنی ئیسلام لەو دۆخە

سەختەی ئەوساکەی تورکیا دەستیان بە جموجۆڵی زانستیانەی راڤەی ئیسلام کرد. دواتر محمد عاکیف پێشەنگی قوتابخانەی چاکسازی هیزری ئیسلامی لە تورکیا کە لەساڵی 1925 دەچێتە میسرو دەکەوێتە ژێرکاریگەری محمد عەبدەو جەمالەدین ئەفغانیو عەبدولعزیز جاویش لە رێگەی نوێگەریو ئەنجامدانی چاکسازی هیزری ئیسلامیو گەیاندنی بەرۆشنبیرانی تورك کارە هیزریەکانی خۆی لەبارەی ئیسلام دەست پێکرد. هەریەك لە نەجیب فازل پێشەنگی قوتابخانەی بوژانەوە، سزانی قەراقۆچ پێشەنگی قوتابخانەی شارستانیو ئەحمەد داود ئوغلۆ پێشەنگی قوتابخانەی دامەزراوەیی، خاوەنی کتێبی (قووڵایی ستراتیژی)و ئەندازیاری سیاسەتەکانی دەرەوەی تورکیا بەشداربوون لە پرۆسەی بزاڤی هیزری ئیسلامی لە تورکیا.

هەوڵو کارە هیزرییەکانی شێخ سەعیدی نوورسی لە چەسپاندنی رەگی بنەماکانی باوەڕو بەرەنگاربوونەوەی شەپۆلەکانی بێباوەڕی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیست تورکیای گرتەوە، بەسەرەتای ریشەی بزاڤی ئیسلامی تورکی دادەنرێ. لەو ماوەیەدا رێبازەکانی سۆفیگەری رۆڵێکی دیاریان بینی لە پاراستنی ئیسلامو باوەڕی خەڵکی موسڵمان.

پاشان نەجمەدین ئەربەکان ئەندازیارو پێشەنگی بزاڤی هاوچەرخی ئیسلامی لە تورکیا، کە لەسەر دەستی یەك لەزاناکانی رێبازی سۆفیگەریو لەژێرکاریگەری بزاڤی کۆمەڵەی برایانی موسڵمانی میسری پەروەردە دەبێت، لەساڵی 1970 پارتی رێکخستنی نیشتمانی دادەمەزرێنێ، هەر زوو پارتەکەی ئەربەکان تورکیای لە سێکوچکەی شەڕی ماسۆنی، خاچ پەرستی، زایۆنیزم ئاگادارکردەوە. لەبەرئەوەی ئەربەکان ئەندازیاری پیشەسازی بوو پارتەکەی زیاتر پێداگری لەسەر لایەنی پیشەسازی دەکردەوە، پاشان دوای کودەتاکەی 1971 بە تۆمەتی هەڕەشەیە بۆ سەر سیستمی سکیۆلاریزم پارتەکەی ئەربەکان لە کاری سیاسی دوورخرایەوە، ئەمجارە لە ساڵی 1972 دوای ئەوەی سەر لەنوێ رێگە بە پێکهێنانی پارتی سیاسی درایەوە، ئەربەکان (پارتی سەلامەتی نیشتمانی) دامەزراند، ئەم پارتە بەشداری حکومەتە هاوپەیمانەکانی نێوان راستڕۆو چەپڕۆکانی تورکیای کردووە، بەردەوامیش بەرگری لە بەرژەوەندی چینی بۆرژوای شارەکانی ئەنادۆل کردووە لەدژی قۆرخکاریەکانی چینی سەرمایەداری تورکی لە ئەزمیرو ئەستەنبۆڵ. هەروەها توانیویەتی کاربکات بۆ وەرگرتنی دەرچووانی قوتابخانەکانی ئاینی لە زانکۆکان[32].

دیارە توندوتیژی چەکداری نێوان راستڕۆو چەپڕۆکان لە حەفتاکانی سەدەی رابردوو کاریگەری بەسەر ئاڕاستەی ئیسلامی هەبووەو جۆرە مەیلێکی رادیکاڵیانەی پێداوە، دواتر ئەو مەیلە بەهۆی سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران لە 1979 چڕتر دەبێتەوە، لە 6 ی ئەیلولی 1980 پارتی سەلامەت فیستیڤاڵێك سەبارەت بە رۆژی قودس رێکدەخاتو تێیدا لایەنگرانی داوای جیهادو شەڕکردن دەکەن بۆ رزگارکردنی قودس، هەروەها چەندین دروشمی دژ بە سیستمی دەوڵەتی تورکیای هاوپەیمانی ئیسرائیل بەزمانی عەرەبی بەرزدەکەنەوە، دوای شەش رۆژ لە بەڕێوەچوونی فیستڤاڵەکە لە 12 ی ئەیلولی 1980 بەسەرۆکایەتی کەنعان ئەفرین کودەتا

(32) Giler Kepel ، tr. Anthony F Robers: Jihad: the Trail of Political Islam: Harvard Universuty press ، Cambride & massachusstts ، 2005،pp.344-45.

رووده‌دات‌و بڕیاری ده‌ستگیرکردنی ئه‌ربه‌کان‌و هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی پارته‌که‌ی ده‌دریّ، که‌واته ده‌رئه‌نجام بوونی پارتێکی ئیسلامی رادیکاڵ ده‌بێته هۆکارێك بۆ ئه‌نجامدانی کوده‌تاکه، پاشان له 1983 دوای ئازادبوونی له زیندان ئه‌ربه‌کان پارتی ره‌فا داده‌مه‌زرێنیّ، به‌ڵام له هه‌شتاکان به‌چه‌ند هۆکارێك ره‌فا لاواز ده‌بیّ، له‌وانه درزتێکه‌وتن‌و جیابوونه‌وه له ناو سه‌رکردایه‌تی پارته‌که، به‌جۆرێك باڵی قوتابیه‌کان که‌وتنه ژێر کاریگه‌ریه‌کانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران‌و وه‌کو باڵی رادیکاڵی چه‌کداری ده‌رکه‌وتن. هه‌روه‌ها په‌یدابوونی پارتی نیشتمانی دایك به‌سه‌رۆکایه‌تی تورگۆت ئۆزال، که به‌هه‌مان شێوه پێداگریّ له‌سه‌ر ماف‌و به‌رژه‌وه‌ندیه‌کانی چینی بۆرژوای ئه‌نادۆڵ ده‌کرد، جگه له‌مه‌ش هه‌وڵه‌کانی سه‌رکردایه‌تی کوده‌تا بۆ به‌رگرتن له هه‌ژموونی ئیسلامی، ئه‌مه‌ش به‌دانانی پرۆگرامی ئیسلامی له قوتابخانه‌کانی حکومه‌ت، دیسان له‌و ماوه‌یه‌دا پرسی ئیسلامی تورکی سه‌ریهه‌ڵدا، که ئامانجی پته‌وکردنی یه‌کێتی نیشتمانی بوو بۆ به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی هه‌ڕه‌شه مارکسیه‌کان، که به (جوودا خوازی کوردی) ناونراون، که‌واته هه‌موو ئه‌مانه به‌جۆرێك له جۆره‌کان کاریگه‌ریان به‌سه‌ر لاواز بوونی (ره‌فا)وه هه‌بوو، له کۆتاییشدا له‌ژێر کاریگه‌ری هه‌موو ئه‌و گۆڕانانه‌دا کارێکی باشکرا بۆ رامکردنی ئیسلامی سیاسی‌و گونجاندنی له‌گه‌ڵ سکیۆلاریزم[33].

ئه‌وه‌ی جێی سه‌رنجه ئه‌و ئازادیه رێژه‌ییه‌ی سه‌رده‌می ئۆزال‌و هه‌وڵه‌کانی بۆ ده‌وردانی ئیسلامیه‌کان بووه هۆی سه‌رهه‌ڵدانی چینێك له‌ناو ئیسلامییه دیموکراتخوازه‌کان‌و ئاشت بووه‌وه له‌گه‌ڵ سکیۆلاریزمی تورکی، که له‌لایه‌ن چینێکی سه‌رمایه‌داری بچووکی له بنه‌ڕه‌ت ئه‌نادۆڵی پشتگیری ده‌کران‌و دواتر توانیان بخزێنه نێوه‌نده‌کانی ده‌وڵه‌ت، پاشان چینێکی دیکه‌ی بیرمه‌ندانی ناو هه‌ردوو ئاڕاسته‌ی راسترِۆو چه‌پڕۆی توندڕۆ په‌یوه‌ندیان پێوه‌کردن‌و چوونه ناو ئه‌و ره‌وته ئیسلامیه پراگماتیك‌و سکیۆلاریزه‌کراوه[34]. له ناوه‌ڕاستی نه‌وه‌ده‌کان جارێکیدیکه بزاڤی ئیسلامی به‌ڕابه‌رایه‌تی پارتی ره‌فا هاته‌وه گۆڕه‌پانه‌که‌و توانی له هه‌ڵبژاردنه‌کانی 1996 سه‌رکه‌وتن به‌ده‌ست بێنیّ‌و ده‌سه‌ڵات وه‌ربگرێت، به‌ڵام دواتر به‌هۆی زیندووکردنه‌وه‌ی په‌یوه‌ندی تورکیا به‌وڵاتانی عه‌ره‌بی‌و ئیسلامی‌و هه‌وڵه‌کانی بۆ پێکهێنانی بازاڕی ئیسلامی‌و هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی هاوپه‌یمانێتی له‌گه‌ڵ ئیسرائیل له 1997 سوپا ئه‌ربه‌کانی ناچارکرا ده‌ست له‌کاربکێشته‌وه، له‌گه‌ڵ خۆیشیدا 160 ئه‌فسه‌ری به تۆمه‌تی ئاینداری له ریزه‌کانی سوپا ده‌رکرا[35].

سه‌رکه‌وتنی پارتی ره‌فا له هه‌ڵبژاردنه‌کانی 1996 له‌سه‌ر بنه‌مای دیموکراسی‌و به‌ده‌ستهێنانی زۆرینه‌ی ده‌نگه‌کانی شاره‌کانی ئه‌نکه‌ره‌و ئه‌سته‌نبۆڵ بوو، به‌ڵام له‌گه‌ڵ خۆیدا له‌سه‌ر هه‌ردوو ئاستی حکومه‌ت‌و ئاستی بژارده، بازاڕو شه‌قامدا سکیۆلاره‌کانی به‌ئاگا هێنایه‌وه، به‌جۆرێك وه‌کو په‌رچه‌کردارو به‌ره‌نگاری ئیسلامیه‌کان وێنه‌ی ئه‌تاتورکیان له‌چه‌ندین شوێنی گشتی هه‌ڵواسی. له‌پاڵ ئه‌مه‌شدا چه‌ندین یانه، سه‌ندیکاو رێکخراوی کۆمه‌ڵگه‌ی مه‌ده‌نی تایبه‌ت به نووسه‌رانی نوێخوازو ئافره‌تانی نوێخوازی سه‌ر به نه‌زعه‌ی سکیۆلار په‌یدا بوون، هه‌موو ئه‌مانه‌ش پاڵیان به سوپاوه نا بۆ ئه‌وه‌ی کوده‌تایه‌کی دیکه به‌سه‌ر ئه‌ربه‌کاندا بکات. دواتر له‌سه‌رده‌می

(33) Ibid ، pp 384-49.
(34) Ibid ، pp.352-53.
(35) Ibid ، p.354.

ئەردۆگاندا کاتێك سەرۆکی  شارەوانی ئەستەنبۆڵ بـوو، خزمـەتێکی زۆری بـە پێکهێنـانی (پـارتی فەزیلـە) کـرد، لـە ساڵی 1998، بەڵام لە 2001 جارێکی دیکە فەزیلە بە بڕیاری دادگا داخرایەوە [36].

## بەشی چوارەم

## ئاساییکردنەوەی پەیوەندی نێوان سکیۆلاریزم و ئیسلام، پارتی دادوگەشەپێدان (ئاك پارتی)

### سروشتی پارت، باردۆخ و هەلومەرجەکانی دروست بوون:

لە راستییدا ئـەزموونی تورکیـای نـوێ جێگـەی لێکۆڵینـەوەو تێڕامانـە، بەتایبـەت لـە کوردسـتان، کـە گـەلو حکومەتەکـەی خوازیـاری پەیوەندییـەکی باشـن لەگـەڵ ئـەم وڵاتـە، بەتایبـەتریش بـژاردەی کـوردی لـەم قۆناغـەدا پێویستە توێژینەوەی چڕوپڕ بکات لەسـەر ئـەزموونی (ئـاك پـارتی) لەئاشـت بوونـەوەی نێـوان ئیسلام و مۆدێرنـە،

(36) Alev Cinar ، Modernity ، Islam ، and secularism in Turkey ، Minnepolis. Uin. Of Minnesota press ، 2005. ،pp.19-20.

کاتێك دێ خودی ئەزموونەکەی خۆی بۆ سیستەمو رژێمەکانی فەرمانڕەوای وڵاتانی هەرێمایەتی دەکاتە نموونەیەکی نوێی فەرمانڕەوایەتیکردن. زۆرێك لە نووسەران سەرکەوتنی ئاك پارتی لە هەڵبژاردنەکانی 2002 بە شۆڕشێکی بێدەنگو هەژانێکی گەورەی سیاسی ناو دەبەن، دەسەڵاتی ئاك پارتی، کە هەندێك بە فەرمانڕەوایەتی ئیسلامیە نوێیەکان ناوزدەی دەکەنو بەدیاردەیەکی تازەی ژیانی سیاسی تورکیای دادەنێن لەگەڵ خۆیدا چاوەڕوانیو ئومێدێکی زۆری هەڵگرتووەو زۆرێکیش لەناونیشاندا حکومەتی هەرێمی کوردستان پێوستی بە تێگەیشتنی سروشتی ئیسلامی سیاسی لە تورکیا، ئامادەگی ئیسلام لە ژیانی تایبەتیو گشتیدا، کاریگەریەکانی لەسەر سیاسەتی دەرەوەو بنەماو داهاتووی هەردوو ئاڕاستەی ئیسلامی سیاسیو سکیۆلارەکان لە تورکیاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە.

لەدوای دامەزراندییەوە ئاك پارتی بۆ یەکەمجار لەبەرامبەر 18 پارتی دیکە بەشداری هەڵبژاردنەکانی نۆڤەمبەری 2002 ی کرد، بەڵام جگە لە ئاك پارتیو پارتی گەلی کۆماری هیچ پارتێکی دیکە نە لە راستڕۆکان، نەچەپەکانو ئیسلامیەکانی دیکە بەهۆی بەدەست نەهێنانی رێژەی 10٪ ی دەنگەکان نەیانتوانی بگەنە پەرلەمان، لەکۆی 521 کورسی ئاك پارتی توانی 363 کورسی بەدەست هیناو 178 کورسی دیکەش بۆ پارتی گەلی کۆماری مایەوە، ئەمەش گەورەترین سەرکەوتن بوو بۆ ئاك پارتی کە توانی لە ماوەیەکی کورتدا بوونی خۆی لە واقیعدا بسەلمێنێ، ئەنجامەکەشی بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە:

**یەکەم:** رەتکردنەوەی زۆربەی سەرکردەو سیبمولە تەقلیدییەکانی بزاڤی سیاسی لەلایەن گەلانی تورکیاوە.

**دووەم:** تواناو لێهاتوویی ئاك پارتی لە بەڕێوەبردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی کارا، کە توانی باوەڕ بەدەنگدەران بێنێ.

سەرکەوتنی ئاك پارتی لە هەڵبژاردنەکان لەکاتێکدا بوو، وڵات رووبەڕووی قەیرانگەلێکی ئابووری لە رادەبەدەر ببۆوە، بە جۆرێك نرخی بەهای لیرەی تورکی تەواو لە بەرامبەر دۆلاری ئەمریکی دابەزی بوو، هەروەها رێژەی کورتهێنانی بودجەی ساڵی 2000 تەنیا دوو ملیار دۆلار بوو، کەچی لەساڵی 2001 رێژەکە بۆ 22 ملیار دۆلار بەرز بوویەوە، قەبارەی قەرزەکانی تورکیا لە ساڵی 2002 گەیشتە 203 ملیار دۆلار، کۆی گشتی گەشەی ئابووریش بۆ 5،4٪ دابەزی ئەمەش بەخراپترین داکشانەوەی ئابووری تورکیای هاوچەرخ دادەنرێ، دواجاریش رێژەی بێکاری گەیشتە 10٪و رێژەی هەڵاوسان گەیشتە 35٪. لەلای خۆیانەوە زۆرێك بۆچوونیان وایە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی 2002 کە بەسەرکەوتنی ئاك پارتی کۆتایی پێهات کودەتایەکی سپی بوو بەسەر سکیۆلاریزمی توندڕۆ نەك خودی سکیۆلاریزم. دەشێ بگوترێ ئەنجامی هەڵبژاردنەکان شۆڕشێکی چاکسازی بوو بەسەر سیستەمی وڵات، کە هەمیشە پێداگری لە بوونی خۆی دەکردوو بەرامبەرەکەی رەتدەکردەوە، بەدیوێکی دیکەدا سەرکەوتنەکەی ئاك پارتی دانپێنان بوو بەشکستی رەوتی ئیسلامی تەقلیدی لەسەرکەوتنی بەسەر سکیۆلاریزم.

هەروها سەرکەوتنی ئاك پارتی بۆ رزگارکردنی وڵات بوو لە ئاژاوەو لاوازی رەفتارو رەوشتی هێزە سیاسیەکانو هەست نەکردنیان بە بەرپرسیارێتی.

نووسەری تورك (فروح دیمیرمان) ئاماژەی بەوە کردووە، کە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بەلایەنی کەم بریتی بوو لە شۆڕشێکی بێدەنگ لەلایەن دەنگدەرانەوە، کە کەوتبوونە ژێر باری قورسی ژیانی ئابووری، لەلای خۆشیەوە نووسەر (یۆکسال سویڵماز) سەرکەوتنە گەورەکەی ئاك پارتی بۆ خودی کەسایەتی ئەردۆگان[37]. دەگەڕێنێتەوە، کە هەرچەندە پێشتر ئەزموونی لەسەرۆکایەتیکردنی وڵات نەبوو، بەڵام بەهۆی چالاکیە بەردەوامەکانیو توانای لێهاتوویی سەرکردایەتیکردن توانی سەرنجی دەنگدەران بەلای خۆیدا ڕابکێشێ. سەبارەت بە ڕۆڵی ریشەیی ئیسلامیانەی ئاك پارتی سویڵماز دەڵێ:"ناوبانگی ئاك پارتی کە خاوەنی ریشەو ژێرخانێکی ئیسلامیە، وێنایەکی جیاوازی لەلای گەل دروست کرد، ئەمەش بووە هۆکارێکی دیکە لە سەرکەوتنی پارتی ناوبراو لە هەڵبژاردنەکاندا". لە راستیدا ئایدۆلۆژیای ئاك پارتی بریتیە لە دیموکراسی موحافەزەکارو لەسەر بنەمای بیرۆکەی گونجان، هاوسێیەتیو خۆبەدوورگرتن لە هەر جۆرە ململانێو دووبەرەکییەك دامەزراوە، هەروەها هیچ کاتێکیش ئاین وەکو میکانیزم بۆ ململانێ کۆمەڵایەتیو سیاسییەکان بەکارناهێنێ. ئەوەی میانڕەوی بزاڤی ئیسلامی تورکی کە ئەردۆگانو گوڵو کەسانێکی دیکە نوێنەرایەتی دەکەن، جۆرە گونجانو تێگەیشتنێکی دیکەی پشت بەستوور بە بیرۆکەی چارەسەری مامناوەندییانەی مێژوویی پێشکەش دەکەن، کە تەواو رێز لە بیروباوەڕو ئایدۆلۆژیای ئیسلامیەکانیدیکە دەگرێتو مافی رادەربڕینی ئازادانەشیان پێدەدا، لەگەڵ ئەمەشدا پشت بە سکیۆلاریزمێك دەبەستێ، کە بنەماکانی دیموکراسیو فرەیی لەناویشیاندا داننان بەفرەیی رۆشنبیریو کلتووری کوردی قەبووڵ بێت. ئاك پارتی هەمیشە خۆی وەکو رەوتو نوێنەری سەرەکی چینو توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی تورکی دەزانێ، رۆڵی ئەم پارتە تەنیا ئیسلامیەکان ناگرێتەوە، بەڵکو تەواوی چینو توێژەکانی ئافرەتان، گەنجان، چەپەکانو سکیۆلارەکان دەگرێتەوە. بەگشتی ئاك پارتی گوزارشت لە تێپەڕاندنی شێوازی مامەڵەی رەوتە تەقلیدیەکانی ژیانی سیاسی تورکیا بە تەواوی هێزە ئیسلامی، نەتەوەییو سکیۆلارە ئەتاتورکییەکانەوە دەکات.

ئاك پارتی هاتووە کۆماری سێیەمی تورکیای دادەمەزراندووە، کە کۆڵەگەکانی لەسەر بیرۆکەی تێپەڕاندنی ڕاکێشانو هەوڵدان بۆ بونیادنانی رەوتێکی نوێی هەمەلایەن، کە گوزارشت لە هەموو چینو توێژەکانی نەوەی نوێی

---

(37) ئەردۆگان لە 26ی شوباتی 1954 لە ئەستەنبوڵو لەبنەماڵەیەکی بەرەگەز جۆرجی لەدایك بووە، تەمەنی منداڵی لە ریزە لەسەر دەریای رەش بەسەر بردووە، دواتریش لە تەمەنی 13 ساڵی جارێکی دیکە گەڕایەوە ئەستەنبوڵ. ئەردۆگان لە خێزانێکی هەژار پەروەردە بووە، لەمبارەیەوە لە دیبەیتێکی تەلەفزیۆنی لەگەڵ دەزنیز بایکاڵی سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری دەڵێ:"لە هەردوو قۆناغی سەرەتاییو ئامادەیی هیچ ئەگەرێکی دیکە جگە لە فرۆشتنی شووتیو ئاوی سارد لە بەردەستمدا نەبوو، بۆ ئەوەی یارمەتی باوکم بدەمو بەشێك لە خەرجی خوێندم دابین بکەم، لەراستیدا باوکم کەسێکی هەژار بوو". ئەردۆگان خوێندنی لە قوتابخانەکانی پێش نوێژیو وتارخوێنی تەواو کردووە، دواتر گەڕاوەتەوە بۆ کۆلێژی ئابووریو کار لە زانکۆی مەرمەرە.

http://www.alarab.co.uk/Previouspages/Alarab%20Weekly/2007/07/07-21/w07.pdf

ناو گۆڕەپانی هەمەچەشنەی سیاسی تورکیا دەکات ڕاگیردەکات. وەکو زانراویشە ئـاك پـارتی لـەناو منداڵدانی پـارتی فەزیلە لەدایك بووە، دوای ئەوەی لەساڵی 2000 ئەردۆگانو باڵی لیبراڵی ناو فەزیلە لە ئەربەکان جیابوونەوە.

ئەم باڵە نوێیـە پێڕۆکردنـی لیبراڵیـەتی ئـابووریو سیاسـی بۆخـۆی هەڵبـژارد، هـەروەها تـەواو گرنگیـدا بـە بنــەماکانی پەرەپێــدان، دادپــەروەری کۆمەڵایــەتیو پیــادەکردنی ڕێبــازی خۆبــەدوورگرتن لــە بەرەنگاربوونــەوەی سـکیۆلاریزمی تـورکیو هەوڵـدان بـۆ خۆگونجانـدن لەگەڵیـدا. بـەڵام ئـەوەی لـە واقیعـدا بـوونی هـەبوو، سـەرەڕای پێداگری ئاك پارتی لەسەر ئەوەی کە هەڵگری ناسنامەی ئیسلامی نیە، بەڵام زۆربەی کـادیرە باڵاکـانی ئەوانـەن کـە پێشتر لەسەردەمی حکومەتەکەی ئەربەکانو شارەوانی ئەستەنبۆڵ لەسەردەمی ئەردۆگاندا لەدامو دەزگاکـان کاریـان کردووە، ڕۆژنامەی یەنی شەفەق، کە بەر لەدروستبوونی ئاك پارتی وەکو سەکۆی نافـەرمی ئـەو گروپـە ناسـرا بـوو، بەهــەمان شـێوە تـا ئێسـتاش سـەکۆی نافـەرمی ئـاك پارتیـە، راوێـژکارەکانی ئێسـتای ئـەردۆگانیش هـەمان ئـەو ڕاوێژکارانەن، کە لەسەردەمی سەرۆکایەتی شارەوانی کردبوونی بەراوێژکاری خۆی[38].

## جیاوازی لە نێوان ئاك پارتیو رەفا: ململانێی ئەردۆگانو ئەربەکان

بە گوتەی هەردوو نووسەری کتێبی (رەجـەب تـەیب ئـەردۆگان: چیرۆکی سـەرکردەیەك) حەسـەن بەسـلیو عومەر ئۆزبای چیرۆکی پێکهێنانی ئاك پارتی لەلایەن ئەردۆگان، گوڵو ئـارنیچ نـە پـیلانو نەجیابوونـەوە بـووە لـە ئەربەکان. هەروەها هیچ پاڵنـەرێکی دەرەکـی لـە پشـتەوە نـەبووە، بـەڵکو دەرەنجامی ململانـێ دوورودرێـژی نێـوان گـەنجانی نوێخـوازو بـەرگریکارانی تەقلیـدی نـاو حـزبو لایـەنگرانی ئەربـەکان بـووە لەسـەر مەنهەجیـەتی کـارو جیــاوازی راوبۆچــوونو دنیــابینی هــەردوولا ســەبارەت بــە تورکیــاو جیهــان. وەکــو دیــارە تــەوەری ســەرەکی جیاوازیەکانیش پەیوەندی بەڕۆڵی ئایدۆلۆژیای ئایینیەوە هەبووە لەکاری سیاسیو پارتایەتیدا، دواتـر جیاوازیـەکان تەواو دەرکەوتن کاتێك لە ئایاری 2000 لە هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی کۆنگرەی فەزیلـە بـاڵی تەقلیـدی نـاو حـزب تــوانی 620 ئەنــدام بەرامبــەر 570 ئەنــدام بــۆ بــاڵی گــەنجانی نوێخــواز بەدەســت بێنــێ، بــەم پێیــەو بــەهۆی ڕێگەپێنەدانی ئەربەکان لەبەشداری کاری سیاسی لەلایـەن دەوڵەتـەوە رەجائی تۆقـان وەکـو سـەرۆکی نـوێی فەزیلـە

(38) Cinar ،.pp.21-22.

**هەڵبژێردرا، دوای ماوەیەکی کەم بەهۆی ئەوەی دادگای دەستووری بڕیاری قەدەغەکردنی فەزیلەی دەرکرد، هەلێکی لەبار بۆ نوێخوازانی ناو حزب هاتە پێش پارتێکی نوێ بەناوی (دادو گەشەپێدان) دابمەزرێنن[39].**

**هەردوو نووسەر (بەسلی)و (ئۆزبای) لەسەر زاری (بەشیر ئاتالآ)ی وەزیری ئێستای ناوخۆو یەکێك لە دامەزرێنەرانی ئاك پارتی باس لەوە دەکەن، کە ئەوکات ئاڵتای گوتوویەتی "....هەر پارتێك لە بازنەی بەرتەسکدا کاربکاتو لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژی دابمەزرێ هەلی گەیشتن بەدەسەلآتی نابێت.... بۆیە پێویست بە دامەزراندنو بونیادنانی سیاسەتێکە تێگەیشتنی تەنیا لە چوارچێوەو سنووری نیشتماندا نەبێ، بەڵکو توانای خوێندنەوەی هەموو جیهانی هەبێت، بەجۆرێك بونیادی ئەم سیاسەتە بتوانێ گەلو حکومەتی تورکیا بەتەواوی دینابینیکەیەوە پێکەوە لەباوەش بگرێ[40]. وەکو دیارە ئەو چینەی کە بۆچوونی وایە ئەربەکان سەرکردەی دوێنێ بوو، ئەردۆگانیش سەرکردەی ئەمڕۆیە گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی مانەوەی فەزیلە بەم شێوە تەقلیدیە هیچ گرنگیەکی نابێت. هەروەها ئەردۆگان چەند جارێك دووپاتی کردۆتەوە پارتە نوێیەکەی ناتوانێ ببێتە ئەلتەرناتیڤی پارتە تەقلیدیە ئاینیو سکیۆلاریزمیەکان، ئەگەر ئەو پارتە پارتی بژاردەو دەست بەسەرداگیراوی گروپێکو پەراوێزخستنی ئەوانی دیکە بێ. هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە، کە پارتەکەی توانیویەتی گەرەنتی پشتگیری پیاوانی کاری تورك (ئۆسیاد)و چینی کرێکارانو جووتیارانی ناو پارت بەدەست بێنێ، لەسەرێکی دیکەوە سەرەڕای نەیاریکردن، بەلآم ئەردۆگانو گوڵ گرنگیان بەچینی ئافرەتان داوە، بۆ ئەوەی رۆڵی دەستەی سەرکردایەتیو دامەزراوەی پارت وەربگرن.**

**لەلای خۆیەوە (بولێنت ئارنیج) کەسی سێیەمی دەستەی دامەزرێنەرانی ئاك پارتی باس لەوە دەکات، درز تێکەوتنو شکانی پەیوەندیەکانی نێوان نوێخوازانو ئەربەکان بۆ ئەو گفتوگۆیەی نێوان ئەوو ئەربەکان دەگەڕێتەوە، کاتێك بە ئەربەکانی گوتووە "لە راستیدا پێگەی تۆ گەورەیە، بۆیە لە دەروازەی هۆشیاریتو بەو هەموو پرسو ئەزموونەی تۆ ئاڕاستەی خۆتمان بۆ دیاری بکەو رێبەریشمان بکە، واز لە سیاسەت بێنە، هەتا خۆمان بتوانین بچینە ژێر ئەزموونو تاقیکردنەوەیەکی تازە". بەلآم ئەربەکان وەلآمی ئارنیج دەداتەوەو پێی دەڵێ:"لەسیستەمو پرۆگرامی ئێوە قسەیەکی لەم شێوەیە بوونی نیە"[41].**

**دواجار هەرچۆنێك بێ ئەربەکان بەسیمبولی ئیسلامی سیاسی لە تورکیاو مامۆستاو رێبەری ئەردۆگانو گوڵ دادەنرێ، بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا بە بۆچوونی ئەربەکان ئەردۆگان و پارتەکەی "دوو ئامرازن بەدەستی پیلانی زایۆنیزم" بە جۆرێك گەیشتنی ئەو پارتە بۆ دەسەلآت لە هەڵبژاردنەکانی 2002 بەهاوکاریو یارمەتی زایۆنیزمی جیهانیەوە بووە. بەر لە مردنیشی بە ماوەیەکی کەمو لە دیمانەیەکی رۆژنامەوانیدا، کە رۆژنامەی تودەی زەمانی**

---

(39) حسن بسلي و عمر أوزباي ترجمة وتقديم: د. طارق عبد الجليل الناشر: الدار العربية للعلوم ناشرون 2011، ص302-303.

(40) هەمان سەرچاوە، ص 305.

(41) هەمان سەرچاوە، ص 16- 318.

نزيك له ئاك پارتی له ساڵی 2011 لەگەڵی سازکردبوو، بەڵێنیدا هەموو کارێك بکات بۆ کردنەوەی گرێی زایۆنیزم، کـە ملـی تورکیـای پـێ تونـدکراوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش بـاوەڕ بـەهاوڵاتیانی تـورك دێنـێ، لـە هەڵبژاردنـەکانی حوزەیرانی 2011 لەبەرژەوەندی پارتی سەعادەت دەنگ بدەن.

هەندێك بۆچوونیان وایە هۆکاری ئەو جیابوونەوەیان، کە لەمیانی کۆنگرەی چوارەم له هاوینی 2010 کە لە ناو پارتی سەعادە روویدا بۆ توڕەییەکانی ئەربەکان لەبەرامبەر ئەردۆگانو گوڵ دەگەڕێتەوە، هەنـدێکی دیکـەش باوەڕیان وایە کێشە ناوخۆییەکانی سەعادەت کە بەهاتنە دەرەوەی (نوعمـان کورتلمـوش) کۆتـایی پێهـات بـۆ ئـەوەی پـارتێکی تایبـەت بـەخۆی دابمـەزرێنێ هۆکارەکـەی بـۆ شـێوازی مامەڵـەی ئەربـەکانو کوڕەکـانی دەگەڕێتـەوە لـەناو پارتەکەدا، بەڵام هەر لەناو سەرکردایەتی سەعادە هەندێکیتر ئارەزوویان دەکرد لەگەڵ ئاك پارتی ئاشت ببنەوە، کـە پێشتر ئەربەکان له 2000 رێگەی پێنەدا بوون.

لەڕاستیدا ئیسلامیەکانی تورکیا بۆ ئەوەی بگەنە ئەزموونی "ئەردۆگان- گوڵ- ئۆغلۆ" پێویستیان بە دەسـاڵ هەبوو، لەم دەساڵەشدا توانرا جارێکی دیکە چاوپێخشاندنەوە بە راستکردنەوەو نوێکردنەوەی ئەزموونە لەسەریەك کەڵەکەبووەکانو سوود وەرگرتن لە خاڵی شکستو مشتومڕی قووڵی پرسـی بـژاردە سیاسـیو فیکریـەکان بکرێتـەوە، ئەمەش وایکردووە ئاك پارتی جیاواز بێت لە رەفا.

دوای هەڵوەشـاندنەوەی رەفـا، فەزیلـە شـوێنی گرتـەوە، دواتـر فەزیلـەش دابـەش بـوو سـەعادەت وەکـو بـاڵی موحافـەزەکار، بـە ئەمـەکی بـیرو بۆچـوونەکانی ئەربـەکان مایـەوە، بـەڵام بـاڵی پراگماتیـك بـاڵی دادو گەشـەپێدان بەسـەرۆکایەتی ئـەردۆگان رێڕەوێکـی نـوێی گرتەبـەرو تـوانی سـوود لـەو ئەزموونانـە وەربگـرێ، کـە لـەکاتی سـەرۆکایەتیکردنی شـارەوانی ئەسـتەنبۆڵ بەدەسـتیهێنابوو، بەتایبـەت پێشکەشـکردنی خزمەتگوزاریـەکانو دوورکەوتنەوە لە گەندەڵی بەمـەش تـوانی خـەڵك بـۆلای خـۆی رابکێشـێ. لێرەدا تێبینـی هەنـدێك خـاڵی جیـاوازی نێوان هەردوو پارتەکە دەکرێ کە ئەمانەی خوارەوەن:

**یەکەم:** پێناسەی ئیسلامی نزیکترە لە ئەربەکانو پێناسەی نیشتمانیش لە ئـەردۆگان، بـەجۆرێك ئەربـەکان گومـانی شووناسـی ئـایینی، دەوروبـەری جیهـانی ئیسـلامیو هۆشـیاریەکەی لـەبارەی پرسـی گێڕانـەوەی خەلافـەتی ئیسـلامی لەسەرە، بەڵام ئەردۆگان وەکو کەسێك ناسراوە کە باوەڕی بە تورکیا هەیە وەکو وڵاتێکی رەهاو خـاوەنی سـەروەریو هەڵوێسـتی تایبـەت بـەخۆی. ئاسـانە ئەگـەر بگـوترێ ئەربـەکان نوێنـەری ئیسـلامیەکان دەکـات پارتەکەیشـی بەشـێوەیەکی بنـەڕەتی رێبـەری ئـەم نوێنەرایـەتی کردنەیـە، بـەڵام ئـەردۆگان نوێنەرایـەتی زۆرینـەی تورکـەکانو فرەییو هەمە چەشنەی ئەزموونە جۆراوجۆرەکان دەکات.

**دووەم:** لـە رووی نزیکـی لـە لـۆژیکی سیاسـیو بـەڕێوەبردنی کاروبـاری گشـتی ئـەرۆگان وەکـو کەسـێکی پـراگماتیـك دەردەکـەوێ، بـەڵام ئەربـەکان وەکـو کەسـێکی مەبـدەئی. لەوکاتـەی ئەربـەکان بـەرەو پیتـەوکردنی ئاڕاسـتەی ئیسلامیانەی تورکیا هەنگاو دەنێ بۆ ئـەوەی گوزارشـت لـە ئـیرادەو خواسـتی دەنگـدەران بکـات، بـەڵام ئـەردۆگان دێ

دووپات لەسەر گرنگی ئەموونەکەی دەکاتەوە، کە ببێتە نموونەیەکی دیموکراسی، بۆ ئەم مەبەستەش توانی تورکیا لە دەوڵەتێکی سکیۆلاریزمی دژ بەئاین بکاتە دەوڵەتێکی بێلایەن لەبەرامبەر ئاین، جگە لەمەش ئەردۆگان نەیشاردۆتەوە کاتێك دەڵێ: سکیۆلاریزم مەرجە بۆ پاراستنی دیموکراسیو گەرەنتی ئازادی ئاینی.

**سێیەم:** بە باوەڕی ئەربەکان دەبێت نیشتمانو ئیسلام لە پلەی پێشەوەدا بن، بگرە ئەگەر ئەم دووانەییە لەگەڵ جیهانو هێزە جێبەجێکارەکانیش بەریەك بکەون، بەڵام ئەردۆگان باوەڕی وایە کەدەبێت نیشمانو ئیسلام لەگەڵ جیهان، ژیانو رۆحی سەردەم، لۆژیکی پەیوەندیەکانی دەرەوەو هاوسەنگی هێزە ناوخۆییەکان ئاشت ببنەوە.

ئەربەکان خواستی بوو تورکیا بەتەواوەتی لە رۆژئاوا جیاببێتەوەو پشت بەخۆی ببەستێ، بەڵام ئەردۆگان باوەڕی وایە پەیوەندیەکی پتەو لەگەڵ جیهان رێگای پێشکەوتنی ئابووریت پێ ئاشنا دەکات. هەروەها گرتنەبەری رێگای بە ئەندام بوون لەیەکێتی ئەوروپا بووەتە هۆکارێك بۆ ئەوەی ئاك پارتی زۆر چاکسازی سیاسی، ئابووریو هزری ئەنجام بدات.

**چوارەم:** ئەردۆگان گەیشتنی بەم ئەزموونە دەوڵەمەندەی ئێستاکەی، ریشەکەی بۆ ئەزموونی دووردرێژی ئەربەکانو رەفا دەگەڕێتەوە، بەڵام بەجیاواز لەگەڵ ئەربەکان و ئاراستەی گشتی رەفا ئەردۆگان پێداگری لە تورکیایی بوونی خۆییو واقیعیەتی بەرژەوەندی چینو توێژەکانی کۆمەڵگە، گرنگترینیشیان بزنسمانانو خاوەنی دەزگا گەورەکانی ناوچەی ئەنادۆڵ دەکاتەوە، ئەمەش ئەزموونێکە وەکو (وەلی نەسر)ی توێژەر باسی لێوە دەکات زیاتر لە چەمکی بۆرژوای ئیسلامی نزیکە[42].

وەکو زانراویشە پارتی سەعادە بەسەرۆکایەتی سەرۆکی پێشووی رەجائی کۆتان لە هەڵبژاردنەکانی 2002 رێژەی 49،2٪ ی دەنگەکانی بەدەستهێنا، بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی 2007 رێژەی 34،2٪ دەنگەکانی بەدەست هێنا، لە بەرامبەریشدا ئاك پارتی لە هەڵبژاردنەکانی یەکەم رێژەی 2،34٪ ی دەنگەکانو لە دووهەمیش 8،46٪ دەنگەکانی بەدەست هێنا، ئەم ئەنجامانەش بەڵگەن لەسەر ئەوەی زۆرینەی تورکیا پشتگیری لە ئاك پارتی کردووە.

لەو کاتەی پارتی سەعادە ئیش لەسەر زەمینەی کاری ئیسلامی دەکاتو کێبڕکێی کۆمەڵەو هێزە ئیسلامیەکانی دیکە دەکات، بەڵام ئاك پارتی ئیش لەسەر هەموو گەلی تورکیا بەتەواوی پێکهاتەکانی دەکاتو توانای کۆکردنەوەو دەوردانی هەموو کۆمەڵەو هێزە ئیسلامیەکانیشی هەیە لەژێر سێبەری خۆیدا. لێرەدا نهێنی ئەو جیاوازیە توندەی نێوان کۆمەڵەی ئەسعەد جۆشانی نەقشبەندیو کۆمەڵەی ئەربەکان ئاشکرا دەبێت، کە هەریەکێکیان خۆی بەخاوەن دەزانێو ئەوی دیکەی وەکو بەشێك لە خۆی دادەنێ.

ئەگەر پابەند بوون بە بنەماکانی پارتو رێزگرتنی سەرۆك لەهەر پارتێکی سیاسیدا ئاسایی بێ، بەڵام لە ناو پارتی سەعادە گوێڕایەڵی کردنی سەرۆك پێوست بووە. لە راستیدا ئەربەکان هەمیشە وەکو سەرۆکی کۆمەڵەو

(42) برهومة نصر. "صعود قوى الثروة في العالم الإسلامي، نهضة الطبقة الوسطى الجديدة: " ترجمة: هاني تابري، الناشر: دار الكتاب العربي – بيروت – الطبعة الأولى – 2011 ديسمبر 9، 2011، www.filmirsad.com/.../الإخوان أقرب إلى ربكان منه.

تاكه مەرجەع دانراوەو پێویست بووە گوێڕایەڵی بکرێت، بەجۆرێك ئەربەكان خودی خۆی له كۆنگرەكانی پارتەكەیدا میكانیزمەكانی دیموكراسی دەستنیشان دەكرد بۆ هەڵبژاردنی كەسەكانو دانانی نەخشەی ئەو پانتاییەی كە قۆتانو كورتلموشو كەسانی دیكە جووڵەیان تێدا دەكرد.

دواتــر ئاوێتــەبوونو تێکــەڵاوی پرســەکانی ئــاینیو سیاســی لــەناو ســەعادە، پــاڵی بــە كۆمەڵــەی فــەتحوڵلا گولەنەوەنا، لەسەر حیسابی سەعادە پشتگیری لە ئاك پارتی بكات، وەرگرتنــی پۆسـتە باڵاكـانی نــاو سـەعادە لەلایـەن كـوڕو كچی ئەربـەكانو بەشـداریكردنیان لـە چالاكیەكان بەشـێوەیەكی بـەردەوام هۆكـاری دیكـە بـوون، بـۆ پتـەوی دەسەڵاتی ئەربەكان لەناو پارتەكەیدا، ئەمەش بەلای هەندێك لەچاودێرانی سیاسی خوێندنـەوەی جۆراوجـۆری بـۆ دەكرێ، هەندێك پێیان وایە سەعادە بووەتە دامەزراوەیەكی بنەماڵەیی، هەندێكی دیكە بۆچوونیان وایـە ئەربـەكانی كـوڕ تــەواو ئامــادەكراوە، بــۆ ئــەوەی شــوێنی ئەربــەكانی بــاوك بگرێتــەوە، بــەڵام دواتــر ڕێگــە بــە كورتلموشــدرا سەرۆكایەتی سەعادە بكات، بۆ ئـەوەی بەتـەواوەتی ئەربـەكانی كوڕ بـەلاوە بنـێ، دوای ئـەوەی لـە هەڵبژاردنـەكانی ناوخۆیی حیزبدا بەرامبەر بە ئەردۆگان شكستیهێنا.

بە پێچەوانەی سەعادە ئاك پـارتی لەسـەر عەقڵیـەتی بەشـداریكردنی هـەمووانو بـەدەر لـە دەسـەڵاتی تاكـە كەسی بوونیادی هزری سیاسی خـۆی كـردووە، بـەجۆرێك هەریـەكێك لـەناو ئـاك پارتیـدا بـەگوێرەی هـەڵو مـەرجو بـارودۆخو لێهـاتوویی خـۆی ڕۆڵ وەردەگرێـت، بەگشـتیش لـەناو ئـاك پارتیـدا بەرژەوەنـدی گشـتی زاڵـە بەسـەر بەرژەوەندی تاكەكەسی.

بەم شێوەیە لەناو ئاك پارتیدا سیستمی پلەبەنـدیو قۆناغبەنـدی پێڕۆدەكـرێ، بـەجۆرێك كاتێـك ڕێگـە بـە ئەردۆگان نادرێ پیادەی كاری سیاسی خۆی بكات گوڵ پۆستی سەرۆك وەزیران وەردەگرێ، پاشان لە قۆناغی دووەمو لەسەردەمی سەرۆكایەتی ئەردۆگاندا، گوڵ دەبێتە وەزیری دەرەوەو دواتـریش لـە قۆنـاخی سـێیەمو كۆتـایی دەبێتـە سەرۆك كۆمار. بەهەمان شێوە كاتێك ئەردۆگان پۆستی سـەرۆك وەزیـران وەردەگـرێ بڵنـدترین پۆسـت كـە پۆسـتی سەرۆك كۆمارە بۆ گوڵی هاوڕێی بەجێدێڵێت، لەهەمانكاتدا بۆ ماوەیەكی دوورو درێژیش پۆستی سـەرۆك پەرلـەمان بەكەسی سێیەمی ناو ئاك پارتی بوڵنت ئارنیچ دەدرێ.

هەمیشـەو بـەردەوام لایـەنگرانی ئەربـەكان ڕەخنـەی تونـد ئاڕاسـتەی ئـاك پـارتی دەكـەنو بـە پـرۆژەی ئەمریكیو كاركردن بۆ پرۆژەی بەرژەوەندیەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە ناوی دەبەن، هەروەها تۆمەتی ئـەوە دەدەنە پاڵ ئاك پارتی كەپشتی لـە جیهـانی ئیسـلامی كـردووەو ڕووی لـە ڕۆژئاوایـەو گرنگـی بـە پرسـی موسـڵمانان لەسەر ئاستی ناوخۆو جیهانی ئیسلامی نادات، كەچی پێداگری لەوەدەكەن پارتی سەعادە بەسـەرۆكایەتی ئەربـەكان كاردەكات بۆ دامەزراندنی سەرلەنوێی توركیای گەورەو تێكەڵاوبوونو كامڵ بوونی بـەجیهانی ئیسلامیو گرنگیـدان بە پرسەكانی ئوممەی ئیسلامی.

زیاتریش لەو جۆرە رەخنانەی لایەنگرانی ئەربەکان، رەخنەکانی خودی ئەربەکان زۆرێك لە خاوەن ویژدانەکانی ناو سەعادەی نیگەران کرد، کاتێك ئەربەکان لەمیانی گردبوونەوەیەکی جەماوەریدا لە ئەستەنبوڵو لەسەرووبەندی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن ڕایگەیاند سەعادەو لایەنگرانی نەوەی راستەقینەی عوسمانیەکانن، بەڵام لایەنگرانی ئاك پارتیو خودی پارتەکە کە لەگۆڕەپانێکی دیکەی ناو ئەستەنبوڵ گرد ببوونەوە بەنەوەی بێزەنتینیەکان ناوی بردن.

لەگەڵ بوونی هەموو ئەو رەخنەو تۆمەتانەی لایەنگرانی ئەربەکانو سەرکردایەتی سەعادە کە ئاڕاستەی ئاك پارتی دەکەن، بەڵام بەلای زۆرینەی ئیسلامیەکانو کۆی گشتی گەلی تورکیا جێگەی باوەڕپێکردن نیە، چونکە تەواوی رەخنەو تۆمەتەکان پێچەوانەی هەڵوێستەکانی ئەردۆگانو حکومەتەکەیەتی سەبارەت بە پرسەکانی ناوچەکەو جیهانی ئیسلامی بەتایبەت پشتگیریکردنی کێشەی فەڵەستینو هەڵوێست وەرگرتن لەسەر هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر کەرتی غەزەو رێگەپێنەدانی پەرلەمانی تورکیا بەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ بەکارهێنانی خاکی تورکیا بۆ لێدانی عێراق لە ساڵی 2003، هەروەها پتەوکردنی پەیوەندیەکانی سیاسیو ئابووری نێوان تورکیاو وڵاتانی عەرەبیو کرانەوەی تورکیا بەرووی ئەفریقیا بەهەمان ئاڕاستەی هەوڵە بەردەوامەکان بۆ چوونە ناو یەکێتی ئەوروپا[43].

دیارە ئەربەکان سوودی لە ئەزموونی جیابوونەوەی باڵی نوێخوازانی ناو پارتەکەییو دامەزراندنی پارتێکی نوێ لەلایەن باڵە جیابوویەوەکە نەبینیوە، چونکە دوای جیابوونەوەی باڵی نوێخوازان بەهەمان عەقڵیەتی پێشوو ئیدارەی پارتی سەعادەی کردەوە، کاتێك ساڵی 2000 پارتی سەعادە دامەزرا ئەربەکان بەهۆی قەدەغەکردنی کاری سیاسی لەلایەن دادگای دەستووریەوە نەیتوانی ببێتە سەرۆکی فەرمی سەعادە، بۆیە ئەو کات رەجائی کۆتان دواتریش نوعمان کورتلموش بوونە سەرۆکی پارتەکە، پاشان لە کۆنگرەی ناوخۆیی ساڵی 2010 ی پارتی سەعادەدا جیاوازی کەوتە نێوان کورتلموش و لایەنگرانی ئەربەکان، لە ئەنجامدا لایەنگرانو کەسە نزیکەکانی ئەربەکان لە پۆستە باڵاکانی سەعادە دوور خرانەوە، بەڵام دواتر دادگای تورکیا ئەنجامی کۆنگرەکەی رەتکردەوەو وەسایەی بەسەر سەرکردایەتی پارتەکە سەپاند تاکاتی گرێدانی کۆنگرەیەك یدیکە بۆ هەڵبژاردنی دەستەیەکی نوێی سەرکردایەتی، ئەمەش بەلای کورتلموشەوە شکستی ئەوان بوو بەرامبەر ئەربەکان لە بەدەستهێنانی سەرکردایەتی سەعادە.

لە راستیدا عوسمانیەتی نوێ[44] ئایدۆلۆژیای ئاك پارتیەو بووەتە ئەلتەرناتیڤی ناسنامەی نەتەوەیی سکیۆلاریزمی کەمالیو رۆژئاوایی. (ئەلیف چێنەر) توێژەری تورك بڕگەیەکی لە گوتارێکی ئەردۆگان هەڵبژاردووە،

---

(43) إسماعیل باشا، الإسلامیون في الانتخابات المحلیة الترکیة بین أربکان وأردوغان، المعرفة، الجزیرة ـ الموافق 2009/3/23 www.aljazeera.net/.../7BD277BF-7476-4C8A-BC4

(44) پێویستە جیاوازی بکرێ لەنێوان (عوسمانیە نوێیەکان) کە هەندێك لە توێژەران بە ئایدۆلۆژیای پارتی دادو گەشەپێدانی دادەنێن، لەگەڵ (عوسمانیە نوێیەکان) وەکو بزاڤێکی هزری کە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆدەهەم پەیدابوو.

که له کۆتاییەکانی 1996 لەمیانی ڤیستیفاڵی گەنجانی تورکیا لە ئەستەنبوڵ پێشکەشی کردووەو دەڵێ:" ئێمە نەوەی گەلێکین کە رۆڵی پاكو گەورەیان بینیوە لە بونیادنانی شارستانێتی جیهانی سەردەمی عوسمانی، ئەمەش دەرئەنجانی گیانی داهێنانو سەربەخۆیی بووە، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە واز لە چاولێکەری خەڵکانی دیکە بێنینو بگەڕێینەوە سەر ریشەی باوكو باپیرانی گەورەمان بۆ بونیادنانی داهاتوومان، (محمد عاکیف ئۆرسۆ)ی خاوەنی شیعری سروودی نەتەوەیی تورکیا، ئەوکاتەی شیعرەکەی نووسیوە نە لەسەماکردنو نە سەرخۆش بووە بەڵکو دەروێشی خانەقا بووە"[45].

(سۆنار جاگابتا)ی نووسەری کتێبی (ئیسلامو سکیۆلاریزمو نیشتمان پەروەری لە تورکیای هاوچەرخدا: کامیان تورکین؟) بۆچوونی وایە ئەزموونی ئاك پارتی لە تورکیا ریشەکەی بۆ بزاڤی کۆمەڵەی برایانی موسڵمانی تورکی دەگەڕێتەوە، باس لەوەش دەکات ئاك پارتی لە دایك بووی پارتی رەفاهی ئیسلامیە، بە باوەڕی جاگابتای لەگەڵ ئەوەی ئیسلامی سیاسی تورکی توندوتیژ نیە، بەڵام بەهەمان شێوە خاوەنی (شەش تایبەتمەندیە پیسەکە)یە، کە ئەمانەن: بەهەموو شێوەیەك دژی رۆژئاوا، سامی، ئیسرائیل، ئەوروپا، دیموکراسیو سکیۆلاریزمە، ئەمانەش هەمان ئەو تایبەتمەندیانەن کە کۆمەڵەی برایانی موسڵمان پشتی پێبەستوون. جاگابتای روونی دەکاتەوە، دوای ئەوەی رەفا لەساڵی 1996 گەیشتە دەسەڵات هەوڵیدا هەموو ئەو تایبەتمەندیانە جێبەجێ بکات، بەڵام لەلایەن سکیۆلاریزمی لایەنگری رۆژئاواوە بەتەواوی دەزگاکانی راگەیاندن، پارتە سیاسیەکان، رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، رێکخراوەکانی کاری بازرگانیو دامەزراوەی سەربازییەوە بەرهەڵستی کرا. لەدیدی جاگابتای ئیسلامیەکان سوودێکی زۆریان لەم ئەزموونە وەرگرتووەو ئەمجارەیان بەناوی دیکەوە هاتوونەتەوە پێشو خۆیان لەشەش تەوەرەکەی کۆمەڵەی برایانی موسڵمانی تورکی بەدوور گرتووە، بەڵکو تەواو خۆیان لەگەڵ خواستەکانی جەماوەر گونجاندووە، لەم هەوڵەیشیان توانیویانە پشتگیریەکی زۆر بەدەست بێنن، هەر بۆیە دەبینی لەساڵی 2001 ئاك پارتی بەدەر لەپشت بەستن بەشەش تەوەرەکەی ئایدۆلۆژیای کۆمەڵەی برایانی موسڵمانی تورکی بەناوو رەنگێکی نوێ دێتە گۆڕەپانەکە[46].

---

(45)Modernity ، Islam ، and secularism in Turkey ، pp. (23-24)

(46) معهد واشنطن:"حزب العدالة والتنمية التركي يكشف جذوره كتنظيم إخواني" تقرير-تركيا-حزب/(آكانيوز). -www.ak news.net/ar/aknews/3/68575

## پارتی دادو گەشەپێدان‌و دیموکراسی رۆژئاوا

**ئەمیر تاهیری**[47]

ماوەی نزیکەی  هەشتا ساڵە تورکیا شانازی بەخۆی دەکات، کە یەکەم دەوڵەتی سکیۆلاریزمە لە جیهانی ئیسلامی، ئەمەش وایکردووە سکیۆلارە رادیکاڵەکان لەم ماوەیەدا داخی خۆیانی تێدا هەڵبڕێژن، کەچی ئێستا گوێمان لە ئەردۆگان دەبێ دەڵێ: تورکیا دەوڵەتێکی سکیۆلار نیە، بەڵکو دەڵێ:"سکیۆلاریزم واتا جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت، بەڵام لەتورکیا دەوڵەت خۆی بەسەر ئایندا سەپاندووە".

چیرۆکەکە لەساڵی 1924 ەوە دەست پێدەکات، کاتێك دەوڵەتی نوێ دروست بووو سیستمی خەلافەت کۆتایی پێهات، دەوڵەتی نوێ هەستی کرد پێویستی بە ئاین هەیە، بەڵام لەچوارچێوەی دامەزراوەیی بۆ ئەوەی بەهەندێك ئەرکی خۆی هەڵبستێ، بۆ ئەم مەبەستەش ئەتاتورکی دامەزرێنەری کۆماری نوێ‌نوسینگەی کاروباری ئیسلامی دامەزراند، ئەمنوسینگەیە دەستەیەکی لەخۆ دەگرت بۆ سەرپەرشتیکردن‌و بەرێوەبردنی چەندین موڵك‌و سامان، کە بە ملیارەها دۆلار دەخەملێندرا، لەناویشیاندا موڵکی وەقفکراو، کە لە چەند کۆمەڵگەیەکی نیشتەجێ بوون لەشاری ئەستەنبوڵ‌و چەندین پارچە زەوی کشتوکاڵی لەناوچەی ئەنادۆڵ پێکهاتبوو، هەروەهانوسینگەکە لەهەر ساڵێکدا سەرپەرشتی 80 هەزار مزگەوت‌و دروست کردنی 1500 مزگەوتی دیکەی دەکرد.نوسینگەکە توانی کار بۆ 100 هەزار کەس بدۆزرێتەوە لەناویشیاندا 45 هەزار وتارخوێن، لەگەڵ پێکهێنانی تیمێکی شارەزا، کە لە 100 کەس پێکهاتبوو بۆ ئامادەکردنی وتاری رۆژانی هەینی‌و دابەشکردنی بەسەر وتارخوێنانی مزگەوتەکان لە

---

(47) جريدة الشرق الأوسط،12،12، 2002 العدد 8780.

ڕۆژانــی هەینیــدا، لەســەرێکی دیکــەوە نووســنیگەی نــاوبراو دەســتی بەســەر فــەتوای ئــاینی داگــرتو سەرپەرشــتی چــاودێریکردنی بەســەر چــاپەمەنیەکان گرتــە ئەســتۆ، کــە دەبــوو لــەبارەی کاروبــاری ئیســلامیەوە گوزارشــت لــە تێڕوانینی فەرمی دەوڵەت بکات.

بەم شێوەیە  کاتێك ئاین دەست بەسەر دەوڵەتدا دەگرێ، واتــا ئــاین حــوکمی دەوڵــەت دەکــات، بەپێچــەوانەوە کاتێك دەوڵەت دەست بەسەر ئاین دادەگرێ ئەوکاتە حوکم دەبێتە حوکمێکی نائایینیو دواجــار هــەردووکیان دەبنــە دوو جۆری چەوسانەوە.

ئەردۆگان دەڵێ: "ئێمە دەمانەوێ وەکو ئەوروپیەکان بین، بۆ نموونە لە ئەڵمانیا حکومەت ڕۆژانی یەکشەمە کەس ناچار ناکات بچێتە کڵێسا، لەبــەریتانیا ئافرەتــان دەتــوانن بەهــەموو جــۆرە جلو بــەرگێك لەناویشــیاندا بــاڵا پۆشی ئیسلامی بچنە زانکۆ، بەڵام لە تورکیا کاتێك قسە لەسەر ئیسلام دەکــەیتو دەتــەوێ پێــڕۆی بکــەیت دەســتگیر دەکرێیــت، هــەر بۆیــە ئافرەتــانی تورکیــا نــاتوانن بەباڵاپۆشــیەوە بچــنە زانکــۆو فەرمانگــەکانی حکومــەت". بۆیــە حکومــەتی ئــاك پــارتی بەســەرۆکایەتی عەبــدوڵڵا گــوڵ بــۆ چارەســەرکردنی ئــەم کێشــەیە پــەنای بــردە بــەر هەمواركردنەوەی دەستوور، بەڵام رکابەرەکانی ئاك پارتی باوەڕیان وایە ئــەردۆگانو گــوڵ دەیانــەوێ ســوود لــەکارتی ئــەوروپی وەربگــرن، لــەپێناو لابــردنو هــەڵگرتنی ئــەو کۆســپو تەگەرانــەی لــەماوەی چــەندین ســاڵی رابــردوو بــۆ دامرکاندنەوەی ئیسلامیە توندڕۆکان دانراون.

لــە راســتیدا هەڵوەشاندنەوەیئوسـینگەی کاروبــاری ئیســلامی واتــا گواســتنەوەی هــەموو موڵــكو ســامانێکی وەقفکراو بۆ دەستەو کۆمەڵە ئایینیە جیاجیاکان، کە هەریەکەیان بەگوێرەی دیــدگای خــۆی راڤــەی ئیسلام دەکــاتو خەڵکی لەسەر هاندەدا بێ رەچاوکردنی بەرژەوەندیــەکانی دەوڵــەت، ئــەم جــۆرە پێشکەوتنانە بنکــەی کۆمەڵایــەتیو ئابووری ئاك پارتی بەرفراوانتر دەکات، کە بەهۆیــەوە دەتوانــێ بــۆ مــاوەی چــەندین ســاڵی دیکــە پێگــەی خــۆی قــایم بکات.

زانیاریەکان ئاماژە بەوە دەکەن ڕێژەی دەنگدەرانی ئاك پارتی لەنێوان 5٪ - 6٪  دایەو لەچــەندین ناوچــەی جیاجیای تورکیاش هیچ ئەندامو لایەنگرێکی نیــە، بــەڵام دواتــر لــە هەڵبژاردنــەکان تــوانی نزیکــەی ڕێــژەی 34٪ ی دەنگــەکان بەدەســت بێنــێ، ئەگــەر ئــاك پــارتی تــوانی مزگەوتــەکان، گڵکــۆی پیاوچــاکان، شــوێنە پیرۆزەکــانو موڵــكو سامانی وەقفکراو لەژێر دەستی دەوڵەت دەربێنێ بەدڵنیاییەوە دەتوانێ لەهەموو شــارو شارۆچــکەو گونــدێك بنکــەی جەماوەری خۆی بەهێزتر بکات.

ئاك پارتی دەتوانێ بەهەزاران کەس لەلایەنگرانی خــۆی لــە پێگــە کاریگــەرەکانی ســەرتاپای وڵاتو چــەندین مامۆستای ئــایینی ســەر بــە پارتەکــەی لــە مزگەوتــەکان دابمــەزرێنێ، وەکــو دەردەکــەوێ ئــەردۆگان ئــارەزووی هەیــە، تێڕوانینی ســەربازیانەی تــورکی بــۆ ســکیۆلاریزمو تێگەیشــتن لــەو چــەمکە ســەراوژێر بکــاتو لایــەنگرانی ئــەتاتورك بخاتە هەمان ئەو تەڵەیەی کە پێشتر ئیسلامیەکان تێیدا کەوتن.

جاری یەکەم نیە پارتێکی تورکی هەوڵ بدات ئایین لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەت دربێنێو بۆ مەبەستی گەیشتنە دەسەڵات بۆ خودی خۆیو بەرژەوەندییەکانی بەکاری بهێنێ، بەڵکو ئەم دۆخە بەردەوام لەوەتەی ئەتاتورك هەردوو پارتی سیاسی، پارتی گەلی کۆماری کە پارتێکی سۆسیالیستی کۆمەڵایەتی سکیۆلاریزمی توندڕۆیە، هەروەها پارتی دیموکرات کە بە پارتێکی ئیسلامی میانڕۆ ناسراوە دامەزراندووە دووبارە دەبێتەوە، (فەوزی چاگماك) یەکەم سەرۆکی پارتی دیموکراتی بوو هەوڵیدا سوود لە پرۆگرامی ئیسلامی وەربگرێتو بەشکۆی عوسمانیشی ببەستێتەوە، دواتریش هەریەك لە(جەلال بایار)و (عەدنان مەندەریس) لەدوای چاقماکەوە یەك لەدوای یەك سەرۆکایەتی پارتەکەیان وەرگرت، بەهەمان شێوە هەوڵیاندا لەماوەی سەرۆکایەتیکردنی پارتەکەدا سوود لە ئیسلام وەربگرن، لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی مەندەریسدا زیاتر لە 30 هەزار مزگەوت لەسەرتاسەری تورکیا دروست کرا، دوای ئەوەی لەساڵی 1960 سوپا کودەتای بەسەر مەندەریسدا کرد یەکێك لەو تۆمەتانەی درایە پاڵیو بەهۆیەوە لەسێدارەدرا هەوڵەکانی مەندەریس بوو بۆ قۆستنەوەی ئاین بەئامانجی دروستکردنی کاریگەری بەسەر جەماوەری سکیۆلاریزم. دواتر لە قۆناغەکانی داهاتوودا سەرکردەکانی دیکە لەناویشیاندا سلێمان دیمریلو تورگۆت ئۆزال، کە سەرەتاکانی کاری سیاسیان لەناو پارتی دیموکرات دەست پێکردووە، بەهەمان شێوە هەوڵیاندا بۆ مەبەستی بەدەستێهنانی دەنگی دەنگدەران ئاین بەکاربێنن.

لە رووکەشدا ئەردۆگانو رێبازو پرۆگرامە سیاسییەکەی راستەقینە نین، چونکە ئەردۆگان پێچەوانەی ئیسلامی رادیکاڵ کەسێکی ریشدارنییە، هاوسەرەکەشی کە لەچکێکی رەنگاورەنگی لەسەرە جۆرێکە لە دوورکەوتنەوە لە سەرپۆشی ئیسلامی کە لەسەرەتای حەفتاکاندا بە سیمبولی هەڵگەڕانەوە دادەنرا. ئەردۆگان بەهەمان شێوەی شوێنکەوتووانی ئەتاتورك دژ بە پرۆگرامەکەی خۆیەتی، بۆیە دەبینی کۆی گشتی مشتومڕەکان، کە لەسەر سکیۆلاریزم دەکرێ هیچ پەیوەندیەکان بە ئیسلامەوە نیە، لەبەر ئەوەی سکیۆلاریزم لەچوارچێوە مەسیحیەکەی پەیوەندی بەدەسەڵاتی خوداوەندو قەیسەری فەرمانڕەوا هەیە، بەو مانایەی دوو دەسەڵاتی لەیەکتر جیاوازو لەیەکتر دابڕاون، لە ئیسلامدا جیاکردنەوەی ئاین لەدەسەڵات لە جێگەی خۆی نیە، بەڵکو دوو رووی دراوێکن، هەرکاتێك یەکێکیان بەسەر ئەوی دیکەدا بسەپێنرێ کارەساتو ململانێی لێدەکەوێتەوە.

کاتێك ئەردۆگانو گوڵ ئارەزوو دەکەن - تورکیا بکەنە دەوڵەتێکی ئەوروپی- دەبێت لەم خواستەیاندا زۆر وردبنو بەوریاییەوە ماناکەی دەستنیشان بکەن. سیستمی سکیۆلاریزمی تەواو واتا لابردنی یاسای ئاسمانیو دانانی یاسای دەستکرد، ئایا ئەردۆگان ئەمەی دەوێ بۆ تورکیا ؟ کاتێك ئەم پرسیارەمان لێکرد بەزەردەخەنەیەکەوە خۆی لە وەڵامی پرسیارەکە دزیەوە.

زۆرێك لە توێژەران رەتی ئەو تۆمەتانە دەکەنەوە، کە سکیۆلارەکانی نموونەی جاگابتای، تاهریو هاکان یاوز دەیدەنە پاڵ پارتی دادو گەشەپێدان، کە هەڵگری ئەجنێدایەکی شاراوەی ئیسلامیە، بەڵکو باوەڕیان وایە ئاك پارتی هەرگیز هاوشێوەی پارتە سکیۆلارەکانی تورکیانیە، بەڵکو توانیویەتی تێکەڵەیەکی ئایدۆلۆژی دروست بکات

لە ئیسلامی رۆحیو سکیۆلاریزمی سیاسی. پێشتریش عەبدوڵلا گوڵ ئاك پارتی بە پارتەکانی مەسیحییە دیموکراتەکان لە ئەوروپا چواندبوو، توێژەری ناسراوی ئەمەریکیو شارەزا لە کاروباری بزاڤی ئیسلامی سەید (نەسر وەلی) باوەڕی وایە ئیسلامی دیموکراسی ئەو ئاڕاستە نوێیەیە، کە پارتە ئیسلامیەکان لەوڵاتانی ئیسلامی بەسەریدا دەڕۆن، ئەمەش دەرئەنجامێکی لۆژیکیو پراگماتیکیە، چونکە لەداهاتوودا ئیسلامی دیموکراسی لە وڵاتانی ئیسلامی هاوشێوەی سەرهەڵدانی پارتە مەسیحییە دیموکراتەکان لە کۆمەڵگەی مەسیحی ئەوروپی سەرهەڵدەدا(48).

لە راستیدا "ئیسلامیە نوێیەکان" باشترینو وردترین ناوو وەسفکردنێکە کە بۆ پارتی دادو گەشەپێدان دادەنرێ، بەدڵنیاییەوە ئەم پارتە نوێیە سوودێکی زۆری لە ئەزموونی شکست خواردووی ئیسلامیەکانی پێش خۆی بەسەرۆکایەتی ئەربەکان وەرگرتووە، بەجۆرێك ئاك پارتی دەوڵەتی تورکیای سکیۆلارو سەر بەرۆژئاوای قەبووڵە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا چەکی بەرۆژئاواییکردنی تورکیا بەرامبەر بە سوپای بە رۆژئاواکراو بەکاردێنێ، چۆن؟ لە ژێر کارو هەوڵە چڕو بەردەوامەکاندا بۆ ئەنجامدانو بەدەستهێنانی چاکسازیکردن لە دیموکراسیو لیبڕاڵی وەکو مەرجێك بۆ بە ئەندام بوونی تورکیا لەیەکێتی ئەوروپا، هەروەها لە رێگەی پێشکەشکردنی نموونەیەکی ئیسلامی تورکی بەئامانجی بەدەستهێنانی ئەوەی ئەردۆگان ناوی دەنێ گونجاندنو هاوسەنگکردنی نێوان ئیسلامو دیموکراسیو سکیۆلاریزمو مۆدێرنە، لەسەرێکی دیکەشدا پتەوکردنی پەیوەندیەکان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. بەگشتی ئەم هەڵوێستو ئاڕاستەیەی کە ئاك پارتی گرتوویەتیە بەر تەواو سوپای کەمالی نیگەرانکردووە هەروەها ڕێگەیشی لێگرتووە لە دووبارە بوونەوەی کودەتای سەربازیو ناسەربازی وەکو پێشتر لەماوەی ساڵانی 1960 تاوەکو 1997 بەردەوام بوو بۆ لابردنی هەر دەسەڵاتێك کە بەخواستی ئەو نەبووایە.

ئاشکرایە ئاك پارتی لەوەتەی لە ساڵی 2002 بە کۆکردنەوەی رێژەی 34٪ی دەنگەکان گەیشتە دەسەڵاتو دواتریش لە 2007 بەرێژەی 6،46٪ جارێکی دیکە زۆرینەی پەرلەمانی بەدەستهێنا، بۆیە ئێستا کۆسپو تەگەرەکانی بەردەم دووبارە بوونەوەی ئەزموونی کودەتای سەربازی توندترو زۆرتربووەو ئالۆزیەکانی نێوان سوپاو حکومەتیش چڕتربۆتەوە، دواجاریش ئەم دۆخە لەبواری سیاسەتی هەرێمایەتی رەنگدانەوەی خۆی هەیە بەجۆرێك هەر لایەنێك لەم دوولایەنە هەوڵدەدا هەلو مەرجو هاوسەنگی هێزەکان بەلای بەرژەوەندیەکانی خۆیدا رابکێشێ(49).

ساڵێك پێش دامەزراندنی ئاك پارتی ئەردۆگان سەردانی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکای کردوو لە نزیکەوە چاوی بەسەرۆکی رێبازی نوورسی شێخ فەتحوڵلا گولان کەوت، بەجۆرێك چاوپێکەوتنەکە بۆ ئەردۆگان گرنگو یەکلاکەرەوەبوو، چونکە کۆمەڵەی گوڵەن یاخود بزوتنەوەی گوڵەن کە بزووتنەوەیەکی سۆفیگەری خاوەن سەدان هەزار لایەنگر، دەیان دامو دەزگای راگەیاندنو رۆشنبیری، چەندین پرۆژەی بازرگانیو سەندیکای قوتابیانو

(48) ، "The Rise of Muslim Democracy" ، Seyyed Vali Reza ،Nasr
pp.13-15 و Journal of Democracy ،Volume 16، Number 2، April 2005.

(49) سعيد محيو، كيسنجر التركي: العثمانية الجديدة، المرايا. 2009/10/31.

کرێکاران‌و بازرگانانە. بە باوەڕی گولەن بەدەست هێنانی کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی پێشکەوتوو، کە لەسەر بنەمای زانستی دابمەزرێ کورترین رێگەیەکە بۆ جێبەجێکردنی بەهاکانی ئیسلام لەسەر زەمینی واقیع، هەربۆیە دامەزراوە زانستیەکانی سەربەو بزووتنەوەیە بەباشترین‌و پێشکەوتووترین‌و زانستیانەترین قوتابخانەکانی تورکیا دادەنرێن.

بە باوەڕی گولەن دەوڵەت دەتوانێ رۆڵێکی گرنگ بگێڕێ، بۆ بەدەستهێنانی ئەو کۆمەڵگەیە، هەروەها دەبێ دەوڵەت باوەڕی تەواوی بە پاراستنی سیستەمی سکیۆلاریزم‌و کۆکردنەوەی بەرژەوەندیەکانی نێوان ئیسلام‌و ناسنامەی نەتەوەیی تورکیا هەبێت[50]. پاش چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ گولەن، ئەردۆگان چەندین دانیشتن‌و بیروڕا گۆڕینەوەو راوێژپێکردنی لەگەڵ سەرکردەی پارتە سیاسیەکان ئەنجامداو دواتریش بەفەرمی لە ئابی 2001 پارتی دادو گەشەپێدانی دامەزراند. وەکو دیاریشە چاوپێکەوتنە دوو قۆڵیەکەی نێوان ئەردۆگان‌و گولەن بنکەی جەماوەری ئاك پارتی بەهێزترو بەرفراوانترکرد، چونکە بزووتنەوەی گولەن خاوەنی جەماوەرێکی زۆرە لەناوەندی بژاردەو دامەزراوە فەرمیەکانی دەوڵەت، هەربۆیە دەبینی سەرکردەکانی ئاك پارتی هەروەك چۆن لەگەڵ تەواوی باڵە جیاوازەکانی ناو رەوتی ئیسلامی تورکی کراوەن، بەهەمان شێوە لەگەڵ رەوتەکانی سکیۆلاریش کراوەن‌و مامەڵەیەکی هاوسەنگ دەکەن، زانراویشە پێشتر لایەنگرانی گولەن‌و رێبازی سۆفیگەری لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا دەنگیان بۆ بەرژەوەندی پارتە سکیۆلارەکانی نێوەندی راستڕەوی میانڕەو دەدا، هەروەها لەدوای دیدارەکەی هەردوولا دەبینی پەیوەندیەکی پتەو لەنێوان بزووتنەوەی گولەن‌و سەرکردە گەنجەکان‌و ریفۆرمخوازەکانی ناو پارتی فەزیلە دروست دەبێ، سەرکردایەتی نوێی ئاك پارتی باوەڕ بە تێڕوانینی گولەن دێنێ، لە خۆ بەدوورگرتن لە بەرکەوتنی سوپاو کرانەوەی زیاتر بەرامبەر بە بەهاکانی لیبراڵی رۆژئاوایی‌و تیۆری بازاڕی ئازاد (سەرمایەداری) لە ئابووری‌و کرانەوە بەرووی رۆژئاواداو هەوڵدانی چڕوپڕ بۆ گەیشتن بە یەکێتی ئەوروپاو مانەوە لەناو پەیمانی ئەتلەنتیك[51]. (بەلام ئێستا لەوەتەی 17ی کانوونی یەکەمی 2013وە نەیاری‌و دژایەتییەکی توند کەوتۆتە نێوان حکومەتی ئاك پارتی‌و جەماعەتی گولەن کە بەجەماعەتی خزمەت ناسراوە، لە ئێستادا دەرکەوتووە، کە جەماعەت تەواو دەست رۆیشتووە، لە نێو جومگە گرنگەکانی دەسەلاتی حکومەتەکەی ئاك پارتی، بەشێوەیەك دەگوترێ بوونی دەوڵەتێك لە ناو دەوڵەتێکی دیکە... تا رۆژانی نزیك لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان کە لە کۆتاییەکانی مارتی 2014 بەڕێوەچوو، گرژییەکانی هەردوولا زیاتر لە پەرەسەندا بوو، بەشێوەیەك ترس لەوەبوو ئاك پارتی بەهۆی ئەم هەژموونە زەبەلاحەی جەماعەت هەڵبژاردنەکان بدۆڕێنێ، بەلام بە پێچەوانەوە توانی بەرێژەی 46٪ی دەنگەکان بباتەوە/ وەرگێڕ).

---

(50) *M. Hakan Yavuz*; *John L. Esposito* (eds.) (2003)، *Turkish Islam and the Secular State: The Gülen Movement*، Syracuse، N.Y.،p.21.

(51)Ahmet T. Kuru" CHANGING PERSPECTIVES ON ISLAMISM AND SECULARISM IN TURKEY: THE GÜLEN MOVEMENT AND THE AK PARTY ، pp.144-46.http://www.setav.org/ps/dosya/28015.pdf

به پشت بەستن بـە سەرچاوە تورکیـەکان (عەبدولحـەلیم غـەزالی) ئامـاژە بـە پەیوەنـدی نێـوان ئەمـەریکاو سەرکردەکانی ئاك پارتیو خودی ئەردۆگان دەکات، کاتێك لەناو رەفا کاری سیاسـیان دەکـرد، بـەجۆرێك لـە کۆتـایی هەشـتاکان ئـەردۆگان چـاوی بـە بـاڵیۆزی ئەمـەریکا لـە تورکیـا (مـۆرتن ئـیرام ئـۆینز) دەکـەوێو ئـۆینز پـەیامێکی ئـەرێنیو جەوهـەری دەگەیەنێتـە ئـەردۆگان، کاتێـك پێـی دەڵـێ:"تۆ لەسـاڵانی داهـاتوودا گرنگـی بـۆ ئایینـدەی تورکیا"[52].

لـە قۆناغـەکانی داهـاتوو هۆشـیاری بزاڤـی ئیسـلامی لـەناو پـارتی فەزیلـەو پاشـانیش لـەناو ئـاك پـارتی بـە پێڕۆکردنی کارو کاردانەوە ڕەنگی دایەوە، بۆیە دەبینی ئاك پارتی دێ ترسو نیگەرانی سکیۆلارەکان لە بەرامبـەر ئیسلامی سیاسیو بەپێچەوانەوەش ترسی ئیسلامیەکان لـە سکیۆلاریزمی تونـدڕۆ هێوردەکاتـەوە. لـە کاتێکـداو لـە بنەڕەتیشدا هەردوولا یەکتری رەتدەکەنەوەو یەکتری بەگومڕا دادەنێن، ئیسلامیەکان تەکفیری سکیۆلارەکان دەکـەن، سکیۆلارەکانیش ئیسلامیەکان بـە خیانـەتکار دەزانـن، بـەڵام پـارتی دادو گەشـەپێدان بـە گوێـرەی ئـەو ئەزموونـەی لەکاری سیاسیو هۆشیاری رۆشنبیری هەیەتی، توانی بێلایەنانە لەگەڵ سوپا مامەڵە بکاتو لەگەڵی بچێتە ژێر باری گفتوگۆو دانووستانو باوەڕی پێبهێنێ، کە ئیسلامی شارستانی ئیش لەسەر هەمان بەهاکانی سکیۆلاریزم دەکـات، لـە بنەڕەتیشـدا بـەهاکانی سـکیۆلاریزم هـەمان بـەهای ئیسـلامین، کـە رۆژئـاوا بـۆ خـۆی قـۆرخی کـردوون، ئەگـەر ناتەواویـەکیش لـەو بەهایانـەدا رووبـدات لـە ئیسلامەوە نییـە، بـەڵکو لـە خـودی سـکیۆلاریزم خۆیـەتی. لەسـەرێکی دیکەوە ئاك پارتی توانی توندڕەوی سەلەفیەکان کەم بکاتەوەو جیا لە ئیسلامی وشكو پابەندبوو بـە دەقـی رووتـی شەرعی باوەڕیان بە ئیسلامی شارستانی پێبهێنێ. لـە هەمانکاتـدا ئـاك پـارتی دەسـتی کـرد بـە ئەنجامـدانی گفتوگۆ لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی عەرەبی، ئێرانو وڵاتانی دیکـەی ئاسـیایی، هـەروەها سـەرەڕای هـەبوونو بـەردەوامی پرسـی کورد لەناوخۆدا، بەڵام تورکیا خۆی لە بەرەی ئیسرائیل بەدوورگرت. تا ئێسـتاش سـەرکردایەتی ئـاك پـارتی سـوورە لەسـەر چـوونە نـاو یـەکێتی ئـەوروپا، ئامادەشـە وەڵامی داواکاریـەکانی یەکێتیەکـە بداتـەوە سـەبارەت بـە دۆسـییە پەیوەنـدارەکانی تایبـەت بـە مافـەکانی مـرۆڤو هەنـدێك فـەرمانی شـەرعی تایبەتمەنـد بـە تۆڵـە سـەندنەوە بـەبێ زێدەڕۆیی کردن لە سیمبولە شارستانیەکانی وەکو سەرپۆشیو لەچکی ئافرەتان، کە لەناو هەموو گـەلانو ئایینـەکان بوونی خـۆی هەیـەو هـەموو کلتـورو شارسـتانیەکانیش لەیـەکتری جیادەکاتـەوەو هەریەکـەیان بەشـێوازێك بـەکاری دەهێنن، هەروەها ئاك پارتی توانی بەهەمان شێوەی مانەوەی قوتابخانە تایبەتەکانی فەڕەنسـی، ئینگلیـزی، ئـەڵمانی لەناو تورکیا بەردەوامیش بەمانەوەی قوتابخانەکانی ئاینی بدات. لەسـەر ئاسـتی ناونـانی سـەرکردایەتی ئـاك پـارتی هیچ وشەیەکی ئیسلامی وەکو پاشگر بۆ پارتەکە بەکارنـەهێناوە، بـەڵکو هـەردوو وشـەی دادو گەشـەپێدان، کـە دوو دەستەواژەی ئیسلامین یەکەمیان گوزارشت لە دادوەری دەکات، کە سیستمی گـەردوونو زەویو ئاسمانـەکانی لەسـەر دامەزراوە، لەلای موسڵمانانیش شاراوەنیە پێشەوایەکی کافرو دادگەر لەلای خودا باشترە لـە پێشـەوایەکی موسـڵمانی

(52) الإسلاميون الجدد والعلمانية الأصولية في تركيا، القاهرة، مكتبة الشروق الدولية، 2007، ص87.

ستەمکارو نادادگەر، هەروەها بەلای زۆرێك لەزانایانی ئیسلامی بەر لەهێزو توانای لێهاتوویی کەسێتی دادپەروەری بەمەرجی یەکەم دانراوە بۆ پێشەوایەتی کردن. بەڵام وشەی گەشەپێدان واتا ئاوەدانکردنەوەی زەوی بەهەموو مانا ئەرێنیەکان، بەتایبەت گۆڕینی لە بیابانێکی وشك بۆ زەویەکی سەوزو بەرهەمدار وەکو قورئانی پیرۆز باسی لێوەدەکات رەگەکەی لە زەویدا رووچووبێ‌و چڵەکانی بە ئاسمانەوەبن، هەروەها گەشەپێدان‌و پەرەپێدانی لایەنی پیشەسازی لە نەرمکردنەوەی ئاسن‌و بەکارهێنانی ئاگر وەکو وزە، دواجار لە سۆنگەی ئەم روانینەوە ئەمە وایکردووە تورکیا ببێتە قەڵایەکی پیشەسازی‌و ئاوەدانی کە هەموو لایەك رۆژانە دەیبینن.

لەسەر ئاستی ناوخۆیی بەتایبەت بەهۆی سەنگی جەماوەرەکەی ئاك پارتی هەوڵدەدا دەستوور بگۆڕێ بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی سەرۆك راستەوخۆ لەلایەن گەلەوە بێ، هەروەها دەیەوێ لە رێگەی دەستوور دان بەمافەکانی کورد دابنێ، بەمەرجێك لەچوارچێوەی یەکپارچەیی خاکی تورکیا، عێراق، سوریا دابێت. بە بۆچوون‌و دیدی سەرکردایەتی ئاك پارتی مەرج نیە بۆ دەوڵەتێکی نیشتمانی تەنیا یەك رەگەز تێیدا باڵا دەست‌و تاکە نموونەی قەوارەی سیاسی بێت، بەڵکو دەکرێ وەکو لە زۆرێك لە وڵاتان نموونەی هەیە لە ناویشیاندا سویسرا لەدەستووریش دانی پێنراوە، چەندین نەتەوە و ئیتنی جیاواز لەناو یەك دەوڵەتدا هەن‌و دانپێنراویشن[53].

لە راستیدا نموونەی ئاك پارتی، کە نموونەیەکی لیبڕاڵی ئیسلامیە بۆ هەموو جیهانی ئیسلامی گوازراوەتەوە، ئەوەی جێگەی هەڵوەستەکردن‌و تێبینیکردنە ئیسلامی لیبڕاڵی تورکی دیاردەیەکی بۆ ماوەیی راگوازراوی قۆناغەکانی مێژوویی عوسمانی کۆن‌و مێژووی نەتەوەیی تورکیای هاوچەرخ نیە. هەروەها دەوڵەتی عوسمانی لە رووکەشدا جۆرە سروشتێکی لیبڕاڵی هەبوو بەتایبەت کاتێك بەر لەچوار سەدەو نیو لەسەردەمی سوڵتان محمد فاتیح‌و سوڵتان سلێمان قانوونی زۆرێك یاسای سکیۆلاریزمیان لەگەڵ خۆیان هێنا بۆ نەخشەی فەرمانڕەوایەتیان. پاشانیش لەچەند ناوچەیەکی دیکەی ئیسلامی هەوڵی جۆراوجۆردرا بۆ گونجاندنی ئیسلام لەگەڵ بارودۆخی گۆڕدراو دواجاریش عوسمانیەکان بڕیاری بە سکیۆلارکردنی حکومەتەکەیان دا، ئەوەبوو لەسەدەی نۆزدەهەمدا لە بری چاکسازیکردن لە فۆرمی ئیسلامی چەندین دامەزراوەی سکیۆلاریزمیان لەپاڵ دامەزراوەکانی ئیسلامی دامەزراند. دواتر ئەم ئاڕاستەیە بواری زیاتری لەبەردەم سەرهەڵدانی ئیسلامی لیبڕاڵی کردەوە، کە باوەڕی وایە قورئان‌و سوننەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لە سەر بێ) هانی پیادەکردنی لیبڕاڵی دەدەن، بۆ نموونە بیرمەندی ئیسلامی تورکی عەلی بۆلاچ لەم ئایەتەی قورئان ﴿لكم دينكم ولي دين﴾ ئاینی خۆتان بۆ خۆتان و ئاینی خۆم بۆ خۆم، دەڕوانێتە لیبڕاڵیەت، پەیماننامەی مەدینە، لەنێوان پێغەمبەرو جولەکەکانی مەدینە مۆرکرا، بەو مانایە دێ، کە ئیسلام لە کرۆکداو لەچوارچێوەی یەکڕیزیدا پشتگیری لە فرەیی‌و هەمە چەشنەی نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی مرۆیی دەکات، جگە لەمەش ئیسلام سەکۆی ئاڕاستەکانی پلورالیزم و لیبڕاڵیەتە.

---

(53) حسن حنفي: العدالة والتنمية في تركيا والمغرب العربي، العدد، 1187 20-12- 2009، 200.

بەردەوام بەراوردی مێژوویی لەنێوان سکیۆلاریزمی تورکیو سکیۆلاریزمی ئەوروپی رۆژئاوایی کراوەو دەکرێ. لەرووی مێژووییەوە ئاینو دەوڵەت لە رۆژئاوای ئەوروپا دوو دامەزراوەی لەیەکتر دابڕاو بوونە، بەجۆرێك کلێساو دەوڵەت هەردووکیان سەربەخۆیی خۆیان هەبووە، بەڵام سیستمی کەمالی لە سیستمی عوسمانی لایداوەو کۆپی ئەزموونی توندڕۆی فەرەنسیە، پێشکەوتنی سیستمی سکیۆلاریزم لەچوارچێوە فەرەنسیەکەی بەو مانایەدێ، کەدەوڵەت دەتوانێ بەشێوەی پلەبەندی سەرپەرشتی هەندێك ئەرك بكات بۆ نموونە فێربوون، کە پێشتر کلێسا جێبەجێی دەکرد، وەکو زانرویشە پێشتر ئەگەر کلێسا تاکە لایەنی پەیوەندارو بەرپرسی نەبووبێ لە فەراهەمکردنی لایەنی فێربوون بەدڵنیاییەوە بەرپرسیارێتی بنەڕەتی لەوبوارە لە ئەستۆدا بووە. بەڵام کاتێك دەوڵەت دەستی بەسەر ئەو ئەرکەدا گرت سکیۆلارەکان ئەرکی رەخساندنی بواری فێربوونیان گرتە ئەستۆ، ئەلێرەوە وشەی LAICISM سیستمی سکیۆلاریزم بەدەرکەوتو لەپاڵ وشەی SECULARISM بەکارهێنرا. لە مێژووی عوسمانیدا هیچ دابڕانێك لەنێوان دامەزراوەکانی ئاینیو دامەزراوەکانی دەوڵەت نابینرێ، بۆ نموونە دامەزراندنی شێخی ئیسلام راستەوخۆ لەلایەن سوڵتانەوە بووە، هەروەها سوڵتان تەواوی ئەرکی پاراستنی ئاینو ئیسلامو بڵاوکردنەوەی لە ئەستۆدا بووە، بەواتایەکی دیکە هیچ کاتێك لەناو ئیمپراتۆری عوسمانی رێکەوتی نەکردووە کەس رووبەڕووی سیستمی سکیۆلاریزم ببێتەوە، وەکو ئەوەی لە رۆژئاوای ئەوروپا باوبووەو پیادەکراوە. لەڕاستیدا شۆڕشی تورکی شۆڕشێکی رۆشنبیری بووە، بەم هۆیەوە بیرمەندی کۆچکردووی تورك (نیازی بیرکەس) بۆتە جێگەی تێڕامانی زۆرێك لە خەڵکی رۆشنبیر جیاوازی کردووە لەنێوان سیستمی سکیۆلاریزم Laicism و خودی سکیۆلاریزم Secularism لەمبارەیەوە دەڵێ:"باشتر وایە لە بری چەمکی لائیکزم زاراوەی سکیۆلاریزم بۆ راڤەکردنی دۆخی عوسمانی تورکی بەکاربهێنرێ"[54].

لە ماوەی سەردەمەکانی پێشوو بەتایبەت لەوەتەی دامەزراندنی کۆمارەوە سوپا رێگربووە لەهەر هەژموونێکی راستەقینەی ئیسلامی لەناو دامەزراوەکانی دەوڵەتدا، هەر ئەمەش وایکردووە ئاك پارتی پێچەوانەی گوتاری ئەربەکان خۆی لە بەرکەوتنی سوپا بەدووبگرێو بەشێوەیەکی پراگماتیكو ئاشتبووە لەگەڵ دامەزراوەی سەربازیو کۆماری ئەتاتورکی مامەڵە بكات، ئەو دۆخەش بەردەوامی هەبوو تا ئابی 2006 کاتێك یەشار بۆیۆك سەرۆکایەتی سوپا سالاری وەرگرتو نیگەرانی خۆی لەبەرامبەر چۆنییەتی مامەڵەو رەفتارەکانی حکومەتەکەی ئەردۆگان دەربڕی.

لەوەتای دروست بوونی تا ئەمڕۆ ئاك پارتی داوای دامەرزاندنی دەوڵەتی خەلافەتی نەکرووە، هەوڵێکی لەم شێوەیەشی نەداوە بە ئامانجی بچووککردنەوەی بنەماکانی سکیۆلاریزمی دەوڵەتی تورکی، بگرە بەردەوامو لەهەموو بۆنەیەکدا ئاك پارتی لەسەر زاری گەورە سەرکردەکانی دووپات لەسەر رێزگرتن لە سکیۆلاریزمی دەوڵەت دەکاتەوەو نابێتە هیچ هەڕەشەو مەترسی بەسەریەوە.

---

(54) سعيد محيو، كيسنجر التركي: العثمانية الجديدة، المرايا 2009/10/31 .

لەراستیدا هیچ نیشانەیەکی  توندڕۆیی لە رووخسار، رەفتارو گوتاری ئەندامانی ئاك پارتیەوە لە ڕیش دانان، تەکفیرکردن، وەستانەوە لەبەرامبەر بەها مرۆییەکانو دەستکەوتە ژیاریو شارستانیەکان نابینریٚ، ئەمەش بەلای ئاك پارتیەوە بەیەکەوە هەڵکردنی بەهاکانی ئیسلامو سکیۆلاریزمو دیموکراسیە. جارێکیان ئەردۆگان دووپاتی کردەوە، کە ئەو لەسەر ئاستی تاکە کەسی ئیسلام مەرجەعییەتی، بەڵام لەسەر ئاستی سیاسی مەرجەع  بریتیە لە دەستوورو بنەماکانی دیموکراسی، بۆیە لێرەدا نابینریٚ هیچ کاتێك ئاك پارتی پەنای بردبێتە بەردەرکردنی یاساکان بۆ سەپاندنی سەرپۆشو قەدەغەکردنی چالاکیە هونەریەکان، کە هەندێك لە گروپە ئیسلامیەکان بەپێچەوانەی شەرعی دادەنێن.

ئەوەی بەلای ئاك پارتی زۆر گرنگە بریتیە لە بەرەنگاربوونەوەی تەنگژەکانی ئابووری و کارگێڕی، نەهاتووە خۆی بەچەند پرسێکی بچووكو لاوەکی وەکو سەرپۆشی ئافرەتانو رێگەگرتن لە تێکەڵاوی پیاوانو ئافرەتانو بەئیسلام کردنی فێربوون، راگەیاندن، گەشتیاریو مامەڵەی بانکەکان سەرقاڵ بکات. هەروەها بەهۆی ئەو ئەزموونەی لە حکومەتدا کۆی کردۆتەوە توانیویەتی هەستی سکیۆلارەکانو کوردەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشیٚو لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگەکانیان بۆ بەرژەوەندی خۆی بەدەستبێنیٚ.

بەگشتی بزاڤە ئیسلامیەکان سەرقاڵ و گیرۆدەن بە کۆمەڵێك دروشمی: ئیسلام چارەسەرە، جێبەجێکردنی شەریعەت، هەڵوەشاندنەوەی یاسای دەستکرد، ئەکتیڤکردنی بیروباوەڕی وەلائو بەراو بنەبڕکردنی رێکخراوە زەبەلاحو ستەمکارەکانو چەندین دروشمی دیکە. هەر بەهۆی گوتنەوەو بەردەوام دووبارە کردنەوەیان ئەزموونی سیاسی ئیسلامیەکان لەهەریەك لە وڵاتانی ئوردن، سودان، جەزائیرو کوێت شکستی هێناوە، هەروەها لە غیابی واقعی سیاسی ئەزموونی ئاك پارتی، شکستی بزاڤی ئیسلامی لە فەلەستینیش دەبینریٚ. جیاوازی ئاك پارتی لە تەواوی بزاڤە ئیسلامیەکان لەوەدایە پەیوەندییەکانی حزبیو حکومی لەگەڵ بەرامبەرەکانی لەسەر بنەمای بیروباوەڕو ئایدۆلۆژیا دانامەزرێنیٚ، بەڵکو دیٚ لەسەر بنەمای سیاسیو دوور لە پێوانەکردنی بەحەرامو حەڵاڵ، باوەڕو کوفر، جیاوازیکردن لەنێوان هاوڵاتیانو ئەهلی کیتاب یاخود لەنێوان دارولئیسلام و دارولحەرب دادەمەزرێنیٚ. بە گشتی  ئەم رۆشنبیریەش لەناو تەواوی بزاڤە ئیسلامیەکانی دیکەی جیهانی ئیسلامی نییە[55].

(55) سعيد الكحل، تركيا على نهج التطبيع بيناالإسلام السياسي والعلمانية ، 3 أغسطس 2007، موقع دروب.
http://www.doroob.com/?p=19746

# بەشی پێنجەم

## سکیۆلاریزمی باوەڕدار لە تورکیا

دوای ئەوەی لەلایەن ئاك پارتییەوە بۆ پۆستی سەرۆك كۆمار كاندید كرا، عەبدوڵڵا گوڵ رایگەیاند بەپێی دەستوور پابەندی بەهاكانی كۆماری دیموكراسی سكیۆلاریزم دەبێت، لەم بارەیەوە دەڵێ:"ئەگەر بۆ پۆستی سەرۆك كۆمار هەڵبژێردرام، بەدڵنیاییەوە رێز لە بنەماكانی سكیۆلاریزم دەگرم".

لەراستیدا لەسەردەمی سوڵتان سلێمانی قانونی لەسەدەی شانزەهەمدا دەوڵەتی عوسمانی دامەزراوەیەكی ئایینی لەژێر چاودێری خۆیدا پێكهێناو دواتریش وەكو سیستمێك بۆ لێكجیاكردنەوەی دەسەڵاتی دونیاییو ئەركی دەسەڵاتی ئاینی لەلایەن زاناكانو دواتریش خانەی فەتوا سەپێندرا. بەم جۆرەش دەسەڵاتی دونیایی، كە خاوەنی شكۆو سەروەری خۆی بوو بەپاڵپشتی دەسەڵاتی ئایینی پتەوترو قایمت بوو، لەمەوە روون دەبێتەوە، دەوڵەتی عوسمانی دەوڵەتێكی ئایینی (سیۆكراسی) نەبووە، پاشان لەسەدەی نۆزدەهەمو لە میانی بەریەككەوتنی راستەوخۆی جیهان ئیسلامی بەرۆژئاواو ئاشنابوونی زیاتر بەدامەزراوە دیموكراسیەكان دیدگای چاكسازی ئایینی لەدەرەوەی دامەزراوە ئاینیەكەی دەوڵەتەوە خۆی نمایش دەكاتو هەوڵدەدات چەمكەكانی رۆژئاوا سەبارەت بەپرسەكانی دیموكراسیو مافی مرۆڤ بەرجەستەی كۆمەڵگەی ئیسلامی بكاتو جارێكی دیكەش سەرلەنوێ چەمكەكانی سەدەی یەكەمی ئیسلامیش بۆ كۆمەڵگە بگێڕێتەوە. لەمبارەیەوە هەریەك لە (محەمەد عەبدە)و (عەبدولرەحمان كەواكیبی)و چەندن كەسی دیكە دووپات لەسەر ئەوە دەكەنەوە، دەسەڵاتی سیاسی لەئیسلامدا دەسەڵاتێكی مەدەنیە نەك سیۆكراسی.

باشتروایە لەكاتی مامەڵەكردن لە ئیشكالیەتی نێوان سكیۆلاریزمو ئایین ئەو پرسیارە بكەین ئایا رۆژئاوا چۆن توانی لەیەك كاتدا مامەڵە لەگەڵ هەردووكیان بكات واتا هەم لەگەڵ ئایینو هەمیش لەگەڵ سكیۆلاریزم؟ دواتریش چۆنییەتی ئەم مامەڵەیە بەچ ئەنجامێك گەیشت؟ لەراستیدا هزری ئەوروپی بەتواناو لێهاتوویی خۆی

گەیشتە ئەو باوەڕەی کە ئایین گرنگی خۆی هەیە لەژیانی گەلان هەر بۆیە لەسەر ئاستی ئەوروپا هیچ سیستمێکی سیاسی، کە ئەوپەڕی کرانەوەیشی تێدابێت بڕیاری ئەوەی نەداوە ئایین لە ژیانی تاك، گشتیو کۆمەڵگە دابڕێت. ئەوەی کە لە کۆمەڵگەی ئەوروپی روویدا بۆ ئەوە بوو ئایین لە جێگەی خۆیدا بۆ خزمەتکردنو بەرژەوەندی مرۆڤایەتی بمێنێتەوە، نەك بەپێچەوانە بکرێتە ئامرازێك بۆ خنکاندنی بەرژەوەندییەکانی مرۆڤایەتی.

ئەم جۆرە دیدگا رۆژئاواییە ئامادەگی خۆی هەیە لە بیرکردنەوەی سەرکردایەتی پارتی دادوگەشەپێدان بەجۆرێك توانیویانە بەباشی لەمەرجی سەرکەوتن، درێژەپێدانو مانەوە لەگۆڕەپانی سیاسی بگەن، بۆ ئەم مەبەستەش بڕیاریاندا شێوازێکی نوێی ئاشتەوایی لەنێوان ئیسلامو سکیۆلاریزم پێشکەشی کۆمەڵگە بکەن، دواتریش توانیان بەهۆیەوە سەرکەوتنێکی گەورە لەسەر ئاستی گشتیو بژاردەی تورکی لەمیانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانو شارەوانیەکان بەدەست بێنن.

کاتێك سەرانی ئاك پارتی دێن لەلایەك خۆیان وەکو موحافەزەکارو لەلایەکی دیکە دیموکراتخواز گوزارشت لەخۆیان دەکەن، ئەم رەفتارەیان راستەوخۆ مانای ئەوە دەگەیەنێ سەرکردایەتی ئەم پارتە ئامادەیە بەتەواوەتی پابەندبێ بەرێزگرتن لە بەها بنەڕەتیەکانی کۆمەڵگەی تورکی لەسەرووی هەمووشیانەوە ئایینو سکیۆلاریزم. وەکاتێك ئەمەیان کرد توانای گەڕانەوەی کۆڵەکەی سەرەکی شووناسی تورکی، بریتیە لە ئیسلامو کە بەهۆی پڕۆژەی سکیۆلاریزمی کەمالی توابوویەوە بگەڕێننەوە ناو باوەشی کۆمەڵگە. بێگومان ئاك پارتی ئیسلام لە چوارچێوەی پرسی کۆمەڵایەتی بەکاردێنێ نەك پرسی سیاسی، بۆیە دەبینی سەرانی ئەم پارتە پڕۆژەی چاکسازی ئایدۆلۆژی پێشکەش دەکەن، کەدواتر سکیۆلارە رق ئەستوورەکان دێن ئەرکی ئاك پارتی تەنیاو تەنیا لە پرسی سەرپۆشی ئافرەتان بچووك دەکەنەوە، ئەمە لە کاتێکدایە گوایە خۆیان سەرقاڵن بەرووبەڕووبوونەوەو بەرەنگاری تەنگژەی دارایی، پتەوکردنی ئازادیەکانو گەیشتن بەیەکێتی ئەوروپا.

لە راستیدا ئاك پارتی لەماوەی دروست بوونیەوە توانیویەتی گونجانێکی واقیعی لەنێوان بنەماکانی دەوڵەتی تورکیای سکیۆلار، کە ئەتاتورك لەدوای رووخانی ئیمپراتۆری عوسمانی دایمەزراند، لەگەڵ بەرنامەو ئامانجەکانی، کە پشت ئەستوورە بە مێژووی ئیمپراتۆریەتەکەو رۆشنبیریە ئیسلامیەکەی دروست بکات، ئاك پارتی بانگەشەی بانگەشەی چەسپاندنی شەریعەت ناکات لە حوکمی بەڕێوەبردنی وڵات، بگرە هەوڵی لەم شێوەیەش نادا، بەڵکو پڕۆژەی دیموکراسیەتێکی سکیۆلاری هەڵگرتووە پێچەوانەی سکیۆلاری ئەتاتورکی دژ بەئایینو دوورخستنەوەی ئیسلام لە کایەکانی ژیانی کۆمەڵگە، بە مانایەکی دیکە ئاك پارتی هەمواری سکیۆلاری توندڕۆ دەکاتەوە بێ ئەوەی خۆی بخزێتە ناو توندڕۆیی رادیکاڵی. بەم جۆرە ئێستا خوێنەرو ئەوەیشی لەواقیعدا دەبینرێ بریتیە لە ئەزموونی پارتێکی سیاسی کە هەڵگری ژێرخانی هیزری ئیسلامیە، ئیسلامێکی کراوەو جیاواز لە ئیسلامێکی وشكو داخراو، ئیسلامێك هاوشانو هاوکاتی سەردەم لەگەڵ جیهانو مۆدێرنە هەڵدەکات لەگەڵ ئەوەشدا

پارێزگـاری لـه شووناسـی ئیسـلامی خـۆی دەكـات بـێ پەنابردنـه بـەر دەمـارگیری، زۆر لێكـردن، تـیرۆری عـەقڵی‌و تەكفیركردنی كۆمەڵگەو جیهان.

بەگشتی پەیوەندی نێوان ئاین و دەوڵەت گونجانی نێوان میكانیزمەكانی لێدەكەوێتەوە كە دەوڵەت بەكاریان دێنێ بۆ دابینكردن‌و ئیدارەكردنی چالاكیەكانی كۆمەڵگە، رێكخستن، كۆنترۆڵكردنیان‌و بـەدیهێنانی ئـەو مەبەستە سەرەكیانەی كە ئایین خوازیاریەتی.

نـاكرێ دەوڵـەت ئـایینی بـێ، بـەڵكو دەبـێ مـەدەنی بـێ، دەبـێ میكانیزمـەكانی هاوكـاتبن لەگـەڵ پێـوەرە دەستنیشـانكراوەكان بـۆ مامەڵـەكردن لەگـەڵ سەرچـاوەكانی ئـابووری‌و مرۆیـی بەمـەرجێك لەگـەڵ ئـەو بـەهاو مەبەستانە یەكبگرێتـەوە، كـە كۆمەڵگـە بـاوەڕی پێیانـە. گـرنگ نیـە بانگەشـەی سـكیۆلاریزم یـاخود رەتكردنـەوەو دوژمنكاری بكەیت، بەقەد ئەوەی گرنگە رێگایەكی نموونەیی بدۆزیتەوە، كە رێز لە مێژووی ئیسلام‌و كەلەپۆرەكەی بگرێت، هەروەها دژ نەبێ بەهیچ یەكێك لە بنەماو بەهاكانی مرۆڤ لەئاشتی، رێزگرتن‌و بەرجەستەكردنی یەكسانی نێوان تاكەكانی كۆمەڵگە بێ ئاوڕدانەوەو رەچاوكردنی هەبوونی هـیچ هۆكـارێكی تایبـەتی‌و بابـەتی، بـەڵكو كاربكـات بۆ بەدەستهێنانی مەرجە بنەڕەتیـەكانی ژیـانێكی شـیاو، رێـز لـێگیراوو پاراسـتنی لـە هـەموو قۆسـتنەوەو زۆرداری‌و چەوسانەوەیەك[56].

---

(56) الدكتور عبدالله تركماني ، العلمانية المؤمنة في تركيا، نشرت في صحيفة المستقبل اللبنانية – 2007/4/30.

# مشتومڕی ئیسلامو مۆدێرنه له ئەزموونی تورکی

د. عەبدوڵڵا تورکمانی[57]

لـه راسـتیدا ئـەزموونی هاوچـەرخی تورکیـا جێگـەی تێڕامانـەو شـیاوی ئەوەیـه توێژینـەوەی لەسـەربکرێ، بەتایبەت لەجیهانی عەرەبی، که بژاردەیەو گەلان خوازیـاری نموونەیـەکی لـەم شـێوەیەن بـۆ کۆکردنـەوەو گونجانی نێوان ئیسلامو مۆدێرنه. هاوکات زۆرێك پێویستیان بەسروشتی ئیسلامی سیاسی له تورکیاه، دەیانەوێ له ئەنـدازەی ئامـادەگی ئیسـلام لـەژیانی تایبـەتیو گشـتی کۆمەڵگـەی تـورکیو بنـەماو کاریگەرییـه راسـتەقینەکانی ئـەتاتورکو داهاتووی ئیسلامی سیاسیو سکیۆلاریزم لەو وڵاته تێبگەن.

لەدۆخی ئێستادا چەمکی مشتومڕی مێژوویی نێوان ئیسـلامو مۆدێرنـه زۆر دەوروژێنـدرێ، بەتایبـەت دوای ئەوەی لەسەدەی نۆزدەهەمدا تورکیـای عوسمـانی بـووه گۆڕەپـانێکی گرنگـی هەوڵـەکان بـۆ نوێنەکردنـەوەی جیهـانی ئیسلامی، دواتریش لەسەدەی بیستداو لەسەردەمی ئەتاتورك تورکیا پێدەنێته ناو ئەزموونی سکیۆلاریزمی رادیکاڵ، پاشانیش لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا وەکو یەکەم دەوڵەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشێوەیەکی ئـەرێنی مامەڵە لەگەڵ شەپۆلی ئەو گۆڕانه جەوهەریانه دەکات، که بەر ژێرخـانی سیسـتمی سیاسـی جیهـان دەکـەوێ، مـاوەی چەند ساڵێکیشـه تورکیـا نموونـەی ئیسلامێکی سیاسـی جیـاواز لـه ئیسـلامێکی وشـكو داخـراو، کـه هاوکاتـه لەگـەڵ کەژاوەی سەردەم و کرانەوه بەڕووی جیهانو مۆدێرنەدا، له پاڵیشیاندا پاراسـتنی شوونـاسـی ئیسلامیانەی خـۆی بـێ

(57) نووسەرو توێژەری سووریەو له وڵاتی تونس نیشتەجێیه، له بنەڕەتدا ئەم بابەته توێژینەوەیەکەو پێشکەش به "نەدوەی ئیسلامو دیموکراسی، پرسیارگەلێك له بارەی پەیوەندی نێوانیانو ئاسۆکانی ئاییندە" کراوه، ئەم نەدوەیه له وڵاتی تونس له ماوەی رۆژانی 15-16 ی دێسمبەری 2004 بەسترا.

پەنابردنەبەر قۆرخكردنو تیرۆری عەقڵو ویژدانو تەكفیركردنی كۆمەڵگەو جیهان پێشكەش دەكات. بە مانایەكی دیكە ئەم نموونە تازەیە لە ئیسلامی سیاسی بریتیە لە نموونەیەكی واقیعی بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ جیهانو دەوروبەر وەكو خۆی، كە هەردوولایەنی زوڵمو دادپەروەری تێدایە، بەبێ نائومێدیو تورەبوون، بەبێ هەوەسی تۆڵەسەندنەوەو هەڵچوونی شێتانە سەرچاوەكەیشی لە داتەپینو پەككەوتنی توانا، هێز، زانستو شارستانێتی خودی ئیسلامەوە وەرگرتووە، كە قابیلی هەستانەوەیە بە فۆڕمێكی تازە. دواجار ئەمە وایكردووە ئەمڕۆكە توركیا ببێتە گۆڕەپانی هیزری مشتومڕی نێوان ئیسلام و دیموكراسی.

ئێستا پرسیار ئەوەیە، ئایا بەڵگەیەكی پتەوو بەرجەستە لە ئیسلامدا هەیە بۆ رێگەگرتن لە بەیەككگەیشتنو تێگەیشتنی نێوان ئیسلامو مۆدێرنەدا؟ ئەو بەڵگەو نیشانانە چین، كە ناكرێ گۆڕانكاریان بەسەردا بكرێ، یاخود لەگەڵ ئیسلام ئاشت بكرێنەوە؟ ئەگەر دامانناوە ئەوە راستبێ ئایا چی وادەكات، ئیسلام لەگەڵ رۆشنیریەتی مۆدێرنە نەگونجێ؟ ئایا ئیسلام لەژێر بەیداخی سكیۆلاریزمدا لەگەڵ دیموكراسی یەكدەگرێتەوە، یاخود سكیۆلاریزم وەكو نموونەی ئەمەریكی نەك سكیۆلاریزمی ئەتاتوركی دەتوانێت لەگەڵ ئیسلام ئاشتەوایی بكات؟ ئایا نموونەو ئەزموونی پارتی دادوگەشەپێدان لە توركیا پەڕیوەتەوە جیهانی ئیسلامی؟.

بەگشتی هەرچۆنێك بێت نموونەی توركی سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە ناو پرسەكانو بووەتە پرسێكی گەرم، لە پرۆژەی ئاشتەوایی نێوان ئیسلام و مۆدێرنە، ئەمەش وایكردووە جیهانی عەرەبی بۆخۆی رابكێشێو گفتوگۆی زیاتر لەبارەوە بكرێ.

## رووخسارەکانی ئەزموونی مۆدێرنەی تورکیو ئەنجامەکانی

گومان لەوەدا نیە تورکیا خاڵی بنەڕەتی بەیەکگەیشتنی نێوان هەردوو شارستانێتی رۆژئاواو رۆژهەڵاتە، بۆیە وایکردووە چەندین هەلی بۆ برەخسێ، لەهەمانکاتدا چەندین ئەرکو پابەندبوونی بکەوێتە ئەستۆ. تورکیا لە ناوخۆیدا هەردوو شارستانێتی ئیسلامیو هیلینی بەیەکەوە کۆکردۆتەوە، لە دۆخێکدا ئەگەر توانی گۆڕان لە پرسی دیموکراسیانەی خۆی بکاتو بەرەو پێشکەوتن بچێت، بەدڵنیاییەوە دەتوانێ هەلی زیاتر بۆ مۆدێرنەکردنو بەدیموکراسیکردنی جیهانی ئیسلامی برەخسێنێ، چونکە دەوڵەتێکی گەورەیەو کار لەسەر چەقی بازنەیەکی فراوانی ستراتیژیەتی ناوچەکانی ئەوروپا دەکات وەکو، بەلکان، یۆنان، دەریای ناوەڕاستو جیهانی عەرەبی لەلایەکو لەلایەکی دیکەوە رووسیا ، ئاسیای ناوەڕاستو ناوچەی قەوقاز.

ناکرێ لە ئەزموونی توکیای هاوچەرخ تێبگەیت بێ گەڕانەوە بۆ مێژووی سیاسی هەشتا ساڵ لەمەوبەر، کاتێك ژەنەڕاڵ کەمال ئەتاتورك شۆڕشی بەرپاکرد، کە دواتر خودی شۆڕشەکە بووە خاڵی لێکدابڕانی تورکیا لە ڕابردووی مێژووی ئیسلامی. هەر بۆیە شۆڕشەکەی ئەتاتورك تەنیا هەڵگەڕانەوەیەکی رووکەش بوو، چونکە لەسەرەوە بۆ خوارەوە دەستی پێکرد، هەربۆیە دەبینی کاتێك ناتوانێ گۆڕان لە قووڵاییەوە بکات تەنیا لە رووخساردا نەبێ، ئەنجامدانی چاکسازیەکانیش تەنیا لە گۆڕینی سیستمی سیاسیدا نابن، بەم شێوەیە بەئامانجی داکوتانی رەگی سکیۆلاریزم حکومەت زنجیرەیەك چاکسازی ئەنجام دەدات، چاکسازیەکانیش تەنیا لە سیستمی سیاسیدا نیە، بەڵکو سەر لە نوێ کۆمەڵگە دادەڕێژێتەوەو جیهانی تاك بەرباد دەکات. بەم ئەنجامە شۆڕشی سکیۆلاریزم لە تورکیا، ئەو شۆڕشە سکیۆلارە نەبوو، کە رۆژئاوا ناوبانگی پێدەرکردووە لە بەرپاکردنی دیموکراسیو ئازادیە تاکە کەسیو گشتیەکانو ڕێزگرتن لە بەهاو مافەکانی مرۆڤ لە بوارەکانی ئایینی، سیاسیو ئابووری. رەنگە راستبێ ئەگەر بگوترێ سکیۆلاریزمی تورکی چ جیاوازیەکی نەبوو لەگەڵ رژێمە دیکتاتۆرەکان، کە لەماوەی نێوان هەردوو جەنگی یەکەمو دووەمی جیهانیدا لە ئەڵمانیا، ئیتاڵیاو رووسیا پەیدابوون، بەجۆرێك سیستمەکە لەلایەن سوپا پارێزگاری لێدەکرێو تاکە هێزیشە لەتوانایدایە دەسەڵاتی سیاسی بەخواستی خۆی بجوڵێنێ.

لەماوەی هەشتا ساڵی رابردوودا توانراوە نەوەیەك لەسەر ئەم تێگەیشتن‌و رۆشنبیریەی سکیۆلاریزمی تورکی پەروەردە بکرێ‌و لەمیانی هەلی پێدراوی بەردەمیشیان توانیویانە بگەنە نێوەندو جومگە سەرەکیەکانی سیاسی، ئابووری، سەربازی، تا ئەوەی دژ بە هەموو هەوڵ‌و دەستپێشخەریەك دەوەستنەوە، کە بۆنی دەرچوون لە خودی سیستمەکەی لێوەبێ. ئەم نەوەیە توانیویەتی دەست بە سەر بنەماکانی گەمەی سیاسی دابگرێ، بەجۆرێك ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، کە سەرۆکی سوپا سالار سەرکردایەتی فەرماندە چەکدارەکان‌و ژمارەیەك گەورە بەرپرسی مەدەنی تێیدا بەشدارن لەگەڵ هەریەك لە سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیران بوونەتە مەرجەعی راستەقینە، کە توانای دانانی مەرجی گەمەی سیاسیان لەوڵاتدا هەیە.

لەساڵی 1960 سوپا کودەتا بەسەر عەدنان مەندەریس دەکات، بەبیانووی ئەوەی لە پەنجاکاندا بەشداری بوژانەوەی ئیسلامی کردووە، پاشان لەسێدارەی دەدا. دواتر لە 1971 کودەتایەکی دیکە بۆ سەرکوتکردنی ئامادەگی ئیسلام لە پرۆسەی سیاسی ئەنجام دەدات، پاشانیش لە 1980 بەهۆی ئاهەنگگێڕانی پارتی نیشتمانی دایك لەشاری قۆنیە لەژێر ناونیشانی ئازادی قودس سوپا کودەتای سێیەمی ئەنجامدا.

وەکو نەریتی هەموو دیکتاتۆرەکان کەمالی خۆی وەکو رژێمێکی تۆتالیتاری ستەمکار نیشانی خەڵك نادا، بەڵکو دێ قسە لەسەر زۆرێك لە پرسەکانی مافی مرۆڤ، ئازادی ڕادەربڕین، یەکسانی، فرەیی، لێبوردەیی و ڕابوونی دیموکراسی و چەندین قسەی دیکەی وەکو دەوڵەتی یاسا، سەروەری مرۆڤ، فرەیی سیاسی‌و مۆدێرنەو بازاڕی ئابووری دەکات.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ئایا کۆماری تورکیا توانی ئامانجەکانی خۆی بپێکێ؟ دوای هەشتا ساڵ بەسەر دروست بوونی چی لەدوای خۆی بەجێهێشت‌و چی لەسەر یەك دانا؟. لەراستیدا ئەوەی ئەم سیستمە لە دوای خۆیدا بەرهەمی هێنا بریتی بوو لە هەژاری، قەیرانی ئابووری، بڵاوبوونەوەی بێکاری، بەرتیل‌و گەندەڵی، پووکانەوەی ئازادیە تاکە کەسیەکان، ئاڵۆزبوونی زیاتری پرسی کورد، هەڵکشانی ئیسلامیەکان بەرەو دەسەڵات، گەورەبوونی کێشەی قوبرس‌و دەرکەوتنی خودی سیستمەکە، وەکو نموونەیەکی توندوتیژ، دەست بەسەرداگرتنی ئازادیەکان‌و پیادەکردنی جیاوازی ئیتنی لەدژی کورد.

گەورە رۆمان نووسی کورد یەشار کەمال، کە بە رزگارکارو ویژدانی هەژارانی تورکیا بەناوبانگە لەچەند وشەیەکدا دەڵێ:"لە 28 ی ئۆکتۆبەری 1923 وە تا دەگاتە ئەمڕۆ، سیستمی کۆماری هەرچی کۆت‌و بەند هەیە هەمووی لەدەستی خۆی کردۆتەوە بۆ سەرکوتکردن‌و لەناو بردن، بۆ چاوبەستنی خەڵك‌و شاردنەوەی ئەم وێنە راستەقینەیەش هەموو رێگایەکی فێڵ لێکردن‌و ساختەیی گرتووەتە بەر".

بەم شێوە دوو خاڵی لاوازو بنەڕەت هاوشانی ئەزموونی تورکی بووە، کە بریتین لە:

**یەکەم:** رۆڵی سەرەکی‌و یەکلاکەرەوەی سوپا لە جومگە بنەڕەتیەکانی ژیانی سیاسیی، ئەمەش وایکردووە تورکیا بێبەش بێت لەپشت بەستن بە عەقڵە سیاسەتیەکانی پراگماتیك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

**دووەم:** دانـانی ئەولەویـەتی بەرژەوەنديـە ئەمنيـەكانی توركيـا لەسـەرووی بەرژەوەنديـە سياسـیو ئابووريـەكان لـە پەيوەندیو هەڵوێستەكانی ناو خۆیو هەرێمايەتیو نێودەوڵەتيەكاندا. كاتێك لە 1923 كۆماری توركيا راگەيانـدرا رێـژەی 80٪ی گـەلانی توركيـا لـە گونـدەكان ژيـانی ئاسـاييان بەسـەر دەبـرد، ئـەوكات تێگەيشـتنو رامـان لـە مـرۆڤ، كۆمەڵگە، دەوڵەت، سروشتو مێژوو تەواو بۆنی ئيسلاميان لێدەهات.

دواتر لە نيوەی دوومی حـەفتاكانی سـەدەی رابـردوو، لەچوارچێوەيەكی كۆمەڵايـەتی دياريكراودا ئيسـلامی سياسـی دەركـەوت، بەروبوومەكەيشـی لـەلای بەشـێكی زۆری گـەل، توركيـای دووهـەم پێكـدەهێنێ، لـە ئـەنادۆڵو ناوچەكانی ديكەی دەوردراو بەشارەكان بە ئەنجام دەگات. ئێستا بـابزانين هۆكارەكـانی ئـەزموونی ئيسـلامی سياسـی توركی لەسەر ئاستەكانی ناوخۆيی، هەرێمايەتیو نێودەوڵەتی چی بوون؟.

## هۆكارەكان لەسەر ئاستی ناوخۆيی

سەرەتا پێويستە بەدوای ئەو سەرچاوانەدا بگەڕێين، كە بوونەتە خـاڵی كۆكردنـەوەو بەيەكگەيشـتنی نێـوان ئايينو سياسەت لە توركيا، بەو جـۆرەی كـە رەنگـی داوەتـەوە لـە تايبەتمەنـدی ئيسـلامی تـوركی گونجـاو بەهـەردوو رەهەندەكـەو كاريگـەر بـە ئايينـەكانی ديكـەی كيشـوەری ئاسـياو بـەڵكان لـە ميـانی سـەردەمی رابـردووی عوسمـانیو ئايينی مەسيحی.

ناكرێ قسە لەسەر پرسی ئايين بكەيت لە كاتێكدا سكيۆلارەكان لەلايـەكو ئيسـلاميەكان لـە لايـەكی ديكـەوە دابنێـت، بـەڵكو لـە هـەردوولا كۆمـەڵێك خاسـيەتو رەفتـاری هاوبـەشو تێكـەڵ هەيـە، كـەدەتوانرێ بەيەكـەوە كۆبكرێنەوە، بێ لەبەرچاوگرتنو گەڕانەوە بۆ ئەو ژمارە زۆرەی توركەكان، كە خۆيان لەگەڵ مۆدێرنە گونجاندووە.

هـەموو ئـەو رەفتارانـەی كـە خـاڵی هاوبەشـن، هـەن لـەنێوان ئيسـلاميەكانو سـكيۆلارەكان، هـەر بۆيـە لـە سەركردايەتی ئاك پارتیو لە واقيعيشـدا رەنگيـان داوەتـەوەو بـەكردەيی توانيويانـە بـەرگێكی نـوێ بەبـەر پرۆسـەی ئاشتەوايی نێوان ئيسلامدا بكـەن، هـەروەها لـەنێوان سـكيۆلاريزمو ديموكراسـی، بـەم پێيـەش بژاردەيـەكی بەرچـاوو جەماوەرێكی زۆريان بەلای خۆيانـدا راكێشاوە، ئەمـەش وايكـردووە لـە هەڵبژاردنـەكانی پەرلـەمانو شـارەوانيەكاندا زۆرينەی دەنگەكان بەدەست بێنن.

لـە شـوباتی 2000 لەوكاتـەی هێشـتا ئەنـدامی حزبـی فەزيلـە بـوو، سـەرۆكی ئێسـتای پـارتی دادوگەشـەپێدانو سەرۆك وەزيران رەجەب تەيب ئەردۆگان گوتی:"هەڵەيە ئەگەر پارتی سياسی يەكسان بكەين بە ئايين، ياخود ئايين يەكسـان بكـەين بەسياسـەت، ئامـانجی ئێمـە نەدامەزرانـدنی دەوڵـەتێكی ئيسـلامیو نـەپارتێكی سيۆكراسـيە، بـەڵام لەحاڵێكدا ئەگەر خەڵكێكی پاك تێكەڵ بەژيانی سياسی بوون بەبێ رەچاوكردنی هەموو پێوەرێكی ئاينی، ناكرێ نـاو لـەوە بنـرێ ئيسـلامی سياسـی. ئـاك پـارتی بـە بۆچـوونی خـۆی توانيويـەتی بـاوەڕ بەزۆرينـەی چـينی ئيسـلامی

موحافـەزەکار بێنــێ لـە کۆکردنــەوەی ڕەگــەزە دینامیکیــەکان، بەتایبــەت لــەبواری ئــابووری، کــە لەســەر بنــەمای ململانێیو کێبڕکێی ئازادو عەقڵانیو هەست کردن بەبەرپرسیارێتی لە راستگۆییو شـەفافیەتی سیاسـەتی ئـابووری بنیـاتنراوە، ئـاك پـارتی بانگەشـەی بونیادنـانی کۆمەڵگەیـەکی کـراوە دەکـات، کـە پەیوەنـدی راسـتەوخۆی لەگـەڵ دامـەزراوە ناحکومیـەکان هەیـە بـۆ فشـار خستنەسـەر حکومـەتو چـاودێریکردنی کارەکـانی لـەبوارەکانی ئـابووری، کلتووریو کۆمەڵایەتی، ئەم جۆرە تێگەیشتنە لەهزری ئـاك پـارتی بەرامبـەر بـە بونیـادی گۆمەڵگـەی کـراوە ئامـانج تێیدا رێگریکردنە لە پەیدابوونو ئامادەگی هەر سیستەمو دەوڵەتێکی نزیك لیبراڵی.

بـەدیوێکی دیکـە ئـاك پـارتی پشـتگیری لـە بیرۆکـەی دامەزرانـدنی دەوڵـەتی ئیسـلامی ناکـات، کـە سـەرتاپای بوارەکانی ژیان بەگوێرەی ئایدۆلۆژیای تایبەتی خۆی رەنگ بکات، بەڵکو ئەم شـێوە بیرکردنـەوەو تێگەیشـتنە بـواری زیاتر لەبەردەم دروست بوونو گەشەی کۆمەڵگەی ئیسلامی دروسـت دەکـات، کـە ئامـادەیی ئـەوەی تێـدا دەبـێ چـاو بەتەواوی کۆتو پێوەندەکانی چالاکی ئایینی بەتایبەت لەسەر هەردوو ئاستی فێربوونو رێکخستندا بخشێنێتەوە.

دوای ئەوەی سەرکردایەتی نوێخوازی ئاك پارتی لەساڵی 2001 لە پارتی فەزیلە جیابوونەوەی خـۆی راگەیانـد، لەبارەی پرسیارێك، ئایا چ شـتێکی نـوێ لـە بزاڤـە نوێخـوازو هاوچـەرخەکەتاندا هەیـە؟ وەڵامـی سـەرکردایەتی ئـاك پارتی بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

1- بزاڤـی نـوێی ئـاك پـارتی ئـیش لەسـەر هەسـتو سـۆزی ئـایینو بیروبـاوەڕی کۆمەڵگـە ناکـات، بـەڵکو کـار لەسـەر بنەماکانی دیموکراسی، شەفافیەت، دیالۆگو هاوکاری دەکات.
2- بزاڤی نوێ کار لەسەر شێوازی کاری سیاسی گوێڕایەڵی کردنی کوێرانەی سەرکردەو سەرۆك ناکات، وەکو ئـەوەی لەسەردەمی ئەربەکان پیادە دەکرا، بەڵکو بەگوێرەی شـێوازی کـاری بەکۆمـەڵ، یـاخود شـێوازی تـیمو گـروپ لـە سیاسەت، کارگێڕیو فەرمانڕەوایەتیدا کاردەکات.
3- بزاڤی نوێ خۆی بەچارەسەرکردنی کێشە گەورەو باڵاکان سەرقاڵ ناکات، بەڵکو کار لەسەر چارەسـەرکردنی ئـەو پرسانە دەکات، کـە پەیوەنـدیان بـە ژێرخانـەوە هەیـە، بەتایبـەت پەیـداکردنی هـەلی کـار بـۆ گـەلی تورکیـا، کـە بەدەستی بێکاری، نەبوونی یەکسانی لەدابەشکردنی داهات، گەشەو نادادپەروەری کۆمەڵایەتی دەناڵێنێ.
4- بزاڤی نوێ لەشـەڕ فرۆشـانی سیاسـەتو شـەیداو پەرۆشـانی ململانێـی سیاسـەتو دۆنکیشـۆتی مایـە پـووچ نیـە، بەڵکو بزاڤەکە بانگەشەی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی، دیالۆگو هاوکاری دەکات، چـونکە هێشـتا زۆر خـاڵی هاوبـەش لەنێوان سەرکردایەتی ئەم بزاڤەو بەرامبەرەکانیدا هەیە.
5- بزاڤـی نـوێ هـەرگیز نابێتـە هەڕەشـەو مەترسـی بەسـەر سیسـتمی سـکیۆلاریزم، چـونکە خـۆی لەهـەموو جـۆرە سیاسەتێکی لەم شێوەیە بەدوور دەگرێ، کە ببێتە مایەی هەڕەشە دروستکردن.
6- بزاڤـی نـوێ بەتـەنگ داوای هاووڵاتیانـەوە دەچـێ بـۆ چـوونە نـاو یـەکێتی ئـەوروپا، بـۆ ئـەم مەبەسـتەو لـە چوارچێوەی بەرژەوەندی نیشتمانیدا هەموو بارودۆخێکی گونجاو لەبەردەم خۆیدا ئامادە دەکات.

7- له پرۆگرامی پارتی نوێدا پرسی سەرپۆشی ئافرەتان نابێتە هۆکاری مشتومڕو ململانێ، بەڵکو هەوڵدەدا ئەم پرسە لەچوارچێوەی مافەکانی مرۆڤ چارەسەر بکات، بەتایبەت، کە ئەمڕۆ کێشەی بنەڕەتی ئافرەتی تورکی کێشەی سەرپۆشی نیە، بەڵکو کێشەی ئەو بریتییە لە ئابووری، کۆمەڵایەتی، بەشداری ژیانی سیاسی، ئازادیو یەکسانی لەسەرجەم بوارەکاندا.

8- بزاڤی نوێ پارێزگاری لە بنەماکانی سیستمی کۆماری دەکات، بۆیە ناچێتە ژێر باری شەڕی هێزە چەکدارەکان، بەڵکو پێڕۆی سیاسەتێکی روونو چالاك دەکات بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی ئەتاتورك بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخو مۆدێرن نەخشەی بۆ کێشاوە، بەڵام لە چوارچێوەی بەهاکانی ئیسلام کە 99٪ ی هاوڵاتیانی تورکیا باوەڕیان پێیەتی.

بۆیە دەکرێ گەیشتنی ئاك پارتی بۆ دەسەڵات بەوە راڤە بکەین، کە توانیویەتی پێداچوونەوە بەخودی رەوتە ئیسلامیەکاندا بکاتەوە، کاتێك سەرکردایەتی ئەو پارتە دێ خۆی وەکو چاکسازێکی رۆشنگەر، کە باوەڕی بە دیموکراسیو سکیۆلاریزم هەیە دەخاتە روو، لەبەرامبەریشدا وشەی ئیسلامی ناداتە پاڵ پارتەکە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دژی جیاکردنەوەی تورکیایە لەشووناسە ئیسلامیەکەیو داوا دەکات رێز لە ئایین بگیردرێ، ئاینێك کە سکیۆلاریزمی ئەتاتورکی لەماوەی 80 ساڵی رابردوودا نەیتوانیوە لەدڵو دەروونی خەڵك دەربێنێ.

بەم شێوەیە تێگەیشتنی ئاك پارتی کودەتایەکە بەسەر تێگەیشتنی ئیسلامی سیاسی باوو وێنەیەکی جیاوازە لە گوتاری ئیسلامی وشكو توند، کە خەریکە کۆتایی بەرووخساری تۆتالیتاریو مۆمیاکراوی دێنێو خۆی لەگەڵ دۆستایەتی سکیۆلاریزم تەواو دەکات. لەناوەڕۆکدا ئاك پارتی توانی بەزیرەکانە مامەڵە لەگەڵ سیاسەت بکات، بەمانایەکی دیکە توانی ئیش لەگەڵ پرسی سکیۆلاریزمو هاوکێشەکانی ناوخۆییو سروشتی پەیوەندیەکانی هەرێمایەتیو نێودەوڵەتی بکات، هەروەها سەرکەوتووبوو لە تەوزیفکردنو بەگەڕخستنەوەی ژێرخانی مێژوویی وڵاتو تەنگژەی ناسنامە، ئەمەش نەك لەترسی ناوخۆو دەرەوە، بەڵکو وەکو پێویستیەك بۆ زۆرێك لە کێشەکانی تورکیا.

پاشان لەماوەیەکی خێرادا ئاك پارتی توانی بنکەیەکی گەورەی جەماوەری لەکەرتو چینو توێژە جیاجیاکانی دەوڵەمەندانو هەژاران بەتایبەت لە خەڵکی گوندو شارۆچکەو شارەکانی سەرتاسەری تورکیا بەدەست بێنێ، سوودێکی زۆریشی بینی نەك لەدابەش بوونی سیاسی نێوان سکیۆلارەکانو چاکسازەکان، بەڵکو لەو دابەش بوونە کۆمەڵایەتییەی لەنێوان دانیشتوانی شارە گەورەکان لەرۆژئاوای وڵاتو دانیشتوانی گوندو شارە بچووکەکانی رۆژهەڵات دروست ببوو.

رەنگە قورسبێ ئەگەر بتوانی کۆی هۆکارەکانی هەڵکشانی ئاك پارتی لە پرۆسەی سیاسی تورکیا لەماوەی کەمتر لەساڵو نیوێکی تەمەنی دەستنیشان بکەیت، بەڵام بەگشتی دوو هۆکاری سەرەکی لە پشتەوەی ئەم هەڵکشانەدایە:

**یەکەم:** جارێکی دیکە گەلی تورکیا ئامادەنیە دەنگ بەچینێکی سیاسی تەقلیدی باو بداتەوە، کەماوەی سێ چارەگە سەدەیە وڵات رووبەڕووی توندوتیژی، دابەش بوونی ناوخۆیی، پشێوی‌و تەنگژەی بەردەوامی ئابووری کردۆتەوە.
**دووەم:** لەگەڵ ئەوەی ئاك پارتی هەڵگری ئاراستەی سکیۆلاریزمی موحافەزەکارە، بەڵام هێشتا دەنگدەری تورکی ئومێدی وایە هەڵکشانی ئاك پارتی ببێتە هۆی دووبارە هاوسەنگ کردنەوەی کێشەی شووناس‌و رۆشنبیری کە درزێکی قووڵی لەنێوان دەوڵەت‌و کۆمەڵگەدا دروست کردووە.

بەگشتی ئەزموونی ئاك پارتی مۆدێلێکی تازەو سەرکەوتووە لە بەیەکەوە گرێدانی ئیسلام‌و سکیۆلاریزم‌و دیموکراسی، بۆیە دەکرێ ببێتە پێشەنگ لەناوچەکەو وڵاتانی ناوچەکە بەگشتی‌و وڵاتانی عەرەبی بەتایبەتی سوودی لێوە ببینن بۆ چاکسازی‌و پێشخستنی سیستمی سیاسی، ئابووری، رۆشنبیری‌و کۆمەڵایەتی.

حکومەتی ئاك پارتی توانیویەتی لەماوەی فەرمانڕەوایەتیدا لەوەتەی 2002 وە پێشکەوتن لە زۆرێك لە دۆسیەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ بەدەستبێنێ بەتایبەت، کە پێشتر کۆسپ بوون لەبەردەم حکومەتە یەك لەدوای یەکەکان بۆ چوونە ناو یەکێتی ئەوروپا، بەتایبەت هەمووارکردنی مادە دەستووریەکان لەناویشیاندا هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان، هەڵوەشاندنەوەی دادگای ئاسایشی دەوڵەت، قەدەغەکردنی دەست بەسەرداگرتنی کەل‌و پەلی چاپکردن‌و دانان بە یەکسانی نێوان پیاوو ئافرەت، هەموو ئەمانەش سەنگی تورکیایان لەسەر ئاستی یەکێتی ئەوروپاو نێودەوڵەتی قورستر کرد.

جگە لەمانەش کارکردن‌و پێدانی کۆمەڵێك ماف بەکەمینەکان‌و مافەکانی رۆشنبیری، کە بەم دواییانە حکومەت پێشکەشیکرد کاریگەری گەورەیان بەسەر رەهەندی دیموکراسی ئەزموونی تورکی هەبوو، گرنگترینیشیان ئەمانەی خوارەوە بوو:

1- دووبارەنوسینەوەی دەستوورو یاساکانی تایبەت بە بەشداریکردنی سەرجەم چین‌و پێکهاتەکانی کۆمەڵگە لەبوارە جیاجیاکان بە ئامانجی دابینکردنی زیاتری ئازادی‌و دیموکراسی.
2- هەمووان بەیەکسانی‌و لەسەر بنەمای هاوڵاتی بوون مافەکانیان پارێزراو دەبێت، جگە لەمەش کەسەکان دەتوانن خاوەن ناسنامەی تایبەتی رۆشنبیری خۆیان بن.
3- دەبێت دەسەڵاتی ناوەندی‌و لۆکاڵی تەواو شەفاف‌و دیموکراتبن، بەشێوەیەك هەمووان تێیدا بەشداربن‌و هەموو هاوڵاتیانیش مافی چاودێری کردنیان هەبێت.
4- پێویستە بەبێ دوو دڵی‌و هیچ گومانێك حکومەت ئیمزا لەسەر هەموو ئەو پرۆتۆکۆڵ‌و پەیماننامانە بکات، کە پەیوەندیان بە بەها گشتیەکانی مافەکانی مرۆڤ‌و ئازادیەکان هەیە، بەتایبەت رێککەوتنامەو پەیماننامەکان لەچوارچێوەی ئەنجوومەنی ئەوروپی بەجۆرێك نابێ لە ئەمڕۆ بەدواوە تورکیا لەناوخۆدا ببێتە وڵاتی نکۆڵی کار لە فرەیی ناسنامە ئیتنییەکان‌و مەزهەبییەکان.

بەکورتی ئاك پارتی لە راپۆرتی پرۆگرامی خۆیدا باس لەوە دەکات ئەو نموونەیەی لەبیستەکان‌و سییەکانی سەدەی بیست لە گۆڕەپانەکەدا باوبوەو ململانێی ناوخۆیی لێکەوتەوە، ئێستا لەدوای هەشتا ساڵ پێگەی بەرتەسك‌و

جێگەی لێژ بووە لە کۆمەڵگەیەکدا، کە لەبەردەم پێشکەوتندا وەستان ناناسێ، بۆیە دەبێ ئەم نموونە باوە بگۆڕدرێ بە نموونەیەکی مۆدێرنو هاوچەرخ.

پێویستە جیاوازی بکرێ لە نێوان چەمکی ئوممەتو هاوڵاتی بوون، هەروەها لەبری نموونەی دەوڵەت — نەتەوە، کە تەنیا گوزارشت لەرۆحو رۆشنبیری یەك نەتەوەو پشتگوێ خستنی ئەوانی دیکە دەکات، دەبێ پشت بە نموونەی کۆمەڵگەیەکی نوێ ببەسترێ، کە هەڵگری فرە رۆشنبیریو شارستانێتیە لەژێر ناسنامەی باڵای تورکیادا.

لەوەتەی ئاك پارتی گەیشتۆتە دەسەڵات کۆمەڵێك هەمواری یاساییو دەستووری بەگوێرەی پێوەرەکانی کۆپنهاگن ئەنجام دراون، دوای ئەوەی یەکێتی ئەوروپا ئەم هەموارکردنانەی بەمەرج دانا بۆ دەست پێکردنی دانووستانەکان بە مەبەستی بە ئەندام بوونی تورکیا لە یەکێتیەکە، لەماوەی ئەم چەند ساڵەشدا توانراوە حەفتا یاسا بەشێوەی هەندەکیو هەمۆکی (الجزئی والکلی) هەمواربکرێنەوە، بەڵام ئەوەی زۆر گرنگو دیارە بریتیە لە پەیوەستی سوپاو رۆڵو پەیوەندییەکەی بەدەسەڵات، فەرمانڕەوایەتیو سیاسەتەوە، چونکە لە وەتەی دامەزراندنی سیستمی سکیۆلاریزم لە 1923و لە سەردەستی کەمال ئەتاتورك سوپا خۆی بە پارێزەری یەکەمی بەهاو بنەماکانی ئەو سیستمە دادەنێ، بگرە هەر ئەم هەڵوێستەی سوپا بوو وایکردووە هەڵوێستی یەکێتی ئەوروپا سوورتر بکات، لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەییو بەستنەوەی بە دەستەی سوپا سالارو وەزارەتی بەرگری مەدەنی، بۆ ئەوەی تورکیا هاوشانی دامەزراوەکانی ئەوروپاو بنەماکانی کۆپنهاگن هەڵبکات، بۆ ئەم مەبەستەش تورکیا چەند هەنگاوێکی گرنگی هەڵنا کە ئەمانەی خوارەوەن:

1- هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی کە پێشتر گەورە سەرکردەکانی سوپا دەسەڵاتیان بەسەر داگرتبوو،و گۆڕینی ئەو ئەنجوومەنە بۆ ئەنجوومەنی راوێژ.
2- زیادکردنی ئەندامانی مەدەنی لە ئەنجوومەنی راوێژ بەجۆرێك پێشتر ئەندامانی سوپا بە نۆ ئەندام بەرامبەر پێنج ئەندامی مەدەنی زۆرینە بوون، بەم دواییانەش بۆ یەکەمین جار لەوەتەی ساڵی 1928 وە کەسێکی مەدەنی بوو بە ئەمینداری گشتی ئەنجوومەنەکە.
3- مل پێکەچکردنی بوودجەی سوپا بۆ بەدواداچوون، چاودێریکردنو لێپچینەوەی لەلایەن دادگاو پەرلەمانەوە بە مەبەستی رێکخستنی خەرجیەکانی کە پێشتر 9٪ ی بودجەی گشتی دەوڵەتی بۆ تەرخان دەکرا بەبێ گەڕانەوە بۆ حکومەتو گفتوگۆکردنی لەلایەن پەرلەمانەوە. هەروەها راستەوخۆ توانای کڕینی چەكو تەقەمەنی هەبوو،و خاوەنی پشکێکی گەورەش بوو لە پیشەسازیە گەورەو سەرەکییەکان.
4- ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە سروشتی نێوان دامەزراوەی سەربازیو حکومی، بەجۆرێك ئەنجوومەنی راوێژ لەبری سەرۆکایەتی سوپا سالار ڕستەوخۆ بە حکومەت بەسترایەوە، هەروەها بەپێچەوانەی رابردوو مەرج نیە حکومەت پابەند بێت بە بڕیارەکانی ئەنجومەنەکە، هەروەها لەبری کۆبوونەوەی مانگانە ئەنجوومەن کۆبوونەوەی دەوری خۆی هەر دوو مانگ جارێك گرێدەدا.

ئەم گۆڕانەی بەسەر رۆڵی سوپادا هات لە پەیوەندی ژیانی سیاسی چەند هۆکارێکی ناوخۆییو دەرەکی لە پشتەوە بوو، لەسەر ئاستی ناوخۆیی دوو هۆکاری سەرەکی هەیە کە برتین لە:

1- رێبازو پرۆگرامی میانڕەوانەی ئاك پارتی، کە خۆی بەدوور دەگرێ لە بەرکەوتنی سوپاو بژاردەی سکیۆلاریزم، هەروەها بەیەکەوە گونجاندنی ئیسلامو سکیۆلاریزم لەبەرنامەی کاری سیاسی خۆیدا بەگوێرەی پێوەرەکانی ئەوروپی، بەم شێوەیە لەسەر ئاستی ناوخۆ ئەردۆگان توانی متمانەی سوپا بەدەستبێنێو لەسەر ئاستی یەکێتی ئەورووپاش رێز و قورسایی بۆ خۆی دروست کرد.

2- پاشەکشەی مەترسیەکانی ناوخۆیی، کە هەریەك لە پارتی کرێکارانی کوردستان بەسەرۆکایەتی ئۆجەلانو هێزە ئیسلامیە توندڕۆکان لەناویشیاندا حزبوڵڵای تورکی نوێنەرایەتی دەکەن، وایکردووە سوپا بگاتە ئەو باوەڕەی، کە لەسەر ئاستی نیشتمانی دەستکەوتێکی گەورەی ئەمنی بەدەست هاتووەو هەڕەشە ناوخۆییەکانیش بۆ نزمترین ئاست دابەزیوون.

لەکۆتاییدا دەکرێ دامەزراندنی ئاك پارتی ناوبنێین لەدایك بوونی رەوتێکی دیموکراسی ئیسلامی لە تورکیا هاوشێوەی مەسیحیە دیموکراسەکانی رۆژئاوای ئەوروپا، کە رێگە لە بەردەم وەرچەخانی سکیۆلاریزم بۆ نموونەی سکیۆلاریزمی فەرەنسیو دواتریش بۆ نموونەی ئەمریکی خۆش دەکات. ئەوەی جێگەی تێڕامانو هەڵوەستەکردنە بەدەگمەن لە مێژووی هاوچەرخدا دەبینی، حکومەتێك یاخود دەوڵەتێك کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی موسڵمان بێت هەوڵی جیدی بدات بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامێکی ئەکتیڤی کۆمەڵگەکانی جیهانی نوێدا، لەمیانی بەگەڕخستنی تواناکانی لە مامەڵەیەکی جیدیو عەقلانیدا لەگەڵ هێزو کۆمەڵە نوێیەکانو کێشە کەڵەکەبووەکانی نەتەوەیی، هەرێمیو جیهانی.

# خوێندنەوەیەکی تایبەت بۆ ئەزموونی پارتی دادو گەشەپێدانی تورکی

**راشید غەنوشی[58]**

**تورکیا وڵاتی دژەکانو رەنگە تێکەڵەکان:**

لە رووی جوگرافیاوە تورکیا وڵاتێکە دەکەوێتە نێوان هەردوو کیشوەری ئاسیاو ئەوروپا، بەڵام زۆربەی خاکەکەی دەکەوێتە کیشوەری ئاسیا، ئەمەش وایکرد سەرۆکی پێشووی فەرەنسا وەرگرتنی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا رەتبکاتەوە، بەئەندام بوونیشی لەو یەکێتییەدا بە هاوتای لەباربردنی یەکێتیەکە دابنێ، بەڵام لەرووی سیاسیەوە تورکیا بۆتە وڵاتێکی دیموکراسی بگرە بووەتە نموونەو پێشکەوتووترین وڵاتی دیموکراسی لە ناوچەکە بەجۆرێك لەرێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە پەرلەمانو حکومەتی ئەم وڵاتە هەڵدەبژێردرێن.

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانو هەڵوەستە لەسەرکردنە لەرووی مێژووی پەیوەندی وڵاتان بە مۆدرێنە تورکیاش هاوشێوەی هەریەك لە وڵاتانی تونسو میسرە، بۆیە ئەم وڵاتە لە سەردەمە جیاجیاکاندا چەندین جار ئاڵوگۆڕی دیموکراسیو کودەتا سەربازیەکانی بەخۆوەبینیووە. دواهەمین کودەتای سەربازیش لەساڵی 1980 بوو، کە توانی سنوورێك بۆ شەڕی نێوان گروپەکانی نەتەوەییو چەپەکان دابنێ، هەروەها ویستیشی سنوورێك بۆ هەڵکشانی ئیسلامیەکان دابنێ، ئەوەبوو سوپا نەگەڕاوە سەربازگەو پێگەی خۆی تاوەکو سەرلەنوێ ژیانی سیاسی رێکخستەوە، بەشێوەیەك توانی پێداچوونە بەکۆی گشتی هەیکەلی دەوڵەتدا بکاتەوە بۆ ئەوەی دامەزراوەی سەربازی بکاتە چاودێری تەواوی پرۆسەی دیموکراسی لە وڵات کە تاچەند پابەندە بەچوارچێوەی سکیۆلاریزم، بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵێك بڕارو رێوشوێنی گەورەی ئابووری، سەربازیو پەیوەندیەکانی نێودەوڵەتی گرتەبەر، هەمووشیان لەرێگەی ئەنجومەنی ئاسیشی نەتەوەییەوە بوو، کە لە دەسەڵاتیدا هەبوو سەرۆك وەزیرانی هەڵبژێردراو لابەرێتو خودی پرۆسە سیاسیەکان رابگرێ، پارتە سیاسیەکانیش هەڵبوەشێنێتەوەو سەرۆکەکانیشیان بخاتە زیندان، ئامانجی سەرەکیشی لەم هەوڵە بۆ ئەوەبوو دواجار سوپا ببێتە خودی دەوڵەت.

لە رووی رۆشنبیرییەوە تورکیا وڵاتی رۆشنبیریو چینو توێژە دژەکانە، ئەوەبوو کودەتای (بڕاردەی کۆمەڵەی "دۆنمە" ئەو یەهودیانەی دوای دەرکردنیان لە ئەندەلوس موسڵمان بوونو هاتنە ناوجەرگەی خەلافەتی ئیسلامی، بەسەرۆکایەتی کەمال ئەتاتورك توانیان پایتەختی ئیسلامی، کە لە هەرسێ کیشوەری ئاسیا، ئەوروپا، ئەفریقیا پێکهاتبوو بگۆڕن بۆ دەوڵەتێکی شۆفێنی نەتەوەیی سکیۆلاریزمی توندڕۆ، کە تاسەر دژایەتی ئیسلام دەکات. هەروەها لەمیانی پرۆسەیەکی گشتگیر هەوڵیدا تەواوی دامەزراوەکانی ئیسلام لە فێربوون، وەقف، دروشم، سیمبولو پیرۆزیەکان بگرە یاسادانانو دەوڵەت بگۆڕێ بە ناسنامەی نەتەوەیی سکیۆلاریزمی ئەوروپی. لە راستیدا

---

(58) بیرمەندو سەرۆکی بزووتنەوەی نەهزەی ئیسلامی لە تونس.

.http://arabic.bayynat.org/mouslimmijhar/7izibeladala.htm

کودەتاکەی کۆمەڵەی دۆنمە بێ گوێدانە ئەرکی بەرپرسیارێتی پاراستنی شووناسی راستەقینەی گەل سەرتاپای رووگەی دەوڵەتی گۆڕی، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا ئەزموونی سێ چارەگە سەدەی ژیانی سیاسی لە تورکیا سەلماندوویەتی گۆڕینی شووناسی گەلان کارێکی زۆر قورسە، چونکە گەلان ئامادەن بۆ مانەوەیان لەسەر سروشتی باوی خۆیان هەموو شێوە بەرەنگار بوونەوەیەك بکەن، ئەوەبوو دواتر لە پەنجاکانی سەدەی رابردوو لەناو بژاردەی سکیۆلاری سەربازی بژاردەیەك بەسەرۆکایەتی (عەدنان مەندەریس) سەریهەڵداو بەهۆیەوە دیواری سکیۆلاریزمی توندڕۆ درزی تێکەوت، لەگەڵیشیدا جارێکی دیکە بانگدان بەزمانی عەرەبی گەڕایەوەو رێگە بەکردنەوەی پەیمانگاکانی پێش نوێژو وتارخوێنان درا. لەگەڵ ئەوەی ئەم سیاسەتە لەماوەی ساڵانی 1950 - 1960 درێژەی کێشا، بەڵام پارێزەرانی پەرستگای سکیۆلاریزم جارێکی دیکە توانیان کودەتا بەسەر دیموکراسیدا بکەن‌و هەریەك لەعەدنان مەندەریس سەرۆك وەزیران‌و جەلال بایاری سەرۆك کۆمار لەسێدارە بدەن.

پاشان بەهۆی فشاری ئەورپا، کە بەسەر بژاردەی سکیۆلاریزمی سەربازیدا سەپێنرا، سەرلەنوێ بارودۆخ ئاسایی دەبێتەوە، لەم نێوەندەشدا پارتێکی سکیۆلاریزم نزیك لە رێبازەکانی سۆفیگەری بەسەرۆکایەتی سلێمان دیمریل سەرهەڵدەدا، هاوشێوەی سیاسەتەکانی مەندەریسیش دێ رێگە بە پیادەکردنی ئیسلام‌و سرووتە ئایینیەکانی دەدات.

لە سەردەمی دیمریلدا بزاڤی ئیسلامی بەسەرۆکایەتی نەجمەدین ئەربەکان دەست بەچالاکی خۆی دەکاتەوە، بەڵام ئەم جارەیان وەکو پارتێکی نوێی سیاسی‌و بەناوی پارتی سەلامەت، ئەم پارتە لەناو جەرگەی ململانێکانی نێوان راستڕۆو چەپڕەوەکان دێتە گۆڕەپانی سیاسی، ئەم ململانێیە هەلێکی باش لە بەردەم ئەربەکان دەرەخسێنێ بۆ ئەوەی لەگەڵ زۆربەی پارتە سکیۆلارەکان هاوپەیمانێتی ببەستێ، جارێك لەگەڵ چەپەکان بەسەرۆکایەتی بلێند ئەجەویدو دووجاریش لەگەڵ پارتی دادپەروەری بەسەرۆکایەتی دیمریل.

دواتر ئەو هاوپەیمانێتیە دەبێتە هۆی بوژانەوەی ژێرخانی ئیسلامی بە تایبەت کردنەوەی چەندین قوتابخانەی سەرەتایی‌و ناوەندی بۆ دەرچووانی پێش نوێژو وتارخوێنان‌و وەرگرتنیان لە کۆلێژی شەریعە بەمەبەستی درێژەپێدان بە خوێندن، هەروەها توانرا ئابلۆقەی سەر مزگەوتەکان‌و ئایینداری گشتی هەڵبگیردرێ، بەڵام جارێکی دیکە لەنێوەندی هەڵکشانی ئیسلامیەکان‌و ململانێی توندی راستڕۆو چەپەکاندا هاوکات لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران سوپا هاتەوە گۆڕەپانەکەو لە 1980 کودەتایەکی دیکەی ئەنجامداو دەستووری چوارەمی وڵاتی دانا، کە سوپای وەکو تاکە پاسەوانی سکیۆلاریزمی کەمالی ناساند. پاشان تورگۆت ئۆزال سەرۆکایەتی وڵاتی گرتە دەست‌و هەمان رێبازی مەندەریسیشی گرتەبەر بەئامانجی ئاشتکردنەوەی تورکیا بە شووناسە ئیسلامیەکەیی‌و شلکردنەوەی توندی سکیۆلاریزمی ئەتاتورکی دژ بەئیسلام.

لەم دۆخەداو پاڵنەر بەکۆمەڵێك هۆکاری ناوخۆیی‌و دەرەکی، سەرلەنوێ ئیسلامی سیاسی پێگەی خۆی داکوتایەوەو ئەمجارەیان پارتی رەفا بەسەرۆکایەتی نەجمەدین ئەربەکان هاتە گۆڕەپانەکە، لەگەڵ خۆیشیدا پرۆسەی وەرگێڕانی کتێبەکانی ئایینی، بەتایبەت کتێبی نووسەرە ئیسلامیە میانڕۆکان خێرا دەستی پێکردوو

گەیشتە دەستی خوێنەرانی، کە ئەمەش هێندەی تر تەوژمی ئیسلامی پتەوترکرد. ئەوەبوو لە 1996 بۆ یەکەمین جار لە مێژووی هاوچەرخی تورکیادا ئیسلامی سیاسی بە نوێنەرایەتی پارتی رەفا توانی بەهاوپەیمانێتی لەگەڵ پارتێکی سکیۆلاریزمی موحافەزەکار بەسەرۆکایەتی تانسۆ چیلەر حکومەت پێکبهێنێ.

هەرچەندە ئەربەکان سازشی لە زۆر پرسدا کرد، کە پەیوەندی بە پیرۆزی ئەتاتورکەوە هەبوو، لەناویشیاندا رێزگرتن لە سیستمی ئەتاتورکی، راوەستان لەسەر گۆڕی ئەتاتورك‌و سڵاولێکردنی، پێشوازیکردن لە بەرپرسانی ئیسرائیل‌و پاراستنی پەیوەندیەکان لەگەڵ هاوپەیمانی ئەتلەنتی‌و ئەوروپی، بەڵام بەبیانووی هەبوونی پەیوەندی بەهێزی بەوڵاتانی عەرەبی‌و ئیسلامی، سەردانیکردنی وڵاتانی لیبیا، میسرو ئێران‌و کارەکانی بۆ دامەزراندنی یانەی هەشت G8 بۆ گەورە وڵاتانی ئیسلامی‌و پێشوازیکردنی لە کۆمەڵێك کەسایەتی دیاری سۆفیگەری‌و پێشەوا گەورەکانی ئاینی تۆڵەیەکی توندی لێکرایەوەو کۆتایی بە دەسەڵاتەکەی هێنرا.

سەرەڕای کارە گەورەکانی ئەربەکان لە دابەزینی ئاستی بێکاری‌و قەبارەی قەرزی دەرەکی بۆ نزمترین ئاست، هەروەها پێشکەوتنی ئەدای شارەوانیەکان، کە لەلایەن پارتی رەفا بەڕێوەدەبران لە بەرامبەریشدا هەڵکشانی ئیسلامیەکان‌و پتەوتربوونی پێگەیان لە نێوەندی سیاسی، کارگێڕی، ئابووری‌و کۆمەڵایەتی، بەڵام دەستەی باڵای پیاوانی کار، رۆژنامەکان‌و سەرکردەکانی سەربازی فشاری زۆریان خستە سەر ئەربەکان‌و ناچاریان کرد دەست لەکاربکێشێتەوە، دواتریش لە رێگەی دادگای باڵاو بە تۆمەتی بێرێزیکردن بە ناسنامەی دەوڵەتی سکیۆلاریزم پارتەکەیشی هەڵوەشێندرایەوە. بەم شێوەیە سکیۆلارەکان هێرشێکی توندیان بەرامبەر رەوتەکانی ئیسلامی دەست پێکرد، پاشان ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لە کۆبوونەوەی 28 ی شوباتی 1997 دا بڕیاری لەسەر 18 بەندی دژ بە رەوتەکانی ئیسلامی لەسەر ئاستەکانی جیاوازی ئابووری، فێربوون‌و کۆمەڵایەتی دەرکرد، فەرمانیشی بۆ سەرۆك وەزیران دەرکرد، کە جێبەجێیان بکات ئەمەش وایکرد ئەربەکان دەست لەکاربکێشێتەوە، لێرەوە جارێکی دیکە تورکیا پێدەنێتە قۆناغێکی ئاڵۆزی سیاسی، رۆشنبیری، ئابووری‌و گەندەڵی، ئەم قۆناغەش ماوەی پێنج ساڵی خایاند تاوەکو سەرلەنوێ رەوتێکی نوێی بزاڤی ئیسلامی بە سەرۆکایەتی رەجەب تەیب ئەردۆگان دێتە گۆڕەپانەکە، پێشتر ئەردۆگان هەلێکی باشی بۆ رەخسابوو کاتێك سەرۆکی شارەوانی ئەستەنبۆڵ بوو، کە بەهۆیەوە توانای لێهاتوویی خۆی تێدا دەرخستبوو جەماوەرێکی زۆریش خۆشیان دەویست.

دوای ئەوەی دەسەڵاتی سەربازی ئەربەکانی سەرۆکی پارتی رەفاهی لەسیاسەت دوورخستەوە، لەمەودوا ئەربەکان ناچاربوو لە میانی پارتێکی نوێ بەناوی (فەزیلە) کاری سیاسی خۆی بکات، بۆ ئەم مەبەستەش پارێزەر (رەجائی کۆتان)ی دۆستی نزیکی خۆی بۆسەرۆکایەتی پارتە نوێیەکە هەڵبژارد، لەم ماوەیەدا فەزیلە وەکو ئۆپۆزسیۆن کاری کرد، بەڵام جارێکی دیکە دەسەڵاتی سەربازی دووبارە پارتەکەی هەڵوەشاندەوە، دواتریش پارتی سەعادە وەکو ئەلتەرناتیڤی فەزیلە دروست بوو. لە کۆنگرەیەکدا کە تێیدا رەوتی گەنجان بەسەرۆکایەتی عەبدوڵڵا گوڵ‌و رەجەب تەیب ئەردۆگان لەناو پارتی سەعادە دەرکەوتن، کە پێشتریش هەردووکیان لەلایەن ئەربەکانەوە متمانەی زۆریان پێدرابوو، خەریك بوو گوڵ وەکو سەرۆکی سەعادە هەڵبژێردرێ بۆئەوەی هەرزوو بەرنامە

چاکسازیەکەی، کە خۆیی‌و ئەردۆگان داوایان دەکرد جێبەجێی بکەن، بەڵام ئەو مەرامەیان بەرجەستە نەبوو ڕەوتەکە بە بەدەستهێنانی ڕێژەی 51٪ ی ئەندامانی پارتێکی نوێ بە ناوی دادوگەشەپێدان دامەزراند

بیرۆکەی بنەڕەتی ئاك پارتی بریتی بوو لە: جێبەجێکردن‌و هەموارکردنەوەی بەڵێنەکانی بەگوێرەی قۆناغی شەش ساڵی رابردوو کە تورکیا پێیدا تێپەڕ ببوو، بەجۆرێك بزاڤی ئیسلامی لەلایەن دەسەڵاتی سەبازییەوە ڕووبەڕووی دوورخستنەوەو هەوڵەکانی ریشەکێشکردن بوویەوە.

گرنگترین بیرۆکە کە ئاك پارتی پێڕۆی کرد خۆ بەدوورگرتن بوو لەهەموو جۆرە بەرکەوتنێك لەگەڵ سوپاو سکیۆلاریزم، بەڵکو کاردەکات بۆ ئەوەی متمانەیان لەلا دروست بکات، دڵنیابوو ئەم هەوڵەیشی سەرکەوتوو نابێ تا ئەربەکان بەردەوامی‌و ئامادەگی هەبێ چونکە ئەو لایەنی راستەوخۆی بەریەککەوتنەکانە لەگەڵ سوپا. هەروەها ئاك پارتی ئەولەویەتیدا بە پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەوروپا، لایەنی ئابووری‌و خۆ دوورخستنەوە لە پرسە هەستیارەکانی وەکو سەرپۆشی ئافرەتان کە گەرمترین گۆڕەپانی ململانێی نێوان ئیسلامیەکان‌و سکیۆلارەکانە بەجۆرێك پەرلەمان بەبێ دوودڵی ئافرەتێکی سەرپۆش لەسەری کردە دەرەوەو لە ئەندامێتیشی لابرد، چونکە بەگوێرەی دەقی دەستوور پەرلەمانتار نابێ بەسەر پۆشەوە بچێتە پەرلەمان، ئەمە لەکاتێکدا زۆرینەی ئافرەتانی تورکیا بۆ نموونە 70٪ - 80٪ ی ئافرەتانی ئەستەنبوڵ سەرپۆش دەکەنە سەریان.

دەرکەوتنی ئاك پارتی دواهەمین هاواری تورکیای گڕگرتوو بوو لە تێکەڵی دژەکان، تورکیایەك تێکەڵ لە ئیسلام‌و سکیۆلاریزم، عوسمانی‌و ئەوروپی، دیکتاتۆری‌و دیموکراسی، دەسەڵاتی گەل‌و دەسەڵاتی سوپا، لەنێوان شەقامێك لێوان لێو لە ئیسلام‌و دەستوورێکی دژ بە ئیسلام، ئەمە ئەو واقیعەیە کە پێویستە ئاك پارتی بەدانایی مامەڵەی لەگەڵدا بکات‌و گرەو لەسەر ئارامی بەرەو پێشوەچوون بکات، مشت‌ومڕە وروژێنەرەکان بۆ قۆناغێکی دیکە هەڵبگرێت‌و سەرلەنوێ دەست بە دووبارە دانانەوەی لە پێشینەکانی خۆی بکات، لەچارەسەری کێشەی مووچە، مافەکانی مرۆڤ، یاسا سەروەری، بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بەتایبەت لەناو بژاردەی فەرمانڕەوا، زەمینەسازیکردن بۆ چوونە ناو یەکێتی ئەوروپا لە پێناو بونیادنانی سیستمێکی تازەی دەوڵەت‌و دانانی سنوورێك بۆ بەرگرتن لە رەهایی دەسەڵاتەکەی.

## راستەڤینەکانی پرۆژەی ئاك پارتی چین ؟

ئاساییە پرسیار لەبارەی درێژەپێدانی پرۆژە نوێیەکەی ئاك پارتی بکرێت، کە لە(مەندەریس)ەوە دەستی پێکرد، دواتر سەرلەنوێ لەسەردەمی دیمریل‌و دواتریش ئۆزال دووبارە بوویەوە، لەسەردەمی ئەربەکانیش گەیشتە لووتکە. پرۆژەی ئاك پارتی بریتیە لە ئاشت بوونەوەی تورکیای هاوچەرخ بە مێژوو و شووناسی راستەڤینەی

خـۆی، ئەمــەش لـەمیانی دانــانی سـنوورێك لەبــەردەم شـلگیریەكانی دەوڵـەتی سـكیۆلاریزمی دژ بــە ئـایین. وەكـو هەوڵێكش بـۆ ئـاڵوگۆڕپێكردنی سكیۆلاریزمی تونـدڕۆ بـە سـكیۆلاریزمی میـانڕەو وەكو ئـەوەی لە ئـەوروپا بـوونی هەیەو پیادە دەكرێ، بەتایبەت لەمامەڵەكردنی لەگەڵ ئـایین بەشـێوەیەكی بێلایـەن، ئەمـەش بەسوودوەرگرتن لـە ئەزموونــە نەرێنیــەكانی حكومەتــەكانی پێشـوو، پشتبەسـتن بــە نــەرمو نیــانی زیــاتر بــەئامانجی خزمــەتكردنی پرۆژەكەو خۆبەدوورگرتن لە بەركەوتنی راستەوخۆی دەسەڵات.

گرنگی پرسیارەكە لەوەدایە هێشتا هەندێك باوەڕیان وایە پرۆژەكەی ئاك پارتی سازشكردنە لەسەر پرۆژەی بزاڤی ئیسلامی، بگرە بەخیانەتی لەقەڵەم دەدەن زۆربەی جاریش ناو لە پرۆژەكـە دەنـێن سـكیۆلاریزمی ئیسـلامی؟ زۆرێكـیش لەلایـەنگرانی ئەربــەكان نــاوی دەنــێن رازی بــوون بــە دامــەزراوەكانی ســەربازی، دارایــیو (راگەیانــدنی ئامانجـدار)ی ئەمــەریكاو ژیــان لــەژێر بــاڵی دەســەڵاتێكی تونــدو سازشــكردن لــە جەوهــەری پــرۆژەی ئیســلامیو خۆبەدەستەوەدان بە سكیۆلاریزم.

پـارتی دادو گەشـەپێدان بەسـەرۆكایەتی ئـەردۆگان سـەرۆكی شـارەوانی ئەسـتەنبۆڵ لـە پـاڵ پارێزگـاریكردن لەجـەماوەری خـۆی لـەناو رەوتـەكانی ئیسلامی تـوانی، توێـژێكی زۆریـش لـەناو راسـتڕەوی سكیۆلاری كۆنسـێرڤاتۆر بەشـێكی جـەماوەری چـەپڕەو بــەلای خۆیـدا رابكێشـێ، هــەروەها بەهــەمان هۆكـاری شكسـتی پارتــە تەقلیدیــەكان لەچارەسەركردنی كێشە گەورەكانی توركیـاو بڵاوبوونــەوەی گەنـدەڵی، ئـاك پـارتی تـوانی یــەك لەسـەر سـێی دەنگـی دەنگدەرانی كورد بەدەست بێنـێ، بـەم شـێوەیە رەوتــەكانی ئیسـلامی توانیــان 23٪ی دەنگـەكان بەدەسـت بێـنن، كـە 21٪ی كورسیەكان بۆ ئاك پارتی بوو لەبەرامبەردا 2٪ی كورسیەكان بەر پارتی سەعادە كەوت.

لە خوێندنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەكانی 2002 بۆ خوێنەر روون دەبێتەوە هەموو ئەوانـەی كـە دەنگیـان بـە ئـاك پـارتی داوە باوەڕیـان وایـە ئـەو پارتـە نوێیـە بەسـەرۆكایەتی سـەرۆكێكی گـەنج دەتوانـێ وڵات لـە قـەیرانی ئابووری، شەڕی ناوخۆیی لە كوردستانو بەریەككەوتنی سوپا رزگار بكات.

هەرچۆنێك بێـت سـەركەوتنی ئـاك پـارتی بـە سـەر پارتـە تەقلیدیـەكان لـە هەڵبژاردنـەكانو گەیشـتنی بـە دەسەڵات پەیوەندی بەژێرخانی ئیسلامیانەی خودی پارتەكەو بنكە جەماوەرییـەوە هەیـە، بۆیـە لەمـەودوا دەبێـت ئاك پارتی بەهەمان نەفەسی پێشووی بزاڤی ئیسلامی كار لەسەر ئەولەوییەتی پرسە تایبەتیـەكانی ئیسـلام، ئـازادی تاكەكان، بەجێهێنانی سرووتە ئاینیەكان، پرسی سەرپۆشی ئافرەتانو كردنەوەی قوتابخانەكانی ئایینی بكـات، بـەڵام بەگوتارێكی نوێو جۆرە تـاكتیكێكی دیكـە بـۆ ئـەوەی راسـتەوخۆ بـەر ركابـەرەكان نەكـەوێ، كـە رێگـرن لـە بـەردەم سەرخستنی پرۆژەكەی.

لەدەركەوتنی ئاك پارتی وەكو هێزێكی نوێ ئەم چەند خاڵەی خوارەوە تێبینی دەكرێ:

أ- بنكەی جەماوەری کە ئاك پارتی گەیاندە دەسەڵات ڕێژەی سەرووی 22٪ی دەنگدەران بوو، لەکۆی ئەو ڕێژەیەش تەنیا 2٪ی دەنگەکان بۆ پارتی سەعادە گەڕایەوە، کەواتە کۆی گشتی ڕێژە ماوەکە لە بەرژەوەندی ئاك پارتی بووە.

ب- ئەدای کاری ئیسلامیەکان لە بەڕێوەبردن نەرێنی نەبووە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەرێنی بوو، بۆ راستکردنەوەی ئەم قسەیەش ئەدای ئیسلامیەکان لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەردۆگان کاتێك سەرۆکی شارەوانی ئەستەنبوڵ بوو، کە لەوێوە ئەستێرەی بەختی دەرکەوت، ئەمەش نەك بە بەرزکردنەوەی دروشمی بریقەداری ئیسلامی، کە لەبنەڕەتدا هەر قەدەغە بوو، بەڵکو لەو کارو دەستکەوتانەی لەماوەی کارکردنی بەدەستی هێناون لە دابینکردنی کارەبا، ئاو، چاککردنەوەی ڕێگەوبان، گەیاندنی خزمەتگوزارییەکانی دیکەو زیادبوونی پارەی ماوە لە بوودجەی شارەوانیو چەندین دەستکەوتی دیکە کە هەموو ئەمانە وادەکەن جەماوەر متمانەی زیاتر بەکەسایەتیە ئیسلامیەکان بکەنو قورسایی زیاتریان پبسپێرن. ئاك پارتی پێچەوانەی هێزو ڕەوتە تەقلیدیەکانی دیکەی ئیسلامی بەدەر لە بەڵێنی بەهەشتو ترسان لە ئاگر، بەڵکو دێ ئەوەی کۆمەڵگە پێویستیەتی لە چارەسەرکردنی کێشەکانو بنەبڕکردنی گەندەڵی ئەوە دەکاتە بەرنامەی کاری خۆی.

ج- هەموو ئاماژەکان لەجیهانی ئیسلامی بە ئاڕاستەی بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئایندارین، ئەگەرچی زۆر هەوڵی جیدیو توندیش دراوە بۆ وشکردنی سەرچاوەکانیو ریشەکێشکردنیان وەکو ئەو نموونانەی لە تونسو تورکیا دەبینرێن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئاستی هۆشیاری ئایینی بەردەوام لە هەڵکشاندایە وەکو تۆڵەیەکیش لەو هەوڵانەی، کە دراون بۆ سەپاندنی بەزۆرە ملێی ئایدۆلۆژیاو ئایینێکی نامۆ بە کۆمەڵگاکانو پوکانەوەی ویژدانی ئاینی راستەقینەی خەڵك، کە دواجار هەر ئەویش بووەتە هۆی دروست بوونی بۆشاییەکی گەورە لەنێوان خەڵكو دەسەڵات سەرەنجامیش تەقینەوەی کۆمەڵگەی لێدەکەوێتەوە.

د- لە ئێستادا هەڵگرانی پەیامی ئیسلام هاوشانی نەتەوەو ئایینەکەی لەبەرەی بەرەنگاربوونەوەی هەڵمەتەکانی دژ بە ئیسلام راوەستاون.

ئاك پارتی نموونەیەکی دیکەیە لەسەرکەوتنی بزاڤی ئیسلامی لە تورکیا، کە توانیویەتی بەسەر هەموو رکابەرەکانیدا لە پارتە سکیۆلارە تەقلیدیەکان سەربکەوێ، بەشێوەیەك توانیویەتی لەماوەی هەرسێ هەڵبژاردنەکانی 2002 ، 2007 و 2011 بەتەنیا حکومەت پێکبهێنێ، کە پێشتر لە مێژووی هاوچەرخی تورکیا هیچ پارتێك نەیتوانیوە بۆ سێ جار لەسەر یەك بەتەنیا حکومەت پێکبهێنێ.

بەگشتی دەرکەوتنی ئاك پارتی لە 2002 سەرەتاکەی بۆ پەنجاکانی سەدەی رابردوو، بەڵکو بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیست دەگەڕێتەوە کاتێك هەوڵەکان قایمتر بوون بۆ پرۆسەی بەرۆژئاواییکردنی تورکیاو تێکەڵاوکردنی بە گۆڕانەکانی ئەو سەردەمو مۆدێرنەکردنی کۆمەڵگە بە بەهاکانی ئەوروپی. گومانی تێدانیە هەموو پارتە سکیۆلارە یەك لەدوایەکەکان بەدرێژایی ماوەی فەرمانڕەوایەتیان پیادەی ئەم جۆرە بیرکردنەوە نوێیەیان کردووە، جارێك

لەسەر شێوازی مارکسی، جارێکی دیکە بەشێوازی فەرەنسی، کە ئایین بە کۆسپ لەبەردەم پێشکەوتنی گەلان دادەنێ، بۆ ئەم مەبەستەش بەردەوام پێڕۆ لەسەر دوو میکانیزم کراوەتەوە.

**یەکەم:** (ئیجتیهادی کوێرانە)و پەراوێزخستنی دەق‌و دوورخستنەوەی لە کرۆکی مەبەستدارو راڤەیەکی لابەلا بەجۆرێك، کە ئایین بخاتە خانەی تایبەتمەندی تاکەکەسی‌و بێ لەبەرچاوگرتن، کە پەیوەندی بەگشتیەوە هەیە.

**دووەم:** یا ئەوەیە دەبێ سەرچاوەی بالای وەحی بێ بەجۆرێك لەژێر سیاسەتی چینێکی دیاریکراو بەکاربهێنرێت، بەواتایەکی دیکە دەبێ دەسەلات‌و ئایین دوو رووی یەك دراو بن، هەرچۆنێك مەبەست بێ‌و چۆن لەگەڵ بەرژەوەندی یەکانگیربێ ئەوە بەسەر خەڵکدا بسەپێنرێ.

لە رووی ئەم تێگەیشتنە شکست خواردووەدا بۆ بە سکیۆلارکردنی کۆمەڵگا لەسەر شێوازی کۆمەڵگەکانی ئەوروپی، تورکیا ماوەی سەدەیەك لەجیهانی عەرەبی‌و ئیسلامی دابڕێندرا، لەگەڵ ئەم دابڕانەش وڵات رووبەرووی چەندین کۆست، قەیران‌و کێشەی ئیتنی‌و رۆشنبیری نموونەی (کێشەی کورد) بوویەوە، کە پێشتر لە هیچ شوێنێکی مێژووی بەر لە سەرهەڵدانی ململانێ نەتەوەییەکان کێشەی کورد نە لە تورکیاو نە لە عێراق بوونی نەبووە. بۆیە ئەمڕۆ مایەی سەرسوڕمانی نیە ئەگەر رێژەیەکی زۆری دەنگدەرانی کورد دەنگ لە بەرژەوەندی ئاك پارتی، کە هەڵگری ژێرخانێکی ئیسلامیە بدەن.

سەرکەوتنی ئاك پارتی تەنیا گوزارشت نیە لەسەرکەوتنی کەسانی ئایندار، دەست پاك، نزیك لە خەڵك‌و بەرگریکار لە شووناسی ئیسلامی... بەڵکو هەڵگرانی ئەم پڕۆژەیە کاردەکەن لەسەر ئاشتەوایی تورکیا لەگەڵ ناسنامەی ئیسلامی ئێستاو رابردوو، لەنێوان ئیسلامیەتی تورکیاو بزاڤی ئیسلامیانەی لەلایەك‌و ئێستای نەتەوایەتیەکەی‌و سکیۆلاریزمیەکەی لەلایەکی دیکە. ئارەزووی ئاك پارتی رووبەڕوو بوونەوەی بەرەنگاریە گەورەکانە، کە بەرۆکی تورکیاو جیهانی ئیسلامی دەگرن، لە راستیدا ئاك پارتی پێویستییەکە بۆ تێکەڵکردنی ئیسلام‌و مۆدێرنە، ئیسلام‌و دیموکراسی بەگشتی.

## ستراتیژییەت، هەل‌و مەرج‌و هۆکارەکانی بەدەنگەوە چوون چین؟

بزاڤی ئیسلامی تورکی، کە پرۆفیسۆر نەجمەدین ئەربەکان دامەزرێنەرییەتی، بەهەموو شێوە جیاجیاکان تا دەگاتە پارتی سەعادە بەسەرۆکایەتی کۆتان‌و پارتی دادوگەشەپێدان بەسەرۆکایەتی ئەردۆگان لەچواچێوە تیۆرییەکەی پارتایەتی دەرچووەو بەکردەیی بوونی خۆی لەواقیعدا پیادەکردووە. ئەندازیارو دامەزرێنەری بزاڤی ئیسلامی تورکی بەباشی زمانی ژمارەو پلانی ستراتیژی زانیوەو ئەو رەوتانەیشی کە دایمەزراندوون لەسەر شێوازو

سروشتی خۆی پێیگەیانـدوون، بـەجۆرێك توانیویـەتی لـەبری شـێخی رێبازەكـانی سـۆفیگەری سـەركردەكانی بزاڤـی ئیسلامی رۆڵی ئەنـدازیاری بزاڤەكـە ببیـنن. زانـراویشـە توێشـووی هـزری بزاڤـی ئیسـلامی تـوركی سەرچاوەكەی لـە كۆمەڵەی برایانی موسڵمانی میسر، كۆمەڵەی ئیسلامی پاكستانو بزووتنـەوەی نـەهزەی تـونس وەرگـیراوە، بەتایبـەت دوای ئـەوەی لـەماوەی رابـردوودا بزاڤـی ئیسـلامی تـوركی تـوانی پەلـە بكـات، لـە وەرگێڕانـی زۆرێـك لـە بەرهەمـە هزریەكانی گۆڕەپانی هزری ئیسلامی لەجیهانی ئیسلامی، جگە لەمەش لەماوەی سێ چارەگە سـەدەی رابـردوو، ئـەم بزاڤـە بەشـێوەیەكی ئاشـكرا كـاری سیاسـی، ئـابووریو كۆمەڵایـەتی خـۆی ئـەنجام داوە، هـەر ئەمـەش وایكـردووە ئیسلامیەكانی توركیاو مالیزیا لە ئیسلامیەكانی وڵاتانی عەرەبی جیابكرێنەوە.

زاڵ بوونی لایەنی كردەیی بەسەر لایەنی تیۆریو مشتومڕی ئایـدۆلۆژی وایكـردووە بزاڤەكـە پێشكەوتنێكی بەرچاو بـەخۆوە ببینـێ، بەتایبـەت كـە توانیویـەتی بـەوردی چاودێری هـەموو ئـەو ژێرخانـە هزریانـە بكـات، كـە لـەجیهانی ئیسـلامی بڵاودەبنـەوە، ئەمـەش لـەمیانی وەرگێڕانـی بەرهەمـە هزریـەكانی هزرڤانـانی نـەوەی نـوێو هاوچەرخ، دواجـار ئەمـەش بووەتـە هـۆی رەگ داكوتـانی هـزری مۆدێرنـە لـە گۆڕەپـانی ئیسلامیو تێكەڵكردنی بـە بـەهاكانی دیموكراسـی، مافـەكانی مـرۆڤو كۆمەڵگـەی مـەدەنی، بـەڵام بەشـێوە سـۆفیگەریەكەی توراسـی كۆمەڵگـەی توركی. ئەمانـە ئـەو راسـتیەن كـە هـەموو چاودێرێكو توێـژەرێكی شـارەزا لـە بـواری بزاڤـی ئیسـلامی تـوركی بـۆی بەرجەستە دەبێ، بەتایبەت هێزێكی نوێی وەكـو ئـاك پـارتی دەتوانـێ لەماوەیـەكی كورتـداو لـەمیانی بەدەسـتهێنانی زۆرینـەی دەنگەكان بگاتـە جەرگـەی دەسـەڵات، بـەجۆرێكی دیكـە ئـاك پـارتی هـیچ كاتێـك لـەمیانی بەڕێوەچـوونی هەڵبژاردنەكاندا خۆی وەكو هێزێك یاخود پارتێكی ئایینی بەجەماوەر نەناساندووە، بـەڵكو ئـەوەی بەلایـەوە گـرنگ بـووە بـریتی بـووە لـە بەیەكـەوە گونجـانی نێـوان ئیسـلامو سـكیۆلاریزم، هـەروەها لـە رووی ئابووریـیـەوە بـەرگێكی پۆشـتەو فراوانـی ئایـدۆلۆژی كـردە بـەر، جیـاواز لـەو بەرگـە ئیسـلامیەی، كـە پێشـتر پێـی ناسـراو بـوو، كـە خـودی دامەزرێنەرانی ئاك پارتی لەسەری پەروەردەو گەورە ببوون.

ئەم روانگە تایبەتەی ئاك پارتی لە بنەڕەتدا هەڵوێستێكی زانستیانەی رەسەنو پتـەوە، بـەجۆرێك هەنـدێك لـە سكیۆلارەكان باوەڕیـان وابـوو سـەركەوتنی ئـاك پـارتی جۆرێكـە لەسـەركەوتنی سكیۆلاریزمو شكستی ئیسلامی سیاسی، هەندێكی دیكـە لـە قەڵـەم بەدەسـتان ئایـدۆلۆژیای ئـاك پارتیـان بـە ئایـدۆلۆژیای سـكیۆلاریزمێكی بـاوەڕدار ناوبرد بێ ئەوەی تەنانـەت بەڵگەیـەكی تـازەو كـۆنیش بەدەسـتەوەبدەن، بیسـەلمێنێ ئـەردۆگانێك چـەندین سـاڵ بـە تۆمەتی بێڕێزیكردن بە سكیۆلاریزم زیندانیكراوە ئێستا بووبێ بە كەسێكی سكیۆلار، لەكاتێكدا ئـەو تـەنیا لـەمیانی پێشكەشكردنی وتارێك چەند دێـڕە شـیعرێكی جەلالـەدینی رۆمـی خوێندبوویـەوە كـە دەڵـێ:" قورئـان تاكـە چـەكە، مزگەوتەكان قەڵاو بارەگامانەو منارەی مزگەوتەكانیش تۆپو تۆپخانەن". بەو تۆمەتەوە خرایە زیندانەوە.

لەوەتەی سەردەمی داگیركاری رۆژئاواو شـەڕی هـزری، كـە بەهـەموو جۆرێـك كاردەكـات بـۆ پەراوێزخسـتنو دوورخستنەوەی ئیسلام لەژیانی دەستووری موسڵمانانو بەسكیۆلاركردنی كۆمەڵگەكانی ئیسلامی، لەوكاتـەوە بزاڤـی

ئیسلامی ئامادەگی خۆی لە گۆڕەپانەکە سەلماندووە. ئێستاکە جیاوازیەکی تەواو هەیە لە نێوان ئەو چاکسازیە ئەرێنیانەی لە رۆژاوئاواو ئەوروپا بەرامبەر بەکڵێسا، پیاوانی ئاینیو دەقی پیرۆز ئەنجام دران، چونکە لە ئیسلامدا شوێنی هەموو بەهاکانی مرۆڤو کەسەکان کراوەتەوە بگرە لەمەسەلەی (ئازادی عەقڵ)و نرخ بۆدانانێکی لە هەموو جۆرە خۆسەپاندنێکی دەرەکی، هەروەها کرانەوەی بوار لەبەردەم عەقڵ بۆ هەر مەبەستێك کەدەیەوێ عەقڵانی ئەنجامی بدات بێ ئەوەی هیچ ئاسەنگێك لەبەردەمی دروست بکرێت، دواجاریش ئەو متمانە زۆرەی پێیدراوە بۆ گەیشتن بەزانستی بێسنوور. ئەمە لەکاتێکدایە کە کڵێسا بەدەستهێنانی زانستو زانیاری لەدەرەوەی پەرتووکی پیرۆز رەتدەکاتەوە. لەمەوە دەردەکەوێ کە سکیۆلاریزم بۆ ئەوروپا بەرهەمێکی حەتمی بوو، بەڵام ئیسلام پێویستی بە هاوردەکردنی ئەو بەرهەمە نیە.

ئەمە راستە مەرجەعی باڵای وەحی لە چوارچێوەی میکانیزمەکانی ئیجتیهادی عەقڵی رێگرنیە لە جیاوازیو پلورالیزم، بگرە بەریەککەوتنو دژبوونی هزری موسڵمانان لە ناوخۆیاندا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بۆ هیچ کەس نیە پەیامی ئیسلام بۆ خودی خۆییو راڤەی تاکە کەسی قۆرخ بکات، بگرە ئیسلام هاندەرە لەسەر پیادەکردنی ئیجتیهادی عەقڵی لە چوارچێوەی سنووری دیاریکراودا.

## بەشێك لەسکۆلاریزمو هەموو سکیۆلاریزم

(عەبدولوەهاب موسەیری) یەکێك لەشارەزاو چاودێرەکانی پێشکەوتنی زاراوەی سکیۆلاریزم لەدوا توێژینەوەی خۆیدا باسی لە (سکیۆلاریزمی بەشەکیو هەمووەکی) کردووە، بە بۆچوونی موسەیری زاراوەی سکیۆلاریزم وەکو هەر زاراوەیەکی دیکە نموونەی مۆدێرنەو رۆشنگەریو گلۆبالیزەیشن بەسەر دوو بەرەی خەڵك لە لایەنگرانو نەیارانی دابەش بووە، ئەم زاراوانە بەتایبەت سکیولاریزم زۆرترین قسە هەڵدەگرێتو زیاتر دەوروژێندرێ، مشتومڕی زۆرەیشی لەسەری دەکرێت، جۆرێك لە فرە ماناو رەهەندی جیاواز بەزاراوەکە دەدات، بەڵام ئەگەر وردتر لەزاراوەکە وردبینەوە بۆمان روون دەبێتەوە، پێچەوانەکەی راسترە هۆکارەکەیشی بۆ ئەمانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە:

1- کێشەی سکیۆلارەکان، کە واباوە سکیۆلاریزم واتا جیاکردنەوەی ئایین لەدەوڵەت، ئەمەش بازنەی زاراوەکەی کورت کردۆتەوەو تەنیا لایەنە رووکەشییەکەی دەرخستووە.

2- گوایە سکیۆلاریزم بریتیە لە کۆمەڵێك بیروبۆچوون‌و پیادەکردنی ئاشکرا، بەڵام ئەم تێڕوانینە بووەتە هۆکاری بەلاوەنانی لایەنەکانی پرۆسەی بە سکیۆلاریزمکردنی شاراوەو ژێرخانەکی.

3- سکیۆلاریزم بریتیە: لە بیرۆکەیەکی نەگۆڕو بەدوای خۆیدا گۆڕانی بەسەردا نایێت، بەڵام وەك ئاشکرایە سکیۆلاریزم مێژووی خۆی هەیە، ئەمەش ئەم بیرۆکەیە رەتدەکاتەوە.

4- زانستی کۆمەڵناسی رۆژئاوا شکستی هێنا، لە پێشخستنی نموونەیەکی تێکەڵ‌و گشتگیری سکیۆلاریزم، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی زاراوەی سکیۆلاریزم پارچە پارچە بێت‌و چەند خوێندنەوەیەکی جیاوازی بۆ بکرێت، دەرئەنجامیش زاراوەیەکی روون بەدەستەوە نەدات.

لێرەدا موسەیری دەڵێ:"دوو جۆر سکیۆلاریزم هەیە، کە یەکەمیان بەشەکییەو بریتیە لە جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت، دووەهەمیان هەمووەکییە، کە بەمانای جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت نیە، بەڵکو مەبەست جیاکردنەوەی هەموو بەهاکانی مرۆڤایەتی، رەوشت‌و ئایینە نەك هەر تەنیا لەدەوڵەت، بەڵکو لە سروشت‌و ژیانی مرۆڤ لەسەر هەردوو ئاستی تاك و گشتیدا، بەجۆرێك هەموو جۆرە پیرۆزییەك لە ژیانی مرۆڤ دادەنرێ‌و دەیکاتە مادەیەکی بەکارهاتوو، کە دەکرێ تەوزیف بکرێ بۆ بەرژەوەندی بەهێزترینیان".

لەبەر ئەوەی سکیۆلاریزم مانایەکی روونی نیە، هەروەها تاوەکو تێیدا کۆمەڵێك دەقی جۆراوجۆرو هەمەچەشنە دەردەچێ، هەڵگەڕانەوەی ئاك پارتی دەسەلمێنێ، کە هێڵە گشتیەکانی هزری بزاڤی ئیسلامی کە باوەڕی بە گشتگیری ئیسلام هەیە، لە هەموو جۆرە بیرکردنەوە، دیدگا، بەهاو رەفتارێکی تاکە کەسی‌و گشتی، کە ئەمەش رێك پێچەوانەی باوترین ماناکانی سکیۆلاریزمە، کە سیاسەت لەهەموو ئەمانە ئازاد دەکات، بەواتایەکی دیکە بواری گشتی لە نفوزی ئایینی رزگار دەکات، بۆیە تاوەکو ئەم قۆناغە وەکو خۆی دەمێنێتەوە هەڵوێستی ئاك پارتیش لە فەرمانڕەوایەتیکردن لەسەر دواهەمین ئایدۆلۆژیای پێکهاتەی بزاڤی ئیسلامی تورکی، کە خودی خۆیەتی لەسەر بنەمای هەڵکردن‌و گونجان لەگەڵ دۆخەکە، کە پڕیەتی لە بەرکەوتنی دژەکان‌و دەوری ژیانی سیاسی تورکیایانداوە، بەهەمان شێوە وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

گومان لەوەدانیە موسڵمانەکانی ناو ئاك پارتی لەچوارچێوەیەکی بەرتەسك پیادەی سیاسەت دەکەن، بەجۆرێك وانەی زۆریان لە ئەزموونەکانی پێشوو وەرگرتووە، کە ئەگەر نەتوانن بەهەموو گونجان‌و نەرم نیانیەکیان مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە بکەن، ئەوا سەری خۆیانی لەسەر دادەنێن. بەهەمان شێوەی ئاك پارتی بارودۆخی ئیسلامیەکانی تونس، جەزائیرو میسریش هەمان بارودۆخە بەجۆرێك زۆرێکیان یاسای پارتەکانی وڵاتەکەیان پێڕۆدەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هیچ یەکێکیان سازش لەسەر موسڵمان بوون‌و ئیسلامیەتی خۆی ناکات.

زۆرجاران جۆرە لێدوانێکی گوماناوی لەلایەن ئاك پارتیەوە دەردەچێ، کە بۆنی هەڵگەڕانەوەو گۆڕانی هێزری لێدێت، بەڵام لە راستیدا تەنیا پەیوەندی بەپلانی زانستیەوە هەیە، کە خۆی بەفیقهی واقیع لەسەر بنەمای شوێنو کاتەوە دەبەستێتەوە، بە ئامانجی ئەوەی تەواو لەگەڵ بارودۆخەکە هەڵبکات. ئەمەش بە لە بەرچاوگرتنی دابەزینی قورئانی پیرۆز بەشێوەی قۆناغو پلە بەندیەکەی، بۆ نموونە پرسی سەرپۆشی ئافرەتان، کە گەرمترین گۆڕەپانی مشتومڕی نێوان ئیسلامیەکانو سکیۆلارەکانە بەجۆرێك سکیۆلارەکان بەهەموو جۆرێك دژایەتی دەکەنو رەتی دەکەنەوە، لەگەڵ ئەمەشدا چەندین جار هاوسەرو کچانی زۆربەی سەرکردەکانی ئاك پارتی لەسەرووی هەمووشیانەوە سەرۆك وەزیران بەسەر پۆشەوە دەبینرێن، زۆربەی جارەکانیش ئەم کارە لەلایەن سکیۆلارەکان سووکایەتی پێکراوە، بەڵام هێشتا ئاك پارتی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە پابەندی ئاینەکەیەتیو هیچ کاتێکیش ئەم کارەیان بەسەر خەڵکی دیکەدا ناسەپێنن، بەڵام لەداهاتوودا کار بۆ ئەوە دەکەن بەشێوەی پلەبەندبوون خەڵکی فێربکەن.

ئەگەر ورتر بڕوانینە زۆرێك لە راگەیاندراوەکانی ئاك پارتی، باشتر روون دەبێتەوە، کە ئاك پارتی درێژەپێدەری کەلەپوری بزاڤی ئیسلامی تورکیە، بەڵام بەشێوەیەکی پێشکەوتووتر لە پێشینەکانی، زیاتر دەربڕی گوتارێکی عەقلانیترەو سازشێکی ژیرانەو تاکیکە، لە مامەڵەکردنی لەگەڵ پرسە گەرمەکان.

لە راستیدا پێشتریش ئەربەکان بەهۆی کەڵەکەبوونی فشارەکانی واقیعو ئەزموونەکانی پێشووی لەگەڵ حکومەتە جۆراوجۆرەکانی تورکی، کە لەسێکوچکەی ژووری پیاوانی کار، گەورە رۆژنامەنووسانو سوپا پێکهاتووە، لەسەرێکی دیکەوە مەیلی تورکیا بەلای ئەوروپا، هاوپەیمانی ئەتڵەنتیكو دامەزراوەکانی سەرمایەداری نێودەوڵەتی پێشکەوتنێکی جۆری لە گوتارەکانیدا روویدا.

وەکو دیارە ئەربەکان لەسەر بنەمای بەرەنگاربوونەوەی پڕۆژەکەی ئەتاتورك لە دابڕاندنی تورکیا لە جیهانی عەرەبیو ئیسلامیو لکاندنی بە ئەوروپاو رۆژئاوا دەستی بەکاری بزاڤی ئیسلامی کردووە، هەر بۆیە نەوەی نوێی ئاك پارتی جارێکی دیکە دێ مەیلی خۆی بەرەو لای هەردوو جیهانی عەرەبیو ئیسلامی لار دەکاتەوە، بەهەموو میکانیزمێکی یاساییش رووبەڕووی پڕۆژەکەی ئەتاتورك دەبێتەوە، لە ئەندامێتی تورکیا لە پەیمانی ئەتڵەنتیك، سیستمی سەرمایەداریو هاوپەیمانێتی زایۆنیزم، جگە لەمەش پێشتر ئەربەکان بۆ ئەوەی لەگەڵ دۆخەکە هەڵبکات جۆرێك لە گوتارو مامەڵەی واقیعیانەی پێڕۆ کردووە، بەئامانجی فراوانکردنی پڕۆژەکەی، بەڵام هێشتا لەگەڵ واقیع بینینەکەی ئەستەمە پاسەوانانی کۆمار قەبووڵی کەسایەتیەکی کاریزمی لەو شێوەیە بکەن، بەتایبەت کە زۆر جاران ئەربەکان لەوبازنانە دەجووڵایەوە، کەبەلای سوپاوە قەدەغەو هێڵی سوور بوون، ئەوە بوو دواجار بەو هۆیەوە لەدەسەڵات لادەبردرێ، بەڵام لەو ماوەیەداو لەژێرەوەو لە میانی پەروەردەکردنی نەوەی نوێ گوڕو تینی خێراتر بە بزاڤەکە دەداتو هەریەك لە گوڵو ئەردۆگان وەکو دوو کەسایەتی گەنجو دیاری ناو رەوتەکە بێ سازش کردن لە ئایدۆلۆژی بنەرەتی خۆیان کە بزاڤی ئیسلامی لەسەر دامەزراوە دێنە گۆڕەپانەکە، بۆیە دەبینی

نـەوەی نـوێ قسـە لەسـەر پڕۆژەکـەیان دەکـەن، کـە زیـاتر لـەلای ڕۆشـنبیریەوە مەبەسـتدارە بەتایبـەت سـەبارەت بەرپرسـی ئاشـتەوایی نێـوان سـکیۆلاریزم‌و ئیسـلام، دیموکراسـی‌و ئیسـلام، هـەروەها پارتەکـەیان وەکـو پـارتێکی موحافەزەکاری موسڵمان لەسەر هەمان ریتم‌و شێوازی پارتەکانی مەسیحی ئەوروپا خۆیـان بەجەماوەر ئاشـنا کـرد. لەلای خۆیانەوە لایەنگرانی ئەربەکان دووپاتی دەکەنەوە، کە خودی گوتاری ئاك پارتی بە تەنیا نـەبوو بـۆ گەیشتن بەدەسەڵات، بەڵکو ئـەو ڕێککـەوتن‌و خـۆ گونجاندنـەی پارتەکـە بـوو لەگـەڵ دەسـەڵاتی کۆمـاری، کـە لـە سێکوچکەی بزنسمانان، ڕۆژنامەنووسان‌و سـوپا لەگـەڵ پشـتیوانی هەریـەك لـە ئەمـەریکاو ئیسـرائیل پێکهـاتووە، بەتایبـەت، کـە ڕاگەیاندن بەجۆرێك پروپاگەندەی دەکردو بەخەڵکی نیشان دەدا، کە جگە لە ئاك پـارتی وەکـو پـارتێکی راسـتڕەویی موحافەزەکارو پارتی گەلی کۆماری وەکو پارتێکی چـەپ هـیچ پـارتێکی دیکـە لـە گۆڕەپانەکـە نیـە، ئەمـەش وایکـرد ئەوانی دیکە پەراوێز بخرێن.

لەڕاستیدا ئەم جۆرە راڤەکردنەی لایەنگرانی ئەربەکان سەبارەت بەسـەرکەوتنەکانی ئـاك پـارتی زێـدەڕۆیی زۆری تێدایە، چونکە ئەوکات دەبێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی، کە هۆشیاری گەلی تورکیا لە ئاسـتێکی نزمدایـەو بووەتـە یاری بەدەست ڕاگەیاندنەکانەوە، بێ ئەوەی ڕەچاوی ئـەکتیڤی ئـەو سـتافەی نـاو ئـاك پـارتی بکـات، کـە دەسـتکەوتی گەورەو بەرچاویان بەدەست هێنابوو لەکاتی بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان.

لەژێر ڕۆشنایی هەموو ئەمانەدا سەرکەوتنی ئاك پارتی لە هەڵبژاردنەکان هاوشێوەی شۆڕشـێکی سـپی بـوو، دژی سیسـتمێکی سیاسـی مـردوو، کـە لەڕێگـەی سـندوقەکانی دەنگدانـەوە لـە گـۆڕنرا. ئەمـە لەسـەرێك لـەرووی سیمبولییەوە هەرەسـی پرۆسـەی بـەرۆژئاواییکردن‌و سکیۆلاریزەکردنی تورکیـاو سـەرەتای کۆتـایی پرۆسـەکە بـوو، لەسـەرێکی دیکـەوەش سـەرکەوتنی دیموکراسـی ناسـکیۆلاریزم بـوو، بەمانایـەکی دیکـە سـەرکەوتنی ئـاك پـارتی بەڵگەیەك بوو لەسەر پێداگری‌و سوور بوونی گەلی تورکیا بۆ چوونە ناو یەکێتی ئەوروپا، وەکو گـەلێکی موسـڵمان‌و بەسەرکردایەتی گەنجێکی بەهێزی پشت ئەستوور بە گەلەکەیی‌و ئاشت کردنـەوەی مێـژووی وڵاتەکـەی بـە هـەردوو جیهانی عەرەبی‌و ئیسلامی.

وەکو پێشتریش ئاماژەمان بەوەدا، هەندێك کەس سەرکەوتنی ئاك پارتی بەئاشت بوونەوەی نێـوان ئیسـلام‌و سـکیۆلاریزم لەقەڵـەم دەدەن، لەڕاسـتیدا پێشـتریش بۆچـەندین جـار ئیسـلامییەکان‌و سـکیۆلارەکان بـە پارێزگـارو چەپیانەوە لەدەوری بەرنامەی کاری سیاسی‌و یەك حکومەتدا بەیەکەوە کۆبوونەتەوە، ئەگەر تەماشا بکەین هـەمان ڕووداوی هاوشـێوەش لـەوڵاتانی عـەرەبی‌و ئیسـلامیدا ڕوویـداوە، بـۆ نموونـە کاتێـك لـە پرۆسـەی ئاشـتەوایی نێـوان ئیسـلامیەکان‌و سـکیۆلارەکان دامـەزراوەی کـۆنگرەی نەتـەوەیی ئیسـلامی دێتـە دامەزرانـدن، کـە چـەندین چـالاکی مەیدانی لەسەر ئاستەکانی سیاسـی لـەنێوان پارتـەکانی عـەرەبی یـاخود لەچوارچێوەی ڕێکخسـتنی ڕێپێوانـەکان بـۆ پشـتگیریکردن لـە هـەردوو گـەلی فەلەسـتین‌و عێـراق ئـەنجام داوە، هـەروەها لەسـەر ئاسـتی نـاوخۆیی، بـۆ نموونـە لەیەمـەن ڕەوتـەکانی چاکسازی، سۆسیالیسـتی‌و ناسـری بەیەکـەوە کۆدەبنـەوە دواتـر بـە ئامـانجی شکست پێهێنـانی

یەکگرتنەکە (جاروڵڵا عومەر) تێرۆر دەکرێ. لەسەر ئاستی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش بەهەمان شێوە چەندین جار بۆ بەرگریکردن لە ئازادیو مافەکانی کرێکارانو بەرەنگاربوونەوەی دیکتاتۆریەت، ڕەوتەکانی ئیسلامیو سکیۆلارەکانی ناو سەندیکاکانی پیشەییو کرێکاران یەکیان گرتووە، بەڵام ئەوەی جێگەی ئاماژە پێدانە ئەو یەکگرتنەی نێوان ئیسلامیەکانو سکیۆلارەکان تەنیا لەلایەن ڕەوتە میانڕۆکانی نێوان هەردوو قوتابخانەکەوە بووە، لەلایەکی دیکەوە تائێستا لەناو هەردوو قوتابخانەکە ڕەوتە توندڕۆکان دژ بەیەکنو بەهەمووشێوەیەك یەکتری ڕەتدەکەنەوەو هەوڵی ڕیشەکێشکردنی یەکتری دەدەن. ڕوونتر بڵێین ئەوەی لە تورکیا لەنێوان ئیسلامیەکان ڕوویداوە، سەرەتاکەی بۆ هاریکاریەکانی نێوان هەردوو باڵی میانڕۆی ئیسلامیەکانو سکیۆلارەکان لە حەفتاکانی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە، بەم شێوەیە شەڕەکە لە قووڵایی بووە نەك لە ڕووکەشی ئیسلامو سکیۆلاریزم، بەڵکو لەنێوان باڵی توندڕۆیی هەردوولا بەردەوامی هەبووە.

ئایا بۆچی ئاك پارتی پێداگری دەکات لە بەئەندام بوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا ؟ ئەمە لەکاتێکدا زۆربەی ئیسلامیەکان پێ لەسەر پێچەوانەکەی دادەگرن.

ئێستا وەڵامەکە بەم شێوەیە دەبێ، پێداگری ئاك پارتی لەو پرسە پەیوەندی بەشەڕی دیموکراسی تورکیاوە هەیە، لەو چوارچێوەیەی کە سێکوچکەی بزنسمانان، ڕاگەیاندنەکانو سوپا دایناوە، بۆیە ئاك پارتی هەوڵدەدات تورکیا لەو چوارچێوەو بازنە بەرتەسکە دەربازبکاتو ئیرادەی گەل لەژێر حاکمیەتی کۆماری ڕەها دەربهێنێ، بەجۆرێك جێ پێی ژەنەڕاڵەکان لێژبکات، کە بەناوی بەرژەوەندی تورکیاو کۆمارەکەییو بەرەنگاربوونەوەی مەترسی رادیکاڵی، گوایە کاردەکات بۆ دووبارە دامەزراندنەوەی خەلافەتو شەڕی سەرلەنوێی ئەوروپا، توانیویەتی خۆی بەسەر ئیرادەی گەل بسەپێنێو لەبەرامبەریشدا جۆرە بێدەنگیەکی ئەوروپا لەو هەموو ستەمەی دەیکات بەدەست بێنێ.

لە ڕاستیدا سوور بوونی ئیسلامیەکان لە بەئەندام بوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا جۆرێکە لە چەك پێدانانی رکابەرەکانیانو لێسەندنەوەی پاڵپشتیە وەهمیەکانی دەرەکیو خستنەڕووی ڕاستگۆییەکی ئەلتەرناتیڤ، کە هەموو ئەو پەڵە ڕەشانە لەسەر تورکیا لادەدات، سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ بەگوێرەی پێوەرەکانی کۆپنهاگن، هەروەها خۆ دەرخستنی ئیسلامیەکان بەم شێوەیە لەڕاستگۆیی هاوبەشی پێکردنی هەمووان تەواو پەردە لەسەر سکیۆلارە توندڕۆکانی تورکیاو زۆرێك لەوڵاتانی عەرەبیو ئیسلامی هەڵدەداتەوە، لە ماڵەکردنیان لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ لەژێر سایەی ڕژێمێکی توندو دیکتاتۆرانە، کە تەواوی مۆدێرنەو سکیۆلاریزمی لەخۆی داڕنیوە.

ئاشکرایە لەگەڵ بوونی سکیۆلاریزمی توندڕۆ، کە لە سێکوچکەی دەسەڵاتی بزنسمانان، ڕاگەیاندنەکانو سوپای کۆماری پێکهاتووە، بەڵام هیچ کاتێك گۆڕەپانی تورکی داخرانی گشتی هەموو وێستگەکانی کرانەوەی بەخۆوە نەبینیوە، بۆیە لەمێژووی هاوچەرخی تورکیا توندوتیژی ئیسلامی نابینرێ، بەپێچەوانەوە هەمیشە توندوتیژی سکیۆلاریزمی چەپەکانو ڕاسترۆکان هەبووە. هەرچۆنێك بێت لەهەموو ئەزموونەکانی پێشووی بزاڤی

ئیسلامی لە هەڵوەشاندنەوەی چەندین پارتی سیاسی ئیسلامیو بەرژێرخان ئیسلامیو دەستگیرکردنی سەرکردەو سەرۆکەکانیان، بەڵام هێشا گۆڕەپانی ئازادیەکان کراوەیە لەبەردەم پێشوازیکردن لە پارتێکی نوێی سەر بەهەمان بزاڤ.

تاکە پشتگیری تورکیا بۆ چوونە ناو یەکێتی ئەوروپا خودی پارتێکی بەهێزو سەرکردەیەکی ئاشت بووەوەیە، لەگەڵ شووناسی راستەقینەی هاریکار لەگەڵ قووڵایی هەردوو جیهانی عەرەبیو ئیسلامی، لەڕاستیدا ئاك پارتیو سەرۆکەکەی نوێنەرایەتی هەلێکی گەورەدەکەن بۆ سەرخستنی پرۆسەی دیموکراسی راستەقینە لە تورکیای ئیسلامیو پتەوکردنی دەسەڵاتی گەل لەو وڵاتەدا، بەتایبەت دوای ئەوەی هێزێکی وەکو ئاك پارتی کە ناسراوە بە موحافەزەکارو بەرگریکار لە شووناسی ئیسلامی، رووبەڕووی رەوتێکی چەپی بەرگریکار لە پاشماوەی ئەتاتورکی دەبێتەوە، ئەمەش بەیەکێك لە بەهاکانی مۆدێرنە دادەنرێ.

بەقەد ئەوەی سەرکەوتنی ئەزموونی ئاك پارتی پاڵپشتیەکی مەعنەویە بۆ هێزە دیموکراتەکان بەجیاوازی بیروبۆچوونیان لە هەردوو مەرجەعیەتی ئیسلامیو سکیۆلاریزم، کە جێگەی تێڕامانو بەدواداچوونە، بەقەد ئەوەش مەترسیەکە بۆسەر هێزە توندڕۆکانی سەر بەهەردوو مەرجەعیەتەکە، بۆیە بەشێکیان دێن ئەزموونەکە ناشیرین دەکەن، بەجۆرێك هەندێکیان نکۆڵی لە ئیسلامێتی ئاك پارتی دەکەن، بەڵکو گوایە بەهۆی سکیۆلاریزم بوونیان گەل هەڵیبژاردوون، لەسەرێکی دیکەوە ئیسلامیە توندڕۆکان بەهەمان شێوە دێن تەکفیری دیموکراسی، ئەربەکانو ئەردۆگان دەکەن.

جێگەی خۆیەتی سەکەوتنی دیموکراسی ئیسلامی لە دەوڵەتێکی تەوەرەیی وەکو تورکیا لەلایەن هەموو هێزە دیموکراتەکان بەجیاوازی مەرجەعیەتیان پێشوازی لێبکرێ. لەڕاستیدا لێهاتوویی ستافەکەی ئاك پارتی وەکو ئەوەیە بەناو رێڕەوێکی بەرتەسکدا تێپەڕنو لە بەرکەوتن بەدیوارەکانی ئەم رێڕەوە خۆیان بەدوور بگرن، کە دڵنیان لەوەی ئەگەر بەم شێوەیە بەردەوام بن لە کۆتاییدا دەگەنە فراوانی رێڕەوەکە، لەوێدا پرۆسەی دیموکراسی بە پاڵپشتی جەماوەر جووڵەی خۆی دەکات، بەتایبەت لەو دەستکەوتانەی لەسەر هەردوو ئاستی ئابووریو کۆمەڵگەی مەدەنی بەدەستی هێناون، بەشێوەیەك لەسەردەمی سکیۆلاریزمی توندڕۆدا ژمارەی هەژاریو بێکاری لە تورکیا گەیشتە 12 ملیۆن کەس، هەروەها ئاك پارتی توانی لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی مەدەنی کۆتایی بەدەست تێوەردانی بەهای دەسەڵاتی سکیۆلاریزمی توندڕۆ بێنێ لەناو رێکخراوەکانو دامەزراوەکان، کە دواتر ئەم هەڵوێستەی بووە پاڵپشتێکی دیکە بۆ پاراستنی ئەزموونەکەو باڵانسێکی زیاتریشی پێدا، بۆ پتەوکردنی هێز، سەقامگیری، گەشەکردن، کاریگەریو دەسەڵاتی ناوخۆیی بۆ جێگیرکردنی رەگی پەیوەندی نێوان ئیسلامو دیموکراسی، بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی، پشتگیریکردنی بەیەکەوە ژیانو ئاشتی کۆمەڵایەتی، تۆکمەترکردنی یەکێتی نیشتمانی بە دانپێنانی مافی کەمینەکان، بەهێزکردنی دەسەڵاتی کۆمەڵگەی مەدەنی، دەوڵەتی یاساو مافەکانی مرۆڤو بەشداریپێکردنی ئافرەتان لەسەرجەم بوارەکاندا، هەروەها لەسەر ئاستی دەرەوە هاوکاریو

پشتگیریەکی تەواوی عەرەبی - تورکی، تورکی - ئیسلامی بەدیدەکرێ، وەکو توانراویشە سنوورێك بۆ ئاستی هاریکاریەکانی نێوان تورکیا — ئیسرائیل، تورکیا- ئەمەریکا دابنرێ، دواجار نەك وەکو ولآتێکی مەسیحی بەڵکو وەکو ولآتێکی ئیسلامی ئاشت بووەوە لەگەڵ شووناس‌و مێژووی رەسەنی خۆی، تورکیا دەچێتە ناو یەکێتی ئەوروپا.

## بەشی شەشەم

## پارتی دادوگەشەپێدان وەکو نموونەیەك بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

لەوەتەی دامەزراندنیەوە بەر لە چەند ساڵێك ئەزموونی پارتی دادوگەشەپێدان مشتومڕێکی زۆری لەنێوان سیاسیەکان‌و ڕۆشنبیرەکان ناوەتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش نەك هەر تەنیا لەسە ئاستی ژیانی سیاسی تورکیا، بەڵکو لەسەر ئاستی رۆژهەڵات‌و رۆژئاوا دەنگۆیەکی گەورەی لەنێوەندەکانی راگەیاندن لێکەوتۆتەوە.

ماوەی چەند ساڵێکی کەمە پێچەوانەی ئیسلامێکی وشك‌و داخراو، تورکیا نموونەی رێبازێکی ئیسلامی سیاسی پێشکەش دەکات، ئیسلامێك کە لەگەڵ سەردەم هەڵدەکات، کراوەیە بەرامبەر بەجیهان، بێ دەمارگیری‌و زۆر لێکردن‌و سەپاندن، بێ تیرۆرکردنی عەقڵ‌و بێ تەکفیرکردنی کۆمەڵگەو جیهان پێداگری لەسەر ناسنامەی ئیسلامێتی دەکات، لەناو حیسابات‌و دیدگای سیاسی خۆی رەچاوی هەموو بارودۆخ‌و گۆڕانێکی ناوخۆیی‌و دەرەکی دەکات، بەمانایەکی دیکە ئاك پارتی نموونەیەکی واقیعی‌و کردەییە، جیهان وەکو خۆی دەبینێ، هاوکات بێ هیچ گرژی‌و نائومێدییەکی توڕەو بێ گیانی تۆڵەسەندنەوەو ناچارکردنی شێتانە مامەڵە لەگەڵ ستەم‌و زۆرداریەکانی دەوروبەر دەکات. لەوێوە تەواو هەست بە نزمی و پەککەوتوویی دەکات بەرامبەر ئەو ڕووداوانەی لەئاست هێز،

زانست و شارستانیەکەی ڕوودەدەن، دواجار هەر ئەمەیە وایکردووە ئێستا تورکیا ببێتە گۆڕەپانی ئەزموونکردنی بیری مشتومڕی ئیسلام و دیموکراسی. لە زۆرێك لە وڵاتانی ئیسلامی سوود لە ئەزموونی تورکیا وەرگیراوە، هەندێك زۆر گرنگیان پێداوەو توێژینەوەیان لەسەر ئەزموونەکەو چۆنیەتی لاساییکردنەوەی ئەنجام داوە، هەندێکی دیکەش هۆشداری دەدەن لە لاساییکردنەوەی ئەزموونەکەو بۆچوونیان وایە ئەزموونەکە جگە بۆ تورکیا بۆ هیچ وڵاتێکی دیکە ناگونجێ، بەڵکو هەوڵێکی ڕۆژئاوایە بۆ دەستەمۆ و ژێر بارکردنی ئیسلام بەجۆرێك لەگەڵ بەرژەوەندی خۆیان بگونجێ، دواجار هەندێکی دیکە باوەڕیان وایە، تا ئێستا سەرکردایەتی رادیکاڵی - تۆتالیتاری پارتی دادوگەشەپێدان ئەجێندای راستەقینەی خۆیان ئاشکرانەکردووە، لە خوارەوەش هەندێك بیروبۆچوونی هەردوولا لە لایەنگرانو نەیارانی ئەزموونی ئاك پارتی دەخەینەروو:

# مشتومڕی ئیسلامو مۆدێرنە لە ئەزموونی تورکی

د. عبدالله تورکمانی

## هۆکارەکان لەسەر ئاستی هەرێمایەتی(59)

ئاشکرایە رەوتی ئیسلامی سیاسی بەجیاوازی ئاڕاستەکانییەوەو بەبەراورد لەگەڵ هێزە سیاسیەکانی دیکەی وڵاتانی ناوچەکە لەسەر ئاستی هەرێمایەتی خاوەنی سەنگی سیاسی خۆیەتی، بۆیە ئەم دیاردەیە جێگەی تێڕامانو توێژینەوەی زیاترە بەتایبەت، کە گوزارشت لە خواستی زۆرێك لە کەرتە جیاوازەکانی گەلانی ئەم ناوچەیەی جیهان دەکات.

دیارە رەوتی ئیسلامی چەندین دەرهاوێشتەی لێکەوتۆتەوە، بەتایبەت لەبواری پێشخستنی رێبازو میکانیزمی سیاسی، بۆیە رەنگە نموونەی میانڕۆی تورکی کە پارتی دادو گەشەپێدان نوێنەرایەتی دەکات، گرنگترین

(59) لە بنەڕەتدا توێژینەوەیەکە پێشکەش بە (نەدوەی ئیسلامو دیموکراسی: پرسیارگەلێك لەبارەی پەیوەندییەکانو ئاسۆکانی ئایندە) کراوە، کە لە وڵاتی تونسو لە رۆژانی 15-16 ی دێسمبەری 2004 بە داوەتنامەی هەریەك لە پەیمانگەی عەرەبی بۆ مافەکانی مرۆڤو ناوەندی دیراساتی ئیسلامو دیموکراسیو کۆڕبەندی جاحز بەسترا.

نموونەیەك بێت، لەم بوارەدا بەتایبەت، کە توانیویەتی لەماوەی دوو ساڵی رابردوو لەچوارچێوەی کارکردن لەگەڵ بنەماکانی کاری سیاسیو سوود وەرگرتن لە ئەزموونەکانی دیکەی ئیسلامی ئەزموون گەلێکی کردەیی بەدەست بێنێ.

چەند گریمانەیەك هەیە بۆ راڤەکردنی زیاد بوونی پێشوازیکردنەکان لە پارتە ئیسلامیەکان لەکاتی ئێستادا لە هەردوو جیهانی عەرەبیو ئیسلامی، کە پڕیەتی لە تەنگژەی کۆمەڵایەتی، سیاسیو ئابووری، کە ئەم هەرێمە درێژ بوویەوە لە (ریبات)ەوە تا دەگاتە (کابۆل) بەخۆوەی بینیوە. ئەم گریمانە هەوڵێکی کۆمەڵایەتی - سیاسییە بۆ راڤەکردنی خواستی پانتایی کەرتەکانی رای گشتی هەردوو جیهانی عەرەبیو ئیسلامی، بەجۆرێك ئێستا رووبەڕووی فۆبیای ناسنامە بۆتەوە، ئەو ترسە گەورەیەی شوناسو ئینتیمای دووچاری نەخۆشی کردووە، بەشێکی ئەم ترسە پەیوەستە بە تێڕوانینی وەرچەرخانی جیهانی، کە کۆمەڵێك شەپۆلی گۆڕانکاری هەڵگرتووەو بەیەکەوە لەگەڵ جیهانگیری پشت ئەستوور بە پێشکەوتنی دەزگاکانی راگەیاندنو تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن، کە ئەمڕۆکە بووەتە تاکە رۆشنبیری، بەها، شێوازی ژیانو رەفتاری کۆمەڵگە روویان لە ناوچەکە کردووە.

بەڵام راستەقینەی دووەم سەبارەت بە ترسی شووناس، پەیوەندە بە بەگەڕخستنی کاری سیاسیو پارتایەتی بۆ دۆخی تەنگژە ئامێزی بزاڤو رەوتەکانی ئیسلامی، کە بەدەست هەژاری تێڕوانینی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسیو رۆشنبیری ئەلتەرناتیڤەوە گیرۆدە بوونە، جگە لەمەش لە غیابی دیدگایەکی واقیعیو عەقڵانیە بۆ کێشەکان، دێن پەنا دەبەنە بەر تەوزیفکردنی ئینتیماکانیان لەسەرووی هەمووشیانەوە ئاین، لەڕاستیدا ئەم تەوزیفکردنەی ئاین لەناو ئەم کەشە پڕ لەمەترسییەی شووناس بەرهەمی پشتگیریەکی بەرفراوانی نێوەندی رای گشتی بزاڤە دینیەکانی لێکەوتووەتەوە.

لێرەدا دەبێ ئەزموونی گەیشتنی ئیسلامیەکان بۆ دەسەڵات لە تورکیا لەلایەن هەندێك لەوڵاتانی عەرەبیەوە بەهەند وەربگیردرێ، بەڵکو لەسەر سەرکردایەتی رەوتەکانی ئیسلامی، نەتەوەیی، چەپەکانو لیبراڵەکان پێویستە بەوردی چاودێری ئەزموونی ئیسلامی تورکی بکەن، کە بەسەرکەوتوویی لە وڵاتێکی سکیۆلار تاقیکراوەتەوە، ببێتە هاندەر و یارمەتیدەر بۆ کاری سیاسیان لە داهاتوودا.

گرنگی ئەم ئەزموونە لەوەدایە هاوشانی واقیعو پێشکەوتنەکانی سەردەم رێدەکات، کە تێیدا زاراوەو دەستەواژەکان دەستاو دەستیان پێدەکرێ، ناکرێ بەسەر واقیعدا بازبدەیتو خۆ لەپەنای دروشمەکانی بە ئیسلامکردنەوەی کۆمەڵگە، خستنەڕووی تیۆری دەوڵەتی ئیسلامی، سەپاندنی سەرپۆشی ئافرەتانو گەڕانەوە بۆ دەوڵەتی خەلافەت بشاریتەوە.

ئەوەی ماوە بەکورتی ئاماژە بەچەند پەندێك دەکەین، لە ئەزموونی تورکی بەشێوەیەکی راستەوخۆ نەك هەر مشتومڕی ئیسلامو دیموکراسیە، بەڵکو مشتومڕی ئیسلامو تەواوی پێکهاتەکانی مۆدێرنە دەوروژێنێ، کە ئەمانەی خوارەوەن:

1- سیستمی ئاشتیانەی دیموکراسی بەتەنیا توانی گۆڕانکاریەکان ئەنجام بدات، سەرکەوتنیشی لە تورکیا بیانووی هەموو ئەو ئاڕاستانە ببڕێ، کە پشت بە توندوتیژی، تیرۆرو پیلانگێڕیەکان دەبەستن بۆ ئامادەکردنی کودەتای سەربازی وەکو میکانیزم بۆ گۆڕانکاریەکان.

2- ئەو بزاڤە ئیسلامیانەی باوەڕیان بە ئیسلامی سیاسی هەیەو بەشێوازی نادیموکراسی دەخزێنە ناو کاری سیاسی ڕێگەی خۆیان ون دەکەن، بۆیە پێویستە چاوپێخشاندنەوە بەدیدگا، تێگەیشتنو ڕێگاکانی کارکردنیان بکەن، خۆیان لەگەڵ داواکاریەکانی مۆدێرنە بگونجێنن، لەگەڵ کۆمەڵگە هەڵبکەن، کە هەڵقوڵاوی واقیعی سیاسیە، دواتریش هەموو هاوکاریەك پێشکەش بە دامەزراوەکانی ئەم واقیعە سیاسیە بکەن. هەروەها لەسەر بزاڤی ئیسلامی پێویستە خۆی لەو تێگەیشتنە بەدووربگرێ کە پێی وایە تاکە هێزی راستەقینەیەو ئەوانی دیکە رەتبکاتەوە بەتایبەت کە هەندێ جار دێ کۆمەڵگە تەکفیر دەکات.

باشترین نموونەیەك کە ئاك پارتی لەکاتی ڕاگەیاندنی خۆیدا دەیخاتە ڕوو، بریتیە لەوەی سکیۆلاریزمێکی قەبووڵە کە دژایەتی ئاین ناکات، هەروەها وەکو پارتێك تێکەڵاوی فووڵاییەکانی کۆمەڵگەی تورکی دەبێت، لێرەوە کاردەکاتو هاوکاری لەگەڵ دامەزراوەکانی دەستووری دەکات.

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێش، ئایا ئیسلامی سیاسی عەرەبی تا چەند پابەندی گۆڕانکاریو هەژانەکانی رۆشنبیری، کۆمەڵایەتیو سیاسی دەبێت، بۆ ئەوەی تێبگات، کە لەسەریەتی ئاوڕ لە دیدگاو تێگەیشتنەکانی بۆ رابردوو، ئێستاو داهاتوو، دەوڵەتو کۆمەڵگەو تاك، ئافرەتو منداڵو ئازادیە کەسیەکانو گشتییەکان، فەلسەفە، هیزر، هونەرو ئەدەب بداتەوە.

ئایا کۆمەڵگاکانی عەرەبیو ئیسلامی پێویستیان بە دەوڵەتێك نیە پایەکانی لەسەر یاسا دامەزراوبێ، کە لەژێریدا کۆمەڵگاکان پارێزراوبنو هێزیان یەکخراوبێو بەهۆی رۆشنبیری ئیسلامیو زیندوویەتیو کاریگەری ئەم رۆشنبیریە جارێکی دیکە ئەم دەوڵەتە خۆی نوێ بکاتەوە؟ رەنگە دەرکەوتنی سەردەمی ئیسلامی سکیۆلاریزم - دیموکراسی لە تورکیا سەرەتای پێویستی دەرکەوتنی خودی ئەم جۆرە ئیسلامییە سیاسییەبێ لەجیهانی عەرەبی.

## هۆکارەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی

لەوەتەی ساڵی 1999 لوتکەی یەکێتی ئەوروپا لە هلسنکی پایتەختی فنلەندا بڕیاری کاندیدکردنی تورکیای داوە بۆ چوونە ناو یەکێتیەکە، ڕێگاکانی بەردەمیشی کراوە کردووە، بۆ ئەوەی مەرجەکانی بوون بەئەندام لەو یەکێتیە جێبەجێ بکات، لە هەمانکاتیشدا رۆشنای لەوسەری تونێڵە تاریکەکە بۆ هەڵکردووە، کە ماوەی چەندین ساڵە بە ئارەزووی خۆی لەو تونێڵە تاریکەی هێشتۆتەوە. لەوکاتەوە هێزە سیاسیەکانی تورکیا کە لایەنگری چوونە ناو یەکێتیەکەن بە ئاڕاستەی چاکسازی سیاسیو ئابووری هەنگاودەنێن، بۆ ئەوەی بەشێکی گرنگی ئەو چاکسازیانە بۆ دەستەبەرکردنی هەموو ئازادیەکانی دیموکراسیو سیاسی، کە بەردەوام هۆکار بوونە بۆ وەرنەگرتنی تورکیا لە یەکێتیەکە بەدەست بێنن.

بەگشتی تائێستا مشتومڕەکانی ناو یەکێتی ئەوروپا سەبارەت بە مەترسیەکانی تورکیا لە چوونە ناو یەکێتیەکە یەکلایی نەبوونەتەوە، ئایا دەکرێ وڵاتێکی وەکو تورکیا، کە خاوەنی سەنگێکی دیموگرافی ئیسلامیە ببێتە ئەندامی یەکێتیەکە، دەوڵەتێکە سنووری هاوبەشی لەگەڵ ژمارەیەك لە وڵاتانی ئیسلامی هەیە، بەم پێیەش یەکێتی ئەوروپا دەبێتە خاوەنی سنووری هاوبەش لەگەڵ ئەو وڵاتانە، کە لەم قۆناغەو داهاتوویەکی چاوەڕوانکراودا هەڵگری چەندین تەنگژەو مەترسین بۆ سەر ئاسایشی ئەوروپا؟

زۆرێك لە بیرمەندانو عەقڵە گەورەکانی ئەوروپا، داوا دەکەن چیدیکە تورکیا لە پەراوێزی جیاوازیو مشتومڕەکانی ناو یەکێتی ئەوروپای تایبەت بە ئیسلامێتی ئەو وڵاتە نەمێنێتەوە، دواجار ئەگەر دەنگی ئەو عەقڵە گەورانە سەرکەوت، بە دڵنیاییەوە تورکیا کاریگەری ئەرێنی دەبێت بەسەر هەردوو جیهانی ئیسلامی بەگشتیو جیهانی عەرەبی بەتایبەتی.  هەروەها بە ئاڕاستەی نوێکردنەوەی بیری سیاسی پاڵ بەهەردوو جیهانەکەوە دەنێ بەجۆرێك تورکیا چ کارێك بکات زوو یا درەنگ هەردوو جیهانەکە لاسایی دەکەنەوە، بەتایبەت ئەگەر لە کۆتاییدا توانی سەر بکەوێ بەسەر هەژاری، خراپی بوژانەوەو توندڕۆیی ئایینی.

هەرچۆنێك بێ مەرجەکانی یەکێتی ئەوروپا بۆ وەرگرتنی تورکیا پەیوەستە بە کۆمەڵێك هەموارکردنەوە، لەسیستمی سیاسیدا، کە تایبەتن بە دیموکراسیو دووپات کردنەوە لەسەر مافەکانی مرۆڤ. بێگومان هەوڵەکانی تورکیا بۆ چوونە ناو یەکێتی ئەوروپا رۆڵێکی گەورەیان گێڕاوە، بۆ دەستەمۆکردنی دامەزراوەی سەربازی، هەروەها رەنگە ئەمەریکاش ئارەزووی دەرکەوتنی جۆرێکی دیکەی ئیسلامی سیاسی ناتیرۆریست بکات.

چوونە ناو یەکێتی ئەوروپا سەربارەت بەپارتی دادوگەشەپێدان ئامانج تێیدا بەتەنیا لایەنی ئابووری نییە، بەڵکو جۆرێکە لە هەوڵی ساغکردنەوەی ئەو پرسیارەی تایبەتە بە (رۆشنبیری — شارستانی) کە لەوەتەی سەردەمی تەنزیماتی عوسمانیەوە لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا تورکیای خەوزڕاو کردووە، هەروەها هۆکارێکیشە بۆ ریفۆرمی ناوخۆیی، بۆیە سەرکردایەتی ئاك پارتی خوازیارە لە رێگەی یەکێتی ئەوروپاو پێوەرەکانییەوە بتوانێ رۆڵی دامەزراوەی سەربازی بچووك بکاتەوەو لە گۆڕەپانی سیاسی بەدەریبنێ، زیاتریش هەوڵدەدا تەوزیفی پێوەرەکانی یەکێتیەکە بکات، لەبوارەکانی مافی مرۆڤ، مافی کەمینەکانو کۆتایی پێهێنانی دوژمنکاریەکانی دەوڵەتی تورکیای هاوچەرخ، کە بەرامبەر ئاینو نەتەوەی کورد پیادەی دەکات.

بەم شێوەیە کۆمەڵگەی تورکی دەبێتە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتو تێیدا شوێنی ئازادیو دادپەروەری دەبێتەوە، ئەم کۆمەڵگەیە دەبێتە خاوەنی ئابووریەکی بەهێز، کە کەمترین گەندەڵی تێیدا دەکرێو ئاسایشی وڵاتیش لەوپەڕدا دەبێت. ئەزموونی دەوڵەمەندی تورکی سوودو بەرهەمێکی زۆر دەبێت، نەك هەر تەنیا بۆ کۆمەڵگەی تورکیو بزاڤی ئیسلامی تورکی، بەڵکو بۆ تەواوی بزاڤی بوژانەوەی ئیسلامی لەسەرتاسەری جیهان، کە بەهۆیەوە ئاشتی جیهان بەرپادەبێتو هەوڵەکان بۆ لەیەکتر گەیشتنو بەیەکەوە ژیانو دیالۆگی نێوان هەردوو شارستانێتی ئیسلامیو رۆژئاوا چڕتر دەبنەوە، بگرە ئەگەر ئەم ئەزموونەی ئێستای تورکیا نەیتوانی بگاتە ئامانجی

سەرەکیو چاوەڕوانکراوی خۆی لە چوونە ناو یەکێتی ئەوروپا، لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا ئەزموونەکە سەنگی خۆی دەبێتو هەوڵە سەردەمیانەکەی جێگیرتر دەبێ.

لەڕاستیدا بەقەد ئەوەی تورکیا بەچوونە ناو یەکێتی ئەوروپا سوودمەند دەبێ، بەهەمان شێوە یەکێتی ئەوروپاش سوودێکی زۆر وەردەگرێ، بەتایبەت کە نزیك دەبێتەوە لە وڵاتانی عەرەبیو لەم نێوەندەشدا هاوبەشی ئۆر- ناوەڕاستی دروست دەبێ. لەسەردەمی سیستمی بازاڕدا، یاخود سیستمی جیهانگیری ئابووری بازاڕە گەورەکانی ئەوروپا گەشە دەکەن، کە بەهۆیەوە هەموو لایەنەکان سوودمەنددەبنو کێبڕکێ دەکەن، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ چالاکوانە ئابوورییەکان لەسەرتاسەری کیشوەرەکان.

سەبارەت بە ئەوروپا تورکیا وەکو دەوڵەتێکی ناوەندی پەیوەندار بۆ ستراتیژیەتی ئاسایشی ئەوروپی دادەنرێو گرنگی ئەو وڵاتەش لەماوەی جەنگی سارددا دەرکەوت، دوای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد پێگەی تورکیا لەجاران زیاتربوو، بەتایبەت دوای هەندێك پرسی پەیوەندار بەلایەنی ئاسایشی لە ئاسیای ناوەڕاستو بەلکان، جگە لەمانە تورکیا بە دەروازەی سەرەکی رۆژهەلاتی ئەوروپا دادەنرێ، بۆ پەڕینەوەی پەناهەندەو کۆچبەرە یاساییو نایاساییەکان کە لەوڵاتانی رۆژهەڵاتی کیشوەری ئەوروپاوە دێن، دواجار پەیوەندیە ئەرێنییەکانی نێوان تورکیاو وڵاتانی ئەوروپا پەیوەندیەکی حەتمیەو ئەوروپا ناتوانێ خۆی لێدەرباز بکاتو بووەتە پێویستییەکی راستەقینە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا هەندێك لەوڵاتە کاریگەرەکانی ئەوروپا بەهۆی ئەوەی تورکیا وڵاتێکی ئیسلامیە رێگری دەکەن ببێتە ئەندامی یانەی ئابووریو سیاسی یەکێتیەکە، بۆیە دەبینی تورکیا هەوڵدەدا ئەلتەرناتیڤی دیکە بدۆزێتەوە، گرنگترینیشیان بریتیە لە زیندووکردنەوەی رۆڵی تورکی - ئیسلامی، بەڵام دواجار ئەم جۆرە ئەلتەرناتیڤانە تورکیا دووچاری بێئومێدیەکی گەورە دەکەن، چونکە ئەستەمە یەکێتی ئەوروپا بەئاسانی ئەم سووکایەتیەی پێ قووت بدرێ.

دوای تەواوبوونی لووتکەی ئەوروپی کە لە 17ی دێسمبەری 2004 بەڕێوەچوو، کۆمەڵێك رۆشنبیری ناسراوی تورك بەتایبەت هەردوو نووسەر (یاسر کەمال)و (نەدیم گۆرسێل) بانگەوازێکیان ئاڕاستەی رای گشتی فەرەنسی کرد، کە تێیدا هاتووە:"پڕ بەدەممان رایدەگەیەنین بەداخەوە وڵاتەکەمان وادادەنرێ، بەهۆی ئەوەی خاوەنی ناسنامەی ئیسلامییە دوورە لە هەموو بنەمایەکی جیهانیو دیموکراسی "، هەروەها لەبەشێکی دیکەی بانگەوازەکەیاندا هاتووە:"مێژوو دەریخستووە هەردەست پێشخەرییەك بۆ بونیادنانی شووناسێکی دامەزراو لەسەر دابڕاندنو دوورخستنەوەی ئەوی دیکە بەبیانووی ئەوەی، کە کۆنەپارێزو دواکەوتووە، بەردەوام کارەساتی گەورەی بەدوای خۆیدا هێناوە بۆ ئەوروپا".

بەڵام سەبارەت بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کە هۆشداری دایە دامەزراوەی سەربازی تورکی لە دەرکردنی هەر بڕیارێك بۆ رێگریکردن، لەبەشداریکردنی پارتی دادوگەشەپێدان لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2002

دەریدەخات، بەهۆی کۆمەڵێك ئەجێندای تایبەتی ئەمەریکا لەناوچەکەو ئەوەی پەیوەندی بەشەڕی تیرۆرەوە هەیە، ئەمەریکا دەخوازێ ئیسلامیە میانڕۆکان بگەنە دەسەڵات لە تورکیا.

بەدڵنیاییەوە لەبەر ئەوەی تورکیا خاوەنی سروشتێکی ئیسلامیە، دەتوانێ ببێتە هێزێکی موگناتیسی پتەو بۆ راکێشانی کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاستو ببێتە یارمەتیدەر بۆ جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی ئەمەریکا لەم ناوچانەدا دوور لە خواستو چاوتێبڕینەکانی رووسیا، کە تا ئێستا هەوڵدەدا پیادەی کاریگەریەکانی خۆی بەسەر ئەم کۆمارانەدا بکات، لەلایەکی دیکەوە ئەم قۆناغە، کە بەسەرەتای هەڵوەشاندنەوەی ئیسلامی رادیکاڵی لە جیهانی ئیسلامی دادەنرێ، بۆیە دەکرێ نموونەی ئیسلامی سیاسی میانڕۆ ئەوەی کە لە تورکیا هەیە، ببێتە ئەلتەرناتیڤو لەزۆرێك لە وڵاتانی ئیسلامی بەتایبەت وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێبەجێ بکرێ.

(ساموێل هنتگتۆن) بەگەورەترین بانگخوازی ململانێی شارستانیەکان بەتایبەت هەردوو شارستانێتی ئیسلامیو رۆژئاوا دادەنرێ، لەهەمان کاتیشدا داوای گەڕانەوەی تورکیا دەکات بۆ شکۆی جیهانی ئیسلامی، لە کتێبی "پێکدادانی شارستانیەکان" باس لە تیۆری وڵاتانی پچڕپچڕ دەکات، کە نازانن سەر بەچ شارستانیەتێکن، هەر بۆ ئەوەی بەسەرکەوتوویی ناسنامەی شارستانێتی خۆیان دەست نیشان بکەن، پێویستە ئەم سێ مەرجەیان تێدا بێ: یەکەم، دەبێت بژاردەی سیاسیو ئابووری بەگوڕو تینەوە بەمەبەستی دووبارە پێناسەکردنەوەی ناسنامەکەی پشتگیری لەم جۆرە هەنگاوە بکەن. دووەم دەبێت بەلانی کەم گەل ئامادەیی تێدابێ بۆ ملکەچ کردنو سازشکردن. سێیەم دەبێت توخمە باڵادەستەکانی شارستانێتی خانەخوێ، کە زۆربەی کاتەکان رۆژئاواییە ئامادەیی تەواوی هەبێ، بۆ لەباوەشگرتنی ئەم وەرچەرخانە.

سەبارەت بە تورکیا هەردوو مەرجی یەکەمو دووەمی تێدایە، بەڵام مەرجی سێیەم، کە گرنگترینیانە پەیوەندی بەئامادەیی رۆژئاواوە هەیە، بۆ لەباوەشگرتنی ناسنامەی گۆڕدراوی تورکیا، لەڕاستیدا ئەم مەرجەش لە رۆژئاوادانیە، بەڵکو بەدڵنیاییەوە تاکاتێکی نادیار تورکیا وەکو وڵاتێکی پچڕ پچڕ دەمێنێتەوە، ئەدی چارەسەر چییە ؟ بە بۆچوونی هنتگتۆن جگە لە پشت تێکردن لە رۆژئاواو دووبارە رووکردنەوە لە جیهانی ئیسلامیو نواندنی رۆڵی سەرکردایەتیکردنی ئەم جیهانە هیچ ئەگەرێکی دیکە لەبەردەم تورکیادا نیە.

ئایا لەلایەك نیگەرانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە تەوژمو شەپۆلی کۆمەڵگاکانی عەرەبیو ئیسلامیو لەلایەکی دیکەوە هەوڵی ئیسلامیەکان بۆ دۆزینەوەی چارەسەری تەنگەژەکانیان بە تایبەت شێوازی مەترسیە گۆڕاوەکانو ڕووبەڕووبوونەوەکان لەدەرەوەی ئەمەریکا گوازراونەتەوە بۆ ناو جەرگەی ئەو وڵاتە، دەبێتە هۆکاری ئەوەی هەردوولا بۆ دۆزینەوەی هاوکێشەیەکی وەك ئەوەی لە تورکیا بە ئەنجام گەیشتووە بگەڕێن؟.

بەم شێوەیە ئەوەی لە ئەزموونی تورکیادا بەدی دەکرێ، بریتیە لە پەیامی راشکاوانەی ئیسلامیەکانی ئەم وڵاتە بۆ هەموو بزاڤە ئیسلامییەکان، کە ناوەڕۆکەکەی بریتیە لە: پێشکەشکردنی وێنایەکی نوێی ئیسلام کە تەواو جیاوازە لە ئیسلامییە رادیکاڵەکان. ئیسلامیەکانی تورکیا بەزمانێکی پاراوی سەردەمیانە قسە دەکەنو گوزارشت لە

بیروبۆچوونی شارستانیانەی خۆیانی پێدەکەن، کە بریتیە لە: جیاکردنـەوەی ئـاین لەدەوڵـەت، دیموکراسـیو ئـازادی کاری سیاسی بۆ هەمووان، بەرجەستەکردنی مافەکانی مرۆڤو یەکسانی لەنێوان پیاوو ئافرەت....

لە راستیدا پەیوەندی نێوان تورکیا - ئیسرائیل یەکێکی دیکەیە لە وێنا گرنگەکانی سـتراتیژیەتی ئەمـەریکا، کە وایدەبینێ، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشێوە گشتییەکەی کە هەریـەك لـە تورکیـا، ئێـرانو وڵاتـانی دیکـە کـە پێیـان دەگوترێ وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەخۆدەگرێ، رۆڵی تورکیا ئەلێرەدا بـە دەردەکـەوێ، کـە وڵاتێکـی بەسروشـت ئیسلامییەو بەبێ هیچ ئاستەنگێکی ناوخۆیی مامەڵە لەگـەڵ ئیسـرائیلدا دەکـات. بۆیـە ئـەم مامەڵەکردنـەی تورکیـا لەگەڵ ئیسرائیل پێویستی بەهیچ جۆرە وروژانێکی نوێ نیە، چونکە مامەڵەیەکی تـازە نیـە، بـەڵکو گـران دەوەسـتێ جارێکی دیکە دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی دوورو درێژە ئەم پەیوەندیە جێگیرکراوە نەیاری بـۆ پەیـدا ببێتـەوە، بۆیـە دەکـرێ ئـەم جـۆرە لـە ئیسلامی سیاسـی ببێتـە نموونەیـەك لـە زۆربـەی وڵاتـانی ئیسـلامی بەتایبـەت لـە وڵاتـانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو دووبارە ئەزموون بکرێتەوە.

وەکو پێشتریش باسمان لێوەکرد (ساموێل هنتگتـۆن) لـە کتێبـی (پێکدادانی شارسـتانیەکان) تیـۆری وڵاتـانی پچـڕ پچـڕو دڕاو دەخاتـەڕوو، کـە پشـت بەسـتووە بـە گوتـەی (وڵاتـانی ناسـنامە ون بـوو)و هەریـەك لـە رووسـیا، مەکسیكو تورکیا دەگرێتـەوەو تائێسـتا نـازانن سـەر بـەچ بەرەیـەکی شارسـتانین، هـەر بـۆ ئـەوەی بەسـەرکەوتوویی ناسنامەی شارستانێتی خۆیان دیاری بکەن، بەقسەی هنتگتۆن پێویستە هەرسێ مەرجەکەیان تێدابێ:

سەبارەت بە تورکیا هەردوو مەرجی یەکەمو دووەمی تێدایە، چونکە ماوەی سـێ چارەگە سـەدەیە بـژاردەی تورکی بەگوڕوتینەوە کار دەکات بۆ ئەوەی وڵاتەکـەی بکاتـە وڵاتێکـی تـەواو ئـەوروپی - خۆرئـاوایی بەهـەمان شـێوە گەلی تورکیاش ئەگەر لەبەر  هۆکاری ئایدۆلۆژیو ژیاری نەبێ، بـەهۆی بیـانووی ئابووریـەوە پشـتگیری لـە بەئەنـدام بوونی تورکیا دەکات، لە یەکێتی ئەوروپا، بەڵام مـەرجی سـێیەم کـە گرنگترینیانـە پەیوەسـتی بـە ئامـادەیی رۆژئـاوا هەیە بۆ لە خۆگرتنی ناسنامەی گۆڕدراوی تورکیـا، لەڕاسـتیدا ئـەم مەرجـەش بـەهیچ شـێوەیك لـە رۆژئـاوادا بـەدی ناکرێ، بۆیە بەدڵنیاییەوە تا کاتێکی دیکەی نادیار تورکیا وەکو وڵاتێکی پچڕپچڕ دەمێنێتەوە.

# ئەزموونی ئیسلامی تورکیو ستراتیژییەتی ئەمەریکا(60)

د. عبدالله تورکمانی

لە راستیدا حکومەتی ئەمەریکا سوودی لە ئەزموونی سەرۆکی تورکیا نەجمەدین ئەربەکان، کە سەرۆکێکی ئیسلامی بوو وەرگرت، بۆیە دەبینی ئەم ئەزموونە ئەمەریکیەکان لەناو جەرگەی هاوپەیمانە ستراتیژییەکەی خۆیان، کە تورکیایە بە ئاگادێنێتەوەو لەمەودوا دێن بەوردیو بەگرنگی پێدانێکی زۆرەوە چاودێری بارودۆخی سیاسی تورکیا دەکەن، پاشانیش بەجیدی چاودێری ئەستێرەی هەڵاتووی ئاسمانی سیاسی تورکیاو سەرۆکی پارتی دادوگەشەپێدان رەجەب تەیب ئەردۆگان دەکەن، لەمیانی هەموو ئەو دیدارو چاوپێکەوتنانەی لەگەڵ ئەردۆگان ئەنجام دراوە، باڵیۆزی ئەمەریکا لە تورکیا رۆڵێکی گرنگی بینیوە لە کەمکردنەوەی نیگەرانیەکانی وڵاتەکەی لە هەڵکشانی هەژموونی ئیسلامیەکان لە تورکیا، لە هەموو تێڕامانەکانیشی بۆی دەرکەوتووە، کە ئەردۆگان ئیسلامییەکی سەردەمییانەیەو دەکرێ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ.

هۆشداریەکەی ئەمەریکا، کە ئاراستەی سەرکردایەتی دامەزراوەی سەربازی تورکی کرد، لە دەرکردنی هەر بڕیارێکی دادگا بەمەبەستی رێگەگرتن لە بەشداریکردنی پارتی دادوگەشەپێدان لە هەڵبژاردنەکانی 2002 بۆ ئەوەبوو بە تورکەکان بڵێ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تاکە هاوپەیمانتانە، بگرە بەهۆی کۆمەڵێك هۆکاری پەیوەندار بەئەجێندای ئەمەریکا بە تایبەت لەناوچەکەو پرسی شەڕی دژە تیرۆر ئارەزوو دەکات، ئیسلامیە میانڕۆکان لە تورکیا بگەنە دەسەڵات.

گومان لەوەدا نیە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چاوی بڕیوەتە نەوتی عەمبارکراوی دەریای قەزوین، کە زۆربەی دەکەوێتە ناو خاکی وڵاتانی ئیسلامی ئاسیای ناوەڕاست، لەم نێوەندەشدا جەنگی ئەفغانستان بەدەرنەبوو لە تاکتیکی ئەم ستراتیژیەتە. بەدڵنیاییەوە لەبەر ئەوەی تورکیا وڵاتێکی بەسروشت ئیسلامیە بۆیە دەتوانێ، ببێتە هێزێکی موگناتیسی کاریگەر لەم بوارەدا، هەروەها دەتوانێ یارمەتی ئەمەریکا بدات بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی

(60 ) http://www.alquds.co.uk/data/2006/02/02-07/r018a.htm.

لەناو وڵاتانی ئیسلامی ئاسیای ناوەڕاست بەدەر لەخواستو چاوتێبڕینەکانی رووسیا، کە تا ئێستا کاردەکات بۆ ئەوەی پیادەی کاریگەریەکانی خۆی بکات بەسەر ئەم ناوچانەدا، هەروەها لەلایەك پارتی ئیسلامی تورکی بووەتە چارەسەرێکی نموونەیی ئەلتەرناتیف بۆ هەڕەشەو مەترسیەکانی ئیسلامی رادیکاڵ، لەلایەکی دیکەوە دیسان بووەتە ئەلتەرناتیفی ئاڕاستە توندڕەوەکانی سکیۆلاریزم لەچوارچێوە نەتەوەییو نیشتمانیەکەی.

پێویستە بەدوای ئەو سەرچاوانەدا بگەڕێین، کە دووپات لەسەر پەیوەندی پتەوی نێوان ئاینو سیاسەت دەکەنەوە، گونجانو کاریگەر بوون بە ئاینەکانی کیشوەری ئاسیاو جیهانی بەڵکان لەماوەی سەردەمی عوسمانیو ئاینی مەسیحی ئەوروپا لە تایبەتمەندیەکانی ئیسلامی سیاسی تورکیدایە. بزاڤی ئیسلامی تورکی نایە جیاکاری بکات لە نێوان ئیسلامییەکانو سکیۆلارەکانو دانانیان لە دوو بەرەی دژ بەیەك، بەڵکو کۆمەڵێك رەفتاری هاوبەشو تێکەڵ هەیە لەسەر ئاستی هەردوولا کە بەیەکەوە کۆیان دەکاتەوە، ئەمە بێ ئەوەی قسە لەسەر خودی تایبەتمەندیەکی گشتی تورکەکان بکەین، کە ژمارەیەکی زۆریان پابەندن بەخۆگونجاندن لەگەڵ مۆدێرنە.

لە شوباتی 2000 سەرۆکی ئاك پارتی رەجەب تەیب ئەردۆگان، کە ئەوکات هێشتا ئەندامی پارتی فەزیلە بوو رایگەیاند "هەڵەیە ئەگەر حیزب بەئاینو ئاینیش بەسیاسەت یەکسان بکەین، ئێمە نە ئامانجمان دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامیو نە پارتێکی سیۆکراسییە، بەڵام لەدۆخێکدا ئەگەر کەسانێکی پاك تێکەڵ بەژیانی سیاسی بوون، لەگەڵ ئەوەی لەکاری سیاسیاندا پێوەرەکانی ئاین ناکەنە مەرجەعی خۆیان، ناکرێ ئەم حاڵەتە ناوبنێین ئیسلامی سیاسی".

ئاك پارتی دوای گەیشتنی بۆ دەسەڵات، توانی پەرە بەسیستمی سیاسی بدات، بەشێوەیەك زۆر دیموکراسیو مرۆییتر بێ، دیارترین سەرکەوتنیش ئەو پارتە بەدەستیهێناوە، بڕیارەکەی یەکێتی ئەوروپا بوو، لە 2004 بۆ دەستپێکردنی دانووستانەکان بۆ ئەندامێتی تورکیا لە یەکێتیەکە بەشێوەیەکی تەواو، هەروەها ئاك پارتی توانیویەتی بە گوێرەی پێوەرەکانی یەکێتی ئەوروپا چەپکێك چاکسازی دیکەی تایبەت بە سنووردارکردنی رۆڵی سوپا لە ژیانی سیاسی بە کەمکردنەوەی نوێنەرەکانی لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەییو پێدانی هەندێك مافی رۆشنبیری بە کورد لەناویشیاندا خوێندنو راگەیاندن بەزمانی کوردی ئەنجام بدات.

## تویێژینەوەیەك لەبارەی تورکیا... هەوڵەکان بۆ ئەزموونکردنی نموونەی تورکیاو مەترسیەکانی

د. ئازاد ئەحمەد عەلی[61]

لەوەتای چەند مانگی رابردوودا بارودۆخی سیاسی تورکیا گرنگیەکی زۆرتری پێدەدرێ، بەتایبەت کە سەرەتای ئەم بارودۆخە بە تەنگژەی بەر لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمان دەستی پێکرد، یەکێکیش لە دەرخستەکانی ئەم تەنگژەیە بەرجەستە بوونی دووبارە بوونەوەی ململانێ بۆ ماوەیەییەکانی نێوان سکیۆلاریزم و ئیسلامی سیاسییە لە تورکیا، وەکو هەموو جارەکانی دیکە ئەم بارودۆخە بەدەر نەبوو، لە ئامادەگیو دەست تێوەردانە ئاشکراو نهێنیەکانی سوپاو رۆڵی بنەڕەتی ئەم دامەزراوەیە لەسەر گۆڕەپانی سیاسی. لەڕاستیدا تا ئێستا رووخساری سیاسی لە تورکیا لەسەر هەمان هێڵی گشتی خۆیدا، کە تەنگژەی ناسنامەیە درێژەی هەیە، ناسنامەی دەوڵەت، کە لەبارودۆخێکی هەستیارو قورس پێناسەی وەبەرکراوە، تا ئێستا کاردانەوەو دەرهاوێشتەکانی ئاسەواری خۆیان هەیە، بەسەر پەیوەندی دەوڵەتو کۆمەڵگە، لەوەتەی دامەزراندنی یەکەمین کۆماری تورکیا بەر لە هەشت ساڵ پەیوەندیەکە لەسەر بنەمایەکی نادروست جێگیرکراوە. بەلای کەسێکەوە کە شارەزایی لەمێژوو هەبێ، شاراوانیە کۆماری تورکیا لە دەرئەنجامی شەڕی نێوان وڵاتانی براوەو دۆڕاوی جەنگی یەکەمی جیهانیەوە دامەزراوە، هۆکارەکانی ئایدۆلۆژیو سیاسی لە مەرجەکانی دامەزراندنی ئەم کۆمارە بوون، کە تەواو دوورن لەواقیعی رۆشنبیریو خواستی زۆرینەی گەلانی ئەم وڵاتە.

ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبدرێ، وڵاتانی براوەی جەنگی یەکەمی جیهانی خواستیان دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیای هاوچەرخ بوو، لە ئاسیای ناوەڕاست وەکو نموونەیەکی نوێ، هەروەها بیرۆکەیەکی پێشنیازکراویش بوو، بۆ تەواوی گەلانی رۆژهەڵات، کە بەهۆیەوە پەیوەندی ئەم وڵاتانە بەتەواوەتی لەگەڵ سەڵتەنەتی عوسمانی دەبچڕا، ئامانجی سەرەکی ئەم پچڕانە چاوەڕوانکراوەش بریتی بوو، لە پچڕانی کۆی کەلەپوری ئیمپڕاتۆری ئیسلامو جیهانی عەرەبیو هەموو ئیمپڕاتۆریەتەکانی دیکەی رۆژهەڵات، پاشانیش ئەزموونکردنی دامەزراندنی دەوڵەتێکی هاوچەرخی سکیۆلاری نەتەوەیی لەسەر بنەمای دەستووری وەکو نموونەیەکی تازە لەمێژووی رۆژهەڵاتی نزیکدا، بەم پێیەش توانرا بەهەوڵە چڕەکانی ئەوروپا، ئەمەریکاو هاوکاریەکانی ئاشکرای دەسەڵاتی بەلشەفی رووسیا،

---

(61) http://www.sotakhr.com/2006/index.php?id=4377،الصوت الاخر، العدد 166 – 2007/10/10.

کۆماری تورکیا وەکو سیستمێکی پێشکەوتوو بە بەراورد لەگەڵ خەلافەتی عوسمانی دابمەزرێندرێ، بەدڵنیاییشەوە کۆمەڵگاکان لە ئاسیای بچووك‌و ئەنادۆڵ ئامادەیی ئەو وەرچەرخانە خێرایەو دامەزراندنی کۆماری نەتەوەیی - سکیۆلاریان تێدا نەبوو، چونکە هێشتا لە سەر هەردوو ئاستی رۆشنبیری‌و سیاسی رادەی تێگەیشتنیان بۆ پرسی سکیۆلاریزم پێگەیشتوو نەبوو، بەڵکو ئەوەی لە واقیعەکەدا خوازراو بوو، پێکهێنانی دەوڵەتی دەستووری ئیسلامی بوو، لە پێناو رزگارکردنی خەلافەت، بۆ ئەم مەبەستەش جووڵەو چالاکییەکی تارادەیەك زۆر لەلایەن کۆمەڵێك دەستەو لایەن هاتە ئارا، دواجاریش بەهۆی ئەوەی پشتگیری لەم جۆرە ئاراستەیە نەکرا، ئەوەبوو سیستمی کۆماری نەتەوەیی سکیۆلاریزم شوێن پێی خۆی داکوتا.

هەر لەسەرەتاوەو لە غیابی ئامادەیی کۆمەڵگە بۆ پێشوازیکردن لە ئایدۆلۆژیای کۆماری تازەو چاوبەست کردن‌و سیناریۆکانی سکیۆلاریزم، سیستمەکە ئامانجی خۆی پێکا، کاتێك سوپای وەکو تاکە پاسەوانی خۆی راسپاردوو، پیاوێکی سەربازی بە ناوی مستەفا کەمال ئەتاتورکی وەکو سەرکردەو دامەزرێنەری سیستمەکە هەڵبژاردوو، لەدواجاریش وەکو پاڵەوانی کۆمارو نەتەوەی تورك، کە تا ئێستا شانازی بە شکۆی سکیۆلاریزمی‌و میللیەکەی دەکرێ دەستنیشان کرا.

دامەزراندنی کۆماری تورکیا لەسەرەتای سەدەی بیست هەر تەنیا بەرهەمی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی‌و دابەشکاری نوێی هێزەکان‌و بەرژەوەندیەکانی کۆلۆنیالیزم نەبوو، بەڵکو بەرهەمێکی ئایدۆلۆژیش بوو، هێنرایە رۆژهەڵاتی ئیسلامی. لەسەرەتای دەست پێکردنیشی سەرکردەکانی باوەڕیان هێنا، ئەو زێدەڕۆیکردنەی لەلایەن سەرانی سکیۆلاریزم لە تورکیا دەکرێ‌و هەوڵەکانیشیان بۆ بەرۆژئاوایی کردنی کۆمەڵگەی تورکی یەکەمین دیاری‌و بەڵگەنامەیەکە بۆ دووپات کردنەوە لەسەر گوێڕایەڵیکردنیان بۆ رۆژئاوا.

لە راستیدا کۆماری نوێ لەباوەشی سیاسەتەکانی سەربازی‌و دۆخی جەنگی ساردو جێگیرکردنی بنەماکانی سەربازی پشتاوپشت، کە بەهۆیەوە عەقڵی سەربازی‌و رۆڵە گرنگەکەی بەسەر ژیانی سیاسی‌و گشتیدا زاڵ بوو، دواتریش بونیادی دەوڵەتێکی نەتەوەیی، کە لەسەر بنەمای رەتکردنەوەی هەموو نەتەوەو ئاینێك دامەزراوەو کاریگەریەکانی بەسەر دووبارە دارشتنەوەی نموونەی دەوڵەتێکی پۆلاینی داخراو پێشکەوتنی زۆری بەخۆوە بینی. ئەوە بوو دەستی بەدژایەتیکردنی یۆنان‌و شکاندنی بوونە کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیریەکان کرد لەناوچەکانی رۆژئاواو کەنار دەریاکان، وەکو چۆن پرسی ئەرمەنەکانی یەکلایی کردەوە، بە سەخترین شێوەش بەردەوام بوو، لە پرۆسەکانی سەرکوتکردن‌و لەناوبردنی بزاڤە نەتەوەیی کورد. بەم شێوەیەش کۆمار لەسەر حیسابی رەتکردنەوەی فرەیی بونیادنرا، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە ئازادیەکان بەرتەسك بکرێنەوە. بەم شێوەیە پێکهاتەی دەوڵەت بەهیچ تۆخمێکی لیبراڵی سیاسی، کۆمەڵایەتی‌و هزری متروبە نەکرا، ترس و شپرزەیی نەتەوە پەرستە تورکەکان لەناویشیاندا دامەزراوەی سەربازی بەتایبەت لە ئەگەری کرژبوونی کۆمارو هەڵوەشاندنەوەی بووە هۆکاری بەکارهێنانی زێدەڕۆییکردن‌و بەکارهێنانی توندوتیژیەکان‌و لەناوبردنی ململانێ ئاینی‌و نەتەوەییەکان بەتایبەتر

گـەلی کـورد. دواتـر ئـەم هەڵوێسـتە هـەمان ڕەنگدانـەوەی بەسـەر سـەندیکاو بزاڤـەکانی کرێکـاران و ڕێکخـراوە کۆمەڵایەتییەکان بەجێهێشت، بەجۆرێك لە پاڵ سەپاندنی سزا بە سەر ئیسلامییە ڕۆشنگەرەکانی نموونـەی سـەعید نورسی، کۆمار سزای لە سێدارەدانی بەسەر کۆمەڵێك لە ڕۆشنبیرو سەرکردە شیوعیەکان سەپاند.

بێگومـان تورکیـا ماوەیـەکی زۆر لـە قەفەسـی نـاتۆ لـەژێر دەسـەڵاتی راسـتەقینەی سـەربازیدا مایـەوە، ئـەم دۆخـەش تـاوەکو لـە باریـەك هەڵوەشـانەوەی لـە کۆتاییـەکانی سـەدەی بیسـتدا هـیچ جـۆرە پێشکەوتنێکی بـەخۆوە نەبینی، بۆیە لێرە بەدواوە کۆتایی بەژیانی سیاسیو هزری ئەم کۆمـارە دێ، کـە لـە نمایشکردنی شانۆیەك دەچـوو. دەرئەنجام کۆماری نوێ لەسەر بنەمای چەوساندەوەو دیموکراسیەتی رووکەش، بە مەرامی گەیشتن و مانەوە لەپێناو بونیادنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی زبرو داخراو لەچوارچێوەی دیدگای کۆتایی دەوڵەت کە بریتیە لـە (نەتـەوەی هـاو توخمی بەزۆرە ملێ) دامەزرێندرا.

سکیۆلاریزم و دیموکراسی تورکیا بەدرێژایی سەدەی بیست تەواو دابڕاو بووە، لـە ئازادییـەکان، کـە هاووڵـاتی تێیدا هەڵگری ناسنامەی ئیسلامی یاخود ئینتیمـای ئیسـلامی بـووە، هـەر بـە درێـژایی ئـەو ماوەیـە تورکیـا لـە ژێـر قەدەغـەی ڕۆشـنبیری و دەست بەسـەرداگرتنی هـەر جـۆرە بیروبۆچـوونێك بـووە، لـە رووخسـارە دیـارو ڕۆشـنەکانی سیاسـەتە فەرمیـەکانی دەوڵـەتی نـوێ، بۆیـە دەبینـی لـەم ماوەیـەدا دەوڵـەت هـیچ ئـەنجام و دەسـتکەوتێکی لـەبواری ئازادیەکان و بونیادنانی دامەزراوەی سەردەمیانەی بـەدەر لـە گرێـی ئایـدۆلۆژی و مێـژوویی بەدەست نـەهێنا، بـەڵکو لەماوەی شەست ساڵی یەکەمی تەمەنی ئەم کۆمارەدا، ئابووری وڵات دووچاری قەیران و وەستانێکی گـەورە بوویـەوە، دواجاریش سکیۆلاریزمی دەوڵەت لێوان لێو بوو لە تاك نەتەوەیی تورك، شێوەو رووکەشی و پەرستنی کەسایەتیەکی سـەربازی، کـەبێ هـیچ بەڵگـەو بیانوویـەکی بابـەتی بـەم شـێوەیە دروسـتکراو شـکۆدارکرا، پاشـانیش لەوسـەردەمەدا بەهۆی لاساییکردنەوەو بەکاربردنی شێوازی ئەوروپی جەماوەری موحافەزەکارو ناوەندە کلاسـیکیەکانی کۆمەڵگـەی تورکی رووبەڕووی سووکایەتی پێکردن بوونەوە.

سکیۆلاریزمی تورکی تەنیا بریتیە لە کەوتنە داوی تـۆڕێکی لەباریـەك هەڵوەشـاوەی پێکهـاتوو، لـە هەنـدێك یاساو بیروبۆچوونی شکێنەرو چەوسێنەر، بۆ تێکشکان و چەوساندنەوەی مێژوو، دۆخی کۆمەڵایەتی و کەش و هـەوای ئازادیـە گشـتیەکان. کەواتـە سـکیۆلاریزم و دیموکراسـیەتی تـورکی تـەنیا دروشمێکـە رووی دەسـەڵات و دەوڵـەتی پـێ ڕەنگکراوە.

دواجار هەموو ئەو هەڵوێستانەی سکیۆلاریزمی دەوڵەتی تورکیا بووە سەرەتاو دەروازەیەك بۆ سـەرهەڵدان و گەشـەکردنی هێـزە ئیسـلامیەکانی سـەردەم، وەکـو ئاماژەیـەك بـۆ شکسـتی سـکیۆلاریزمی تـورکی. هـەروەها وەکـو بەڵگەیەك بۆ شکستی سیاسیەتی چینی فەرمانڕەواو هەوڵەکانی بـۆ ئـەوەی تورکیـا لـە رووکەشـدا بکاتـە دەوڵـەتێکی هاوتوخم و یـەك ڕەگـەز، ئەمـەش لـە ڕێگـەی هەڵوەشـاندنەوەی ڕۆشـنبیری نەتـەوەکانی دیکـە، بەتایبـەت نەتـەوەی

کورد. بەگشتی تورکیا شکستیهێنا لە پێشکەشکردنی نموونەی دەوڵەتێك چەمکی گەل سالاری جێبەجێ بکاتو جەخت لەسەر بنەمای یاساکانی مەدەنیو مافی هاوڵاتی بوون بکاتەوە.

ئێستا ئێمە لەبەردەم شکستی ئەزموونێکی دیاریکراوین، ڕەنگە هەر لە بنەڕەتەوە ئەم شکستە پەیوەندی بە دووری مەودای نێوان سکیۆلاریزمی رووکەشی تورکیو لیبڕاڵیەتی ئەندامیەوە هەبێ، واتە ئەو سکیۆلاریزمەی پەیوەندی بە ئازادیە گشتیەکانو ڕۆشنبیری پاراستنی مافەکانی مرۆڤو گەلانەوە هەیە، وەکو مەرجی یەکەم بۆ بونیادنانی دەوڵەتو پێشخستنی هۆشیاری کۆمەڵایەتی بەجیاوازی تەواوی چینو بژاردەکانی بۆ بەشداریکردن لە دەربازبوونی عەقڵیەتی دوورخستنەوەو شێوازی بیرکردنەوەی چاخەکانی ناوەڕاست.

ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی دوایی، کە تێیدا ڕەوتی ئیسلامی سەرکەوتنی بەدەستهێناو توانی نزیکەی کۆی گشتی دەنگی دەنگدەران بەدەست بێنێ، سەرلەنوێ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی تورکیای هاوچەرخ دەربازی نەبووە، لە تەنگژەی مێژوویی (تەنگژەی دامەزراندنو شێوەکانی پێشکەوتن)و لەکاتی بەڕێوەچوونی ئامادەکاریە بەردەوامەکان بۆ هەڵبژاردنەکانو خستنە ڕووی بەرنامە سیاسیەکان لەلایەن پارتەکانەوە بەقەد ئەوەی ئایدۆلۆژی بوون، خزمەتگوزاری نەبوون، بۆیە دەبینی هەموو پارتەکان دێن موزایەدە بەسەر ناسنامەی تورکیاو یەکپارچەیی پۆڵایینو ڕۆشنبیریەتی دوورخستنەوەی یەکتری دەکەن.

دیارە هەموو ئەم بانگەشەو پڕوپاگەندە ئایدۆلۆژیانە دواجار ئەرکی خۆی دەپێکێ، لە راستیدا هەڵبژاردنی عەبدوڵڵا گوڵ بۆ سەرۆك کۆماری تورکیا ڕەگی ئایدۆلۆژیایەکی نوێی داکوتا، بۆ نەخشەکێشانی سیستمێکی سیاسی، کە بەڕەنگو بۆی ئیسلامی ڕەنگکراوە، ڕەنگە دەرکەوتنی رووخسارە باشەکەی لەسەرەتای دەیەی یەکەمی هەزارەی نوێ ببێتە ڕێگە خۆشکەر بۆ ئەوەی ماوەی چەندین ساڵی دیکە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

دەرکەوتنی ئەم ئایدۆلۆژیا نوێیە بریتیە لە گواستنەوەی نموونەی قۆناغی ئایدۆلۆژی (پێویست کراو) بۆ قۆناغێکی دیکە قۆناغی (داواکراو و ئارەزووکراو). بەم شێوەیەو بەکردەیی نموونەی دەوڵەتی سکیۆلاریزمی نەتەوەیی پێچرایەوەو نموونەی دەوڵەتێکی ئیسلامی میانڕەو شوێنی گرتەوە. ڕەوتی ئیسلامی توانی جارێکی دیکە بگەڕێتەوە گۆڕەپانەکەو گەورەترین سەرکەوتن لە مێژووی تورکیای هاوچەرخدا تۆماربکات، سەرکەوتنی ڕەوتی ئیسلامی میانڕەو نە دەرهاوێشتەی بۆشایی سیاسییەو نە لەدایك بووی چرکە ساتێکەو نە لەئەنجامی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکانی تەمووزی 2007 بوو، بەڵکو پەیوەستە بە کۆمەڵێك بارودۆخی پەیوەندار بە ئەدای پارتی دادو گەشەپێدان لە بەڕێوەبردنی وڵاتو هەلگرتنی مەرجەکانی بابەتی بوون، لە ڕەخساندنی کەش و هەوای هەرێمایەتیو نێودەوڵەتی، بەم پێیەش ئاك پارتی دەتوانێ بە پێشکەشکردنی نموونەیەکی نوێ ئیدارەی دەوڵەتێکی نموونەییو چۆنایەتی بکات.

گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن ڕەوتی ئیسلامی لە تورکیا بەرهەمی کارلێکی سیاسەتەکانی هەرێمایەتیو نێودەوڵەتیو ڕەنگدانەوەکانیەتی بەسەر هاوسەنگی هێزەکان لەناوخۆی تورکیا، هەروەها نموونەیەکی نوێی لەم

شێوەیە بۆ وڵاتانی ناوچەکە چەند ئاماژەیەك هەڵدەگرێ‌و مەترسیە نوێیەکان دەرەوێنێتەوە، ئەو ئاماژانەش بریتین لە:

1- زۆربەی زۆری کۆمەڵگەی تورکی هەڵگری ناسنامەی رۆشنبیری سکیۆلاریزمی سەربازی نەبووە، کەماوەی چەندین ساڵ لەمەوبەر ئەوروپاو ئەمەریکا وەکو دیاری بۆ ئەم وڵاتەیان هێنا، لە راستیدا کۆمەڵگەی تورکی لە قووڵاییەوە کاریگەر نەبووە، بەم جۆرە ئایدۆلۆژیا بەرتەسکەی دەوڵەت‌و پارتە فەرمانڕەواکانی، کە خۆیان لەشێوەی جیاجیای نمایشی سیاسی خستۆتەروو.

2- ناکرێ تێگەیشتنی سەرکەوتنی رەوتی میانڕۆی ئیسلامی تەنیا بە هاوکێشەو هاوسەنگیەکانی ناوخۆیی پەیوەند بکرێ، بەڵکو سەرکەوتنی ئەم رەوتە پەیوەندی بە کەش و هەوای جیهانی‌و بارودۆخی هەرێمایەتی‌و بابەتی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرو هەوڵەکان بۆ وەرچەرخانی هەندێك وڵاتانی ئیسلامی‌و لەقاڵبدانیان بەچەمکی ئیسلامی سیاسی میانڕۆ وەکو وەسفێکی ئۆرۆ - ئەمەریکی پێشنیازکراو بۆ کۆمەڵگاکانی ئیسلامییەوە هەیە.

3- نموونەی تورکیای ئیسلامی میانڕۆ (ئەندامی ناتۆ) لەگەڵ ئایدۆلۆژیاو ئارەزووی هەریەك لە ئەمەریکاو ئیسرائیل وەکو دوو دەوڵەتی ئایدۆلۆژیی ئاینی دەگونجێ، بۆ ئەم مەبەستەش جارێکی دیکە سوپا رادەسپێرێ بۆ ئەرکی پاراستنی ئەم نموونەیە لەژێر ناونیشانی پارێزگاریکردن لە سکیۆلاریزمی دەوڵەت.

4- ئاك پارتی بەشێوازێکی نەرم‌و لایەنی سۆزداری‌و لەژێر دروشمی برایەتی ئیسلامی‌و هاوڵاتی بوون لەگەڵ پرسی ئاڵۆزی کورد مامەڵە دەکات، بەم پێیەش چارەسەری پرسەکە دوادەخات، فشارەکانی جەماوەریش ساردەکاتەوە، بەڵام پێویستە حیساباتەکانی خۆی ئاشکرا بکات‌و چارەسەری جددی بۆ پرسەکە دابنێ، ئەگەرنا زۆربەی بنکەی جەماوەری بەرفراوانی کوردی لەدەستدەدا.

5- پێویستە میانڕۆیی‌و پراگماتیکی ئەم پارتە دیاریکراوو کاتی بێ، ئەگەر نا بەپێچەوانەوە بەزیاد لە سووڕانەوەیەك تێپەڕدەبێت‌و رووبەڕووی زیاد لە تاقیکردنەوەیەکی ئایدۆلۆژی‌و کردەیی دەبێتەوە، بەم ئەنجامەش ئاك پارتی بە تەنیا بێ رکابەر لەنێو ململانێکانی هەڵبژاردنەکان نامێنێتەوە، جگە لەمەش هەندێك چین‌و توێژی ناو کۆمەڵگەی تورکی بەهەستیارییەوە دەڕواننە ئایدۆلۆژیای ئەم رەوتە.

دوای پێکهێنانی حکومەتی دووهەمی ئیسلامی وێنای تورکیای سکیۆلاریزمی مۆدێرنە لەبەرامبەر وێنای نوێی تورکیای رەنگکراو لەلایەن راگەیاندنەکان‌و بۆن خۆشکراو بە ئیسلام لەپاشەکشەدایە، ئێستا ئێمە لەبەردەم دەوڵەتێکی ئاینی تایبەتمەندایین لەلایەك تایبەتمەندیەك لەڕووی راگەیاندن‌و داواکراویش وەکو کلیلی چارەسەری کێشەکانی جیهانی ئیسلامی لەلایەکی دیکەدا.

دەکرێ ئەو گریمانەیە راستبێ، کە زۆربەی گەورە وڵاتانی ئیسلامی دەیانەوێ خۆیان لەگەڵ پێویستیەکانی ئەم قۆناغە بگونجێنن. ئەگەر ئەوروپاو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەدرێژایی چەندین ساڵی رابردوو شکستیان

هێنابێ، له پێشکەشکردنی هاوکاریەکانیان بۆ گەلانی ئیسلامی لەپێناو بونیادنانی دەوڵەتێکی دیموکراسی مۆدێرنە ئەگەرچی لە هەوڵەکانیشیان راستگۆبووبن، لەڕاستیدا ئەمڕۆکە چانس یاوەری نموونەی دەوڵەتێکی ئیسلامی میانڕۆ دەکات، بۆ دەستکردن بە رۆڵگێڕانو چەندین ئەرکی هەمە جۆر.

سەرەڕای چەپڵەلێدانو ئەو پێشوازیە گەرمەی لەسەر ئاستی ئەوروپا، ئەمەریکا، وڵاتانی عەرەبی، وڵاتانی ئیسلامیو کوردەوە لەم ئەزموونە دەکرێ، بەڵام دەبێت هەموو لایەك وریابن، نموونەی ئێستای تورکیای ئیسلامی چەندین مەترسی گەورەتر لە مەترسیەکانی نموونەی پێشووی سکیۆلاریزم لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێ، چونکە تا ئێستا پارێزگاری لەهەمان هۆکارەکانی شکستی فەرمانڕەواکانی پێش خۆی دەکاتەوە، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بەکەموکورییەکانی سیستمی ئیستیبدادی رۆژهەڵاتو لایەنە نەرێنیەکانی سوپای شاراوەو پاراستنی دەوڵەتو رۆشنبیری نەتەوەییو دوورخستنەوەی بەرامبەرەوە هەیە. لەڕاستیدا لەوەتەی دروست بوونی کۆمار دەوڵەت توانیویەتی تۆتالیتاریەکی دوو دەوڵەتی لەناویەك دەوڵەتدا بەرهەم بێنێ، بەشێوازێك کە جیاواز نیە لەگەڵ سیستمی تۆتالیتاری تاك حزبی. هەوڵەکان بۆ پێشکەشکردن و ئەزموونکردنەوەی ئەزموونی تورکی بەوپێیەی نموونەیەکی پێشکەوتووە بۆ گەلانی ئیسلامی تەنیا پڕوپاگەندەی سیاسیو هەمان ئەو ناوەڕۆکەیە، کە بەر لە هەشتا ساڵ لەلایەن سیستمی کۆماری سکیۆلاریزمەوە پڕوپاگەندەی بۆ دەکرا، بۆیە بەر لەهەموو کەسو لایەنێك سەرەتا لەسەر بژاردەی سیاسیو رۆشنبیری تورکیا پێویستە ئاگاداری مەترسیەکانی دووبارە بوونەوەی ئەم ئەزموونەبنو باشتر وایە باوەڕی پێنەکەن، چونکە زۆر شت لە تەمەنی ژیاریو سیاسیان لەدەست دەدەن.

# کاریگەری نموونەی پارتی دادو گەشەپێدان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

د. عوسمان عەلی

لە وتارێکی دوورو درێژدا، کە رۆژنامەی ئیکۆنۆمیست سەبارەت بە نموونەی پارتی دادو گەشەپێدان بڵاویکردۆتەوە، نووسەری ئەم کتێبە دەڵێ: "بێ هیچ گومانێك رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو باکووری ئەفریقیا دوو واقیعن ئەمڕۆ کەوتوونەتە ژێر هەژموونو دەسەڵاتی بێ وێنەو رادەبەدەری تورکیا". نووسەر ئەم هەژموونە بۆ تواناکانی تورکیا لەژێر سایەی حکومەتەکەی پارتی دادو گەشەپێدان بەمەبەستی پێشکەشکردنی نموونەیەکی زانستی، کە سوودی بۆ زۆربەی گەلانی موسڵمان تێدا هەبێ دەگەڕێنێتەوە. هەروەها بە باوەڕی نووسەر حکومەتی ئاك پارتی توانیویەتی هەریەك لە ئیسلامو سکیۆلاریزمی میانڕۆ بەیەکەوە کۆبکاتەوە، وڵاتێك تێدا ئیسلامیەکان توانیان نموونەیەکی سەرکەوتوو لە گەشەپێدانی ئابووری پێشکەش بکەنو خۆ لەهەر جۆرە هەوڵێکیش بەدووربگرن، بۆ سەرکوتکردنی ئازادیەکانو دروستکردنی ململانێ ناوخۆییو دەرەکیەکانو ململانێکان لەگەڵ رۆژئاوا. ئاك پارتی توانی تورکیا لە هەڵاوسانی ئابووریو گەندەڵی ئیداری درێژخایەن رزگار بکات، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا نووسەر باوەڕی وانیە ئەم ئەزموونە سەرکەوتووەی تورکیا بەئاسانی بۆ وڵاتانی دیکەی عەرەبیو ئێران بگوازرێتەوە، لەئێران دامەزراوەی پیاوانی ئاینی رێگرن لەبەردەم هەر وەچەرخانو گۆڕانێکی لیبراڵی لەنێوەندی ئیسلامی ئەم وڵاتەدا، وەکو زانراویشە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ناوچەکە تورکیا خاوەنی ئەزموونێکی تاڕادەیەك دیموکراسیو پێشکەوتووترە، جگە لەمەیش ئیسلامیەکانی ئەم وڵاتە ئەزموونێکی دەوڵەمەندیان هەیە لەبواری کاری سیاسیو بەشداریکردنیان لە دەسەڵات، بەپێچەوانەی ئیسلامیەکانی وڵاتانی عەرەبی، کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی وڵاتەکانیان رووبەڕووی سەرکوتکردنو پەراوێزخستن بوونەتەوەو لە بەشداریکردنی سیاسیو دەسەڵات بێ بەشکراون. بۆیە لە دەرەنجامی بەراوردکردنی نێوان ئیسلامییەکانی تورکیاو وڵاتانی عەرەبی دەبینی گوتاری ئیسلامیەکانی وڵاتانی عەرەبی توندترو زبرترە.

نووسەر لەسەر زاری ئیبراهیم کالین توێژەرو گەورە تیۆریستی ئاك پارتیو راوێژکاری ئێستای ئەردۆگان، یەکێك لەتایبەتمەندیەکانی دیکەی پارتی دادو گەشەپێدان دەگوازێتەوە، کە گووتوویەتی "ئاك پارتی پێچەوانەی ئیسلامیەکانی دیکەی ناوچەکە، کە داوای رۆڵی گرنگو قووڵی دەوڵەت دەکەن لەکاروباری کۆمەڵگەو جێبەجێکردنی شەریعەت، بەڵام ئاك پارتی دەیەوێ رۆڵی دەوڵەت سنووردار بێ لەکاروبارەکانی کۆمەڵگەو نایەوێ شەریعەت جێبەجێ بکات". لەم سۆنگەیەشدا تیۆریستو بیرمەندانی رەوتی ئیسلامی لە تورکیا لە نموونەی عەلی پۆڵاگ بە گرنگیەوە دەڕواننە ئەزموونی عوسمانی وەکو ئەزموونێکی دەوڵەمەندو سەرکەوتوو، لەدیارکردنی رۆڵی دەوڵەت لە کۆمەڵگاو پێدانی رۆڵی گەورەتر بە ئازادیەکانی کۆمەڵەو رێکخراوە مەدەنییەکان. هەندێك دووپات لەسەر گۆڕانی

گوتاری ئاك پارتی دەكەنەوە، بەهۆی كاریگەریەكانی (فەتحوڵلا گوڵەن) بەسەر سەركرداسەتی ئەم پارتە، بەتایبەت ئەو كاریگەرییانەی بە سەر هەر یەك لە ئەردۆگانو گوڵ داهاتوون، هەندێكیش بۆچوونیان وایە گوڵەن باوەڕی بەسەركردایەتی دادو گەشەپێدان هێناوە واز لەپرسی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی بێنن[62].

لە راستیدا سەركردایەتی دادو گەشەپێدان هەست بەگرنگی رەهەندەكانو كاریگەری ئەزموونەكەیان دەكەن، بەسەر وڵاتانی ناوچەكەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەمبارەیەوە نووسەر ئۆین ماتیۆس لێدوانێكی ئەردۆگانی لە گۆڤاری (نیوز ویك) گواستووەتەوە، كە تێیدا دەڵێ: " باوەڕمان وانیە ئەزموونەكەمان لەهیچ وڵاتێكی دیكە وەكو خۆی كۆپی بكرێت، بەڵكو دەكرێ ببێتە ئیلهام بەخشو سوودی لێ ببینرێ، ئێمە لەوڵاتی خۆمان توانیومانە ئیسلامو دیموكراسیو یاسا بەیەكەوە كۆبكەینەوە". بەڵام بەگوێرەی قسەی ئۆین توركیا مافی خۆیەتی شانازی بە ئەزموونەكەیەوە بكات، چونكە توانیویەتی زۆر دەستكەوت بەدەست بێنێ، كە ئەوانی دیكە لە بەدەستهێنانی پەكیان كەوتووەو نەیانتوانیوە بەدەستی بێنن. ئاك پارتی لە كاتێكدا دەسەڵاتی گرتە دەست وڵات لەژێرباری گرانی قەرز، گەندەڵی بژاردەی فەرمانڕەوا، دیموكراسی ناكارا، دەست تێوەردانی سوپا لەكاروباری سیاسەتو ئەنجامدانی چوار كودەتا، ناسەقامگیریو كەوتنی یەك لەدوای یەكی حكومەتەكانی ئیئتیلافیدا بوو، بەڵام ئەردۆگان توانی لەسێ هەڵبژاردنو لە سێ راپرسی گشتیدا سەركەوتن بەدەست بێنێ، وەكو چۆن توانی بەرزترین رێژەی گەشەی ئابووری لەسەر ئاستی جیهان بەرێژەی 8٪ بەدەست بێنێ. هەروەها بەهاتنی ئەردۆگانو پارتەكەی بۆ دەسەڵات توانرا، كێشەی لەمێژینەی گەندەڵی چارەسەر بكرێتو توركیاش ببێتە هێزێكی گەورەی هەرێمایەتی، لە كۆتایشدا ئەردۆگان توانی بەبێ رژانی خوێن شەڕو تووڕەیی سوپا لە سیاسەت دووربخاتەوە.

سەبارەت بە كورد ئەردۆگان بە بوێریەكی زۆرەوە قسە لەبارەی چارەسەركردنی پرسی كورد دەكات، هەروەها كۆمەڵێك چاكسازی یاسایی تایبەت بە مافەكانی مرۆڤو نزیك كەوتنەوەی توركیا لە پێوەرەكانی كۆپنهاگنی تایبەت بە مافەكانی مرۆڤ پێشكەش بكاتو بەڵانسی چانسی توركیاش بۆ چوونە ناو یەكێتی ئەورووپا زیاتر بكات، بەڵام لەهەموو ئەمانە گرنگتر بریتیە لە توانای توركیا بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەی كە بزاڤەكانی دیكەی ئیسلامی تێیدا لەبەدەستهێنانیان شكستیان هێناوە، هەروەها بەپێچەوانەی ئەزموونی ئێران، سوودانو ئەفغانستان توركیا توانی لەسەر زەمینی واقیع دەستكەوتەكانی ئاك پارتی بخاتە روو، لەڕاستیدا سەركردایەتی دادو گەشەپێدان بوێریەكی زۆری تێدابوو، بۆ چاوخشاندنەوە بە ئەجێندای رابردووو وەبەرنانەوەی گیانێكی تازە بە بزاڤەكەیان، بۆیە لەسەر ئیسلامیەكانی وڵاتانی عەرەبی پێویستە باش بزانن سەردەمی ئیسلامی سیاسی كلاسیكی بەسەر چووەو دەبێت سوود لە ئەزموونی توركی وەربگرن.

شتێكی نا چاوەڕوانكراونیە ئەگەر راپرسیەكان لەوڵاتانی عەرەبی دەریبخەن رێژەی 75٪ی هاوڵاتیانی عەرەب بەچاوی سەرسوڕمانەوە تەماشای ئەزموونی توركی دەكەن، بۆیە دەبینی بزاڤەكانی ئیسلامی لە وڵاتانی

(62) Econmist،" The Turkish model A hard act to follow، Sunday August 14th 2011.

عـەرەبی لەناویشـیاندا توێـژێکی گـەورە لـەم راسـتیانە وریـا بوونەتـەوەو دەسـتیان بـەدووبارە چـاویان بـە هـزرو رێکخستنەکانیان خشـاندۆتەوە، بـۆ نموونـە لـەم مـاوەی دواییـدا رێکخـراوی کۆمەڵـەی برایـانی موسـڵمان لـە میسـر پـارتێکی نـوێی بـەناوی پـارتی ئـازادیو دادپـەروەری دامەزرانـد، هـەروەها لـە مۆریتانیـا پـارتی دادو گەشـەپێدانی مۆریتـانی دامەزرێنــدرا، بەهــەمان شـێوە لـەم دواییانەشـدا بــەرەی کـاری ئیسـلامی رایگەیانــد بەچـاوی رێــزو سەرسوڕمانەوە دەڕوانێتە ئەزموونی دادو گەشەپێدانی تورکی، لەلای خۆیەوە راشید غەنووشی سەرسامی خۆی بـە ئــەزموونی ئــاك پــارتی ناشــارێتەوەو لەمبارەیــەوە دەڵــێ: "نموونــەی دادو گەشــەپێدان نموونەیــەکی زینــدووە، لەسەرکەوتنی ئەزموونی بە یەکەوە کۆکردنەوەی نێوان ئیسلامو مۆدێرنە - ئیسلامو دیموکراسی"[63].

لەسەروبەندی بڵاوبوونەوەی کتێبی (ئیسلامیەکانو دیموکراسی) کە لەلایەن ناوەندی توێژینەوەی سیاسیو ستراتیژی بڵاوکراوەتەوە، نووسەر (ئیبراهیم مەنسور) لە دیمانەیەکی تایبەتدا لەگەڵ رۆژنامەی ئەهرامی میسری لە ساڵی 2005 ئەنجامیداوە، بۆچوونی خۆی لە بارەی سێ هۆکاری تەواو بوونی بناغەی رەوتی ئیسلامیو دیموکراسی لە تورکیاو وەستانی بزاڤی ئیسلامی لە میسر لە نیوەی رێگەدا دەخاتە روو.

یەکەم هۆکـار بریتیـە لـە جیـاوازی واقیعـی سیاسـی لـەنێوان میسـرو تورکیـاو جیـاوازی رادەی پێشکەوتنی دیموکراسـی لـە هـەردوو وڵاتـدا، دووەم بـەردەوامی بەیەکـەوە ژیـانو مانــەوەی هـەردوو نـەوەی کـۆنو نـوێ لـەناو کۆمەڵەی برایانی موسڵمان لەنێوان رەوتی بانگخوازی ئاینیو رەوتی سیاسی، ئەمەش لە ئەنجامی دەرنەکەوتنی هیچ ئاسۆیەك بۆ سەرهەڵدانی پارتێکی سیاسی ئیسلامی، رێك بەپێچەوانەوە سیستمی سکیۆلاریزمی تونـدڕۆ لـە تورکیـا، کـە رێگـەی بەدامەزرانـدنی پـارتی سیاسـی بەمەرجـەع ئیسـلامیدا، سەرەتاکەیشـی بـە پـارتی رەفـا دەسـتی پێکـرد، دواتریش بەدروست بوونی فەزیلەو پاشانیش بەدامەزراندنی پارتی دادو گەشەپێدانو پارتی سەعادە کۆتایی پێهات، بـەڵام هۆکـاری سـێیەم پەیوەنـدە بـەجیاوازی چـۆنیەتی مامەڵـەکردنی هـەردوو ئـەزموونی میسـریو تـورکی لەگـەڵ رۆژئاوا، بە بۆچوونی نووسەر کۆمەڵەی برایـانی موسـڵمان شـپرزەیی پێوەدیـاربوو، لەمامەڵـەکردنی لەگـەڵ رۆژئـاوا لەنێوان گوتاری ئیسلامیانەی رزگاری نیشـتمانیو دووپاتکردنـەوە لەسـەر بنـەماو رۆشـنبیری بـەرگری جیهادی دژی رۆژئاوا لەلایەكو لە لایەکی دیدکەدا لەنێوان کارلێکی رەخنـەیی ئاشـتیانە وەکـو ئـەوەی تورکـەکان ئەنجامیانـدا. بـە پێچەوانەوە هەر زوو رەوتی ئیسلامی تورکی رووی ئینتیمای خۆی کردە بنـەماکانی دیموکراسـی رۆژئـاواو رێزگـرتن لەمافەکانی مرۆڤ، لە هەمان کاتیشدا بێئەوەی سازش لە سەر چەمکی (کـارلێکی رەخنـەیی) لەگـەڵ رۆژئـاوادا بکـات، هەوڵیدا سیستمی سیاسی وڵات لەگەڵ بنەماو پێوەرەکانی یەکێتی ئەوروپا بگونجێنێ، لەپێناو بـە ئەنـدام بـوونی لـە یەکێتیەکەدا. کتێبی (ئیسلامیەکانو دیموکراسـی) لـەدوو توێژینـەوەی جیـادا بەدرێـژی بـاس لەهـەردوو ئـەزموونی تورکیو ئێرانی دەکات، بە ئامانجی ئاشنا بوون بەسروشتی هەردوو ئەزموونەکەو وەرچەخانەکان بەرەو بونیادنـانی

(63) Owen Matthews "An Islamist Makeover ". News Week Magazine Feb 27، 2011.

گوتاری دیموکراسی وەکو (جان مارکۆ) ناوی ناوە (گوتاری دوای قۆناغی ئیسلامی) لە تورکیاو گوتاری ریفۆرمی ئاینی خاوەن رەهەندەکانی دیموکراسی لە ئێرانی خاتەمی وەکو (مستەفا لەبباد) ئاماژەی پێداوە[64].

لێرەدا بەکورتی ئاماژە بە هەندێك لەو پەندو وانانە لە ئەزموونی تورکی دەکەین، کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ پرسی مشتومڕی ئیسلامو دیموکراسی، یاخود روونتر بڵێین مشتومڕی ئیسلامو تەواوی توخمەکانی مۆدێرنە دەوروژێنێ.

1- سیستمی دیموکراسی ئاشتیانە تاکە هێزە توانای گۆڕانکاری هەیە، هەروەها سەرکەوتنی ئەم سیستمە لە تورکیا بیانووی لەبەردەم هەموو پشت پێبەستنێکی توندوتیژیو تیرۆرو پیلانگێڕیەکان بۆ ئەنجامدانی کودەتا وەکو میکانیزمی ئەلتەرناتیڤی ئاشتیانە بۆ گۆڕانکاریەکان رەتکردەوە.

2- ئەو بزاڤە ئیسلامیانەی باوەڕیان بە ئیسلامی سیاسی هەیەو بەشێوازی نادیموکراسی دەخزێنە ناو کاری سیاسی، رێگەی خۆیان ون دەکەن، بۆیە پێویستە چاوپێخشاندنەوە بەدیدگا، تێگەیشتنو ڕێگاکانی کارکردنیان بکەن، خۆیان لەگەڵ داواکاریەکانی مۆدێرنە بگونجێنن، لەگەڵ کۆمەڵگە هەڵبکەن، کە هەڵقوڵاوی واقیعی سیاسیە دواتریش هەموو هاوکاریەك پێشکەش بە دامەزراوەکانی ئەم واقیعە سیاسیە بکەن، هەروەها لەسەر بزاڤی ئیسلامی پێویستە خۆی لەو تێگەیشتنە بەدوور بگرێ، کە پێی وایە تاکە هێزی راستەقینەیەو ئەوانی دیکە رەتبکاتەوە، بەتایبەت کە هەندێ جار دێ کۆمەڵگە تەکفیر دەکات.

باشترین نموونەیەك ئاك پارتی لەکاتی راگەیاندنی خۆیدا دەیخاتە روو، بریتیە لەوەی سکیۆلاریزمێکی قەبووڵە، کە دژایەتی ئاین ناکات، هەروەها وەکو پارتێك تێکەڵاوی قووڵاییەکانی کۆمەڵگەی تورکی دەبێت، کاردەکاتو هاوکاری دامەزراوەکانی دەستووری دەکات.

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێش ئایا ئیسلامی سیاسی عەرەبی تا چەند پابەندی گۆڕانکاریو هەژانەکانی رۆشنبیری، کۆمەڵایەتیو سیاسی دەبێت، بۆ ئەوەی تێبگات، کە لەسەریەتی ئاوڕ لە دیدگاو تێگەیشتنەکانی بۆ رابردوو، ئێستاو داهاتوو، دەوڵەتو کۆمەڵگەو تاك، ئافرەتو منداڵو ئازادیە کەسیەکانو گشتییەکان، فەلسەفە، هیزر، هونەرو ئەدەب بداتەوە.

ئایا کۆمەڵگای عەرەبیو ئیسلامی پێویستیان بە دەوڵەتێك نیە پایەکانی لەسەر یاسا دامەزرابێ، کە لەژێریدا کۆمەڵگاکان پارێزراو بنو هێزیان یەکخراوبێو بەهۆی رۆشنبیری ئیسلامیو زیندوویەتیو کاریگەری ئەم رۆشنبیریە جارێکی دیکە ئەم دەوڵەتە خۆی نوێ بکاتەوە؟ رەنگە دەرکەوتنی سەردەمی ئیسلامی سکیۆلاریزم -

(64) ابراهیم منصور "هل تندمج التيارات الدينية في مشروع العولمة؟ " جريدة السرق الأوسط، لندن،الاحد 19 ذو الحجة 1425 هـ 30 يناير 2005 العدد 9560).

ديموكراسى لـه توركيـا سـەرەتاى پێويسـتى دەركـەوتنى خـودى ئـەم جـۆرەى ئيسـلاميە سياسـييە بـێ لـەجيهانى عەرەبى[65].

هەروەها توێـژەر (سـەعيد ئەلكـەحل) دەڵـێ: "ئـەزموونى پـارتى دادو گەشـەپێدانى تـوركى لەگـەڵ سـكيۆلاريزم، ديموكراسىو دەسەڵات زۆر وانـەى لێوەردەگيردرێ، بۆيـە لەسـەر گروپـە ئيسـلاميەكان پێويسـتە لەهـەر شـوێنكدابن، پێـرۆى ئـەم نموونەيـە بكـەنو توێژينـەوەى لەسـەر ئـەنجام بـدەن، بـۆ ئـەوەى ببێتـە پاڵنـەرێكى بـەهێز لـەدووبارە چاوپێخشاندنەوە بە باوەڕو هەڵوێستى رەتكردنەوەو تەكفيركردنى هێزە ديموكراتخوازو سـكيۆلارەكانو ئەنجامـدانى هەڵبژاردنەكان. دەبێ گروپـە ئيسـلاميەكان بـاش بـزانن ئـەو بـاوەڕەى هـەڵيان گرتـووەو پشـت بـە بـاوەڕى تـەكفيرى دەبەستن، هەڵەيەكەو هەڵەيان پێدەكاتو بيروبـاوەڕى راسـتەقينەيانى شـێواندووەو كردوونـى بـەهێزێكى وێرانكـەر، جگە لە كوشتنو وێران كردن هيچى ديكەى فێرنەكردوون". لەبەشێكى ديكەى قسـەكانيدا ئەلكـەحل دەڵـێ: "پـارتى دادو گەشەپێدان تايبەتمەنديەكى ديكەيـەو شـياوى لاساييكردنەوەيە لـە رۆژهـەڵاتى ناوەڕاسـت. لەگـەڵ ئـەوەى ئـەم پارتە ئيسلامى بەمەرجەعى خۆى گرتووە، بەڵام بەرنامەى هەڵبژاردنەكانو نەخشـەى سياسـى حكومەتەكـەى پشـت بەسـتوو نيـە بـەفيقهى بـەداوەو رۆشـنبيرى رق لێبوونـەوەو فـەتواى تـەكفيركردن، بـە پێڕۆكردنـى ئـەم ميتـۆدە لـە بەرنامەى كارى سياسى توانيويەتى خۆى رزگاربكات لە پەرستشى سەلەف، بـەڵكو توانيويـەتى بـە لـۆژيكى سـەردەمو كەرەستەو پێويستييەكانى رووبەڕووى كێشەكانى واقيعو ژيانى رۆژانە ببێتەوە. بەم شێوە ڕوون دەبێتەوە، كە ئـاك پارتى لە ئەدەبياتى خۆيدا پشت بە فەتواكانى ئيبنو تەيميە نابەستێ، لە چۆنيەتى مامەڵەكردنى لەگەڵ هاوڵاتيانى ئـاينو ئايينزاكـانى ديكـە، بگـرە هـيچ كۆسـپو تەگەرەيەكيشـى لەبـەردەم كڵێسـاى مەسـيحيەكانو دێـرى جوولـەكان دروست نەكردووە، جگە لەمەش گوتارى ئەم پارتە هيچ جياكاريەكى لەنێوان موسڵمانانو ئەهلى كيتابدا نـەكردووە، بەڵكو پێشر رايگەياندووە، كە (لە دڵى هەموو تاكێكدا هەندێك سيفاتى دانەر (خالق) هەيە، بۆيە هەموو مرۆڤـەكان يەكسانن بەم پێيەش بۆ هيچ كەس نيە لە دژى ئەوى ديكە جياكارى بكات).

لەسـەرێكى ديكـەوە بـۆ ديـاريكردنى سروشـتى پەيوەنديـەكانى نێودەوڵـەتى بـەجياوازى بيروباوەڕيانـەوە لەناويشياندا ئيسرائيلو وڵاتە يەكگرتووەكانى ئەمەريكا، دادوگەشەپێدان ناگەرێتـەوە سـەر فـەتواى زانايـانو كتێبـە كۆنەكان[66].

## ئەزموونى پارتى دادو گەشەپێدانى توركى... هەڵەى گشتاندنو پێوانەكردن

محمد سلێمان[67]

(65) الدكتور عبد الله تركماني، جدل الاسلام والحداثة في التجربة التركية 2.

(66) سعيد الكحل الحوار المتمدن - العدد: 1994 – 2007 / 8 / 1 .

(67) محمد سليمان، ، مجلة العصر: قضية وآراء، 18-6-2004،
http://alasr.ws/articles/view/5432

لەوەتەی دامەزراندنی پارتی دادو گەشەپێدان بەر لەچەند ساڵێك، ئەزموونەكەی ئەم پارتە مشتومڕێكی زۆری لە نێوەندی سیاسیو رۆشنبیری دروست كردووە، بووەتە مایەی گرنگی پێدانێكی زۆر لەلایەن راگەیاندنەكانەوە، نەك هەر تەنیا لەسەر ئاستی ژیانی سیاسی توركیا، بەڵكو لەسەر هەردوو ئاستی جیهانی عەرەبیو رۆژئاواشدا. گرنگی پێدانی راگەیاندنەكان بە ئەزموونی ئاك پارتی بۆ كۆمەڵێك هۆكار دەگەڕێتەوە، گرنگترینیان بریتیە لەوەی دادو گەشەپێدان سەر لەنوێ دوور لە دروشمی ئیسلامی توانی هەیكەلی دروشم و بیروبۆچوونەكانی خۆی لە ریشەوە بونیادبنێتەوە، بەم شێوەیە سەركردایەتی ئاك پارتی رایگەیاند پێناسەو ناسنامەی هزریو سیاسی ئەوان بریتیە لە رەوتێكی راستڕۆی میانڕەو هاوشێوەی پارتە موحافەزەكارەكانی ئەوروپا.

سەركردایەتی ئاك پارتی توانی بەشێوەیەكی زۆر زیرەكانە باردودۆخە نێودەوڵەتیەكان بۆ بەرژەوەندی خۆی بیقۆزێتەوەو یارمەتیدەر بوو بۆ خۆ دەربازكردن لە دەسەڵاتی سوپاو بواری كردەوە لەبەردەم خۆیدا بۆ گەیشتنی بە دەسەڵات، ئەم هەڵوێستەش هەلێكی تازەی رەخساند، بۆ تاقیكردنەوەی ئەگەرو توانای بەیەكەوە ژیانو گونجانی نێوان پارتە ئیسلامیە میانڕۆكانو وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكاو رۆژئاوا بەیەكەوە لەمیانی كۆمەڵێك مەرجی دیاریكراو، كە ئەم پارتانە لە ئاڕاستەی هزریو سیاسی خۆیان پێوەی پابەندن، بەتایبەت لەدوای رووداوەكانی 11ی سێپتمبەرو راگەیاندنی شەڕی دژە تیرۆرو دژ بە بزاڤی ئیسلامی جیهادی لەلایەن وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكاوە، كە دواتر وایكرد سەركردایەتی ئاك پارتی خۆیان وەكو موسڵمانی میانڕۆ نیشان بدەنو لە توانایاندا هەیە نموونەیەكی میانڕۆ دروست بكەنو بۆشایی نێوان ئیسلامو رۆژئاوا پڕبكەنەوەو كاربكەن لەپێناو راستكردنەوەی ئەو وێنا خراپەی هەردوولا بۆ یەكتری هەیانە.

زۆری پێنەچوو ئاك پارتی توانی لە هەڵبژاردنەكان ئەنجامێكی گەورەی تۆماركردو كابینەی حكومەت پێكهێنا، لێرەوە سەركەوتنی ئاك پارتی وایكرد، زۆرێك لەناو وڵاتانی عەرەبیو ئیسلامی داوای گشتاندنی ئەزموونەكەی ئاك پارتی بكەن، وەكو نموونەیەكی میانڕۆی ئیسلامی، كە خاوەنی خاڵە بەهێزو مەرجەكانی دیالۆگو بەیەكەوە ژیانی كارایە لەگەڵ رۆژئاوا بەگشتیو وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا بەتایبەتی، لەلایەكی دیكەوە زۆرێك لەنووسەرانو ڕۆشنبیران بەهۆی ئایدۆلۆژیاو ئاڕاستەی سیاسیەوە زاراوەی (سكیۆلاریزمی باوەڕدار) دەدەنە پاڵ ئاك پارتی. هەروەها لەسەر ئاستی هەردوو جیهانی عەرەبیو ئیسلامی ئاك پارتی توانی رەهەندێكی نوێ وەربگرێ، لەمشتومڕە بەردەوامەكانی نێوان رەوتی ئیسلامیو رەوتی سكیۆلاریزم بەتەواوی جیاوازی ئاڕاستەكانیانەوە. بۆ نموونە لەسەر ئاستی گۆڕەپانی ئێران ریفۆرمخوازەكانی ئەم وڵاتە پێشوازی لە ئەزموونەكەی دادو گەشەپێدان دەكەنو باوەڕیان وایە ئەزموونەكە نموونەی ئایدۆلۆژیایەكی خوازراوو ئیسلامێكی سەردەمیانەی پێشكەوتووە، كە لەگەڵ سەردەمی خۆی هەڵدەكات، بێئەوەی لە هیچ لایەك بەریەك كەوتن رووبدات، هەروها توانیویەتی زەمینەیەكی مامناوەندی پێكبهێنێ، بۆ دیالۆگی ئیسلامو سكیۆلاریزم، بۆیە پێویستە ئێران بۆ دەرچوونو رزگاربوونی لە تەنگژە گەورەكانی سیاسی، ئابووریو هزری سوود لە ئەزموونەكەی ئاك پارتی وەربگرێ،

بەڵام لە خوێندنەوەیان بۆ ئەزموونی ئاك پارتی رۆشنبیرانی ئیسلامی جیهانی عەرەبی بەسەر دوو ئاڕاستەی سەرەکی دابەش بوونە: ئاڕاستەی یەکەم نەیاری ئەزموونەکەیەو باوەڕی وایە دادو گەشەپێدان لە ئاڕاستەی ئیسلامی لایداوەو بووەتە هێزێکی سکیۆلارو دەستبەرداری جەوهەری پێکهاتەی هیزری سیاسی ئیسلامی بووە، لە میانی وازهێنانی یەکجارەکی لە دروشمەکانی ئیسلامو دەست پێوەگرتنو رازی بوون بەتەواوی دیدگای سیاسیو ئابووریانەی لیبڕاڵی رۆژئاوا، کە بەئاشکرا لەکاتی پرۆپاگەندەی هەڵبژاردنەکانو لێدوانی سەرکردەکانی ئەم پارتە بەدی دەکرێ، بەم پێیە ئاك پارتی بەشێوەیەکی یەکجارەکی ناوچەی جیاکردنەوەی نێوان سکیۆلاریزمو ئیسلامی تێپەڕاندووە، لێرەوە پرسیارێك دێتە پێش لەدەستنیشانکردنی جومگە سەرەکیەکانی نێوان (ستراتیژیەتو تاکتیك)ی ئەزموونی ئاك پارتی؟ ئایا چۆن ئەم دوو پرسە لە یەکتری جیادەکرێنەوە؟ بەتایبەت ،کە ئاك پارتی رازی بووە بە زۆرێك لەو پرسانەی لەلایەن هێزو پارتە ئیسلامیەکان قەدەغەکراون، بۆ نموونە ئاك پارتی پێچەوانەی هەموو پارتو هێزە ئیسلامیەکانی دیکە پشتگیری خۆی بۆ پرۆسەی ئاشتی عەرەب - ئیسرائیل راگەیاند، هەروەها سکیۆلاریزمی پەسەندکردووە، نەك هەرتەنیا لەسەر ئاستی دروشم، بەڵکو لەسەر ئاستی هیزرو بەرنامەی کاریشیدا. لەڕاستیدا ئاك پارتی پشتی لە جیهانی ئیسلامی وەرگێڕاوەو رایگەیاندووە چوونە ناو یەکێتی ئەورووپا لەسەرووی پێشینەکانیەتی، پاشانیش بەتەواوەتی وەڵامی بەرنامەی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی داوەتەوە، کە زۆربەی بزاڤە ئیسلامیەکان گومانیان لەسەر هەیەو ڕەتی دەکەنەوە، بەڵام ئاڕاستەی دووەم کە پشتگیری لە ئەزموونەکە دەکات باوەڕی وایە ئەزموونێکی تەواو پراگماتیکەو دروشمو هەڵوێستە سیاسییەکانی کردەیینو توانیویەتی پێبنێتە قۆناغی سیاسەتی شەرعی، کە لەسەر بەرژەوەندی سیاسیو نیشتمانی بونیادنراوە، هەروەها نموونەیەکی جیاواز پێشکەش بکات، بۆ توانای بەیەکەوە هەڵکردنو ژیانی نێوان ئیسلامو رۆحی سەردەمو نێوان تێکەڵاوبوونی ئیسلامیەکان بەژیانی سیاسی بەشێوەیەکی پراکتیكو پێشکەشکردنی دیدگایەکی واقیعی پشت بەستوو بە زمانی ژمارەو زانیاریەکان. ئەم ئاڕاستەیە لەو باوەڕەدانیە ئاك پارتی وازی لەناسنامەی ئیسلامی خۆی هێنابێ، بەڵکو توانیویەتی بنکەی سەرەکی ململانێکان لەگەڵ سوپای توندڕۆو دژ بەئاینو پارێزەری سەرسەختی سکیۆلاریزمی توندڕۆی تورکی کە ئەتاتورك دایمەزراندووە بگوازێتەوە بۆ ناوەندو بنکەیەکی دیکە، هەروەها توانیویەتی لەمیانی ئاڕاستە نوێیەکەی لەو بۆشاییە دەربچێ، کە لە ئەزموونی چۆنیەتی مامەڵەی پارتە ئیسلامیەکانی تورکیا لەگەڵ سوپادا هەیەو بە دیدەکرێو بەردەوام بەو هۆیەوە کودەتا بەسەر ئیسلامیەکان کراوەو لەگەمەی سیاسی بەدەرنراونو دەست بەسەر هەموو ئەو دەستکەوتانەشدا گیراوە، کە بەدەستیان هێناوە. ئەزموونی سەرکردە گەنجە نوێیەکان، کە قوتابی ئەربەکانن بریتیە لە تەواوکردنی ئەو رێگایەی ئەربەکان دەستی پێکرد، بەڵام تەواوی نەکردوو لەنیوەی رێگاکەدا لەنێوان پراگماتیكو ئایدۆلۆژیادا وەستا.

بە بۆچوونی ئێمە هەردوو ئاڕاستە لە سنووری خوێندنەوەی گشتی ئەزموونەکەو بێ رووچوون بەناو مەرجە بابەتیو خودیەکان، کە دەوری ئەزموونەکەیان داوەو ئەم وێنایەی ئێستایان پێداوە، بڕیار لەسەر خودی

ئەزموونەکەی پارتی دادو گەشەپێدان دەدەن، پێویستە جیاوازی بارودۆخی وڵاتانو کۆمەڵگاکانی دیکە لەگەڵ بارودۆخی تورکیا رەچاوبکرێ، بۆیە پرۆسەی گشتاندن یاخود هەر جۆرە بڕیاردانێکی گشتی لەسەر ئەزموونەکە لە رووی بنەماکانی مەنهەجیەوە نادروستەو لەبابەتی بوون دەردەچێ.

وەکو پەلپ گرتن هەردوو ئاڕاستە بژارەکانی ناسنامەی هیزریو سیاسی ئاك پارتیان لەدوو ئەگەردا کورت کردۆتەوە: ئەگەری یەکەم سەرکردایەتی دادو گەشەپێدان لەناکاو دەستبەرداری بزاڤی ئیسلامی بووەو بژاری سکیۆلاریزمی لیبڕاڵی پەسەند کردووە، بەم پێیەش لەسەر هێڵی بزاڤی ئیسلامی لایداوەو بۆ هاوردەکردنی پێداویستییەکانی هزری و سیاسیش رووی کردووەتە رۆژئاوا، دیارە ئەم ئەگەرە تەواو لاوازە، چونکە لە رووی تەمەنەوە زۆربەی سەرکردەکانی ئاك پارتی گەنجنو پەروەردەکراوی رۆشنبیرین بە لەبەرچاوگرتنی مێژووی نزیکیان هەموو جارێك دووپات لەسەر پابەندبوونی خۆیان دەکەنەوە، لەسەر دەستگرتنیان بە ئیسلام، بۆیە قورسە سەرکردایەتی ئاك پارتی لەناکاوبێ بڕیارێکی لەم شێوەیە بدات، هەنگاونان بەرەو ئەم کارەو ئەنجامدانی وەکو ئەوەیە بەشی سەرەکی ریزی یەکەم، دووەمو سێیەمی ناو سەرکردایەتی هەردوو پارتی رەفاو فەزیلەی ئیسلامی وازهێنانیان لە ناسنامەی ئیسلامی رابگەیەنن !.

ئەگەری دووەم بریتیە لەوەی تائێستا دادو گەشەپێدان پابەندە بە ناسنامەی ئیسلامییەتیو دروشمە دووبارەکانی ناو بزاڤەکانی ئیسلامی، هەموو ئەم بەرەنجامانەیشی لە پرۆسەی (دووبارە دارشتنەوەی هەیکەلی هزریو سیاسی) بەدەست هاتووە، کە تەنیا بریتیە لە تاکتیکێك لەچوارچێوەی گەمەی سیاسی ناوخۆییدا، ئەم ئەگەرەش لەگەڵ راستیەکان یەکانگیرە، بەتایبەت لەگەڵ بەرنامەی کاری هەڵبژاردنەکانی پارتەکەو لێدوانی سەرکردەکانیو کۆنگرە رۆژنامەوانیەکان، بەڵکو بەردەوامو هەمیشە دووپاتیدەکەنەوە کە بژاری هزریو سیاسی ئێستاکەی پارتەکەیان، بژارێکی ستراتیژیەو گەڕانەوەی بۆ نیە، چونکە دوای بیرکردنەوەیەکی قووڵو دوورو درێژ لەلایەن دامەزرێنەرانی پارتەکە بڕیاری لەسەر دراوە.

لێرەدا ئەگەری سێیەم، کە ئەگەرێکی زیاتر بابەتیانەترە، بۆ خوێندنەوەی ئەزموونی ئاك پارتی دێتە پێشو لە مشتومڕو جیاوازی نێوان جومگەکانی تاکتیكو ستراتیژی بوون، لەنێوان هەڵگەڕانەوەی هزریو سیاسیو پرۆسەی پراگماتیکی دوورمان دەخاتەوە. ئەم ئەگەرە پەیوەستە بە پێشکەوتنی دیدگای سەرکردایەتیو دامەزرێنەرانی ئاك پارتی، کە توانیویەتی بەشێوەیەکی سروشتیو لۆژیکی ئاڕاستە هزریو سیاسیەکانی وەربگرێ، بەشێکی گەورەی ئەم پێشکەوتنە سەرچاوەکەی لەچەند تەوەرێکەوە هەڵدەقووڵێ، کە گرنگترینیان بریتیە: لە منداڵدانی ئەزموونی تورکیای هاوچەرخ، کە چوارچێوەی بۆ ململانێکانی نێوان سکیۆلاریزمو سوپا لەلایەكو کۆمەڵگەو ناسنامەی ئیسلامی لەلایەکی دیکە داناوەو ماوەی ساڵێکیشی دیاریکردووە، بۆ دەرکەوتنی ئاسۆکانی ئەم ئەزموونە سیاسیە نوێیە. بەڵام تەوەری دووەم پەیوەندی بە حاڵەتی پەککەوتووی گوتاری سیاسی ئیسلامیەوە هەیە، لە زۆربەی گۆڕەپانەکاندا، هەروەها نەبوونی ئەلتەرناتیڤی کردەیی گونجاوو پشت بەستوو، بە توێژینەوەی

زانستیو دوور لە زمانی گوتنەوەی دروشمە باوو دووبارە بووەکان، ئاشکرایشە بەرنامەی کاری ئاك پارتی هەڵگری دیدگایەکی سیاسیو ئابووریو پڕۆسەیەکی ئیجتیهادی خاوەن سروشتێکی لیبڕاڵییە بە لەبەرچاوگرتنی رەهەندی کۆمەڵایەتی، چونکە بیروبۆچوونی ئاك پارتی لە رووی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی نزیکترە لە لیبڕاڵیەتی ئەورووپی میانڕەو نەك لیبڕاڵیەتی ئەمەریکی خەست.

بەڵام ئەم ئەگەرە ئەگەری سێهەمە پەیوەندی بە دیدگای پارتەوە هەیە، لە دەستنیشانکردنی بژارو ئەلتەرناتیڤی شیاو، بۆ کێشە گەورەکان، کە روو لە تورکیا دەکەن. هیچ کاتێك ئاك پارتی دیدگای هێزری چارەسەری ئیسلامیانەی بۆ کێشە گشتیەکان پێشکەش نەکردووە، بەڵکو هاتووە بەدیدێکی ئیجتیهادی سیاسی مامەڵەی لەگەڵ کێشەکاندا کردووە، بۆ چۆنیەتی دەرچوون لەناویاندا. ئاك پارتی بۆچوونی وایە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی ئابووری دەبێت پەناببردرێتە بەر دامەزراوەکانی دەوڵەتو پڕۆژەکانی تەرخانکردنو دامەزراوەی گشتی ئابووری، لەڕاستیدا ئەم جۆرە بۆ چوونو دیدگایە لەگەڵ پێویستی وڵاتانی عەرەبی ناگونجێ.

ئێستا ئەگەری سێهەم دەمانخاتە بەردەمی تێبینیەکی سەرەکی، کە بریتیە لە: پێویستی بوونی ئەنجامدانی خوێندنەوەیەك بۆ ئەزموونی دادو گەشەپێدان لە چوارچێوەی هەردوو مەرجی خودیو بابەتیو جیانەکردنەوەی لە بارودۆخی تایبەت بەخۆیی، کە دواتر لە بازنەی مشتومڕەکان دەمانگوازێتەوە بۆ دۆزینەوەی چەندین بواری دیکەی سوودمەند، کە دەکرێ ئەزموونی پارتی بچووك بچووکی لێوە لەدایك ببێ.

هەرچەندە ئەزموونی ئاك پارتی لە رووی تەمەنەوە هێشتا ساوایە، بەڵام پڕییەتی لەو بوارانەی کە دەکرێ هێزو بزاڤە ئیسلامیەکان وانەی پێویستو سوود بەخشی لێوە ببینەنو خۆیانی لێبارگاوی بکەن، بۆ ئەوەی قۆناغی چەق بەستوویی تێپەڕێنن، کە رەنگە هۆکاری شکستەکانیان بۆ بێتوانایی روو بەڕووبوونەوەی وەرچەخانو پێشکەوتنەکانەوە بێت، کە دەوری بزاڤە ئیسلامیەکانی داوە.

## ئایا هەلی گواستنەوەی ئەزموونی تورکی لە جیهانی عەرەبیدا هەیە؟

راشید غەنوشی[68]

هەڵوێستێکی ئاساییە ئەگەر کەسانێك سەرسامبن بە سەرکەوتنی کەسانی دیکە، بەڵام هەڵەدەکەن هەڵوەستە لەسەر هەمان ئەو هۆکارانە بکەن، کە هۆکاری سەرکەوتنی ئەوان بووە، هەر ئەمەیە (ئیبن خەلدون) تێبینی کردووە، کە هەمیشە ژێرکەوتوو مەیلی بەلای لاسایکردنەوەی سەرکەوتوو دەچێو بەدوای هەمان ئەو

(68) الجزيرة نت، Aug 19 2007، ).http://aljazeera.net/NR/exeres/30997ACF-68C1-4BBD-9324-A725D33261D5.htm?wbc_purpose=%22

هۆكارانەش دەگەڕێ، كە هۆكاری سەركەوتنی ئەو بووە، كە زیاتر پەیوەندی بەلایەنی رووكەشی سەركەوتووەكە هەیە لە نموونەی جلو بەرگو شێوازی ژیانی.

ئەو دەستكەوتانەی تا ئێستا پارتی دادو گەشەپێدان لە توركیا بەدەستیهێناون بە ئاشكرا بۆچوونی هەموو ئەوانە پووچەڵ دەكاتەوە، كە دەیانەوێو هەوڵدەدەن سەر لە رای گشتی بشێوێنن، لە بارەی رژێمەكانی وڵاتانی عەرەبی، شیوعیو نازیو تێیدا رای گشتی گومرا بكەن، كە گوایە ئەوانە رژێمگەلێكی سكیۆلاریزمی رادیكاڵین. لە راستیدا ئەوانەی برەو بەو جۆرە بیركردنەوەیە دەدەن، برەو بە بیرۆكەیەكی هەڵەی خۆیان دەدەن، لە پێویست بوونی بەیەكەوە بەستنەوەی دیموكراسیو سكیۆلاریزم. كەچی ئەوەی راستییە لە بەرامبەر ئەو جۆرە سیستەمو رژێمانەدا كۆمەڵێك سیستەمو رژێمی دیكەی دیموكراسی ناسكیۆلاریزمی هاوشێوەی پارتی دادو گەشەپێدان وەكو نموونەیەكی دەركەوتوو بوونی خۆیان لە گۆڕەپانەكە سەلماندووە.

ئێستا دوو پرسیاری گرنگ دێتە پێش: ئایا هەلی دووبارە بوونەوەی ئەردۆگانی عەرەبی لە ئارادایە؟ ئەگەر دووبارە بوونەوەی ئەم هەلە روویدا چ بەرژەوەندیەكی تێدا دەبێ؟

**یەكەم:** ئێمە هاوڕاین لەگەڵ قەڵەمڕەوی سكیۆلارەكان كاتێك دووپاتی دەكەنەوە، ئەزموونی توركی بۆ جیهانی عەرەبی ناشێ، بەڵام نەك بەهەمان  هۆكار، بەڵكو بەهۆكارگەلێكی دیكە، كە پەیوەندی بەو تەوەرەوە نیە، كە گوایە لەناو بزاڤی ئیسلامی عەرەبی رێگری هەیە بۆ گۆڕانكاری، لەلایەكی دیكەوە ئیسلامیەكانی توركیا رازین بە قەبووڵكردنی سكیۆلاریزم وەكو مەرجێك بۆ سوود وەرگرتن لە دیموكراسیو گەیشتن بەدەسەڵات. سكیۆلاریزەكردنی ئیسلام واتا داماڵینو جیاكردنەوەی شەریعەت لە دەوڵەت، لەناویشیاندا قبوڵكردنی سیستمی سەرمایەداری وەكو رێبازی ئابووری وڵاتو دانان بە قەوارەی زایۆنی لەژێر سایەی هەژموونی دەسەڵاتی نێودەوڵەتی، كە  هەرپارتێك مەبەستیەتی بگاتە دەسەڵات، ئینجا گرفت لەوەنییە ئەو باجەی دەیدات نەتەوەیی بێ یاخود ئیسلام، بەڵام تا ئێستا دونیا بەباشی دەگوزەرێ، بەڵكو باشتریش دەگوزەرێ بەهۆی گەورەبوونی گیانی ڕەوتی بەرگری لەناو ئوممەی ئیسلامیو جیهان بەگشتی.

هیچ بەڵگەیەك لەئارادا نیە، ئەگەر وادابنرێ سیاسیەتی ئەزموونی ئاك پارتیو داماڵینی شەریعەت لەو پارتە بەرهەمی خوێندنەوەیەكی نوێیە بۆ ئیسلام. هەروەها هیچ فشارو ناچاركردنێك نیە تا بزاڤەكانی ئیسلامی وڵاتانی عەرەبی وەكو ئیسلامیەكانی توركیا دان بە سكیۆلاریزم دابنێن، چونكە دەستووری زۆربەی وڵاتانی عەرەبی دەستووری ئیسلامیە، ئەمەش بوار بە بزاڤە ئیسلامیەكان دەدات، شەرعیەت بە بوونی دەستووری خۆیان بدەنو بگرە داوای جێبەجێكردنی ئیسلامیش بكەن، لەلایەكی دیكەوە پێویستە سكیۆلارەكانی وڵاتانی عەرەبی چاوخشاندنەوە بە ئاڕاستەی هزری خۆیان بكەنەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ تێگەیشتنو راڤەی ئیسلام خۆیان بگونجێننو خۆیان لە هەڵوێستی شەرمەزار كارانە بەدوور بگرن.

بە بۆچوونی قەڵەمی سکیۆلارەکان لە رووی ژێرخانی ئایدۆلۆژییەوە هیچ جیاوازیەك لە نێوان بزاڤی ئیسلامی وڵاتانی عەرەبیو بزاڤی ئیسلامی تورکیا نیە، بەڵکو ئەوەی لەیەکتریان جیادەکاتەوە، بریتیە لە: تایبەتمەندی واقیعی هەردوولا، کە پەیوەندی بە جیاوازی سروشتی سیستمی دەوڵەتی تورکیاو دەوڵەتانی عەرەبیەوە هەیە، پاشانیش بە رۆڵو پەیوەندیەکانی هەر یەکێکیان.

أ- دەرەنجام لە رووی دامەزراوییەوە سیستمی تورکی بەشێکە لە سیستمی ئەوروپیو جیاوازە لە سیستمی وڵاتانی عەرەبی، کە سیستمێکی تاکە کەسیو بنەماڵەییە.

راستە دامەزراوەی سوپا دەسەڵاتی باڵایە لە سیستمی تورکیو پارێزەری بەهاکانی کۆماریە لەناویشیاندا سکیۆلاریزم، بەڵام بەپێچەوانەی سوپای وڵاتانی عەرەبی سوپای تورکیا دەسەڵات بەڕێوە نابات، بەڵکو چاودێری حکومەت دەکات، بۆ ئەوەی دەستەبەری حوکمێکی دیموکراسی بکات، بەگوێرەی دەستووری سکیۆلاریزمو لەمیانی کێبڕکێی هەڵبژاردنەکانو رێگەگرتن لە ئەنجامدانی هەر جۆرە فێڵو ساختەو دوورخستنەوەیەك، هەرکاتێکیش ببینێ دەرچوون هەیە، لە سنووری ئەم دەستوورەدا هاواری لێبەرزدەبێتەوە، بۆیە دەبینی ئیسلامیەکانی تورکیا هەوڵدەدەن، لەرێگەی پاڵنانی وڵاتەکەیان بۆ چوونە ناو یەکێتی ئەوروپاوە خۆیان لەم هاوارەی سوپا بە دووربگرن.

ئەزموونی بزاڤی ئیسلامی لە تورکیا گرنگی خۆی هەیە بۆ نەرمکردنەوەی پۆڵای دەوڵەتی نەتەوەییو سکیۆلاریزمو گەڕانەوەی یەکڕیزی نیشتمانی، هەروەها هەل لەبەردەم رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی دەرەخسێنێ، بۆ ئەوەی سەنتەر بگرێ لە بەهاکانی ئازادی گەشەپێدان، وەکو رێگەیەك بۆ جێبەجێکردنی ئیسلامی هاوچەرخ. لەتورکیای ئەمڕۆکەدا نیو دیموکراسی هەیە، کە لەوڵاتانی عەرەبی هەر بوونی نیە. لە وڵاتانی عەرەبی هیچ بزاڤێکی ئیسلامی بەجیاوازی بیروبۆچوونو ئاڕاستەی سیاسیانەوە ناتوانێ بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنێکی پاكو بێگەرد بکاتو جەوهەری دیموکراسیەتی تێدا بەرجەستە بێت، کەبریتیە لە: ئالوگۆڕکردنی دەسەڵات بەگشتی دواتریش هەر ئەمەیە بووەتە خاڵی جیاوازی نێوان هەردوو بزاڤەکە.

ب- هۆکارێکی دیکە کە پشتی پێدەبەستن بریتیە لە: هۆکاری نێودەوڵەتیو پاسەوانیکردن لەسەر پاراستنی بەرژەوەندیە ستراتیژیەکان لەناوچەکەدا، ئەوانیش بریتین لە: ئیسرائیل، نەوتو پێگە. هەرکاتێك رۆژئاوا هانی گۆڕانکاری دیموکراسی دەدات لەناوچەکە، ئەوکاتە ناوچەکە هەوڵدەدا لەژێر هەژموونی دەسەڵاتەکەی رزگاری بێت، بۆیە کاتێك دەبینێ دەسەڵاتەکەی لەناوچەکە دەکەوێتە بەر هەر جۆرە مەترسیو هەڕەشەیەك راستەوخۆ پاشەکشە دەکات، وەکو چۆن (بۆش) خێرا پاشەکشەی کرد، لە پاڵنانی رژێمەکانی ناوچەکە بۆ کرانەوەی سیاسی تەنیا بەهۆی هاتنە پێشەوەی سندوقەکانی دەنگدان لە فەلەستینو میسرو کۆتایی هاتنی هەڵبژاردنەکان لە بەرژەوەندی ئیسلامیەکان، چونکە سەرکەوتنی ئیسلامیەکان واتا پشتگیریکردن لەبەردەوامی گیانی بەرگریو رەتکردنەوەی قەوارەی ئیسرائیلو ئاڕاستەکان بەرەو یەکگرتنی ناوچەکە.

هەر یەك لەم توخمانە وەكو هەڕەشە بۆسەر هەژموونی رۆژئاوا لەم ناوچە زیندووە دادەنرێن، لەوكاتەی بارودۆخی توركیا هیچ یەكێك لەم توخمانەی تێدانیە بۆ ئەوەی بزاڤی ئیسلامی بتوانێ لە بەرژەوەندیەكانی هەژموونی رۆژئاوا بدات، كەچی لە بەرامبەردا بزاڤی ئیسلامی عەرەبی رەتی ئەم هەژموونە دەكاتەوە، نەك بەهۆی پابەندبوونی بە شەریعەت، بەڵكو هەندێكیان ئەم پابەندبوونەیان نەكردووەتە بەرنامەی كاری خۆیشیان.

رۆژئاوا بەتایبەت ئەمەریكا ئەوەی زۆر گرنگی پێدەدا بریتیە لە: پاراستنی بەرژەوەندیەكانی نەوتو ئیسرائیل، بۆیە تا ئێستاش لە دیدی رۆژئاوا بزاڤە نیشتمانیو نەتەوەییو ئیسلامیە راستەقینەكان هەڕەشەن بۆ سەر ئەم بەرژەوەندیانە، لەبنەڕەتیشدا ئەم بەرژەوەندیانە ستراتیژیەتێكی جێگركراونو لەلایەن هەژموونی جوولەكە لە بەڕێوەبردنی ئیدارەی ئەمەریكاو رۆژئاوا بەردی بناغەی بۆ دانراوە.

بەكورتی لەژێرسایەی ئەم بارودۆخەو هەژموونی نێودەوڵەتی، كە جێگیرە لەسەر ستەمو خزمەتكردن بە بەرژەوەندیەكانی رۆژئاوا هیچ هەلێك لە بەردەمدا نیە، بۆ دەركەوتنی ئەردۆگانێكی عەرەبی، هەندێكی دیكەش دڵنیان ئەزموونی توركی بەرهەمو دەرهاوێشتەی زەروریەتی ستەمو چەوسانەوەیە، هەموو ستەمو چەوسانەوەیەكیش بە گوێرەی خۆی دەپێورێ، بۆیە دەبینی دوای ئەزموونێكی توندو بەهێز، كە ئیسلامیەكانی توركیا هەڵیان گرتووەو پێچەوانەی ئەوەی، كە ئیسلام تەنیا بیروباوەڕە دێن ئیسلام وەكو بەرنامەی ژیان بەكاردێنن.

بەم شێوەیە ئەزموونی بزاڤی ئیسلامی لە توركیا گرنگی خۆی هەیە، لەتواندنەوەی دەوڵەتی پۆڵایینی نەتەوەییو سكیۆلاریزم لەگەڵ خۆشیدا جارێكی دیكە یەكپێزی نیشتمانی پارچە پارچە بوو، دەگێڕێتەوە جێگەی خۆییو هەل لەبەردەم كۆمەڵگەی مەدەنی دەرخسێنێ، لەناو بەهاكانی ئازادیو گەشەپێدان وەكو رێگەیەكو میكانیزمێك بۆ پرۆژەی ئیسلامی هاوچەرخ لەنگەر بگرێ. بەڵام عەرەب كە سوورن لەسەر پێڕۆكردنی رێبازی دوورخستنەوەو سەركوتكردن، جگە لە بێئومێدی هیچی دیكە دروێنە ناكەن، هەركەسێك تیرۆری دەوڵەت بڕوێنێ، جگە لە (بن لادن) كەسی دیكەو هیچ بیرۆكەیەكی دیكە بەرهەم ناهێنێ، لەنێوان ئەم دوانەیەشدا تەنیا ئەوەی دەمێنێ بەرفراوانی بەرەی گەلێكی ناڕازیە، كە سەركردایەتیو پێشەوایەتی توڕەیی شەقام دەكات، بۆ سەپاندنی گۆڕانی دیموكراسی.

# پارتی دادو گەشەپێدان لە تورکیاو مەغریب

د. حەسەن حەنەفی[69]

دادو گەشەپێدان تەنیا ناوی دوو پارتی سیاسی لە تورکیاو وڵاتی مەغریب نیە، هی یەکەمیان لە تورکیا توانی لە هەڵبژاردنەکان پلەی یەکەم بەدەست بێنێو هی دووهەمیان لە وڵاتی مەغریب توانی لە پلەی دووەم بێ، بەڵکو هەردوو پارتەکە دوو ئەزموونی شارستانی، مێژوویی راپەڕیوی هاوچەرخن لە سەرئاستی تاكو گشتیدا، لەناوخۆو دەرەوە سەرنجی عەرەبو موسڵمانانیان بۆ خۆیان راکێشاوە. سەرەڕای ئەوەی دوو ئەزموونی سیاسی جیاوازن، بەڵام هەردوو ئەزموونەکە گوزارشت لەیەك واقیع دەکەن، کە بریتیە لە: توانای تێپەڕاندنی یەکتر

(69) العربي، العدد،1187، 2009/12/20.

راكێشانی توندی نێوان سەلەفیەکانو سکیۆلارەکان، پارێزگاریکردن لە یەکڕیزی نیشتمانی، پاراستنی نیشتمان لە گروپە توندڕۆکانو پەراوێز خستنی سیاسیو سەرکوتکردنو دامرکاندنەوەی دەروونی هێزری بزاڤە نهێنیەکان. تورکیا دەوڵەتێکی ئیسلامی ناعەرەبیە، مەغریبیش وڵاتێکی ئیسلامی عەرەبیە، بەڵام هەردووکیان هاوشێوەی یەکترین لە ئەزموونی سیاسیو شارستانی، لەسەر ئاستی ناوخۆییدا بەتایبەت لەسەر ئاستی سەنگو قورسایی گەل تورکیا هەوڵدەدا دەستوور بگۆڕێ، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی دەنگدانی ڕاستەوخۆی گەلەوە سەرۆك هەڵبژێردرێ، هەروەها گفتوگۆ لەگەڵ کورد ئەنجام دەدا، بۆ ئەوەی لەچوارچێوەی یەکپارچەیی خاکی تورکیا، عێراق، سووریاو ڕووسیا دان بە مافەکانی ئەو گەلە دابنێ.

مەرج نیە دەوڵەتێکی نەتەوەیی خاوەن یەك تاکە توخمو ڕەگەز تاکە نموونەی پێکهاتەی قەوارەی سیاسیو نیشتمانی بێ، بەڵکو زۆربەی وڵاتان چەندین نەتەوەو ڕەگەزی جۆراوجۆریان تێدایە، لەناویشیاندا سویسرا، بەهەمان شێوەی دەستووری مەدینە دانی بە نەتەوە جیاوازەکانی ناو وڵاتەکەی داناوە.

لە وڵاتی مەغریب ژیانی سیاسی بە پارتی سەربەخۆیی، کە نیشتمان، عروبەو ئیسلامی بەیەکەوە کۆدەکردەوە دەستی پێکرد، هەر ئەمەش بووە خاڵی هاوبەشو بەیەکگەیشتنی هەموولایەك لە وڵاتی مەغریب، بێ ئەوەی نەتەوایەتی ببێتە بەربەستو ڕێگر یاخود ڕەتکردنەوەی نیشتمانو ئیسلام لە ناو یەك بۆتەی بیرکردنەوەدا، وەکو ئەوەی لە شام دژ بە دەسەڵاتی عوسمانیو لە تورکیاش دژ بە نەتەوەیی تۆرانی وەکو پەرچەکردار ڕوویاندا. لەسەر دەستی پارتی سەربەخۆو (عەلال فاسی)و هاوڕێکانی، مەغریب توانی سەربەخۆیی سیاسی لە فەڕەنسا وەربگرێت، دواتر لەناو منداڵدانی پارتی سەربەخۆ یەکێتی هێزە میللیەکان لەدایك بوو، پاشانیش یەکێتی سۆسالیستی وەکو باڵێکی چەپ زیادەیەکی دیکەی خستە سەر نیشتمان، عروبە، ئیسلام، پێشکەوتنو دادو گەشەپێدان. ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لەنێوان پارتی سەربەخۆو یەکێتی سۆسیالیستی ڕوویدا، بەڵام هەژاریو بێکاری بەردەوامیان هەبوو، دواتر وەکو ڕکابەری هەردوو پارتەکە بزاڤی ئیسلامی سەلەفی دروست بوو، لەناو ئەو بزاڤەدا هەندێك باڵی نهێنی توندڕۆ بوونیان هەبوو، بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ، توندوتیژی سیاسیان بەرامبەر هەردوو پارتەکە دەکرد، دواجاریش پارتی دادو گەشەپێدان، کە بەئیسلامی ڕۆشنگەرو ئیسلامی کۆمەڵایەتی یاخود ئیسلامی شارستانی هاوشێوەی ئەزموونی تورکیا وەکو پردی نێوان هەردوولا دروست بوو. لەبەر ئەوەی ئەزموونی دادو گەشەپێدان ئەزموونێکی ساوابووو کەموکوڕی هەبوو، لە گفتوگۆی بەرهەمدار لەگەڵ هەردوو پارتەکەی پێشووتر، بۆیە نەیتوانی لە هەڵبژاردنەکانی دواییدا زۆرینەی دەنگەکانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان بەدەست بێنێ، لەم هەڵبژاردنانەدا پارتی سەربەخۆیی، کە سەرکردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی وڵاتی کردبوو، نەیتوانی دەنگی زۆرینە بەدەست بێنێ بۆیە دەبوو هاوپەیمانێتی لەگەڵ بەرەی میللی یاخود یەکێتی سۆسیالیستی

یاخود لەگەڵ هەردووکیان بەیەکەوە ببەستێ، لەم نێوەندەشدا پارتی دادو گەشەپێدان بەتەنیا توانی بچێتە ناو گفتوگۆکان لەگەڵ بزاڤی ئەمازیغی ئەمەش بەهەمان شێوەی پارتی دادو گەشەپێدانی تورکی، کە توانی گفتوگۆ لەگەڵ کورددا بکات. دادو گەشەپێدانی مەغریب بەهەمان شێوەی تورکیا وشەی ئیسلامی نەکردۆتە ناونیشانی خۆی، بەڵکو هەردوو وشەی دادو گەشەپێدانی وەکو دوو بەهای ئیسلامیو سکیۆلاریزمو هاوشانی مەبەستەکانی دیکەی شەریعەت کە بریتین لە: پێنج پێویستیەکە (ژیان، عەقڵ، ئاین، واتا بەها، ناموس واتا ڕێز، ماڵ واتە سامانو بەروبوومی نیشتمانی) بۆ پێناسەی خۆی هەڵبژاردووە. سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە بۆ چاکەو بەخشندەیی پاشایەتیو حوکمی دەستووریو فرەیی سیاسی دەگەڕێتەوە، کە خەونی لە مێژینەی بزاڤی ریفۆرمخوازی بووە لەوەتای سەردەمی جەمالەدینی ئەفغانی بۆ پاراستنی یەکڕیزی نیشتمانی خاكو گەلەکەی.

لە راستیدا بەهەمان شێوەی ئەزموونی تورکیو مەغریبی، مالیزیا توانی هەمان ئەزموون ئەنجام بدات، بێ هیچ دەروازەیەکی ئایدۆلۆژی، سەلەفی یاخود سکیۆلاریزم توانی ئیسلامو نیشتمان بە یەکەوە کۆبکاتەوە، سەرەتاکەیشی بە بونیادنانی دەوڵەتێکی هاوچەرخ، تەکنەلۆژیا بەر لە ئایدۆلۆژیاو دووبارە داڕشتنەوەی پرۆژەکانی پەرەپێدانی کشتوکاڵو پیشەسازی دەستی پێکرد، بەجۆرێك توانی لەدوای وڵاتی چین لە پلەی دووهەمی وڵاتانی پەرەسەندوودابێ. کەچی تا ئێستا لە وڵاتانی عەرەبی ئایدۆلۆژیا لە پێش تەکنەلۆژیایە، لەغیابی دیالۆگێکی جددی لەنێوان هەردوو باڵەکەو لە غیابی گفتوگۆیەکی نیمچە تەواو لەگەڵ دەوڵەت، تا ئێستا لەناو دۆخی پڕ راکێش راکێشی نێوان سەلەفیەکانو سکیۆلارەکاندان، هەموو هەوڵەکان بۆ دامەزراندنی پردی پەیوەندی نموونەی پارتی وەسەت لەمیسر، نەهزە لە تونسو بگرە هەموو داڕشتنەوە نوێیەکانی بەرنامەو پرۆگرامی کۆمەڵەی برایان لە میسر، ئوردن، لوبنانو یەمەنو دووپاتکردنەوەیان لەسەر دامەزراوەی دەوڵەتی مەدەنی، فرەیی سیاسی، ئازادیو دیموکراسی بەدەر لە تیۆری حاکمیەتو جێبەجێکردنی شەریعەت لەلایەن رژێمەکانی وڵاتانی عەرەبییەوە بە رکابەرێکی ترسناك هەژماردەکرێن، لەکاتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێکی ئازاد، کە بە دڵنیاییەوە لە هەڵبژاردنێکی لەم شێوەیەدا تێیدا پارتی فەرمانڕەوا شکست دێنێ. گومان لەوەنیە تا ئێستا لەبری بەرەی رزگاری نیشتمانی، کە هەمووان تێیدا بەشداردەبن ململانێکان لەسەر دەسەڵات دائینەمۆی یەکەمو سەرەکی جووڵەی سیاسیە لەم وڵاتانەدا.

هەردوو ئەزموونی تورکیاو مەغریب دەتوانن یارمەتی میسر، لیبیا، جەزائیر، تونس، سوودان، سوریاو نیمچە دوورگەی عەرەبی لەناوەڕاستو لایەکانی دیکەی بدەن، بۆ نوێبوونەوەی ئیسلامیەکانو راکێشانی بەرەی ژێر پێی بژاردەی سکیۆلاریزم، کە لەکایەی بەشداری سیاسی دابڕاندوون.

بێگومان میسر حەلقەی بەیەکگەشتنی تورکیایە لە باکوور، مەغریب لە رۆژئاوا، نیمچە دوورگەی عەرەبیو مالیزیا لە رۆژهەڵاتو سوودانیش لە باشوور، گەلانی ئەم وڵاتانەش خاوەنی نرخو بەهایەکی گەورەی شارستانیو مێژووین.

## دیاردەی پارتەکانی دادو گەشەپێدانی ئیسلامی

حوسام تەمام[70]

دروشمی پارتی (دادو گەشەپێدان)ی مەغریبی یەکەمین پارتێکی ئیسلامیە لە مێژووی کاری سیاسیدا، کە ئەم ناوەی هەڵگرتووە، لە کاتێکدا بەدرێژایی تەمەنی مێژووی خۆی پرسی ناسنامە باڵی بەسەر تەواوی بزاڤی ئیسلامیدا کێشاوەو پرسەکانی ئیسلامیەتی دەوڵەت، حاکمیەتی ئیسلام، جێبەجێکردنی شەریعەت.... هتد، لە پێشینەی پرسە گرنگیپێدراوەکانی ئەم بزاڤە بووە، هەریەك لەم پرسانە بە چەقی دروشمی سیاسیو بەرنامەی کاری بزاڤەکە دادەنرێ، بگرە ئەو کاتانەیشی بەهۆی کۆتو بەندی سیاسیو یاساییشەوە رێگری لێدەکرێ، ئەگەر

(70) المرصد، 04-06-2008 " http://www.onislam.net/arabic/islamyoon/observatory/106970-2008-06-04%2000-00-00.html

بەئاشـكراش گوزارشـت لـە ناسـنامەی خـۆی نـەكات، بـەڵام لەناوەڕۆكـدا هێشـتا پابەنـدی هـەمان دروشـم، گوتـارو بەرنامەكەیەتی، بۆ وێنە كاتێك سەرۆكی رەوتی ئیسلامی توركی نەجمەدین ئەربەكان بەهۆی كۆتو بەنـدی یاسـایی سیستمی سكیۆلاریزمی كەمالی ناچار دەبێ لە رووكەشدا دروشمی بونـدیانانی سیسـتمێكی دادپـەروەرو گەڕانـەوە بـۆ سـەردەمی شـكۆو دووبـارە دەركەوتنـەوە بـەرز بكاتـەوە، بـەڵام هـەمووان دەزانـن بـێ ئـەوەی راشـكاوانە پڕۆژەكـەی ڕابگەیـەنێ لـە بنەڕەتـدا مەبەسـتی بونیانـدنانی سیسـتمێكی ئیسـلامیە، كـە تێیـدا شـەریعەت جێبـەجێ دەكرێـتو دەوڵەتی خەلافەت دەگەڕێتەوە.

بۆیـە بـەردەوام پرسـی ناسـنامە ئامـادەیی هەیـە لـەناو پارتـە ئیسـلامیەكان، نـەك هـەر تـەنیا لـەناوەرۆكو بەرنامەی كاركردنیان، بەڵكو لەناونیشانیشیاندا، بۆ نموونـە هەریـەك لـە پـارتی ئیسـلامی لـە مالیزیـا، بـەرەی كـاری ئیسلامی لە ئوردنو بەرەی رزگاری ئیسلامی لە جەزائیر... راستەوخۆ هەڵگری پێناسەی ئیسلامین، بەڵام هەنـدێكی دیكە پایەك لە پایەكانی پڕۆژەی ئیسلامیان كردۆتە ناونیشانی خۆیان، بـۆ وێنـە پـارتی شـەریعەت پـڕۆژەی (پـارتی ئیسلامی لە میسر)، پارتی فەزیلە لە توركیاو بزاڤی كۆمەڵگەی ئاشتی لە جەزائیر.

## ناسنامە لە ناونیشانو ناوەرۆكدا

لەوەتـەی سـاڵی 1998و دروسـت بـوونی پـارتی دادو گەشـەپێدانی مـەغریبی دیـاردەی پارتـەكانی دادو گەشەپێدان، كە زیاتر گرنگی پرسەكانی دادو گەشەپێدان لە گوتار و ناونیشانیان رەنگدەداتەوە سـەریهەڵداوە، دواتـر ئەم دیاردەیە بەجۆرێك لە جۆرەكان بـۆ وڵاتـانی دیكـەی جیهـانی عـەرەبیو ئیسلامی درێـژ بووەتـەوەو هەنـدێكیان وەكو پارت پێكهێنراونو هەندێكی دیكەشیان تا ئێستا لەسەروبەندی پێكهێناندان. لە توركیا نەوەی ناوەند (بۆرژوا) لـە بزاڤـی ئیسـلامی ئـەم وڵاتـە پارتێكیـان بـەهامان ناونیشـان دامەزرانـدووە، لـە ئینـدۆنوزیا بەهـەمان شـێوە ئیسلامیەكانی ئەم وڵاتە پارتی دادو گەشەپێدان دادەمەزرێنن، دواتر لە مالیزیا ئەنوەر ئیـبراهیم سـەرۆكی پێشـووی بزووتنەوەی گەنجانی موسڵمان پارتێكی نوێ بەناوی دادو میللەت دادەمەزرێنێ، پاشان لـە عێـراق كۆمـەڵێك گروپـی ئیسلامی شیعە مەزهـەب بەیەكدەگەنو پـارتی دادو گەشـەپێدان دادەمـەزرێنن، بـەڵام لەگـەڵ دامەزراندنیشـی ئـەم

پارتە لەسەر ئاستی ئیسلامیو لەسـەر ئاسـتی کـاری سیاسـی لـە پـەراوێزدا دەمێنێتـەوە، لـە مۆریتانیـا ئیسلامیەکان پارتی گردبوونەوەی نیشتمانی بۆ ریفـۆڕمو گەشـەپێدانیان دامەزرانـد، بگـرە لـە مۆریتانیـا ئـەم دیاردەیـە زیـاتر لـە وڵاتانی دیکەی دراوسێ ڕەنگدانەوەی جۆراوجۆرو ئامادەییەکی کاریگـەرتری لێکەوتووەتـەوە، لەبـەحرێنو میسـر لـە پەراوێزی بزاڤی ئیسلامی هەوڵی دیکەی لەم شـێوەیە درا، بـەڵام بـەهۆی رازی نـەبوونی دەسـەڵاتدارانی ئـەم وڵاتانـە هەوڵەکان بەئاکام نەگەیشتن، بەگشتی هەموو ئەو پارتو ئەو پرۆژانەیشی کە هەڵگری ناوی دادو گەشەپێدانن لەناو منداڵدانی بزاڤی ئیسلامی وڵاتانی خۆیان لەدایك بوونە.

## ئامانژەو مەبەستە دیارەکانی دادو گەشەپێدان

لـە راسـتیدا ئێمـە لەبـەردەم دیاردەیـەکین شایسـتەی بەدواداچـوونو ئەنجامـدانی توێژینـەوەی زیارتـە، لـە کاتێکدا ئـەم دیاردەیـە پرسـیارەکانی زۆرتـرن لـە وەڵامدانـەوەکانی. یەکـەمین شـتێکیش، کـە پێویسـتە هەڵوەسـتەی لەسەر بکرێو ئاماژەی هەڵکشانیەتی بریتیە لە: هەڵبژاردنی هەردوو چەمکی (دادو گەشەپێدان) لە پـڕۆژەی بزاڤـی ئیسـلامیو جیـا لـە دروشـمو چـەمکە بـاوو نەریتییـەکانی تایبـەت بـە ئایـدۆلۆژیای ئیسـلامی نموونـەی چـەمكو دەستەواژەکانی ئوممەت، شەریعەت، چاکسازی، رابوونو راپـەڕین. ڕەنگـە ئـەم وەرچـەرخانە لـە هـەڵگرتنی دروشـمو چەمکی تازە بەوەرچەرخانێکی دیکەی قـووڵترو گـەورەتر ببەسـترێتەوە، کـە لـەماوەی دوو دەیـەی رابـردوودا بزاڤـی ئیسلامی پێیگەیشتووەو ئاشنای بووە، بەجۆرێك توانیویـەتی قۆنـاغی خسـتنەرووی باسـی سیاسـی تێپـەڕێنێتو پـێ بنێتە قۆنـاغی خسـتنە رووی کۆمەڵایـەتی لەچوارچێوەو لەبەرچاوگرتنی گۆڕانو وەرچـەرخانەکانی کۆمـەڵگاکانی عــەرەبیو ئیســلامی بەتایبــەتیو جیهــان بەگشــتی، کــە وایزانیبــوو ئــەم قۆناغــە قۆنــاغی کۆتــایی ئــاوابوونی ئایدۆلۆژیایە... لەژێر سایەی ئەم وەرچەرخانە پێشنیازی کۆمەڵایەتی هاتە پـێشو پـەنای بـۆ هـەردوو زاراوەی دادو گەشەپێدان برد، کە دوو زاراوەی سەرنـج راکێشو توانادارن بۆ گەیشتنی ئیسلامیەکان بە دەسەڵات.

بەهەمان شێوە دەکـرێ دەرکـەوتنی ئـەم دیاردەیـە بـەخودی دووبـارە چاوپێخشـاندنەوەی گوتـاری ئیسـلامی لەماوەی ئەم دەیەی دواییدا ببەسترێتەوە، کە پەیوەندی بە زۆرێك لە دیدگای بزاڤی ئیسلامیەوە هەیە لـە بیرۆکـەی دەوڵەتو هەستیاریە زێدەڕۆکەی سەبارەت بە پرسەکانی ناسنامە، زۆرێکیش لەم پرسانەی گوتاری ئیسلامی سیاسـی بەردەوام رووبەڕووی رەخنەی توندی سکیۆلارەکان بووەتەوەو تۆمەتبارکراوە بەو جۆرە دروشمو ئایدۆلۆژیانەی کـە هـەڵیگرتوون. لەسـەرێکی دیکـەوە رەنگـە دەرکـەوتنی ئـەم دیاردەیـە، کـە بەئیسـلامی میـانڕۆ ناسـراوەو هـەڵگری تایبەتمەندیەکانی میانڕۆییە، بەقەد نزیکیەکەی لە مامەڵەکردنی لەگەڵ لایەنی کۆمەڵایـەتیو گەشـەپێدان دوورتـر لەگەڵ لایەنی سیاسی مامەڵە دەکات، بۆیە دەرکـەوتنی هێزگـەلێکی لـەم شـێوەیە پەیوەنـدی بـە خواسـتو ئـارەزووی رۆژئاوا بەگشتیو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەتایبەتر هەیە.

دواجار ئەم دیاردەیە راستەوخۆ پەیوەندی بە وەرچەخانی کۆمەڵایەتیو چینو توێژەکانی ناو خودی بزاڤی ئیسلامیەوە هەیە، کە بەم دواییانە هەڵکشانێکی کۆمەڵایەتی بەرچاوی بەخۆوە بینیوەو لەلایەکی دیکەش زۆرنزیکتر بووەتەوە لە خەڵكو گرنگی پێدانی بەرژەوەندیەکانیان.

بەم شێوەیە بزاڤی ئیسلامی پەیتا پەیتا لەسروشتی ئایدۆلۆژیای رەقو وشك دووردەکەوێتەوە، پاشانیش پاشەکشە لە پرسیارە تەقلیدیەکانی نموونەی حاکمیەتو شەریعەتی ئەم ئایدۆلۆژیایە دەکات.

هەر سەبارەت بە دیاردەی پارتەکانی دادو گەشەپێدان پێویستە هەڵوەستە لەسەر خاڵی هاوبەشی نێوان هەریەکەیان بکرێ، کە دواتر مانای گشتی بەدیاردەکە دەبەخشێ. گومان لەوەدانیە خاڵی هاوبەشی نێوانیان تەنیا لە ناونیشاندا نیە، بەڵکو چەندین خاڵی دیکە هەیە بەیەکەوە کۆیان دەکاتەوە، بە بۆچوونی ئێمە ئامانجی گشتی ناوو ناوەڕۆکی سەرجەم ئەو پارتانە بریتیە لە بەدەستهێنانی دادپەروەری لەنێو گەلەکانیانداو گەشەپێدانی کۆمەڵگاکانیان، کە ئەویش راستەوخۆ پەیوەندی بە بەرژەوەندی خەڵکەوە هەیە، پاشان لە هەندێك کاتدا پرسی دادپەروەریو گەشەپێدان راستەوخۆ پەیوەندی بە ناسنامەو پاشکۆکانیەوە هەیە، هەروەها دەبێ رەچاوی خاڵێکی دیکە بکرێ، کە دروست بوونی پارتەکانی دادو گەشەپێدان پەیوەندی بە تایبەتمەندی ژینگەی وڵاتەکانو خودی ئەزموونی بزاڤی ئیسلامیەوە هەیە، بۆ نموونە پارتی دادو گەشەپێدانی مەغریبی لە ژینگەی وڵاتێك دروست بووە، کە سیستمی ئەو وڵاتە سیستمێکی ئاینیە کە (دەوڵەتی ئەمارەتی باوەڕدارانە) بەپێچەوانەوە ئەزموونی تورکی لە ژینگەی وڵاتێك دروست بووە، کە زۆر جیاوازە لە ژینگەی وڵاتی مەغریب، بەڵکو ژینگەیەکی کەمالیە، کە خەلافەتی هەڵوەشاندووەتەوەو نموونەیەکی سکیۆلاریزمی دامەزراندووە، کە دەیەوێ بەتەواوەتی لەگەڵ هەموو ئەوەی ناوی ئیسلامە پەیوەندی بپچڕێنێ.

هەروەها بژاردەی بزاڤی ئیسلامی مەغریبیو بنەکەکەی زیاتر پەیوەندیان بە تقوس، سیمبولو ماناکانی ئیسلامیەوە هەیە، بەڵام بزاڤی ئیسلامی تورکی، کە لە ریشەدا پەیوەندی بە رۆژئاواوە هەیە نەك هەر تەنیا وەکو جوگرافیا بەڵکو وەکو دیدگاو پرۆژەی داهاتوو کار لەسەر هەر پرۆژەیەکی ریفۆرمخوازی دەکات، بۆیە پێویستە بەوریاییەوە ئاگاداربی بەئاسانی نەکەویتە ناو داوی بەیەکچواندنی هەردوو بزاڤەکە بە یەکتری.

## هەڵسەنگاندنی ئەزموونەکە

ئەگەر ئەم ئەزموونە وەکو دیاردەیەکی سەردەمێك لەسەردەمەکان هەڵبسەنگێنین، پێویستە هەڵسەنگاندنەکە لەوەدابێ، کە ئایا تاچەند پارتەکانی دادو گەشەپێدان، کە ئیسلام مەرجەعیانە نموونەیەکی جیاوازن لە پارتەکانی دیکەی مەرجەع لیبراڵیو سۆسیالیستی لەبواری گەشەپێدان؟ هەروەها پێویستە ئەو هەوڵانە

بخەینە ژێر باری هەڵسەنگاندن بۆ بەرجەستە بوونی نیشانە دەرکەوتووەکانی ئەم ئەزموونە لە بواری ئابووریو کاروباری کۆمەڵایەتی.

بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی چاوەڕوان نەکراوە سەبارەت بەو ئەزموونە، کە دیدگای لەسەر مەرجەعیەتی ئیسلامی دامەزراوە، یا ئەوەتە ئەزموونەکە تەواو هاوشێوەی نموونەی ئابووریو پەرەپێدانی رۆژئاواییە، وەکو لە ئەزموونی دادو گەشەپێدانی تورکی دەردەکەوێ، یاخود دادپەروەری میللی مالیزی (کە پەیوەندە بە نموونەی سەرمایەداری رۆژئاواو ناوەندەکانی، هاوڕێ لەگەڵ ئەو کاریگەریە گەورەیەی، کە نیولیبڕاڵی بەسەرەوەیەتی)، یاخود ئەزموونی دادو گەشەپێدانی مەغریب، کە نزیکترە لە ئابووری بازاڕ ، هەروەها ئەزموونی مۆریتانیا، کە تا ئێستا هەمان دیدگای سەردەمی بەر لە دروست بوونی دەوڵەتی هاوچەرخی هەیە.

## ئاسۆکانی ئایندە

پرسیارەکان لە شوێنی خۆیان دەمێننەوە، لەبارەی ئایندەی دیاردەی پارتەکانی دادو گەشەپێدان وەکو پرۆژەیەکی فرە رەهەند، بەتایبەت لەو پرسانەی پەیوەندیان بە کاری سیاسی ئیسلامیەوە هەیە. یەکێك لەو پرسیارانە پەیوەندی بەمەدای سەقامگیری گەشەپێدانەوە هەیە، وەکو ئەلتەرناتیف بۆ ناسنامەو بێ گەڕانەو بۆ زەمەن، کە گوتاری شوناس تێیدا لە هەڵکشاندایە.

پرسێکی دیکە پەیوەندی بەمەدای توانای بزاڤی ئیسلامیەوە هەیە، لە تێپەڕاندنی پرسەکانی تایبەت بە ناسنامە، جێبەجێکردنی شەریعەتو چۆنیەتیو شێوەکانی دەستکاریکردنی ئەو پرسانەوە لەلایەن بزاڤی ئیسلامیەوە، کە پارتەکانی دادو گەشەپێدان نوێنەرایەتی دەکەن، هەروەها شێوەی دیدگاو تێگەیشتنی ئیسلامیەکان بۆ شەریعەتو سنووری جیاوازیەکانیان لەگەڵ ئیسلامیە نەریتییەکان، دواجار پەیوەندی بە تێڕوانینی ئەو پارتانەوە هەیە بەتایبەت لەو وڵاتانەی نیوەی هەنگاویان ناوە لە نوێبوونەوەو پرۆسەی سکیۆلاریزەکردن بەئامانجی دابەزاندنەوەی مەرجەعیەتی شەریعەت لەواقیعێکی سکیۆلاردا.

لێرەدا دەکرێ ئاوڕ لە فرەییو هەمە چەشنەی ئەزموونی پارتەکانی دادو گەشەپێدان بدەینەوە، بۆ وێنە دادو گەشەپێدانی مەغریبی پەنای بردووەتە بەر جیاکردنەوەی کاری بانگخوازیو کاری سیاسی بۆ ئەوەی واز لە پرسی شووناس بێنێتو بیداتە دەستی بزاڤێکی بانگخوازی سەربەخۆ خۆیشی تەرخان بکات بۆ پرسەکانی کارگێڕیو ئابووری، بەڵام بەشێوەیەکی تەواو سەرکەوتوو نەبووە، لە پرسەکانی ناسنامە لە وڵاتێك، کە تائێستا فرانکفۆنیا هەژموونێکی گەورەو کارای بەسەرەوە هەیە، بەتایبەت لەبواری رۆشنبیری ئەگەرچی تا ئێستاش سیستمی سیاسی ئەو وڵاتە ئینتیمای بۆ سەردەمی سوڵتانەکان هەیە. لەبەرامبەردا دادو گەشەپێدانی تورکی کەمتر هەڵوەستە لەسەر ئەم پرسیارانە دەکات، بەڵکو توانیویەتی هەنگاوێکی تەواو بنێو ببێتە پاریتێکی سیاسیو گوێ بە پرسەکانی ناسنامە نەدا، تەنیا ئەوە نەبێ، کە کۆدەنگی تورکی لەسەرە.

ئاسان نیه بوێرانه وەڵامی کۆتایی‌و یەکلاکەرەوە بدەیتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی مەبدەئی جیاوازی لەنێوان وەڵامدانەوەی پارتەکانی دادو گەشەپێدانی ئیسلامی هەیە، لەسەر بەرەنگاریەکان‌و ئەو کێشەو گرفتانەی دەوریان داوە. ئێستا ئێمە لەبەردەم دوو جۆر وەڵامی جیاوازو دژ بەیەکین لەنێوان هەردوو وەڵامەکەشدا پێشبینی هەموو وەڵامەکانی دیکە دەکرێ: هەردووکیان دوو نموونەن یەکێکیان نموونەی مەغریب هەوڵی بە ئیسلامکردنی مۆدێرنە دەدات، دووهەمیشیان نموونەی پارتی دادو گەشەپێدانی تورکیایە وایدەبینێ، ڕێگاکە بە نوێکردنەوەی ئیسلام دەست پێدەکات !.

# بەشی حەوتەم

## پارتی دادو گەشەپێدان‌و چاکسازی ناوخۆیی لە تورکیا

**د. محمد نورەدین**

**چاکسازی لە تورکیا لە بەردەم دووڕیاندا:**(71)

چ بایەخێك لە هەموارکردنەوەی دەستووردا هەیە؟(72)حکومەت چەپکێك پێشنیازی پێشکەشکردووە، بۆ هەموارکردنەوەی 28 مادەی دەستووری، جگە لە سێ مادە کاتی ئەوانی دیکە هەمیشەیین. هەموارکردنەوەی ئەو

(71) " الإصلاح الدستوري والمؤسساتي في *تركيا أمام مُفترق طرق*"
..www.swissinfo.ch/ara/detail/content.html?cid

ماده دەستووریانە هەموو پرسەکانی سیاسی، دادوەریو کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە، لەناویشیاندا پێنج مادەی دیکە هەیە بەلانی کەم وەکو جەوهەری کۆی گشتی هەموارکردنەوەکان دادەنرێن.

## پێنج مادەی بنەڕەتی لەناو هەموارکردنەوەکاندا

**یەکەم:** قورسکردنی مەرجەکانی داخستنی پارتە سیاسیەکان، بەجۆرێك داخستنی پارتە سیاسیەکان وەکو ئێستا دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی داواکاری گشتی، کە تەنیا ئەو بۆی هەیە دۆسییەی قەدەغەکردنی پارتی سیاسی بکاتەوەو دواتر بۆ دادگای دەستووریو پاشانیش بۆ پەرلەمان بەرزیبکاتەوە، دواجاریش لە پەرلەمان لێژنەیەك پێکدەهێنرێ، کە تەنیا ئەو لێژنەیە بۆی هەیە رێگە بەداواکاری گشتی بدات، یاخود رێگەی پێنەدا لە کردنەوەی کەیسی داواکاریەکەی. بەگشتی مەبەست لە هەموارکردنەوەی ئەو مادە دەستووریە بریتیە لە: رێگەگرتن لە زاڵ بوونی هەوەسو هۆکاری ئایدۆلۆژی بەسەر بڕیارەکانی داواکاری گشتی، کە لە رابردوودا هۆکاری تێکدانی ژیانی سیاسیو هەڵوەشاندنەوەی چەندین پارتی سیاسی بووە.

**دووەم:** پەیوەندە بە گۆڕانی پێکهاتەی دادگای دەستووری، کە هەموارکردنەوەی ئەو مادەیەش بە گرنگترینی هەموارکردنەکان دادەنرێ، چونکە دادگای دەستووری دەسەڵاتی رێگە پێدراوی یەکەمە لەهەموو تانە لێدانێکی دەستووریو یاساییو حوکمە پەسندکراوەکان. زۆربەی جارەکان ئەندامانی دادگای دەستووری کە ژمارەیان 11 ئەندامە سەرکەوتوو بوونە لە سەپاندنی راسپاردەکانی خۆیان بەسەر بڕیارە سیاسیەکان، هەروەها زۆربەی

---

(72) دەستووری نوێی تورکیا یاخود کتێبی سوور، لە 12 ی ئەیلولی 2010 حکومەتی تورکیا راپرسی ئەنجامدا لەسەر هەموارکردنەوەی هەندێك بەندی دەستووری کە ئەردۆگان بە (دەستووری کودەتاچیەکان) ناوی دەبات، بەو پێیەی لە 1982/9/12 لەلایەن سەرکردایەتی کودەتا بەسەرۆکایەتی کەنعان ئیفرین نووسرایەوە.
وەکو زانراویشە لەساڵی 1924 لەدوای رووخانی دەوڵەتی عوسمانی یەکەم دەستووری کۆماری تورکیا دانرا، دواتر لە 1937 دەستووری یەکەم هەموارکرایەوە، پاشان دوای کودەتاکەی 1960 بەسەرۆکایەتی ژەنەڕاڵ جەمال کۆرسیل دووهەمین دەستوور دانرایەوە، پاشتریش لەدوای کودەتاکەی 1980 کە دووهەمین کودەتای سەربازی بووو لەساڵی 1982 دەستووری سێیەم لەلایەن سەرکردایەتی کودەتا دانرایەوە. هەموارکردنەوەی دەستوور پەیوەندی بە سێ تەوەری سەرەکی هەیە، لێرەدا تەنیا ئەوەی پەیوەندی بە هەموارکردنەوەی مادەی 125 وە هەیە باسی دەکەین، ئەو مادەیە پەیوەندە بە پێگەی سوپاو هاوکاری ئەنجوومەنی راوێژی سەربازی کە لەوەتەی کودەتای 1960 وە تا ئێستا توانیویەتی زیاتر لە 230 ژەنەڕاڵو هەزاران ئەفسەر لە ریزەکانی سوپا بە تۆمەتی مەیل بوونیان بۆ ئیسلامی سیاسی دەرکراون. بەگوێرەی هەموارکردنەوەی مادەی 125 دەتوانرێ، لەبەردەم دادگای مەدەنی تانەی سەربازی لە بڕیارەکانی ئەنجوومەتی شورای سەربازی بدرێت، هەروەها بە پێی هەموارکردنەکە جگە لەکاتی شەڕەکاندا رێگە بەدادگایکردنی مەدەنی نادرێ، لەبەردەم دادگاکانی سەربازی. پێش راگەیاندنی دەستووری نوێی تورکیا لە کۆتاییەکانی ئۆکتۆبەری 2010 تورکیا تەنیا دوو دەستووری بەخۆوە بینی بوو، یەکەمیان ناسراوو ئاشکرایە کە دەستووری ساڵی 1982 ی سەرکردایەتی کودەتایە، دووهەمیشیان بەدەستووری نهێنی یاخود ((کتێبی سوور) ناسراوەو گوزارشت لەو بەڵگەنامە ستراتیژییە دەکات، کە هەموو مەترسیو هەڕەشەیەك بۆ سەر تورکیا دیاری دەکات، بەتایبەت لەماوەی جەنگی ساردو بەدرێژایی نەوەدەکانی سەدەی بیست بەتایبەتریش مەترسیەکانی شیوعیو ئەو وڵاتانەی هانی رێکخراوەکانی دژ بە تورکیا دەدەن (باسل محمد یونس ، أحفاد أربکان و عولمة حزب العداله و التنميه )،
، http://arabtimes.com/portal/article_display.cfm?Action=&Preview=No&ArticleID=21870

جارەكانیش دادگای دەستووری زێدەڕۆیی بەسەر دەسەڵاتەكانی خۆیدا دەكات، كاتێك تەنیا تەماشای ناوەڕۆكی یاساو هەمواركردنـەكان دەكـات، نـەك بنـەماكانی هەمواركردنـەوەی دەسـتوور، ئەمـەش وایكـردووە دادگـا ببێتـە تـەور بـۆ بڕینو ڕاگرتنی هەموو پرۆسەیەكی چاكسازی ڕیشەیی لە پەرلەمان، پەرلەمانیش ببێتە شوێنی زیندە بەچاڵكردنی پارتە سیاسیەكان بەبێ ڕەزامەندی خۆیانو بەخواستی بژاردەی توندڕۆی سكیۆلاریزم.

دادگای دەستووری زیاتر لـە جاران گرنگی خۆی هەیـە، چونكە بـە دوامۆڵگەی سكیۆلارەكان دادەنـرێ، بـۆ ڕووبەڕووبونەوەی چاكسازیەكانی ئـاك پـارتی، بەتایبـەت دوای ئـەوەی بـژاری سـەربازی بـۆ ئەنجامـدانی كودەتـا زۆر زیاتر لەجاران لاوازتر بووە. بەگوێرەی هەمواركردنە نوێیەكە ژمارەی ئەندامانی دادگای دەسـتووری لـە 11 ئەنـدام بۆ 17 ئەندام زیـاد دەكـرێ، ئەمـەش مانـای وایـە 6 ئەنـدامی نـوێ دەچـنە نـاو دادگـای دەسـتووری، كـە هەنـدێكیان لەلایـەن سـەرۆك كۆمـارەوە دادەمەزرێنـدرێن، ئەمـەش وادەكـات دەسـەڵاتی توندـڕۆكان لـەناو دادگـا كـە بڕیارەكـانی بەزۆرینەی دوو لەسەر سێ پەسەند دەكرێ لاواز بكات.

**سێیەم:** پەیوەندی بە پێكهاتەی ئەنجومەنی باڵای دادوەریو هەردوو داواكاری گشتییەوە هەیـە، بـەجۆرێك ژمـارەی ئەنـدامانی ئـەم ئەنجومەنـە لـە 11 ئەنـدام بـۆ 21 ئەنـدام زیـادكراوەو تـەواوی ئەنـدامانی نـوێ لەلایـەن سـەرۆك كۆمـارەوە دامەزێنـدراون، كـە وادەكـات دەسـەڵاتی توندـڕۆكان لـەناو ئەنجوومەنەكـە بەرتەسـك بكاتـەوە. لەڕاسـتیدا ئەنجوومـەنی بـاڵای دادوەری گرنگیـەكی گـەورەی هەیـە، چـونكە دادوەرەكـانو داواكـارانی گشـتی لەلایـەن ئـەوەوە دادەمەزرێندرێن، بۆ چەند جارێكیش لێرەو لەوێ بڕیارەكـانی دادوەرەكـانو داواكـارانی گشـتی بـە ئـارەزووی خۆیـان بووە، ئامانجیش تێیدا ڕیگری كردن بـووە، لـەدادگاییكردنی ڕێكخـراوی (ئەگەرنـەكۆنی تیرۆریسـت)، بگـرە بڕیارەكـە تەنیا بەدەستی تاكە دادوەرێك بووە، بەشێوەیەك بـەر لەسـێ مـانگ لـە دەسـتپێكردنی ئـەم چاكسـازیانەی دەسـتوور، ئـەو تاكـە دادوەرە فـەرمانی دەركـرد بـە دادگـایكردنی یـەكێك لـە داواكـارانی گشـتی بـەهۆی تێـوەگلانی لـە كەیسـی ئەرگەنەكۆن.

**چوارەم:** تایبەتە بەدادگاییكردنی سەربازەكان لەبەردەم دادگای مەدەنی، كە پێشتر سوپا بـە هـەموو شـێوەیەك ڕەتـی دەكـردەوە، چـونكە خـاوەنی دادگایـەكی تایبـەت بـەخۆی بـووو زۆربـەی جارەكـانیش بڕیارەكـانی ئـەو دادگایـە لەبەرژەوەندی بژاردەی توندڕۆی سوپا دەردەچوو.

**پێنجەم:** تایبەتە بەدادگاییكردنی ئەو سەربازانەی كودەتای 12 ی سیپتمبەری 1980 یان جێبـەجێكرد، كـە دواتـر لە دەستووری 1982 خۆیان دایاننا مادەیەكی كاتیان تۆماركرد، كە ڕێگە نـادات بـە دادگاییكردنی هـیچ ژەنـەڕاڵێكی بەشداربووی كودەتاكە لەهیچ جۆرە دادگایـەكی سـەربازیو مـەدەنی. لەگـەڵ ئـەوەی زۆربـەی سـەركردەكانی كودەتـا جگە لەسەرۆكەكەیان (كەنعان ئیفرین) نەبێ ئەوانی دیكە هەموویان مردوون، بەڵام هەڵوەشـاندنەوەی ئـەو مادەیـە

ڕێگە لەبەردەم ڕێکخستنی دادگایکردنی ژەنەڕاڵ ئیفرین دەکاتەوە. هەرچۆنێك بێ هەڵوەشاندنەوەی ئەو مادەیە دەبێتە دەستکەوتێکی مەعنەوی گرنگ، چونکە وادەکات ئەنجامدانی هەر جۆرە کودەتایەکی نوێ ئەنجامدەرانی لە دادگاییکردنو لێپێچینەوە ڕزگاریان نەبێ، بەگشتیش هەڵوەشاندنەوەی مادەکە لەمیانی هەوڵەکانە بۆ لاوازکردنی پێگەی سەربازو وێناو پێگە مادیو مەعنەویەکەی لەبەردەم ڕای گشتی تورکیادا.

لێرەدا دەردەکەوێ ئەم تەوەرە پێشنیازکراوانە زیاتر لە هەموارکردنەوەی دەستوور دەچێ، بەڵکو زۆر نزیکە ببێتە دەستوورێکی نوێی بچووك. ئەگەر پێشتر یەکێك لەوەرگیراوەکان بریتی بووبێ لە بە دەنگەوە چوونی ئەنجامدانی چاکسازی چ بە تاکە تاکە یاخود بە درێژی لەلایەن پارتی دادو گەشەپێدانەوە، ئەوا ئەم چەپکە نوێیەی هەموارکردنەوەی دەستوور بەڕادەیەکی زۆر فەرەبووی پرسی ئامادەکردنی دەستوورێکی نوێو گشتگیر دەکاتەوە، بۆ شوێن گرتنەوەی دەستووری ئێستا، کە لەوەتەی ساڵی 1982 کاری پێدەکرێ.

## دەرزەنێك چاکسازی جددیو بەهەند وەرگیراو

ئەنجامدانی ئەم چاکسازیە نوێیانە بە وێستگەیەکی پێشکەوتوو دادەنرێن، لە پرۆسەی چاکسازی وەکو لایەنگرانی حکومەت دووپاتیدەکەنەوە، پرۆسەکە ڕۆڵی ئەو لایەنە بەهێزانە پەکدەخات، کە بەردەوام لە هەوڵی پەکخستنی ڕێڕەوی ئەنجامدانی چاکسازیو وەرچەرخاندنی تورکیادان بۆ ئەوەی ببێتە وڵاتێکی گەورەی دیموکراسی، تێیدا ئازادیو بەهێزکردنی مافەکانی مرۆڤ بەگوێرەی مەرجو پێوەرەکانی یەکێتی ئەوروپا بەقەرار ببێ. ڕەنگە گرنگترین ئامانج لە هەموارکردنەوەی دەستوور بریتی بێ لە هەوڵی جددی بۆ بنبڕکردنی (دەوڵەتی قووڵ یاخود دەوڵەتی ڕیشەیی)[73] کە بە یەکێك لە کۆڵەکە پتەوەکانی دەوڵەتی تورکیا دادەنرێ، لەبنەڕەتیشدا

(73) دەوڵەتی قووڵ (شاراوە) بەو نێوەندانەی هێز دەگوترێ، کە لە پشتەوەی پەردە دەوڵەت هەڵدەسوڕێنن. لە ڕاستیدا هەر ئەو نێوەندانە دەوڵەتی ڕاستەقینەن نەك دامەزراوە ناسراوەکانی دیکەی دەوڵەت، کە تەنیا وەکو ڕووخسارو دیکۆری دەوڵەتی تورکیا دادەنرێن. دەوڵەتی قووڵ گوزارشت لە ڕایەڵەو توێژێکی بەرفراوان، قووڵو زۆر شاراوە دەکات، لەناو جومگەکانی دەوڵەتو دەستەو دەسەڵاتەکاندا، چاڵاکی خۆی

دامەزراوەیەکی دادوەرییەو هەرسێ دەسەڵاتی دادگای دەستووری، ئەنجوومەنی دادوەرانو داواکارانی گشتی بەڕێوە دەبات.

لە غیابی ئەو بارودۆخە رەخساوەی پێشتر، کە تێیدا کودەتای راستەوخۆی سەربازی کارێکی ئاسان بوو، بۆیە لێرە بەدواوە ناوەندەکانی دەوڵەتی قووڵ پەنا دەبەنە بەر چەکی دادگاکان وەکو میکانیزمێکی جێگرەوە بۆ پەکخستنی پرۆسەی چاکسازی، کە لەوەتەی ساڵی 2003 وە پارتی دادو گەشەپێدان بەگوێرەی مەرجەکانی یەکێتی ئەوروپا دەستی پێکردووە. لە ڕاستیدا پێشتر دامەزراوەی دەوڵەتی قووڵ تەنیا رێگر نەبوو لە هەموارکردنەوەی مادە دەستووریەکانی تایبەت بە باڵاپۆشی ئافرەتان لە زانکۆکانو دادگایی کردنی ژەنەڕاڵەکان لە دادگاکانی مەدەنی، بەڵکو پیادەی هەموو دەسەڵاتێکی دەکرد، بۆ وەرگرتنی هەر بڕیارێك، کە لە بنەڕەتدا لەدەسەڵاتی یاسادانانداا بووبێ.

دەسەڵاتی دادوەری بەردەوام هەڕەشەیەك بووە بۆ سەر ئەو پارتە سیاسیانەی دژ بە ئاڕاستەی توندڕەوی سکیۆلاریزم کاریان کردووە، بۆیە دەبینی دەسەڵاتی دادوەری پەنای بردووەتە بەر داخستنی یەك لەدوای یەکی ئەم پارتانەو دوورخستنەوەی سەرکردەکانیان لەکاری سیاسی، بۆ نموونە بەر لە دوو ساڵ هێندەی نەمابوو دادگا پارتی دادو گەشەپێدان دابخات، وەکو ئەوەی چەند مانگێك بەر لە ئێستا پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی کوردی داخست.

لە راستیدا دادگاییکردنی ژەنەڕاڵەکانی سوپا لەبەردەم دادگاکانی مەدەنی گرنگیەکی گەورەی هەیە، بەتایبەت دوای ئەو فێڵو چەواشەییەی داواکاری گشتی سەربازی بەرامبەر ئەفسەرێکی پایە بڵندی سەرۆکایەتی سوپا سالار بەناوی (دۆرسۆن چیچك) پیادەی کرد، لەکاتێکدا ئەفسەری ناوبراو تۆمەتبار بوو بە واژۆکردنی بەڵگەنامەیەك بۆ رووخاندنی حکومەتی دادو گەشەپێدان، دواتریش دادوەر چیچکی بێتاوان کرد، هەروەها بێجگە لە بڕیارەکەی دادوەر سەرۆکی سوپا سالار (ئیلکەر باشبۆگ) هاتە سەر هێڵو تەواوی کەیسەکەی چیچکی بەدرۆی هەڵبەستراو لەقەڵەمدا، پاشان لەکاتێکی دیکەدا روون بوویەوە، کە پیلانێکی راستەقینە بۆ رووخاندنی حکومەتەکەی ئاك پارتی لە ئارادا بووەو چیچك لە پشتەوەی پیلانەکە بووە، دواتریش بەهۆی ئاشکرا بوونی راستی کەیسەکە سوپا ناچاربوو، لە رەتکردنەوەکەی پێشوویدا پاشگەز ببێتەوە، بە گشتیش لەم رەفتارەی دادگای سەربازی

تێیاندا ئەنجام دەداتو راستەوخۆ سەر بە دامەزراوەی دەستەی سوپا سالارە، کە بەرپرسیارە لە هەموو کردەیەکی کوشتن، تیرۆرو پرۆسەی پاکتاویکردن، ئەم سیستمە ستەمکارانەش لە بەڕێوەبردنی دەسەڵات لەگەڵ سەردەمی دامەزراندنی کۆمار دەستی پێکردووە، لە پشتەوەی هەموو کارێکی ئەتاتورکەوە بوو، پاشانیش بازنەی دەسەڵاتەکانی ئەتاتورك بەرتەسك بوویەوەو هەر کارێك کەدەیکرد بەناوی سوپاوە بوو، سوپا بەرپرسیاری یەکەمە لە ئەنجامدانی هەر چوار کودەتا سەربازیەکەی 1960، 1971، 1980، 1997 پلانو پیلانی هەر یەکێکیشیان لەلایەن تۆڕی ئەرگەنەکۆن کە بە داستانێکی کۆنی تورکیەوە ناونراوە نەخشەی بۆ دانراوە. لە راستیدا ئەرگەنەکۆن بە گرنگترین باڵی بەڕێوەبردنی جەنگەکانی تایبەت بە تورکیا دادەنرێ، کە تەواوی نهێنیەکانی دەوڵەت، لایەنی سەربازیو ئەمنی بەدەستەوەیە. لە بنەڕەتدا تۆڕی ئەرگەنەکۆن هاوشێوەی رەفتارو سروشتی کارو ئامانجەکانی تۆڕی گلادیۆی ئیتاڵیە کە لەسەردەمی جەنگی سارد دامەزرێندراو لەلایەن وڵاتانی ناتۆوە دژی سۆڤیەتو وڵاتانی سەر بەبلۆکی سۆڤیەت بەکاردەهێنرا.

روون بوویـەوە، کـە دادگاکـە هـیچ راسـتگۆییەکی تێـدا نیـە، بۆیـە کـاتی ئـەوە هـاتووە ژەنەڕاڵـەکانی سـوپا لەبـەردەم دادگاکانی مەدەنی دادگایی بکرێن.

لەگەڵ ئەوەی زۆرێك لەناوەندی رای گشتی بە پێویستی دادەنێن تورکیا ببێتە وڵاتێکی تـەواو دیموکراسـیو شوێنی ئازادیەکانی لێببێتەوە، بەڵام ئەوەی لە دۆخەکەدا دەبینرێ، ئاك پارتی تاکە هێزە بەرەو پیری چاکسازیەکان دەچێ، ئەگەر تەماشای هەڵوێستی پـارتی گـەلی کۆمـاری بکـەی، کـە بـەباڵی سیاسـی دامـەزراوەی سـەربازی دادەنـرێ، روون دەبێتەوە بەشێوەیەکی بنەڕەتی دژی چاکسازیە، چـونکە بـە بـڕوای ئـەو ئەنجامـدانی هـەر جـۆرە چاکسازیەك دەبێتە، هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی چینی کـەمالی، کـە ئـەو پارتـە مـاوەی هەشـتا سـاڵە نوێنەرایـەتی دەکات، بـەڵام لەلایـەکی دیکـە نـەك هـەر تـەنیا وەکـو پـارتی گـەلی کۆمـاری نـەیاری ئەنجامـدانی چاکسـازین بگـرە پارتـە سیاسیەکانی دیکە گاڵتەو سووکایەتی بە ئەنجامدانی هەر کارێکی لەم شێوەیە دەکەن.

سێهەمین گەورە پارتی ناو پەرلەمان، کـە پـارتی نەتەوەیـە ئامـانجی یەکـەمو کۆتـایی لـە حیسـاباتی سیاسـی خۆیدا بریتیە لـە: لاوازکردنـی پـارتی دادو گەشـەپێدان، بـەڵام ئـەوەی جێگـەی تێڕامانـە هەڵوێسـتی پـارتی ئاشـتیو دیموکراتی کوردییە، کە خاوەنی بیست پەرلەمانتارە هەر جۆرە چاکسازیەك رەتدەکاتەوە، چونکە سەرۆك ئـەردۆگان لەناو چاکسازیەکاندا هەندێك داواکاری کوردی جێگیر نەکردووە، لەناویشیاندا کەمکردنـەوەی بەدەسـتهێنانی رێـژەی 10٪ بۆ 5٪ ی دەنگەکان بۆچوونە ناو پەرلەمان، وەکو زانراوە لە هەڵبژاردنەکاندا ئەو پارتە کوردیـە تـەنیا رێـژەی 5٪ - 6٪ دەنگەکانی بەدەست دێنێ، بەم ئەنجامەش ئەندامانی ناتوانن بچنە ناو پەرلەمان تەنیا لـە حاڵێکدا ئەگـەر وەکو بێلایەن هەڵبژێردرێن.

## دەرزەنێك چاکسازی لە بەرژەوەندی کورد

لـە راسـتیدا ئـەو چاکسـازیە پێشـنیازکراوانەی پـارتی دادو گەشـەپێدان پێشکەشـی کـردووە، زۆر خـاڵ لـەخۆ دەگرێ، کە بەهۆیانەوە رۆڵی هەردوو دەسـەڵاتی سـکیۆلاریزمو هێـزی سـوپا وەکـو دوو دامـەزراوەی سـەرەکی نـەیارو تێکدەری دۆزی کـورد لاواز دەبێـت، بـەلاوازبوونی ئـەم دوو هێـزەش دەوڵـەتێکی هاوچـەرخ بـە پێوەرەکـانی یـەکێتی ئەوروپا لە تورکیا دروست دەبێت، لە کۆتاییشدا دان بەمافە رۆشنبیریو نارۆشـنبیریەکانی کـورد دادەنـێ، بـەجۆرێك کە لە بەرژەوەندی کورددابێ.

چەندە بە تراژیدیایـەکی کارەسـات ئـامێز دەچـێتو جێگـەی سەرسـوڕمانیە کاتێـك دەبینـی پەرلـەمانتارانی کورد دژی هەموارکردنەوەی مادەی دەسـتووری تایبـەت بـە قورسـکردنی مەرجـەکانی قەدەغـەکردنی پـارتی سیاسـی دەنگ دەدەن، لەکاتێکدا کورد گەورەترین زیانی بەردەکەوێ، بەهۆی مانەوەو بەردەوامی ئەو مادەیە وەکو ئێسـتاکە، چونکە بە ئاشکرا دیارە چۆن دادگای دەستووری سەرجەم ئەو پارتە سیاسییە کوردیانـەی داخسـتووە، کـە لـە مـاوەی

بیست ساڵی رابردوودا دامەزرێندراون، نموونەی ئەم هەڵوێستەی پەرلەمانتارانی کوردیش وەکو ئەو قوربانیەیە، کە بە جەللادەکەی بڵێ دەست لە کوشتنو کەوڵکردنم هەڵمەگرە.

هەندێك ناوەندی پارتی دادو گەشەپێدان روانینیان وایە هەڵوێستی پارتی ئاشتیو دیموکراتی کوردی هەمان هەڵوێستی پارتە گەلی کۆماریو پارتی کاری نەتەوەیە، سەبارەت بە ئەنجامدانی چاکسازیەکان بەجۆرێك نە سوپا، نەهێزە سکیۆلارەکان، نە نەژاد پەرستە توندرۆکانو هێزە کوردیەکان نایانەوێ چاکسازی ئەنجام بدرێ. بە بۆچوونی ئەردۆگان هێزە کوردیەکان بە ئاراستەکردنینان لەلایەن سەرۆکی پارتی کرێکارنی کوردستان ئامانجیانە پشێویو ناسەقامگیری لەولات دروست بکەن. شاراوانیە ئەم هەڵوێستەی ئێستای هێزە کوردیەکان پێچەوانەی دروشمی راگەیاندراوی ئۆجەلانە، کە داوای دەمەزراندنی تورکیای دیموکراسی دەکات، لە بری جیابوونەوە یاخود پێدانی فیدراڵی بە کورد.

بێگومان پارتی دادو گەشەپێدان پێویستی بە بوێرییەکی گەورەتر هەیە، بۆ نزیك کردنەوەی پرسی کورد لەو چاکسازیە دەستووریانەی پێشنیازی کردووە، بەلام ئاشکرایە گۆڕانگاری لە دۆخێکی هەستیارو قورسی وەکو دۆزی کورد بەیەکجار روونادات. لەڕاستیدا چاکسازیە پێشنیازکراوەکان بەهیچ جۆرێك پێچەوانەی داواکاریەکانی کورد نیە، بۆ دامەزراندنی سیستمێکی دیموکراسی، کە باوەڕی بە مافی یەکسان هەیە بۆ هەمووان.

دواجار هەموو چاکسازیە پێشنیازکراوەکان بەسەرکەوتوویی تێپەڕێندران، جگە لەو مادەیەی پەیوەندی هەیە بە قەدەغەکردنی پارتە سیاسیەکان بەهۆی ئەوەی هەندێك لە پەرلەمانتارانی ئاك پارتی پشتگیریان لە تێپەڕاندنی نەکرد، کە بەلای ئەردۆگانیشەوە ئەم هەڵوێستەی ئەندامەکانی کارێکی چاوەڕوان نەکراوبوو، ڕەنگە روودانی ئەم کارە چەند فشارێکی دیاریکراوو شاراوەی لەدواوە بووبێ، بەلام بەهیچ شێوەیەك تێنەپەڕاندنی ئەو مادەیە لە گرنگی 27 مادەکەی دیکەی کەمنەکردۆتەوە. بەگشتی ئەگەر تا ئێستا شمشێری کردنەوەی کەیسی قەدەغەکردنی پارتی سیاسی بەدەستی داواکاری گشتی کۆمارەوە بووبێ، ئەوا دوابڕیار هەر بۆ دادگای دەستووریە، کە بڕیارە بونیادی پێکهاتەو هەیکەلی هەموار بکرێتەوە، ئەگەر بەشێوەیەکی کۆتایی چاکسازیەکان پەسەندبکرێن.

# بەشی هەشتەم

## ئەحمەد داود ئۆغلۆ

### کیسنجەری تورکیاو تیۆریزەکاری پارتی دادو گەشەپێدان

لووتکەی جموجۆڵەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لەوکاتەوە دەست پێدەکات، کە ئەحمەد داود ئۆغلۆ پۆستی وەزارەتی دەرەوە وەردەگرێت، ئۆغلۆ لەسەر دوو ئاڕاستەی سەرەکی پێڕۆکردنی سیاسەتی دوورکەوتنەوە لە دروست بوونی کێشە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێو ستراتیژیەتی دینامیکی لەناوچەکە، کە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا بەرەو ئاسیای ناوەڕاستو تا دەگاتە دەریای قەزوین درێژ دەبێتەوە کاردەکات.

دواتر به تێپەڕبوونی چەندین کەیسی گەرماو گەرم لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست ئەم دیدگا نوێیەی ئۆغلۆ پاڵ بە تورکیاوە دەنێ، لەرووی پراکتیزەیی نێوانگری لەنێوان سوریاو ئیسرائیل، سوریاو ئەمەریکا بگرە نێوان ئێرانو ئەمەریکاو ئەوروپاش بکات.

ئاسۆکانی رۆڵی عوسمانیە نوێیەکان چیە؟ ئەمەریکا لە کوێی ئەم ڕۆڵە دایە؟ چ خوێندنەوەیەك بۆ خاڵە ناکۆك و دژ بەیەکەکانی نێوان تورکیای ئەتاتورکی و تورکیای ئیسلامی لیبراڵی دەکرێ؟

ئێستا خەریکە بنەماڵەی ئۆغلۆ دەبێتە ئەفسنایەك لەمێژووی تورکیا، ڕۆڵی کەسایەتیە دیارەکانی ئەو بنەماڵەیە لەسەدەی هەژدەهەمەوە دەست پێدەکات، لەوکاتەی توانیویانە رۆڵێکی گەورە ببینن، لە ئاراستەکردنی تورکیا بەرەو گۆڕانەکانی ئابووری ناوخۆو ستراتیژیەتی بواری پەیوەندیەکانی دەرەوە. شاراوە نیە هەرکاتێك سوڵتانەکانی عوسمانی پێویستیان بە کەسێکی دەست پاك و چاکسازو بەهێز بووبێ، پەنایان بردۆتە بەر بنەماڵەی ئۆغلۆ، لە بەرامبەریشدا بنەماڵەکە وەلامی سوڵتانەکانی داوەتەوەو تورکیای عوسمانی لە کەوتن دەربازکردووە.

لەوەتای ئایاری 2009وە لەوکاتەی ئەحمەد داود ئۆغلۆ پۆستی وەزیری دەرەوە وەردەگرێ، بەشێکی گەورەی ئەرکی گەورە دەکەوێتە سەر ئەو بنەماڵەیە، ئۆغلۆ ئەو توانا هیزرییە راستەقینەیە لەوەتەی 2002وە لەپشتەوەی هەموو ئەو گۆڕانە قووڵانەیە، کە بەسەر سیاسەتی دەرەوەی توکیادا هاتوون، راستە ئۆغلۆ لە 2009وە پۆستی وەزارەتی دەرەوەی وەرگرتووە، بەڵام پێشتریش لە 2003وە وەکو گەورە راوێژکاری سەرۆك وەزیران کاری کردووە، دواتر بەهۆی ئەوەی بوو بە تیۆریزەکارو ئەندازیاری سەرۆك وەزیران (ئەردۆگان)و تەواوی پێکهاتەی سیستمی دەوڵەت، هەمیشە لەژێرەوە وەکو وەزیری نهێنی کاری کردووە.

لە دیمانەیەکی گۆڤاری کیفاحی عەرەبیدا ئۆغلۆ زاراوەی عوسمانی نوێ رەتدەکاتەوە، چونکە بە بڕوای ئەو لە ئێستادا ئەنکەرە دەیەوێ بگاتە ئەو شوێنەی رۆڵی ئیمپراتۆریەتی ئەستەمبۆلی تێدا بچڕاوە. ئۆغلۆ دەخوازێ ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی زیندوو بکاتەوە، بەڵام بەبێ سوپایەکی دڕو زاڵ بوونی سوڵتانەکان، بەڵکو لەمیانی هێزێکی نەرم بەجۆرێك ئەمڕۆکە توانیویەتی لەسەر ئاستی جیهان تورکیا بکاتە شازدەهەمین گەورە وڵاتی ئابووری و لەسەر ئاستی ئەورووپاش شەشەمین، ئێستا بەهۆی ئەو ستراتیژیەتە قووڵەی، کە ئۆغلۆ هەڵیگرتووە تورکیا بووەتە خاڵی بەیەکگەیشتنی نێوان هەردوو کیشوەری ئاسیاو ئەوروپاو پردی نێوان هەردوو شارستانێتی ئیسلامیو رۆژئاوا. دواجار ئۆغلۆ بووەتە نموونەیەکی نوێ لەبەیەکەوە بەستنەوەی نێوان ئیسلامو لیبراڵیەتو سکیۆلاریزم.

ئۆغلۆ بە کردەیی لە کتێبەکانی خۆیدا، کە بریتین لە: (نموونەیەکی جێگرەوە)، (کاریگەری ئیسلامو رۆژئاوا بەسەر تیۆری سیاسی)، (جیهانی ئیسلامی لە بەردەم رەشەبای گۆڕانە ژیارییەکان)، (تەنگژەی دارایی)و (قووڵایی ستراتیژی)، کە گەورەترین کاریگەری بەسەر سیاسەتەکانی دەرەوەی تورکیادا هەیەو هێڵە گشتیەکانی ئەم سیاسەتەی بۆ داناوە کاری کردووە.

به پێچەوانەی تەواوی وەزیرەکانی دەرەوەی تورکیا، ئۆغلۆ لە بژاردەی شار نیە بەڵکو لە شارۆچکەی قۆنیا لە ناوەڕاستی ئەنادۆڵەوە دەگاتە پۆستەکەی، بەهەمان شێوەی هەریەك لە ئەردۆگان‌و عەبدوڵلا گوڵ، کە ئەوانیش سەر بە بژاردەی نوێی ئەنادۆڵین، کە زیاتر وەکو ئیسلامیەکی موحافەزەکار، بەڵام پراگماتێکی گەورە دادەنرێن. لە گرنگترین بنەماکانی ئۆغلۆ بریتیە لە: سفرکردنەوەی کێشەکانی تورکیا لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، بە پێچەوانەی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، لەوکاتەی ئەنکەرە لەگەڵ زۆربەی دراوسێکانی پەیوەندیەکی ئاگرینی هەبوو.

بەهەمان شێوە لە رابردوودا تورکیا هەوڵیدا، لە میانی دژایەتیکردنی مەترسیەکانی هەرێمایەتی دەوروبەر بەرگری لەخۆی بکات، بەڵام لەسەردەمی ئۆغلۆدا بۆت دەردەکەوێ ئەو دەوڵەتەی لەچوارچێوەی هێزی نەرم پیادەی نفوزی خۆی دەکات، هەر ئەوە دەتوانێ بەرگری لەخۆی بکات. لەمبارەیەوە بە بۆچوونی ئۆغلۆ گۆڕانکاریەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست - ئاسیای ناوەڕاست - قەزوین پێویستی بە ستراتیژیەتێکی نوێی دینامیکی هەیە، ئەمەش پێویستی بەجۆرە بیرکردنەوەیەکی تایبەت هەیە، ئۆغلۆ دەڵێ: "پێشتر تورکیا وەکو یاریزانێکی نێودەوڵەتی بەو چاوە تەماشا دەکرا، کە خاوەنی بازوویەکی بەهێز، گەدەیەکی لاواز، نەخۆشییەکانی دڵ‌و توانای عەقڵێکی مام ناوەندە. بەواتایەکی دیکە خاوەنی سوپایەکی بەهێز، ئابووریەکی لاواز، نەبوونی متمانە بەخودو نەبوونی عەقڵێکی ستراتیژییە. بەڵام لەئێستادا تورکیا ئامادەگی هەیە، لەسەر ئاستەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی‌و نێوانگری زۆرێك لە ململانێکانی بەڵکان، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست‌و قەوقازی کردووە، لەم نێوەندەشدا دوژمنەکانی پێشووی خۆی هەر یەکە، لە رووسیاو سوریای کردووەتە نزیکترین دۆستی خۆی"[(74)].

ئۆغلۆ توانیویەتی بەسەرکەوتوویی رۆڵی نێوانگری نهێنی ببینێ، لەنێوان رووسیاو جۆرجیا بۆ کۆتایی پێهێنانی شەڕی نێوان هەردوو وڵات، دانووستانە ناڕاستەوخۆکانی نێوان سوریاو ئیسرائیل لە 2008و نزیك بوونەوەی تورکیا لە کوردانی عێراق‌و ئەرمینیا، هەموو ئەمانەش بەڵگەن لەسەر ئەوەی ئەوروپا بۆ هێورکردنەوەی ئەم ناوچە بەرفراوانە، کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا دەگاتە بەڵکان‌و بەتێپەڕینی ئاسیای ناوەڕاست درێژدەبێتەوە، پێویستی بەکاراکتەرێکی وەکو تورکیا هەیە. ئەمڕۆکە ئارەزووو خواستەکانی تورکیای نوێ بەڕامانی ئەردۆگان لەچاوەکانی ئۆغلۆ لەیەك کاتدا بریتیە لە: (ستراتیژیەت‌و ئایدۆلۆژیا).

لەسەر ئاستی ستراتیژیەت پارتی دادو گەشەپێدان لەوەتەی گەیشتنی بەدەسەڵات لە ساڵی 2002 پیڕۆی ستراتیژیەتێکی سێگۆشەیی: یەکگرتن‌و ئاشتی ناوخۆیی، شەرعیەتی هەرێمایەتی‌و هاریکاریەکی پتەو لەگەڵ ئەمەریکاو ئەوروپا دەکات.

خاڵی یەکەم: سەبارەت بە یەکگرتن‌و ئاشتی ناوخۆیی ئاك پارتی هەوڵێکی زۆری داوەو تا ئێستاش بەردەوامە لەهەوڵی چارەسەرکردنی پرسی کورد لە ئەنادۆڵ‌و بە تێگەیشتنێکی ئیسلامیانە، کە دان بەزۆرێك لە مافەکانی زمان‌و رۆشنبیریەکان دادەنێ، بە پێچەوانەی چارەسەری تۆرانی، کە کورد وەکو تورکی چیایی تەماشا دەکات‌و

---

(74) بە پێچەوانەوە ئێستا نەك هەر دۆست نین، بەڵکو تورکیاو سووریا دوژمنی یەکترین.

بەردەوام هەوڵیداوە بەنەتەوەی تورکی بلکێنێ. لەهەمان کاتدا ئاك پارتی توانیویەتی چالاك بێ لەهاوسەنگی نێوان ئیسلام‌و سکیۆلاریزم، ئەمە لەکاتێکدا کە ماوەی 70 ساڵە سکیۆلاریزم دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئیسلامدا پیادە دەکات، نابێ لە یادیش بکرێ، کە شەڕی نێوان ئیسلام‌و سکیۆلاریزم هەروا ئاسان نیە، رەنگە چارەنووسی تەواوی تورکیا بخاتە مەترسی، چونکە دامەزراوەی سەربازی‌و بیرۆکراسیەتی مەدەنی سکیۆلاریزمی کەمالی بەتوندی رەتی گەڕانەوەی ئیسلامی سیاسی بۆ ناو گۆڕەپانی تورکی دەکەنەوە، نەك هەر لەبەر ئەوەی هێزێکی لیبراڵی دژ بە دیموکراسی‌و شارستانێتی رۆژئاوایە، بەڵکو بەسەرچاوەی لاوازکردن و ئیفلیج کردنی ستراتیژیەتی تورکیای دەزانن.

ئەم باوەڕەی میراتگرانی کەمالی لە خوێندنەوەیان بۆ ئەزموونی ئمپراتۆریەتی عوسمانی لەدوارۆژەکانی تەمەنیدا هەڵقووڵاوە، کاتێك ئایدۆلۆژیای ئیسلامی نەیتوانی پارێزگاری لە یەکێتی ئوممەی ئیسلامی بکات‌و رێگربێ لە ئیمپرپالیستی رۆژئاوا لە لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی جەستەی جیهانی ئیسلامی.

کۆماری سکیۆلاریستی تورکی، کە کەمال ئەتاتورك لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە دایمەزاند، لە چوارچێوەی شۆڕشێکی دیموکراسی لیبراڵی بە گوێرەی پێوەرو بەهاکانی رۆژئاوا نەبوو، بەڵکو دواهەمین هەوڵی عوسمانیە موسڵمانەکان بوو، بۆ پاراستنی بەشێکی ئەنادۆڵ، وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە هەژموون‌و دەسەڵاتی وڵاتانی گەورەی رۆژئاوا، هەوڵەکە لەسەر دەستی سوپای تورکی سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەڵام ئەم سەرکەوتنە شەرعیەتی نەتەوەیی بە سکیۆلاریستەکاندا، بۆ ئەوەی سکیۆلاریزمی نا دیموکراسی بەسەر کۆمەڵگەدا بسەپێنن‌و ئیسلام وەکو هێزێکی کۆنەپەرست هەژمار بکەن، کە کۆسپ لەبەردەم تورکیا دروست دەکات، بەرەو مۆدێرنە نەچێت‌و لەگەڵ ئەوروپا تێکەڵ نەبێت[75].

بەلای سوپا پرسی پارتی کرێکارانی کوردستان‌و هێرشەکانی کە لەخاکی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە بۆ ناوخۆی تورکیا ئەنجام دەدات، نەك هەر تەنیا هەڕەشەیە بۆسەر یەکێتی نەتەوەیی تورکیا، بەڵکو لەسەر ئاستی ناوخۆ وەکو دەرفەتێك بۆ راکێشانی هەستی نەتەوەیی لە دژی ئەردۆگانیەکان‌و لەسەر ئاستی دەرەوەش بۆ دژایەتی کردنی سیاسەتی کرانەوە بەڕووی هەردوو جیهانی عەرەبی‌و ئیسلامی بەکاری دەهێنێ.

هەموو سەرکەوتنەکانی ئاك پارتی پێچەوانەی خواستە بە ئامانج گرتووەکانی سوپای ئەتاتورکە، بەڵکو بووەتە هۆی پتەوکردن‌و قووڵترکردنەوەی بنەمای قووڵایی ستراتیژی وەکو بەرەیەکی سەرەکی سیاسەتەکانی دەرەوەی تورکیا. لە تیۆری قوڵایی ستراتیژیدا هاتووە ئەگەر ئەنکەرە دەیەوێ، رۆڵی جیهانی ببینێ‌و هەلەکانی بەردەمی پتەوتر بکات، بۆ گەیشتن بە یەکێتی ئەوروپا، پێویستە رۆڵی گەورەتر ببینێ، لە رۆژهەڵاتی ناوینی عەرەبی - ئیسلامی، قەوقاز- قەزوین، بەکردەوەش بیسەلمێنێ، کە ئەو تەنیا نێوانگرو پردە وڵات نیە لەنێوان رۆژهەڵات‌و رۆژئاوادا. ئاڕاستەی نوێی سیاسەتی دەرەوە بۆ ئەوەیە لاپەڕەیەکی نوێ بکاتەوە، لە پەیوەندی‌و دەستێوەردانی

(75) سعد محيو ، سياسة اللامشكلة مع دول الجوار ودور عالمي لبلاد الاناضول"
http://www.akhbaralaalam.net/index.php?aType=haberArchive&ArticleID=29495

ئەرێنی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو پێچانەوەی لاپەڕەی نەرێنی حەفتا ساڵی رابـردوودا، جگـە لـە بەشـێکی سـەردەمی تورگۆت ئۆزال نەبێ.

دواجار ئەم جۆرە خوێندنەوەو تێگەیشتنە، بووەتە پاڵنەرێك بـۆ ئـەوەی تورکیـا بـە رۆڵـی نێـوانگری نێـوان سوریاو ئیسرائیل، سوریاو ئەمەریکا، رەنگە ئێرانو ئەمەریکاو ئەورووپاش هەڵبستێ[76].

لە شرۆڤەی تیۆری قووڵایی ستراتیژی ئەحمەد داود ئۆغلۆدا، گـەورە راوێـژکاری ئێسـتای سـەرۆك وەزیرانـی تورکیـا ئیبراهیم کالین دەڵێ: "نەمانی ململانێکان بەس نیە، بـەڵکو لەسـەر تورکیـا پێویسـتە قـووڵایی سـتراتیژی: مێـژوویی، جیۆستراتیژی، ئابووری بەهێز، ژێرخانو رەگەزی گـەنجو پێشـکەوتنی زانسـتی خـۆی بقۆزێتـەوە، بـۆ ئـەوەی ببێتـە هێزێکی هەرێمایەتیو دواتریش هێزێکی جیهانی"[77].

سەبارەت بە قسەکردن لەسەر ئێران باشتر وایە سەرەتا ئەو ئاراستەیە بناسین، کە ئێران لە پەیوەندیـەکانی لەگەڵ تورکیای نوێ دەیگرێتە بەر: ئایا ئێران لەچوارچێوەی بالانسی ئێستادا دەمێنێتـەوە؟ یـاخود لـە قۆناغێـك لـە قۆناغـەکان ململانێـی یـەکتری دەکـەنو دواتـریش بەریـەك دەکـەون، بەتایبـەتی ئەگـەر ئەنکـەرە بڕیاریـدا بکەوێتـە ململانێیو کێبڕکێکردنـی تـاران لـە بەدەسـتهێنانی چـەکی ئـەتۆمی، یـاخود ئەگـەر تـاران هەسـتی کـرد دەسـتوەردانە ئەرێنیەکانی ئەنکەرە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رەنگدانەوەی نەرێنی دەبێـت، بەسـەر خواسـتەکانی تـاران لـە عێـراق، رۆژهـەڵاتی عـەرەبیو ئاسـیای ناوەڕاسـت، بـەهۆی ئـەوەی تورکیـا خـۆی وەکـو باشـترین نموونـەی جیهـانی ئیسـلامی نیشاندەدات.

لەلایـەك ئاسـوودەیی لەلایـەکی دیکـە نیگـەرانی دوو کاردانـەوەی هەڵوێسـتی جیهـانی عـەرەبین لەئاسـت گۆڕانکاریەکانی تورکیا، لەسەرێکەوە زۆربەی رژێمەکانی جیهانی عـەرەبی پێشـوازی لـەو بارسـتە سـوننی مەزهـەبو مێژووییـە دەکـەن، بـۆ نـاو هاوکێشـەکانی رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت بـە ئامـانجی یەکسانکردنەوەی هاوکێشـەی شـیعی، هەروەها بە سـەر لـەنوێ بەرهەمهێنانـەوەی ململانێیـەکی پەسـندکراوی نێـوان عوسمـانی سـوننی - سـەفەوی شـیعی کـەماوەی دوو سـەدەی خایانـد دادەنـێن. لەسـەرێکی دیکـەوە رژێمـەکانی عـەرەبی ترسـیان لەوەیـە سـەرکەوتنی ئەزموونی ئیسلامی دیموکراسی تـورکی پاڵنـەرێك بێـت، بـۆ هەوڵـەکانی واشـنتۆن بـۆ بەدیموکراسـی کردنـی وڵاتـانی عەرەبی لەمیانی کرانەوەی زیاتر بەرامبەر بزاڤە ئیسلامیەکان، بەتایبەت دوای ئەوەی جـەنگی عێـراق بـووە کۆسـپ لەبەردەم سەرخستنی هەوڵە دیموکراسیەکەی.

وەزیری پێشووی دەرەوەی ئیسرائیل شلۆمۆ ئامی ترسی وڵاتانی عەرەبی لەسەرکەوتنی ئەزموونی ئیسلامی تورکی زیاتر دەکات لەمبارەیەوە دەڵێ: "ئیشکردن لەگەڵ ئیسلامی سیاسـی پێویسـتە بەشـێکی ناوەنـدی بـێ، لەهـەر

(76 ) VISION OR ILLUSION? AHMET DAVUTOGLU'S STATE OF HRAMONY IN REGIONAL RELATIONS M. K. Kaya and M. Karaveli ، Turkey Analyst، vol. 2 no. 11 5 June 2009 www.silkroadstudies.org/new/inside/turkey/2009/090605A.html - Cached

( 77) Ibarhim Kalin   Startegic depth at Work Today's Zaman ،13 Aug.2009 http://www.todayszaman.com/columnists-183835-strategic-depth-at-work.html.

ستراتیژیەتێكی سەركەوتوو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەسەر رۆژئاواشە پێویستە فشار بخاتە سەر رژێمەكانی وڵاتانی عەرەبی بۆ ئەوەی كۆسپ لەبەردەم چاكسازیە سیاسیەكانیان هەڵبگرن"[78].

## ئەحمەد داود ئۆغلۆ... كیسنجەری توركیا نیە

ئیبراهیم بەیومی[79]

لەسەرەتادا باسم لەوەكردبوو، كە ئەحمەد داود ئۆغڵۆ وەزیری نوێی دەرەوەی توركیا كیسنجەری سیاسەتەكانی توركیایە، دواتریش لەمیانی باسێكدا سەبارەت بە (نموونەی توركیا) لە 26 ی ئابی 2008 لە زانكۆی قاهیرەو لە چوارچێوەی (پرۆگرامی دیراساتی ژیارەكانو گفتوگۆ رۆشنبیریەكان) شرۆڤەی لێكچواندنەكەی نێوان ئۆغڵۆو كیسنجەرم كرد، ئەوەبوو بەهۆی گەرمی باسەكانی پرۆگرامەكە هەرزوو دەزگاكانی راگەیاندن ئەم لێكچوواندنەی ئێمەیان بڵاوكردەوە.

دوای چەند رۆژێكی كەم لە پێشكەشكردنی باسەكەدا لەلایەن یەكێك لە دۆستەكانم لە ئەنكەرە پەیوەندی تەلەفۆنیم پێوەكرا، سەرەتا پرسیاری ئەوەی لێكردم، كەئایا هیچ دەربارەی ئۆغلۆ دەزانی؟ ئایا هیچ كتێبێكی ئەوت خوێندووەتەوە؟ لەڕاستیدا بۆمن مایەی پرسیار بوو، كە بەم شێوە خێرایە چاودێری هەر باسو قسەیەك دەكرێ،

---

(78) سعد محیو ، "سیاسة اللامشكلة مع دول الجوار ودور عالمي لبلاد الاناضول"

(79)http://www.hoggar.org/index.php?option=com_content&task=view&id=988&Itemid=64

کە لەدەرەوەی تورکیا سەربارەت بە بەرپرسانی ئەو وڵاتە دەگوترێ، بۆیە زوو هەستم بەوەکرد ئەو دۆستەمان نیگەرانە بەلێکچوواندنی ئۆغلۆ بە کیسنجەر !

ئەوەبوو پاشان ئامانجی لێکچوواندنەکەم بۆ دۆستەکەمان شیکردەوەو پێم راگەیاند، کە لەوەتەی ساڵی 1987وە دکتۆر ئۆغلۆ دەناسم کاتێك هەردووکمان بۆ ماوەی ساڵێك بەیەکەوە قوتابی خوێندنی باڵابووین، لەبەشی زانستە سیاسیەکانی زانکۆی قاهیرە، کە ئەو وەکو گوێگر ئامادەی وانەکان دەبوو، دواتریش هەوڵیدەدا شارەزایی لەسەر بارودۆخی قوتابخانەی زانستی سیاسی میسری پەیدا بکات، دواجاریش چەند کتێبێکی لە شوورەی بەناوبانگی ئۆزبەگی لە قاهیرە کۆکردەوەو گەڕایەوە تورکیا. بۆیە ئێستا دۆستایەتیمان قووڵتر بووەتەوە، بۆ ئەم مەبستەش توانیومانە هەریەك لە کتێبەکانی (فەلسەی سیاسیو جیهانی ئیسلامی لە بەردەم رەشەبای گۆڕانە ژیارییەکاندا) کە دوو کتێبی بەڕێز ئۆغلۆن بۆ سەر زمانی عەربی وەربگێڕین، پێشتریش کاری وەرگێرانمان لەسەر توێژینەوەیەکی گرنگ بەناونیشانی (ژیانەوەی هێزری ئیسلامی لە تورکیا: توێژینەوەیەکی تایبەت بە پرۆسەی وەرچەرخانی هیزری سکیۆلاریزم بۆ ئیسلام) کردووە، کە رۆژنامەی گەلی میسری لە هەردوو ژمارەی 26ی تەمموزو دووی ئابی 1988 بلاویکردووەتەوە، بەلام هەموو ئەو پاساو هێنانەوەو شیکردنەوانە لە بارەی لێکچوواندنەکەمدا لەسەرزەنشت کردنی ئەو دۆستەمان کە پەیوەندی پێوەکردین رزگاریان نەکردم.

## ئۆغلۆو تیۆرەکانی کۆتایی

(بەیومی) دووپات لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پەشیمان بووەتەوە، لە لێکچوواندنەکەی ئۆغلۆ بە کیسنجەر، چونکە بەگوتەی خۆی لێکچووانەکە ستەم کردنە لە ئۆغلۆو پیاهەڵدانو لایەنگیری کردنی کیسنجەریشە، هەروەها لەبەرئەوەی ئۆغلۆ خاوەنی دیدگایەکی ستراتیژی رەسەنو تایبەت بەخۆیەتی، بۆیە باشتروایە کیسنجەر بە ئەو بچوێندرێ.

بەیومی لێکچوونێکی دیکە باس دەکات، کە هەردووکیان پسپۆڕیان لە پەیوەندیەکانی نێو دەوڵەتی وەرگرتووە، هەردووکیشیان بەشێوەی فەرمیو لەچوارچێوەی هەوڵەکان بۆ دانووستانی ئاشتی، نێوانگری عەرەب - ئیسرائیلیان کردووە، هەردووکیشیان لەتەمەنی پەنجا ساڵیدا پۆستی وەزیری دەرەوەیان وەرگرتووە، کیسنجەر لەدایك بووی 1923، لە 1973 بووەتە وەزیری دەرەوە، ئۆغلۆ لەدایك بووی 1959، لە 2009 دەبێتە وەزریری دەرەوە. لەگەڵ ئەمەشدا خاڵە لێکچووەکان نابنە هۆی ئەوەی هەردووکیان بەیەکەوە پەیوەند بلکێن.

ئێستا کیسنجەر وەکو مەرجەع بۆ ناسینی ئۆغلۆ دادەنرێ، لەگەڵ ئەوەی نکۆڵی لەوە ناکرێ کیسنجەر یەکێکە لە لێهاتووو بلیمەتەکانی مێژووی سیاسیو پەیوەندیەکانی نێودەوڵەتی سەدەی بیست، بەڵام بەڵگەی زۆر زانستیو بابەتی هەیە، راستی دەکەنەوە چوواندنی ئۆغلۆ بە کیسنجەر هەڵەیە.

**بەڵگەی یەکەم:** رۆڵی بنەڕەتی کیسنجەر لە حەفتاکانی سەدەی رابردوو، لەمیانی ململانێی نێوان عەرەب - ئیسرائیلو بەلایەنگری ئەمەریکا بۆ ئیسرائیلو لەسەر حیسابی مافەکانی عەرەب دەستی پێکرد، هەوڵەکانیشی قایمترکرد بۆ رامکردنی عەرەب لەپێناو لکاندنو سوڕانەوەی بەچوار دەوری ستراتیژیەتی ئەمەریکا، کە بەسیاسەتی پێ بەپێ ناسراوە.

بەڵام رۆڵی ئۆغلۆ لە ململانێی نێوان عەرەب - ئیسرائیل لە بنەما نەگۆڕەکانی دیدگای شارستانێتی، کە لەدوو تیۆر پێکدێت دەست پێدەکات، تیۆرەکانیش بریتین لە:

**تیۆری یەکەم:** متمانە بوون بە شارستانێتی خود سەرچاوەیەکی بەهێزو زیادەیەکە بۆ دەوڵەت لە پەیوەندیەکانی دەرەوەیدا بەتایبەت ئەگەر توانی زاڵ بێت، بەسەر هەستی خۆبەکەم زانینو بەچاوی سوك و بە بچوك شەیر نەکردنی بەرانبەر. لەڕاستیدا ئۆغلۆ ئەم تیۆرەی بەکردەیی لەمیانی نێوانگری نێوان سوریا - ئیسرائیل، فەڵەستین - ئیسرائیل ئەنجام داوە. لەدوای سەرکەوتنەکانی لە هەڵبژاردنەکانی 2006 لەوکاتەی هێزەکانی نێودەوڵەتی گەمارۆی بزووتنەوەی حەماسی فەلەستینیانداو پەیوەندیەکانیان لەگەڵ پچڕاند، کەچی شاندێکی حەماس بۆ تورکیا بانگێهشت کرا، کە ئەمە تەواوی هەوڵەکانی ئۆغلۆ بوو، لە راوێژکاریەتی سەرۆك وەزیران، کە ئەو کات وەکو راوێژکار کاری دەکرد. بەڵام لەلایەکی دیکەوە هەموو هەوڵەکانی کیسنجەر بۆ دانانی بەربەست بوو، لەبەردەم هەر توانایەك بۆ هاوردەکردنو دروستکردنی متمانە بەخود لەلایەن عەرەب لەدوای سەرکەوتنەکەی 1973، بگرە زیاتریش کیسنجەر هەوڵیدا، ئەو متمانەیەی عەرەب، کە لە میانی دانووستانەکانی لەگەڵ ئیسرائیل راستەوخۆ لەدوا شەڕی 1973وە بەدەستی هێنابوو لەبارییبات.

**تیۆری دووەم:** ئۆغلۆ بە ئامانجی ئەوەی سەرکەوتووبیت لە پەیوەندیەکانی نێودەوڵەتی بە پێویستی دادەنێ هاوسەنگی نێوان هێزی دیفاکتۆو هێزی حەقی رەسەن رابگریت، ناکرێ بەبێ ئامادەباشییەکی تەواو سەرکەشی لە بەکارهێنانی هێزی دیفاکتۆ بکەیت، هەروەکو چۆن ناتوانی زێدەڕۆیی بەسەر هێزی چەسپاوو رەسەنیشدا بکەیت، بەڵکو دەتوانی لەماوەی نێوان هەردوو هێزەکەداو لەژێر رۆشنایی هاوسەنگی ئەو هێزانەی بەردەوام لە جووڵەدانو وەستانو سڕبوون ناناسن، دەتوانی زۆر دەستکەوت بەدەست بێنی.

ئەمە کرۆکی بیرکردنەوەو هیزری ئۆغلۆیە، بەڵام کرۆکی بیرکردنەوەو ناواخنی پەیامەکانی کیسنجەر بۆ لایەنەکانی عەرەب بریتیە لە: نائومێد کردنیان لە ئەگەرو ئیمکانیەتی گۆڕانی باڵانسی ئەو هێزانەی لەسەر

زەمینی واقیع بوونیان هەیەو سووکایەتی پێکردنی هێزی راستەقینەی رەسەن، بگرە سڕینەوەیشی بە پاشماوەی تەپو تۆزی ئەوەی ناوی دەنرێ واقیعی سیاسی یاخود پراگماتیك.

**بەڵگەی دووەم:** هینری کیسنجەر بە باوکی تیۆریستەکانی وەکو سامویل هنتگتۆن خاوەنی تیۆری پێکدادانی شارستانیەکان، فرانسیس فۆکۆیاما خاوەنی تیۆری کۆتایی مێژووو تیۆری ئاژاوەنانەوەو دەستپێشخەری هەڵگیرسانی جەنگ کە لەلایەن بۆشی کوڕەوە پیادەکراو بەهۆیەوە جیهان دووچاری چەندین نەهامەتی تاڵ بوویەوە دادەنرێ، لە بەرامبەریشدا ئۆغلۆ دێ هەموو ئەو تیۆرانە رەتدەکاتەوە.

لەوەتەی ساڵی 1979وە کیسینجەر گرنگیدا بە بیرۆکەی "بنەڕەتی" کە دوای خۆی هینتگتۆن لە کتێبی "پێکدادانی شارستانییەکان" جەختی لە سەر کردەوە، کە پرسی داهاتووی ململانێکان لە نێوان شووناس‌و ناسنامەی رۆشنبیری‌و ئایینی‌و شارستانییەکان دەبێت، نەك لە سەر کۆڵەگەی سنوورە نەتەوەییەکانی نێوان وڵاتان کە لە میانی پەیوەندییەکانی دەرەوە لەوەتەی مۆرکردنی پەیمانی ویستفالیا لە ساڵی 1648 لە نێوان وڵاتانەوە دروستکراوە.

"تێگەیشتنی کیسینجەر بۆ چەمکی سەروەری دەوڵەت تێگەیشتنێکی موباح‌و رێگە بەهێزە گەورەکان دەدات دەست بخەنە ناو کاروباری دەوڵەتە بچووك‌و لاوازەکان" ئامانجیش لەمەدا ناچارکردنیانە بۆ گۆڕینی هەڵوێستیان‌و ئەو سیستەمەی لە میانی فەرمانڕوایەتیدا پێڕەوی دەکەن، چ لە رێگەی سیاسی بێت یاخود بەکارهێنانی هێز بێت، ئەمەش لەچوارچێوەی تێگەیشتنی ئیدارەی موحافیزکارە نوێیەکان بە سەرۆکایەتی (جۆرج بۆش)ی کوڕ لە میانی پیادەکردنی تیۆری"پێشبرکێ‌و دەستپێشخەری هەڵگیرسانی شەڕەکان" ئەم تیۆرەش پشت بە بیرۆکەی فۆکۆیاما لە فەلسەفەی "کۆتایی مێژوو" دەبەستێت، ئەو فەلسەفەیەش لە بنەڕەتدا ریشەکەی بۆ تیۆری "واقیعییەت" دەگەڕێتەوە، کە کیسنجەر تێیدا ناوی پێدەرکردوو هەر لەو میانەیشدا رەچاوی ئەو بنەما کۆنەی رۆمانی دەکات "هێز حەق دروست دەکات‌و دەیشیپارێزێ". ئەلێرەدا فۆکۆیاما دووپاتی دەکاتەوە، بەکارهێنانی هێز حوکمدانی کۆتاییە لە پەیوەندی نێوان وڵاتانی مێژووو وڵاتانی دوای مێژوو، ئەمەش جیا لە بەرزبوونەوەی پشت بەستن بە ئاڵوگۆرکردنی پەیوەندیە ئابوورییەکانی نێوان یەکتری.

بەشێکیتری بیرۆکەو بۆچوونەکانی کیسنجەر بۆ بەهێزکردنی پێگەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی‌و بەشداریکرن‌و دەست تێوەردان لە رووداوەکانی سەرتاسەری جیهان، بریتیە لە تیۆری "نانەوەی ئاژاوە" ئەمەش بە روونی لەنوسینەکانی بە دەردەکەوێت‌و کۆنسێرڤاتۆرە نوێیەکانیش لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی بۆش پێڕەوی دەکەن، هەروەها کیسنجەر باوەڕی بە چەند تیۆرێکی دیکە هەیە لەناویشیاندا "هەڵوەشاندنەوەو دووبارە درووستکردنەوە" ئەمەش بە گۆڕینی هەندێك لە وڵاتان یاخود هەندێك لە قەوارەکان بۆ چەند دەوڵەتێك‌و لە قاڵبدانیان لە چەند قەوارەیەکی بچووکتر‌و ئینجا بەیەکدادان‌و بەگژ یەکداچوونەوەی

هەندێکیان لەگەڵ هەندێکی دیکەدا، بە مەبەستی ڕێگە خۆشکردن لە بەدەستهێنانی ئامانجی سەرەکی، کە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکایە.

# بەشی نۆیەم

## پرسی کورد لە تورکیا لە ژێرسایەی فەرمانڕەوایەتی ئاك پارتی

د.محەمەد نورەدین

### دەستپێشخەری ئەردۆگان بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد (چاکسازی لە تورکیا لەبەردەم دووڕیاندا)[80]

پڕۆژەکەی حکومەت، کە پێشکەشی کردووە چەندین تایبەتمەندی بۆ کورد تێدایە لە ناویشیاندا:

1- دانانی بە مافی خۆجێیی بە ناوچەکانی کوردی.

2- دووبارە گێڕانەوەی ناوە کوردیەکان بۆ زۆرێك لە شارەکان کە کراونەتە ناوی تورکی.

---

(80) "الإصلاح في تركيا أمام مفترق طرق "، http://www.alhiwar.net/ShowNews.php?Tnd=6489

3- گۆڕینی دەستوورو لابردنی ئاماژەی نەتەوەی تورکی لەسەر پێناسەی تاکە کەسی.

4- بەشێوەیەکی فەرمی داننان بە زمانی کوردیو بەکارهێنانی زارەکی لەدامو دەزگاکانی دەوڵەت.

5- ڕێگەپێدان بە بڵاوکردنەوەی ڕگەیاندنو رۆشنبیری نەتەوەیی بە زمانی کوردی.

## بووژانەوەی دەستپێشخەریەکان بۆ پرسی کورد لە سایەی پارتی دادو گەشەپێدان

1- پرۆژەکە بەشێکە لە ستراتیژیەتی ئەحمەد داود ئۆغلۆ وەزیری دەرەوەو عەقڵی حکومەت، کە پیادەی ستراتیژی بونیادنراو لەسەر ئاشتی، هاوسەنگی ناوخۆییو پەیوەندیەکانی دەرەوە دوور لەململانێی وڵاتانی هەرێمی دەکات.

2- دۆزینەوەی چارەسەری پرسی کوردو راکێشانی بەرەکە لەژێر پێی هەردوو لایەنی پارتی کرێکارانی کوردستانو سوپای تورکیاو دواتریش بەدەستهێنانی دەنگی دەنگدەرانی کورد کە ڕێژەی 20٪ ی کۆی گشتی دەنگدەرانی تورکیا پێکدەهێنن.

3- کۆتایی پێهێنان بە پاساوەکانی یەکێتی ئەوروپا، بۆ وەرنەگرتنی تورکیا لە یەکێتیەکە بەهۆی سەرکوتکردنی کورد.

تورکـە نـەژاد پەرسـتەکان دوژمنـی مێـژوویی خۆیـان (ئۆجـەلان) لـەبیر ناکـەن، کـەماوەی چـارەگە سـەدەیەك بەهۆیەوە تورکیـا رووبـەڕووی چـەندین شـەڕو پێکدادانو کۆمـەڵکوژی نێـوان کـوردو تـورك بوویـەوە، بـەڵام دواتـر بەهۆی دەستگیرکردنی ڕێبەری کورد عەبدوڵڵا ئۆجەلانو رەوانەکردنی بۆ گرتوخانەی ئیمراڵی کۆتایی بەم هـەموو ئازارانە هاتوو بارە دەروونیەکەی نەتەوەپەرستەکان سووك بوو.

سەرەتا دادگای تورکیا سزای دوورخستنەوەی تەواوی بەسەر ئۆجەلان سەپاند، لە بنەڕەتیشدا حوکمەکەی دادگا لەسێدارەدان بوو، بەڵام دواتر بەهۆی هەوڵەکانی بـۆ چـوونە نـاو یـەکێتی ئـەوروپا تورکیـا سـزای لەسـێدارەدانەکەی لەسەر هەڵگرت.

هەوڵەکانی حکومەت لەکاتی ئێستادا بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد بەچاوی گومانەوە لەلایەن پارتە سکیۆلارو نەتەوەییـەکان پێشـوازی لێـدەکرێ. هـیچ کـەس نایـەوێ بـاوەڕ بـەوە بکـات تورکیـا ئـەم هـەنگاوە دەنـێ بـە ئامـانجی یەکلاییکردنـەوەی هەنـدێك پرسـی هەڵواسـراو بەتایبـەت لەسـەر ئاسـتی نـاوخۆیی دوای ئـەوەی لەسـەر ئاسـتی هەرێمایـەتی چـەندین پـرس یـەکلایی کراونەتـەوە. بـە بۆچـوونی هەنـدێکی دیکـە یەکلایکردنـەوەی ئـەم پرسـانە بەهـەنگاوی بوێرانـەو چاوەڕوان نـەکراو لەلایـەن حکومەتەکـەی ئـاك پارتیـەوە دادەنـرێ، بـەڵام لەگـەڵ ئەمەشـدا بەردەوام پڕۆژەکە لەلایەن نەتەوەپەرستەکان بەتایبەتریش هەردوو پارتی ئۆپۆزسیۆن پارتی گەلی کۆمـاریو پـارتی کاری نەتەوە رووبەڕووی رەخنەو نەیاریکردنی توند دەبێتەوەو بە هەنگاوێکی هەڕەشە ئامێز بۆسـەر یەکپارچـەیی تورکیاو دابەشکردنی وڵاتی دادەنێن.

لە بنەڕەتدا پڕۆژەکەی ئاك پـارتی بەشـداریکردنی کـورد لـە ژیـانی سیاسـیو ژیـانی گشـتی لـەخۆ دەگـرێ، دوای دانـان بە هەندێك مافی تایبەت بـە رۆشـنبیری نەتـەوەی کـورد. لـە بەرامبەریشـدا بەدەسـتهێنانی گـەرەنتی لکانـدنی پارتی کرێکارانی کوردستان بە پێکهاتەی دیموکراسی تورکیو هەڵوەشاندنەوەو لابردنی سیفەتی تـیرۆر، کـە دراوەتـە پاڵیو کراوەتە پێناسەی ئەو پارتە بەردەوامیش تورکیا دەمی خـۆی لەسـەر ئـەو پێناسـەیە ئاوەڵا کـردووە، بـۆ ئـەم مەبەستەش موجامەلەی زۆرێك لەوڵاتە گەورەکانی پێدەکات. هـەروەها لەگـەڵ هەڵوێسـتی رەزامەندانـەی حکومـەت سەبارەت بە گەڕانەوەی ئاوارەکان لە کوردستانی عێراقو گەڕانەوەیان بۆ ناوچەکانی خۆیان لـە تورکیـا بەمـەرجێك چەکەکانیان دابنێنو تۆمەتبار نەبن بە ئەنجامدانی تاوانی جەنگ.

کۆتایی پێهێنان بە ناکۆکییە مێژوویەکانی نێوان تورکیاو ئـەرمینیا، هەوڵـەکان بـۆ تێپەڕانـدنی کوشـتارگەکەی ئەرمەنەکان لە ساڵی 1915 لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی کە تێیدا سـەدان هـەزار ئەرمـەن بوونـە قوربـانی، هـەروەها ئاشـت بوونـەوەی لەگـەڵ کـوردو هەوڵـدان بـۆ لکانـدن یـاخود کرانـەوەی دیموکراسـی بـەڕووی کـورددا، بـەگوێرەی پڕۆژەکەی حکومەت لە گرنگترین ئەو پرسانەن، کـە هەڕەشـە لـە بونیـادی نـاوخۆیی تورکیـا دەکـەنو ئەنجامـدانیان کارێکی هەروا ئاسان نییە.

لەگـەڵ ئـەوەی لـەکاتی ئێسـتادا پرسـی کـورد لەخاوبوونەوەدایـە، بـەڵام هێشـتا ئاسـانە لەهـەر چـرکە سـاتێکدا بتەقێتەوە، پاشان یەکلاییکردنەوەی ئەم پرسە ئەگەر سازشکردنیشی پێویست بێت، سوودو دەستکەوتی گەورەی بۆ

حکومەت دەبێت. تەنگژەی راستەقینەی کورد لەسەر مەودای جددیەتی پرۆژەکە دەوەستێ، کە تا چەند توانای چارەسەرکردنی هەیە، هەروەها کرانەوەی دیموکراسی بەڕووی کوردا بە ئەنجام ناگات، ئەگەر دەستکەوتەکان لەسەر ئاستی کەسیدابن.

لە راستیدا ترس لەوەدایە پرۆژەکە تەنیا چەند بەندو خاڵێکی درەوشاوە بێتو قابیلی جێبەجێکردن نەبێ لەسەر زەمینی واقیع. لە دۆخێکیشدا ئەگەر کورد بزانێ پرۆژەکە تەنیا بۆ فێڵکردنو چاوبەستنکردنیەتیو پاشانیش بەسەریدا سەپێنراو کەچی هیچ ئەنجام و دەستکەوتێکی لێنەکەوتەوە، ئەوکات ناچارە کاردانەوەی نەرێنی ببێت.

ئەو تۆمەتو رەخنە زۆرانەی سکیۆلارەکانو نەژاد پەرستە تورکەکان ئاڕاستەی حکومەتی دەکەن، ئامانج تێیدا تێکدانی پرۆژەکەیە لە بنەڕەتەوە، چونکە بە بۆچوونی ئەوان پرۆژەکە هەنگاوێکە بۆ رازیکردنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەگوێرەی ئەو رێککەوتنو پەیماننامەیەی لەگەڵ حکومەتی تورکیا مۆریکردووە، بۆ پاراستنی کشانەوەی هێزەکانی خۆی لە عێراق بەتایبەتریش لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی رووبەڕووی هیچ مەترسیەك نەبێتەوە لەلایەن کوردەوە.

هەروەها ئامانجێکی دیکەشی لە پشتەوەیە کە بریتیە لە: پێویستی گونجاندنی هەردوو بەرەی کورد لە عێراقو تورکیا بەتایبەت، کە گروپە چەکدارەکانی سەربە پارتی کرێکارانی کوردستان لە شاخەکانی باکووری عێراق بەردەوام مایەی نیگەرانین بۆ هێزەکانی ئەمەریکا.

پرۆژەکە زۆر تۆمەت هەڵدەگرێ، کە گوایە بۆ خاتری چاوی رەشی کوردو نیشتمان پەروەری خودی ئاك پارتییەوە نیە، وەکو ئەوەی پارتەکە بانگەشەی بۆدەکات. رەخنەکانیش لەچەند سەرێکەوەیە، گریمان سەرکردەکانی کورد بەشێوەیەکی مەبدەئی پێشوازیان لە پرۆژەکە کرد، جیاوازیەکە لێرەدایە ئایا چ کەسێكو بە چ ناوێك لە دانووستانەکاندا نوێنەرایەتی کورد دەکات، ئایا ئەو کەسە سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان؟ یاخود عەبدوڵلا ئۆجەلانی سەرۆك سزادراو بە بەندی هەتاهەتایی ئەم نوێنەرایەتییە دەکات؟

ئایا حکومەتی تورکیا ئۆجەلان ئازاد دەکات، کە ساڵانێکی دوورو درێژ بەدەستیەوە ماندوو بووەو دواجاریش بەهاوکاری هەوالگری ئەمەریکا توانی دەستگیری بکات؟ ئایا حکومەت ئۆجەلان بە کۆمەڵێك مەرج ئازاد دەکات، یاخود ئازادکردنی ئۆجەلان بە هەرجۆرێك بێت، دووبارە دەست پێکردنەوەی ململانێکانو گەڕانەوەی پرسی کوردە بۆ خاڵی سفر؟ بەتایبەت ئەگەر مەترسی هەندێك لە کوردەکان ببێتە واقیع، کە باوەڕیان وایە پرۆژەکە تەنیا رووکەشو مەرەکەبی سەر کاغەزەو لەسەر زەمینی واقیع جێبەجێ ناکرێ.

ئەوەی لەواقیعدا دەبینرێ بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، کۆمەڵگەو حکومەتی تورکیا سەرەڕای هەڵوێستە توندەکانیان، بەڵام زیاتر ئارەزوو دەکەن پرسی کورد بە ئاشتی چارەسەر بکرێ، هۆکارەکانیشی ئەمانەی خوارەوەن:

یەکەم: بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەو لەگەڵ بوونی کەموکورپییەکانی، بەڵام دیموکراسی تورکی زیاتر جێگیرترو بەرقەرارترە لەناو کۆمەڵگەو دەوڵەتی تورکیا.

دووەم: لەناو کۆمەڵگەی تورکی پەیوەندییەکی گەرمو گوڕو تێکەڵاویەکی زۆر هەیە، لەنێوان دانیشتوانی هەردوو رەگەزی نەتەوە کوردو تورك، بگرە نەتەوە پەرستە کوردەکان لەگەڵ تورکەکان بە تورکی قسەدەکەن.

ئەستەنبۆڵ بە گەورەترین ناوچە دادەنرێ، کە کوردێکی زۆری تێدایە، هەروەها رەوەندێکی گەورەی کوردی کە لەسەردەمەکانی پێشوو ئاوارەی ناوەراستو رۆژئاوای تورکیا بوونەو زۆربەی کاتەکانیش ئەم رەوەندە توانیویەتی لەناوەڕاستی تورکیا (ئەزمیر، ئادینە، ئەنکەرە، قۆنیاو ئەستەنبۆڵ) سەنگێکی گەورە دروست بکات.

سێیەم: ئاك پارتی لە میانی پێرۆکردنی ئایدۆلۆژیای عوسمانی نوێو لە بری پشت بەستن بە بیری نەتەوەیی کە لە پێشوودا ئایدۆلۆژیای پشت پێبەستراوی بژاردەی فەرمانڕەوا بوو، بەوەی کە باوەڕی بە فرەیی ئیتنی لە تورکیا هەیە، دێ بیری رێگە بە بیری نەتەوایەتی کورد دەداتو پیرۆزی سیاسی لەسەر هەڵدەگرێ، بەگشتی ئاك پارتی هەنگاوی گەورەی ناوە ئەگەری ئەوەش هەیە دەستپێشخەری کوردی ببێتە هەنگاوێکی گرنگ ئەگەر بە ئاراستەی خۆیدا بڕواتو سەرکەوتن بەدەستبێنێ.

یەکێتی ئەوروپا بەوردی چاودێری پرسی کوردو مامەڵەی حکومەتی تورکیا لەگەڵیدا دەکات، بۆیە نە ئاك پارتیو نە پارتە سکیۆلارەکان ناتوانن پرسەکە پشت گوێبخەن یاخود پرۆسەی چاکسازی رابگرن.

ئەزموونی بەرگریو خەباتی کورد لە عێراقو ئەزموونی بزافی رزگاریخوازی زۆرێك لە وڵاتان دەریدەخەن خەباتی چەکداری بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان شکۆی خۆی لەدەستداوەو میکانیزمەکانی نێودەوڵەتیو پەنابردنە بەر شێوازێکی نا سەربازی شوێنی گرتۆتەوە، بەجۆرێك لەکاتی ئێستادا رێکخراوەکانی نێودەوڵەتیو دامەزراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی توانایەکی زۆر کاراتریان هەیە، لە چارەسەرکردنی ململانێ رەگەزیەکان.

بەم شێوەیە پەکەکە بۆتە سیمبولی خەباتی بەرگری کوردی لە تورکیاو ئەو میکانیزمەیشی ئیدارەی تەنگەژەکەی پێدەکات کارانیە، بۆیە لەداهاتوویەکی نزیکدا کۆمەڵگەی کوردی لە تورکیا ئەم قۆناغەی خەباتی چەکداریانەی پەکەکە تێدەپەڕێنێتو دەچێتە ناو میکانیزمەکانی خەباتی دامەزراوەییو دیموکراسی. لەلایەکی دیکەش سیاسەتی دانایانەی ئەردۆگانو ئۆغلۆ لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، پەکەکە لە هاوکاریو پشتگیریەکانی دەرەوە بێبەش دەکات، ئەمەش واتا بڕینی شادەماری خوێنی پەکەکە لەو هاوکارییانەی لە دەرەوە پێیدەگات.

## له سیاسەتە تایبەتەکانی دادو گەشەپێدان سەربارەت بە پرسی کورد

**جەمالەدین هاشمی**[81]

**بەگشتی سێ هۆکاری بنەڕەتیو کاریگەر هەیە، لە مامەڵەی ئاك پارتی لەگەڵ پرسی کورد ئەوانیش بریتین لە:**

**یەکەم: چوارچێوەی سیاسی کە پارتی لەسەر دامەزراوە.**

**دووەم: بەدەستهێنانی دەنگی دەنگدەرانی کورد.**

**سێیەم: پەیوەندی بە کەسایەتی سەرکردەیی کاریگەری ئەردۆگانەوە هەیە.**

**بێگومان لەوەتای ڕۆژەکانی یەکەمی دامەزراندنی کۆماری تورکیاو تا ئێستاکەیشی لەگەڵدابێ پرسی کورد بە وروژێنەترین مشتومڕی سەر گۆڕەپانی سیاسی ئەم وڵاتە دادەنرێ، بەجۆرێك دەوڵەت چ بە ئاشکراو چ بەنهێنی بەهەستێکی زیاد لە پێویستو سەرەڕۆ مامەڵەی لەگەڵدا کردووە. پرسی کورد لە مێژووی سیاسی تورکیا پرسێکی**

---

(81) مركز الجزيرة للدراسات، (جمال الدين هاشمي، باحث، مؤسسة سيتا).

تازه نیه، بەڵكو چەندین ڕەهەندی ناوخۆییو دەرەكی لێدەبێتەوە، بەتایبەت ڕەهەندی لایەنی ئەمنی، كەزۆر توندو ئاڵۆز وەرگیراوە بە شێوەیەك لە كۆتاییەكانی هەشتاكانی سەدەی بیستەوە تا ئێستا 40 هەزار كوژراوی لێكەوتۆتەوە، لە كۆتاییشدا لە دەرەنجامی ئەم ژمارە زۆرەی قوربانیاندا لایەنی ئەمنی درزی زیاتری تێكەوتووەو ئازاری كۆمەڵایەتیش گەورەتر بووە، هەر بۆیە هەوڵەكانی دۆزینەوەی چارەسەری كۆتایی پرسەكە پەیوەستە بە تواناكانی دەوڵەت بۆ تێپەڕاندنی هەموو ئەو ئازارو ناخۆشیو ڕقو كینەیەی لەنێوان دەوڵەتو كۆمەڵگەدا هەیە، لەگەڵ دیاریكردنی ناسنامەیەكی ڕوونو ئاشكرای نەتەوەییو ئیش كردن لە ئەنجامی دۆخی ئێستای ئەنجامە كۆمەڵایەتیو سیاسیەكان نموونەی ڕاگوێزانی بەزۆرەملێی دانیشتوانی ناوچە كوردیەكان.

سەرەڕای بوونی هەموو ئەو ئاستەنگانە، بەڵام ئاك پارتی كە لەساڵی 2001 دامەزراوە، لەبری ڕێگە چارەی ئەمنی پەنای بردۆتە بەر دۆزینەوەی ڕێگەچارەو میكانیزمی تازە بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ پرسی كورد.

بە بۆچوونی ئاك پارتی پرسی كورد تەنیا لە ڕەهەندی سیاسی كورت نابێتەوە بەڵكو نەبوونی هەموو هۆكارەكانی دیموكراسی، ئەمنی، ئابووری، كۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیری دەگرێتەوە، پاشانیش باشترین میكانیزمێك بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ ئەم كێشەیە بریتیە لە: پێدانو فراوانكردنی بواری زیاتر بۆ بەشداریكردنی كورد لە پرۆسەی سیاسیو ئەنجامدانی چاكسازیو جێگیركردنی دیموكراسی لەناوچەكانی كوردی لە توركیا. بۆیە دەبینی ئاك پارتی تەنیا بەقسە باس لە پرسی پلورالیزمی ڕۆشنبیری ناكات، بەڵكو دێ كەشێك دروست دەكات بۆ جووڵانەوەو چالاكیە ڕۆشنبیریەكان بەزمانەكانی جگە لە زمانی توركی ئەم كارەیشی بە دەستكەوتێكی گرنگ دادەنێ بۆ پتەوكردنی یەكپارچەیی توركیا. كردنەوەی پەخشی كەناڵی TRT6 بەزمانی كوردی بە یەكێك لەو دەستكەوتانەی ئاك پارتی دادەنرێو خودی پارتەكەش پەخشی كەناڵەكە بە گۆڕانێكی مێژوویی لە قەڵەم دەدا، بەجۆرێك پێی وایە تا سەرەتای نەوەدەكانی سەدەی رابردووش دەوڵەت لەسەر ئاستی فەرمی ڕەتی دەكردەوە دان بە شتێك دابنێ ناوی زمانی كوردی بێت، بەڵام لە بەرامبەردا لەوەتەی گەیشتنی بەدەسەڵات ئاك پارتی پێڕۆی ڕێبازی ئابووری دەكات، بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ پرسی كورد. لە ڕاستیدا توانیویەتی لەم جۆرە مامەڵەیەیدا سەركەوتووبێت، جگە لەمەش ئاك پارتی پیادەی تەواوی ئەو ستراتیژیانە دەكات، كە پێویستن لەسەر زەمینی واقیع بەشێوەیەكی گشتگیرترو بەرفراوانتر جێبەجێ بكرێن. گوتارەكەی ئەردۆگان ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاستییەیە كاتێك ساڵی 2005 ڕایگەیاند چارەسەری سیاسییانەی پرسی كورد بۆتە پێویستیەكو لەسەر دەوڵەتیش پێویستە داوای لێبوردن لەكورد بكات، لە هەموو ئەو هەڵانەی لە پێشوودا بەرامبەری ئەنجامی داون، دووپاتیشی لەسەر ئەوە كردەوە كە پێویستە ناسنامەی نەتەوەیی كورد لە بازنەی بەرتەسكی حیساباتە ئەمنیەكان دەربهێندرێ، بەڵكو دەبێت لەسەر بنەمای فرەیی ئیتنی كە خاسێتێكی گشتی كۆمەڵگەی توركیایە مامەڵەی لەگەڵدا بكرێ.

بەم دوایانەش ئاك پارتی دەستپێشخەریەكی نوێی بۆ چارەسەركردنی پرسی كورد پێشكەش كرد، ئەوەی دەستپێشخەریەكە لەوانیدیكە جیادەكاتەوە زیاتر دەستپێخەرییەكی ڕاوێژپێكردنە لەوەی جێبەجێكردن بێت،

ئەمەش بەهۆی هەبوونی کۆمەڵێك مەرجی دانراو لەناو بەندەکانی پرۆژەکە، بەجۆرێك ئامانج تێیدا بریتیە لە دروستکردنی کۆدەنگیو سازانی نیشتمانی بە ئاراستەی چارەسەرکردنی کۆتایی پرسەکە. لە دەرئەنجامەکانی ئەم سیاسەتە کراوەیەش بەشدارپێکردنی رای گشتی تورکیایە لە دوا پێشهاتەکانی پرسەکەو بڵاوکردنەوەی هۆشیاریە لەنێوەندی کۆمەڵگەی تورکی سەبارەت بە ئاراستەو رێرەوی چارەسەرکردنەکە، ئەم هەنگاوەی حکومەتی ئاك پارتی توانی پاڵنەرێکی بەهێز بێت، بۆ دەربازکردنی چارەسەری پرسی کورد لە ژێر باری بەرتەسکی لایەنی ئەمنی، ئەمەش وا دەکات هەموو لایەك وردترو زیاتر گرنگی بە میکانیزمو ستراتیژیەتەکانی پارتی دادو گەشەپێدان بدەن، لە جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنە سیاسیانەی کە بە خەڵکی داوە.

وەکو پێشتریش لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، سێ هۆکاری سەرەکیو پاڵنەر هەیە، لە سیاسەتەکانی ئاك پارتی سەبارەت بە پرسی کورد ئەوانیش بریتی بوون لە: چوارچێوەی سیاسی کە پارتی لەسەر دامەزاوە، بەدەستهێنانی دەنگی دەنگدەرانی کوردو کەسایەتی کاریگەرو سەرکردەیی خودی ئەردۆگان.

لەهەر قۆناغێکی جێبەجێکردنی سیاسەتە تایبەتەکانی سەبارەت بە پرسی کورد، ئاك پارتی جەخت لەسەر بنەمای پتەوکردنی بەشداری سیاسی، هەوڵەکانی چاکسازی سیاسی بۆ دۆزینەوەی چارەسەری پرسەکەو دووبارە دارشتنەوەی بنەمای شووناسی تائیفی کە دواجار دەبێتە هۆی دروست بوونی مانای راستەقینەی شووناسی هاوبەشی نەتەوەیی دەکاتەوە. هەروەها ئاك پارتی هەوڵیداوە پشتگیری لە دەنگدەرانی خۆی بکات، بۆ پاراستنی سیاسەتی ئەو واقیعەی تێیدایە، رێزیش لە دەنگەکانیان بگرێت لە وەڵامدانەوەی خواستەکانیانو پتەوکردنی پەیوەندیەکان لەگەڵ ئەوانەی دەنگیان پێداوە، دواجاریش توانیویەتی سەرکەوتووبێ، لە دروست کردنی بەشداری سیاسییانەی کارا، کە خۆی بەسەر سیاسەتی شکست خواردووی حکومەتەکانی پێشوو سەپاندووە.

## چوارچێوەی سیاسیو تایبەتمەندیەکانی پارتی دادو گەشەپێدان

بێگومـان گۆڕەپـانی سیاسـی لـە تورکیـا بـەردەوام هەڵوێسـتی سیاسـی بـەهێزو لاوازی بـەخۆوە بینیـوە، هەمیشـەش هەوڵـدەدات بـۆ چارەسـەرکردنی هـەر پـرسو ئەگـەرێك چوارچێوەی ئـەمنی تێپەڕێنـدرێ، بـەڵام هـیچ یەکێك لەو دوو جۆرە هەڵوێستە نەیانتوانیوە بۆ ماوەیـەکی دوورو درێـژ وەکو خـۆی بمێنێتـەوە یـاخود لەنێوەنـدی کۆمەڵایەتیو سیاسی پاڵپشتیەکی گـەورەی جـەماوەری بەدەسـت بـێنێ. لـەم سـۆنگەیەوە ئـاك پـارتی دێ هەوڵـەکانی خـۆی دەخاتـە گـەڕ، بـۆ چارەسـەرکردنی سیاسـیانەی پرسـی کـورد لـە کاتێکـدا چارەسـەری سـەربازی بـە بنبەسـت گەیشتووە.

تا سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو تەنگژەکانی پەیوەندار بـە پرسـی کـورد بەسـەر دوو تـەوەر دابـەش ببوو، سەرکردە سیاسەکانی کوردو رێکخراوەکانیان لەلایەكو بەرپرسانی دەوڵەتی تورکیاو دامـەزراوەکانی لەلایـەکی دیکـە، بـۆ نموونـە لـە نـەوەدەکان بـەهۆی سیاسـەتەکانی دەوڵـەت زیـاتر لەیـەك ملیـۆنو پێـنج سـەد هـەزار کـەس بەزۆرەملێ لە گوندەکان ئـاوارەی شارەکان بـوون، لـە ئـەنجامی ئـەم سیاسەتەشـدا شـارە سـەرەکیو گـەورەکان بوونـە نێوەندێکی نوێ بۆ چالاکی گروپە سیاسیە کوردیـەکان، دواجـاریش توانیـان سـەر لـەنوێ خۆیـان رێکبخەنـەوە. جگـە لەمەش بەهۆی بەردەوامی ململانێ چەکداریەکانی نێوان پارتی کرێکرانی کوردستانو سوپای دەوڵەت زیـاتر لـە 40 هەزار کەس کوژرانو ململانێکـانیش چـەندین شـاری تورکیـای گرتۆتـەوە، لـە دەرئەنجامـە نەرێنیـەکانی ئـەم خـوێن رشـتنە زۆرەشـدا پرسـی کـورد بـە ململانێیـەکی سـەختی سیاسـی نێـوان دەوڵـەتو سـەرکردە سیاسـیەکانی کـورد تێپەڕیوەو بۆتە چەقی ئاڵۆزیەکانی کۆمەڵایەتی سیاسی لەنێوان تەواوی گروپە ئیتنیەکانی ناو تورکیا.

پێشهاتەکانی ڕووداوەکانی عێراق‌و دەرکەوتنی حکومەتی هەرێمی کوردی لەو وڵاتە، بۆتە هۆی زیاتر دەرکەوتنی پرسی کورد لە تورکیاو پاشانیش ڕەهەندی نێودەوڵەتی جیهانی لێکەوتۆتەوە، بۆیە جارێکیتر تورکیا ناتوانێ پێڕۆی سیاسەتە تەقلیدیەکان‌و چارەسەری ئەمنیانەی پرسەکە بکات کە خودی ئەم پرسە لەدوو ئەگەر تێپەڕ نابێ: یا ڕەتکردنەوەی پرسەکە لە بنەڕەتەوە، یاخود هێشتنەوەی لە بازنەیەکی بەرتەسکی ئەمنی ناوخۆییدا. لە کۆتاییشدا دەرەنجامی حەتمی ئەم تەنگژەیە دژایەتی یەکتری کردنی ئاڕاستە سیاسیەکانی گروپە ئیتنییەکانی ناو تورکیا زیاتر دەکات‌و پرسی کورد لە سەر ئاستی ناوخۆو دەرەوەی تورکیا ڕەنگدانەوەی زیاتری دەبێت.

لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم بارودۆخە نوێیەدا، ئاك پارتی بە سیاسەتێکی جیاوازو بەدەر لە پێڕۆکردنی لایەنی تەقلیدی ئەمنی، دێ مامەڵە لەگەڵ پرسی کورد دەکات، جگە لەمەش داوا دەکات ئەم پرسە لە میانی زیاترکردنی چاکسازی دیموکراسی بەشێوەیەکی ئاشتیانە یەکلایی بکرێتەوە. هەروەها لەگەڵ زیادبوونی مەترسیەکانی بەسیاسیکردنی کۆمەڵایەتی ناوخۆیی‌و نێودەوڵەتی پرسی کورد، دەبینی ئاك پارتی دەبێتە فریادرەسی پاراستنی سەقامگیری ڕێژەیی سیستمی سیاسی، چ ئەوەی پەیوەندی بە موحافەزەکارەکان، نەتەوەییە میانڕۆکان، لیبڕاڵەکان‌و ئیسلامیەکان هەیە، یاخود ئەوەی پەیوەندی بە پارت‌و گروپە کوردیەکانیشەوە هەیە.

هەر بۆیە چوارچێوەی سیاسی پرسی کورد لەم شێوە دینامیکیە لەوە دەرچووە تەنیا وەکو نمایش کردنی شانۆیەك بێت، بەڵکو بۆتە تاکە کارت بەرامبەر ئەوانەی دەیانەوێ پارێزگاری لە ئاشتی کۆمەڵایەتی‌و فرەیی نەتەوەیی لەناو وڵاتدا بکەن.

هەروەها دەبێ چارەسەری ئەوە بکرێ کە پرسی کورد چانسی یاخود تاکە دەرفەتی زێڕینی بەردەم ئاك پارتی نیە، بۆ ئەوەی بتوانێ لەناویدا بەلێهاتوویی یاری لەگەڵدا بکات، بەڵکو وەکو زانراوە ژمارەیەك لەسەرکردە دیارەکانی سوپاو دامەزراوەکانی دیکەی دەوڵەت لەماوەی ساڵانی 2003 - 2005 پێش گەورە بوونی بڵاوبوونەوەی پشتگیریە جەماوەریەکانی ئاك پارتی، هەوڵیاندا چارەسەری دیکە بخەنەروو، بۆ نموونە ئاك پارتی لەلایەن ئەو پارت‌و گرووپانەوە ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی زۆر بۆوە کە داوای پاراستنی بارودۆخی هەنووکەییان دەکرد، بەجۆرێك ئاك پارتیان بەنانەوەی ئاژاوەو دووبەرەکی تائیفی تۆمەتبار کرد، بەڵام پێداگری ئەو پارتە لە مامەڵەکردن لەگەڵ دۆسییەی کورد لەچوارچێوەی سیاسەتی دینامیکی، ستراتیژی‌و زاڵ بوون بەسەر لایەنی ئەمنی توانی بەڕەکە زیاتر لەژێر پێی سوپاو کاریگەریەکانی دەربهێنێ. لە دەرەنجامەکانی پێڕۆکردنی ئەم سیاسەتەش توانی هەڵوێستی پارتەکە بەهێزتر بکات، لە ڕووبەڕوو بوونەوەی مەترسیەکانی کاریگەری پرسی کورد بەسەر کۆمەڵگەی تورکی‌و ڕەواندنەوەی هەوڵەکان بۆ دروستکردنی دووبەرەکی لەنێوەندی کۆمەڵگەدا. دواجاریش توانی بیسەلمێنێ کە چارەسەری سیاسیانەی پرسی کورد تاکە ڕێگەیە بۆ پاراستنی یەکێتی نەتەوەیی تورکیا.

## پشتگیری دەنگدەران

هۆکـاری دووەم لـە سیاسـەتە تایبەتـەکانی ئـاك پـارتی سـەبارەت بـە پرسـی کـورد بریتیـە لـە: پشـتگیری دەنگدەرانی کورد کە دەنگیان پێداوەو بەسەر ناوچە جیاجیاکانی جوگرافیـای وڵات دابـەش بوونـە، بـۆ نموونـە لـە هەڵبژاردنەکانی 22 ی تەمموزی 2007 ئاك پارتی نەیتوانی ڕێژەی کۆی دەنگەکانی کە بەدەستی هێنـا، بگەیەنێتـە ڕێژەی 47 ٪ بە بەراورد بەڕێژەی 32٪ ئـەو دەنگانـەی کـە لـە هەڵبژاردنـەکانی 2002 بەدەسـتی هێنـابوون، بـەڵام توانی لەناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ کە زۆرینەی کوردە توانی ڕێژەکە لە 25٪ بۆ 53٪ بەرزبکاتەوە. بەم شێوەیە سەرەڕای کەم بوونەوەی ڕێژەی بەدەستهێنانی دەنگـەکانی، بـەڵام بـە بـەراورد لەگـەڵ کـۆی دەنگـە بەدەسـت هاتووەکانی تەواوی پارتەکانی دیکە کە لـە چـەند بازنـەیـەك‌و ناوچـەیەکی دیـاریکراودا بەدەسـتیان هێنـابوو، پـارتی دادوگەشەپێدان وەکو تاکە پارت لە هەڵبژاردنەکانی 2009 توانی لەسەرجەم بازنەکانی هەڵبژاردنەکاندا پارێزگاری لە پشتگیری بەهێزی جەماوەری خۆی بکات، لەڕاستیدا دەستکەوتێکی گەورەو گرنگە بۆ ئـاك پـارتی کـە توانیویـەتی لەسەرتاسەری وڵات دەنگ بەدەست بێنێ.

هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنەکانی ئاك پارتی لە هەڵبژاردنـەکان، بـۆ گـوێگرتن‌و وەڵامدانـەوەی خواسـتەکانی جەماوەر دەگەڕێتەوە، کە ئەو پارتە توانیویەتی وەڵامی هەموو لایەك بداتەوە بە تەواوی جیاوازی هەڵوێست‌و بیرو بۆچوونە سیاسیەکانیشیانەوە. بۆ نموونـە ئـاك پـارتی لـە توانایـدا هـەبوو لەناوچـەی ئـەنادۆڵی ناوەڕاسـت پشـتگیری گروپە نەتەوەییەکان‌و لەباشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵیشدا پشـتگیری کوردەکـان بەدەسـت بێنـێ، ئەمـەش وایکـردووە هێزی ئەو پارتە زیاتر ببێ، بەجۆرێك بۆتە یاریزانی سەرەکی لەنێوەنـدی سـەرجەم گروپـە ئیتنییـەکان‌و گفتوگـۆی گەرمیان لەگەڵ ئەنجام بدات، هەوڵیش دەدات بگاتە چارەسەرێك کە سەرجەم لایەنەکان لەسەری ڕازیـبن، بگـرە ئـەم پارتە بۆتە تاکە هێزی دڵنیایی کە توانای هەیە سەرکردایەتی وڵات بکات، لـە ئاڕاسـتەکردنی پتـەوکردنی پەیوەنـدی ناوخۆیی‌و بەیەکەوە ژیانی پلورالیزمی تائیفی.

## سەرکردەی کارامە

هۆکاری سەرکردەی کارامە بـە گـرنگترین هۆکارەکـانی سـتراتیژی سیاسـەتی پـارتی دادوگەشـپێدان دادەنـرێ، بـەهۆی ئـەو کاراییـەی کـە هەیـەتی بـۆ جووڵانـدنی دوو هۆکارەکـەی دیکـە کـە بـریتین لـە: ئـەکتیڤی چواچـێوەی سـتراتیژی سیاسـی پـارت‌و پارێزگـاریکردن لەمانــەوەی پشــتگیری جـەماوەری لـە بەرژەوەنـدی خۆیـدا. بەرهـەمی سـەرکەوتنی ئـەم دوو هۆکارەکـەش بـۆ سـەرکەوتوویی سـەرکردەیی ئـەردۆگان دەگەڕێتـەوە، بۆیـە دەبینـی زۆرینـەی خەڵك بەجیاوازی لایەنی کۆمەڵایەتی‌و سیاسیان خواست‌و داواکاریە سیاسیەکانیان بەخودی کەسایەتی سـەرکردەیی ئەردۆگان دەبەستنەوە، بۆ نموونە سەرەڕای زۆری ڕەخنەکان کە ڕووبەڕووی هەندێك لە سیاسیەکانی ناو ئاك پـارتی بوویـەوە، لـە هەنـدێك ناوچـە کـە زۆرینـەی دانیشـتوانەکەی کـوردن، بـەڵام بـەردەوام خـودی کەسـایەتی ئـەردۆگان خـاوەنی سـەنگی خۆیـەتی لەلایـەن ئـەو خەڵکانــەوە، بەڵگـەش لەسـەر ئـەم قسـەیە لـە سـاڵی 2007 لـەمیانی

بەڕێوەچوونی پڕوپاگەنـدەی هەڵبژاردنـەکان کاتێـك ئـەردۆگان دروشمـی "تاکـە وڵات، تاکـە دەوڵـەتو تاکـە ئـاڵای" دووبارە کردەوە، سەرەڕای ئەوەی ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئەم گوتارەی بە ڕەتکردنەوەی ڕاشکاوانەی ناسنامەی کوردی لەلایەن ئەردۆگانەوە لەقەڵەمدا، بەڵام لەلایەن زۆرێکی دیکە لـە شـەقامی کوردی پێشوازی لێکـراو باوەڕیـان وابـوو، ئەردۆگان لە بەشێکی دیکەی گوتارەکەیـدا ئامـاژەی بـە ئەگـەری چارەسـەرکردنی پرسـی کـوردی کردبـوو، هـەروەها هەندێکی دیکەش خوێندنەوەی دیکەیان بۆ گوتارەکە کرد، بەجۆرێك لە ناوەڕۆکدا مەبەستی ئەردۆگان بریتی بـووە لە بانگەوازی فرەیی، بەڵام لەچوارچێوەی یەکێتی نەتەوەییو دوور لە ململانێو ناکۆکی.

هەموو ئەمانە بەبێ بەدەستهێنانی متمانـەی شـەقام لەسـەر هـەردوو ئاسـتی سیاسـیو ڕۆشـنبیری بـەخودی کەسایەتی ئەردۆگان کە زۆرێك پێیان وایـە سـیمبولی ریفـۆڕمی دیموکراسـیو پاڵنەرێکـە بـۆ دۆزینـەوەی چارەسـەری پرسەکانی دەوڵەتی ئـاڵۆزی تورکیـا بەرجەسـتە نـەدەبوو. هەنـدێك لـە ڕاپرسـیەکان کـە لەلایـەن چـەند نێوەنـدێکی کـوردی ئـەنجام دراوە، سـەلماندوویەتی کـە ئـەردۆگان وەکـو خـاوەن زۆرتـرین جـەماوەر هەڵبـژێردراوەو لەسـەرووی ڕیزبەندیەکەدا داهاتووە.

## بەرەو ڕێگای دۆزینەوەی چارەسەری

وەکو پێشتریش باسمان کرد پرسی کورد وەکو ئاڵۆزترین پرسەکانی نـاو تورکیـا دەمێنێتـەوەو ڕەنگـە چـەند ساڵێکی دیکەش پێویست بێت بۆ مانەوە لە سـەر ڕێگەکـەو گەیشـتن بـە چارەسـەری کۆتـایی. ئـەنجامی چارەسـەریو دەرکـەوتنی رووخسـارەکانی ئـەم چارەسـەرکردنەش پەیوەسـتە بـە چـالاکیو ئـەکتیڤی سیاسـیانەی لایەنـە پەیوەندارەکانی تایبەت بە پرسەکە. گومان لەوەدانییە بیرکردنەوە لە ڕێگە چارەی ئـەمنی بەبنبەست گەیشتووەو سەردەمی بەسەرچووە، لەگەڵ هەموو ئەو ئـاڵۆزیو گرفتاریـەش لـە ناسـەقامگیری سیاسـیو کۆمەڵایـەتی کـە لەگـەڵ خۆیدا هێناویەتی، بەڵام پڕۆژەکـەی ئـاك پـارتیو دەستپێشخەریەکەی بـۆ چارەسـەرکردنی پرسـی کـورد وەکـو تاکـە بژاردەی نوێی سیاسی دادەنرێ، بۆ دووبارە جووڵاندنەوەی پرسەکە بەشێوەیەکی سیاسیانەو لـەناو چوارچـێوەیەکی سیاسی کە بەردەوامیو درێژە پێدانی پلورالیزمی گشتگیری کۆمەڵگەی تورکی تێدا پارێزراوە. هەڵوێستی ئـاك پـارتی بۆ ئەنجامدانی چاکسازی دیموکراسیو بەیەکەوە هەڵکردنی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی دیموکراسی لەگەڵ پرسی کورد دەبێتە هۆی قایمتربوونو پتەوبوونی هەڵوێستی ئـەم پارتـە لەسـەر ئاسـتی گـۆڕەپـانی سیاسـی نـاوخۆییو دواتـریش وەکو پارتێکی گۆڕانخوازی سیاسی دەردەکەوێ، بەمانایەکی دیکـە ئـاك پـارتی توانیویـەتی بـەلێهاتوویی خـۆی پرسـی ئـەمنی کـە پرسـێکی ئـاڵۆزو گرفتـارە بکاتـە دەرفـەت بـۆ بەدەسـتهێنانی کەسـایەتی خـۆیيو دیـدگا کراوەکـەی کـە لەچوارچێوەی خۆیدا درێژە بە بەردەوامی یەکێتی نەتەوەیی دەدات.

باشـتر وایـە هـەموو لایـەك کـەمێك چـاوەڕوانبن، بـۆ ئـەوەی ببیـنن دەستپێشـخەریەکەی ئـاك پـارتی چ بەرهەمێکی دەبێ، گومانیش لەوەنیە چارەسەرکردنی زۆر کێشە کۆمەڵایەتیـە سیاسـیەکانی نـاو تورکیـا جێپەنجـەی ئاك پارتی بەسـەرەوە دیـارە، چارەسـەرکردنی پرسـێکی وەکـو پرسـی کوردیش پێویسـتی بـەتوانای بیرکردنەوەیـەکی

**قووڵو بەفەرٍ هەیە، بۆ ئـەوەی لـە رێگەیـەوە بتـوانرێ لـەناو چوارچێوەی یـەکێتی نەتـەوەیی بـوار بـە پتـەوکردنی فرەیی رەگەزی بدرێ، دواجاریش ئەم شێوە چارەسەریە باشترینە بۆ پاراستنی یەکێتی نیشتمانی تورکیا.**

# هەڵوێستی پارتی دادو گەشەپێدان سەبارەت بەپرسی کورد

د. سەنا عەبدوڵلا عەزیز تائی[82]

**پێشەکی**

لە چواردەی ئابی 2001 بەفەرمیو لەلایەن سەرۆکی پێشووی شارەوانی ئەستەنبۆڵو ئەندامی پارتی فەزیلەی هەڵوەشاوە رەجەب تەیب ئەردۆگان دامەزراندنی پارتی دادو گەشەپێدان ڕاگەیاندرا[83]، هەروەها هەردوو هەڵبژادنە پەرلەمانیەکەی 2002و 2007 سەلماندی، کە ئاك پارتی هیچ ڕکابەرێکی بەهێزی نیە. وەکو دەردەکەوێ ئەو سیاسەتەی پێڕۆی دەکات لەلایەن زۆرینەی گەلی تورکیا لەناویشیاندا گەلی کورد پێشوازی لێدەکرێ، بەتایبەت دوای ڕاگەیاندنی ئاڕاستەی ئابووری لیبراڵی، کە لەگەڵ ئابووری بازاڕ ڕێدەکاتو پێشکەشکردنی پشتگیریەکانی بۆ کەرتەکانی خزمەتگوزاریو بەڵینەکانی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد[84] دوای دامەزراندنی ئاك پارتی هەڵبژاردنەکانی ئەمینداریێتی گشتی پارت بەڕێوەچوو و تێیدا ئەردۆگان وەکو یەکەم ئەمینداری ئەو پارتە هەڵبژێردرا، دوای سەرکەوتنی پارت لە هەڵبژاردنەکانی 2002 ئەردۆگان توانی لە پاڵ هەریەك لە عەبدوڵلا گوڵی سەرۆك کۆمارو بوڵنت ئارنیچ سەرۆکی پەرلەمان ببێتە سەرۆك وەزیرانی تورکیا، بەم شێوەیەش پارتی دادو گەشەپێدان توانی هەرسێ پۆستە باڵاکەی دەوڵەتی تورکیا بگرێتە دەست[85].

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین هەڵوەستە لەسەر پرسێکی درێژخایەن بکەین، کە ماوەی 70 ساڵە تورکەکان پێوەی سەرقاڵن، ئەویش پرسی کوردە، بۆیە سەرەتا دێین بنەما سەرەکیەکانی ئاڕاستەی ئاك پارتی ڕوون دەکەینەوە کە بریتین لە:

## یەکەم: ئاڕاستەکانی پارتی دادو گەشەپێدان

---

(82) ئەم توێژینەوەیە لە پێگەی ئەلیکرتۆنی (مرکز الدراسات الإقليمية/ جامعة الموصل) بڵاوکراوەتەوە.
*wwwallafblogspotcom.blogspot.com/.../blo*

(83) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: نوال عبدالجبار سلطان لطفي تجربة حزب العدالة والتنمية في تركيا إصدارات مركزالدراسات الإقلمية رقم 13، دار إبن أثير للطباعة والنشر موصل ص 20ـ 22.

(84) جريدة الحياة الندنية 4 حزيران 2008.

(85) إبراهيم خليل علاف السياسة العربية لحزب العدالة والتنمية التركي مركزالدراسات الإقلمية المجلد11، شباط 2003.

به گوێرەی لێدوانەکانی ئەردۆگان ئاك پارتی لەسەر چوار تەوەری یەك لەدوای یەك ئیش دەکات کە بریتین لە:[86]

1- ئاك پارتی هەموو هەوڵێك دەدات بۆ پڕکردنەوەی سێ پێویستیەکەی خەڵك، کە بریتین لە دادپەروەری، ئازادیو دابین کردنی بژێوی ژیان.

2- ئاك پارتی کاردەکات بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم تێگەیشتنە هەڵەیەی گوایە سکیۆلاریزم واتا دژایەتیکردنی ئاین.

3- دووپاتکردنەوەی پارت لەسەر گرنگی بەرجەستە بوونی ئازادیو مافە بنەڕەتیەکان لە پرۆسەی بوژانەوەو هەستانەوەی تورکیاو چارەسەرکردنی پرسەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتیو ئابووری.

4- ئەردۆگان دامەزراندنی ئاك پارتی بە خاڵی وەرچەرخانی مێژووی تورکیا هەژمار دەکات، دووپاتیشی کردەوە، شەفافیەتو دیموکراسی دوو کایەن باڵیان بەسەر پارتدا کێشاوە، بە توندیش رەخنەی لە کەمینەی پاوانخواز گرت، کە دەستیان بەسەر پارتە سیاسیەکانی دیکەی تورکیا کێشاوە، هەروەها رەتی کردەوە پارتەکەی وەکو پارتێکی ئیسلامی تەماشابکرێ، بەڵکو رایگەیاند ئاك پارتی وەکو پارتێکی پارێزگار لە گۆڕەپانەکە کاردەکات، دیسان روونیشی کردەوە، یەشار یاکیش کە پێشتر وەکو باڵیۆزی تورکیا لە میسرو سعودیە کاری کردووە، یەکێکە لە سەرکردە دیارەکانی پارت، بەگشتی ئاك پارتی خوازیارە پێداویستیەکانی گەلی تورکیا، کە بەدوای چارەسەری نوێدا دەگەڕێ پڕبکاتەوە[87].

لە 3 ی نۆڤەمبەری 2002 واتا هەشت مانگ بەر لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی تورکیا بەڕێوەچوو، تێیدا ئاك پارتی کە بۆیەکەم جار بەشداری لەو هەڵبژاردنانە کرد، توانی رێژەی 29،34٪ ی دەنگەکان بەدەست بێنێ، بەم شێوەیە لە کۆی بەشداری 30 ملیۆن دەنگدەر توانی 10 ملیۆن دەنگ بەدەست بێنێ، بەم ئەنجامەش توانی لەکۆی 550 کورسی پەلەمان 363 کورسی بۆ خۆی مسۆگەر بکاتو بەتەنیا حکومەت پێکبهێنێ[88].

---

(86) أحمد فاروق جريدة عمان، العدد 680399، 3 أيلول 2000.

(87) جريدة بابل بغداد 12، آب 2006.

(88) جريدة بابل بغداد 18. تشرين الثاني 2000.

لــە 18 ی نۆڤەمبــەری 2002 عەبــدوڵڵا گــوڵ کابینــەی نــوێی حکومــەتی پێکهێنــا، ئــەوەبوو هــەر دوای سەرکەوتنەکەی ئاك پارتی سەرۆکی پارت رەجەب تەیب ئەردۆگان جارێکی دیکە دووپاتی کردەوە، دادو گەشەپێدان پارتێکی موحافەزەکارو دیموکراسە نەك پارتێکی ئیسلامی رادیکاڵ[89].

لیوا روکن سەلاحەدین سەلیم محەمەد توێژەری ستراتیژی میسری لە وتارێکی دیاردا (تورکیا: ئەجێندایەکی گەرمو گۆڕانکارییەکان لەسەر هەردوو ئاستی سیاسەتی ناوخۆییو دەرەکی)[90]، باوەڕی وایە پارتی دادو گەشەپێدان بە جددی هەوڵیداوە، بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکی جەوهەری لە بەهاو ئاڕاستەکانی کۆمەڵگەی تورکی، وەکو هەندێکیش لە چاودێران پێشبینی دەکەن، ئاك پارتی بەجددی کار دەکات بۆ وەستانی دارمانی بارودۆخی چینە هەژارەکان.

## دووەم: هەڵوێستی پارتی دادو گەشەپێدان سەبارەت بە پرسی کورد

ئەوەی لێرەدا گرنگە بۆ ئێمە ئایا هەڵوێستی ئاك پارتی بەرامبەر بە پرسی کورد چۆنە؟ لەکاتێکدا زانراوە، کە کورد لەهەموو شارو پارێزگاکانی تورکیا بەتایبەت لە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵو باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا بڵاوبۆتەوەو ژمارەیان دەگاتە هەشت بۆ نۆ ملیۆن کەس، بەم شێوەیەش رێژەی 10٪ - 11٪ کۆی گشتی دانیشتوانی تورکیا، کە نزیکەی 80 ملیۆن کەسە پێکدەهێنن[91].

لەم سۆنگەیەوە پێویستە ئاماژە بە بەرنامەی کاری حکومەت بکەین کە لە 18 ی ئازاری 2003 سەرۆك وەزیران رەجەب تەیب ئەردۆگان خستیەڕوو، کە تێیدا رۆڵی مستەفا کەمال ئەتاتورکی گرنگ نرخاند، لە بونیادنانی دەوڵەتی نوێی تورکیا. هەروەها بەرنامەی کاری حکومەت چەندین ئاڕاستەی لە بوارەکانی چاکسازی سیاسی ناوخۆیی لە خۆ گرتبوو، بەرنامەی کاری حکومەت رەتی ئەو دەستەواژەیەی کردەوە، کە ناونراوە بە (سیاسەتی ئابووری پڕۆژەکان کە لەسەر جیاکاری نێوان گەلانو مەزهەبەکانی ناو تورکیا بونیاد نراوە)[92].

لەبەشێکی دیکەی بەرنامەی کاریدا حکومەت دووپات لەسەر پێویستی نوێ بوونەوەی ژیانی سیاسی لەمیانی پتەوکردنی بەهاکانی دیموکراسیو دەوڵەتی یاسا کردۆتەوە، لەم چوارچێوەیەشدا حکومەتی ئاك پارتی توانیویەتی چەند ئامانجێکی دیاریکراو، لە دیارترینیان بەدەستهێنانی سەقامگیری سیاسی، کۆمەڵایەتیو ئابووری بپێکی.

---

(89) توفيق أبو العشرين حزب العدالة يتطلع للتكيف مع مناخ الداخلي والتضارس الإقليمية الملف السياسي مؤسسة الهيات للصحافة والطباعة دبي إمارات العربية المتحدة 15 نوفبر تشرين الثاني 2003.

(90) جريدة البيان الإمراتية، ص 2.

(91) بڕوانە: ثورت خواش: الكرد في الإنتخابات التركية قناة الجزيرة الفضائية 12 كانون الثاني 2008.

(92) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: سعد عبدالعزيز: (المشروع السياسي لحزب العدالة والتنمية في تركيا) توێژینەوەیەکی بڵاونەکراوەیە لە 2008 پێشکەش بە (مركز الدراسات الإقلمية) کراوە، ص11.

بەدڵنیاییەوە ئاك پارتی پرسی کوردی لەبەرچاو گرتووە، بۆ ئەم مەبەستەش توانیویەتی زاڵ بێ بەسەر هێڵە گشتیەکانی سیاسەتی ناوخۆیی. شاراوە نیە ئاك پارتی ڕەچاوی (بەندی شەشەم)ی کردووە کە تایبەتە بە (پێوەرەکانی کۆپنهاگن) کە ئامانج لەو پێوەرانە بریتیە لە: گونجانی نێوان بونیادی سیستمی سیاسی تورکیاو بونیادی سیستمی سیاسی وڵاتانی ئەوروپا، بۆ ئەم مەبەستەش لە 26 ی حوزەیرانی 2003 بڕیاردرا، بە باشکردنی ئاستی ژیانی کورد، فراوانکردنی بازنەی ئازادیەکان، ڕێگەدان بۆ فێربوونی زمانی کوردیو پەخشی کەناڵی ئاسمانی TRTو ئازادکردنی ژنە پەرلەمانتاری کورد لەیلا زاناو سێ هاوڕێی دیکەی[93]. وەکو یەکەم هەنگاویش لەپێناو سەرخستنی بەرنامەکەیدا سەرۆکی نوێی تورکیا عەبدوڵڵا گوڵ کە لەوەتەی 28ی ئابی 2007 وە لە شوێنی (ئەحمەد نەژدەت سیزەر) دەست بەکار بووە، سەردانی چوار شاری کوردی وان، سیرت، شەرناخو دیاربەکری کرد. لەمیانی ئەم سەردانەیدا بۆ شارە کوردیەکان گوڵ بەیەکسانی چاوی کەوت بە هەریەك لە سەرکردە مەیدانیەکانی سوپای تورکیا، کە لەم ناوچانەدا دژی پەکەکە شەڕ دەکەن، لەگەڵ ئەندامانو لایەنگرانی پارتی دادو گەشەپێدان لەم ناوچانەدا. لەگەڵ ئەوەی ژمارەیەك چاودێری سیاسی سەردانەکەی گوڵیان بۆ شارە کوردیەکان بۆ مەبەستی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکانو دڵنیاکردنەوەی کورد لەناو جەرگەی ناوچەکەی خۆیدا لە قەڵەمدا، بەجۆرێك سەرۆکایەتی وڵات بە گرنگیەوە دەڕوانێتە دانیشتوانی کوردی ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵات، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە بوژانەوەی ناوچەکەو ڕەخساندنی هەلی کارو پێشکەشکردنی زیاتری خزمەتگوزاریەکانەوە هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە کرۆکدا سەردانی گوڵ سەرکەوتوو بوو، هەرچەندیشە لەمیانی پێشکەشکردنی وتارەکانیدا گوڵ پێچەوانەی ئەردۆگان، کە پێشتر لە 2005 سەردانی دیار بەکری کردبوو، باسی لە پرسی کورد نەکردوو هیچ بەڵێنێکیشی بە خەڵکەکە نەدا، بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە، بەڵکو زیاتر بەڵێنەکانی پەیوەست بوو بە باشکردنی ئاستی بژێوی، دۆزینەوەی هەلی بوژانەوەو کارکردنی زیاتر لەو ناوچانە، کە هەژاریو دواکەوتوویی تێیدا باڵا دەستە، ناوە ناوەش لەناو وتارەکانیدا گوڵ دووپاتی دەکردەوە، کە ئەو سەرۆکی هەموو تورکیایە. هەروەها گوڵ زۆر بەتوندی لەبارەی پارتی کرێکارانی کوردستانو (کردەوە تیرۆریستیەکان) کە لەم ناوچانە ئەنجامی دەدا قسەی کرد[94]. لەم بارەیەوە گوتی: "دەوڵەت هەروا بە ئاسانی لەگەڵ جوداخوازانو هەموو ئەوانەیشی پشتگیریو هاوکاری دەکەن مامەڵە ناکات". بەمانایەکی دیکە قسەکانی گوڵ دووبارەبوونەوەی هەمان هەڵوێستەکانی پێشووی ئاك پارتی بوون سەبارەت بە پرسی کورد[95]. لە توێژینەوەیەکدا بەناونیشانی (پارتی دادوگەشەپێدان دەیەوێ چارەسەری پرسی کورد بکات) تاریق حەمۆ باس لەوە دەکات، ئاك پارتی لەناوچەکانی کوردستانی باکوور خۆی لە

---

(93) محمد نورالدين: الديمقراطية التركية جديدة، هل تمر الإصلاحات رغم إعتراض العسكر جريدة الشرق القطرية 22 حزيران 2003.

(94) جريدة الحياة اللندنية 4 حزيران 2008.

(95) إبراهيم خليل علاف السياسة العربية لحزب العدالة والتنمية التركي مركزالدراسات الإقلمية المجلد11، شباط 2003.

پرسە سیاسیەکان بەدوور دەگرێ، بەڵکو مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسانە دەکات، کە پەیوەنـدن بـە بوژانـەوەی ئـابووری‌و باشترکردنی لایەنی خزمەتگوزاری‌و پێدانی قەرزبەهاوڵاتیان. بەدڵنیاییەوە ئاك پارتی لـەم سیاسـەتەی سـەرکەوتنی بەدەست هێناوە، بۆ نموونە ئەو شارەوانیانەی لـە شـارەکانی هـەرێمی بـاکووری کوردسـتان لـەژێر دەسـەڵاتی ئـەودان رێکخسـتن‌و پێشـکەوتنێکی بەرچـاوی خزمـەتگوزاریان پێـوە دیـارە، هاوڵاتیـانیش پەیوەندیـەکی باشـیان دروسـت کردووە، لەگەڵ شێوازی مامەڵەی پارتەکە لە فەرمانگە حکومیـەکانی ئـەم ناوچـانە، هـەر بۆیـە دەبینـی ئـاك پـارتی توانیویەتی زیاتر لەنیوەی دەنگی دەنگدەرانی باکووری کوردستان بەدەست بێنێ‌و توانیویەتی زاڵ بێ بەسەر دەنگە بەدەسـت هاتووەکـانی پـارتی کۆمەڵگـەی دیمـوکراتی کـوردی، کـە پێشـتر زۆربـەی ئـەو ناوچـانە بەقـەڵای ئـەو پارتـە کوردیە دادەنران. ئاشکرایشە لەکاتی ئێستادا زۆربەی شارەوانیەکان لـەژێر دەسـەڵاتی ئـاك پـارتی دایـە لەناویشـیاندا شارەوانی دیاربەکر[96]، "دیارە ئەم بابەتە لە 2007 نووسراوە، بەڵام لە هەڵبژاردنـەکانی شـارەوانی 2009 پـارتی کۆمەڵگـەی دیمـوکراتی تـوانی سـەرۆکایەتی شـارەوانی دیاربـەکر بەدەسـت بێنـێ‌و عوسمـان بایـدەمیر وەکـو سـەرۆکی شارەوانی دابنێ، هاوکات لە دوا هەڵبژاردنەکانیش کـە لـە کۆتاییـەکانی ئـازاری ئەمسـاڵ 2014 بەڕێوەچـوو، دیسـان پارتی ئاشتی‌و دیموکراتی توانی زۆرینەی دەنگەکانی ئەو شارە بەدەستبێنێتەوەو هاوسەرۆکی خۆی گوڵتـەن کشـاناك بکاتە سەرۆکی شارەوانی/ وەرگێڕ".

زیاتر لەجارێك ئەردۆگان گووتەیەتی ئاك پارتی هەوڵدەدا، دەست بەسەر دیاربەکر دابگرێ‌و بەردەوام بێـت لـە بەدەستهێنانی پشتگیری دەنگدەرانی ئەو شارە بۆخـۆی، دواتـر ئـەم لێدوانـەی ئـەردۆگان بەتونـدی لەلایـەن عوسمـان بایدەمیر سەرۆکی شارەوانی دیاربەکرو سەرکردە لە پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی رەتکرایەوە، لەمبارەیەوە بایـدەمیر دەڵێ "کـورد ئامـادەی رووبەڕووبوونەوەیـەکی تونـدە بـۆ پارێزگـاریکردن لـە بـەڕێوەبردنی شـارەکە". لەوتارەکەیـدا دەردەکـەوێ بایـدەمیر هەسـتی بـەلاوازی پارتەکـەی کـردووە، کـە توانـای رووبەڕووبوونـەوەی ئـاك پـارتی نیـە لـە هەڵبژاردنـەکان بەتایبـەت دوای ئـەوەی لایـەنگرانی ئـاك پـارتی فشـاری زۆریـان بـۆ سـەر پارتـە کوردیەکـە هێنـاوەو چەندین سکاڵای یاساییان لـەدادگاکان لـەدژ بەرزکردۆتـەوەو تۆمـەتباری دەکـەن بـەوەی پشـتگیری پـارتی کرێکـارانی کوردستان دەکات‌و لایەنگرانیشی لـە زۆربـەی بۆنـە گشـتیەکاندا بـە زمـانی کـوردی قسـە دەکـەن. یـەکێکی دیکـە لـە شێوازەکانی ئـاك پـارتی بـۆ رێگریکـردن لـە سـەرکەوتنەکانی پـارتی کۆمەڵگـەی دیمـوکراتی بریتیـە لـە: کردنـەوەی چەندین بانك لەناوچە کوردیەکان‌و پێدانی قەرز بەهاوڵاتیانی کورد، لەگەڵ بـەهێزکردنی پاسـەوانی گونـدەکان کـە لەپیاوانی تیرەو هۆزەکان پێکهاتوون (ژمـارەی ئـەم هێزانـە لـە 80 هـەزار پاسـەوان پێکـدێت‌و بـە یاسـا رێکخـراون/ وەرگێڕ)و هاوکاری حکومەتن بۆ شەڕی دژی شەڕکەرانی پارتی کرێکارانی کوردستان، هەروەها بۆ هـەمان مەبەسـتی

(96) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: طارق حمو. "العدالةالتنمية" يريد حل قضية الكردية. الايلاف 30 ئوکتوبر 2007.

دژایــەتیکردنی پەکەکــە ئــاك پــارتی پشــتگیری زۆری ڕێبازەکــانی ســۆفیگەریش دەکــات بەتایبــەت کــە خــاوەنی جەماوەرێکی زۆری تایبەت بەخۆیانن لە ناوچە کوردیەکان[97].

**سێیەم: تێڕوانی پارتی کرێکارانی کوردستان بۆ پارتی دادو گەشەپێدان.**

پارتی کرێکارانی کوردستان ڕەخنەی توند لـە سیاسـەتەکانی ئـاك پـارتی دەگـرێ لـە بـاکووری کوردسـتان، لـەم بارەیەوە جەمیل بایك سەرکردە لە پەکەکە (ئێستا بایـك هاوسـەرۆکی کۆمـا جڤـاکێن کوردسـتانێ – کەجەکـە -)یـە دەڵـێ: "ئــاك پــارتی بــۆ بــەڕێکردنی ئەجێنداکــەیی‌و درێــژەدان بەمانــەوەو زاڵ بــوونی بەســەر دەوڵــەت، دەیــەوێ بـەهاوکاری سـوپا گـورزی تونـد لـە کـورد بـدات". بایـك بـاس لـەوە دەکـات ئـاك پـارتی لـەماوەی فەرمانڕەوایەتیـدا عەبدوڵڵا ئۆجەلانی ڕێبەری پەکەکەی گۆشەگیر کردووەو ئاستی پرۆسە سەربازیەکانی دژ بە چەکدارانی پەکەکـەش بەرزتر بۆتـەوە، بـە جۆرێـك زیـاتر لـە چـارەگە ملیۆنێـك سـەربازی تـورکی بـۆ لێـدانی هێزەکـانی پـارتی کرێکـارانی کوردستان کۆکردۆتەوەو ئامادەکراون، گەورەترین پرۆسەی سەربازیش کە لـە دژی شـەڕکەرانی کـورد ئـەنجام درابـێ لەسەردەمی ئاك پارتی بووە.

بایك دەڵێ: "جگە لەمانە ئاك پارتی کۆمەڵێك سیاسەتی دیکەی دژی کورد لە باکووری کوردستان پێڕۆکـردووە، بـۆ نموونـە لێـدانی کادیرەکـانی پـارتی کۆمەڵگـەی دیمـوکراتی‌و بەرزکردنـەوەی سـکالا لـەدژیان‌و برسـی کردنـی ڕێکخراوەکـانی خێرخـوازی ئیسـلامی، هـەروەها هۆشداریشـیداوە داوە لـە کاردانـەوەی تونـدی کـورد بەرامبـەر سیاسـەتەکانی لـەناوبردنی کـورد، پاشـان دێ لـە ڕێگـە پێـدانی قـەرزو دامەزرانـدنی بانـك لەناوچـەکانی بـاکووری کوردسـتان دەنگـی هاوڵاتیـانی کـورد دەکـڕێ، ئەمـەش تـەواو لێـدان‌و بـەئامانجگرتنی مافـەکانی گـەلی کـوردو بوونـە نەتەوەییەکەیەتی لە تورکیا"[98].

لە کۆتایشدا بایك ڕەخنە لە هەموو ڕێگرییەکانی ئاك پـارتی دەگـرێ، بـۆ دانـانی هـەر جـۆرە ئاماژەیـەك لـەناو ڕەشنووسی دەستووری نوێ، کە تایبەت بێـت بـە گـەلی کـوردو دۆزەکـەی. بۆیـە دەبینـی ئـەم ڕێگریانـەی ئـاك پـارتی لەلایەن پارتی کرێکارانی کوردستان بە بەڵگەی ڕوون‌و ئاشکرا دادەنـرێن لەسـەر پێداگریـەکانی ئـەو پارتـە لـەنکوڵی کردنی مافەکانی گەلی کورد لە تورکیاو هەنگاونان بە ئاڕاستەی سەرکوتکردن‌و لەناوبردن[99].

## دوماهی‌و تێبینیەکان

(97) هەمان سەرچاوە.

(98) هەمان سەرچاوە.

(99) هەمان سەرچاوە.

گومان لەوەدانیە لەوەتەی ئاك پارتی دەستی بەسەر هەرسێ سەرۆكایەتی دەوڵەت، حكومەتو پەرلەمانی توركیادا گرتووە، هەریەك لە پرسەكانی دیكەی بەئەندام بوونی توركیا لە یەكێتی ئەوروپا، بەرفراوانكردنی رۆڵی هەرێمایەتی، هەنگاونان بەرەو ئاراستەی بازاڕی عەرەبی، چوونە ناو ململانێی عەرەب - ئیسرائیل لەمیانی نێوانگریكردنی سوریاو ئیسرائیلو شوێن پێهەڵگرتنی (سیاسەتی ئابووری) لە عێراقو كەنداوی عەرەبی بەسەنتەر گرتووە[100].

بەلای چاودێرانیشەوە بەسەنتەرگرتی هەموو ئەم پرسانە لەسەر حیسابی پرسەكانی ناوخۆیی بووە، لەناویشیاندا پرسی كورد بە تایبەت دوای ئەوەی لە رۆژگاری ئەمڕۆكەدا ئاك پارتی هەموو هەوڵەكانی بۆ دەرخستنی برایەتی ئیسلامیە، كە هەردوو گەلی توركو كورد بەیەكەوە كۆ دەكاتەوە. هەروەها لەسەر كورد پێویستە خۆی بەدوور بگرێ لە بنەما جوداخوازیەكانی پارتی كرێكارانی كوردستان، كە ئامانجی لێدانی بونیادی دەوڵەتی توركیاو بنەما پتەوەكەیەتی. ئاك پارتی كار دەكات بۆ وشیاركردنەوەی هاوڵاتیانی كورد كە چارەسەری پرسەكەیان لە رێگەی سەربازییەوە نابێ، هەروەكو پێویست ناكات ملكەچو سەرشۆڕبن.

توێژەری ناسراوی تورك (ئەمیر تاسبینار) بەڕێوەبەری پرۆگرامی توركیا لە پەیمانگەی (پرۆكنەر)و پسپۆڕی لێكۆڵینەوەی ئەمنی لە كۆلێژی سەربازی نەتەوەی ئەمەریكی، لە توێژینەوەیەكدا، كە لقی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پەیمانگەی كارنیگی كە بارەگاكەی لە بەیروتە بڵاویكردۆتەوە، دووپاتیدەكاتەوە ئاك پارتی خۆی لە (گرنگی پێدانی كوردی) دابڕاندوو بازنەی سیاسەتەكانی بۆ چەند پرسێكی دیكە فراوان كرد، بەڵام بێ كەمكردنەوەی گرنگی پێدانی پرسی كورد لە پێكهێنانو ئاراستەكردنی سیاسەتەكانی دەرەوەیدا[101]. تاسبینار ئاماژە بە تێڕوانینی هەمە چەشنەو جیاوازی ئاك پارتی دەكات (سەبارەت بە پرسی كوردو تێپەڕاندنی قۆناغی زۆرداری كەمالی نەتەوە پەرست، بەڵكو هەوڵ دەدا لە چوارچێوەی بەخشندەیی شووناسی توركی ئیسلامی نەك شووناسی توركی، خۆی لەگەڵ كورد بگونجێنێ). لەبەشێكی دیكەی لێكۆڵینەوەكەیدا تاسبینار باس لەوەدەكات ئاك پارتی زۆر هەنگاوی بەرامبەر بە كورد هەڵگرتووە، بەتایبەت لە ئەنادۆڵ، زۆربەی ئەم هەنگاوانەیشی بەدەربووە لە بیری خەستی نەتەوایەتی كە لە رابردوودا سیاسەتی پشت پێبەستووی كەمالیو هاوشێوەكانی بووە بەرامبەر بە كورد. بۆیە لێرەدا مەترسیەكانی خواستە نەتەوەییەكانی كورد لە باشووری رۆژهەڵاتی توركیا لە خانەی بەهەند وەرگرتنەكانی ئاك پارتی نابینرێ، بەڵكو توركیا پاڵ بەخۆیەوە دەنێ بۆ چوونە ناوەوەی پرسەكانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەناویشیاندا پرسی فەڵەستین، نێوانگری نێوان سوریا - ئیسرائیلو دووبارە خۆ رێكخستنەوەو خۆگونجاندنەوەی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بەتایبەت عێراق، ئێرانو سوریا[102].

---

(100) لطفي: سەرچاوەی پێشوو، ل20.

(101) بڕوانە: خالد حروب: سياسة أردغان" الكردية بين الكمالية والعثمانية الجديدة" جريدة الحياة اللندنية 9 حزيران 2006.

(102) هەمان سەرچاوە.

لەباسێکی دیکەی هاوشێوەی ئەم باسەدا لێکۆڵەر (خالید حەروب) دەڵێ: "ئەوەی بەدرێژای ساڵانی پێشوو پارتە سکیۆلارەکان نەیانکرد، ئاك پارتی توانی بەدەستی بهێنێ. لەڕاستیدا توانی زنجیرەیەك چاکسازی ئەنجام بدات، وەکو مەرج بۆ چوونە ناو یەکێتی ئەوروپا لە گرنگترینیشیان باشترکردنی بارودۆخی مافەکانی مرۆڤو دانان بە مافە رۆشنبیریەکانی کورد وەکو هەر نەتەوەیەکی دیکە. "هەروەها لێکۆڵەری شارەزا (بافیرمان) بۆچوونی وایە چەند جارێك ئاك پارتی هەوڵیداوە سوپا رازی بکات، کە بڕیار دەرنەکات سەبارەت بە راوەدونانو لەناو بردنی چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان لەناو خاکی عێراق، چونکە هەریەك لە ئەردۆگانو سەرکردایەتی ئاك پارتی باش دەزانن ئەنجامدنی هەر جۆرە پرۆسەیەکی سەربازی لەناو خاکی عێراق، واتا هەڵوەشاندنەوەی بەڵێنەکانی پێشووی دادوگەشەپێدان کە لەمیانی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکان لە دیاربەکرو پارێزگا کوردیەکان بۆ یەکلایی کردنەوەی پرسی کوردو زیادکردنی دیموکراسی بە هاوڵاتیانی کوردی دابوو[103] (دکتۆر نەوال عەبدولجەبار سوڵتان تائی)[104] باس لەوە دەکات، سەرۆك وەزیرانی تورکیا رەجەب تەیب ئەردۆگان دانی بەکێشەی کورد لە تورکیادا ناوە، هەروەها دانی بەو هەڵانە داناوە، کە لە رابردوودا بەرامبەر بە کورد ئەنجامدراون، بۆ ئەم مەبەستەش بەڵێنیداوە بە کردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێ، دیموکراسیەت بەرامبەر بەکورد. هەروەها پێشتریش لەمیانی پێشوازیکردنی لە کۆمەڵێك رۆشنبیری کورد ئەردۆگان رایگەیاند "تاکە چارەسەر بریتیە لە: بەرجەستەکردنی دیموکراسیو ئەنجامدانی چاکسازی لە سیستمی فێربوون". بەڵکو ئاماژەی بە پێویستی ئەنجامدانی گفتوگۆکردنی پرسی کورددا، لەچوارچێوەی بنەماکانی کۆماریو سیستمی دەستووری. هەروەها لە 12ی ئابی 2005 لەبەردەم جەماوەرێکی زۆری شاری دیابەکر سەرۆك وەزیران ئەردۆگان گوتی: "دەمەوێ بزانن تورکیا بەرەو دواوە ناگەڕێتەوەو رێگە بەهیچ جۆرە پاشگەزبوونەوەیەك لە پرۆسەی دیموکراسی نادات، بەڵکو لەداهاتوودا بەهۆی بەرقەرارکردنی دیموکراسی، مافە مەدەنیەکانو گەشەسەندن سەرجەم کێشەکان چارەسەر دەکات".

لەگەڵ ئەوەی سەرکردەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان پێشوازی لە هەڵوێستەکانی ئەردۆگان دەکەنو بە هەنگاوی ئەرێنی هەژماری دەکەن، بەڵام باس لەوە دەکەن، کە سەرۆکەکانی پێشووی تورکیا بەهەمان شێوە دانیان بە واقیعی کورد داناوە، بەڵام بۆ یەکلاییکردنەوەی پرسەکە هیچ کات دوودڵ نەبوونە، لە بەکارهێنانی چارەسەری سەربازی لەبری چارەسەری ئاشتیانە[105].

لەماوەی بەدواداچوونە مەیدانیەکاندا دەردەکەوێ، کە ئاك پارتی جددیە لە سیاسەتەکانی بەرامبەر بە پرسی کورد، بەشێوەیەك توانی باری نائاسایی لە باشووری رۆژهەڵات هەڵبگرێ کەماوەی 15 ساڵە بەسەر ئەو ناچەیەدا سەپێنراوە، هەروەها رێگەیدا بە پەخشکردنی ماوەی کوردی لە کەناڵی TRT بۆ ماوەی نیوکاتژمێر کەدواتریش لەکۆتاییەکانی دێسمبەری 2005 بڕیاردرا، بەکردنەوەی کەناڵی ئاسمانی TRT6 بۆ پێشکەشکردنی بەرنامەکان

(103) هەمان سەرچاوە.

(104) بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل71ـ72.

(105) هەمان سەرچاوە، ل 79.

بەزمانی کوردی. حکومەتی ئاك پارتی بڕیاریدا بە دامەزراندنی چەند پەیمانگەیەکی تایبەت بۆ فێربوونی زمانی کوردی، بەڵام گرنگتر لەمانە وەبەرهێنانی پیشەسازی بووە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتو بانگهێشتکردنی بزنسمانان بۆ کێبڕکێکردن لە وەرگتنی پرۆژەکانو کارکردن بۆ بوژانەوەو ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە. دواجار پێویستە هەڵوەستە لەسەر خاڵێکی گرنگ بکرێت، کە تایبەتە بە پشتگیری کردنی کورد لە ئاك پارتی لەمیانی هەڵبژاردنەکانی پێشوو، چونکە بەباوەڕی کورد ئاك پارتی بەجیاواز لەگەڵ پارتە نەتەوەییەکانی دیکە کەمتر دژایەتی کورد دەکات، جگە لەمەش سەرکردایەتی ئەو پارتە زیاتر جەماوەریتر، راستگۆیی، دەستپاکی، ئارەزووی خزمەتکردنی گەلی تورکیاو چارەسەرکردنی کێشەکانو بەرجەستەکردنی یەکسانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەی پێوە دیارە[106].

هەروەها ئاك پارتی دەرزەنێك چاکسازی گرنگی ئەنجامداوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ پێوەرەکانی یەکێتی ئەوروپا بگونجێ، لەوانە سنووردارکردنی رۆڵی سوپا لە ژیانی سیاسیو کەمکردنەوەی ژمارەی نوێنەرانی سوپا لەناو ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەییو ڕێگەدان بەهەندێك مافی رۆشنبیری تایبەت بە پەخشی تەلەفزیۆنی بەزمانی کوردیو فێربوون بەزمانی دایك بۆ منداڵانی کورد.

---

(106) (تركيا.... اليهود والعلمانية، والسعادة صوتوا لحزب أرودغان) إسلام أون لاين 22 تموز يوليو، 2007.

# پرۆژەی دادو گەشەپێدان بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە کوێدایە ؟

تاریق حەمۆ[(107)]

لە رۆژگاری ئەمڕۆکەدا باس لە پرۆژەیەکی ئاك پارتی دەکرێ، بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد. سەرەڕای ئەوەی سیاسەتی ئەم پارتە لەسەر سەرکوتکردنی خواستە نەتەوەییەکانی کورد جێگیرکراوە، بۆ ئەم مەبەستەش رێگە بەسوپا دەدات، پرۆسە سەربازییەکانی لەناوخۆو دەرەوەی کوردستانی تورکیا ئەنجام بدات، بەڵام لێرەو لەوێ دەبینین هێشتا کەسانێك هەن چەپڵە بۆ ئاك پارتی‌و هەڵوێستەکانی لێدەدەن‌و بە بۆچوون‌و شیکردنەوەکانیان دەیانەوێ رای شەقامی کوردی چەواشە بکەن‌و بەردەوامیش بەشێوەیەکی بیماناو قێزەون لە گەرمکردنی بازاڕی سیاسەتەکانی ئاك پارتی‌و هەردوو سەرکردەکەی ئەردۆگان‌و گوڵ دان.

دوا قسەی سەرۆك وەزیرانی تورکیا رەجەب تەیب ئەردۆگان لەبارەی کورد لەگەڵ (سازگین تانری ئۆغلۆ) سەرۆکی یەکێتی پارێزەرانی شاری دیاربەکر بوو، دوای ئەوەی ئەردۆگان سەردانی شارەکەی کرد بەهۆی تەقینەوە بەئامانجگرتووەکەی کاروانێکی سەربازانی سوپای تورکیا لە 2008/1/13. ئەوەبوو لەمیانی گفتوگۆ دوو قۆڵیەکانی نێوانیاندا، تانری ئۆغلۆ رەخنەی لە زۆرێك لە سیاسەتە دژەکانی پارتی دادو گەشەپێدان گرت، لەبەرامبەریشدا ئەردۆگان بە وشەیەك وەڵامی دایەوەو پێی گوت ئەگەر تۆ لەشوێنی من دەبووی چ کارێکت دەکرد؟ لەوەڵامدا ئۆغلۆ پێی گوت: "رێگەم دەدا خوێندن بە زمانی دایك بێ‌و بەشی زمانی کوردیشم لەزانکۆکان دەکردەوە". ئەردۆگان لەوەڵامدا گوتی "ئاخر کورد لە تورکیا بەتەنیا نین ئەگەر سبەینێ چەرکەس‌و لاز داوای هەمان شتیان کرد چ روودەدا؟ ئەوکاتە چۆن باوەڕ بەیەکێتی گەلی تورکیا بهێنین"؟ لەم وەڵامانەی ئەردۆگاندا روون دەبێتەوە، کە ئاك پارتی ئامادە نیە تاکە داواکارییەکی کورد لە تورکیا کە بریتییە لە: فێربوون بەزمانی دایك لە پاڵ زمانی فەرمی تورکی جێبەجێ بکات. ئەگەر ئەردۆگان نیازی نەبێ تاکە قوتابخانەیەکیش بکرێتەوە، کە تێیدا فێربوون بە زمانی دایك بێ، ئایا چۆن دەتوانین بڵێین خاوەنی پرۆژەیەکی کامڵ‌و هەمەلایەنە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد؟ بگرە رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە تورکیاو جیهان بەتایبەتریش  وڵاتانی رۆژئاوا باوەڕیان وایە، کە سیاسەتەکانی پارتەکەی ئەردۆگان تەواو دژایەتی کوردو مافە نەتەوەییەکانی دەکات، بەڵام ئەگەر

---

(107) جمعية كانياسبي الثقافية والأجتماعية، 2007 سوريا، موقع، المجلس الوطني الكردستاني.

راستە کوردانی تورکیا لەژێر سایەی خۆشگوزەرانیو بەخشندەیی ئەردۆگاندان وەکو هەندێك بە نەزانیو هەندێکی دیکەش بە خۆنەزان کردن باسی لێوە دەکەن، بۆچی تا ئێستا دەبینین تورکیا لەبەردەم دەرگای ئەوروپا راوەستاوەو بۆ بە ئەندام بوون لەو یەکێتییە بەردەوام سوالْ دەکات؟

گریمان راست بوو ئەردۆگان راستگۆیە لە دوورخستنەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان، کە لەوەتەی سالّی 1987وە خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد دەکاتو هەموو جۆرە گفتوگۆیەکی لەگەلْ رەتدەکاتەوە، ئەدی بۆچی لەسەرێکی دیکەوە دێ دەست بە هەلْمەتی دوژمنکارانە دەکات، بەرامبەر بە پارتی کۆمەلگەی دیموکراتی، کە خاوەنی 21 کورسی پەرلەمانە، لەلایەن زیاتر لە دوو ملیۆن کورد دەنگی پێدراوە؟ بۆچی حکومەت بۆ داخستنی بارەگاکانی ئەم پارتەو دەستگیرکردنی پەرلەمانتارەکانی پەنا دەباتە بەر دادگای بالاّی دەستووری؟ بۆچی حکومەت بەئەنقەست بڕیاری دەستگیرکردنی سەرۆکی پارتەکە سەلاحەدین دەمیرتاش دەردەکات، کاتێك لەسەردانێکی بۆ ولاّتانی ئەوروپا دەگەڕێتەوەو لەمیانی سەردانەکەیدا باسی لە چارەسەری دیموکراسیانەی پرسی کوردو رۆلّی ئۆجەلان لە بەرپاکردنی ئاشتی لە ولاّت کردبوو، بۆچی حکومەت بێدەنگە لەو هەولّەی، کە ئەحمەد تورکی سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی کۆمەلگەی دیموکراتی لە پەرلەمانی توکیاو سیاسەتمەداری دێرینی کورد دەکاتە ئامانجو ئێستاکەیش جموجۆلّەکانی دەست پێکردووە بە مەبەستی دەرکردنی لە پەرلەمانو داوتریش زیندانیکردنی؟

بەم شێوەیە پارتی دادو گەشەپێدانی فەرمانڕەوا لەناوبردنی پارتی کۆمەلگەی دیموکراتی بە ئامانج گرتووە، بۆ ئەم مەبەستەش لەگەلْ سوپاو ناوەندەکانی مافیای دەولّەتی قوولْ رێککەوتووە. ئەگەر چی ئاك پارتی خاوەنی پرۆژەیەکە بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی پرسی کوردو دەیتوانی سوپا لغاو بکاتو دەست بە ئەنجامدانی گفتوگۆ بکات، لەگەلْ پارتی کۆمەلگەی دیموکراتی، بەلاّم لەبری ئەم کارە لە 2007/10/17 بڕیاری راگەیاندنی شەڕی دەرکردوو دەستی بە هەڕەشەو ئەنجامدانی زیاتری پرۆسە سەربازیەکانی دژ بە گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان کرد. دانپێنانەکەی ئەردۆگان بە پرسی کورد لە ئابی 2005 رێك پێچەوانەی هەلْوێستەکانی ئەم دواییەی خۆیەتی، بۆیە جارێکی دیکە لەسەر ئەردۆگان پێویستە پارتی دادو گەشەپێدان لە دامەزراوەی سەربازیو نەژاد پەرستە توندڕۆکان لە هەلْوێستیان بەرامبەر بە پرسی کورد جیابکاتەوە.

بەگوێرەی بۆچوونی محەمەد نورەدین شارەزا لە کاروباری تورکیا ئامانجی سەردانیەکەی سەرۆکی نوێی تورکیا عەبدوللاّ گولْ بۆ ناوچەکانی کوردستانو بنکە سەربازیە جێگیرکراوەکانی ئەم ناوچانە، بۆ ئەوە بووە سوپا توندوتیژیو هێرشی زیاتر بکاتە سەر پارتی کرێکارانی کوردستان. هەر بۆ وەبیرهێنانەوە تائێستا گولْ سەرۆکایەتی لێژنەیەك دەکات کەپێی دەگوترێ (لێژنەی لەناوبردنی تیرۆر) کە چەندین یاسای بڕیارداوە، بۆ بەرتەسککردنەوەی کوردو دانانی سنوورێك لەبەردەم زیادبوونی گوزراشتکردن لەشووناسی نەتەوەیی.

زۆرێك قسە لەبارەی لێدوانەکانی ئەردۆگان دەکەن کە لەساڵی 2005 و لەشاری دیاربەکر باسی لەپرسی کورد کرد، کاتێك گوتی "پرسی کورد پرسی منەو هەوڵدەدەم چارەسەری بکەم" بەڵام ئەوەیان لەبیرکردووە یاخود لە بنەڕەتدا هەر نایزانن، کە هەر ئەو رۆژە پارتی کرێکارانی کوردستان راگەیاندراوێکی دەرکردوو تێیدا پێشوازی لە لێدوانەکەی ئەردۆگان کردوو ، بەمەبەستی رەخساندنی هەلی زیاتر لەبەردەم سەرۆك وەزیران بۆ چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد ماوەی ئاگر بەستیشی بۆ ماوەی مانگێگ راگەیاند ، بەڵام ئایا دواتر چی روویدا؟ ئەوەبوو ئەردۆگان قسەکانی خۆی لێستەوەو وەکو پابەند بوونی حکومەت بۆ دژایەتیکردنی تیرۆرو لەبەردەم تورەیی سوپاو ڤینی رەشی سەرکردەکانی، هەڵمەتەکانی دەستگیرکردنی ئەندامانی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیو پرۆسە سەربازیەکانی دژ بە پارتی کرێکارانی کوردستانی دەست پێکرد.

هەندێکی دیکە ستایشی پەرلەمانتارە کوردەکانی ناو پارتەکەی ئەردۆگان دەکەنو برەو بە گەرمکردنی بازاڕیان دەدەن، کە گوایە کەسانی تەکنۆکراتو شارستانینو خاوەنی پرۆژەی هەمەلایەنەو گشتگیری چارەسەری دیموکراسیانەن، بەڵام لە راستیدا ئەو پەرلەمنتارە کوردانە تەنیا کەسانی فیودالْ، پیاوانی ئاینیو سەرۆکی هۆزە دواکەوتووەکانن، کە سوودمەند بوونە لە پارتەکەی ئەردۆگانو ئەو دەستکەوتانەی باوەڕیان پێیەتی. ئەگەر راست دەکەن خاوەنی پرۆژەی چارەسەری پرسی کوردنو بەڕاستی دەیانەوێ چارەسەری پرسەکە بکەن، بۆچی بێدەنگنو راشکاوانە داوای ناکەن؟ بۆچی کوتلەیەکی کوردی لەناو پەرلەمان پێکناهێننو دوور لەپارتی کرێکارانی کوردستان داوای دانپێنان بەناسنامەی گەلی کورد بکەن؟ نەك هەر ئەم کارە بۆچی ئەوان کە ژمارەیان 75 پەرلەمانتارە دێن ئیمزا لەسەر بڕیارەکانی ئەردۆگان دەکەن، کە لە پەرلەمان دەردەچێ بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی سەربازی لەناو خاکی هەرێمی کوردستانی عێراق؟

هاوشێوەی تەها یاسین رەمەزان، کە کوردێکی سەدامی بوو، ئەو پەرلەمانتارە کوردانەی ئاك پارتیش کوردی ئەردۆگانینو لەسوریاو ئێرانیش هاوشێوەیان هەیە. وەکو جارێکیان ئەردۆگان گوتی: "هەرکەسێ نکوڵی لەناسنامەی خۆی بکات، دەگاتە پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار، بەڵام هەرکەسێك داوای مافی زمانو ناسنامەی خۆی بکات، وەکو سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان عەبدوڵلا ئۆجەلانو سەرۆکی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی سەلاحەدین دەمیرتاش چارەنووسی زیندان دەبێت".

پاشان ئەگەر ئەردۆگانو ستافەکەی لە حکومەت راستگۆن لە چارەسەرکردنی پرسی کورد لە دەرەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان؟ جارێکی دیکە دووبارەی دەکەینەوە بۆچی رەشنووسی دەستووری نوێ کە پیاوانی پارتەکەی لە داڕشتنەوەیدا بۆی نووشتاونەتەوە بە تەنیا بە ئاماژەیەکی بچووکیش باس لەمافەکانی کورد ناکات؟ ئینجا بۆچی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورك، کە باڵاترین شوێنی بڕیاردانە، هەرێمی کوردستانی عێراق بە گەورەترین مەترسی ستراتیژی بۆ سەر تورکیا لە قەڵەم دەدا؟

له راستیدا سیاسەتی ئاك پارتی لەناوچەكانی كوردستانی توركیا دووره له لایەنی سیاسیو پشت بـه بوژانـەوەی ئابووریو باشكردنی خزمەتگوزاریەكانو پێدانی قەرز بـه هاولاتیـانی هـەژار دەبەسـتێ، بـەجۆرێك ئـاك پـارتی لـەم بوارەدا زۆر سەركەوتوو بووە. شارەوانیەكانی ژێر دەسەلاتی ئەو پارتە زیاتر رێكخراوو پێشكەوتووترن، خەلكی ئەو ناوچانەش زیـاتر لەگـەل شـێوازی مامەلـەی پارتەكـە لـە كـارگێڕی شـارەوانیەكانو فەرمانگـەكانی دیكـەی حكومـەت ئاسوودەن، بۆسەلماندنی ئەم راستیەش دەنگە بەدەست هاتووەكانی ئاك پارتیە له هەلبژاردنەكان، كە زۆر زیاتر بـوو له دەنگە بەدەست هاتووەكانی پارتی كۆمەلگەی دیمـوكراتی كـوردی. هەرچـۆنێك بـێ پـارتی كۆمەلگـەی دیمـوكراتی دانینا به هەلەكانی كه پارتەكەی ئەردۆگان بۆ بەرژەوەندی خۆی قۆسـتوونەتییەوە، بەلێنیشـدا لـە هەلبژاردنـەكانی داهاتوو هەلەكان راست بكاتەوە.

ئێسـتا پـارتی دادو گەشـەپێدان ئامانجیـەتی لـە هەلبژاردنـەكانی داهـاتووی 2009 دەسـت بەسـەر زۆربـەی شارەوانیەكان بەتایبەتی شارەوانی دیاربەكر، كه بەگەورەترین شـاری كـوردیو قـەلای لایـەنگرانی پـارتی كرێكـارانی كوردستان دادەنرێ دابگرێ. لەم بارەیەوە ئەردۆگان ئارەزووی خۆی بۆ دەست بەسەرداگرتنی دیاربـەكر نەشـاردەوە، وەكـو یەكـەم كاردانـەوەش لەبەرامبـەر ئارەزوەكـەی ئەردۆگانـدا سـەرۆكی شـارەوانی شـارەكە عوسمـان بایـدەمیر، كـه هاوكات یەكێكه له سەركردە دیارەكانی پارتی كۆمەلگەی دیمـوكراتی بـە تونـدی وەلامـی ئـەردۆگانی دایـەوەو گـوتی: "كـورد بـۆ پارێزگـاریكردن لـە پۆسـتی كـارگێڕی شـارەكە، بەهـەموو شـێوەیەك ئامادەیـە بـۆ رووبەڕووبوونـەوەی هەلبژاردنەكان". هەر بۆ زانیاری بەهۆی ئەوەی سـێ سـكالای یاسـایی لـە دژی بەرزكراوەتـەوە، حكومـەت لـە هـەولی دەستگیركردنی بایدەمیردایە، بە بیانووی ئەوەی بە بۆنەی جەژنەوە پیرۆزبایی بەزمانی كوردی بۆ خـەلك نـاردووە. ئێمە نازانین، بەلام ئەوانەی بەرگری له ئەردۆگانو دەروێشەكانی دەكەن، دەزانن ئاك پارتی چـۆن پیـادەی سیاسـەت دەكاتو له واقیعیشدا ئەمە حالیەتی؟

وەكو هەولێك بۆ لاوازكردنی پارتی كۆمەلگـەی دیمـوكراتیو راكێشـانی دلـی دەنگـدەران بـۆلای خـۆییو پێـدانی پارە بە مەبەستی كڕینی دەنگەكانیان، ئاك پارتی چەند رێگەیەكی گرتۆتە بەر كە ئەمانەی خوارەوەن:

**یەكـەم:** بڕینـی پاداشـت، هاوكارییـە داراییـەكان، دواخسـتنی مووچـەی فەرمانبـەرانو كرێكـارانی شـارەوانیە كوردیەكان، بە مەبەستی فشار خستنە سەر جەماوەری پارتی كۆمەلگەی دیموكراتیو دروسـت كردنـی دۆخێكـی نارەزایی دژی پارتەكە لە نێوندی جەماوەری خۆیدا؟

**دووەم:** كردنـەوەی چـەند بـانكێكی لۆكـالی كـە لەلایـەن ئـاك پارتیـەوە چ راسـتەوخۆ یـاخود لـە رێگـەی گرووپـەكانی رێبـازی نەقشبەندیەوە لەناوچـە كوردیـەكان دامەزرێنـدراون، ئـەم بانكانـە قـەرزی ئاسـان بـە هەزاران كەس له خێزانە هەژارەكان دەدەن، ئەمەش واتای بەستنەوەی بـژێویو ژیـانی ئـەم خێزانانەیـە بـە بانكەكانو خودی ئاك پارتی، دواتریش بەهۆیەوە دەتوانێ بەسەر هەلوێستو بڕیارەكانیان زال بێ.

**سێیەم:** دروستکردنی کۆسپ‌و تەگەرە لەبەردەم کارەکانی ئەو شارەوانیانەی لە ژێر دەسەڵاتی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیدان، لەناویشیاندا بەرتەسککردنەوەی دەسەڵاتی سەرۆکی شارەوانیەکان‌و بەرزکردنەوەی سکاڵای یاسایی دەرهەق بە هەریەکێکیان بە تۆمەتی پشتگیری کردنیان لە پارتی کرێکارانی کوردستان. حکومەتی ئاك پارتی بە ئاشکرا لە هەوڵی راوکردنی سەرۆکی شارەوانیەکان دایە، بۆ نموونە کاتێك باسی پرسی کورد دەکەن بە وشەی بەرێز ناوی ئۆجەلان دەهێنن‌و لە بۆنە گشتیەکان بەزمانی کوردی قسەدەکەن، بەو هۆیەشەوە راستەوخۆ رووبەڕووی دادگاکان دەکرێنەوەو دواتریش رەوانەی زیندانەکان دەکرێن.

**چوارەم:** زۆربەی دەنگی هۆزەکانی سەر بە پاسەوانەکانی گوندەکان کە لەدژی چەکدارە کوردەکان دەجەنگن، بۆ بەرژەوەندی ئاك پارتی دەگەڕێتەوە، بەهۆی ئەوەی پارتی فەرمانڕەوای دەوڵەتە. لەناوچەکانی کوردستانی تورکیا زۆر هۆزی گەورەی بەکرێگیراوی دەوڵەت هەیە، بەهۆی پێدانی زانیاری لەسەر شوێن‌و پێگەی چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان لەکاتی پرۆسە سەربازیەکان پارە وەردەگرن.

بە کورتی پارتی دادو گەشەپێدان دەیەوێ کورد گەردن کەچ بکات، لەرێگەی برسیکردن‌و دوورخستنەوەی لە پارتی کرێکارانی کوردستان لەمیانی ئاراستەکردنی لێدانێکی کوشندە، کە لە پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی دەدا. بۆ ئەم مەبەستەش لەگەڵ سوپا رێکدەکەوێ بە ئامانجی کوشتن‌و سەربڕینی کوردانی ئۆجەلان بەرامبەر بە لە باوەشکردنی کوردانی ئەردۆگان‌و کڕینی دەنگەکانیان‌و دابەشکردنی خواردن‌و جل‌و بەرگ بەسەریانداو بەرامبەر دوورکەوتنەوەیان لە پارتی کرێکارانی کوردستان. چەند جارێکیش دووبارەمان کردۆتەوە، کە پەکەکە بەکارێکی لەم شێوەیە رازینیەو رێگەش بە هەر کارێکی لەم جۆرە نادات، بەتایبەت هێزێکی وەکو پەکەکە خاوەنی ئەزموونێکی زۆرە، بۆ شەڕکردن لەگەڵ دامەزراوەکانی دەوڵەتی تورکیا، لەم پێناوەشدا جارێکیان توانی شکست بە هاوپەیمانێتی پۆڵاییینی نێوان حکومەتەکەی (تانسۆ چیلەر)و دامەزراوەی سەربازی بەسەرکردایەتی ژەنەڕاڵ (دۆگان گورۆش) بێنێ.

# بەشی دەیەم

## دەستپێشخەری پرسی کورد لەلایەن ئاك پارتی لە تورکیا، 2010-2009

**د. عوسمان عەلی**

سەرەڕای ئەوەی حکومەتەکەی پارتی دادو گەشەپێدان لە تورکیا[108] لە دەیەی رابردوو توانی زۆرێك لە کێشەکانی سەردەمەکانی پێش خۆی بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە چارەسەر بکات، بەڵام هێشتا دۆزی کورد بەگەورەترین دۆزو ترسناکترین بەرەنگاری بەردەم ئەم حکومەتە دادەنرێ. لە پێنجی ئایاری 2009 سەرۆك کۆماری تورکیا عەبدوڵڵا گوڵ رایگەیاند: "هێشتا پرسێك هەیە بە هەر ناوێك لە ناونانی تیرۆر یاخود پرسی باشووری رۆژهەڵات یا پرسی کورد ناو دەنرێ، پرسی ژمارە یەکەو پێویستە چارەسەر بکرێت... هەموو لایەکیش رەهەندە ترسناکەکانی ئەم کێشە هەست پێدەکەن... بۆیە نابێت هەلی چارەسەرکردنی لە دەست بدرێ".

تا ئێستا هەردوو لایەنی پارتی دادو گەشەپێدانی فەرمانڕەواو بەرهەڵستکاری کوردی کە پارتی کرێکارانی کوردستان نوێنەرایەتی دەکات[109] نەیانتوانیوە بگەنە رێککەوتنێك بۆ یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییەکان. لە 2009 هەر یەك لە سەرۆکی تورکیا عەبدوڵڵا گوڵو سەرۆك وەزیران رەجەب تەیب ئەردۆگان ئاماژەیان بە ئەگەری ئەنجامدانی دەست پێشخەری پرسی کوردیدا، بەلای چاودێرانەوە پرۆژەیەکی گرنگە بۆ چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد لە مێژووی هاوچەرخی تورکیادا. لەگەڵ ئەوەی دەست پێشخەرییەکە وردەکارییەکانی روون نەبوونو شاراوەیی تێدا بوو، بەڵام ئامانجی سەرەکی بریتی بوو لە: راگرتنی ئەو پشێوییە درێژخایانەی ماوەی چەندین ساڵە تورکیای تەنیوە، لە سەرەتادا لەلایەن بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی تورکی پشتگیری لە پرۆژەکە کرا، بەڵام دوای ئەوەی حکومەتەکەی ئاك پارتی بەشێکی وردەکارییەکانی پرۆژەکەی ئاشکرا کردوو دواتریش لە پەرلەمان گفتوگۆی لە سەر کرا، ئەمجارەیان لەلایەن زۆرێك لە بەرهەڵستکارانو رەخنەگرانی نێوەندی کەمالی، چەپو راستو سوپاوە بەچاوێکی سووك خوێندنەوەی بۆ کرا، ئەمەش بووە هۆی راوەستانی پرۆژەکەو هەڵگرتنەوەی لە شوێنی خۆیدا.

---

(108) See.Changing Perspectives on Islamism and Secularism in Turkey: the Gülen Movement and AK،PART،p.1.) the،http://www.setav.org/ups/dosya/28015.pdf ; M. Hakan Yavuz; John L. Esposito (eds.) (2003)، Turkish Islam and the Secular State: The Gülen Movement، Syracuse، N.Y.،pp.21-24 ; Alev Cinar، Modernity، Islam، and secularism in Turkey، Minneapolis. Uin. Of Minnesota press، 2005.

(109) Ed. Nationalism and Politics in Turkey: Political Islam، Kemalism، and the Kurdish Issue". (New York: Rutledge ،2011" ; Nihat Ali Özcan،p KK (Kurdistan İşçi Partisi): ، Tarihi، İdeolojisi ve Yöntemi Yayinevi: Asam Yayınları " 1999 ، C Gunes ، Kurdish Politics in Turkey: Ideology، Identity and Transformations - Ethnopolitics، 2009 - Taylor & Francis). Aliza Marcus Faith and Belief: The PKK and the Kurdish Fight for Independence (New York، 2007)، pp. 38-39.

ئەم توێژینەوەیەی بەردەستت هەوڵ دەدا چارەسەری ئەو پرسانە بکات، کە تا ئێستا لە نێوان حکومەتو پارتی کرێکارانەوە بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوە، هەروەها توێژینەوەیەکە تاوتوێی هۆکارە شاراوەکانی پشتەوەی ئەو دەست پێشخەرییەی حکومەت دەکات، لەگەڵ هۆکارەکانی سستی حکومەت لە جێبەجێکردنی پرۆژەکەداو بە دواداچوونێکی تێرو تەسەلیش دەکات، لە سەر رێگاکانی بەردەم زیندووکردنەوەی دەست پێشخەری پرسی کوردیو قسەکردنو توێژینەوە لە سەر چۆنییەتی داڕشتنی میکانیزمی یەکلاییکردنەوەی دۆزی کورد لە تورکیا، دواتریش بۆ سوود وەرگرتن تیشك دەخاتە سەر ئەزموونی دۆزی بەریتانی لە مامەڵەکردنی لەگەڵ کۆماری ئێرلەندا، وەکو نموونە بۆ چارەسەرکردنی ململانێ نەتەوەییەکان.

زۆر بارودۆخی مومکینو واقیعی ناوخۆییو دەرەکی هەیە، بۆ چارەسەکردنی پرسی کورد بە شێوەیەکی ئاشتیانە، بەڵام پێویستی بە توانای ئازایەتیو ئیرادەی بەهێزو بینینی حەکیمانەیە، پێویستی بەدەستتێوەردانی ئەرێنی لایەنی سێیەمو ئامادەیی هەموو لایەك هەیە. لە کۆتاییەکانی 2009وە باکووری کوردستان کە دەکاتە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا ململانێیەکی گەورەی بەخۆوە بینوە، دواتر ئەگەری ئەوەی لێدەکرێ رەنگدانەوەی هەرێمایەتی تێدا دروست بێ، ئەگەر ململانێکە چارەسەر نەکرێتو درێژە بکێشێو لە بەرامبەریشدا هیچ دەست پێشخەرییەك بۆ چارەسەکردنی پرسەکە ئەنجام نەدرێ، بەڵام بە بۆچوونی ئێمە ئەم ململانێیە درێژە ناکێشێ، وەکو ئەوەی لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو دروست بوو، هۆکارەکانیش بۆ ئەم چەند خاڵەی خوارەوە دەگەڕێتەوە:

**یەکەم:** بە باوەڕی حکومەتو بەشێکی بەر فراوانی گەلی تورکیا شەڕی پارتی کرێکاران زۆری خایاندوو کۆسپێکی گەورەشی لە بەردەم وەرچەرخانی پرۆسەی دیموکراسی لەم وڵاتە دروست کرد.

**دووەم:** زیاد بوونی خەرجییەکانی حکومەت لە شەڕی پارتی کرێکاران ئەمەش لە سەر حیسابی کەرتەکانی دیکەی فێربوونو چاودێری تەندروستی هەر بەو هۆیەوە کۆسپ لە بەردەم پلانی گەشەپێدانو بووژانەوەی وڵات دروست بوو.

**سێیەم:** بەجۆرێك لە جۆرەکان لە ماوەی 25 ساڵی رابردوو سیاتەکانی ناوخۆو دەرەوەی تورکیا پەیوەست بووە بە پرسی کورد(110).

**چوارەم:** ململانێکان گۆڕانێکی گەورەیان لە پێکهاتەی دانیشتووانی تورکیا دروست کرد، بەهۆی ئەو جووڵە بەرفراوانەی لەلایەن دانیشتووانەوە روویدا، بەشێوەیەك بەهۆی پرۆسەی بەردەوامی شەڕەکان ملیۆنان کورد لە شوێنی خۆیان ئاوارە بوونو گوندەکانیان لە شارە گەورەکانی کوردستان لە رۆژئاوای ئەنادۆڵ خاپوور کران، دواتر ئەمەش جۆرە ململانێیەکی ئیتنی مەترسیداری هێنایە ئارا، بۆیە ئاك پارتی بە باشی هەست بەو پرسە دەکاتو نایەوێ جارێکی دیکە ئەو هەڵە کارەسات ئامێزانە دووبارە ببنەوە.

**پێنجەم:** دواجار بەردەوامی شەڕو ململانێکان هەل لە بەردەم هێزی دەرەکی دەرەخسێنێ، بۆ دەستپێکردنی شەڕی ئیتنیو ئایینی لە تورکیا ئەمەش نەخوازراوە بەلای حکومەتی ئێستا.

(110) F. Stephen Larrabee، Gonul Tol،" Turkey's Kurdish Challenge"، p،7، www.iiss.org ›... › Survival 2011 › Year 2011 - Issue 4–

**شەشەم:** تا رادەیەکی زۆر حکومەتی ئاك پارتی توانیویەتی سیاسەتی تورکیا لە دەستی سوپا رزگار بکات، بەتایبەت دوای ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی 2011 توانی کۆدەنگییەکی گەورەی نیشتمانی بەدەستبێنێ، بەم پێیەش حکومەت لە ئامادەباشییەکی زۆردایە، بۆ دووبارە زیندووکردنەوەی دەستپێشخەری پرسی کورد ئەگەر بییەوێ.

**حەوتەم:** حکومەتی ئاك پارتی نایەوێ هیچ کۆسپو تەگەرەیەك لە بەردەم بووژانەوەی ئابووریدا دروست بێ لە وەرچەرخاندنی تورکیا بۆ هێزێکی گەورەی ئابووری، هاورێ لەگەڵ بەکارهێنانی قووڵایی ستراتیژیو پێگەی جوگرافیو پاشماوە مێژووییەکەی، کە دەتوانن رۆڵی گەورە لە هەڵکشانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بگێرن.

**هەشتەم:** لە دوای ئەتاتورکو ئۆزال ئەردۆگان بە بەهێزترین سەرۆکی تورکیا دادەنرێ، کە توانیویەتی پاڵپشتییەکی گەورەی نیشتمانی بەدەستبێنێ، لە سیاسەتە بەهێزو ئازاکانی[111] پاشان ئەم پاڵپشتییە گەورەیە هەلێکی دەگمەن لەمێژووی تورکیا لە بەردەم حکومەتی ئاك پارتی بە سەرۆکایەتی ئەردۆگان دروست دەکات بۆ چارەسەکردنی دۆزی کورد بەشێوەیەکی دراماتیکی، ریشەییو راستکردنەوەی هەڵەکانی رابردوو.

لەمبارەیەوە نووسەری گەورەی تورك (مستەفا ئەکیۆڵ) دووپاتی دەکاتەوە، ئاك پارتی کە ئەردۆگان سەرۆکایەتی دەکات تاکە هێزی گەورەیە میکانیزمی رزگار بوون لەم تەنگژەیە دەخاتە روو. هەروەها دەڵێ: "خستنە رووی میکانیزمی رزگار بوون لە تەنگژەکە، یەکێکە لە هۆکارەکان کە متمانەیەکی زیاتر لەلای ئەردۆگان دروست دەکات، بۆ ئەوەی تورکیا پێگەیەکی باشتر بەدەستبێنێ، سەرەڕای رەخنەکانیشم سەبارەت بە زێدەرۆییەکانی بەرامبەر بە رەخنەگرەکانی لە دەزگاکانی راگەیاندن، دەربڕینو تەڤینەوەی تورەییەکانیو شێوازی مامەڵەی سیاسیانەی، بەڵام تا ئێستاش تاکە سەرۆکە کە لە توانای دایە هەندێك چاکسازی لیبراڵی یەکلاکەرەوە بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە دۆزی کوردو جەماوەری کۆنسیرڤاتۆری تورکیاوە هەیە بکات"[112].

**نۆیەم:** گەلی کورد لە تورکیا بەگشتیو گەنجانی رۆژهەڵاتو رۆژئاوای تورکیا بەتایبەتی، دوو واقیعن لە ژێر کاریگەرییەکانی بەهاری عەرەبیدان، هەروەها دەستکەوتەکانی کورد لە بزاڤی نەتەوەیی لە کوردستانی عێراق رێگە بە چارەسەکردنی سەربازی نادەنو رازیش نابن لە رێگەی زۆرداریو سەرکوتکردنەوە وەکو ئەوەی پێشتر روویاندا دووبارە ببێتەوە. زانراویشە گەنجانی کورد بە سیاسی کراون بە رادەیەکی زۆریش هەست بە زیان بەرکەوتنو دابڕان دەکەن لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا، بۆیە ئەمڕۆ ئەم گەنجانە هۆشیارن سەبارەت بە پرسی شووناسو مێژووی لەگۆڕنراوو زیندە بەچاڵکراوی نەتەوەیی خۆیان. هەروەها درێژبوونەوەی ململانێکان دۆخێکی زیاتری شەڕو توندو تیژی لە سەرتاسەری تورکیا دروست دەکەن، بەشێوەیەك تەواوی ناوچەکە رووبەڕووی ئەگەری ترسناكو ئاگرین دەکاتەوە، لەمەشدا ئاك پارتی تەواو هەست دەکات هەر رووداوێکی لەم شێوەیە زیانێکی گەورە بە دوای خۆیدا دەهێنێ.

**دەیەم:** لە کۆتاییدا تورکو کورد هەردوولا بێزار بوونە لە ململانێو خوێن رشتنی نێوانیان، بۆیە بە بۆچوونی ئێمە ئێستا بارودۆخەکە لەبارە بۆ چارەسەرکردنی پرسەکە، بەشێوەیەکی عەقڵانیو دابینردنی مافە بنەڕەتییەکانی کورد لە سەر بنەمای قۆناخ بەندیو واقیعی بەجۆرێك کە بەلای هەمووانەوە پەسەند بێ.

---

(111) Ahmet Akgül ،BDP'nin Özerklik Ezanı ve T.C'nin Cenaze Namazı، (Istanbul:Togan yayincilik، 2011)،p.499.

(112)Hurriyet daily ، A Morning with Erdogan (on Kurds and more" / 20–04–2010MUSTAFA AKYOL

**پانزەهەم:** سەرەڕای هەڵگیرسانی شەڕی ئێستاکە، کە لەوەتەی ئابی 2009 وە دەستی پێکردووەو تا ئێستاش درێژەی هەیە (لەوەتەی نەورۆزی 2013وە پارتی کرێکارانی کوردستان بە فەرمی ئاگر بەستی ڕاگرتووە، وەکو قۆناغی یەکەمی جێبەجێکردنی پرۆسەی ئاشتی/ وەرگێر) بەڵام پارتی کرێکارانی کوردستان هێزەکەی ماندوو بووە، هەر بۆیە گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی خەباتی چەکداری کۆتایی پێهاتووە، بەڵکو ئێستا شێوازەکانی خەباتو بەرگری گەلانی چەوساوە گۆڕاوە. ئێمەش لەو باوەڕەداین پارتی کرێکارانی کوردستان ئەوانەیشی کە هاوسۆزن لەگەڵیدا گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی خواستتو ئارەزووی جیابوونەوە سوودی نییە.

**دوانزەهەم:** بە پێچەوانەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، بارودۆخی ئابووری پارتی کرێکاران لە قازانجی ئەودا نییە، ئەمەش وا دەکات جووڵەی ئەم پارتە دیاریکراو بێ، لە دە ساڵی ڕابردوو داهاتی ساڵانەی پەکەکە دەگەیشتە 500 ملیۆن دۆلار، بەڵام لە کاتی ئێستادا ڕێژەکە زۆر کەمی کردووە(113).

**سیانزەهەم:** پێچەوانەی نەوەدەکان لە سەردەمی ئێستادا هیچ هۆکارێکی هەرێمایەتیو نێودەوڵەتی پشتگیری خەباتی چەکداری ناکات، لەڕاستیدا پەکەکە زیانێکی زۆری بەرکەوت، لە وەرگرتنی پشتگیری سەربازی هەرێمایەتی بەتایبەت لەلایەن حکومەتی سوریاوە، بۆ نموونە بە گوێرەی پرۆتۆکۆڵێك کە لە ساڵی 1987 مۆرکرا، حکومەتی سوریا پشتگیری پەکەکە دەکات، لە بەرامبەر گەرەنتییەکانی ئاوی تورکیا. بەڵام سەرەڕای پابەند بوونی هەردوولا بەو پرۆتۆکۆڵە لە کاتێکی دیکەدا پەکەکە شوێنی خۆی بۆ دۆڵی بیقاع لە خاکی لوبنان دەگوازێتەوە، هەر بۆیە لە نەوەدەکاندا سوریا وەکو چاودێر بە سەر چالاکییەکانی پەکەکە دەمێنێتەوەو چالاکییەکانی وەکو ئامرازێك بۆ کۆسپ دروستکردن لە بەردەم گەشەی هایدرۆلۆژی تورکیا بەکاردەهێنێ. دواتر لە ئۆکتۆبەری 1998 پەرلەمانی تورکیا هۆشداریدایە دیمەشقو داوای ڕاگرتنی هاوکاریو پشتگیرییەکانی لێکرد کە بە پەکەکەی دەدا، ئەگەرنا ڕووبەڕووی ئەنجامی خراپ دەبێتەوە. بۆیە لە ژێر ئەم فشارە توندەدا (یاداشتی ئازینە) لە نێوان دیمەشقو ئەنکەرە مۆرکرا، پاشان بەهۆی مۆرکردنی ئەم یاداشتە پەکەکە دۆستە هەرێمایەتیو سەرەکییەکەی خۆی (دیمەشق)ی لە دەستداو یاداشتەکە پاشماوەیەکی قووڵی بەسەر چالاکییە سەربازییەکانی پەکەکە بە جێهێشت، کە بۆ ماوەی چەند ساڵێك وەستا.

## سیاسەتی دوو ئاڕاستەیی:

چاودێرانی ڕووداوەکانی گۆڕەپانی تورکی بۆچوونیان وایە هەر سیاسەتێکی کارا بۆ چارەسەکردنی پرسی کورد لەو وڵاتە پێویستی بە هەردوو ڕەگەزی (بەرگرتنو تەنین)ی توندوتیژییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە هەیە، ئینجا بە هەر میکانیزمێك بێ. هەروەها گرتنەبەری کۆمەڵێك ڕێوشوێنی سیاسی ماوە کورت، بەڵام بۆ ئامانجێکی ماوە درێژ. ئەم جۆرە سیاسەتە دەبێت تێیدا پرسی کورد وەکو پرسێکی ئیتنی، ڕۆشنبیری، یاسایی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووریو دەروونی وەربگیرێ، نەك وەکو کێشەی "تیرۆر" چونکە پرسی کورد بەر لە دروست بوونی پەکەکە، بەڵکو لە ئەزەلو لەگەڵ دایك بوونی نەتەوەی کوردەوە هەیەو کێشەو خواستەکانیشی بەردەوام دەبێت، ئەگەر هەموو پەکەکەش لە ناوببردرێت، بۆیە ئەنجامەکانی ململانێی زیاتر لە سی ساڵی ڕابردوو پێویستیان

(113) Ilan Berman "Water and Turkish Security "12/2/2002، C:_Turkuaz Marketing\clients__TPQ\archive\TPQ 2002 - Vol 1\2002 Vol. 1 N

به چارەسەکردن هەیە، بەتایبەت ململانێ چەکدارییەکانی ئەو ماوە زەمەنییە درێژخایەنە زیانێکی زۆری بە ناوچەکە بەگشتیو کورد بەتایبەتی گەیاندووە. هەروەها زیانێکی زۆری گیانیو مادیش بەر تورکەکان کەوتووە، کە لە ناوچەی کوردی کاریان کردووە، وەکو دەوڵەتی تورکیا شکستی هێناوە لە ئەنجامدانی دەست پێشخەری ئاشتەوایی لەو کاتانەی پەکەکە تێیدا لاواز بووە یاخود لە ماوەی نێوان ئاگر بەستەکەکاندا، هەر بۆیە دەوڵەت زۆر هەلی گرنگی لە دەست چوو، بۆ چارەسەکردنی پرسی کورد تا ئێستاش ئەو پرسە، پرسێکی سیاسییە لە نێوان کوردو دەوڵەت، دواجاریش مەترسییەکان زیاتر دەبنو ململانێکە لەوەی کە لە نێوان دەوڵەتو نەتەوەی کورد دایە، دەبێتە ململانێیەکی سەرتاسەری لە نێوان هەردوو نەتەوەی تورکو کورد لە تورکیا.

## ئاڕاستەی یەکەم:

## بەرگرتنو تەنینی توندوتیژییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان

پێویستە پارتی کرێکارانی کوردستان سنووردار بکرێتو بە هەموو میکانیزمێك بەر لە سیاسەتە توندەکانی ئێستای بگیردرێ، بۆ ئەم مەبەستەش ئەولەوییەت لەلایەن پارتی دادو گەشەپێدانی فەرمانڕەوایە، جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە تەنیا لە بەکارهێنانی میکانیزمی سەربازی کورت نابێتەوە، بەڵکو پێویستە ئەم سیناریۆیانە لە بەرچاو بگیردرێن:

1- حکومەت بەردەوام بۆ راگرتنی توندو تیژییەکانی پەکەکە پەنای بردۆتە بەر چارەسەری سەربازی، بەڵام تاقیکردنەوەی ئەم چارەسەرییە لە رابردوودا سەلماندوویەتی کە زۆر کەم و کوڕیو ناتەواوی تێدایە، لەگەڵ ئەمەشدا حکومەت لە وەتەی دروست بوونی پەکەکە لە ساڵی 1984وە بەردەوام ئەم رێگەی گرتۆتە بەر، کە لە راستیدا لایەنی نەرێنی زۆری تێدایە لەوانەش نکوڵی کردن لە بوونی پرسی کورد، لە چوارچێوەدانی پرسی کورد بەگشتیو لکاندنی بە تیرۆری پارتی کرێکارنی کوردستان، دابینکردنی سەرچاوەی مرۆیی، سەربازیو داراییەکی زۆر بۆ ناوچەکە، پڕکردنی باشووری رۆژهەڵاتی وڵات بە هێزێکی زۆر، ئەنجامدانی چەندین هێرشی ماوە کورتو درێژ لە سەر سنووری باکووری عێراق، راگەیاندنی باری نا ئاسایی لە ناوچەکەدا، پێدانی دەسەڵاتێکی بێ سنوور بە دەزگاکانی ئاسایش لە پارێزگاکانی باشووری رۆژهەڵات، تێکدانو وێرانکردنی گوندەکانو کۆچپێکردنی زۆرەملێی گوندنشینەکانو پێڕۆکردنی سیاسەتی نهێنی بۆ لەناوبردنو بەرەنگاربوونەوەی هەر بزاڤێکی هەڵگەڕاوە لە ناویشیاندا تیرۆرکردنی چاڵاکوانانی کوردو پڕچەککردنی میلیشیاکان. حکومەت تا ئەو پەڕ هەموو ئەم رێوشوێنانەی گرتۆتە بەر، بەڵام دواجار زوو یا درەنگ هەموو ئەو کارەساتانە بە زیانێکی گەورە بە سەر تورکیا شکاوەتەوە.

2- پێویست نییە جارێکیتر بە درێژی بگەڕێینەوە سەر رووداوە سەربازییەکانی رابردوو، کە شکستێکی گەورەیان دروست کرد، لە چارەسکردنی پرسەکە، بەڵام ئەوەی جێگەی باسە تا ئێستا پارتی کرێکارانی کوردستان هەیەو خاوەنی لۆبییەکی بەهێزی 36 پەرلەمانتارییە لە ناو پەرلەمانی تورکیا، لەلایەکی

دیكەوە لە رووی رێكخستنی سەربازی خاوەنی چالاكییەكی زۆرە لە قەندیل لە باكووری عێراقو ناوچە گوند نشینەكانی باشووری رۆژهەلاتی ولات، هەروەها بوونی بەهێزیشی هەیە لە باكووری سوریاو خاوەنی بەهێزترین دەزگای راگەیاندنە بەتایبەت، كە خاوەنی چوار كەنالی ئاسمانیو دەیان گۆڤارو رۆژنامەیە. راستییەكەی هەر گوندێك یاخود هەر شارەدێیەك لە باشووری رۆژهەلاتی ولات بریتییە لە: ناوچەیەكی سەربازی، ئەمەش بەلگەیە لە سەر ئەوەی لایەنی ئەمنی ناتوانێ چارەسەری ململانێكان بكات، لەڕاستیدا پەكەكە كۆپیەكی خۆی لە ئێران بە ناوی پارتی ژیانی ئازاد "پژاك"و لە سوریا پارتی یەكێتی دیموكراتی كە هیچیان نفوزیان لەوەی توركیا كەمتر نییە دروست كردووە، بۆیە لە سەر حكومەتی پارتی دادو گەشەپێدان پێویستە سیاسەتە شكست خواردووەكانی حكومەتەكانی پێش خۆی دووبارە نەكاتەوە، چونكە دەبێتە هۆی درێژبوونەوەی ماوەی ململانێكانو ئالۆزبوونی زیاتری بارودۆخەكە.

3- زیاتر لەمانە بژاری سەربازی سەرچاوەو داهاتی زیاتری دەوێت، بۆسەر خستنی پرۆسەكانی، بۆیە توركیا پێویستی بەو سەرچاوانە هەیە بۆ پێڕۆكردنی سیاسەتی گەشەپێدانو بوژانەوە، زیاتر لەمەش چارەسەری سەربازی ئالۆزیو پشێوی زیاتر لە باشووری رۆژهەلاتی توركیا دروست دەكات، هەروەها بەهۆیەوە ئاستی ئالۆزییەكانی لەگەل حكومەتی هەرێم، كە بە دلنیاییەوە هاوپەیمانی پەكەكە نییە روو لە زیاد بوون دەبێ. دواجار پێڕۆكردنی چارەسەری سەربازی دەبێتە هۆی وروژاندنی زیاتری ململانێكانی نێوان توركو كورد، لە كۆتاییشدا هەلوێستی نێوان سوپاو پارتی كاری نەتەوە، كە پارتێكی نەژاد پەرستی توركییە پتەوتر دەكات.

4- مانای وانییە ئێمە داوای هەلوێستێك بكەین، تێیدا دەستی پارتی كرێكارانی كوردسان كراوە بێت، بۆ كوشتنی سەربازانی توركیاو دروست كردنی وێنایەك بۆ پارتی دادو گەشەپێدان بەوەی توانای رووبەڕووبوونەوەی بەرەنگارییەكانی نییە، بەلكو بە باوەڕی ئێمە بژاری سەربازی چ لەلایەن حكومەت یاخود پەكەكە ئەنجام بدرێ، ئامانجی ئەرێنی بە دوای خۆی ناهێنێ، چونكە لە رابردوودوا لە هەر شوێنێكی سەر ئەم زەمینە چارەسەری سەربازی نەبووەتە هۆی یەكلایی كردنەوەی ململانێ ئیتنییەكان. بۆیە هەر یەك لە حكومەتو پەكەكە رووبەڕووی تەنگژەیەكی راستەقینە بوونەتەوەو پێویستی بە چارەسەركردن هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت ئەم داخوازیانە لە بەرچاو بگیردرێن:

أ- لە سەر ئاستی ناوخۆیی، دروستكردنی چوارچێوەیەكی گشتگیر هاوشێوەی لیژنەی ئاشتەوایی بۆ بەرەنگار بوونەوەی بەرزبوونەوەی ئاستی كردەوە توندو تیژەكانو پرسی پەكەكەو پرسی كورد بەگشتی پێویستە. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە لیژنەیەكی پەرلەمانی بێت نەك حیزبی بە ئامانجی خستنە رووو پێشكەشكردنی راوێژ بە حكومەتو سوپا بە باشترین سیاسەت، كە لە سەرییەتی بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو تەنگژەی ئێستا، ئەمەش هەستێك لەلای توركەكانو كوردەكان دروست دەكات، كە حكومەت دەیەوێ پرسی كورد بە جددی وەربگرێ، دواتریش رێگە لە بەردەم ئۆپۆزسیۆن دەگرێ، لە قۆستنەوەی تەنگژەكە بۆ بە دەستهێنانی دەستكەوتە سیاسییەكان. لەگەل ئەوەی پێكهێنانی لیژنەیەكی لەم شێوەیە رێگایەكی نوێیە بۆ چارەسەكردنی كێشەی ناوخۆیی سیاسەتی توركیا، بەلام رێگەیەكی سوودمەندو پێڕۆكراوە لەلایەن زۆرێك لە حكومەتەكان، بەتایبەت ولاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا زیاتر بۆ چارەسەركردنی پرسە گرنگەكان لە ناویشیاندا پرسە نیشتمانییەكان ئەم رێگایە بەكار دەهێنێ.

ب- پێویسته بۆ چارەسەکردنی ئەم پرسه دەسەڵاتی رەها به سوپاو فەرمانده تەقلیدییەکانی ناو سوپا نەدرێ، چونکه له رووی مێژووییەوه سەلمێنراوه هەر کارێکی لەم شێوەیه رووداوی کارەسات ئامێز به دوای خۆیدا دەهێنێو دەبێته هۆکارێکیش بۆ دوورکەوتنەوەو نامۆبوونی زیاتری نێوان کوردو تورك، هەروەها دەبێت رەچاوی ئەمەش بکرێ، هەم لەناو سوپای تورکیا هەم له ناو پارتی کرێکارانی کوردستان هەندێك کەس هەن بەرژەوەندیان لەوەدایه شەڕەکه درێژه بکێشێ.

ج- پێویسته گوتاری نەتەوەیی تورکو ناوەڕۆکه نا شەرعییەکەی، که رەنگدانەوەی گوتاری دامەزراوەی ئەمنیو سەربازییه بگۆڕدرێ، لەگەڵ بەردەوامی دادگاییکردنی ئەندامانی ئەرگەنەکۆنو دەستگیرکردنی ژەنەڕاڵه پایه بەرزەکانی سوپا ئەوانەی له تاوانەکانی شەڕ له ناوچه کوردییەکان تێوەگلاون. سەرەڕای بوونی رەخنەی زۆر له دژی دادگاییکردنی ئەندامانی ئەرگەنەکۆن، بەڵام وەکو دەردەکەوێ کۆتایی بەو گوتاره نەتەوەییه هاتووه، که کاریگەری نەرێنی به سەر ئەندامانی توندڕۆی سوپاو چەپی توندڕۆوه له نموونەی فەیلی کوچەك، سینەر، دۆگۆ برێنگیكو هۆریست تۆلۆن هەبووه. کەمال پۆرکای سەرۆکی پێشووی پارتی سۆسیالیستی کوردستانی ئاماژه به کاریگەرییه نەرێنییەکانی ئەرگەنەکۆن دەکات، له هەڵگیرسانی ململانێکان له باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا. له راستیدا ئەرگەنەکۆن وەکو چەکێك بەکار دەهێنرا بۆ دژایەتیکردنی بزاڤی کوردی به ئامانجی مانەوەی دۆخی نالەباری تورکیا(114).

د- بێگومان سەلمێنراوه پەنا بردنه بەر چارەسەری سەربازی بۆ رووبەڕووبوونەوەی پەکەکە هیچ سوودێکی نییه، بەڵکو پرۆسەی دیموکراسی راستەقینه له تورکیا دوا دەخات، هەروەها دەبێته هۆی دووباره کارکردن به یاسای باری نا ئاسایی له شاره کوردییەکان، بۆ نموونه کارکردن بەم یاسایه لەلایەن چەند فەرمانگەیەکەوه پێشنیاز کرا، پاشان یاساکه دەچێته بواری جێبەجێکردنو دواتر لەگەڵ خۆیدا کاردانەوەی نەرێنی دەهێنێ، ئەم کاردانەوه نەرێنیانەش له بەرژەوەندنی کۆمەڵه کەسێکدایه، که خوازیارن شەڕ دژی پارتی کرێکارانی کوردستان درێژەی هەبێ، بۆ ئەوەی له بنەڕەتدا شەڕی کوردی پێبکەن، هەر لەمبارەیەوه سەرۆك وەزیران ئەردۆگان دەڵێ: "هەندێك ناوەندو فەرمانگەی هاوبەش له نێوان کوردو تورکدا هەن بوونەته مشەخۆرو له سەر خوێنی شەهیدەکان دەژینو له گەشەکردندان"(115).

هـ- وەکو زانراوه چارەسەری ئەمنیو سەربازی پێویستی به دامەزراندنی هێزی تایبەتو پێدانی دەسەڵاتی زیاتر به پۆلیسی ناوخۆو پێکهێنانی هێزی میلیشیای ناوخۆیی kurucu هەیه، بۆیه حکومەته یەك لەدوا یەکەکانی پێشوو هەموو میکانیزمێکیان تاقیکردەوه بۆ دانانی سنوورێك له بەردەم کێشەی پاتی کرێکارانی کوردستان، بەڵام بێئاکام بوو.

له واقیعدا پێکهێنانو دامەزراندنی هێزی تایبەت پێویست نیه، بەڵکو پێویسته پردی پەیوەندی له ناوچه زیان لێکەوتووەکان لەگەڵ کورد ببەسترێ. هەروەها پێویسته حکومەتی دادو گەشەپێدان هەڵبستێ به ئەرکی

(114)Does the Democratic Initiative Undermine the Ergenekon Process؟
www.todayszaman.com/newsDetail_getNewsById.action…"

(115). www.todayszaman.com/newsDetail_getNewsById.action…"

هۆشیارکردنەوەی خەڵکی کورد، کە شەڕ لەم ناوچانەدا شەڕکردن نییە لەگەڵ کورد، هەروەکو پێویستە جەخت لە سەر مەرجەعییاتە هاوبەشەکانی ئایین، مێژووو چارەنووسی هاوبەش بکرێتەوە، نابێ لە یاد بکرێ ئایین ناتوانێ ڕۆڵی کارای هەبێ ئەگەر خەڵك رووبەڕووی چەوسانەوەو ترساندن ببنەوە لەلایەن هێزە تایبەتەکانو دەزگا ئەمنییەکانی دیکە، کە پێشتر کەسانو ئەندامانی چەپی دژ بە کوردیان وەکو سەرباز لە ناوچە کوردییەکان دادەمەزراندووە. هەروەها ئەگەر مەرجەکانی دەستپێشخەری کوردی لە ئاستی ڕاگرتنی پرۆسەکان نەبێ، ئەوکات بانگهێشەکردن بۆ برایەتی کوردو تورك کە حکومەت داوا دەکات هیچ ماناو ناوەرۆکێکی نابێت. لە بەرامبەر ئەمەدا لە رابردوودا پاسەوانی گوندەکان وەکو گرووپێکی بەکرێگیراو بە ئامانجی یەکلاییکردنەوەی ململانێ خێڵەکییەکان بە ڕێگەیەکی نا یاساییو بەدەستهێنانی دەستکەوتی بەرژەوەندیە کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکان رەفتاری خراپیان لەگەڵ خەڵکی ئەم ناوچانە کردووە، ئەمەش کاردانەوەی نەرێنی بە سەر سەقامگیری ناوچەکەدا جێهێشتووەو بووەتە هۆی ئاڵۆزبوونی زیاتری کێشەکە. جێی ئاماژەیە لە رابردوودا پاسەوانی گوندەکان سەرچاوەیەکی گرنگ بووە بۆ گواستنەوەو بەتاڵان بردنی چەك بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان.

و- کەس ناتوانێ ئەو ئەگەرە بە دوور بخاتەوە، کە هەندێك لە نێوەندی ئیدارەی ئەمەریکاو بەکرێگیراوانی مۆساد لە عێراق، بە ئاگاداری یاخود بێ ئاگاداری سەرۆکەکانیان هاوکارییەکانیان پێشەکەش بە پارتی کرێکارانی کوردستان دەکەن. هەڵکشانە سەربازییەکانی ئەم دواییەی پەکەکە هەروا ڕێککەوت نەبوو، بەڵکو هاوکات بوو لەگەڵ هەڵکشانی ئاڵۆزییەکانی نێوان تورکیاو ئیسرائیل.

ن- پەیوەندییەکانی ئێستەی نێوان حکومەتی تورکیاو هەرێمی کورستان لەو پەڕی باشیدایەو پێویستە بەشێوەیەکی کارا سوودی لێوە ببینرێ، لەو هەوڵانەی دەدرێن بۆ بەرگرتنو تەنینی پەکەکە، بۆ ئەم مەبەستەش حکومەتی تورکیا پێویستە رەچاوی ئەم تێبینیانە بکات:

1- هەر یەك لە بەڕێزان جەلال تاڵەبانیو مەسعود بارزانی بەهۆی کۆمەڵێك هۆکار لەژێر فشارێکی زۆری ناوخۆییدان، بۆیە لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی توندو تیژییەکانی نێوان ئەنکەرەو پەکەکە ناتوانن هەموو هاوکارییەکی راشکاوانە پێشکەشی حکومەتی تورکیا بکەن، بەتایبەت دوای دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن بەتایبەتریش بزووتنەوەی گۆڕان، کە جۆرە هاوسۆزییەکی لەگەڵ پەکەکە هەیە، بەم هۆیەوە سەرکردەکانی کورد ناتوانن بەبێ مەرج تەواوی هاوکارییەکانیان پێشکەشی ئەنکەرە بکەن، بۆیە هەر داخوازییەکی راستەوخۆ لەلایەن ئەنکەرەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی پێشکەشکردنی هاوکاریو پشتگیرییەکان سوودی نابێ.

2- حکومەتی تورکیا داواکراوە بە پێڕۆکردنی سیاسەتی هێمنو ڕێگەنەدان بە بەرپرسان بۆ دەرکردنی لێدوانی توندو وروژێنەر، بەتایبەت لەلایەن سەرانی سوپاوە دژی سەرکردەکانی کوردی عێراق، بۆیە لە سەر ئەنکەرە پێویستە تەواو ئاگاداری بارودۆخی ئاڵۆزی هەرێمی کوردستان بێت.

3- باشتروایە ئەنکەرە هەوڵێکی جددی بدات، بۆ دروستکردنی کەشێکی باش، بە مەبەستی ئاگر بەستی هەمیشەیی بۆ سنووردارکردنی پارتی کرێکارانی کوردستان، وە هەر کاتێك پێویست بوو پرۆسەی سەربازی لە سەر سنوورەکان ئەنجام بدرێ، لەسەر هێزە سەربازییەکان پێویستە خۆیان زۆر بە دوور بگرن لە زیان گەیاندن بە دانیشتووانی ناوچەکان، لە حاڵێکیشدا ئەگەر هەر جۆرە زیانێك بەر خەڵكو دانیشتووانی ئەم ناوچانە کەوت، پێویستە حکومەتی تورکیا چارەسەریان بکاتو قەرەبووی زیان بەرکەتووان بکاتەوە.

4 - لەلای خۆیەوە پارتی کرێکارانی کوردستان پێویستی بە بەخۆداچوونەوەیەکی ورد هەیە، سەبارەت بە بژاری سەربازی کە لە کاتی ئێستادا پیادەی دەکات، لەوەتەی نەوەدەکانی سەدەی رابردووەوە تورکیاو جیهانیش گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، بۆیە سەردەمی خەباتی چەکداری بەشێوەیەکی زۆر دیارو گەورە کۆتایی پێهاتووە، لە بری ئەوەشدا سەردەمی خەباتی ئاشتییانەی کاراو بەسوود وەرگرتن لە گۆڕانی شۆرشەکان، کە ئەمرۆکە لە رێگەی دەزگاکانی راگەیاندنەوە ئەنجام دەدرێ شوێنی گرتۆتەوە. باشتروایە ناسیۆنالیزمی کوردی لە رێگەی پرسەکانی دیموکراسیو مافەکانی مرۆڤو بە دوورکەوتنەوە لە ئایدۆلۆژیا تۆتالیتارییەکان بەتایبەت ئایدۆلۆژیای مارکسی کە لەگەڵ بیروباوەڕی کورد لە هەموو پارچەکانییەوە یەکانگیرو گونجاو نییە مەزلۆمییەتی خۆی دەربڕێ. پێویستە پارتی کرێکارانی کوردستان ئامادەیی تەواوی تێدابێ، لە هەر نێواگرییەکی مەعقولو راستگۆ بۆ چوونە ناو ئاگربەستێکی درێژخایەن لەگەڵ حکومەت، هەروەها بەگەڕخستنو تواناداركردنی پارتی ئاشتی و دیموکراتی BDP ی باڵی سیاسی پەکەکە، بۆ ئەوەی لە میانی ئاراستەی ئاشتییانەی سیاسیو یاساییەوە مافەکانی گەلی کورد بەدەستبێنێ. ئەم ئامانجەش بەدی ناکرێ تا هەردوو لایەنی پارتی ئاشتیو دیموکراتیو پارتی کرێکارانی کوردستان نەخشەی سیاسەتێکی روونو ئاشکراو میکانیزمگەلێکی گونجاو پێشکەش نەکەن، بۆ هەلگرتنی زۆرداری لە سەر گەلی کورد بەشێوەیەك هەردوو لایەنی کوردو تورك لە سەری کۆکبن.

## ئاراستەی دووەم:

## کاراکردنی دەستپێشخەری کوردی

### لە دایکبوونی دەستپێشخەری کوردیو پێکهاتەو ناوەڕۆکەکەی

بەر لە راگەیاندنی دەستپێشخەری کوردی سەرۆك كۆماری تورکیا عەبدوڵڵا گوڵ سەردانێکی بۆ باشووری رۆژهەڵاتی وڵات ئەنجامدا، لەم سەردانییەیدا کە لە ناوەڕاستی ساڵی 2004و هاوکاتیش بوو لەگەڵ راگرتنی ئاگربەست لەلایەن پارتی کرێکارانی کوردستانەوە، باسی لەوەکرد تورکیا بەبێ پرسی کورد سەقامگیر نابێ، چونکە تورکیا ماوەیەکی زۆرە بە دەست شەڕی بەردەوامی باشووری رۆژهەڵاتی وڵاتەوە دەناڵێنێ. ئەو گوتارەی گوڵ بووە پاڵنەرێك بۆ حکومەتەکەی پارتی دادو گەشەپێدان، بۆ ئەوەی چارەسەرکردنی پرسی کورد بکاتە ئەولەویاتی کارەکانی خۆی. لە ئابی 2005 سەرۆك وەزیران رەجەب تەیب ئەردۆگان لە سەردانێکیدا بۆ پارێزگای دیار بەکر وتارێکی مێژوویی ئاراستە کردوو، باسی ناوەڕۆکی هێڵە گشتییەکانی پارتەکەی کرد، کە تێیدا رایگەیاند دیموکراسیو پەیوەندییەکانی ئایینی، هاوبەش لە نێوان تورکو کورد دەتوانن ببنە هۆکاری چارەسەرکردنی ململانێی نێوانیان "خۆر هەمووان گەرم دەکاتەوەو بارانیش پێدراوێکی خودایە بۆ هەمووان"، "پرسی کورد

کێشەی منە... بۆیە لە داهاتوودا بە ڕێگەیەکی دیموکراسییانە هەموو کێشەکان چارەسەر دەکەین".[(116)] ئەمانە چەند قسەیەکی ئەردۆگان بوون، لە میانی وتارەکەیدا کە پێشکەشی کرد.

هەروەها لە ناوەڕاستی ئابی 2009 سەرۆك وەزیران بانگەوازێکی مێژوویی ڕاگەیاند، تێیدا داوای لە هەموو لایەك کرد ریزەکانیان یەکبخەن، بۆ کۆکردنەوەی هەوڵەکان بە مەبەستی چارەسەرکردنی پرسی کورد، داوای لە پەرلەمانتارانی تورکیا کرد، باش بیر لە چارەسەرکردنی ئەو پرسە بکەنەوە، لە بەشێکی وتارەکەیدا دەڵێ: "لە بری ئەوەی تورکیا هەموو وزرەو ئەو بودجە گەورەیەی لە بەرەنگار بوونەوەی تیرۆر کە لە ماوەی 25 ساڵی رابردوو بەکاری برد، دەیتوانی لە زۆر پرۆژەی سوودمەند بەکاری بردبایە، هەروەها ئەگەر تورکیا هەموو وزەو بودجە زەبەلاحە بەکاربردووکەی بۆ دژایەتیکردنی تیرۆر بەکار نەهێنابووایە، دەبوو ئێستا لە کوێی پێگەی باڵای خۆیدا بووایە".[(117)]

بە ئاشکرا ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی 2007 دەریانخست کە دەنگدەرەانی کورد رازی نەبوونە بەو چاکسازییە کەمەی لە ناویشیاندا کردنەوەی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی بە زمانی کوردی کە حکومەتی دادو گەشەپێدان ئەنجامی دابوو، بۆیە چاکسازییە کەمەکانی دادو گەشەپێدان دەنگدەری کوردی بێ هیوا کرد لە وەڵامدانەوەی خواستی ئۆتۆنۆمی رۆشنبیریو سیاسیو کۆتایی پێهێنان بە یەکلاییکردنەوەی شەڕو ململانێی چەکداری لەلایەن دادو گەشەپێدانەوە. لە سەر بنەمای ئەم هەڵوێستەی دەنگدەرانی کورد حکومەتەکەی ئەردۆگان دێت پرۆسەی "کرانەوەی دیموکراسی بە رووی کوردا" رادەگەیەنێ بۆ ئەوەی دڵسۆزانەتر چەند رێوشوێنو گۆڕانکارییەك لە پرسی کورددا بگرێتە بەر، بۆ ئەو مەبەستەش حکومەت لە رێگەی پرۆسەیەکی دیموکراسیانە دەستی کرد، بە چاکسازی سیاسی بۆ ئەوەی لەگەڵ پێوەرەکانی یەکێتی ئەوروپا بگونجێ، بە مەبەستی وەرگرتنی لە یەکێتییەکە.[(118)]

دەستپێشخەرییە راگەیاندراوەکەی ئەردۆگان لە بەهاری 2009، یەکەمین دەستپێشخەری لەم شێوەیە نییە، بەڵکو لە 1991 سەرۆك وەزیرانی پێشووی تورکیا سلێمان دیمریل گوتی: "بەبێ نکوڵی کردن دان بە بوونی واقیعی کورد دادەنێم لە تورکیا". دواتر پاش دوو ساڵ لە لێدوانێکدا تانسۆ چیلەر میراتگری دیمریل رایگەیاند لێکچوونێکی نزیك لە نێوان نموونەی باسك لە خۆبەڕێوەبردن وەکو هەرێمێك لە چوارچێوەی ئیسپانیاو پرسی کورد لە تورکیادا هەیە. هەروەها لە 1999 لە کاتێکدا تورکیا لە هەڵمەتی خۆ کۆکردنەوە بوو، بۆ چوونە ناو یەکێتی ئەوروپا، سەرۆك وەزیرانی ئەو کات مەسعود یەڵماز رایگەیاند: "گەیشتن بە یەکێتی ئەوروپا لە رێگەی دیار بەکرەوە دەبێ".[(119)] بەڵام دەرەنجام بە پێچەوانەوە هیچ یەکێك لەم لێدوانە دڵخۆشکەرانەی سەرانی دەوڵەتی تورکیا ئەنجامی ئەرێنیان لێنەکەوتۆوەتەوە.

---

(116) Murat، Evangelos G. Liaras، "Turkey’s New Kurdish Opening: Religious Versus Secular Values"، Middle East Policy، Vol. XVII، No. 2، Summer 2010،p.152

(117) Today’s Zaman، August 12، 2009

(118) “Road Maps” and Roadblocks in Turkey's Southeast. by Andy Hilton ، Marlies Casier ، Joost Jongerden | published October 30، 2009 ، www.merip.org/mero/mero103009

(119) Nationalisms and politics in Turkey: political Islam، Kemalism،Marlies Casier ،Joost Jongerden – 2011 ، p102.

بەڵکو لە بەرامبەردا بۆ رازیکردنی سوپا حکومەتەکانی پێشوو بەردەوام سیاسەتی نکوڵی کردنیان لە بوونی کورد پێڕۆ دەکرد. لە یەکەمین وتاری خۆیدا کە وەك سەرۆك وەزیرانی نوێ پێشکەشی کرد، ئەردۆگان ژاوەژاوێکی هاوشێوەی نایەوە، کاتێك لە ئابی 2005 دانی بە پرسی کورد داناو داوای چارەسەرکردنیشی کرد لە سەر بنەمای کۆماری دیموکراتی یاخود کە دەڵێ: "پرسی کورد کێشەی منە".[120] هەروەها لە 23 ی ئایاری هەمان ساڵ عەبدوڵڵا گوڵ رایگەیاند "کێشەی گەورەی تورکیا پرسی کوردە هەر بۆیە دەبێ چارەسەر بکرێ".[121] پاشانیش چەندین لێدوان و وتارێکیدیکەی لەم شێوەیە لەلایەن هەر یەك لە ئەردۆگان و گوڵ لە میانی سەردانیەکانیان بۆ پارێزگاکانی باشووری رۆژهەڵاتی وڵات ئاراستەی گەلی کورد کران. لە دواییدا "دەست پێشخەری کوردی" لەگەڵ دەرزەنێك چاکسازی دیموکراسی کە پێشتر پەرلەمان پەسەندی کردبوون، بە یەکەوە لکێندران، بەڵام بەشێك لەو چاکسازییانە لەلایەن دادگای باڵای دەستووری کە لەلایەن پاسەوانانی بژاردەی کەمالییەوە دەستی بەسەردا گیراوە رەتکرانەوە، هەر بۆیە بە بۆچوونی ئێمە ئەم هەلە مێژووییە لە دەست چووو بۆ کاتێکی دیکە هەڵگیرایەوەو دواتریش تەپڵی هەڵگیرسانی شەڕی دووەم لێدرایەوە. ئێمە باوەڕمان وایە هەلی "دەستپێشخەری کوردی" هەلێکی مێژوویی باشە، دەتوانێ بەم مەرجانەی خوارەوە سەرکەوتن بەدەستبێنێ، بەتایبەت ئەگەر نوێنەرانی نێودەوڵەتی، هەرێمایەتی، نیشتمانپەروەران و هەموو ئەوانەیشی پەیوەندیان بە پرسەکەوە هەیە بەشداری بکەن.

1- دانانی خشتەیەك بۆ خاڵەکان و دیاریکردنی وادەی جێبەجێکردنی ئەم خشتەیە.
2- ئازایەتی و دیدگای نموونەیی دوو هۆکارن بۆ مانەوە لە سەر رێگەی راست، بێ ئەوەی رەچاوی کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەم ئاشتی بکرێت، کە لەلایەن هەندێك هێزی توندڕۆ و دەرەکی دروست دەکرێ.
3- دانانی میکانیزمێکی شیاوو کارا، بە کورتی پرسی کورد لە تورکیا پێویستی بە نەخشە رێگە هەیە.

بۆ ئەوەی تیشکی زیاتر بخەینە سەر هەلی مێژوویی و رووخسارەکانی، بۆ چارەسەکردنی پرسی کورد لە تورکیا، پێویستە بۆچوونی هەندێك لە شارەزاو پسپۆرانی تورك وەربگرین، کە پێش دەستپێکردنەوەی توندو تیژییەکان بۆچوونەکانیان دەربڕیوە. هەر یەك لە (ئینان رۆما)و (کین ئاجار)، کە دوو پسپۆری شارەزان لە کاروباری تورکیا، بژاردەی تورکیان بە سەر سێ ئاست ئازادیخوازان، تەقلیدییەکان و چەپەکان پۆلین کردووە.

بە بۆچوونی هەردوو شارەزا بەشێکی گەورەی نووسەرانی سەر بە ئازادیخوازان پەرۆش و پشتگیریکاری "دەستپێشخەری کوردی"دەکەن و بە باشی هەست بەوە دەکەن، ئەم دەستپێشخەرییە هەنگاوێکی بنەڕەتی و گرنگە لە گۆڕانکارییەکانی پێکهاتەی دەوڵەتی نەتەوەیی تورکیا، کە بەرپرسیاری یەکەمە لە زۆربەی کێشەکانی ئێستا، هەروەها رۆژنامەووسی ئازادیخواز (محەمەد ئاڵتان) بۆچوونی وایە دەست پێشخەرییەکە هەنگاوێکە لە پرۆسەی دیموکراتی کۆماری تورکیاو هەروەها چارەسەرکردنی پرسی کورد دەبێتە یاریدەدەر بۆ چارەسەرکردنی کێشە گەورەکە "کێشەی کۆماری"، کە تا ئێستاش خۆی لە هاوپەیمانێتی نێوان بیرۆکراسی مەدەنی کەمالی و سوپا دەبینێتەوە، بۆیە پێویستە دەسەڵاتەکەی بۆ نوێنەرایەتیکردنی زۆرینەی خەڵك بگوازرێتەوە. بەهەمان شێوە

(120) Back to Bloodshed - By Henri Barkey | Foreign Policywww.foreignpolicy.com/articles/2011/10/21/back_to_bloodshed
(121) Burhanettin Duran، "The Justice and Development Party's New Politics،" in Ümit Cizre، ed.، Secularism and Islamic Politics in Turkey: The Making of the Justice and Development Party (New York: Routledge، 2008)، p. 97.

بێژەرو رۆژنامەنووسی خاوەن ئەزموون (جەنگیز چاندار) کە یەکێکیشە لەو کەسانەی سەبارەت بە دەستپێشخەری کوردی حکومەت راوێژی پێکرد دەڵێ: "ئەم دەست پێشخەرییە گەرەنتی بە مانەوەی ناسنامەی ئیتنی کورد دەدا، وەکو هاوڵاتی لە چوارچێوەی کۆماری تورکیاو پاراستنی لەلایەن یاساوە بە گوێرەی پێوەرەکانی یەکێتی ئەورووپا".

چاندار باس لەوە دەکات باشترکردنی مافە کەسیو رۆشنبیرییەکانی کورد یارمەتی دروست بوونی کەشێکی سیاسی کوردی دەدا، بۆ بە یاساییکردنی خواستە سیاسییەکانی بێ گەڕانەوەو پەنا بردنە بەر توندو تیژی.

سەبارەت بە رۆشبیرانی چەپ هەموو دژی دەست پێشخەرییەکەنو هەندێکیشیان بەهۆی بیروباوەڕو ئایدۆلۆژیای بەر تەسکی حیزبایەتی ئارەزوو ناکەن حکومەتی دادو گەشەپێدان ئەو هەلە برەخسێنێ، بۆدەستەبەرکردنی سەقامگیریو چارەسەرکردنی پرسی کورد. لەمبارەیەوە (زولفلی لیڤانالی) کە هونەرمەندێکی ئینسانیو دیموکراسییەکی کۆمەڵایەتیو سیاسییەکی بەناووبانگە، لە بەرەی بەرگریکارانی دەستپێشخەری کوردیدایە دەڵێ: "ئەم پرۆژەیە ئاشتی دەستەبەر دەکاتو رێگە لە خوێن رشتنی زیاتر دەگرێ". سەرەڕای ئەم هەڵوێستەیشی، بەڵام هێشتا هەندێك لیڤانالی بە "چەپی پارێزگار" ناو دەبەنو دژی ئەم هەڵوێستەی ئەو هونەرمەندە ئینسانییەنو پێیان وایە لیڤانالیو هاوبیرەکانی خەڵکێکی خەیاڵینو دوورن لە واقیعی کۆمەڵگە، هەر بۆیە بە توندی رەخنە لە دەستپێشخەرییەکە دەگرن، لە سەرێکی دیکەوە بەهەمان شێوە ئیسلامییەکان لیڤانالیو هاوبیرەکانی بە کەسانێکی داخراو لە ناو جیهانی بەرفراوانو کراوەدا تۆمەتبار دەکەن.

کەسێکی دیکەی وەکو (مومتاز سۆسیال) بەرهەڵستکاری ناسراوو مامۆستای یاسای دەستووریو سیاسی، پشتگیری لە دەستپێشخەرییەکە ناکاتو گومانی لە راستگۆیی دەستپێشخەرییەکە هەیە، ئەم هەڵوێستەیشی بۆ دوو هۆکار دەگەڕێنێتەوە:

یەکەم: باس لەوە دەکات "دەستپێشخەری کوردی" بیرۆکەی حکومەتی تورکیا نییە، بەڵکو پلانێکی دەرەکییە زیاتر لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو بە تەوافوقی سیاسەتەکانی کشانەوەی هێزەکانی لە عێراق بە ئامانج گیراوەو پێڕۆ دەکرێ.

دووەم: ئەگەر وەکو پرۆسە تەماشا بکرێ، زاراوەی دەستپێشخەری کوردی هەمووی هەڵەیە، چونکە پارتی فەرمانڕەوا مافی ئەوەی بەخۆی داوە شەرعییەت بە پارتی کرێکارانی کوردستان بدات، بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆو دانووستان لە کاتێکدا تا ئێستاش ئەم پارتە شەڕی تیرۆریستی لەگەڵ کۆماری تورکیا دەکات.

سەبارەت بە هەمان دەستپێشخەری زۆر جاران هەڵوێستی کەسێکی راستڕۆ هەمان هەڵوێستی کەسێکی چەپە، بۆ نموونە تامیر لەگەڵ ئەوەی کەسێکی راستڕۆیە، بەڵام هەمان ئەو خاڵانەی لە هەڵوێستی سۆسیال بەدی دەکرێن دووبارەیان دەکاتەوە، بۆچوونیشی وایە دەستپێشخەرییەکە هەنگاوێکە بۆ بە ئاڕاستەبردنی دابەشکردنی تورکیاو بەرتەسککردنەوەی چەمکی نەتەوەی تورکو هاوکاریکردنی پەکەکە، بە مەبەستی دامەزراندنی کوردستانی گەورە، هەروەها دەڵێ: "راگەیاندنی دەست پێشخەری کوردی هاوکاتە لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق"(122).

---

(122) "External Pressure and Turkish Discourse on' Kurdish/Democratic Initiative'، The Turkish Yearbook of International Relations Vol. 40 (2009) pp.4-7.

**لە ژمارەی 17 ی ئایاری 2009ی گۆڤاری Caspian نووسەر ئای کاراپات بابەتێکی سەبارەت بە دەست پێشخەرییەکە بڵاوکردۆتەوەو تێیدا هاتووە ئەوەی لە ئایاری ئەمساڵدا لەلایەن سەرۆك کۆمار عەبدوڵڵا گوڵ سەبارەت بە دەستپێشخەری کوردی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد راگەیاندرا، پەلەی لە هەمووان کرد بۆ ئەوەی رای خۆیان لە سەر دەرببڕن، بەجۆرێك هەندێکیان بە ئەرێنیو گەشبینییەوە لە قەڵەمیانداو هەندێکی دیکەش بە نەرێنیو رەشبینییەوە.**

**هەندێك لە شرۆڤەکاران ئاماژە بەوە دەکەن، لەم دواییانەدا دۆخی نیشتمانیو نێودەوڵەتی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بۆیە حکومەتی تورکیا لە ئامادە باشیدایە، بۆ بە ئەنجام گەیاندنی دەستپێشخەری چارەسەرکردنی پرسی کورد، هەروەها هۆشداری دەدەنە حکومەت ئەگەر دەیەوێ ئەم هەلە لە دەست نەدا، دەبێ ئازابێ بەرامبەر ئەو مەترسییانەی دێنە پێشی.**

**هەر یەك لە پارتی گەلی کۆماریو پارتی کاری نەتەوەیی بە توندی نەیاری خۆیان بەرامبەر دەست پێشخەرییەکە دەبڕی، هەروەها هەردوو پارتەکە داوای روونکردنەوەیان لە حکومەت کرد، سەبارەت بە لێدوانەکانی عەبدوڵڵا گوڵ، کە دەستپێشخەرییەکەی بە "هەلی مێژووییو کۆدەنگی نیشتمانی" ناو بردووە، هەر بۆیە ئۆپۆزسیۆن زوو داوای لە حکومەت کرد، وەڵامی دەستبەجێی مانای "هەلی مێژوویی" بداتەوە بۆ ئەم مەبەستەش بە فەرمی پەلپی لە لێدوانەکەی گوڵ گرت.**

**لە بەرامبەریشدا گوڵ بەم شێوەیە وەڵامی ئۆپۆزسیۆنی دایەوە: "بە پێچەوانەی رابردوو، لە رۆژگاری ئێستادا هەموو خەڵك بە کراوەیی لەگەڵ یەکتری قسە دەکەن، کاتێکیش دەڵێم هەموو خەڵك واتا سەربازەکان، هاوڵاتیانو هەواڵگرییەکان لە کەشێکی لەم شێوەیەدا هەموو شتێکی نوێ دەگوترێ، بۆیە دەڵێم پێشبینیو مەزەندەکان پێمان دەڵێن شتگەلێکی گرنگ روودەداتو لە سەر ئێمەش پێویستە لە دەست خۆمانی نەدەین".**

**لە بەرامبەر ئەو لێدوانە راشکاوو کراوەیەی گوڵ سەرۆکی پارتی کارای نەتەوە (دەوڵەت باخچەلی) لە وتارێکی کوتلەکەیدا لە ناو پەرلەماندا، کە لە ئایاری 2009 پێشکەشیکرد، بە توندی رەخنە لە گوڵ دەگرێو دەڵێ: "بەرێز گوڵ دەڵێ سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسی کورد کۆدەنگی نیشتمانیمان بە دەستهێناوە، ئێستا پرسیاری مێژوویی من لە بەرێزیان ئەوەیە، ئایا لەگەڵ چ کەسو لایەنێك گەیشتوونەتە رێککەوتن بۆ بە دەستهێنانی کۆدەنگی نیشتمانی؟". لەلای خۆیەوە سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری دەنیز بایکاڵ دەڵێ: "کاتێك گوڵ قسە لە سەر هەلی مێژوویی دەکات سەبارەت بە چارەسەکردنی پرسی کورد، ئایا پارتی کرێکارانی کوردستان بڕیاریداوە کۆتایی بێنێ بە کردەوەو هەڵوێستە تیرۆریستەکانی؟".**

**(کەرەپات لە نیهاد ئۆزجانی) شارەزا لە کاروباری "پەکەکەو تیرۆر لە تورکیا" دەگوازێتەوە، کە گوتوویەتی:"ئەستەمە باوەڕ بکەین کار ئاسانی بۆ راگەیاندنی دەست پێشخەری کوردی بە رێککەوتو هەندێك گۆڕانکاری ناوخۆیی، هەرێمایەتیو نێودەوڵەتییەوە بووبێ، بەڵکو ئەمە ئەو چرکە ساتەیە کە هەمووولایەك ئومێدە خوازی بینینی بووین. هەر بۆیە سەرۆك گوڵ گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی کە کاتی ئەو هەلە هاتووە".**

**لەلای خۆیەوە محەممەد ئاڵتان سەبارەت بە دەستپێشخەرییەکە باس لەوە دەکات گۆڕان لە هەڵوێستی نێودەوڵەتی بەتایبەت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دروست بووە، کە ناخوازێ دوای کشانەوەی هێزەکانی لە**

عێراق هیچ جۆرە ململانێیەك لە ناوچەکە بمێنێ. هەر پرسێکی ناوچەکەش کە پەیوەندی بە ئارەزووی ئەمەریکاوە هەیە، ئەو کات واشنتۆن پێویستی بە رۆڵی کارای تورکیا دەبێت، بۆ داهاتووی باکووری عێراق، ئەمەش بەبێ چارەسەکردنی پرسی کورد لە ناوخۆی تورکیا ئەنکەرە ناتوانێ بەو ئەرکە هەڵبستێ.

لانجەر قسە لە سەر ماندووبوونی هەموو لایەك لە شەڕەکان دەکاتو جەخت دەکاتەوە، کە ئەستەمە پرسی کوردو هەر پرسێکی دیکەی ئیتنی لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە بە توندو تیژی چارەسەر ببێ، باس لەوەش دەکات راستە لە کاتی ئێستادا توانای کاری سەربازی پەکەکە لاواز بووە، بەڵام هێشتا خاوەنی گوتارێکی بەهێزە. بە باوەڕی لانجەر جیاوازی گەورەی هەلی ئێستا بۆ چارەسەرکردنی پرسی کوردو هەلەکانی دیکە ئەوەیە، لە کاتی ئێستادا کۆدەنگیو یەکڕیزییەکی باش لە نێوان بڕیار بە دەستانەوە هەیە، بۆ چارەسەرکردنی پرسەکە، بەو مانایەنا کە کۆدەنگییەکی تەواو گشتگیر لە سەر هەموو پرسەکان هەبێ، بەڵام لانی کەم دەمەقاڵێو یەخەگرتنی یەکتری لە ناوخۆدا راوەستاوە، بۆیە دەکرێ ئەمڕۆکە تورکیا وزەی خۆی بخاتە گەڕ، بۆ دۆزینەوەی چارەسەری، بەتایبەت ئەگەر پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی لە ژێر فشاری پەکەکە بێتە دەرەوەو ئامادەباشی زیاتری هەبێ، بۆ هاتنە ناو پرۆسەی سیاسی ئەو کات رێگەی بەردەم چارەسەکردنی پرسەکە ئاسانتر دەبێ.

ئۆزجانو لانجەر هەمان بۆچوونیان هەیە سەبارەت بە چارەسەکردنی پرسی کورد، بەڵام لانجەر دووپات لە سەر پێویستی هۆشیاریو رەخساندنی زەمینەی زیاتر دەکات، بۆ چوونە ناو مەبەستی سەرەکی لەمبارەیەوە دەڵێ: "پێویستە خەڵك ئامادەو ئاگادار بکرێتەوە، ئێمە پێویستمان بە ئاشتیو دەستبەرداربوونی ململانێ هەیە، کە تا ئێستا بەهۆیەوە 40 هەزار کەس گیانی لە دەستداوە". هەروەها دەڵێ: "لەسەر حکومەت پێویستە ئازاو چاو نەترس لە ئامادەباشی تەواو دابێ، بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکانی پێش چارەسەرکردنی ئەو پرسە". هاوشانی هەر یەك لە ئۆزجانو لانجەر ئاڵتان تان دەڵێ: "کەسانێك هەن سوود لە درێژبوونەوەی کێشەکە وەردەگرن، بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەو کەسانەش لە سەر حکومەت پێویستە ئازا بێ... هەروەها لە سەرییەتی هەموو میکانیزمێکیش بگرێتە بەر، بۆ رازی کردنیانو باوەڕ پێهێنانیان، لە حاڵێکیشدا ئەگەر هەوڵەکان بۆ رازیکردنی ئەو کەسانە شکستی هێنا، ئەو کات حکومەت دەبێ تەواو ئامادەبێ بۆ بەرەنگار بوونەوەیەکی سەخت لەگەڵیاندا". بە بۆچوونی ئاڵتان تان حکومەتو سەرۆك وەزیران خاوەنی ئیرادەیەکی تۆکمە نین، نەك هەر تەنیا لە سەر پرسی کورد، بەڵکو لە هەموو پرسەکانی دیکە. هەروەها دەڵێ: "هەندێك جار لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە حکومەت هەڵوێستی ئازایانە وەردەگرێ، بەڵام وەکو هەورە تریشقەی بێ بارانە، بۆیە ئێستا پێویستمان بە ئیرادەیەکی بەهێزە بۆ چارەسەکردنی پرسی کورد"[123].

سەرۆك کۆمار عەبدوڵڵا گوڵ داوای لە پارتەکانی ئۆپۆزسیۆنو رۆشنبیرانی وڵات کرد، هەموو هاوکارییەکی ئەرێنی پێشکەش بکەن، بۆ سەرخستنی پرۆسەی چارەسەرکردنی پرسی کورد. لەمبارەیەوە دەڵێ: "هیچی دیکە تورکیا ناتوانێ بەرپرسیارێتی هەڵبگرێو کاتێکی زۆرتر بەفیڕۆ بدات، بۆ چارەسەکردنی پرسی کورد.. ". کچە نووسەری تورك (بەتول ئاکتای) لە (مومتاز تۆکنەر)ی شرۆڤەکاری تورك دەگێڕێتەوە، کە گوتوویەتی: "هەموو

(123) Despite Thunder، no rain yet on solution to Kurdish problem``
http://www.caspianweekly.org/component/content/article/59-newss/905- (accessed July10، 2010 ).

ئاماژەکان سەبارەت بە پرسی کورد ئەرێنین... تورکیا دەیەوێ چارەسەری ئەو پرسە بکات، کە وڵاتی پڕ خوێن کردووەو هاوڵاتیانی ئازار چەشتوو کردووەو گەیاندوونییەتە ئەم کۆتاییە، ئێستا لێکتێگەیشتنێکی هاوبەش هەیە لە نێوان نێوەندەکانی بڕیار، وەکو دەردەکەوێ حکومەت جددییە لە چارەسەکردنی ئەم پرسە، لە بەرامبەریشدا هاوڵاتیانی کورد گەشبینن بەو چارەسەرکردنەو لەلای خۆشیانەوە شرۆڤەکارانی سیاسی ناوی دەنێن هەلی مێژوویی"[124].

لە ئایاری 2009 کۆمەڵێك دەستەی نا حکومی لە شاری دیاربەکر، داوایان لە پارتی کرێکارانی کوردستان کرد، ماوەی ئاگر بەست درێژ بکاتەوە، بۆ ئەوەی پرۆسەی دیموکراتی لە تیرۆر رزگاری بێت‌و بەرقەراربێ.

لەو کاتەدا وەزیری ناوخۆ (بەشیر ئاڵتا)ی وەکو رێکخەری دەستپێشخەری ئاشتی لەگەڵ پارتە سیاسییەکان‌و کۆمەڵەو دەستە ناحکومییەکان کۆبووە، بە مەبەستی ئاگادار بوونیان لە سەر پرۆسەی ئاشتی‌و پێشکەشکردنی پشتگیرییەکانیان، بۆ سەرخستنی پرۆسەکە، پاشانیش سەردانی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی کوردی کرد، دوای ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەگەڵ سەرانی ئەو پارتە هاوسەرۆکی پارتەکە ئەحمەد تورك رایگەیاند: "ئێمە لە سەرەتای پرۆسەکەیدان ئومێدەوارین هەنگاوەکان بەرەو رێگەی ئاشتی نەپچڕێن، ئێمە گەشبینین بە سەرکەوتنی پرۆسەکە، بە هەر حاڵ لە رووی زەمینەی سیاسییەوە هەمیشە تورکیا خاکێکی خلیسکاوە. لە رابردووشدا هەلی لەم شێوەیە رەخسا، بەڵام شکستیان پێهێنرا، بەڵام دەستپێشخەرییەکەی ئەمجارە زۆر جددیترە"[125]. لەلای خۆیەوە دوای کاتژمێرێك لە کۆبوونەوەکە ئاڵتای گوتی: "ئێمە متمانەمان بە چارەسەرکردنی پرسەکە هەیە، متمانەشمان هەیە، کە دەتوانین بە سەرکەوتوویی پرۆسەکە سەربخەین"[126].

سەڵاحەددین دەمیرتاشی هاوسەرۆکی بەدەپە چوار مەرجی بۆ گەیشتن بە ئاشتی هەمیشەیی پێشکەشکردووە، کە ئەمانەی خوارەوەن:

- دارشتنەوەی دەستوورێکی نوێ، کە پشتگیری لە دیموکراسییەکی تەواو بکات.
- هەموارکردنەوەی بەندی 66ی دەستوور، کە دووبارە پێناسەی هاوڵاتی بوون دەکاتەوە بەدەر لە ئینتیمای ئیتنی.
- رێگەپێدان بە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە خوێندن‌و راگەیاندنەکان.
- پێدانی دەسەڵاتی زیاتر بە ئیدارەی ناوخۆیی ناوچە کوردییەکان.

هەر بە مەبەستی بە دەستهێنانی پشتگیری، بۆ سەرخستنی پرۆسەکە ئاڵتای سەردانی یەکێتی کرێکارانی تورك، یەکێتی کۆمەڵەکانی بازرگانی تورك‌و یەکێتی پارێزەرەانی کرد، لە بەرامبەریشدا هەر یەك لەو یەکێتییانە پشتگیری تەواویان بۆ سەرخستنی پرۆسەکە دەربڕی. هەروەها کۆمەڵەیەکی دیکە، کە لە 162 رۆژنامەنووس، ئەکادیمیك، نووسەروهونەرمەندە دیارەکان پێکهاتبوو، پشتگیری تەواویان بۆ پرۆژەکەی حکومەت‌و سەرخستنی چارەسەری پرسی کورد بەشێوەی ئاشتی‌و دیموکراسی دووپاتکردەوە، لە راگەیاندراوێکیشدا رایانگەیاند "پرسی کورد

(124)BETÜL AKKAYA Momentum grows for solution to Kurdish question ، Today's Zaman،29 May 2009 / DEMIRBAŞ، İSTANBUL.

(125) Eurasia Daily Monitor Volume: 6 Issue: 157،August 14، 2009.

(126) Today's zaman ، 2009 Augut ، 14.

ئازار گەلێکی زۆری دەروونیو ئابووری لە تورکیا دروست کردووە". داواشیان لە پەرلەمان کرد بە ئەرکی مێژوویی خۆی هەڵبستێ، بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە بە رێگەی ئاشتییانە(127).

هەر لە سەرەتاوە ئۆپۆزسیۆن دژایەتی خۆی بۆ دەستپێشخەرییەکە راگەیاندوو، (دەوڵەت باغچەلی) ئەردۆگانی بە تێکدەری یەکڕیزی نیشتمانی تۆمەتبار کرد، لەمبارەیەوە دەڵێ: "سەبارەت بە ئەنجامدانی هەر گفتوگۆیەك لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلانی تیرۆریست سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان نیشتمانپەروەرە تورکەکان ئامادەن بۆ بەرەنگار بوونەوەی حکومەت". هەروەها باغچەلی ئامادەنەبوو، سەبارەت بە تاوتوێکردنی دەست پێشخەرییەکەی حکومەت چاوی بە ئەردۆگان بکەوێت. لە هەمان کاتدا رۆژنامەکانی نەتەوەگەرای راستڕەو رەخنەی توندیان ئاڕاستەی وەزیری ناوخۆ کرد، بۆ کۆبوونەوەکانی لەگەڵ پارتی ئاشتیو کۆمەڵگەی دیموکراتی، ئەم کۆبوونەوەیشیان بە دانووستان لەگەڵ رێخراوێکی تیرۆریستی لە قەڵەمدا(128).

لەگەڵ ئەوەی سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری نەیاریو دژایەتی خۆی بۆ دەستپێشخەرییەکەی حکومەت راگەیاند، بەڵام هەندێك لە سەرکردەو بەرپرسی لقەکانی ئەو پارتە لە شوێنو ناوچە جیاجیاکانی تورکیا دانیان بەوەنا، کە دەستپێشخەرییەکە هەلێکی مێژووییە، بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد. لەمبارەیەوە سەرۆکی لقی ئەستەنبوڵی پارتی گەلی کۆماری (کۆرسێل تاکین) بە پێویستی دەزانێ، پشتگیری تەواو لە هەر هەنگاوێکی لەم شێوەیەی حکومەت بکرێ، هەروەها کۆرسێل سەبارەت بە قسەکانی (دەنیز بایکاڵ)ی سەرۆکی پارتی گەل دەڵێ: "پێویستە هەموو لایەك پشتگیری خۆیان بۆ هەوڵەکان بۆ چارەسەکردنی دۆزی کورد کۆبکەنەوە، یاخود هەموو لایەك هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن لە شکستو سەرکەوتنی چونکە دوا رۆژ مێژوو ناوی هەمووان تۆمار دەکات"(129).

## هۆکارەکانی دەستپێشخەری کوردیو گرنگییەکەی:

کۆمەڵێك هۆکار هەیە، کە هانی پارتی دادو گەشەپێدان دەدەن بۆ پێشکەشکردنی پرۆژەی دەستپێشخەری کوردی، هەندێك لەو هۆکارانە ناوخۆییو نێودەوڵەتین، هەندێکی دیکەش پەیوەندیان بە خودی پارتی دادو گەشەپێدانەوە هەیە. پشتگیریکردنی دەنگدەرانی کورد لە ئاك پارتی هۆکارێکی گرنگ بوو، بۆ سووربوونی حکومەت لە سەر چارەسەرکردنی پرسی کوردو پێشکەشکردنی دەستپێشخەرییەکە، بەشێوەیەك دەنگدەرانی کورد توانیان گەورەترین بازنەی هەڵبژاردنەکان لە هەردوو هەڵبژاردنی 2002و 2007 بۆ بەرژەوەندی ئاك پارتی

(127) Hurriyet Daily News، August 13، 2009.
(128) Star، August 9، 2009.
(129)Yeni Safak، August 13،2009.

پێکبهێنن، واتا نزیکەی نیوەی دانیشتووانی باشووری رۆژهەڵاتی وڵات لە هەڵبژاردنەکانی 2007 دەنگیان بۆ بەرژەوەندی ئەم پارتە داوە، هەروەها لە هەڵبژاردنەکانی 2007 ئاك پارتی رێژەی دەنگەکانی لە ناوچە کوردییەکان لە 29،20٪ بۆ 49،25٪ بەرز بۆوە. بە گوێرەی ئەم زانیارییانەی سەرەوە دەردەکەوێ، کە دەنگدەرانی کورد ئاك پارتیان سەرخستووە بە سەر هەردوو پارتی گەلی کۆماریو پارتی کاری نەتەوە. ئەوەی تێبینی دەکرێ زۆربەی رووخسارە نوێیەکانی کۆمەڵەی نیشتمانی تورکی TGNA کەسانی ناوچەکانی باکوورو باشووری رۆژهەڵات بوون، کە لە هەڵبژاردنەکانی 2007 هەڵبژێردرا بوون، بەو پێیە ئێستا زیاتر لە پێنج پەرلەمانتاری ئاك پارتی کوردن، ئەمە لە کاتێکدا کورد بە گشتی رێژەی 15٪ - 16٪ی دانیشتووانی تورکیا پێکدەهێنن[130].

سەرکەوتنەکانی پارتی دادو گەشەپێدانو زیادبوونی لایەنگرانی لە ناوچە کوردییەکان داواکاریو پێشبینی زیاتری بە دواوەدێ، لەمبارەیەوە کەمال پۆرکای دەڵێ: "پێویستی دۆزینەوەی چارەسەری پرسی کورد تەواو خۆی بە سەر پارتی دادو گەشەپێدانو سیاسەتەکانی سەپاندووە"[131].

لە توێژینەوەیەکی تایبەت بە دەستپێشخەری کوردی، بە ناونیشانی (بژاری سەربازی بۆتە چارەسەرێکی نابەجێ)، (جەنگیز چاندار) باس لەوە دەکات، لە میانی دیدارو چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ سەرانو بەرپرسانی سوپا پێیان راگەیاندووە، کە سوپا ناتوانێ بە تەنیا چارەسەری پرسی کورد بکات. "بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی بەر لە راگەیاندنی دەستپێشخەرییەکە، کە لە سەر هەردوو ئاستی بەرپرسانی حکومەت بە دەستمان گەیشتووە، پێمان دەڵێن دەسەڵاتی سەربازی ناتوانێ لە رێگەی سوپاوە پرسەکە یەکلایی بکاتەوە"[132].

هەر سەبارەت بە دەستپێشخەری کوردی، سەرۆکی پۆلیسی دیاربەکر رایگەیاند: دەستی کردووە بە دانانو دامەزراندنی ئەو ئەفسەرانەی بە کوردی قسە دەکەن، بە ئامانجی باشترکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ دانیشتووانی شارەکە، هەروەها هێزە چەکدارەکانی تورکیا (تی ئێس کەی) بۆ ئەوەی هیچ هەڵکشانو ئاڵۆزییەك روونەدا بەشێوەیەکی بێدەنگ چاودێری پەکەکە دەکەن، ئەمەش بۆتە بەشێك لەو پشتگرییانەی لە پرۆژەی دەستپێشخەریو ئاشتەوایی دەکرێ.

لەمانەوە بۆمان دەردەکەوێ کە حکومەت بەر لە راگەیاندنی دەست پێشخەرییەکە راوێژی بە زۆرێك لە دامەزراوە حکومیو رێکخراوە نا حکومەییەکان کردووە.

لە راستیدا دەبوو دەست پیشخەرییەکەی حکومەت پێش نەخشە رێگەکەی ئۆجەلان بێ، کە لە هەمانساڵدا ئامادەی کردبوو، دواتر رایگەیاند دوا بە دوای گفتوگۆی بۆچوونەکانی لەگەڵ زۆرێك لە کۆمەڵەو رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی کە لە رێگەی پارێزەرەکانی چاوی پێکەوتوون، خەریکی کۆتایی پێهێنانو ئامادەکردنی نەخشە رێگەی ئاشتییە لە سەر بنەمای رێککەوتن. هەر بۆیە لە سەر حکومەت پێویست بوو بە دواداچوونی تەواوەتی لە سەر ئەو دەستپێشخەرییە سیاسییە بکات، بەتایبەت لە رێککەوتنو بە یەکگەیشتنی بۆچوونە جیاوازەکان، بۆ

(130) Egemen Basar Bezci `` the Kurdish Question in Turkey: a Critical Juncture `` Moshe Dayan centre، Tel Aviv Notes، August 17، 2009.

(131) Kivanç Özcan،pp.9-10.

(132) TESEV Report: Current Paradigms not Valid in Solving Kurdish Problemwww.todayszaman.com/news-248493-tesev-report-current-paradigm…24 Jun 2011.

ئەوەی لە دواییدا سیاسەتەکانی حکومەتی دادو گەشەپێدان بۆ دەستپێشخەرییەکە یەکلایەنانە لێکنەدرێتەوەو ئەنجامی پێچەوانەی لێنەکەوێتەوە، لە کاتێکدا کۆکردنەوەو بە یەکەوە بەستنەوەی هەموو بۆچوونەکانو دەستپێشخەرییەکان کۆدەنگیو هاوپەیمانی نیشتمانی لە سەر سیاسەتی کوردی لێوە دروست دەبێ.

هەروەها بەشیر ئاڵتای وەزیری ناوخۆی تورکیا رۆڵێکی بەرەیی بینی، لە راوێژی نێوان لایەنو رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی. وەکو زانراویشە دەستپێشخەرییەکەی ئۆجەلان بەشێوەیەکی ریشەیی جیاوازبوو لە هی حکومەت، بەجۆرێك لە ناوەرۆکی دەست پێشخەرییەکەیدا ئۆجەلان داوای کردبوو، چەند یەکەیەکی سوپای تورکیا لە گەریلاکانی پەکەکە پێکبهێنرێت، هاوکات لەگەڵ پرۆژەی حوکمی خۆبەڕێوەبردنی دیموکراسیو پرۆسەی فێربوون بە زمانی کوردی[133].

نەخشە رێگەکەی ئۆجەلان بۆ ئاشتی بەرهەمی کۆی هەموو ئەو تێگەیشتنو تێبینانەیە، کە لە ماوەی دادگاییکردنەکانیدا لە نێوان ساڵانی 1999 – 2004 پێیگەیشتووەو ئاڕاستەی کردوون، کە تێیدا چەمکی (دیموکراسی رادیکاڵی) خستۆتە روو، دەربڕینی ئەم بۆچوونەش لە سەر بنەمای دوو پرۆژەی هاوتەریب بووە: یەکەمیان ئەنجامدانی چاکسازی لە سەرەوە بۆ خوارەوە، واتا گۆڕینی دەوڵەتی تورکیا بۆ (کۆماری دیموکراسی) بەو واتایەی دەوڵەتی ئیتنی لە دەوڵەتی نەتەوەیی مەدەنی جیا بکرێتەوە، بەشێوەیەك لەم دەوڵەتەدا پەیوەندی نێوان حکومەتو دەوڵەت لە رێگەی دیموکراسییانەی مەدەنییەوە بێ. خاڵی دووەم بریتییە لە: ئەنجامدانی چاکسازی لە سیستمی کۆنفیدراڵی، بەجۆرێك دەوڵەتی تورکی ببێتە دەوڵەتێکی ناوەندی فیدراڵی تێیدا کورد ببێتە خاوەنی هەرێمی تایبەت بەخۆی، بەم پێیەش بە شێوەیەك لە شێوەکان دەتوانێ حوکمی خۆبەڕێوەبردن بەدەستبێنێ[134].

لە هەموو ئەمانەی سەرەوە روون دەبێتەوە جگە لە توێژێکی کەم لە راستڕەوی توندڕۆ، کە نوێنەرایەتی پارتی کاری نەتەوەو سوپا دەکات، رای گشتی تورکیاو دامەزراوە باڵاکانی حکومەت، پشتگیری دەستپێشخەرییەکە دەکەن، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دەستپێشخەرییەکە هەلێکی باشە بۆ مانەوە، بگرە دەبێتە دەروازەیەك بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی لە حاڵێکدا ئەگەر حکومەت ویستی جارێکی دیکە زیندووی بکاتەوە.

لە ناوەڕاستی ئایاری 2010 ئۆپۆزسیۆن بۆی دەردەکەوێ، حکومەتی دادو گەشەپێدان لەسەر راستە رێگەی چارەسەکردنی پرسی کوردەو بە پشتگیری زۆرینەی گەلی تورکیا دەتوانێ دەستکەوتی سیاسی بەدەستبێنێ، بۆیە واز لە دژایەتییە راشکاوو ئاشکراکانی دێنێ، بەشێوەیەك دەنیز بایکاڵ هەموومان تووشی شۆك دەکات، کاتێك ئامادەیی خۆی دەردەبڕێ بۆ هەوڵەکانی چارەسەکردنی کێشەی کورد، بۆ ئەم مەبەستەش لە ئایاری 2010 بە مەبەستی بەدەستهێنانی دەنگی دەنگدەرەانی کورد، کە پێشتر لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ئازاری 2009 گورزی کوشندەیان لە پارتەکەی دابوو، سەردانی ناوچەکانی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیای کرد[135].

(133) Vatan، August 14، 2009; EDM، August 13، 2009.

(134)'Öcalan 'peace plan' made public by European court' ، http://www.hurriyetdailynews.com/default.aspx?pageid=438&n=ocalans-roadmap-for-solving-the-kurdish-i

(135) BETÜL AKKAYA Momentum grows for solution to Kurdish question ، Today's zaman ،29 May 2009 / DEMIRBAŞ، İSTANBUL

له ناوەڕاستی ئایاری 2010 له شاری (ئەدیمان) بایکاڵ رایگەیاند: "ئێمە ئامادەین بۆ هەر بەشدارییەك بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد، ئەگەر پارتی فەرمانڕەوا تاکە پێشنیازێکی بۆ ئەو پرسە پێ بێ، ئێمە چوار پێشنیازمان پێ دەبێ".

(ئومێد فورات) توێژەری کورد باس لەوە دەکات، پارتی گەلی کۆماری باش لەوە تێگەیشتووە پرسی کورد بۆتە پەڵەیەکی گەورە بەسەر تورکیا، بۆیە ناتوانێ لەمە زیاتر هەڵیبگرێ. "ئەگەر پرسەکە هەر بەم شێوەیە بمێنێتەوە تورکیا زۆر شت زەرەر دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش دوو ئەلتەرناتیف هەیە، یەکەم یا دەبێ ئەو پرسە بە ئاشتیانە چارەسەر بکرێ‌و هەردوو گەلی تورك‌و کورد بە ئاشتیانە لە ژێر یەك خۆردا بژین، یا لێکجیابوونەوە. دووەم هیچ نەتەوەیەك لە ئەویدیکە گەورەتر نییە، بۆیە لە سەر هەمووان پێویستە دەروازەیەك بۆ دۆزینەوەی چارەسەری ئەو کێشەیە بدۆزنەوە".

بەم دواییانە باش بوونێك لە گفتوگۆکانی نێوان پارتی گەلی کۆماری‌و پارتی ئاشتی‌و کۆمەڵگەی دیموکراتی[136] دروست بوو، بەتایبەت کە پێشتر هەردوولا بەم شێوەیە رەفتاریان لەگەڵ یەکتریدا نەکردووە، پارتی گەلی کۆماری داوای لە ئەحمەد تورکی هاوسەرۆکی بەدەپە کرد، پارتەکەی لە پارتی کرێکارانی کوردستان دوور بخاتەوە، لە بەرامبەریشدا  تورك داوای لە هەموو لایەك کرد، بەتایبەت حکومەت کە چەك دابنێن.

لە حوزەیرانی 2010 لە هەواڵێکی رۆژنامەی (تودەی زەمان)دا هاتووە "نەوەد رێکخراو لە رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە پارێزگای دیاربەکر راگەیاندراوێکیان بۆ پشتگیریکردنی دەستپێشخەری کوردی لەلایەن حکومەتەوە ئامادە کردووە، کە تێیدا داوا لە پارتی کرێکارانی کوردستان دەکەن، دەستبەجێ چەك دابنێ... ئێمە چەند ساڵێکە بە پەکەکە دەڵێین چەك دابنێ‌و ناکرێ بە نوێنەرایەتی ئێمە چەك بەکار بێنێ، بەڵکو پێویستە لە بری چەك بە رێگەی ئاشتی‌و دیموکراسی بەرگری لە مافەکانی گەلی کورد بکات". هەروەها ئیسماعیل بەدرخان ئۆغلۆ سەرۆکی پیاوانی کارو دەستەی پیشەسازی باشووری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ، داوا لە پەکەکە دەکات لەلای خۆیەوە هێرشە چەکدارییەکانی رابگرێ، هەروەها هانی حکومەتیش دەدا هەنگاوی بەرجەستە بنێ، بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد. لە بەشێکی دیکەی راگەیاندراوەکەدا هاتووە "رەنگە هەلی چارەسەرکردنی پرسی کورد جارێکی دیکە هەروا بە ئاسانی دەرنەکەوێتەوە، هیچ یەکێکیش لە چالاکییە چەکدارییەکانی پەکەکەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی سوپای دەوڵەت، ناتوانن چارەسەری پرسەکە بکەن، ئێستا بۆچوونی رای گشتی بریتییە لە:چارەسەرکردنی پرسەکە لە رێگەی دیالۆگ‌و ئاشتی‌و دوور لە بەکارهێنانی چەك بۆ ئەوەی نەگەڕێینەوە سەردەمی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو"[137].

دکتۆر ئیبراهیم کالین توێژەرو گەورە راوێژکاری سەرۆك وەزیران دەرکەوتنەوەی ئەم هەلە مێژووییە بە گۆڕانی هەڵوێستی نێودەوڵەتی، هەرێمایەتی‌و خودی لایەنە بە گژ یەکداچووەکان دەبەستێتەوە، بگرە لە سەر ئاستی سوپا ئەم گۆڕانە دروست بووە، بەجۆرێك سەرۆکی سوپا سالاری پێشووی تورکیا ئیلکەر باشبوگ گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی، کە پرسی کورد تەنیا بە شکست پێهێنانی لایەنی سەربازی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە چارەسەر نابێ، هەر بۆیە باشبوگ داوای چارەسەرکردنی ریشەیی کێشەکە دەکات. هەروەها کالن بۆچوونی وایە شەڕو پێکدادانی

(136) etül Akkaya 'Momentum grows for solution to Kurdish question Today's Zaman``، 29 May 2009، Friday.
(137) Today's Zaman ،june 2، 2010.

سەربازی پارتی کرێکارانی کوردستانی ماندوو کردووە، بەم پێیەش ناچاری کردووە هەندێك گۆڕانکاری سەرەکی لە پێکهاتە، سیاسەتو ئامانجەکانی خۆی بکات. کالن باس لەوە دەکات لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە حکومەتەکانەوە تا ئاستی ئەو فەرمانگەو شوێنانەی لە رابردوو هاوکاریو پشتگیری پەکەکەیان دەکرد، ئێستا هەڵوێستیان گۆڕاوە، چونکە سیستمی جیهانی لە هەردوو رووی ئابووریو سیاسی پێویستی بە تورکیایەکی بەهێزە، نە ئەوروپا نە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نایانەوێ تورکیا لە ناو زۆنگاوی ئالۆزییەکانی ئیتنی، پشێوی سیاسیو قەیرانی ئابووری بخنکێ، ئەمڕۆ هەر یەك لە عێراقو قەوقاز ، وەکو یاریکەرو هاوبەشێکی بەهێز پێویستیان بە تورکیا هەیە، باشترین نموونەش بۆ سەلماندی ئەم راستییە مۆرکردنی گرێبەستی پرۆژەی (نابۆکۆ)یە بۆ گواستنەوەی وزە، لەم پێناوەشدا یەکێتی ئەوروپا هاوکاری زۆری چاکسازیە سیاسیو یاساییەکانی حکومەتی تورکیا کردووە، کە پارتی دادو گەشەپێدان بەدەستی هێناون، لە ناویشیاندا چاکسازییەکانی تایبەت بە پرسی کورد. بە کورتی زۆر هۆکاری ئەرێنی لە ئارادایە، کە گەشبینی زیاتر بە چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد دەدەن. دیسان کالن دەڵێ: "خوێندنەوەی راگەیاندنی بەرپرسان، چالاکان، پشتگیریکارانی ئاشتی، راگەیاندراوی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیو شارەزایان هیچ گومانێك ناهێڵنەوە، کە کۆدەنگییەکی کەم وێنەی نیشتمانی لە سەر چارەسەکردنی پرسی کورد لە ماوەی ساڵی 2009 تاوەکو ئایاری 2010 دروست بوو، هەموو هۆکارەکەش راستەوخۆ پەیوەندە بەوەرچەرخانی مێژوویی دۆزی کورد لە رێگەی ئەو دەستپێشخەرییەی حکومەت کە بۆ چارەسەرکردنی پرسەکە پێشکەشی کردووە[138].

هەر وەکو شرۆڤەکاران گفتوگۆیان لە سەر کەموکوڕییە سەرەتاییەکانی دەستپێشخەرییەکە کردوو، بە پێویستیشیان زانی بۆ رێگەگرتن لە کەموکوڕییەکان هەرچی زووە هەنگاوی پێویست بنرێ، بەهەمان شێوە ئەوەی بەلای کالن جێگەی داخە ئەوەیە، کە لایەنە پەیوەندارەکان نەیانتوانیوە وەکو پێویست ئەو کۆدەنگییە نیشتمانیو هەلە مێژووییە بە جددی وەربگرن، بەڵکو دەستپێشخەرییەکە بە هۆی شەپۆلێکی دیکەی توندو تیژییەکانی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیاوە بۆ ماوەیەکیتر چەق بەستوو بوو، کە لەڕاستیدا هەردوولا چ حکومەت یاخود پارتی کرێکارانی کوردستان دەبێت باوەڕی تەواویان هەبێ توندوتیژییەکان یارمەتی هی لایەنێکیان نادەن، بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد، نابێ ئەوەش لە یاد بکرێ کورد بەر لە دروست بوونی پارتی کرێکارانی کوردستانیشەوە لە 1984 بۆ ماوەیەکی زۆرە کێشەی لەگەڵ حکومەتەکانی ئەم وڵاتە هەر هەبووە.

لە راستیدا ئەم شەپۆڵە لە توندوتیژییەکانی ئەم دواییەی پەکەکە نەك هەر دەبێ حکومەتی تورکیا ناچار بکەن، پرسی کورد بە رێگەی ئاشتی چارەسەر بکات، بەڵکو پێویستە ببێتە هاندەر بۆ ئەوەی دەستبەجێو بەشێوەیەکی نەرم ئەو پرسە چارەسەر بکات.

لەگەڵ بوونی کۆدەنگییەکی گەورەی نیشتمانی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد بە شێوەی ئاشتییانە، بەڵام لایەنەکانی ململانێکار راو بۆچوونی جیاوازیان هەبوو، سەبارەت بە چۆنییەتی بەدەستهێنانی ئاشتی، رووی ئەم جیاوازییانەش بە سەختی لە ناو پەرلەمانداو لە نێوان لایەنە نەیارەکانی یەکتری رەنگیدایەوە. حکومەت وردەکاریو درێژەی هەندێك لەو رێوشوێنانەی کە پلانی بۆ داناوە بۆ پرۆسەی ئاشتیو دانانی سنوورێك لە بەردەم شەڕی پەکەکە وەکو ماوە درێژترین شەڕی ئەم وڵاتەی خستە روو، بۆ ئەم مەبەستەش وەزیری ناوخۆ دروشمی "ئازادی زیاتر بۆ هەر کەسێك" وەکو دروشمی سەرەکی پرۆسەکەی راگەیاند، هەروەها سەرۆك وەزیران رایگەیاند،

(138) Ibrahim Kalin، `What has changed in the Kurdish issue?` Today's Zaman، 23 July 2009.

لەگەڵ ئەوەی پرۆژەکە قورسە بەڵام پێویستییەکی سیاسییە. ئەوەی ئەردۆگان خستییەڕوو بەبێ وردەکاری بوو، بەڵام ماوەی زەمەنی، هێڵی ستراتیژی، رەخساندنی بارودۆخو ئامادەباشییەکان زۆر باش بوونو بەگشتی پرۆژەیەکی ئازایانە بوو، کە دواتر پاڵی زیاتری بە ئەردۆگانەوەنا، بۆ ئەوەی بەرگری لە دەستپێشخەرییەکە بکات، لەڕاستیدا ئەو وتارانەی کە تایبەت بوون بە چارەسکردنی پرسی کورد زۆرترین وتارێك بوون لە ماوەی سەرۆکایەتی ئەردۆگان کە کاریگەریان بەسەر لایەنی سۆزداری، رۆشنبیریو مرۆیی خەڵکەوە هەبووە(139).

## پێکهاتەکانی دەستپێشخەری کوردی

1- گەڕاندنەوەی ناوە کوردییە رەسەنەکان، بۆ شارو شارۆچکەکان کە بە هۆی سیاسەتی بە تورککردن ناوەکایان گۆڕدراوە.
2- رێگەپێدان بە زیندانیو گیراوەکان بۆئەوەی بە زمانی کوردی بدوێنو رێگە بە کەسو کاریشیان بدرێ سەردانیان بکەن.
3- هەڵگرتنی سزای قەدەغەکردنی کەناڵەکانی رادیۆییو تیڤی تایبەت بە زمانی کوردی.
4- پێکهێنانی لێژنەیەکی بێلایەن بۆ رێگەگرتن، لە هەر پێڕۆکردنی هەر جۆرە جیاوازییەکی رەگەزیو ئەنجامدانی هەر شێوە ئەشکەنجەدانێك لە ناوچەی کلتووری تایبەت بە کورد.
5- بەڵێندان بە ئامادەکردنی دەستوورێکی نوێ، کە مافە رۆشنبیرییەکانی گەلی کوردی تێدا پارێزراو بێت.
6- گرنگی پێدانی زیاتر بە ناوچە کوردییەکان، بەتایبەت لە بواری ئابووری، بۆ ئەم مەبەستەش حکومەت دەست دەکات، بە پێشخستنی پەروەردەی ئاژەڵو هاندانی کەرتی پیشەسازی ناوخۆیی، لەگەڵ گرنگی پێدانی لایەنی تەندروستی بە دامەزراندنی 10 هەزار فەرمانبەری تەندروستی، مامۆستاو پیش نوێژو

(139) Soli Özel - Expert Profile - The German Marshall Fund of the United States…www.gmfus.org/cs/experts/expert_profile?expert.id=112

جێبەجێکردنی چاکسازی کەرتی کشتوکاڵیو دابەشکردنی زەوی بەسەر ئەو جووتیارانەی تا ئێستا زەویان نییە.

7- بەهێزکردنی پەیوەندی ئەرێنی دیپلۆماتیو هەماهەنگی کردن لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان.

لەڕاستیدا ئەم هەلە زۆر گرنگەو نابێ لە دەست بچێ، لە 12 ی ئایاری 2009 رۆژنامەی حورییەتی تورکی بابەتێکی سەبارەت بە پرسی دەستپێشخەری کوردی بڵاوکردۆتەوە، کە تێیدا هاتووە حکومەتی تورکیا کار دەکات، بۆ بەدەستهێنانی شەش هەنگاوی یەکەم: دامەزراندنی پەیمانگەی کوردی، هەڵوەشاندنەوەی سانسۆر لە سەر کەناڵەکانی رادیۆو تیڤی تایبەت بە کورد، دانانی مادەی زمانی کوردی لە پرۆگرامی خوێندن، وەکو مادەیەکی ئارەزوومەندانە، دووبارە گەڕاندنەوەی ناوی گوندو شارو شارۆچکە کوردییەکان، کە لە دوای کۆدەتاکەی 1980 ناوەکانیان بۆ تورکی گۆڕدراوە، لەگەڵ دامەزراندنی ژمارەیەك فەرمانبەری خزمەتگوزاری، کە بە زمانی کوردی قسە دەکەن لە شارەکانی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا. دواتر حکومەتی تورکیا راگەیاندراوێکی بڵاوکردەوە، تێیدا روونی کردەوە، کە دەستپێشخەری کوردی تەنیا کورت نەبۆتەوە لە رێگەدان بە خوێندن بە زمانی کوردیو ناونانی منداڵانی تازە لە دایك بوو بە ناوی کوردی، یاخود هەموارکردنەوەی دەستوور بەشێوەیەك تیشك بخاتە سەر نەتەوەی کورد، بەڵام ئەوەی جێگەی تێبینییە دەست پێشخەرییەکە بە هیچ شێوەیەك باسی لە ئازادکردنی رێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان عەبدوڵڵا ئۆجەلان نەکردووە، هەروەها لە هیچ شوێنێکی دیکەی دەستپێشخەرییەکە ئاماژە بە مافی خۆبەڕێوەبردنی ناوچە کوردییەکانو راگرتنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی حکومەت دژی پەکەکە نەکراوە[(140)].

دواتر لە حوزەیرانی 2009 ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانیو رێکخراوی هەواڵگری نیشتمانی Teskilati- MI- Stihbabt کۆبوونەوەیەکی تایبەتیان ئەنجامداو داوای ئامادەکردنی راپۆرتێکیان سەبارەت بە ئەگەری سیناریۆکان لە حکومەت کرد، بۆ ئەوەی بە باشترین رێگەی ئاشتی پرسەکە چارەسەر بکرێ، لە وەڵامدا حکومەت راپۆرتی خۆی ئامادەکرد، تێیدا هاتووە "پرسی کورد کێشەی ئاسایشی نیشتمانییەو چارەسەکردنیشی لە سەرووی توانای تاکە لایەنێکە... بەڵکو پەیوەندی بە زۆر رەهەندەوە هەیە، لەگەڵ ئەوەی رەهەندی ئەمنی لە هەموو رەهەندەکانی دیکە بەهێزترە، بەڵام هەر یەك لە رەهەندەکانی ئابووری، رۆشنبیری، مافی مرۆڤو رەهەندی هەرێمایەتیو نێودەوڵەتی هیچیان لە رەهەندی ئەمنی کەمتر نییە".

لە هەمانکاتدا بۆ هێورکردنەوەی مەترسییەکانو رەواندنەوەی گومانەکانی سەری، حکومەتی پارتی دادو گەشەپێدان، کە خاوەنی رێژەی 51٪ ی دەنگەکانە، دووپاتی کردەوە بە بێ پرسو راوێژی ئۆپۆزسیۆنو رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی هیچ بڕیارێکی چارەنووس ساز سەبارەت بە گەرمترینو گرنگترین پرسی ناوخۆیی، کە پرسی کوردە نادات، ئەمەش رێك پێچەوانەی سیاسەتە تەقلیدییەکانی پێڕۆکراوی سەردەمەکانی پێشووی خۆیەتی. ئەوەبوو لە یەکی ئابی 2009 یەکەمین کۆبوونەوەی تایبەت بە تاوتوێکردنی ئەم پرسە گرێدراو (دەزگای کار)ی تایبەت بەرەو چارەسەرکردنی پرسی کورد پێکهێنرا، دواتر وەزیری ناوخۆ چاوی بە 15 کەس لە ئەکادیمیكو کەسانی شارەزا کەوت، پاشانیش لەگەڵ هەریەك لە ناوەندی دیموکراسی، پارتی چەپ DSP، نوێنەرانی بزووتنەوەی نەتەوەیی گەورە پارتی یەکێتی BBP، نوێنەرانی راستڕەوی میانڕەو پارتی دیموکرات

(140) Ertan Eefegil، "AK Party’s Policies About the PKK Terrorism، Northern Iraq and Kurdish Issue "، Review of Social، Economic & Business Studies، Vol.9/10، 115-140.p.16.

DPو پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی DTP کۆبوونەوەی دوو قۆڵی ئەنجامدا. هەروەها ئاڵتای چاوی بە شاندی ژووری بازرگانیو ئاڵوگۆڕی کەڵو پەلی تورکی TOBBو سەندیکاکانی کرێکاران (هاكو تورك ئیش)و یەکێتی مەیخانەکان کەوت، دواتر لە میانی هەموو راوێژ پێکردنەکاندا لە 18 ی ئابی 2009 حکومەت چەند وردەکارییەکی دیاریکراوو سەرەتایی تایبەت بە دەستپێشخەری کوردی لە رێگەی دەزگاکانی راگەیاندن بڵاوکردەوە.

لە پاڵ ئەمەدا پلانەکەی حکومەت کار دەکات، لە پێناو سووککردنی سەرکوتیو ستەم، کە زۆرجار لە رێگەی خاڵەکانی پشکنینەوە لە رێگا سەرەکییەکان رێگە لە ئامرازەکانی گواستنەوەو بازرگانی بۆ ناوچەی کوردی دروست دەکرێ، هەروەها دووبارە دارشتنەوەی بەرنامەکانی کەناڵی ئاسمانی TRT6 بەجۆرێك لە بری پێشکەشکردنی راپۆرتە هەواڵییەکانی حکومەت، رێژەیەکی زیاتر لە توخمەکانی فەرهەنگی تایبەت بە گەلی کورد لەخۆبگرێو بە بینەران ئاشنا بکرێن. دیسان دووپات لە سەر لایەنی ئابووریو کەرتی وەبەرهێنان لە ناوچە کوردییەکان کرایەوە، بەتایبەت فەراهەمکردنی خۆشگوزەرانی، کە دەبێتە هۆکارێکی گرنگ لە چارەسەکردنی پرسی کورد.

ناوەڕۆکی کۆتایی پلانی یەکەم بریتی بوو لە: هاوکاریکردن لەگەڵ ئیدارەی کوردی لە هەرێمی کوردستانی عێراقو رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە مەبەستی بەدەستهێنانی پشتگیری بۆ چۆڵکردنی خێوەتگای مەخمور لە باکووری عێراق، کە بە یەکێك لە بنکە سەرەکییەکانی چەکدارکردنی پەکەکە دادەنرێ، پلانەکە هانی دانیشتووانی کەمپی مەخمور دەدا، بەمەبەستی گەڕانەوەیان بۆ ناو خاکی تورکیاو خۆ رادەستکردنی چەکدارانی پەکەکە بە ئیدارەی کوردی لە هەرێمی کوردستانو سووککردنی هەندێك مادەی یاسای تاوانەکانی تورکی وەکو کار ئاسانییەك بۆ خۆ رادەستکردنەوەیان، هەروەها بۆ هەمان مەبەست هەوڵبدرێ بە دامەزراندنی میکانیزمێکی راوێژکاری سێ قۆڵی لە نێوان تورکیا، عێراقو وڵاتە یەکگرتووەکان، لە سەر هەمان رێڕەو توانرا باری لە ناکاو لە هەندێك پارێزگای باشووری رۆژهەڵاتی وڵات هەڵبگیرێ، کە لە وەتەی ساڵی 1980 وە بە سەر ئەو پارێزگایانە سەپێنراوە.

پاشان لە نۆڤمبەری 2009 سزای قەدەغەکردنی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە گرتووخانەکان هەڵگیرا، لەگەڵ هەندێك هەنگاوی دیکەی بچووك کە لە بەرژەوەندی کوردنرا، بەگشتیش گۆڕانێکی ئاشکرا لە گوتاری پارتی دادو گەشەپێدان روویداو حکومەت دووپاتی لە سەر هەموو مافەکانی مرۆڤ کردەوەو سەقفی ئازادییە مەدەنییەکان بەرز بوویەوەو جەخت لە سەر پەرەپێدانی ئابووریو دیموکراسی کرایەوە.[141]

(141) Ibid

## گرنگی دەستپێشخەری کوردی

چاودێرانی پرسی کورد لەسەر تورکیا بۆچوونیان وایە، دەوڵەتی تورکیا چەندین هەلی چارەسەکردنی پرسی کوردی لە دەستچووە، هەروەها جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە لە رابردوودا هەردوو لایەنی کوردو حکومەت نەیاتوانیوە سوود لەو بۆنانە وەربگرن، کە تێیدا ئەگەری چارەسەرکردنی پرسەکە لە ئارادابووە، بۆ نموونە دوای دەستگیرکردنی ئۆجەلان لە ساڵی 1999 پارتی کرێکارانی کوردستان رووبەڕووی پشێوی بۆوە، لە هەمان کاتیشدا ئۆجەلان داوای راگرتنی هەڵمەتە سەربازییەکانی کرد، لەم نێوەندەشدا جۆرە درزتێکەوتن‌و جیابوونەوەیەك لە ناو پارتی کرێکارانی کوردستان روویدا، بەتایبەت جیابوونەوەکەی کۆنگرەی گەل. ئەوە بوو باڵە جیابووەکە بڕیاریدا لەمەودوا خەباتی چەکداری بەجێبێڵێ‌و دەست بە خەباتی سیاسی بکات بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کورد. لێرەدا دەبوو حکومەت ئەم هەلە بقۆزێتەوەو گفتوگۆ لەگەڵ پارتی دیموکراتی گەلانHEDEP کە پارتێکی رێگە پێدراوە دەست پێبکات، ئەو کات پارتی ناوبراو لە ژێر رکێفی پەکەکەدا نەبوو، بەڵام حکومەت بەهەڵەداچوو کاتێك وایزانی بۆ هەمیشە پەکەکە شکستی خواردووەو جارێکی دیکە ناگەڕێتەوە گۆڕەپانەکە، بێ ئەوەی رەچاوی ئەوە بکات بەدەر لە پەکەکە هەر دەبێ چارەسەری پرسی کورد بکات.

لەم ماوەیەدا حکومەتی تورکیا دەیتوانی سوود لە هەلە رەخساوەکان وەربگرێ، وەکو چۆن پێشتر حکومەتی بەریتانیا توانی پرسی سوپای کۆماری ئێرلەندا یەکلایی بکاتەوە، کاتێك سوپای کۆماری ئێرلەندا IRA لە کۆتاییەکانی 1990 ئاگربەستی راگەیاند، لە بەرامبەردا بەریتانیا لەگەڵ ئەوەی دەیزانی سوپای کۆماری ئێرلەندا

پەیوەنـدی لەگـەڵ شـین فـین هەیـە، بـەڵام دوو دڵ نـەبوو لـە ئەنجامـدانی دانووسـتانەکان لەگـەڵی، هـەر چەندیشـە ئەنجامدانی ئەم جۆرە سیاسەتە ترسناك بوو، بەڵام سیاسەتێکی ئازایانەش بوو کە تۆنی بلێر پێڕۆی کـرد. ئـەوکات زۆرێـك لـە کۆمەڵگـەی بـەریتانی بەتایبـەت لـە ئێرلەنـدای بـاکوورو ئەوانـەی نوێنەرایـەتی ئاڕاسـتەی راسـتڕەوی توندڕۆیان دەکرد بەتایبەتریش، کە ئەوکات پـارتی یـەکێتی دیمـوکراتی پرۆتسـتانتیو هەنـدێك میلیشـیای دیکـە بـە توندی نەیاری هەڵوێستی حکومەتیان کرد، لە ئەنجامدانی گفتوگۆو دانووسـتانەکانی لەگـەڵ تیرۆریسـتەکانی سـوپای کۆماری ئێرلەندا، بەڵام دواجار هێمنیو لـە سـەرخۆیی بڕیـار بەدەسـتانی بـەریتانیا، توانیـان لـە رێگـەی مـۆرکردنی رێککەوتنامەی هەینی گەورە کە لە ساڵی 1998 مۆرکرا، کۆتایی بە رشـتنی خـوێنی زیـاتر بهێنـرێ، لەڕاسـتیدا ئـەو خوێنە زۆرەی لە نێوان بەریتانیاو سوپای کۆماری ئێرلەندا رژا هیچی کەمتر نەبوو، لـە رژانـی خـوێنی نێـوان پـارتی کرێکارانی کوردستانو سوپای تورکیاو ئاڕاستەی راستڕەوی توندڕۆ لە تورکیا.

هۆکـاری سـەرەکی لـە دەسـتدانی هـەموو ئـەو هەلـە رەخسـاوانە بـۆ پێکهاتـەی عەقڵییـەتی سیاسـی تـورکی دەگەڕێتەوە، کە تا ئێستاش بە بـێ هـیچ پاساوێك، لـە ژێـر کاریگەرییـەکانی ئاڕاسـتەی راسـتڕەوی تونـدڕۆ دایـە، کـە لەلایەن سوپاو بژاردەی کەمالییەوە بـۆ مانـەوەی دۆخـی ئێسـتا پشـتگیری لێـدەکرێ. (مایکل گۆنتـەر) شـارەزای ئـەم بابەتەو زۆربەی جارەکانیش رەخنە لە پارتی کرێکارانی کوردستان دەگرێ، لە دواهەمین کتێبی خۆیدا سەبارەت بـە بێتوانایی حکومەت لە هەمبەر چارەسەرکردنی پرسی کورد شرۆڤەیەکی تێروتەسەلی خستۆتە روو، گۆنتەر باوەڕی وایە کۆمەڵگەی تورکی بە گشتیو ئۆپۆزسیۆنیش بە هەردوو ئاڕاستەی راستو چەپییەوە بە دەسـت گرێـی کـوردەوە گیرۆدە بوونە، هەر ئەمەشە پاڵ بە بژاردەی کەمالییەوە دەنـێ، بـۆ نکـوڵی کـردن لـە کـوردو پێـڕۆ کردنـی سیاسـەتی پەراوێز خستن[142].

لـەلای خۆیـەوە پـارتی کرێکـارانی کوردسـتانیش بەشـێکە لـە چارەسـەر، بـەڵام بـێ ئـەوەی بگاتـە چارەسـەری ئاشتییانەو چەندین هەلی رەخساویشی لەمبارەیەوە لە دەست داوە، هۆکارەکەشی بۆ ئەو زمانە زبـرو تونـدو گوتـارە نا واقیعییـە دەگەڕێتـەوە، کـە بـەکاری دێنـێ، هـەروەها نـەبوونی سـەرکردەیەکی کارامـەی خـاوەن دیدگایـەکی قـووڵ هۆکارێکی دیکەیە بۆ بە فیڕۆدانی هەموو ئەو هەلانە. ئەوەی جێگەی تێڕامانـە تـا کۆتاییـەکانی نـەوەدەکان پەکەکـە خـۆی وەکـو پـارتێکی مارکسـی سـتالینی لـە تورکیـا گوزارشـت دەکـرد، لـە سـەر ئـەم سیاسـەتەش داوای دامەزرانـدنی کۆماری سۆسیالیستی سەربەخۆی کوردستانی لە باکوور دەکـرد، لـە سـەر ئـەم هەڵوێستەیشـی بـەردەوام بـوو، تـاوەکو دەستگیرکردنی ئۆجەلان[143]، لەگـەڵ ئـەوەی خـودی پەکەکـە چـەندین جار هـەلی چارەسـەرکردنی پرسـی کـوردی لەدەستداوە، بەڵام هێشتا دەوڵەت بە تاکە بەرپرس دادەنـێ، چـونکە لـە زۆربـەی بۆنەکانـدا ئاگربەسـتی یەکلایەنـەی راگەیانـدووە، بـەڵام دەوڵـەت بەشـێوەیەکی ئـەرێنی پێشـوازی لێنـەکردووە. لـە دێسـمبەر 2008 بـە مەبەسـتی پـاش بەڕێوەچـووونی ئاشـتییانەی پرۆسـەی هەڵبژاردنـەکانی نـاوخۆ، پەکەکـە هەڵپەسـاردنی هێرشـە چـەکدارییەکانی راگەیاند، بەڵام دیسان ئەو هەلە لە دەست چوو، لە بەرامبەریشـدا سـوپا رێـزی ئـەو هەڵوێسـتەی پەکەکـە دەگرێـتو لـەو ماوەیـەدا هـیچ هێرشـێکی سـەربازی دژی گـەریلاکانی ئـەنجام نـادات، دواتـریش ئـەم هەڵوێسـتە بـە فـەرمی

(142) Michael M. Gunter، the Kurds Ascending: The Evolving Solution to the Kurdish Problem in Iraq and Turkey، Palgrave، Macmillan، 2007، (See Chapter 5).

(143) Ocalan`s PKK``، The Estimate، Vol X1، No.5، february26، 1999.

ئاگربەستی نێوان هەردوولای لێکەوتەوە، پەکەکە ماوەی هەڵپەساردنی هێرشەکانی تاوەکو 11 ی حوزەیرانی 2009 درێژ کردەوە. بە گوێرەی ئاژانسی هەواڵی فوراتی زمان حاڵی خۆی، پەکەکە بڕیاری ئاگربەستێکی دیکەی یەکلایەنەی ڕاگەیاند: "بۆ ئەوەی لایەنە ململانێ کارەکان، سەرکردەو ڕێکخراوەکان بە ئەرکی بەرپرسیارێتی خۆیان هەڵبستن، بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ هاتنی ئەو هەلانەی، دەبنە هۆی ڕەخساندنی ئەنجامدانی دانووستانەکان لە پێناو گەیشتن بە ڕێگە چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لە سەر بنەمای دیموکراسیو بەهاکانی مافەکانی مرۆڤ"[144].

لەگەڵ چەند هەڵپژانێکی بچووك لێرەو لەوێ، کە لە نێوان سوپای تورکیاو گەریلاکانی پەکەکە روویدا، بەڵام تاوەکو کۆتایی مانگی حوزەیرانی 2010 بە مەبەستی جێبەجێکردنی دەستپێشخەری کوردی ئاگر بەستەکە بەردەوام بوو، لەڕاستیدا ئەم ئاگربەستە ماوە درێژە هەلێکی مێژوویی بۆ لایەنە ناکۆکەکان ڕەخساند، بۆ ئەوەی ململانێکانی نێوانیان یەکلایی بکەنەوە.

سەرەڕای ئەوەی حکومەتی پارتی دادو گەشەپێدان دووپاتی لەسەر دەستپێشخەرییەکە وەکو دەستپێشخەرییەکی ڕاستەقینە بۆ یەکلاییکردنەوەی ململانێی کوردی کردۆتەوە، بەڵام پەکەکە دەستی بە هەڵمەتە چەکدارییەکان کردۆتەوەو لەو ڕێگەیەدا ماوەی پێویستی نەداوە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد، لەڕاستیشدا دەستپێشخەرییەکەی حکومەتی ئاك پارتی ئازایانەیەو لە زۆربەی لاوە نا تەقلیدییە، بەتایبەت کە زۆربەی لێدوانو گوتارەکانی سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیران بەڵگەن لەسەر واقعییەتی ئازایانەی بەرپرسە گەورەکانی ئەم حکومەتە، کە پێشتر هاوشێوەی نەبووە لە گوتاری فەرمی سیاسەتی دەوڵەتی تورکیا. لە ئابی 2005 لە وتارێکیدا لە بەردەم جەماوەری شاری دیاربەکر سەرۆك وەزیران ڕاگەیاندنێکی مێژوویی ڕاگەیاند، کە هیچ سەرۆکێکی پێش خۆی بەم شێوەیە نەبووە، دان بە هەڵەی دەوڵەت دابنێ لە مامەڵەکردنی لەگەڵ کورددا: "پرسی کورد کێشەی هەمووانە"[145]. دواتریش لە 23 ئایاری 2010 سەرۆك کۆمار عەبدوڵڵا گوڵ ڕایگەیاند گەورەترین کێشەی تورکیا بریتییە لە: کێشەی کورد، هەر بۆیە دەبێ ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێتو کۆتاییش بە تیرۆر بێ[146].

پاشان هەر یەك لە گوڵ و ئەردۆگان بۆ چەندین جار سەردانی ناوچەکانی کوردیان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵات کردووە. هاوکات لەگەڵ ئەوەی حکومەت لە ڕێگەی پەرلەمانەوە ڕەوایەتی بە دەرزەنێك لە چاکسازییەکانی تایبەت بە پرسی کورددا، بەڵام لەلایەن دادگای دەستوورییەوە، کە تا ئێستاش لەلایەن لایەنگرانی بژاردەی کەمالی بەڕێوەدەچێ، هەندێك لەو چاکسازییانە ڕەتکرانەوە، هەر بۆیە جارێکی دیکە بەهۆی کۆمەڵێك هۆکار ئەم هەلە مێژووییە پێچرایەوەو سەر لە نوێ تەپڵی شەڕ لێدرایەوە.

بە بۆچوونی ئێمە تا ئێستا ئەم هەلە مێژووییەی حکومەت دەستی پێکردووە، ماوەی سەرکەوتنی لە بەردەمدایە، بۆ سەرکەوتن پێویستی بەم خاڵانە هەیە:

(144) Second Report and Recommendations on the Kurdish Question in Turkey، by the International Delegation of Human Rights Lawyers، July، 2009. http://khrag.org/SECOND%20REPORT%20AND%20RECOMMENDATIONS%20ON%20THE%20KURDISH%20QUESTION%20IN%20TURKEY.pdf (accessed on July1، 2010).

(145) Qantara، “Two Steps Forward، One Step Back،” November 19، 2007، http://www.qantara.de/webcom/show_article.php/_c-476/_nr-881/_p-1/i.html?PHPSESSID=5 (accessed December 10، 2008.

(146) Today’s Zaman May 31.2010.

1. بەشداریکردنی سەرجەم لایەنە کاراو گرنگەکانی نیشتمانی، هەرێمایەتیو نێودەوڵەتی.
2. دانانی خشتەیەکی زەمەنی قۆناغ بەند، بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکە.
3. ئازایەتیو دیدگایەکی نموونەیی، بۆ مانەوە لە سەر راستە رێگە، بێ ئەوەی ئاوڕ لە کۆسپەکانی بەردەمی ئەو رێگایە بدرێتەوە، کە لەلایەن توندڕۆکانی ناوخۆو هێزەکانی دەرەوە دروست دەکرێ.
4. دانانی میکانیزمێکی شیاوو ئەکتیف. بەگشتی چارەسەکردنی پرسی کورد لە تورکیا پێویستی بە دانانی نەخشە رێگەو خەمخۆرییەکی جددی هەیە.

## ئاستەنگەکانی بەردەم پرۆسەی ئاشتی

### 1- هەڵوێستی نەرێنی ئۆپۆزسیۆنی تورکی بەرامبەر دەست پێشخەرییەکە.

لە بەر ئەوەی تا ئێستا هیچ رێککەوتنێك لە سەر کۆدەنگی نێوان لایەنەکان سەبارەت بە دەستپێشخەرییەکەی حکومەتی دادو گەشەپێدان نییە، بەڵکو جیاوازییەکی رادەبەر لە سەر ئەم پرۆسەیە لە نێوان لایەنەکان هەیە، بۆ ئەوەی رێگە لە پارتی دادو گەشەپێدان بگیردرێ نەتوانێ ببێتە خاوەنی دەستکەوتی چارەسەکردنی پرسی کورد بێ، ئۆپۆزسیۆن بە گشتیو پارتی گەلی کۆماری دەستپێشخەرییەکە رەتدەکاتەوە، لە بەرامبەریشدا کوردان خۆشحاڵن بە چاکسازییە پێشنیازکراوەکان.

دەنیز بایکاڵ سەرۆکی پێشووی پارتی گەلی کۆماری رایدەگەیەنێ، پرۆسەی فێرکردن بە زمانی کوردی کە یەکێکەکە لە ناوەرۆکەکانی چارەسەکردنی پرسی کورد لە تورکیا، دەبێتە هۆی دابەشکردنی یەکڕیزی خاکی تورکیا، هەروەها لە وەڵامی ئەحمەد تورکی هاوسەرۆکی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی، کە داوای لە حکومەتی ئاك پارتی کرد، بۆ پێکهێنانی لێژنەیەکی پەرلەمانی بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە سەر هەڵە مێژووییەکانی نموونەی (سیاسەتی زۆرەملێی بە تورککردن) کە حکومەتەکانی پێشوو پێڕۆیان کردووە، بایکاڵ دەڵێ: "گەڕانەوە بۆ رووداوەکانی مێژوو هیچ سوودێکی نییە، جا رووداوەکان هەر چییەك بووبن، بەڵکو لە ئێستاوە پێویستە بە یەکەوە ژیان دروست بکەین". پاشان سەبارەت بە دەست پێشخەرییەکە بایکاڵ سەرۆك وەزیرانی تورکیا تۆمەتبار دەکات بە داهێنانی

پلانێك، بۆ وێرانكردن‌و دابەشكردنی توركیا، لە بەرامبەریشدا ئەردۆگان پێی دەڵێ "هەندێك كەس هەیە دەیانەوێ خوێنی زیاتر برژێ"[147].

هەروەها دەوڵەت باخچەلی دەڵێ: "دەستپێشخەری حكومەت (دەستپێشخەری پارتی كرێكارانی كوردستان)ە". حكومەتیش تۆمەتبار دەكات، كە دەیەوێ لەگەڵ تیرۆریستان دانووستان ئەنجام بدات‌و رێككەوتن مۆر بكات، باس لەوەش دەكات پرسی ئەم دەستپێشخەرییە، كە بریتییە لە: دارشتنەوەی (پلانێكی نوێ) لە بنەڕەتدا بەشێكە لە (پیلانی نێودەوڵەتی)و گەورەترین هێزی جیهان بۆ دەست بەسەر داگرتنی سەرچاوەكانی ئاوو وزە لە ناوچەكە. جگە لە مانەش هەندێك لە ئەندامانی پارتی كاری نەتەوە راشكاوانە لە ناو پەرلەمان هەڕەشە لە ژیانی وەزیری ناوخۆ دەكەن‌و هۆشداریدەدەنێ، كە (بە تەنیا نەچێ بۆ ئەنجامدانی نوێژ لە مزگەوتەكەی تەنیشت پەرلەمان) ئەمەش دووهەمین هەڕەشەیە، كە لە ماوەی كەمتر لە دە رۆژ دژ بە ئەندامانی پارتی دادو گەشەپێدانی فەرمانڕەواو ئەندامانی پارتی كۆمەڵگەی دیموكراتی كوردی لە لایەن ئەندامانی پارتی كاری نەتەوە دووبارە دەبێتەوە[148].

بە بۆچوونی باخچەلی شتێك نییە بە ناوی (دەستپێشخەری كوردی) بەڵكو ئەوەی ئەنجام دەدرێ بریتییە لە: (پیلانگێری دژی نەتەوەی تورك)و هەوڵێكیشە بۆ زیندووكردنەوەی پەیماننامەی سیڤەر، بەم هۆیەشەوە حكومەت كەوتۆتە ژێر فشارەكانی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا، بە مەبەستی دابەشكردنی توركیاو دروستكردنی دەوڵەتی سەربەخۆی كوردی، وەكو بەشێك لە ستراتیژییەتی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا، بۆ دووبارە دروستكردنەوەو دارشتنەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ، كە جێگەی داخە یەكەمین جارە لە مێژووی نەتەوەی تورك‌و حكومەتەكانی توركیا هاوكارییەكی لەم شێوەیە پێشكەش بە پیلانگێرییەكانی ئیمپریالیزمی (دیموكراسی) زلهێزەكان بكرێ[149].

ئەگەرچی گوتارەكانیان جۆرە هۆشدارییەكی پێوە دیار بوو، بەڵام لە سەرەتادا هەر یەك لە پارتی گەلی كۆماری‌و پارتی كاری نەتەوە پێشوازیان لە دەستپێشخەرییەكە كرد، هەروەها ئۆپۆزسیۆن هەڵوێستی نەیاری خۆی بەرامبەر دەستپێشخەرییەكە ئاشكرا كرد، داواشی لە حكومەت كرد كۆدەنگی نیشتمانی لە سەر دروست بكات‌و وردەكارییەكانیشی بخاتەڕوو. "حكومەت دەیەوێ سواری كەشتییەك بین، ئاراستەی رۆشتنەكەی دیاری نەكراوەو دەریاش شەپۆڵەكانی تێمان دەگرێ". ئۆپۆزسیۆن دەیەوێ بۆچوونی خۆی بەرامبەر دەست پێشخەرییەكە، بۆ رای گشتی روون بكاتەوە، كە دژایەتیەكەی ئەو بەرامبەر پرۆسەی ئاشتی نییە، یاخود هەڵوێست وەرگرتن نییە، بەرامبەر چارەسەركردنی پرسی كورد، بەڵكو ئەوان ئاگاداری وردەكارییەكانی نین‌و داوای روون كردنەوە دەكەن.

---

(147) لێرەدا مەبەستی ئەردۆگان راستڕەوەی توركیە كە حەز دەكات، سەربازانی تورك بكوژرێن، بۆ ئەوەی ئەم كارەساتە لە بەرژەوەندی ئەجێندای سیاسی خۆی بەكاربێنێ.

(148) Yusuf Kanli، Daily Hurriyet News،Wednesday، November 11، 2009.

(149) Nazli Sila Cesur "The Justice and Development Party’s discourse onThe Kurdish Question "،ed. Ben Garner، Sonia Pavlenko، Salma Shaheen & Alison Wlanski، Cultural and EthicalTurns http://interdisciplinarypress.net/index2.php?page=shop.product_details&product_id=94&flypage=flypage.tpl&pop=1&option=com_virtuemart&Itemid=28

لەلای خۆشییەوە حکومەت دەیەوێ بڵێ بە تەنیاو بێ گەڕانەوە بۆ ئۆپۆزسیۆن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیو سەپاندنی ئەمری واقیع ئەم کارە گشتگیرە ناکات[150].

هەر زوو ئۆپۆزسیۆن چەند هێڵێکی سووری دانا، کە نابێ حکومەت لە دانووستانەکانی سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسی کورد زێدەڕۆییان بە سەردا بکات، بۆ ئەم مەبەستەش پارتی گەلی کۆماری ئەم مەرجانەی سەبارەت بە دەستپێشخەرییەکە پێشکەش کردووە:

أ- نابێ دەستوور لە سەر بنەمای ئیتنی هەموار بکرێتەوە.

ب- نابێ پرۆسەی فێربوون بە زمانی کوردی بێ.

ج- نابێ حکومەت واز لە هەوڵەکانی بێنێ بۆ لە ناوبردنی تیرۆر.

دیارە حکومەت تا رادەیەكو بە جۆرێك لە جۆرەکان دڵنیا بوو، هەنگاوو ڕێوشوێنی بەشێکی دەستپێشخەرییەکە دەگرێتەبەر، لە بەرامبەریشدا لە هەڵبژاردنەکانی 12 ی حوزەیران ئۆپۆزسیۆن ناروونی دەستپێشخەرییەکە وەکو پروپاگەندە بەکاردێنێ، ئەمەش بە سیستیو کەمتەرخەمی حکومەت لە جێبەجێکردنی دەستپێشخەرییەکە شیکردنەوەی بۆ دەکرێ.

## 2- ڕەتکردنەوەی دەستپێشخەرییەکە لەلایەن پارتی کرێکارانی کوردستان.

پارتی کرێکارانی کوردستان بە توندی رەخنە لە دەست پێشخەریەکەی حکومەتی دادو گەشەپێدان دەگرێتو بە رووکەشو بێ مانا ناوی دەبا، لە راگەیاندراوێکدا کە لە ئاژانسی هەواڵی فورات بڵاوکراوەتەوە پەکەکە رایدەگەیەنێ "چارەسەری پرسی کورد بەبێ دانپێنانی لەلایەن نوێنەری راستەقینەی ئیرادەی گەلی کورد (کە مەبەست پێی پەکەکەیە)و ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵی بە ئەنجام ناگات" لە بەشێکی دیکەی راگەیاندراوەکەیدا پەکەکە بە پێویستی دەزانێ لە ناو دەستووردا حکومەت بە فەرمی دان بەگەلی کورد دابنێ[151].

**ئەو هۆکارە شاراوانە چین کەوا دەکەن پەکەکە دەستپێشخەرییەکەی حکومەت رەتبکاتەوە؟**

سەرەڕای ئەوەی لە سەرەتادا پارتی کرێکارانی کوردستان پێشوازی لە نیازی حکومەت کرد، بەو پێیەی دەیەوێ بە ڕێگەی ئاشتی چارەسەری پرسی کورد بکات، بەڵام دواتر دێ رەخنەی جددی دەگرێ، بگرە پەکەکە دەخوازێ تاکە لایەنی نوێنەرایەتی کردنی کورد بێ، بۆ ئەوەی بەتەنیا لەسەر ئەم دەستپێشخەرییە قسە بکات، پێداگریشی لە سەر ئەوە بوو ئاشتی بە بێ گەڕانەوە بۆ ئۆجەلان بەر قەرار نابێ، چونکە بە باوەڕی پەکەکە ئۆجەلان بەبێ رکابەر تاکە سەرکردەی کوردیە لە تورکیا، بە بێ ئەویش هیچ چارەسەرێکی هەمیشەیی لە سەر

(150 ) Akin، p.4.

(151) AK party government's Kurdish Initiative، 15 November 2009 by KB http://kurdistancommentary.wordpress.com/2009/11/15/ AK party governments-kurdish-initiative

پرسی کورد بە ئەنجام ناگات، وەکو دیاریشە هەر یەك لە ئۆجەلانو پارتی کرێکارانی کوردستان دەیانەوێ چیرۆکەکەی ئەزموونی (ماندێلا) لە ئەفەریقای باشوور لە تورکیا دووبارە بکەنەوە.

لە لێدوانێکدا کە ئاراستەی کۆنگرەی پێنجەمی نێودەوڵەتی کرد، کە لە کانوونی دووەمی 2009 لە برۆکسل سەبارەت بە (یەکێتی ئەوروپا، تورکیاو کورد) بەڕێوەچوو، ئۆجەلان دەڵێ: "هەموو هەوڵێك بۆ چارەسکردنی پرسی کورد بەشێوەیەکی دیموکراسیو بەرقەرارکردنی ئاشتی گرنگ دەنرخێنم.. ئەمە راستییەکە پێویستە هەردوولا کار بکەن، بۆ چارەسەرکردنی ململانێکانی نێوانیان لە سەر بنەمای دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی ژیانی کۆمەڵایەتی، نیشتمانیو سیاسی، کە دەوڵەتی لە پێناودا دروست بووەو گەیشتن بە بڕیاردانی گونجاو.... کورد دەخوازێ دان بە بوونی دابنرێ، ئازادییە رۆشنبیرییەکانی بۆ فەراهەم بکرێ، لەگەڵ دروستکردنی سیستمێکی دیموکراسی گشتگیر... پرسی کورد بە چەكو توندو تیژی چارەسەر ناکرێ... ئێمە رازین کۆماری تورکیا وەکو دەوڵەتێکی یەکپارچەو سکیۆلار بمێنێتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا باوەڕمان وایەو بە پێویستی دەزانین، دەبێ دووبارە پێناسەی دەوڵەتی دیموکراسی لە سەر بنەمای رێزگرتن لە مافەکانی گەلانو رۆشنبیرییەکانیان بکرێتەوە"[(152)].

لە راگەیاندراوێکدا کە لە 13 ی تەممووزی 2010 لە رێگەی پارێزەرەکانییەوە لە گرتووخانەی ئیمڕاڵی دەرچووە، ئۆجەلان چەند مەرجێکی بنەڕەتی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد داناوە، کە بریتین لە: راگەیاندنی ئاگربەست لە نێوان حکومەتو پەکەکەو پێکهێنانی لیژنەی نیشتمانی، بۆ داڕشتنەوەی وردەکارییەکان بە مەبەستی گەیشتن بە یەکلاییکردنەوەی پرسی کورد، پێکهێنانی لیژنەیەك بۆ پێشکەشکردنی راسپاردەکان لە چوارچێوەی یاساو گەرەنتییە دەستوورییەکان بۆ کورد، قۆناغی کۆتاییش لە پلانی ئاشتی تایبەتە بە دانانو مانەوەی گەریلاکانی پەکەکە لە شوێنێکی تایبەتو دواتریش بە سەرپەرشتی دەستەیەکی نێودەوڵەتی رادەستی حکومەت بکرێنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش نەتەوە یەکگرتوەکان پێشنیازکراوە. سەرەڕای ئەوەی حکومەت دانووستان لەگەڵ پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی هاوبیرو باڵی سیاسی پەکەکە ئەنجام دەدات، بەڵام ئەنجامدانی دانووستانی ئاشکرا لەگەڵ ئۆجەلانی رێبەری پەکەکە کارێکی فورسە، بەو پێیەی راگەیاندنی پارتە نەژاد پەرستەکان ئۆجەلان بە (بکوژی منداڵان) ناو دەبەن، هەر جۆرە گفتوگۆو دانووستانێکی راستەوخۆش لەگەڵیدا لە سەر حکومەتی ئاك پارتی گران دەوەستێ.

چەند مانگێك بەر لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان نە حکومەتو نە سەرکردایەتی ئێستا خۆیان لە قەرەی ئەو مەترسییە نەدا، کە پەکەکە وەکو هێزێکی تیرۆریستی لە قەڵەم بدەن.

---

(152) Second Report and Recommendations on the Kurdish Question in Turkey، by the International Delegation of Human Rights lawyers، july 2009

به باوەڕی نووسەری ئەم چەند دێڕە گرەوە گەورەو بەرژەوەندییە باڵاکان، کە لە میانی فەراهەمکردنی ئاشتەوایی بەر قەرار دەبن، پێویستیان بە بوێریو قوربانی زۆرتر هەیە. ئەگەر پێغەمبەری ئیسلام (دروودی خوای لەسەر بێ) توانیبێتی تەوزیفی تواناکانی ئەبو سوفیان بکات، بۆ خزمەتکردنی پەیامی ئیسلام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هێشتا بە سەرسەخترین دوژمنەکانی ئیسلام دادەنرێو باوەڕیشی نەهێناوە، بۆیە هیچ پاساوێك نییە ئەمڕۆکە حکومەتی تورکیا لە پێناو بەرقەرارکردنی ئاشتی تواناکانی ئۆجەلان بەکار نەهێنێ.

دواتر ئۆجەلان تاکە کەس نییە لە تورکیا لە هەموو شەڕەکانو کوشتنی بێتاوانەکان هۆکارو بەرپرسی یەکەم بێ، بەڵکو ئەم شەڕە خوێناوییەی ئەمڕۆکە هەیە سەرەتاکەی بۆ چەندین ساڵی لەمەو پێشو بەر لەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان بوونی هەبێ دەگەڕێتەوە. مێژوو گەواهی دەدات زۆرێك لە سەرکردە کاریگەرەکانی مێژووی جیهان توانیویانە لە ماوەیەکی کورتدا لە سەرکردەیەکی تیرۆریستییەوە ئاشتی دروست بکەنو دەوڵەت بونیادبنێن، بۆ نموونە کەسێکی وەکو نیلسۆن ماندێلا لە باشووری ئەفریقیا، یاسر عەرەفات سەرۆکی بەرەی رزگاریخوازی فەلەستین، مەناحم بیکن لە ئیسرائیلو جیری ئادەمز، هەروەها سەرکردەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە کوردستانی عێراق، توانیان لە دوای رووخانی رژێمی دیکتاتۆر وەکو گەورەترین خەباتگێرو شکۆدارترینو بە ئەمەکترین کەس دەربکەون، لە کاتێکدا پێشتر وەکو هەڵگەڕاوە، بەکرێگیراوو خیانەتکار لەلایەن بەعسییە نەتەوە پەرستەکان لە قەڵەم دەدران. لەگەڵ ئەمەدا هەندێك بەرژەوەندی نیشتمانی وا دەخوازێ سەرۆکی دەوڵەت قوربانییەکی گەورەو بە ئازار لە پێناو بەرجەستەکردنی ئاشتی بە خۆی بدات، بۆیە بە بۆچوونی ئێمە ئەگەر ئۆجەلان ئازاد بکرێ، بە پێچەوانەی ئێستاکە کەمتر ئەو تواناو لێهاتوویی و کەسایەتییە کاریزمییەی هەیەتی کاریگەری دەمێنێ.

لە ئێستادا ئەردۆگان تاکە سەرۆکی دەوڵەتە، کە خاوەنی بوێری، دەستپاکیو راوێژی نیشتمانییەو کەسایەتییەکی کاریزمیشە، بۆیە دەتوانێ بڕیاری ئازایانەو تۆکمە بدات، بەتایبەت بەشدارییپێکردنی ئۆجەلان لە پرۆسەی ئاشتیدا. لەمبارەیەوە نووسەری تورك عومەر ئۆن ئالان دەڵێ: "ناچێتە عەقڵ ئەگەر وابڕوانین، کە ئۆجەلان شەرعییەتی نییەو لەلایەن کوردەوە پشتگیری لێناکرێ، بەڵکو ئەو خاوەنی نفوزێکی بە ئەزموونە هەم لە سەر ئاستی کورد لە تورکیاو هەم لە سەر ئاستی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی بەتایبەتریش، کە ئێستا ئەگەرچی لە گرتووخانەیە بەڵام هەژموونی زیاترە"[(153)].

ئاشکرایە پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی دەخوازێ هەندێك لە مافە رۆشنبیرییەکان بەتایبەت پرۆسەی فێربوون بە زمانی دایك لە ناوچە کوردییەکانی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا بەدەستبێ، ئەم مافانەش بە بێ بوونی مافی خۆبەڕێوەبردن لە ناوچە کوردییەکان دەستەبەر نابێ، هەر بۆیە پێویستە لە رێگەی هەڵبژاردنەکانەوە

(153) AKP'nin Kürt Açılımı ve Tek Türkiye، Istanbul Yolculuk Yayınevi، 2011،p.405

پەرلەمانی هەرێمەکان دابمەزرێندرێ، بەشێوەیەك بتوانێ جگە لە پرسە پەیوەندارەکانی تایبەت بە کاروباری دەرەوە، دارایی‌و بەرگری کە ئەمانە بە هاوکاری حکومەتی هەرێمەکان رایی دەکرێن، ئیدارەی تەواوی ناوچە دیارەکانی خۆی بکات. لەلای خۆیەوە ئۆپۆزسیۆنی تورکیا داوای لە حکومەت کرد، ئەو خواستەی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی رەتبکاتەوە، هەروەها بە (بەشێکیش لە پرۆسەی پارتی کرێکارانی کوردستان بۆ دابەشکردنی وڵات)ی لە قەڵەمدا[154].

لە هاوینی 2009 سەرۆك ئەردۆگان زنجیرەیەك گفتوگۆی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆی لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی بەتایبەت لەگەڵ ئەحمەد تورك ئەنجامدا، ئامانجی سەرەکی گفتوگۆکانیش گەیشتن بوو، بە چارەسەری ئاشتی، لە بەرامبەریشدا ئۆپۆزسیۆن هەرزوو دەستی کرد، بە وروژاندنی هەستی شەقامی تورکی دژی حکومەت‌و هەڵوێستی سەرۆك ئەردۆگان. لەمبارەیەوە دەنیز بایکاڵ رایگەیاند حکومەت هاوکاری تیرۆریستان دەکات، هەروەها دەوڵەت باخچەلی رایدەگەیەنێ گفتوگۆکانی حکومەتی ئاك پارتی لەگەڵ سەرکردایەتی کورد لە بنەڕەتدا گفتوگۆککرددنە لەگەڵ تیرۆریستان‌و لە کرۆکیشدا خیانەتکردنە لە وڵات، بۆیە پارتی کاری نەژاد پەرست بەتوندی رەتی ئەم گفتوگۆیانە دەکات‌و رایدەگەیەنێ لە پێناو پاراستنی وڵات ئامادەیە پەنا بەرێتە شاخ[155].

داواکارییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان‌و پێشبینییەکانی سەبارەت بە چارەسەکردنی پرسی کورد لەگەڵ سیاسەتی باوی تورکیا ناگونجێ، بەتایبەت حکومەتی ئاك پارتی، چونکە داواکردنی مافی خۆبەڕێوەبردنی هەرێمایەتی دەبێتە لەمپەرێکی ترسناك لە بەردەم رێگە چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی ناوچەکانی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا، بە پێچەوانەی کوردستانی عێراق، دیاریکردنی سنووری ناوچەکانی کوردی لە تورکیا کارێکی ئاسان نییە، لەسەرێکی دیکەوە بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی پەرلەمانتاری کوردی هاوپەیمان لەگەڵ پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی ئاڵتان تان دەریخستووە، رێژەی 60٪ ی کورد لە ناوچە نا کوردییەکان لە رۆژئاواو ناوەڕاستی ئەستەنبوڵ، بۆرسە، ئەزینا، مەرسین‌و قۆنیە دەژین، هەروەها لە چەند ناوچەو شوێنێکی دیکە بەتایبەت لە کارس ئاجدیر، ئەدیمان، ئەرزرۆم، مەلاتیە، غازی عەنتاب، قەهرەمان‌و مراش بە تێکەڵ لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە دەژین، لە هەندێك لەو ناوچانە کورد زۆرینەیەکی کەم پێکدەهێنێ، بەڵام لە هەندێك ناوچەی دیکە تورکەکان زۆرینە پێکدەهێنن، بە گوێرەی هەمان زانیاری ئەو دانیشتووانەی بە زمانی عەرەبی لە شارەکانی ماردین، ئۆرفا، شانلی، باتمان‌و سیرت بە عەرەبی دەدوێن رێژەی 20٪ پێکدەهێنن[156].

---

(154) Erhan Üstündağ، possible-solution-for-kurdish-question-suits-eu-accession-process http://bianet.org/english/local-goverment/123087، Istanbul - BİA News Center 01 July 2010). Accessed on Aug 10، 2010.

(155) Egemen Basar Bezci `` the Kurdish Question in Turkey: a Critical Juncture `` Moshe Dayan centre، Tel Aviv Notes، August 17، 2009.

(156) Kurt Sorunu، pp.555-56.

"... لە زۆرێك لە وڵاتانی ئەوروپا بەتایبەت ئیسپانیا، سکوتلەنداو بەلجیکا زۆر کێشەی ئیتنی چارەسەر کراوە، هەر بۆیە دەکرێ سوود لە ئەزموونی ئەم وڵاتانە وەربگیردرێ بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد. ئێمە جگە لە چارەسەرکردنی پرسی کورد، کە سوودی بۆ هەمووان هەیە هیچی دیکەمان داوا نەکردووە. فەرەنسا وەکو یەکەمین دەوڵەت لەسەر بنەمای دەوڵەت دامەزراوەو لە دیدی تورکیاش فەرەنسا دەوڵەتێکی نموونەییە، بەڵام پیادەکردنی دەوڵەت لە فەڕەنسا جیاوازە لە پیادەکردنی دەوڵەت لە تورکیا، حکومەتی فەرەنسا ماف خۆبەڕێوەبردنی بە کۆرسیکا داوە، ئەگەر تورکیا هەموو ئەو مافانە بە گەلی کورد بدات، بە دڵنیاییەوە قبووڵیان دەکات، ئێستا پرسەکە لەوەدایە حکومەت دەڵێ بەڵێ کورد هەیە بەڵام بەشێکە لە گەلی تورك، یاخود دەڵێن....... ئەمەش واتا کۆمەڵێك ئیتنی دیکە لە تورکیا هەیە، بەڵام هەمووان تورکن، ئەدی ئەم قسەیە یاریکردن نییە بە وشە؟، لەڕاستیدا سیاسەتی توانەوەی بە زۆرەملێ، کە ماوەی چەندین ساڵە لەلایەن حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی تورکیاوە پێڕۆ دەکرێ تا ئێستاش بەردەوامی هەیە"(157).

دیارە تەنگژەیەکی گەوەری بێ متمانەیی لە نێوان کوردانی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستانو حکومەت لە ئارادایە، لایەنگرانی پارتە کوردییەکان باس لەوە دەکەن، لەوەتەی هەڵبژاردنەکانی ئازاری 2009 کە تێیدا پارتی دادو گەشەپێدان لە ناوچە کوردییەکان لە بەدەستهێنانی ئەنجامێکی گەورە شکستی هێنا، بەڵکو پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی توانی ئەنجامی زۆر گەورە لە ناویشیاندا بەدەستهێنانی سەرۆکایەتی شارەوانی دیاربەکر بە دەستبێنێ، حکومەت رەوایەتی بە سیاسەتە دوژمنکارییەکانی خۆی داوە، هەروەها گوتارێکی نەتەوەیی زۆر زبرتر لە پێشوو پێڕۆ دەکات، بەتایبەت کە دەستی کردووە بە دەستگیرکردنی زۆرێك لەلایەنگرانی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی، تەنانەت دەستگیرکردنی ئەو منداڵانەی بەردیان گرتۆتە پۆلیس. لەمبارەیەوە (سەباحەت تونجەل) ئەندامی دیاری پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی دەڵێ: "راستە هەڵبژاردنەکانی 2009 هەلێکی باشی بۆ پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی رەخساند، بۆ زیادکردنی کورسییەکانی شارەوانییەکان، بەڵام لە بەرامبەردا حکومەت پەنای بردۆتە بەر توندوتیژی بۆ تۆڵەکردنەوەی شکستەکانی، جگە لەمەش سوپا دەستی کردووە بە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی دژی پارتی کرێکارانی کوردستان، ئەمەش بە روونی دەردەکەوێ حکومەتو پارتی دادو گەشەپێدان دەیانەوێ پرسی کورد لە دەرەوەی نوێنەرانی راستەقینەی کورد چارەسەر بکەن"(158).

لە 28 ی حوزەیرانی 2008 رۆژنامەی (زمان الیوم)ی تورکی لە (دیلك کۆرپان)ی تورکی لە ناوەندی توێژینەوەی ئابووریو کۆمەڵایەتی TESEV گواستوویەتییەوە کە دەڵێ: "چۆن دەتوانی منداڵی پانزە ساڵان بخەیتە گرتووخانە، لە کاتێکدا ئاڵایەکی پارتی کرێکارانی کوردستانی لە دەستدابێ، یاخود رووخساری خۆی پێ رەنگکردبێ،

(157) PKK leader Karayilan: EU responsible for stalemate in Kurdish issue... www.groundreport.com/World/PKK-leader...The.../2922030

(158) An Exclusive Interview with Ms. Sebehat Tuncel، Kurdish MP of Turkey's Parliament and Istanbul Deputy for the Democratic Society Party (DTP) Kurdish Herald Vol. 1 Issue 2، June 2009.

ئایا قسەیەك لەلای خانەوادەی ئەو منداڵە دەمێنێ ناوی (دەستپێشخەری کوردی) بێ؟ ئایا دەکرێ بڵێی ئەو منداڵە هەستی رق لێبوونەوەی بەرامبەر دەوڵەت یاخود پارتی دادو گەشەپێدان لەلا درووست نابێ؟"[159].

جگە لەمە هەر یەك لە پارتی کاری نەتەوەو پارتی گەلی کۆماری بە توندی دژایەتی حکومەتو دەستپێشخەری کوردی دەکەن، لەمبارەیەوە پەرلەمانتار (ئونوور ئەیمەن) بەرگری لە چارەسەری سەربازی بۆ پرسی کورد دەکات، کۆمەڵ کوژییەکەی دەرسیمیش بە چارەسەرێکی نموونەیی دادەنێ، بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەم پرسە.

لە راستیدا ئۆپۆزسیۆنی تورکیا لە واقیعی کورد دوورە، بگرە لە هەڵبژاردنەکانی 2007 پارتی گەلی کۆماری تەنیا رێژەی 5٪ ی دەنگەکانی لە دیاربەکر بەدەستهێنا، ئەمە نەك هەر حاڵی پارتی گەل بووبێ، بەڵکو هەموو ئەو پارتانەی دژایەتی کورد دەکەن، لە ناوچە کوردییەکان بە بچووکی دەمێننەوە، لە بەرامبەریشدا ئاك پارتی جەماوەریتر بە دەردەکەوێ[160].

## 3- رۆڵی سوپا

سەرانی سوپا کۆسپێکی ترسناکن لە بەردەم چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لە تورکیا، سوپا جیا لە دامەزراوەکانی دیکەی دەوڵەت خاوەنی هەڵوێستێکی تایبەتو جۆرییە، بەو پێیەی پارێزگاری لە کەمالییەتو سیستمی کۆماری دەکات، بەتایبەت لەو پرسانەی پێی دەگوترێ هێڵی سوور لە ناویشیاندا جیابوونەوەی کورد، قوبرسو پەیوەندییەکان لەگەڵ یۆنان. لە ململانێی لەگەڵ پەکەکەدا سوپا هەوڵدەدا بە هەموو جۆرە میکانیزمێك سەربکەوێ، لەلای خۆشییەوە پەکەکە بۆ سەرکەوتنی سیاسەتەکانی بە هەمان شێوە توندو تیژی ئەنجام دەداتەوە، سوپا بەهەموو هێزی دەیەوێ پارتی کرێکارانی کوردستان لە ناو ببات، لە کاتێکیدیکەدا دێ دەست بە بوژانەوەی کۆمەڵایەتیو ئابووری ناوچە زیان بەرکەوتووەکانی کوردی دەکاتەوە، لەڕاستیدا ئەم کارە دوو سەرییەی سوپا بەرامبەر کوردو ناوچەکانی کوردی لە تورکیا، جۆرێکە لە تاکتیتك نەك دانان بە شووناسی کورد.

دەستەی سوپا سالار تاکە بڕیاردەرە ستراتیژییەتی تورکیا بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر دیاری دەکات، هەرچەندە حکومەت هەندێك جار پەنا دەباتە بەر لایەنی یاسایی نموونەی (یاسای لێبوردن) بە مەبەستی هاندانی گەریلاکانی پەکەکە، بۆ چەکدانانو گەڕانەوەیان بۆ وڵات لە چوار چێوەی سیاسەتی تیرۆر، کە خۆی لە پێڕۆکردنی سیاسەتی بەرفراوانی بەرەنگاربوونەوە لادەدات، پێڕۆکردنی ئەم سیاسەتەش تاوەکو 2007 بەردەوامی هەبوو،

(159) TESEV's Kurban: Solving Kurdish problem would bring more votes to AK Party``، Today's Zaman،28 Jun 2010.
(160) Ekrem Eddy Güzeldere،Turkey: Regional Elections and the Kurdish Question، Caucasian Review of International Affairs،Vol. 3 (3) - Summer 2009، http://www.cria-online.org/index.html

بەڵام دواتر لە نیسانی 2007 سەرۆکی سوپا سالار (بۆیۆك کانت) هۆشداریدایە حکومەت کە "نیشتمان، یەکپارچەیی تورکیاو سکیۆلاریزم هەر سێکیان بەردی بناغەی دەوڵەتو سیستمەکەیەتی"[161].

دواتر کە ئیلکەر باشبوگ شوێنی بۆیۆکی بە رەچەڵەك کوردی گرتەوە رایگەیاند، کە نابێ دان بە ناسنامەی کورد بنرێ، وەکو ناسنامەیەکی دانپێنراو لە ناو دەوڵەتی نەتەوەی تورك، گوتیشی نابێ رێگە بە کورد بدرێ لە سەر ئاستی تاکە کەسیش ناسنامە بە دەستبێنێ[162]. بەم هۆیەوە دەستەی گشتی سوپا سالار پێشنیازەکانی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی بۆ حوکمی خۆبەڕێوەبردنی ناوچە کوردییەکان بە هەڕەشەیەکی راستەوخۆ، بۆ سەر ئاشتی خاکی تورکیا لە قەڵەمدا، هەر ئەمە وایکرد سوپا بۆ جێبەجێکردنی مەرامو سیاسەتی لە ناوبردن پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی وەکو ئامرازو کەرەستەی بەردەستی پەکەکە لە قەڵەم بدات.

دامەزراوەی سەربازی تورکیا باوەڕی وایە نیازو مەرامی راستەقینەی ناسیۆنالیزمی کوردی بریتییە لە: بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بۆ کورد، بەدەر لەم ئامانجەش هیچ مافێکی دیکە بە قازانج نابینێ، سوپا لەو باوەڕە دایە حکومەت زۆر مافی وەکو بەکارهێنانی زمانی دایك، پرۆسەی فێرکردنو کردنەوەی پەخشی کە ناڵی رادیۆییو تەلەفزیۆنی بە زمانی کوردیو لە چوارچێوەی یاسادا بە کورد داوە، بۆیە هەر مافێکی دیکەی لە دەرەوەی ئەم بازنەیە واتای هەڕەشە دەگەیەنێ، بۆ سەر نەتەوەی تورك، سیستمی دەوڵەتو یەکپارچەیی نیشتمانەکەی[163].

لەسەر ئاستی ناوخۆ حکومەت رووبەڕووی چەندین ئاستەنگی دامەزراوەی سەربازیو ئۆپۆزسیۆنی بژاردەی کەمالی بۆتەوە، بەڵام ئاشکرایە هەوڵەکانی پارتی دادو گەشەپێدان، بۆ سنووردارکردنی دەسەڵاتی سەربازی لە بەرژەوەندی کورد دایە. لە دوای سەر لە نوێ وەرگرتنەوەی سەرۆکایەتی وڵات لەلایەن ئاك پارتی لە هەڵبژاردنەکانی 2007 دەستتێوەردانی سەربازی زۆر کەمیکردووە، بەتایبەتریش دوای ئەوەی لە 2008 دادگای دەستووری رەتی کردەوە، ئاك پارتی لە کاری سیاسی قەدەغە بکات، حکومەت توانیویەتی چاکسازی باشتر ئەنجام بدات، هەر لەو ساڵەدا حکومەت بۆ بەهێزترکردنو قایمترکردنی دەسەڵاتەکەی ئابڕوو چوونەکان (فەزیحە)ی ئەرگەنەکۆنەی ئاشکرا کرد[164].

حکومەتی ئاك پارتی لە دوو بەرەی هاوسەنگ کار دەکات، لەلایەك سەبارەت بە پرسی دەستپێشخەری کوردی راوێژ لەگەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی دەکات، لەلایەکی دیکە بۆ رازیکردنی سوپا ناوی پرۆژەی (دەست پێشخەری کوردی) دەگۆڕێ، بۆ (کرانەوەی دیموکراسی). هەندێك لە چاودێرانو شرۆڤەکاران هۆکاری ئەم گۆڕانە کتوپڕە بۆ راگەیاندراوێکی سوپا سالاری گشتی کە لە 25 ی ئابی 2009 دەرچووە دەگەڕێننەوە، لە

(161) Ed.Marlies Casier and Joost Jongerden، Nationalism and Politics in Turkey، (London: Rutledge،2010)،p.110.

(162) Egemen Basar Bezci `` the Kurdish Question in Turkey: a Critical Juncture `` Moshe Dayan centre، Tel Aviv Notes، August 17، 2009.

(163) EFEGİL،p.14.

(164) Somer، E. G. Liaras Turkey's New Kurdish Opening: Religious Versus Secular Values. Middle East Policy، Vol. 17، No. 2. (2010)، p.156. www.citeulike.org/user/resit/article/9754173.

ڕاگەیاندراوەکەی سوپا سالاردا دووپات لەسەر یەکێتی کۆماری تورکیا کراوەتەوەو سوپا پشتگیری لە هیچ پلانێك ناکات، کە سروشتی کۆمار بخاتە بەر هەڕەشەو مەترسی.

ئاشکرایە سوپا ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێ، لە خاوکردنەوەی دەستپێشخەرییەکە، دواتریش سڕکردنی تەواوەتی. پاشانیش لێدوانەکانی (باشبوگ) کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، بووە هۆکارێکی دیکە بۆ زیاد بوونی ڕەخنەکانی ئۆپۆزسۆن بەرامبەر بە هەڵوێستی حکومەتەکەی ئاك پارتی سەبارەت بە پرۆژەی دەستپێشخەرییەکە[165].

لە 26ی ئۆکتۆبەری 2010 ڕۆژنامەنووسی تورك شوکور کۆچاك شاهین لە ڕۆژنامەی حورییەت باس لەوە دەکات، خاوبوونەوەی جێبەجێکردنی دەستپێشخەری کوردی لەلایەن ئەردۆگانەوە دوای کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی دێ، کە لەهەمان بەروار ئەنجامیداوە، دواتر ئەردۆگان دەڵێ دەستپێشخەرییەکە ئامرازێك نییە بۆ پێدانی ڕەوایەتی بە پەکەکە. لەو قسەیە دەردەکەوێ لە کۆبوونەوەکەدا سوپا بە ئاشکرا ناڕەزایی خۆی بەرامبەر دەستپێشخەرییەکە دەربڕیووە، هەر بۆیە حکومەت نەیتوانیوە بەسەر ئەو ناڕەزاییەی سوپا باز بداتو پشتگوێی بخات. هەروەها سوپا هۆشداریدایە حکومەت بە پێدانی هەر ڕۆڵێك، کە بە خودی ئۆجەلان بدرێ، لە چوارچێوەی دەستپێشخەرییەکەیدا لەمبارەوە سەرۆکی دەستەی سوپا سالار دەڵێ: "پێویستە پشکنینو بەرچاو ڕوونییەکی ورد بکرێ، لەوەی کێ بەرپرسیارە لە ڕژانی ئەم هەموو خوێنە، بۆیە لە هیچ حاڵێکدا نابێ مافەکانی کورد وەکو فشارێك بۆ پێدانی ڕەوایەتی بە دوژمنانی تورکیا بەکاربهێنرێ،... تۆ ناتوانی ئەو شەهیدانەی گیانی خۆیان کردە قوربانی بۆ خاكو نیشتمان لەگەڵ تیرۆریستان لە یەك بازنەدا کۆیان بکەیتەوە، هەر بۆیە دەوڵەتی تورکیا، وڵاتو نەتەوە قابیل نین بە دابەشکردن، بەڵکو زمانی فەرمی دەوڵەت زمانی تورکییە"[166]

## 4- ڕەتکردنەوەی مافەکانی کورد لەلایەن بژاردەی کەمالی

بژاردەی کەمالی هەموو جۆرە دانپێنانێك بە مافەکانی نەتەوەی کورد ڕەتدەکاتەوەو بە هەڕەشەیەکی ترسناکییشی دادەنێ، بۆ سەر یەکێتی تورکیا. مستەفا ئەکیۆڵی نووسەری تورك ئەم تێگەیشتنە پشتڕاست دەکاتەوەو دەنووسێ: "... بژاردەی تەقلیدی لە ناو دەوڵەتی تورکیا خراپترینە، چونکە جگە لە دەوڵەت هیچ شتێکی دیکە بە گەورە نازانێ، بەڵکو ئایدۆلۆژیای دەوڵەت لە سەرووی هەموو مافەکانی هاوڵاتیان دادەنێ"[167].

(165) Akin، p.4.

(166) Yeni Şafak، August 26، 2009.

(167) «102»A morning with Erdoğan (on Kurds and more"/ 23:50:00 20–04–2010MUSTAFA AKYOL.

له دیدی ئەم بژاردەیە پارتی کرێکارانی کوردستان گرووپێکی تیرۆریستی یاخییەو بەرپرسیاریشە لە هەموو ئەو تاوانە بێویژدانانەی دەرهەق بە تورکیای ئەنجام داوە، بەڵام بە بۆچوونی زۆرێك لە کوردانیش یەکێك لە ئەنجامەکانی دەستپێشخەری کوردی بریتییە لە: دیموکراسی، هەر بۆیە پێویستە پانتاییەکی فراوانتر بە پەکەکە بدرێ، بۆ ئەوەی دەست بە کاری سیاسی بکاتو حکومەتیش لێبوردنی گشتی بۆ گەریلاکان دەربکات.

ئاشکرایە کوردو تورك وەکو دوو نەتەوەی جیاواز لە تورکیا هەر یەکەیان بۆچوونی خۆی سەبارەت بە پرسی چەمکی هاوڵاتی بوون هەیە، لە دیدی تورکەکان زاراوەی (تورکی) کۆی رەگەزو نەتەوەکانی ناو تورکیا دەگرێتەوە، بەڵام کورد بۆچوونی وایە ئەم زاراوەیە گوزارشت لە تاکە نەتەوەیەك دەکات، کە بەو هۆیەوە نکوڵی بوونی شووناسی کورد دەکات، بەتایبەت لەوەتەی دروست بوونو راگەیاندنی کۆمارەوە. جێگەی تێبینییە لەوەتەی نەوەدەکانی سەدی رابردووەوە، ناوەندەکانی تورك دوژمنکاری زیاتری کورد دەکەن، دوژمنکارییەکانی ناوەندی تورکی بەرامبەر کورد هەڵکشانی زیاتری بەخۆوە بینیوە، ئەم هەستو بیرکردنەوەیەش وەکو بزاڤێکی پۆشتەکراوو هەمەچەشن، کە پێی دەگوترێ ئال سەلجوق Ulusalcilik گوزارشت لە خۆی دەکات[168].

هەر یەك لە (موراد سۆمەر)و (ج ئیڤانجیلۆس) پرۆژەیەکی شیکاریان سەبارەت بە تێڕوانینی بنەڕەتی بژاردەی تورکی بەرامبەر بە پرسی کورد ئامادەکردووە، بۆ ئەم مەبەستەش رووپێوییەکیان لە سەر پێکهاتەکانی پێنج خولی گەورەی فەرمانڕەوایەتی تورکی لە ماوەی نێوانساڵانی 1996 – 2004 کردووە، کە (سێیان هەڵگری رووخسارێکی کۆنسیرڤاتۆری ئایینیو دوو خوولەکەیدیکەش سکیۆرلارن). ئامادەکردنی ئەم رووپێوییە پێش دەستپێکردنی دەستپێشخەری کوردیو دووبارە دەستپێکردنەوەی هێرشەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان بووە.

وەکو باوە رۆژنامە تورکییەکان بە ئامانجی وروژاندنی شەقام، بەتایبەتریش بژاردەی رۆشنبیر، پانتاییەکی زۆر بۆ سەروتار تەرخان دەکەن، جگە لەمەش هەڵوێستی پێشوەختە سەبارەت بە پرسە سیاسییەکان وەردەگرن، بۆ ئەوەی لە کورترین ماوەدا رای شەقام روون ببێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش پێنج رۆژنامەی گەورەی ئیسلامیو سکیۆلار لە ناویشیاندا رۆژنامەکانی (یەنی شەفەقو زەمان کە دوو رۆژنامەی ئیسلامین لەگەڵ میللەت کە رۆژنامەیەکی سکیۆلارە). لە سەر بنەمای ژمارەی خوێنەرانو هەڵوێستی ئایدۆلۆژیان ئەنجامی دوو توێژینەوەیان لە سەر پرسی کورد لە تورکیا خستۆتە روو. یەکەمیان لە ماوەی توێژنەوەکەدا دەرکەوتووە، بابەتی بوونی کورد لە تورکیا لە ناو رۆژنامە ئیسلامییەکان بە یەکسانی گفتوگۆو قسەی لە سەر کراوە، ئەو کەسانەشی قسەیان لە سەر

---

(168) Murat Somer، Evangelos G. Liaras، p.157.

کردووە یان بە ئەرێنی وەڵامیان داوەتەوە یاخود بێلایەن بوونە. لە بەرامبەریشدا ڕۆژنامە سکیۆلارەکان بابەتی فرە ئیتنیو بوونی کوردیان لە تورکیا بەشێوەیەکی گشتی بە نەرێنی باس کردووە.

لەمەوە دەردەکەوێ بژاردەی کۆنسیرڤاتۆری ئایینی ئامادەباشیەکی بەرزی تێدایە، بۆ قەبوولکردنی کورد وەکو بەرەیەکی شەرعی لە پرۆسەی سیاسی، لەو کاتەی چەپی تورکی ستایشی بڕیاری دادگای دەستووری دەکات، سەبارەت بە داخستنی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی. لەلایەکی دیکەوە دەبینرێ پارتی دادو گەشەپێدانی فەرمانڕەوا، کە خۆی پێشتر ڕووبەڕووی هەمان مەترسی داخستن هاتبوو، سەرکۆنەی بڕیارەکەی دادگای دەستووری دەکات. هەر بۆیە بیرکردنەوەی پارێزگاری ئایینی سەبارەت بە پرسی کورد زۆر گونجاوترو کراوەترە لە بیرکردنەوەی بژاردەی سکیۆلاریزم بەگشتی بەرامبەر بە پرسەکە. ئەم ڕاستییەش لە ڕۆژنامەی (یەنی شەفەق)ی نزیك لە پارتی دادو گەشەپێدان بە دیار دەکەوێ، کاتێك ئاك پارتی تێکەڵاویو فرەیی ئیتنەکان بە ئەرێنی ناو دەباتو داوای پتەوکردنی ئەم جۆرە تێگەیشتنە دەکات، کە کۆمەڵگەی تورکی کۆمەڵگەیەکی فرە ئیتنیو ڕەگەزییە. دووەم، هۆکاری سەرەکی لە ئاماژە نەرێنییەکانی تایبەت بە مافەکانی کورد پشتگیریکردنی یەکێتی ئەوروپایە لە مافەکانی کورد لە تورکیا لەمبارەیەوە ڕۆژنامە سکیۆلارەکانی تورك پشتگیرییەکانی یەکێتی ئەوروپا بە ڕێژەی 65٪ - 69٪ بە هەڕەشە بۆ سەر سەروەری نیشتمانیو یەکپارچەیی خاکی تورکیا دادەنێن. بۆیە دەبینی ڕۆژنامە سکیۆلارەکان کورد لە دوای کەمینەی مەسیحی لە پلەی دووەم دادەنێن، بەو پێیەی بۆتە کەرەستەیەکی فشار بە دەستی یەکێتی ئەوروپاوە، بۆ دژایەتیکردنی تورکیا[169]، هەمان توێژینەوە دەریدەخات بەهۆی پێکهاتەی عەقڵییەتی کەمالیزمی تورکی، کە هەڵقووڵاوی دژایەتیکردنو نکوڵیکردنی واقیعی کوردییە، پرۆژەکەی حکومەتەکەی ئاك پارتی ڕووبەڕووی بەرەنگاری زۆر دەبێتەوە، لە بەرامبەریشدا سەرکەوتنی پرۆژەکە پێویستی بە لێهاتوویی پەیوەندی گشتیو گفتوگۆی دیموکراسی هەیە، هەر بۆیە پتەوکردنی بەهاکانی دیموکراسی مەرجی سەرەکییە، بۆ سەرخستنی دەستپێشخەرییەکە، ئەنجامدانی چاکسازی لە سەر هەردوو ئاستی یاساییو سیاسی هۆکارێکی دیکەیە، بۆ چارەسەکردنی تەنگژەی نەبوونی متمانە لە نێوان حکومەتو بژاردەی لایەنگری سکیۆلاریزم[170]. سێیەم: بژاردەی تورکی بە چەپو ڕاستییەوە لەگەڵ بژاردەی ئیسلامی لە تورکیا بە گشتی، لە بیرکردنەوەیان بۆ پرسی کورد گیرۆدەی ڕێبازی ڕۆژئاوا بوونە، بە گوێرەی ئەم ڕێبازەش کە پەیوەندی بە ئابووری هەیە ئەم هێزانە کێشەی ئیتنیو ئایینیان تەنیا لەلایەنی ئابوورییەوە کورت کردۆتەوە، هەر بۆیە باشترکردنو بوژانەوەی لایەنی ئابووری لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا بە چارەسەر دەزان بۆ کۆتایی پێهێنانی پرسی کورد، ئەم جۆرە بیرکردنەوە

(169) " Turkey’s New Kurdish Opening: Religious Versus Secular Values "،pp.158-9.

(170) Murat Somer، Evangelos G. Liaras، pp.162-63.

سادەیە، کە لە ژێرکاریگەری حەتمییەتی ئابووریو ریشەکەی بۆ تیۆری مارکسیو تیۆری دیالێکتی ماددی دەگەڕێتەوە، دواجاریش خۆی بەسەر بژاردەی بیرکردنەوەی بژاردەی فەرمانڕەوا سەپاندووە، بیرکردنەوەیەکی ناواقیعییە بۆ چارەسەکردنی پرسی کورد لەو وڵاتە.

لایەنگرانی ئەم ڕێبازە باوەڕیان وایە بۆ چارەسەکردنی پرسی کورد پێویستە بە یەکجار تیرۆر لە ناو ببرێت، پاشان دەست بە چاکسازی ئابووریو کۆمەڵایەتی ناوچەکانی باشووری رۆژهەڵاتی وڵات بکرێت. ئەوەبوو لە چوارچێوەی ئەم واقیعو تێگەیشتنە لە سەردەمی سەرۆکی کۆچکردوو تورگوت ئۆزال پرۆژەی باشووری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ GAB وەکو فانۆسی سیحری، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم ناوچەیە لە دایك بوو، پاشانیش راستەوخۆ هەر دوای دەستگیرکردنی ئۆجەلان لە 1999 ئەم هەڵوێستەی حکومەت تۆکمەتر بوو.

دواتر لە دیمانەیەکی رۆژنامەی میللەتی تورکی سلێمان دیمریل ڕەتیکردەوە، هیچ جۆرە چاکسازییەك ئەوەی پەیوەندی بە لایەنی رۆشنبیریو زمانەوە هەیە ئەنجام بدرێ، بگرە ئامادەنەبوو دان بە زمانی کوردی بنێ، بە بیانووی ئەوەی تورکیا خاوەنی یەك زمانی فەرمییە، کە زمانی تورکیە. لە بەشێکی دیکەی دیمانەکەیدا دیمریل باس لەوە دەکات، لە تورکیا چەند گرووپێکی دیکە هەن زمانی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەڵام بۆ پاراستنی یەکپارچەیی یەکێتی تورکیا پێویستە تاکە زمانێکی فەرمی بە سەر خەڵکدا بسەپێندرێ، هەروەها دژایەتی خۆیشی بۆ کردنەوەی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی دەربڕی، کە پەخشەکەی بە زمانی کوردی بێت، کەچی لە بەرامبەر ئەو ڕەتکردنەوەیەدا بوژاندنەوەی لایەنی ئابووری باشووری رۆژهەڵاتی وڵاتی بە پێویست زانی. ئەوە بوو دواتر بوڵنت ئەجەوید لە ئازاری 1999 برێك پارەی تایبەتی بۆ بوژانەوەی ئابووری شارە کوردییەکان تەرخان کردوو، بەڵێنیشیدا یاسایەك بۆ لێبوردنی ئەندامانی پارتی کرێکارانی کوردستان دەربکات، ئەوانەی خۆیان رادەستی حکومەت دەکەنەوە. بەم جۆرە نەخشەکەی ئەجەوید بۆ چارەسەکردنی پرسی کورد هیچ ئاماژەیەکی تێدا نەبوو، کە دەلالەت لە سەر بوونی کێشەی کورد لە تورکیا بکات، بگرە کاتێکیش لە نیسانی هەمان ساڵدا سەردانی دیاربەکر دەکات، بۆ بەدەستهێنانی دەنگی کورد لە هەڵبژاردنەکان بە هیچ شێوەیەك دوورو نزیك باسی لە داواکارییەکانی گەلی کورد نەکرد. دیارە لەو هەڵبژاردنانەدا پارتەکەی ئەجەوید پارتی چەپی دیموکراتی توانی رێژەی زۆرینەی دەنگەکان بەدەستبێنێ، دوای ئەویش پارتی کاری نەتەوە کە راستڕەوەی توندڕۆیەو بە توندی دژایەتی کورد دەکات،

توانی پلەی دووهەم بەدەستبێنێ[171]. ئەمەش ئاماژەیەکی دیکەیە لەو بۆشاییە ترسناکەی لەنێوان هاوڵاتیانی تورکیا لە رۆژئاواو کورد لە رۆژهەڵات سەبارەت یەکلایی کردنەوەی پرسی کورد لەو وڵاتە دروست بووە.

کەلێنی گەورەی رێبازی پشت بەستن بەلایەنی ئابووری بریتیە لەوەی: ئەو ململانێ ئیتنیەو پرسی راستەقینەی کورد بە ئالۆزو فرە رەهەند لەیەك دیودا تەماشا دەکات، هەر بۆیە دەبینی نکوڵی لە ئازادیە تاکە کەسیەکان، یەکسانی هەلی سیاسیو ئابووری، بوژانەوەی ئابووری هەرێمەکانو یەکسانی لە وەرگرتنو دابەشکردنی داهات ناکات، بەڵکو بەمەرجیش گیراون بۆ چارەسەرکردنی ململانێ رەگەزیەکان.

لە واقیعدا دەکرێ بوژانەوەی لایەنی ئابووریو کۆمەڵایەتیو رەخساندنی هەلی کار بەیەکسانی ببێتە هۆکارێك، بۆ باش بوونی بارودۆخی گەلی کورد کە لە زووەوە بێ بەشکراوە. لەلایەکی دیکە رەنگە لایەنی ئابووری پەلە بکات لە قووڵ بوونەوەی دابەش بوونی ئیتنی لەوڵاتدا، بۆ نموونە پێشکەوتنی بارودۆخی کورد لەبواری سیاسی، ئابووریو کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆکارێك، بۆ پتەوکردنی هۆشیاری نەتەوەیی لەنێوان خۆیاندا، ئەمەش بەومانایەنا کە شووناسی ئیتنی دیکە پشتگوێ بخرێو لەمافە بنەڕەتیەکانیان وەکو بەکارهێنانی زمانو ئاخاوتنی تایبەت بە خۆیان لەبۆنەو ئاهەنگەکاندا بێ بەش بکرێن. هەر بۆیە دەمانەوێ بڵێین لەحاڵی نەبوونی مەرجەعێکی هاوبەشو گشتگیر، بۆ کۆی ئیتنە جیاوازەکان نموونەی (پەیوەندی هاوبەشی ئیسلامی) کە هەمووان بەیەکەوە کۆدەکاتەوە، بە بێ بوونی ئەم پەیوەندیە هاوبەشە باش بوونی مافەکانو زیادبوونی دیموکراسی بەتەنیا بەس نیە بۆ فەراهەمکردنی نیشتمانی تورکیا بۆ کوردان.

بۆ قسەکردن لەسەر نەتەوەی کورد لە تورکیا رەنگە چاکسازیەکان ببنە هۆکارێك، بۆ کەمبوونەوەی پشتگیریەکان لە پارتی کرێکارانی کوردستان، بەڵام رەنگە باش بوونی  بارودۆخی سیاسیو ئابووری کورد لەغیابو پشگوێ خستنی شووناسی ئیسلامی لەنێوان کورددا ببێتە هۆی بەهێزکردنی داخوازییەکانی دروستکردنی قەوارەی کوردی لەو وڵاتە.

بەگشتی سەرکوتکردنی خواستەکانی کوردو پێڕۆکردنی سیاسەتی لەناوبردن وایکردووە، ناوچەی کوردی ببێتە چەقی شۆڕشو هەڵگەڕانەوە. دواجار ئەمە تێڕوانینێکی نەرێنی بەوێنای کورد داوە، نەك هەر تەنیا لەناوەندی دامەزراوەی سەربازیو حکومەتی بیرۆکراسی، بگرە لەناوەندی بژاردەی تورکیش وێناکە نەرێنیانە تەماشا دەکرێ.

لەڕاستیدا لە دیدی دەسەڵاتی بیرۆکراسی دەوڵەتو ناوەندی بژاردەی تورکی شۆرشەکانی کورد وەکو گرێو کێشە تەماشا دەکرێن، هەر بۆیە چارەسەرکردنی پێویستی بە بەرنامەیەکی درێژ مەودا هەیە، پاشان دەبینی بژاردەی تورکی تەنیا لەسەر دوو بنەمای (یەکێتی نیشتمانیو سکیۆلاریزم) بیردەکاتەوە، بۆیە هەر جۆرە تانەدانێك

(171) Kemal Kirisci and Gareth M. Winrow، The Kurdish Question and Turkey an Example of a Trans-state Ethnic Conflict، (London: Frank Cass Publishers، 1997)، pp.274-76.

لەو دوو بنەمایە یا بەتاوان دادەنرێ، یاخود دەبێتە هۆی دوورخستنەوەی بەزۆرەملێ لە هەیکەلی سیاسی وڵاتدا. شاراوەش نییە پێکهاتەی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لە بژاردەی دەوڵەتی تورکیا تا ئێستاش بە گرنگ دادەنرێ، لە تێگەیشتنی سیاسی بەرامبەر کورد.

هەر یەك لە شارەزایانی ململانێ رەگەزییەکان (دۆناڵد هۆرۆیتز لام)، (سۆزان بەیار فاندن)و (فانهانین تاتۆ لیملتۆن) لەسەر ئەوە کۆکن، کە تاکە شیکردنەوەو هۆکاری روونو ئاشکرا نیە، بۆ راڤەکردنی رووداونی ململانێ رەگەزیەکان، بۆیە یەك چارەسەری کۆتاییش نیە، بۆ بنبڕکردنی ئەم ململانەیەو لەناوبردنی بزاڤە جوداخوازەکان. لەڕاستیدا بارگاوی بوونی توخمی (گەشەی هۆشیاری نەتەوە) بۆتە بەرەنجامی نوێ بوونەوەو مۆدێرنە، هەربۆیە دەرکەوتنی هۆشیاری نەتەوەیی لەنێوان کوردان یەکێکە لە ئەنجامەکانی مۆدێرنە. لەمبارەیەوە (کالیۆنجی) دەڵێ: "جێی باوەڕ نیە بارگاوی بوونی دۆخی ئێستای کورد بەرەو ئاڕاستەی جیابوونەوە لە تورکیا، بەهۆی باش بوونی بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتیو ئابووری کورد لەو وڵاتە بەتاڵ ببێتەوە، بەڵکو پەرەسەندنی ئێستاکەی بزاڤی نەتەوەیی کوردو گەشەکردنە بەرچاوەکەی لەگەڵ ئەو پاڵپشتییە هیزریو داراییەی لە ئەورووپاوە دەگات، پێشبینی لێدەکرێ بەرەو ئاڕاستەی سەربەخۆیی گەشە بکات. بەهێزترین هۆکاریش لەکاتی ئێستادا دوورخستنەوەی کوردە لە کۆماری تورکیا، سیاسەتی دوورخستنەوەی کورد بۆتە گەشەی هۆشیاری نەتەوەیی، بۆیە پێویستە بەدوای ئەو هۆکارانەدا بگەڕێین، کە کورد لەتورکیاو دەوڵەتەکەی نزیك دەکەنەوە، هەروەها لەو پاڵنەرانەش بگەین، کە پاڵ بە کوردەوە دەنێن بۆ دوورکەوتنەوە لێیان". کالیۆنجی پێشنیاز دەکات، تورکیا دەست بکات بە پێشخستنی ئازادیەکانو دیموکراسیو بونیادنانی پەیوەندییە هاوبەشەکانی وەکو ئایین شان بەشانی گەشەی ئابووری لەناوچەی کوردی[172].

لەلایەکی دیکەوە دروشمی پارتی کرێکارانی کوردستان، کە بریتیە لە (حوکمی خۆجێیی دیموکراسی) هۆکارێکی دیکەیە، بۆ بێبەشکردنی کورد لەلایەن بژاردەی سکیۆلاریزمی تورکی کەمالی[173]. بەبڕوای زۆرینەی کورد هەر جۆرە سەربەخۆییەکی رۆشنبیریو ئیداری بۆ کورد بیانوو لەبەردەم پێوستی دروست بوونو دەرکەوتنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ ناهێڵێتەوە، ئەمە لەکاتێکدا رێژەی 89٪ ی تورکەکان باوەڕیان وایە کورد سەربەخۆیی دەوێ[174]. هەر بۆیە دەبینی ئەم تێگەیشتنە بەلای تورکەکانو عەقڵیەتی پێکهاتەی دەوڵەتی تورکیاوە مانای پیلانگێری دەگەیەنێ.

---

(172) Mehmet Kalyoncu:Scarf، secularism and Kurdish mobilization in Turkey.... Feb 2008. http://us.zaman.com.tr/us-tr/newsDetail_getNewsById.action?newsId=19242

(173) لە سەرەتادا پارتی کرێکارانی کوردستان داوای سەربەخۆیی دەکرد، دواتر دروشمەکەی گۆڕیو ئەمجارە داوای دروست بوونی هەرێمێکی فیدراڵی کرد لە ناو تورکیا، پاشان دوای دەستگیرکردنی ئۆجەلان لە 1999 ئەمجارە پەکەکە تەنیا دروشمی دانان بە مافە رۆشنبیرییەکانی گەلی کوردی لە تورکیا بەرز کردەوە. هەر یەکە لە دروشمەکانی (ئۆتۆنۆمی) و (ئۆتۆنۆمی دیموکراسی) دوو دروشمی دیکە بوون کە بەم دواییانە ئەم پارتە بەرزی کردوونەتەوە.Nationalism and Politics in Turkey،Ed.Marlies Casier and Joost Jongerden، pp.106-07

(174) Turkey، Islam، nationalism، and Modernity، (New York: Yale University Press، 2110)، p.368.

لە ڕاپرسیەکدا کە بەم دواییانە لە تورکیا ئەنجام دراوە، لە وەڵامی پرسیارێکدا (ئایا باوەڕ دەکەیت یەکێتی ئەوروپا بییەوێ تورکیا پارچە پارچە بکات)؟ لەوەڵامدا 39٪ ی بەشداربووانی ڕاپرسیەکە باوەڕیان وایە، یەکێتی ئەوروپا دەخوازێ تورکیا دابەش بکات، بەڵام ئایا ڕێگەی دەربازبوون لەو تەنگژەیە چییە؟

ئەم گرێ دەروونیەی کە لە هیزرو تێگەیشتنی بەشی زۆرینەی کۆمەڵگەی تورکیا، کە دەکرێ ناوی بنێین (گرێی بەلْکانو سیڤەر) لەوکاتەوە سەرچاوەی گرتووە، کە لەسەدەی نۆزدەهەم ئەوروپا بەبیانووی پاراستنی مافی کەمینەکان دەستی خستە ناو کاروباری ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی، ئەوەبوو لەسەرەتادا ئەوروپا سیستمی خۆجێیی سەپاند، دواتریش ئەم سیستمە سەربەخۆیی تەواوەتی وەرگرت. دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی هێزە براوەکانی ئەوروپا ڕێککەوتننامەی سیڤەریان بەسەر دەوڵەتی عوسمانی، کە دۆڕاوی جەنگەکە بوو سەپاند، تێیدا دروست کردنی قەوارەی سەربەخۆ بۆ کوردو ئەرمەنو یۆنانەکان دووپاتکراوەتەوە، هەربۆیە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا سادەترین ئاماژە بگرە سادەترین شێوە لە ڕەوا بینینو قەسەکردن سەبارەت بە مافە نیشتمانیەکانی گەلی کورد بەلای تورکەکانەوە واتە هەڕەشەی سەر ئاسایشی نەتەوەییو لێدانی بەرژەوەندیە باڵاکانی نیشتمانی تورك. کە ئەمە خوێندنەوەیەکی ورد نیە بۆ مێژوو، چونکە بەکۆتایی هاتنی سەدەی نۆزدەهەم هەڵوەشاندنەوەی ئیمپڕاتۆری عوسمانی دەبێتە پرسێکی یەکلاکەرەوەو حەتمی، هۆکارگەلێکیش لەپشتەوەی ئەم لەباریەك هەڵوەشاندنەوە هەیەو هیچ ڕێگەیەکیش بۆ دەربازبوون لێوەی نامێنێ. لە کاتێکدا وەکو زانراوە سیستمی ئیداری ئیسلامی مەیلی لامەرکەزیەتی هەیە، بەڵام خواستی مەرکەزیەتێکی بەهێز (دەوڵەتی قووڵ) کە تێڕوانینو ئاڕاستەکانی دەوڵەتی ئەو کاتەی پارتی ئیتیحادو تەرەقی (خاوەن نەزعەی ماسۆنی) فەرمانڕەوا بوو، گرنگترین هۆکارەکانی لەباریەك هەڵوەشاندنەوەی ئمپڕاتۆری عوسمانی بوون، هەر بۆیە بیرۆکەی ئەم سیاسەتە بووە مایەی بێزاریو نیگەرانی گەلانی نا تورك. ئەم مەرکەزیەتە بەهێزو زێدەڕۆیە، کە حکومەتی ئیتیحادو تەرەقی پیادەی دەکرد، دواتریش بووە هۆی لەبارەیەك هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی، دوای خۆیشی کۆماری تورکیای کەمالی توانی ئەمە بە زەبری هێز بیسەپێنێ، ئەوەبوو چارەنووسی کارەساتباری بەدوای خۆیدا هێنا. بێگومان هەمیشە بژاردەی سەربازی بیرۆکراسی کەمالی بەچاوی لایەنی ئەمنییەوە تەماشای چارەسەکردنی پرسی کورد دەکات، ئەم تێڕوانینە وانەبێ هەر لەناوەندی سەربازییەوە بەدی بکرێ، بەڵکو بۆ ناو چینو توێژو ناوەندەکانی دیکەی کۆمەڵگەی تورکی بەتایبەتیش ناوەندەکانی ڕاگەیاندن، ئەکادیمیاکان، بیرۆکراسی مەدەنیو بگرە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیش گواستراوەتەوە[175].

ئەم چەند دێڕەی خوارەوە قسەی بیرمەندێکی بژاردەی کەمالیە سەبارەت بەمافی خۆجێیی، کە پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی کوردی داوای دەکات، هەروەها باشترین بەڵگەیە لەسەر تێڕوانینی کەمالی بۆ چارەسەرکردنی

(175) Rabia Karakya Polat، "The Kurdish issue: can the AK party escape securitization"، Insight Turkey / July، 2008،2008 SETA Foundation for Political، Economic، and Social Research.p.3.

پرسی کورد بە ڕێگە چارەی لایەنی ئەمنی: "لەوکاتەی ڕێگە دەدرێ هەرێمەکان لە چوارچێوەی دەستوور پیادەی حوکمی خۆجێییو مافە ڕۆشنبیریو سیاسیەکانیان بکەن، لە حاڵێکیشدا ئەگەر ئەمە جێبەجێکرا، ئەو کات تورکیا دەبێتە دەوڵەتێك چەندین کانتۆنات لەسەر بنەمای حوکمی خۆجێیی لەخۆ دەگرێ، بەو پێیەش دەوڵەت بوونە یاساییە بەهێزەکەی خۆی لەدەستدەداتو عەقڵیەتی (دەوڵەتی ناقووڵ) هاوشێوەی سویسرا باڵ بەسەر سیستمی فەرمانڕەوایەتی دەکێشێ، یاخود ئەوکات دەبێتە دەوڵەتێکی فیدڕاڵی نموونەی دەوڵەتی تورکی - کوردی بۆیە هەر جۆرە پێشنیازێکی لەم شێوەیە بەلای بەرپرسانی دەوڵەتو سوپاوە ڕەتکراوەیە"[176]. دەستپێشخەریەکەی پارتی دادو گەشەپێدان هەوڵێکە، بۆ گۆڕینی تێڕوانینی تورکەکان سەبارەت بە کورد، هەروەها گواستنەوەی چارەسەری لایەنی ئەمنییە بۆ لایەنی سیاسی، بۆ ئەوەی بەهۆیەوە بتوانرێ ڕێوشوێنی زیاتری دیموکراسیو باشترکردنی بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ بگیردرێتە بەر، هەرچەندە نەیارییەکی بەهێز لەلایەن بژاردەی کەمالی بەرامبەر دەستپێشخەریەکە پیادە دەکرێ، بەڵام دەستپێشخەریەکە بۆ خۆی گفتوگۆیەکی کراوەی لەسەر ئاستی تورکیا سەبارەت بە پرسی کورد دروست کردووە، کە بۆ یەکەمین جارە لەوەتەی دروست بوونی کۆمارەوە پرسەکە گفتوگۆی لەم شێوەیە لەخۆ دەگرێ، دەرکەوتنی ئەم جۆرە گفتوگۆیەش تاڕادەیەکی زۆر بەڵگەیە لەسەر توانای بوندیادی ئیرادەو شووناسێکی ئەلتەرناتیڤ، بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد، کە لەماوەی چەندین ساڵی ڕابردوو گوتاری سیاسی دەوڵەت، بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە گوتارێکی ئەمنی بووە، بەڵام ئێستا ئەم گوتارە پێدەنێتە قۆناغێکی تازە لەبری بەکارهێنانی هەڕەشەی سەربازیو دانەپاڵی وشەی خیانەت بەرامبەر گرووپو هێزە جوداخوازەکان بەتایبەت هێزو پارتە کوردییەکان، دێ قسە لەسەر پرسەکانی ڕۆشنبیری، زمان، پێدانی مافو چارەسەری سیاسییانە دەکات. ئەگەر لە ڕابردوودا قسەکردن لەسەر پرسی کورد لەبابەتە قەدەغەکراوەکان بوو، بەڵام ئەمڕۆ ئەم پرسە بۆتە بابەتێك چەندیننوسینو کتێبی ئەکادیمیو سەرنجڕاکێشی لەسەر نووسراوەو جەماوەرێکی بەرفراوانیش پێشوازی لێدەکات[177].

لە جیهانی ئێستادا زۆربەی کۆمەڵگەکانی دیموکراتی و پێشکەوتوو خاوەنی حکومەتی ناوەندیو هەرێمایەتیو خۆجێیین بەڵام بە باوەڕی بژاردەی سکیۆلاریزمی کەمالی شێوازە لە سیستمی بەڕێوەبردنی وڵات کارەساتە بەڵکو بەلای ئەوان دەبێت دەوڵەت خاوەنی مەرکەزیەتێکی بەهێز بێ.

لە توێژینەوەیەکی مەیدانیدا کە ناوەندی دیراساتی تورکی TESEV لە پارێزگاکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا لەساڵی 2008 ئەنجامی داوە، دەرکەوتووە زۆربەی کورد داوای پیادەکردنی سیستمی لامەرکەزی دەکەن، بەجۆرێك ئەم سیستمە تەنیا لە گواستنەوەی دەسەڵاتی خزمەتگوزاریو بەرپرسیارێتیەکانی مەرکەزەوە بۆ دەسەڵاتی هەرێمەکان کورت نەکرێتەوە، بەڵکو دەسەڵاتی هەرێمەکان توانای دەسەڵاتی ڕێگەپێدراوو خەرجکردنی

---

(176) Efegil، p.16.

(177) Karakaya Polat، p.5.

پارەیان هەبێ، دواتریش هەرێمەکان تاڕادەیەك سەربەخۆیی ئیداریو دارایی وەربگرن، هەروەها پێویستە راسپاردەی پارێزگارەکان بۆ شارەوانیەکان هەڵبوەشێندرێتەوە، هەروەها دەبێ نەخشەو ماوەی جێبەجێکردنی خزمەتگوزاریەکانی ئەمنی، فێربوونو چاودێری تەندروستی لەلایەن هەرێمەکانەوە دیاری بکرێ، جگە لە مانە پرۆژەکە داوای زیادکردنی دەسەڵاتی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی کردووە، چونکە ئەوان باشتر لە پێداویستییەکانی خۆیان ئاگادارن. نوێکردنەوەی تۆمارو پۆستەری پێکهێنانی ئەنجومەنی پارێزگاکانو گەڕەکەکانی پێویستیەکی دیکەیە، دەبێت رێگەی تەواو بە موختاری گوندەکان بدرێو دوور لەهەر جۆرە فشارێکی سیاسی کارەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن، لەگەڵ خەرجکردنی بڕە پارەیەکی زیاتر بۆ شارەوانیەکان بە مەبەستی دووبارە ئاوەدانکردنەوەو نۆژەنکردنەوەی ئەو شوێنانەی لە میانی پێکدادانەکانی نێوان سوپای دەوڵەتو هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان زیانیان بەر کەوتووە. پێویستە بەشێك لەداهاتی سەرچاوەکانی زەوی بە شارەوانیەکان بدرێ، هەروەها پێویستە تورکیا پارێزەیی خۆی لەسەر ئەو بەندەی پەیوەندی بەحوکمی خۆجێیی پەیماننامەی ئەوروپییەوە هەیە هەڵبوەشێنێتەوەو رێگەش بە هەرێمەکان بدات، لەبری بەکارهێنانی زمانی تورکی زمانی خۆیان بەکاربهێنن(178).

لەمانەوە روون دەبێتەوە، کە هەندێك مەعقولیەت لەداواکاری پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی لەوەی سیستمی لامەرکەزی هەیەتیو توانای بەسەردا دەشکێ بەدی دەکرێ، هەروەها نابێ ئەم داواکاریە بەچاوی پیلانگێری تەماشا بکرێ، ناشکرێ وەکو پروپاگەندەی پارتی کرێکارانی کوردستان خوێندنەوەی بۆ بکرێ.

دووبارە بژاردەی کەمالی یەکپارچەیی تورکیا لەیەك رەگەزیو هاوتوخم بوونو بونیادی (دەوڵەتی قووڵ) دەبینێتەوە، بەڵام پارتی دادو گەشەپێدان لەمیانی پێشکەشکردنی دەستپێشخەری کوردی هەوڵدەدا ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بگۆڕێ بەوەی یەکپارچەیی لەمیانی فرەییو دامەزراوەی دەوڵەتی نەرمو پلورالیزمی رۆشنبیری دروست دەبێ.

## 5- هۆکارە دەرەکیەکان

بۆ باسکردنی هۆکارە دەرەکییەکانو کاریگەریەکانی بەسەر لەدایك بوونی دەستپێشخەری کوردیو دواتریش وەستانی بۆ ماوەیەك، پێویستە ئاماژە بدەین بە سێگۆشەی (حکومەتی هەرێمی کوردستان، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو یەکێتی ئەوروپا) کە رۆڵیان هەبوو، لە راگەیاندنی دەستپێشخەریەکەی حکومەتی پارتی دادو گەشەپێدان.

(178) Serkan Yolacan ed.، A Roadmap for A solution to the Kurdish Question: Policy Proposal from the Region for the Government، Trans. From Turkish by Noyan Ayan، TESEV Publication، 2008، p.12.

لە راستیدا پێشكەوتنی هەرێمی كوردستان كاریگەری تەواویان بەسەر بارودۆخی كوردستانی توركیادا هەیە، چونكە دەستكەوتەكانی كوردانی عێراق پاڵنەرێكی بەهێزە بۆ زیادبوونی بارگاوی مەیلی نەتەوەییو ناسیۆنالیزمی كوردی لە توركیاو بەرزبوونەوەی ئاستی پێشبینیو داواكاریەكانیان.

دەركەوتنی پلەبەندی پتەوبوونی دامەزراوەی حكومەتی هەرێمی كوردستانو گەشەكردنو ئەگەری گەڕانەوەی كەركوك بۆسەر هەرێمی كوردستان، هۆكارگەلێكن بۆ گرنگی پێدانی زیاتری توركیا بە هەرێمی كوردستان. نابێ لە یادبكرێ كە هەمیشەو بەلای زۆرینەی توركەكان گەڕانەوەی كەركوك بۆ سەر هەرێمی كوردستان مەترسیو هەڕەشەیەكی راستەوخۆیە بۆ سەر یەكپارچەییو ئاشتی سیاسی توركیا، هەروەها زۆربەی جارەكانیش لەكاتی لێدوانی سەركردەكانی هەرێمو گوتاری نەتەوەیی كوردی ئەم هەڕەشانە هەڵكشانی زیاتر بەخۆوە دەبینن[179].

بۆ نموونە لە سێپتمبەری 2006 لەمیانی سەردانێكیدا بۆ واشنتۆن سەرۆك كۆماری عێراق جەلال تاڵەبانی داوای لە هەریەك لە توركیا، سوریاو ئێران كرد چی دیكە دەست لەكاروباری ناوخۆی باكووری عێراق وەرنەدەن، بە پێچەوانەوە ئەوكات كورد ناچار دەبێ بەپێی پلانی تایبەتی خۆی دەست بخاتە ناو كاروباری ناوخۆی ئەو وڵاتانە. ئەم هەڕەشەیەی تاڵەبانی گۆڕانێكی تەواوە لەهاوكێشەی نێودەوڵەتی، كە زیاتر لە بەرژەوەندی كورددایە لە كاتێكدا پێشتر هەریەك لەم وڵاتانە بەهاوكاریو پشتگیری رۆژئاوا دژایەتی كوردیان دەكرد، بەڵام ئێستا كورد لەلایەن گەورەترین هێزی دونیا، كە وڵاتە یەكگرتوەكانی ئەمەریكایە هاوكاری دەكرێ، لەمەوە بۆمان دەردەكەوێ پەیوەندیە نێودەوڵەتیەكان چەند خێرا گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، لەگەڵ خۆیشیدا چەندین ئەنجامی چاوەڕوان نەكراو كە پێشتر لە پێشبینی كەسدا نەبووە بە دەست دێنێ.

لێدوانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان مسعود بارزانی لە نیسانی 2007، كاتێك گوتی: "رێگە بە توركیا نادەین دەست بخاتە ناو پرسی كەركوك، ئەگەر كارێكی لەم شێوەیەش بكات، لە بەرامبەردا ئێمەش دەست دەخەینە ناو كاروباری دیاربەكرو شارە كوردیەكانی دیكەی ناو توركیا"[180]. وەكو وا زانراویشە ئەم لێدوانانەی سەركردەكانی كورد بەهۆی گرنگی پێدانی هەر یەكە لە حكومەتو رای گشتی توركیاوە دێ سەبارەت بەپرسی كەركوك. هەروەها لەبارەی راپرسیەكەی، كە لەشاری كەركوك ئەنجامدرا سەرۆكی هەرێمی كوردستان رایگەیاند: "توركیا دەست لە كاروباری ناوخۆی عێراق وەردەدات". ئەم لێدوانەی بارزانی لە كاتێكدایە حكومەتی توركیا

(179) Ioannis Michaletos (RIEAS Junior Analyst، Coordinator for the World Security Network Foundation at the Southeastern Europe Office) http://www.rieas.gr\ Friday، 22 June 2007 19:07

( 180) Crisis in Kirkuk: the ethnopolitics of conflict and compromise - Google Books Result books.google.iq/books?isbn=0812241762...Liam D. Anderson ،Gareth R. V. Stansfield – ، 2009http://books.google.iq/books?id=MqXyFmFSlTgC&pg=PA158&lpg=PA158&dq=Turkey+is+not+allowed+to+intervene+in+the+Kerkuk+issue+and+if+it+does،+we+will+interfere+in+Diyarbak%C4%B1r%E2%80%99s+issues+and+other+cities+in+Turkey&source=bl&ots=7e0YgnAE3u&sig=9_IXc4dJDRJnoySg4K9lvNq219s&hl=en&sa=X&ei=lhgtT93yE4S6hAeKp–

نەیاری خۆی بۆ راپرسیەکە دەربڕی بوو، لە ترسی ئەوەی کورد هەژموونی خۆی بەسەر ئیدارەی کەرکوک بۆ یاریکردن بەهاوکێشەی دیمۆگرافیو ناچارکردنی هەردوو نەتەوەی تورکمانو عەرەب بە بەجێهێشتنو چۆڵکردنی شارەکە بسەپێنێ. ئەم ترسە لەوکاتەدا بوو، کە ئاڵۆزیو پشێویەکی زۆر لەنێوان سوپای تورکیاو گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان روویدا بوو، بەو هۆیەشەوە تورکیا دەیویست بێتە ناو خاکی هەرێمی کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەکەکە.

بە پلە یەك زۆربەی تورکە نەژاد پەرستەکان باوەڕیان وایە کەرکوك شارێکی تورکمانیە، چونکە لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانیەوە بەهۆی ئینتیدابی بەریتانیا لە عێراق کراوەتە عێراقی، کەچی لە بنەڕەتدا تورکیە. بەڵام دواتر توانرا بەشێوەیەك لە شێوەکان بەهاوکاری ئەمەریکا ئاڵۆزییەکانی نێوان بارزانیو حکومەتی تورکیا یەکلایی بکرێتەوە، بەڵکو ئەمجارەیان بارزانی سیاسەتەکانی بەرامبەر تورکیا گۆڕیو ئاڵۆزیەکان گۆڕان، بۆ پەیوەندی ئابووری نێوان حکومەتی هەرێمو تورکیاو دروستکردنی هاوپەیمانیەتێکی پتەو، دواتریش تورکیا بە ئامانجی پاراستنی سنوورەکانی خۆی لە چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان لەگەڵ حکومەتی هەرێم دەستی کرد بە پێڕۆکردنی سیاسەتی هاوکاریکردن. لە 2009 بەهۆی فشاری وڵاتانی ناوچەکەو چەند حکومەتێکی دیکەی رۆژئاوا نوسینگەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، کە لەسنووری ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدا بوون داخران، هەروەها رێگای قەندیل کە پێگەی سەرەکی پەکەکەیە بەهەمان شێوە داخرا[181]. دواجار باش بوونی ئەم پەیوەندیانە لە نێوان هەردوولا کار ئاسانیان لەبەردەم راگەیاندنی دەستپێشخەری کوردی لەلایەن حکومەتی ئاك پارتییەوە دروست کرد.

دەزگا راگەیاندنەکانی تورکیا بەردەوام ئاماژە بەوە دەکەن، کوردی عێراق بە باشتری دەزانن پەیوەندیان لەگەڵ ئەنکەرە هەبێ، نەك لەگەڵ بەغدا. لە ئازاری 2009 دوای چاوپێکەوتنی لەگەڵ گوڵو ئەردۆگان سەرۆك کۆماری عێراق جەلال تاڵەبانی داوای لە پەکەکە کرد چەك دابنێ، هەروەها حکومەتی هەرێمیش بەجددی پشتگیری لە دەستپێشخەریەکەی حکومەتی تورکیا کردوو بەمەبەستی بەردەوامیدانو درێژکردنەوەی ماوەی ئاگر بەست فشاریشی خستە سەر پەکەکە. لەمبارەیەوە فەلاح مستەفا بەکر بەرپرسی کاروباری دەرەوەی پەیوەندیەکانی حکومەتی هەرێم رایگەیاند: "دەستپێشخەری کوردی دەستپێشخەریەکی ئەرێنیە... ئێمە دووپاتی دەکەینەوە کە رێگە نادەین خاکی هەرێمی کوردستان بەکاربهێنرێ بۆ هێرش کردنە سەر دراوسێکانمان"[182].

هەندێك باوەڕیان وایە حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ کاریگەریەکی ئەرێنی بەسەر دەستپێشخەریەکەوە نیە، بەڵکو حکومەتی تورکیا بەهۆی پتەوکردنی پەیوەندیە ئابووریەکانی لەگەڵ کوردانی

(181) Denise Natali، The Kurdish Quasi-Stae، (new york، Syracuse University Press، 2010)، p.122.
(182) Today's Zaman، August 17، 2009.

عێراق‌و بەهێزکردنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ واشنتۆن و بەغدا توانیویـەتی هەڵوێستی پـارتی کرێکارانی کوردسـتان لاواز بکات.

سەرەڕای پاڵنەرە ئابووریەکانی تورکیا بۆ باشترکردنی  پەیوەندیەکانی لەگەڵ سەرکردەکانی کوردی عێـراق، بـەڵام دەسـەڵاتی حکومـەتی هـەرێم‌و دەسـەڵاتی تاڵـەبانی بـەس نیـە، بـۆ جووڵـەپێکردنی پرۆسـەی ئاشـتی، رەوانەکردنـەوەی کۆمـەڵێك گـەریلای پەکەکـە کـە نـاونران (گرووپـی ئاشـتی)و لـە رێگـەی دەروازەی خـاپووری ژێـر دەسەڵاتی بارزانی چوونە ناو خاکی تورکیا رۆڵێکی نەرێنیان گێڕا، لە پرۆسەی ئاشتی، تا ئێستاش روون نیە کە ئایا بارزانی‌و تاڵەبانی رۆڵیان هەبووە لە کارێکی لەم شێوەیە یاخود نا، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئیدارەی کوردی لـە عێـراق بەتەواوەتی پشتگیری لـە دەستپێشخەریەکەی حکومـەتی تورکیـا کـرد. نـابێ ئـەوە لـە یـاد بکرێ، کـە حکومـەت لـە راگەیانـدنی دەستپێشـخەریەکەیدا پـارتی کۆمەڵگـەی دیمـوکراتی پشـتگوێ خسـت، دواتـر هـەر ئەمـە وایکـرد پـارتی ناوبراو بە گوڕوتینەوە بەرەو دەستپێشخەریەکە نەچێ[183].

هەرچـەندە کاندیـدکردنی تورکیـا بـۆ یـەکێتی ئـەوروپا درێـژەی کێشاو چـەندین جـاریش پرۆسـەکە لـە بارچووە، بەڵام یەکێتی ئەوروپا بەردەوامە لەباسکردنی ئەم پرسە بۆ ئەوەی فشار بخاتە سەر تورکیا بۆ ئەنجامدانی چاکسازی، لەبەرامبەریشدا حکومەتی تورکیا دەستبەرداری هەوڵەکانی نەبووە بۆچوونە ناو یەکێتیەکە.

تورکیا بیری لەوەکردەوە چارەسەرکردنی پرسی کـورد وێنایـەکی باشـتر لـەلای رۆژئـاوا بەرامبـەر ئـەو وڵاتـە دروسـت دەکـات، بـەو مانایـەی ئەنکـەرە دەیـەوێ زیـاتر پشـت بـە پرۆسـەی دیموکراسـی ببەسـتێ، هـەروەها رۆڵـی هەرێمایەتی تورکیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست یاریدەدەرێکی بەهێزە بۆ هەوڵەکانی ئەنکەرە لە پرۆسەی وەرگرتنی لە یـەکێتی ئـەوروپا، جێبـەجێکردنی پرۆسـەی دەستپێشـخەری کـوردی ئاسـانتر دەکـات‌و پاڵنـەرەکانی کـوردیش بـۆ جیابوونەوە لە تورکیا کەمتر دەکاتەوە، لەبەرامبەریشدا یەکێتی ئـەوروپا هـانی هـەردوو لایـەنی حکومـەت‌و لایـەنی کوردی دەدات بۆ خۆ بەدوورگرتن لە میکانیزمەکانی توندوتیـژی‌و پێشکەشـکردنی باشـترین نموونـە لەسـەر پێـوەرو بنەمای پڕکردنەوەی پێداویستیە نیشتمانیەکان بۆ سەرجەمی نەتەوەکان لە ناو یەك تاکە دەوڵەتدا.

دەستپێشخەری کوردی راستەوخۆ پەیوەندی بە سیاسەتی دەرەوەی تورکیاوە هەیـە، حکومـەت بـاوەڕی وایـە چارەسەرکردنی پرسی کورد بە رێگەی ئاشتیانە بەشداریەکی کارا دەکات، لـە جێبـەجێکردنی سـتراتیژیەتی وەزیـری دەرەوە ئەحمــەد داود ئۆغلــۆ، کــە ناســراوە بــە ســتراتیژیەتی (ســفرکردنەوەی کێشــەکان لەگــەڵ دراوســێکان‌و بەرقەرارکردنی ئاشتی نـاوخۆیی). جێبـەجێکردنی ئـەم سیاسـەتەش لـەباش بـوونی پەیوەندیـەکانی نێـوان تورکیـاو هەریەك لە سوریا، ئێران‌و کردنەوەی سنووری ئەرمینیا بەدیدەکرێ[184].

---

(183) Marlies Casier، Andy Hilton ، and Joost Jongerden ، Road Maps" and Roadblocks in Turkey's Southeast. | published October 30، 2009 ، www.merip.org/mero/mero103009www.merip.org/mero/mero103009

(184) Murat Somer، Evangelos G. Liaras، p.4.

هەڵوێستو شێوازی پرۆسەی بە ئەندام بوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا لەلایەن خودی یەکێتیەکەوە تورکەکانی بێزارکردووەو باوەڕیان وایە لەلایەن ئەم یەکێتیەوە چەوسێنراونەتەوە. لەمبارەیەوە ئۆپۆزسیۆنی راستڕەوی تورکی بەلێهاتوویەکی رادەبەدەر ئەم لەسەرخۆییو چەوسانەوەی یەکێتیەکەی بۆ وروژاندنی هەستی رای گشتی دژی حکومەتو رۆژئاوا قۆستۆتەوە، هەروەها زیادبوونی هێرشە چەکداریەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان بە هەڵوێستی نەرێنیانەی یەکێتی ئەوروپا بەستۆتەوە، جیا لەمەش ئۆپۆزسیۆن بە هەردوو باڵی راستو چەپیەوە باوەڕی وایە پرۆسەی چاکسازی بە ئامانجی لاوازکردنی پەیوەندی ناوخۆییو یەکپارچەیی خاکی تورکیا بەسەر ئەو وڵاتەدا سەپێندراوە.

بەهۆی کشانەوە یاخود کەمبوونەوەی تواناکانی ئەمەریکا لە عێراقو کۆتایی هاتنی ماوەی داگیرکاریو کۆتایی هاتنی هاوکاریەکانی ئەمەریکا بەرامبەر تورکیا، بۆ رێگەگرتن لە هێرشەکانی پەکەکە لە باکووری عێراق، وایکردووە بارودۆخەکە خراپتربێ، بۆ ئەم مەبەستەش ئۆپۆزسیۆنی تورکی بەشێوەی بەرفراوان بارودۆخە خراپەکەی قۆستۆتەوە، بۆ دروستکردنی جۆرە ترسێك لە ئەگەری دابەش بوونی عێراقو دروست بوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی، ئەم ئەگەرەشی راستەوخۆ بە دەستپێشخەریەکەی حکومەت بەستۆتەوە. هەر لەو سەروبەندانەدا بێزاریو ناڕەزاییەکی زۆر لە شەقامی تورکی بەرامبەر یەکێتی ئەوروپاو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەدی دەکرێ، بۆ نموونە لە نیسانی 2007 کۆمەڵێك خۆپیشاندانو گردبوونەوەی شەقامی تورکی، بە بەرزکردنەوەی ئاڵای وڵاتەکەیان وەکو سیمبولێك، بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری نەتەوەیی تورکو دوژمنکاریکردنیی رۆژئاواو نەتەوەی کورد بەڕێوەچوو[185].

ئارەزووی حکومەت بۆ بونیادنانی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ هەریەك لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو یەکێتی ئەوروپا کاردانەوەی ئەرێنی بەسەر دەستپێشخەری کوردی هەبووە، پێشتریش یەکێتی ئەوروپا بە ئامانجی کرانەوەو رەخساندنی کاری سیاسی داوای لە ئەنکەر کرد، سەر لە نوێ داڕشتنەوە لە هەیکەلی کۆماریدا بکات، بۆ نموونە یەکێتی ئەوروپا داوایکرد رێژەی 10٪ی یاسای هەڵبژاردنەکان هەڵبوەشێنرێتەوە، بۆ ئەوەی نوێنەرانی کورد بتوانن بچنە ناو پەرلەمان، هەروەها داواشیکرد لێبووردنی گشتی بۆ ئەندامانو گەریلاکانی پەکەکە دەربکات.

دیارە حکومەت لە دەستپێشخەریەکەیدا باس لە دووبارە پێناسەکردنەوەو دابەشکردنەوەی سەرۆکایەتیو دەسەڵاتی شارەوانیەکانی نەکردووە، ئەمەش خاڵێکە هەردوو لایەنی حکومەتو پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی لەسەری ناکۆکن، هەربۆیە پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی داوای لە حکومەت کرد، دووبارە داڕشتنەوە لە هەیکەلی کۆماردا بکاتەوەو رێگە بە زیادکردنی هەندێك لە دەسەڵاتەکانی شارەوانیەکان بدات. کورد دەخوازێ لەچاکسازیەکانی دەستووردا بەتایبەت هەڵوەشاندنەوەی ئەو مادەیەی تایبەتە بە بە دەستهێنانی رێژەی 10٪ی

(185) Kemal Kirişci "The Kurdish Question and Turkey: Future Challenges and Prospects for a Solution "، ISPI، working Paper،Issue 24 December 2007.pp.5-6.

دەنگــەکانی هەڵبژاردنــەکانی پەرلەمانــدا، کــە بــە هۆیــەوە نوێنــەرانی کــورد لــە ڕێگــەی هەڵوەشــاندنەوەو هەموارکردنەوەی ئـەم ڕێژەیـە دەتـوانن بگەنـە پەرلـەمانو سـوودمەندبن، ئـەوەبوو بنکـەی جـەماوەریو ئەنـدامانی خـوارەوەی پـارتی دادو گەشـەپێدان ڕازی نـەبوون بـە هەموارکردنـەوەی ڕێژەکـەو دەرکردنـی لێبـوردنی گشـتی بـۆ گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان(186).

زیـاتریش لەمانـە دیـارە وڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئەمــەریکا بـۆ لێـدانو بەرەنگاربوونـەوەی پەکەکـە وەکـو پێویست پشتگیری تورکیای نەکرد، بەڵکو واشنتۆن لەبری لێدانی سـەربازی پیشـنیاری کـرد پرسـی کـورد بـە ڕێگـەی ئاشتی چارەسەربکرێت، هەر ئەمەش دواتر وایکرد گوتاری حیزبیانەی پارتی دادو گەشەپێدان بەرامبەر ئەمـەریکاو ئیسرائیل گوتارێکی توندبێ(187).

هەندێك ڕەفتارو هەڵسو کەوتی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی بەتایبەت لـەمیانی بەڕێوەچوونی ڕێـوڕەسمی پێشوازیکردنی لە هەندێك گەریلای پەکەکە کە خۆیان ڕادەست کردبۆوە پەرچەکردارێکی توندی لە شەقامی تورکی دروست کرد، چونکە پەکەکە بۆنەکەی قۆستەوەو وەکو سـەرکەوتن بەسـەر حکومەتـدا نـاوزەدیکرد، ئـەم ڕەفتـارەش سوپاو نەژاد پەرستە تورکەکانی تەواو بێزارکرد، دواتریش بووە هۆکار کـە دەستپێشخەریەکەی حکومـەتی سـڕکرد، لەم کەشەشدا گـەورە تویـژەری تـورك عـەلی بۆڵاگ ڕایگەیانـد "بڕیـاری لێبـووردنی گشـتی لەلایـەن حکومەتـەوە بـۆ گـەریلاکانی پەکەکـە دەبـوو دواهـەمین هـەنگاو بووایـە، بـەڵام حکومـەت لـە ئـەنجامی فشـاری دەرەوە بەهەڵـە ئـەم هەنگاوەی هاوێشت(188)، بەڵام لەلای خۆیەوە سەرۆك کۆمار عەبدوڵڵا گوڵ بەتەواوەتی ڕەتیکردەوە، دەستپێشـخەری کوردی لەژێر کاریگەری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەرچووبێ(189).

لەسەرێکی دیکەوە پەیوەندیەکانی نێـوان پـارتی کرێکـارانی کوردسـتانو مۆسـادی ئیسـرائیلی بـە هۆکـارێکی دیکەی دەرەکی دادەنرێ، کە کاریگەری نەرێنیان بەسەر دەستپێشخەریەکە دروست کـردووە... لـەم بارەیـەوە سـیمۆن هێرش دووپاتی دەکاتەوە کە مۆساد لەگەڵ پەکەکە تێوەگلاوەو دەرکەوتووە، کـە هەریـەك لـە وڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئەمەریکاو ئیسرائیل بەچەكو زانیاری یارمەتی پارتی کرێکارانی کوردستانیان داوە.(190)

لە بەڵگەنامەیەکی سەربازی ئەمەریکیدا هاتووە، کە گەریلاکانی پەکەکەی بـە (شـەڕکەر لـە پێنـاو ئـازادی) ناوبردووە. دیسان زۆرێك لە شرۆڤەکارو بەرپرسانی تورکیا باوەڕیان وایـە، ئـەو هێرشـەی، کـە بـە موشـەك لەلایـەن پەکەکە کرایە سەر ئەسکەندەرۆنە جێ پەنجەی ئیسرائیلی بە سەرەوە بووە.

(186) M. Hakan Yavuz and Nihat Ali Özca، the Kurdish Question and Turkey's Justice and evelopment Party Middle East Policy، vol. xiii، and no. 1، SPRING 2006، p.7.

(187) Hakkan and Ali Ozca، p.10.

(188)İnan Rüma Dilaver Arıkan Açar "External Pressure and Turkish Discourse on' Kurdish /Democratic Initiative'، The Turkish Yearbook of International Relations Vol. 40 (2009)، p.12.

(189)Akgül ،p.460

(190)Seymour M. Hersh "Preparing the Battlefield"، Monday 07 July 2008، The New Yorker

لەگــەڵ ئــەوەی وەزیــری دەرەوەی ئیســرائیل لــە ســێپتمبەری 2011 هــەواڵێکی ڕۆژنامــەی (یــەدیعوت ئاحرانوت)ی ڕەتکردەوە، گوایە ئیسرائیل پەیوەندی لەگەڵ پەکەکە هەیـە، بـەڵام لـەلای خۆیـەوە حکومـەتی تورکیـا بـاوەڕی بـە ڕەتکردنـەوەی هەواڵەکـە لەلایـەن وەزیـری دەرەوەی ئیسـرائیل نـەکرد، پەکەکـە بـاوەڕی وایـە گـرژیو ئاڵۆزیـەکانی نێـوان تورکیـاو ئیسرائیل وا لـە ئیسـرائیل دەکـات، یارمـەتی زیـاتری کـورد بـدات. بـە بـاوەڕی (مـوراد قەریلان) پەکەکە بە پشتگیری ئیسـرائیل دەتوانێ لـەخولی داهـاتووی شـەڕکردن لەگـەڵ سـوپای تورکیـا سـەرکەوتن بەدەست بێنێ. لە(نیهاد ئۆزجان)ی نووسەری کتێبی (پارتی کرێکارانی کوردستان: مێـژوو، ئایـدۆلۆژیاو شـێوازەکان) گوازراوەتــەوە، کــە گوتوویــەتی "پــارتی کرێکــارانی کوردســتان بەرزبوونــەوەی ئاســتی تونــدو تیژییــەکان لــە دوای هەڵبژاردنەکان وەکو کارتێکی فشارو دانووستان بۆ پرۆسەی دووبارە داڕشتنەوەی دەستووری تورکیا تەماشـا دەکـات. هەروەها پەکەکە لە ئامادە باشیدایە بۆ ئەنجامدانی هێرشی زیاتر لەشارو گوندەکان، بێ ئـەوەی ئـاوڕ لـەوە بداتـەوە بـە ئامـانج گرتووەکـان لـەپیاوانی ئاسایشـن یـاخود نـا، بـەڵکو دەیـەوێ پانتـایی هێرشـەکانی بـۆ سـەر دەریـای ڕەش لەناوخاکی تورکیاو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ زیاتر بکات"[191].

پەکەکە هەوڵدەدا لەمیانی کۆتایی هاتنی ئاگربەستدا تورکو کورد زیاتر بەلای لایەنی سیاسـیدا ڕابکێشـێ... گومـان لـەوەدا نیـە ئامـانجی هێرشـەکانیش بـریتین لـە: لێـدانی گەشـت گـوزار لـە تورکیـا. هـەروەها لەسـەر بنـەمای ناوبـانگی مۆسـاد، کـە لـە پانتاییـەکی بـەرفراوانی جیهـان کـاری تێکدەرانـە ئـەنجام دەدات، پێویسـتە مەترسـی ئـەم گەمەیەی ئیسرائیل کە بەکارتی کوردی دەیکات لە تورکیا کەم بکەینەوە.

دواجار بەم دواییانە حکومەتی پارتی دادو گەشەپێدانی فەرمانڕەوا چەند بەڵگەنامەیەکی کۆکردۆتەوە، کـە پەیوەنـدی نێـوان پەکەکـەو ئیسـرائیلی تێـدا سـەلمێندراوە. لەمبارەیـەوە (سـیدات لانجـەر) سـەرۆکی ڕێکخـراوی توێژینـەوەی سـتراتیژی نێودەوڵـەتی دەڵـێ: "بەڵگـەی تـەواو لەبەردەسـتدایە، کـە دەیسـەلمێنێ بریکارەکـانی مۆسـادو سـەربازە خانەنیشـینەکانی ئیسـرائیل چـەکو کـەلو پـەلی سـەربازی بـۆ پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان لـە عێـراق دەستەبەر دەکەن... کەسیش ناتوانێ نکوڵی لـەم پەیوەندیـە بکـات". بـەڵکو پێشـتر (سـیمیۆن) هێـرش لـە تـەمموزی 2008 بۆ گۆڤاری نیویۆرك ڕایگەیاندبوو، کـە ئاژانسـی هـەواڵگری ناوەنـدی مۆسـاد مەشـق بـە چەکدارەکانی پـارتی ژیانی ئازادی (پژاك) دەدات، کە باڵێکی پەکەکەو هەماهەنگە لەگەڵ سیاسەتەکانی ئیسرائیلو ئەمەریکا، بۆ جەنگان لەدژی ڕژێمی ئێران[192]. هەروەها لە شوباتی 2008 موراد قەرەیلان سەرۆکی کۆما جڤاکێن کوردسـتان ڕایگەیانـد: "چـەندین هۆکـار هـەن ئیسـرائیلو کـورد بەیەکـەوە دەبەسـتنەوە، هـەردووکیان دەورە دروان بـەو وڵاتانـەی دانیـان

(191) Southeast European Times on 09/03/1.
(192) Seymour M. Hersh “Preparing the Battlefield”، Monday 07 July 2008، The New Yorker

پێنـانێن، بۆیـە ئەگـەر ئیسرائیل بـەردەوام بـێ لـە پشـتگیریکردنی حکومـەتی تورکیـا بـۆ لێدانی پەکەکـە، ئـەوکات پەکەکە ئیسرائیل وەکو دوژمنی کورد تەماشا دەکات"[193].

لـەلای خۆیـەوە پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان حکومــەتی دادوگەشـەپێدان بـەنارِژدی لـە چارەسـەرکردنی ئاشتیانەی پرسی کورد تۆمەتباردەکات، هەروەها دەڵێ حکومـەت کەوتۆتـە ژێـر فشـاری سـوپاو نەتـەوە پەرسـتەکان، بەجۆرێك وازی لەسیاسەتی کرانەوەی کوردی هێناوەو دەستی کردووە بە دوژمنکاریەکی زۆر، بەتایبەت دوای ئەوەی ئەردۆگان سەردانی پارێزگای هەکاری لەباشووری رۆژهەڵاتی وڵات کرد، هـەر بۆیـە بـە گەیشـتنی ئـەردۆگان بـۆ ئـەو شارە لایەنگرانی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی لەشـەقامەکان نارِەزاییـان دەربـڕیو دوکـانو بازارِەکانیـان داخسـت، بـە بۆچوونی زۆرینەی کورد ئەو گوتارەی ئەردۆگان، کـە لـە شـارەکە پێشکەشـی کـرد هاوشـێوەی هـەمان گوتـاری پـارتی نەتەوە پەرستەکان بوو کاتێك رایگەیاند: "ئێمە گوتومانـە، تاکـە نەتـەوە، تاکـە ئـاڵا، تاکـە نیشـتمانو تاکـە دەوڵـەت ئەوانەشی نارِازین دەتوانن وڵات بەجێبێڵن"[194].

ئەو گوتارەی ئەردۆگان بەم زمانە زبرە پشتگیری گەورەی بەدەست هێنا، لەلایەن لایەنگرانی ئەمری واقیعو نێوەنـدە فەرمییـەکانی کـەمالی، بـەڵام لەسـەرێکی دیکـەوە بەتونـدی لەلایـەن رۆشـنبیرانی لیبرِاڵـی رەخنـەی لـێگیرا، لەمبارەیـەوە (ئاڵتـان تـای) لـە 5 ی تشـرینی دووەمـی 2008 رایگەیانـد: "ئێسـتا ئـەردۆگان خـۆی وەکـو نموونـەی راسـتڕەوی تونـدڕۆو تورکـە رەگـەز پەرسـتەکان نیشـاندەدا، ئـەم گوتارەشـی هـانی توندوتیـژی دەدات دژی خۆپیشاندەران"[195].

هـەروەها ئاڵتـان تـای دەڵێ: " ئـەم گوتـارەی ئـەردۆگان ئاماژەیەکـە بـۆ پاشەکشـەی حکومـەت لەهەڵوێسـتە ئـازاو نـا تەقلیدیەکانی بەرامبەر بە پرسی کورد، بەڵام ئێستا حکومەت دێ پشت بەگوتارێکی تەقلیـدی نەتـەوەیی دەبەسـتێ، کە هاوشێوەی هەمان گوتاری دامەزراوەی سەربازیە بەرامبەر بە پرسی کورد".

هەروەها سەرۆکی سوپا سالاری پێشووی تورکیا ئیلکـەر باشـبۆگ رایگەیانـد: "کوردەکـانی تورکیـا ئـازادن لـە رادەربرِینــی کوردبــوونی خۆیــان (Kurdishness) وەکــو ناســنامەی کەســێتی نــەك وەکــو شووناســی گــەلو نەتەوە"[196].

---

(193) Egemen Basar Bezci `` the Kurdish Question in Turkey: a Critical Juncture `` Moshe Dayan centre، Tel Aviv Notes،، August 17، 2009.

(194) Ekrem Eddy Güzeldere Turkey: Regional Elections and the Kurdish QUESTION، Vol. 3 – Caucasian Review of International Affairs، Summer 2009.

(195) Altan Tan: Adressiz Kurşun Katildir | BDP – BARIŞ VE DEMOKRASİ...bdpblog. wordpress.com/.../altan-tan-adressiz-kurs... 26 Eyl 2011

(196) Ekrem Eddy Güzeldere Turkey: Regional Elections and the Kurdish QUESTION، Vol. 3 – Caucasian Review of International Affairs، Summer 2009

لەهەموو ئەمانەوە بەتایبەت پروپاگەندەو لێدوانە دژ بەیەکەکانی نێوان حکومەتو پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی بۆمان دەردەکەوێ، کە هەردوولا متمانەیان بەیەکتری نیەو هەر بۆیە پێویستە لایەنی سێیەم وەکو پردێك بێتە ناو پرسەکە.

## 6- هەڵوێستی ناجدیانەی ئاك پارتی بەرامبەر دەستپێشخەری کوردی

به بۆچوونی رەخنەگرانی حکومەتەکەی دادوگەشەپێدان نە ئەردۆگانو نە حکومەتەکەی هیچ چارەسەرێکی بەهێزو سووربوونو پێداگریەکی جددیان بۆ بەدواداچوونی پرسی دەستپێشخەری کوردی نییە، هەرکاتێکیش رووبەرووی ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆیی دەبنەوە خێرا لە پرسەکە ساردەبنەوەو پاشان بەتەواوەتی وازی لێدەهێنن. هەندێك لە رەخنەگران دەڵێن: "کۆی گشتی دەستپێشخەریەکە جۆرە مانۆڕێکی تەکتیکیە، بۆ بەدەستهێنانی دەنگی کورد، چونکە ململانێی بەدەستهێنانی دەنگی کورد بەلای دادوگەشەپێدان جێگەی بایەخپێدانێکی زۆرە، هەر بۆیە دەستپێشخەریەکە لەو چوارچێوەیە دادەنرێ". بە بۆچوونی ئاڵتان تای نوسەری ئیسلامی کوردو پەرلەمانتاری هاوپەیمان لەگەڵ پارتی ئاشتیو دیموکراتی، تاوەکو ساڵی 2001 ئەردۆگان رۆژێك لە رۆژان باوەڕی بە بوونی پرسی کورد لە تورکیا نەبووە". لە مبارەیەوەش قسەیەکی ئەردۆگان دێنێتەوە، کە گوتوویەتی: "لەتورکیا پرسێك نیە بەناوی پرسی کورد"[197]. هەروەها (عەبدوللەتیف شینەر) یاریدەدەری پێشووی سەرۆك ئەردۆگان، باوەڕی وایە ئەردۆگان پرسی دەستپێشخەری کوردی لەچوارچێوەی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان بەکاردێنێو پارتی دادوگەشەپێدان هیچ پرۆژەیەکی گشتگیری بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد پێنیە. باس لەوەش دەکات هەرکاتێك لە ناوخۆدا ئەردۆگان رووبەڕووی فشاری هێزو گرووپە کاریگەرەکانو دامەزراوە باڵاکانی دەوڵەت دەبێتەوە، راستەوخۆ لە لێدوانەکانی تایبەت بە پشتگیری کردن لە کورد پاشەکشە دەکات[198].

هەندێك باوەڕیان وایە ئەو شکستەی بەر حکومەتی پارتی دادوگەشەپێدان لە هەڵبژاردنی شارەوانیەکان لە 2007 کەوت، هەروەها پێویست بوونی بەرەنگاربوونەوەی نەخشە رێگاکەی ئۆجەلان دوو هۆکاربوون، بۆ سڕکردنو وەستانی دەستپێشخەریەکە[199]. وەکو لە ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان دەرکەوتووە، پارتی دادوگەشەپێدان رێژەی 54٪ دەنگەکانی لە باشووری رۆژهەڵاتی وڵات بەدەستهێناوە، لەوکاتەی لەکۆی وڵات توانیویەتی رێژەی 80٪ی دەنگەکان بەدەستبێنێ[200].

پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنی شارەوانیەکان، کە لە ئازاری 2009 بەڕێوەچوو، لە پایزی 2008 ئەردۆگان بەمەبەستی بەدەستهێنانی دەنگی کورد سەردانی ناوچەی باشووری رۆژهەڵاتی وڵاتی کرد، لەو کاتەشدا ئاك پارتی

(197) Kurt Sorunu، (Istanbul: Timas Yayilari،20119،p.510-11
(198) Cigdem Toker،Abdullatif Sener: Adam da Benimle beraber Buyudu، Istanbul: DK Dogan Kitap،pp.560-62
(199) Murat Somer، Evangelos G. Liaras،p.156.
(200) Altan Tan،Kurt Sorunu، p.512

لەلایەن کوردەوە بەهۆی دووپاتکردنەوە بەردەوامەکانی لە باشترکردنی بارودۆخی ئابووری کورد پشتگیری لێدەکرا، بەڵام لە بەرامبەردا پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی سوور بوو، لە سەر سەرکەوتن بەسەر ئاك پارتیو بەدەستهێنانی زۆرینـەی دەنگـەکان لەناوچـەی کـوردی، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش هـەموو هەوڵێکـدا بـۆ سـەرکەوتن بەسـەریداو لـە دیاربەکری (قەڵای کوردانو قەڵای بەدەپە) بـە گوتـەی عوسمـان بایـدەمیر، ئـەوەبوو لەکاتێکدا ئـەردۆگان سـەردانی هەکاری کرد، پـارتی کۆمەڵگـەی دیمـوکراتی خۆپیشـاندانێکی جـەماوەری ڕێکخست، بازاڕەکـان داخـرانو ڕێپێـوانێکی گەورە بەڕێوەچوو، ئەم هەڵوێستەی بەدەپە ئەردۆگانی ناچارکرد، لە لێدوانێکدا بڵێ: "ئێمـە خـاوەنی تـەنیا گـەلێك، تەنیا ئاڵایـەك، تـەنیا دەوڵـەتێكو تـەنیا یـەك زمـانین". ئـەوە بـوو دواتـر ئـەم لێدوانـە کاردانـەوەی تونـدی کـوردی لێکەوتەوەو هاوشێوەی لێدوانی نەتەوەپەرستەکان لـە قەڵـەم درا، ئەگەرچـی ئـەوەی لێدوانـە ڕووبـەڕووی ڕەخنـەی توندی کورد بوویەوە، بەڵام هێشتا لەلایەن ڕۆشنبیرانی کەمالیو لایەنگرانی ئـەمری واقیـع پشـتگیری تـەواوی لێکـرا. لە دیمانەیەکدا، کە بـەم دواییانـە لەگـەڵی ئەنجامـدراوە گۆنتـەر دەڵـێ: "ئـەم لێدوانـەی ئـەردۆگان بەڵگـەو ئاماژەیـە لەسـەر ئـەوەی حکومـەت دەسـتبەرداری سیاسـەتە نەرمـەکانی بـووە، بەرامبـەر بـە پرسـی کـورد، بـەڵکو لـەبری ئـەم سیاسەتە پێڕۆی سیاسەتێکی توند دەکات"[201]. بەلای هەندێکی دیکە ئەم لێدوانە تەنیا توڕەییەکی کاتی ئەردۆگانە بەهۆی ئەو خۆپیشاندانەی لە هەکاری ڕووبەڕووی بوویەوە، بەڵام دواجـار پـارتی کۆمەڵگـەی دیمـوکراتی لێدوانەکـە بە ڕەگەز پەرستیو بێڕێزیکردن بەکورد ناوزەرد دەکات، داواش دەکات دەبێ لە بارەی ئەو لێدوانەوە داوای لێبـوردن لە کورد بکرێ. لەلای خۆیانەوە هەنـدێکی دیکـە قسـە لەسـەر گـەورەییو فراوانـی فشـارەکان دەکـەن، کـە لـەو کاتـەدا ڕووبەڕووی ئەردۆگان بۆتەوە، بۆیـە ناچـار کـراوە لێـدوانێکی لـەم شـێوەیە بـدات. ئێسـتا ئـەردۆگان کەوتۆتـە نێـوان دووبـەرداش لەلایـەن ئۆپۆزسـیۆن بەخیانـەتی نیشـتمانیو دابەشـکردنی تورکیـا لـەژێر فشـارەکانی کـوردو هێـزە دەرەکیەکان تۆمەتبار دەکرێ، لەلایەکی دیکە کەوتۆتە ژێر باری فشارێکی گەورەی یـەکێتی ئـەوروپا بـۆ ئەنجامـدانی چاکسازی، بۆیە دەخوازێ بەیەکێتی ئەوروپا بڵێ لەداهاتوودا تورکیا بەرەو پێڕۆکردنو جێبـەجێکردنی پێوەرەکـانی کۆپنهاگنی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ هەڵدەکشێ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا کوردە نەتەوە پەرستەکانیش ڕێز بۆ ئەم هەڵوێستە تایبەتانـەی ئـەردۆگان، کـە بـۆ کـورد هەیـەتی دانـانێن، بـەڵکو چـەندین جار هەڵوێسـتو ڕێوشـوێنی هەراساتکار بەرامبەر دەگرنەبەرو نیگەرانی دەکـەن[202]. لەسـەر هـەمان ئـەو لێدوانـەی ئـەردۆگان، کـە لـە هـەکاری ئاڕاستەی کرد، (یاسەمین کۆنگەر) جێگری سەرنووسـەری ڕۆژنامـەی تـەرەفی تـورکی دەڵـێ: " ئـەم جـۆرە لێدوانـە قسەی کەسی ریفۆرم خواز نییە". هەروها ستوون نووسی ڕۆژنامـەی میللـەت (حەسـەن جـەمال) دەڵـێ: "ئـەردۆگان گـۆڕاوە". لەڕاسـتیدا ئـەم گوتـارە بـەلای لیبراڵـەکان جێگـەی داخـە، چـونکە ئـەوان دێـن بـەراوردی ئـەم گوتـارەو گوتارەکەی پێشووتری ئابی 2005ی دەکـەن، کاتێـك ئـەردۆگان دان بـەبوونی کێشـەی کـورد دادەنـێو بەشـێکی ئـەم

(201) Michael M. Gunter، Turkey، the EU and international relations، KurdishMedia.com - 01/02/2009.

(202) Ed.Marlies Casier and Joost Jongerden، Nationalism and Politics in Turkey، p،116.

کێشەیە دەخاتە ئەستۆی دەوڵەت، بەڵام دواتر رێك هەردوو گوتارەکە پێچەوانەی یەکترو دژ دەردەچن. لەلای خۆیەوە ستوون نووسی رۆژنامەی (تودە)ی (زەمان یافوز بایدەر) دەنووسێ: "ئا ئەوەیە ئەردۆگان، کە تەواو پێچەوانەی ئەردۆگانی 2005 ە، گوتارەکەی جۆرێکە لە نەزعەی دوژمنکاریو هەڕەشە ئامێز نەك خواستی ئاشتەوایی"[203].

لە 18 نیسانی 2011 رۆژنامەی حورییەت دەیلی نیوزی تورکی لەسەر زاری سەرۆك وەزیران بلاْویکردۆتەوە، کە گوتوویەتی: "لەتورکیا پرسێك نیە بە ناوی پرسی کورد، بەڵکو ئەوەی هەیە پرسی برایانە کە بەزمانی کوردی قسەدەکەنو رۆژگارێکیش بۆ مەرامی تایبەتی قۆستراونەتەوە، بەڵام نەتوانراوە تاسەر فێڵیان لێبکرێ". ئەمەش رێك پێچەوانەی لێدوانێکی پێشوویەتی، کە رایگەیاند بوو، لە تورکیا جگە لە زمانی تورکی زمانی دیکەش هەیە، بەڵام بەگشتی حکومەت پشتگیری لەتاکە زمانی فەرمی دەوڵەت دەکات، کە زمانی تورکیە.

لەهاوینی 2009 بارودۆخەکە لە تورکیا تەواو ئاڵۆز دەبێ، بگرە رۆژنامەنووسان پرسیارێك سەبارەت بە لێبوردنی گشتی بۆ گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان پرسیارێك ئاراستەی سەرۆك کۆمار عەبدوڵلا گوڵ دەکەن، بەدەر لەوەڵامدانەوەی پرسیارەکە گوڵ رەخنە لەخودی پرسیارەکە دەگرێ. هەروەها لەمیانی ئێوارە خوانێکی بەربانگی رەمەزان، کە لە لقی کارگێڕی هەڵمەتە تایبەتییەکانی پۆلیسی تورکیا بەڕێوەچوو سەرۆك ئەردۆگان بەزمانێکی زبر رایگەیاند: "نە پارتی دادوگەشەپێدانو نە حکومەتی کۆماری ئامادەنین لەگەڵ تیرۆرستانو رێکخراوێکی تیرۆرستی سەبارەت بەچارەسەرکردنی پرسی کورد دانووستان بکەن، بەڵکو هەر جۆرە گفتوگۆو دانووستانێك لەگەڵ لایەنێکی لەم جۆرە بەهیچ شێوەیەك جێگەی قسە لە سەر کردنو مشتومڕ نیە"[204].

لە توێژینەوەکەیاندا سەبارەت بە سیاسەتی ئەردۆگان بەرامبەر کورد، هەریەکە لە (مارلیس کیسۆ)، (هیلتۆن ئاندی)و (جۆست جۆنگردن) باس لەوە دەکەن، لێدوانە زبرەکەی ئەردۆگان کە لە هەکاری پێشکەشی کرد، پاشگەز بوونەوەیەکی پێشوەختەیە لە بەڵێنە ئاشتیخوازەکانی، کە بەکوردی دابوو، ئەم توێژەرانە لە توێژینەوەکەیاندا ئاماژە بەقسەیەکی (ئەحمەد تورك) دەکەن، کە لە رۆژنامەی رادیکاڵ سەبارەت بەلێدوانە زبرەکەی ئەردۆگان گوتوویەتی: "لێدوانەکە گەورەبوو بەقەد گەورەیی شاخێكو هیچ تروسکاییەکی لێ بەدیناکرێ، تەنانەت مشکێکیش لێی لەدایك نابێ"[205].

حاکمی هەرێمی باشووری رۆهەڵاتی هەکاری (موعەممەر تورکەر) لەبارەی پارتی دادوگەشەپێدانەوە کە خاوەنی هەڵوێستی لیبراڵیانەیە بەرامبەر پرسی کورد دەڵێ: "مردنی دەستپێشخەری کوردی هەستی بێزاریو

(203) Sabrina Tavernise "Turkey reforms: Message to the Kurds 'accept Turkish identity or get out' 25.11.2008.
http://www.ekurd.net/mismas/articles/misc2008/11/turkeykurdistan2034.htm

(204) Güncel Haber، September 3، 2009.

(205) Ed.Marlies Casier and Joost Jongerden، Nationalism and Politics in Turkey، p،117

تێکۆشـان لـەلای جوداخـوازانی کـوردی زیـاتر دەکـات، هـەروەها ئەگـەر حکومـەت شکسـت بێنـێ، لـە جێبـەجێکردنی پێشبینیەکانی کورد، کە لەگەڵ خودی دەستپێشخەریەکە ئاسـتیان بـەرزتر دەبێتـەوە، ئـەوکات مەترسـیەکانی ڕژانـی خوێن لەنێوان هەردوولا زیاد دەکات"[206].

هەندێك لە شرۆڤەکاران بۆچوونیان وایـە، دەسـت لەکارکێشانەوەکەی (فـورات دینگـەر) لـە پۆسـتی جێگـری سەرۆکی ئاك پارتی ڕووداوێکی دیکەیە لەو ڕووداوانەی لەوەتەی حکومەتەکەی ئەردۆگان دەستی بەچارەسـەرکردنی سـەربازیانەی پرسـی کـورد کـردووە، بـە بۆچوونی ئـەو شـرۆڤەکارانە دینگـەر وەکـو نـاڕەزایی دەربـڕین لەبەرامبـەر گۆڕانی هەڵویستی ئاك بەرامبەر بە چارەسەری ئاشتیانەی پرسـی کـورد دەسـتی لەکارکێشاوەتەوە، لەکاتێکـدا پێشـتر دینگـەر بەگوڕوتینـەوە لـەبارەی چارەسـەرکردنی ئاشـتیانەی پرسـی کـورد، بـە ئەنـدام بـوونی تورکیـا لـە یـەکێتی ئەوروپاونوسینەوەی دەستووری نـوێ بۆچوونەکانی خـۆی پێشـکەش کـردووە. یـەکێك لـە توێـژەران دەڵـێ: "فـورات دینگەر لـەمیانی چـوونە پـاڵ هەنـدێك لەسـەرکردەکانی پـارتی کۆمەڵگـەی دیمـوکراتیو خـواردنی ژەمـی بـەیانی لـە ئەسـتەنبوڵو باوەڕهێنـانو پیـادەکردنی هەڵوێسـتەکانیان پۆشـاکی کـەمالی لەبـەرخۆی داکـەنی... کەسـیش زۆری لێنەکردووە بۆ ئەوەی دەست لە کـار بکێشـێتەوە، بـەڵکو هۆکـاری دەسـت لەکارکێشانەوەکەی بـۆ هەڵوێسـتی زبـرینی پارتەکەی ئەردۆگان دێ بەرامبەر بە کورد". ئەوەبوو دواتر وەزیـری پێشـووی نـاوخۆ (عەبـدولقادر ئاکسـۆ) شـوێنی گرتەوە، لەگەڵ ئەوەی ئاکسۆ بەڕەچـەڵەك کـوردە، بـەڵام وەکـو زانـراوە پەیوەندیـەکی پتـەو نزیکشـی لەگـەڵ دەزگا ئەمنیەکانی دەوڵەتدا هەیە[207].

هەنـدێکی دیکـە باوەڕیـان وایـە پاشەکشـەی حکومـەت لـە دەستپێشـخەری کـوردی گـۆڕانێکی جۆریـە بەسـەر ئەولەویاتی بەرنامەی کاری ئەو حکومەتەدا هاتووە، بەجۆرێك خاڵی تەرکیزکردن لە پرسی دەستپێشـخەری کـوردی گوازراوەتەوە بۆ پرسی باڵاپۆشی ئافرەتانو ڕووبەڕووبوونەوەو بەرەنگارییەکانی داهاتوو، کـە لـەناوبردنی کەمالیـە. سەرەڕای ئـەوەی گـەلی کـورد لـەتورکیا لـە هـەردوو هەڵبـژاردنی 2005 و 2007 شـان بەشـانی ئـاك پـارتی وەسـتاو باوەڕیشی وابوو، ئاك پارتی هۆکارێکە بۆ بەدەستهێنانی مافەکان، ئازادیـەکانو خۆشـگوزەرانی ئـابووری، بـەڵام وەکـو دەردەکـەوێ ئـەو پارتـە ئامادەنیـە پێداویسـتیو داواکاریـەکانی کـورد پڕبکاتـەوە، بەتایبـەت لـەدوای دووبـارە وەرگرتنەوەی دەسەڵات لە 2007، چونکە دادو گەشەپێدان لەبری ئەرکە گرنگەکانی دیکـەی وەکـو چارەسـەرکردنی پرسـی کـورد زیـاتر گرنگـی بەسەرپۆشـی ئافرەتـان دەدات، ئەمـە لەکاتێکـدا خـودی باسـکردنی ئـەم بابەتـە ورووژانو بەریەککەوتنی زیاتر لەناو کۆمەڵگە دروست دەکـات. دوا بـەدوای ئـەوەی ئـاك پـارتی بـۆ هەڵبـژاردنی سـەرۆکی نـوێ ڕووبەڕووی شەڕی دەستووری بۆوەو لەلایەکی دیکەش هەڕەشەی یاداشتی سوپای بەسـەرەوە بـوو، بـەڵام هێشـتا ئـەو پارتە دێ بـەڵێن دەدا، بـە پێشکەشـکردنی دەسـتوورێکی نـوێ، کـە زیـاتر بازنـەی بـواری کـاری سیاسـی شـان بەشـانی

(206) " Road Maps" and Roadblocks in Turkey's Southeast."
(207) Yavuz Baydar، "resignation،"y.baydar@todayszaman.com،10 Nov،2008

بیرۆکراسی مەدەنیو سەربازیو باشترکردنی بارودۆخی مافو ئازادیەکانی تاکەکەسی بەرفراوانتر بکات، بەڵام هەموو ئەو بەڵێنانەش جگە لە ئەنجامدانی راپرسی لەسەر دەستووری نوێ لەناویشیدا دیاریکردنی ماوەی هەڵبژاردنی سەرۆك هیچ ئەنجامێکی دیکەی بەرجەستەبووی لێنەکەوتەوە، لەبەرامبەریشدا پارتی کاری نەتەوە بە ئامانجی دەستکەوتی سیاسیانەی خۆی شکستی ئاك پارتی بۆ دۆزینەوەی چارەسەری قەدەغەکردنی سەرپۆشی قۆستەوە، دەبوو حکومەت لەبری ئەوەی جەخت لەسەر پرسی سەرپۆشی ئافرەتان بکات وەکو پرسێکی تاکەکەسی، باشتروابوو لە پاڵ چەپکێك پرەنسیپی دیموکراسی گشتگیرتر رووبەرووی قەغەدەکردنی سەرپۆشی بووبایەوە، بە بۆچوونی (کارپات پۆڵات) ئەگەرچی زۆرینەی کۆمەڵگەی تورکی لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی قەدەغەکردنی سەرپۆشیدان، بەڵام جەختکردن لەسەر پرسی سەرپۆشی ئافرەتان لەلایەن ئاك پارتیەوە سیاسەتێکی هەڵەو بازنەیەکی سنووردار بوو بۆ گەمەکردن تێیدا. هەموو ئەو گۆڕانانەش لە ئەولەویاتی بەرنامەی کاری حکومەت، حکومەتەکەی ئاك پارتی رووبەڕووی رەخنەیەکی توندی بیرۆکراسی مەدەنیو سەربازیو دەزگا راگەیاندنەکانو بەشێکی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی کردەوە، هەروەها بۆڵات دەڵێ: "لەبارودۆخێکی لەم شێوەیەدا حکومەت ناتوانێ بچێتە ناو مەترسی هیچ جۆرە سیاسەتێکی دیکە بەتایبەت خستنەڕووو دانانی پرسی کورد لەبەرنامەی کاریدا[208].

رۆژنامەی حورییەت دەیلی نیوز لەسەر زاری سەلاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی گواستوویەتیەوە گوتوویەتی: "ماوەی دوو ساڵو نیوە ئاك پارتی قسە لەسەر دەستپێشخەری کوردی دەکات، بێ ئەوەی نێهنیەکانی هەڵبداتەوە، چونکە لە بنەڕەتدا ئەم دەستپێشخەریە بوونی نیە". هەروەها دەڵێ: "حکومەت هیچ کەیسێکی نیە بە ناوی چارەسەرەکردنی پرسی کورد". لەکۆتاییشدا دەمیرتاش دەڵێ: "نەسوپا، نە ئەمەریکاو نە سوریا هیچیان رێگرنین لەبەردەم چارەسەرکردنی پرسی کورد.... بەڵکو گەورەترین لەمپەر لەبەردەم چارەسەرکردنی ئەم پرسە نەبوونی سیاسەتی حکومەتە"[209].

### 7- بێ متمانەیی لە نێوان حکومەتو پارتی کرێکارانی کوردستانو پارتی ئاشتیو دیموکراسی

لەلایەك حکومەت بانگەشەی چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد دەکات، لەلایەکی دیکە پارتی کرێکارانی کوردستان لەمیانی دەستپێکردنەوەی چالاکیە سەربازییەکانی هەڕەشە لە پرۆسەی ئاشتی دەکات، لەلای خۆیەوە حکومەت باس لەوە دەکات پارتی کرێکارانی کوردستان خۆی بەتاکە نوێنەری راستەقینەی کورد دادەنێ، کەچی

(208 ) The Kurdish issue: can the AK party escape securitization"، Insight Turkey / July، 2008،2008 SETA Foundation for Politica.

(209) İpek Yezdani" BDP says peace comes with no guns" ، http://www.hurriyetdailynews.com/default.aspx?pageid=438&n=bdp-says-peace-comes-with-no-guns-20 ، Hürriyet Daily News | 8/19/2011.

پـارتی دادوگەشــەپێدانی فـەرمانڕەوا پێـداگری دەکـات، کـە خـودی ئـەو نوێنـەری زۆرینـەی کـوردە، ئـەنجامی هەڵبژاردنـەکانیش بەڵگـەن لەسـەر ئـەوەی زۆرینـەی کـورد دەنگـی بـە پارتەکـەی داوە، بـەجۆرێك لـە دواهـەمین هەڵبژاردندا پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی کە باڵی سیاسیو مەدەنی پەکەکەیە توانیویەتی تەنیا 16 پەرلەمانتار بنێرێتـە پەرلـەمان، لـە کاتێکدا ئـاك پـارتی خـاوەنی 60 پەرلـەمانتاری کـوردە، جگـە لەمـەش لـە هەڵبژاردنـەکانی 2007 ئاك پارتی توانی 52٪ دەنگی کورد بەدەست بێنێ، لەبەرامبەردا پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی تـەنیا 16٪ ی دەنگی کوردی بەدەست هێناوە، دواتر لە هەڵبژاردنی شارەوانیەکان کە لـە ئـازاری 2009 بەڕێوەچوو، دیسان ئـاك پارتی ڕێژەی 28٪ ی دەنگی کوردی بەدەستهێنا، لەوکاتەی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی ڕێژەی 27٪ ی کۆی دەنگی کوردی بەدەست هێنا، هەروەها لە هەڵبژاردنەکانی حوزەیرانی 2011 سەرەڕای ئەوەی لەو ماوەیەدا پـارتی ئاشتیو دیموکراتی توانیبـووی هەنـدێك دەسـتکەوت بەدەسـت بێنـێ، بـەڵام جارێکی دیکـە ئـاك پـارتی تـوانی پارێزگـاری لـە نفوزی بەهێزی خۆی لەناوچە کوردیەکان بکاتەوە[210]. هەر سـەبارەت بەدەسـتکەوتەکانی هەڵبژاردنـەکانی 2011 کـە پـارتی ئاشـتیو دیمـوکراتی بەدەسـتی هێنـا، بـەڵام ئـاك پـارتی پێـداگری دەکـات، کـە بـۆ بەدەسـتهێنانی دەنگـی دەنگدەرانو پۆستەکان پارتی ئاشتیو دیموکراتی جۆرە ترسو تۆقاندنێکی پیادەکرد، بـۆ بەدەسـتهێنانی ئـەنجامێکی لـەم شـێوەیە. لەمبارەیـەوە (بورهـان بـایتورك) دەڵـێ: "پـارتی ئاشـتیو دیمـوکراتیو هاوپەیمانـەکانی بـە مەبەسـتی ڕێگەگرتن لە کاندیدەکانی ئاك پارتی لەناوچە کوردیەکان پەنایان بردە بەر هـەموو ڕێکـارێکی یاسـاییو نایاسـایی". لەشـوێنێکی دیکـەدا دەڵـێ: "لـە ڕاسـتیدا پـارتی ئاشـتیو دیمـوکراتی سـیناریۆیەکی مەترسـیداری دروسـت کـرد، کـە بەدڵنیاییەوە بەهۆی ئەوەی ئاك پارتی نەیتوانی بگاتە دەنگدەرانی خۆی، بەهۆی ئەو ترسە زۆرەی دروسـت کرابـوو، بگـرە پـارتی ئاشـتیو دیمـوکراتی پـەنای بـردە بەرهـەمان میکـانیزمی دامـەزراوەی دەوڵـەتی قـووڵ، کـە پێشـتر حکومەتەکان کوردیان پێ سەرکوت دەکرد. ئەمەش ترسی لای کوردە لیبڕاڵەکان دروسـت کـردووە، پـارتی کرێکـارانی کوردستان لە ناوچە کوردیەکان توانیویەتی ژێرخـانی دەوڵـەتی پۆلیسـی هاوشـێوەی ئەوانـەی پێشـووتری ئـەوروپای ڕۆژهەڵاتو سیستمی قەزافی دروست بکات، تەنانەت لەیەکچوونێکی هاوبەشو پەیوەنـدی پتـەو لـەنێوان ئۆجـەلانو قەزافییدا هەیە".

هەر یەك لە حکومەتو کوردانی ناو حکومەتو سەر بە پارتی دادو گەشەپێدان باوەڕیان وایە، پەکەکە دژی هـەر جـۆرە دەسـتکەوتێك دەوەسـتێ، کـە حکومـەت بـە کـوردی بـدات، بەتایبـەت ئەگـەر بێـتو ئـەو دەسـتکەوتە لەدەرەوەی پارتی کرێکارانی کوردستانو پارتی ئاشتیو دیموکراتی بە ئەنجام نەگات. بۆ نموونە کاتێك حکومـەت دێ کەناڵی TRT6 کە پەخشەکەی بۆ ماوەی 24 کاتژمێرو بەرنامەکانی بـەزمانی کـوردی پێشـکەش دەکـرێن دەکاتـەوە، پەکەکە پێشوازی لـە کردنـەوەی ئـەم کەناڵـە ئاسمانیـە ناکـات، بگـرە دەسـت دەکـات بـە هەڵمـەتێکی ناوزڕانـدن دژی

( 210)Kurdish Candidates Successful in Turkey's Elections - Rudaw www.rudaw.net/english/news/turkey/3749.html.

کەناڵەکە، لەمبارەیەوە (موراد قەرەیلان) لە قەندیلەوە داوای بایکۆتکردنی کەناڵەکە دەکات، هەروەها سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان عەبدوڵڵا ئۆجەلان دووجاران لە 2 و 8ی کانوونی دووەمی 2009 کردنەوەی کەناڵەکەی بە میکانیزمی بچووککردنەوەی کوردو پیادەکردنی سیاسەتەکانی حکومەت بەپلانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وەسف کرد. دواتر دەڵێ: "هەموو ئەو گەمانەی حکومەتی تورکیا دەیکات لەلایەن ئەمەریکاوە بە ئامانجی بچووککردنەوەی پرسی کورد نەخشەی بۆ دادەڕژێ"(211).

حکومەت بەردەوام بانگەشەی ئەوە دەکات دەستپێشخەری کوردی رەوشێکی دیموکراسی بۆ گەلی کورد رەخساندووە، بەڵام لە بەرامبەردا پەکەکە بۆ شوێن پێکردنەوەی خۆی لەناو کورددا دەستپێشخەریەکە بەکاردێنێ، بۆ نموونە لەگەڵ هەموو ئەو سوودانەی کورد لە پرۆسەی چاکسازی دیموکراسی وەریگرتووە، بەڵام پارتی کرێکارانی کوردستان هەوڵیدا لە ناوچەکانی باشووری رۆژهەڵاتی وڵات بایکۆتی ئەو راپرسیە بکات، کە لەسەر دەستوور ئەنجام درا، بەڵکو پەکەکە هەموو بیروبۆچوونێکی جگە لە بیروبۆچوونی تایبەت بەخۆی رەتکردەوە، جگە لەمەش هەڕەشەی لە رۆشنبیرانی کوردی نموونەی (کەمال پۆرکای)، (موحسین ئۆغلۆ)و (شوان بەرفەر) کرد، کە بۆ چوونیان لەگەڵ پەکەکە جیاواز بوو. لە راستیدا دەستپێشخەری کوردی جۆرێك لە ئازادی رادەربڕینی بەم رۆشنبیرانە بەخشیوە، کە تا ئێستاکەش لەژێر هەڕەشەو مەترسیەکانی پەکەکەدان. بەدڵنیاییەوە هاوکات لەگەڵ دەستپێشخەریەکە بارودۆخی مافە دیموکراتیەکانی گەلی کورد باشتربووە، بەڵام بەهۆی هەڕەشەکانی KCKوە توانای بەکارهێنانی ئەم دەستپێشخەریە بچووك بۆتەوە(212).

دیارە ئەو ئاهەنگە گەورەی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی لە 21 ی ئۆکتۆبەری 2009 بە بۆنەی رادەستکردنەوەی 30 ئەندامی پەکەکە، کە وەکو بەشێك لە دەستپێشخەری کوردی رێکیخست بوو، بووە هۆی سڕکردنی دەستپێشخەریەکە لەلایەن حکومەتەوە، هەربۆیە حکومەت هەوڵیدا بەئاشکرا ئۆجەلان لە دەرەوەی پرۆسەکە بهێڵێتەوە، بەڵام لەژێرەوەش هەوڵیدیکەیدا بۆ ئەوەی لە رێگەی ئۆجەلانەوە زیاتری ئەندامانی پەکەکە خۆیان رادەست بکەنەوە، لەمەشەوە دەردەکەوێ حکومەت سەبارەت بە رێکاریەکانی خۆ رادەستکردنەوەی ئەندامانی پەکەکە هەڵەی لە مەزەندەو پێشبینیو پلانەکانی کردووە، هەربۆیە دواتر ویستی خۆ رادەستکردنەوەکان بە ئاشکرابنو بیکات بە رووداوێکی گەورە بۆ ئەوەی خۆڕادەستکردنەوەی زیاتری بەدواوە دابێت، بەڵام لەبەرامبەردا هەریەك لە پەکەکەو پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی ویستیان رووداوەکە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بقۆزنەوە، ئەوەبوو دواتر لایەنگرانی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی لەشاری دیاربەکر گردبوونەوەیەکی گەورەیان رێکخست، بۆ پێشوازیکردن لە گەریلاکانی پەکەکە، کە لە رێگەی خاپوورەوە گەیشتبوونەوە شارەکە، بۆ ئەم مەبەستەش بەرگی مەدەنیان پۆشی بوو، بۆ ئەوەی نیازپاکی خۆیان بسەلمێنن، کە وازیان لە چەکداری هێناوەو

(211) Ekrem Eddy Güzeldere Turkey: Regional Elections and the Kurdish QUESTION، Vol. 3 (3) – Caucasian Review of International Affairs، Summer 2009.

(212) Mehmet Yegin،"End of the Kurdish initiative?" Sunday's zaman، August،28، 2011.

دووباره تێکەڵ بە ژیانی مەدەنیانەی کۆمەڵگە دەبن، پاشان لە لایەن بەرپرسانی یاسایی و دەزگاکانی ئاسایشی حکومەتەوە فەرمان دەرچوو، کە دەبێت پێشوازی لە گەڕاوەکانˇبکرێت و نابێت دەستگیر بکرێن، بەڵکو دەبێ خۆڕادەستکردنەوەکە بەمەبەستی چاولێکردنی زیاتری گەریلاکانی پەکەکە بێ، بۆ تەواوکردنی پرۆسەی خۆبەدەستەوەدان و بێ ئەوەی هیچ بێڕێزیەکیان بەرامبەر بکرێ بە پیادە بېردرێنە بەردەم (دادگا گوازراوەکان)، بەڵام ئەوەی بە ئەنجام گەیشت تەواوی پرۆسەکە لە رووی سیاسی و راگەیاندنەوە بۆ حکومەت کارەسات بوو، بەشێوەیەك رێپێوان و پێشوازی جەماوەر بە بەرزکردنەوەی وێنەی ئۆجەلان بەتوندی بژاردەی سکیۆلاریزمی کەمالی مەدەنی و سەربازی هەژاندوو تورەیکردن، چونکە بە بۆچوونی ئەم بژاردەیە هەموو ئەوەی لەلایەن لایەنگرانی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیەوە ئەنجام دەدرێ، تەشقەڵەکردن و سووکایەتی پێکردنە بە شکۆ و سەروەری نیشتمانی و هۆشداریشیدا لە مەترسیەکانی (بەرزکردنەوەی وێنەی ئۆجەلان، ئاڵای کورد، گوتنەوەی سروودی نیشتمانی و نەتەوەیی و هەڵدانی یاری ئاگرینی بوونە هۆکاری وروژاندنی کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی و رۆڵی تایبەتیان بینی لە پەخشکردن و گەورەکردنی لایەنە نەرێنییەکانی رووداوەکە). "بە پێچەوانەوە لەوکاتەی حکومەت خواستی بووو پێشبینی دەکرد، لەمیانی خۆبەدەستەوەدانیان گەریلاکانی پەکەکە پەشیمانی دەربڕن، کەچی لەبەرامبەردا پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی ویستی رووداوەکە وەکو سەرکەوتنی بەرخودانی کوردی و دانپێنان بە مافەکانی نەتەوەی کورد لەلایەن حکومەتی تورکیاوە وێنا بکات، بەم شێوەیە پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی مەبەستی بوو رووداوەکە وەکو میکانیزمێك بۆ بەدەستهێنانی دەنگی زیاتری کورد لە هەڵبژاردنەکان بەکاربێنێ، هەروەها دووپات لەسەر رۆڵی کارای خۆی بکاتەوە، لە کارئاسانی کردن بۆ خۆبەدەستەوەدانی گەریلاکانی پەکەکە لەسەر حیسابی حکومەت و دەرخستنی رۆڵی ئۆجەلان"[213]. هەروەها سەرکردەکانی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی بۆ چەندین جار دووپاتیان کردەوە، کە مەبەست لە رێپێوان و خۆپیشاندانە جەماوەریەکە گێچەڵ و سووکایەتی پێکردن نەبووە بە حکومەت و بەدەستهێنانی دەستکەوتی سیاسی، بەڵکو هەموو ئەوەی روویداوە کارێکی سروشتی و گوزارشت کردن بووە لە ئازادی رادەربڕین لە لایەن کوردەوە. لەدوایشدا هەریەك لە پارتی گەلی کۆماری و پارتی کاری نەتەوە جارێکی دیکە هاتنە گۆڕەپانی گەمەکەو رووداوەکەیان قۆستەوە، لەمبارەیەوە دەنیز بایکاڵ دەڵێ: "دەستپێشخەریەکە هەڵێکی گەورەی لەبەردەم پارتی کرێکارانی کوردستان رەخساندووە، بۆ ئەوەی ببێتە هێزێکی سیاسی دەسەڵاتدار لەناوچەکە". لەوکاتەی سەرۆکی پارتی کاری نەتەوە دەوڵەت باغچەلی دەڵێ: "لەکۆتاییدا دەستپێشخەریەکە خیانەتێکە وەکو پلانێك بۆ دابەشکردنی تورکیا". ئاماژە بەوەش دەدات هەندێك لە خانەوادەی سەربازە کوژراوەکانی شەڕی پەکەکە، بۆ دەربڕینی نارەزاییەکانیان بەرامبەر دەستپێشخەریەکە ئامادەن میدالیای پاڵەوانێتی کە لەلایەن حکومەتەوە پێیان بەخشراوە بیدەنەوە حکومەت"[214].

(213) Turkey's 'Kurdish initiative': What went wrong? (Or did it?) / Foreign..foreignpolicyblogs. com /.../turkey's-'kurdish-initiative'-what-went-w...22 Oct 2011

(214) Akin،pp.5-6.

بێگومـان ئەمانـە هۆکـار گـەلێك بـوون، بـۆ سـڕکردنی دەستپێشـخەری کـوردی، بـەڵام نـاکرێ گومـان لـە راسـتگۆیی‌و نیازپـاکی حکومـەت بکـرێ، لــە پێـداگری‌و بــەردەوامی سیاسـەتەکانی‌و بــە ئــەنجام گەیانــدنی دەستپێشخەریەکە سەرەڕای هەموو ئەم کۆسپ‌و تەگەرانەیشی دێنە پێش.

بـەردەوام حکومـەت جـەخت لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە، کـە یەکلاییکردنـەوەی پرسـی کـورد پرۆسـەیەکی زۆر ئـاڵۆزەو پێویستی بـەکات هەیـە، لـەکاتی راگەیانـدنی دەستپێشـخەریەکە وەزیـری نـاوخۆ (بەشیر ئـەتالا)ی ئامـاژەی بـەوەدا، هـەموو ئـەو رێوشـوێنانەی گیراونەتـە بـەر، جگـە لەسـەرەتایەك هیچـی دیکـە نـین، بـەڵکو پێویسـتیان بەرێوشـوێن‌و بەدواداچـوونی زیـاتر هەیـە، دواتـریش پشـت بـە دەسـتوورێکی نـوێ دەبەسـترێ، کـە بـە فـەرمی‌و بـە شێوەیەکی یاسایی دان بەکورد دادەنێ، وەکو نەتەوەیەك لە تورکیا. بەکورتی حکومەتی ئـاك پـارتی دەڵێ بەرنامـەی ئەو بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد بەردەوامی دەبێت‌و لـە چاکسازیەکانیشی پاشەکشـە ناکـات، بـەڵام بـە بۆچـوونی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان چاکسـازیەکان ناڕۆشـنن‌و وەکـو پێویسـت نـین، بـەڵکو تاکتیکێکـە بـۆ راکێشـان‌و بەدەستهێنانی دەنگی کورد لە هەڵبژاردنەکان(215).

هەروەها لەمیانی دانووستانە نهێنیەکانی نێوان حکومەت‌و پارتی کرێکـارانی کوردسـتان، کـە لـە ئۆسـلۆ بەڕێوەچـوو، بەرپرسانی حکومەتی تورکیا ئاماژەیان بەوەدا چارەسەرکردنی پرسـی کـورد، کـە هەردوولا لەسـەری رێککـەوتوون بـە حەوت هەشت مانگ یاخود بـە سـاڵێك جێبـەجێ نـاکرێ، بـەڵکو پێویسـتی بـە هـەنگاوی زیـاترو لـە یەکگەیشـتنێکی قـووڵتر هەیـە، کـە لـە میـانی پەیوەندیـە بەردەوامـەکانی نێـوان حکومـەت‌و ئۆجـەلان‌و تـەواوی ناوەنـدەکانی پـارتی کرێکارانی کوردستان دروسـت دەبـێ، بـەڵام هـەر لـە سـەرەتاوە پەکەکـە دەستپێشـخەریەکەی حکومـەتی بـە فـروفێڵ نــاوبردوو، بــە دوو دڵــی‌و نائارامییــەوە پێشــوازی لێکــرد، هەوڵیشــیدا بــە یەکبەســتنەوەیەك بکــات، لــەنێوان پارێزگــاریکردن لــە ئاگربەســتی هەمیشــەیی‌و بەدەســتهێنانی پێشــکەوتنی بەرجەســتەو هەســت پێکــراو، لــە جێبەجێکردنی خاڵەکانی دەستپێشخەریەکە(216).

هەموو جـارێکیش ئـاك پـارتی سـووربوونی خـۆی لەسـەر بـەردەوامی دەستپێشـخەریەکە دووپـات دەکاتـەوە، بـەڵام (تـیرۆری پەکەکـە) بووەتـە هـۆی بـەرگرتن‌و خاوبوونـەوەی رێـڕەوی ئاشـتیانەی چارەسـەری پرسـی کـورد. لـە نۆڤمبەری 2011 لەکاتی سەردانیکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان مسعود بارزانی بۆ ئەنکەرە سەرۆك ئـەردۆگان جارێکی دیکە ئەم هەڵوێستەی دووپات کردەوە، ئەوکات ئاژانسەکانی هەواڵ لەسەر زاری ئـەردۆگان بڵاویـان کـردەوە، کـە گوتبـووی: "بەهـەموو متمانەیەکـەوە دەڵـێم ئەگـەر بەڕاسـتی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان ئامـادەی دەست

---

(215) Turkey: Ending the PKK Insurgency، Europe Report N°213 – 20 September 2011 ،http://www.crisisgroup.org/~/media/Files/europe/turkey-cyprus/turkey/213%20Turkey%20-20%Ending%20the%20PKK%20Insurgency.pdf.

(216) Is the 'Oslo process' a closed page? [ YAVUZ - Today's Zaman… www.todayszaman.com/mobile_detailc.action?newsId=257167

بەرداربوون لە خەباتی چەکداری ببێ، ئەو کات دەتوانرێ لەناو پەرلەمانو بەشێوەیەکی ئەرێنی هەموو پرسەکانی تایبەت بە مافەکانی کورد گفتوگۆیان لەسەر بکرێ"[217].

## چۆنییەتی زیندووکردنەوەی دەستپێشخەری کوردی ؟

پێش هەڵگیرسانی ململانێکان حکومەتەکەی ئەردۆگان لەسەر هەمان ئەو ئاراستەیە بوو، کە تۆنی بلێر ماوەی سی ساڵ سەبارەت بە کێشەی سوپای کۆماری ئیرلەندا گرتبوویە بەر، پلانی حکومەت بۆ دۆزینەوەی چارەسەری پرسی کورد پشت بەستوو بوو بە پەسەندکردنو جێبەجێکردنی پلە بەندی داواکاریەکانی کورد لەچوارچێوەی پێویستی چاکسازی ناوخۆیی لە پرۆسەی بەئەندام بوونی تورکیا لە یەکێتی ئەورووپاو پابەندبوون بە پێوەرەکانی کۆنهاگن، لەهەمانکاتیشدا بەهێزکردنی مەرجەعیەتی ئیسلامی، کە کوردو کۆمەڵگەی تورکی بەیەکەوە کۆدەکاتەوە، هاوکات لەگەڵ دابڕاندنی پەکەکە لەسەر ئاستی ناوخۆییو نێودەوڵەتی. "لە پێناو بەردەوامیو مانەوەی تورکیا لەسەر رێگەی گەیشتن بە یەکێتی ئەورووپاو پابەند بوونی بە پێوەرەکانی کۆبنهاگن، نزیك بوونەوەی حکومەت لە پرسی کورد لەسەر دوو ئاست بوو، حکومەت تەواو لەو باوەڕەدایە پرۆسەی بە ئەندام بوون لە یەکێتی ئەورووپا هێواشو لە سەرخۆیە، چارەسەرکردنی پرسی کوردیش لە کۆمەڵگەی تورکی لەسەر هەردوو ئاستی سیاسیو رۆشنبیری بەشێوەی قۆناخ بەندی دەبێت، ئەمەش بەس نیە بۆ دابڕاندنو دوورخستنەوەی یەکجارەیەکی پارتی کرێکارانی کوردستان لە کۆمەڵگەی کوردی لەماوەیەکی کورتدا[218].

لە راستیدا بەهێزکردنی (مەرجەعیەتی ئیسلامی) بۆ ئەوەی ببێتە جێگرەوەی راستەقینەی بیری جوداخوازی، پێویستی بە ئەنجامدانی رێوشوێنی پێویستە لە لایەن حکومەتی ئاك پارتیەوە بۆ سوککردنی ستەمو زۆرداری، کە بەرامبەر بە کورد ئەنجامیان دەدا، بەتایبەتیش پرۆسەی بوژانەوەی ئابووری ناوچە کوردییەکان، بەهەمان شێوەی پرۆژەکەی (مارشاڵ) کە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانیەوە لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە پێشکەش بە ئەورووپا کرا، هەروەها قەرەبووکردنەوەی گوندە زیان بەرکەوتووەکان بە مەبەستی هاندانیان بۆ دووبارە گەڕانەوەی خەڵکە بۆ سەر شوێنی خۆییو دووبارە بونیادنانەوەی قوتابخانە کوردیەکان، کە لەساڵی 1920وە خاپوور کراون. هەربۆیە لە روانگەی ئایینی ئیسلامو هەموو ئایینو ئاینزا ئاسمانیو زەمینیەکانی دیکە رێگە دراوە منداڵانو رۆڵەکانی کورد لەناوچە کوردیەکان بەزمانی خۆیان لە قوتابخانەو زانکۆکان بخوێنن.

(217) The Kurdish issue: can the AK party escape securitization"، Insight Turkey / July، 2008،2008 SETA Foundation for Politica.

(218) Egemen Basar Bezc، "The Kurdish Question in Turkey: A Critical Juncture "، p3.

پێشتر ناوچەی کوردی لەسەردەمەکانی ئیسلامیدا ناوچەیەکی بە پیتو فەرپبوو بۆ گەشەکردنی زانستەکانی ئیسلامی، هەورەها بەهۆی تێگەیشتنو ئەو هۆشیاریە قووڵەی بۆ ئیسلام هەیبووە بە بەراورد لەگەڵ گەلانی دیکە کورد کەمتر کەوتۆتە ژێر کاریگەری بزاڤەکانی تەغریب، لەم نێوەندەشدا قوتابخانە سوننەتیەکان رۆڵی ئەرێنیان بینیوە لەنێوەندی هۆشیاری کوردیدا، هەر بۆیە حکومەتی ئاك پارتی لەتوانایدا هەیە بەشداریەکی کارا بکات لەدووبارە بوژانەوەو بونیادنانەوەی ئەم پاشخانە مێژووییە، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە رێگە بە پێش نوێژو وتارخوێنەکان بدرێ، بەزمانی کوردی بخوێننو وتارەکانیان پێشکەش بکەن.

لەپاڵ ئەمەشدا بۆ ئەوەی خەڵکی ناوچەکە سوودی زیاتری لێ ببینن، پێویستە بەزمانی کوردی گرنگی زیاتر بە ئەدەبیاتی ئیسلامی بدرێ، لە بەرژەوەندی حکومەتدایە ئەگەر بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لە هەوڵی ئەم کارەدابێ، کە خەونی لەمێژینەی شێخ سەعیدی نوورسیە بۆ دروستکردنی زانکۆی ئیسلامی لە باشووری رۆژهەڵاتی وڵاتدا. دواجار بارگاوی کردنی ناوچەکە بەشووناسی ئیسلامی یارمەتیدەرێکی باش دەبێ، بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەژموونو نفوزی مارکسی لەناوچەکەدا.

لە راستیدا تورکیا لە سەردەمی حکومەتی پارتی دادوگەشەپێدان بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد هەوڵێکی باشیدا، پێشتریش لە 1991 سزای قەدەغەکردنی بەکارهێنانی زمانی کوردی هەڵگیراو رێگەدرا بە بڵاوکردنەوەی کتێب، گۆڤارو رۆژنامە بەزمانی کوردی. هەروەها ئامانج لە چاکسازیەکان لەبارەی کورد لەماوەی نێوان ساڵانی 2001- 2004 پابەند بوون بوو بە پێوەرەکانی کۆبنهاگن لە سیاسەتی یەکێتی ئەوروپا، لەمیانی ئەم چاکسازیانەدا توانرا کەناڵێکی تەلەفزیۆنی، کە پەخشەکەی بەزمانی کوردییەو لە کانوونی دووەمی 2009وە بۆ ماوەی 24 کاتژمێری رۆژانە دەستی بە پەخشی خۆی کرد، لەگەڵ کردنەوەی چەند خوولێکی یاسایی لە قوتابخانە تایبەتەکاندا. هەر لەژێر رۆشنایی چاکسازیەکانی حکومەتی ئاك پارتی (کرانەوەی دیموکراسی) توانرا یەکەمین شانۆگەری لە شاری دیاربەکر لە شوباتی 2009 نمایش بکرێ، هەروەها هەندێك لە زانکۆکان پرۆگرامی تایبەت بە فێربوونی زمانو وێژەی کوردیان دانا، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین خوولی فێربوونی زمانی کوردی کرایەوە، بەڵام لە هەموو ئەمانە گرنگتر هاوکات لەگەڵ دەستپێشخەری یەکەمی حکومەتی دادو گەشەپێدان توانرا لە نیسانی 2010 یاسای هەڵبژاردنەکان هەموار بکرێتەوە، بەم پێیەش رێگە بە کاندیدەکانی کورد درا، لەمیانی هەڵمەتی پروپاگەندەی هەڵبژاردنەکان لەناوچە کوردیەکان زمانی کوردی بەکاربێنن[219].

(219) ŞAHİN ALPAy Kurdish problem or PKK problem? - Today's Zamanwww.todayszaman.com/columnist-211563-kurdish-problem-or-pkk..

## 1- ناسنامەی تورکیو کوردی: چاکسازی دەستووری

(ئارۆڵ ئۆندەر ئۆغلۆ) ئاماژە بە بۆچوونێکی گەورە شارەزای تورك (ئارتۆغەرل کۆرکچی) دەکات، کە سەبارەت بە چارەسەری دەستووری بۆ پرسی کورد پێشکەشی کردووەو تێیدا دەڵێ: "بە هیچ شێوەیەك نابێ دەستوور لەسەر بنەمای ئیتنی یاخود هەر جۆرە بیروباوەڕێکی ئاینی دابمەزرێ، بەڵکو دەبێ گەرەنتی پاراستنی هەموو مافەکان وەکو یەك، بەبێ ئاوڕدانەوە لە هەرجۆرە ئیتنو ئاینێك تێیدا جێگیر بکرێ"[220]. هەورەها سەبارەت بە پرسی کورد کۆرکچی پێشنیازی دووبارە هەموارکردنەوەو پێناسەکردنەوەی چەمکی هاوڵاتی بوون بەشێوەیەکی گشتگیرتر لە ناو دەستووردا، کە تێیدا رەچاوی هەموو جۆرە جیاوازیەکی ئیتنیو مەزهەبی بکات، هەروەها لە پێناو فەراهەمکردنی زیاتری دیموکراسی پێویستە بەدەر لەزمانی تورکی دان بە زمانەکانی دیکە دابنرێو رێگە بدرێ هەمووان لە بەڕێوەبەرایەتیو فەرمانگەکانی دەوڵەت لەناوچە کوردیەکان زمانی کوردی بەکاربهێنن[221].

دیارە حکومەتی ئاك پارتی لەمیانی دەستپێشخەری کوردی جۆرە تێگەیشتنێکی نا تەقلیدی سەبارەت بە چەمکی هاوڵاتی بوون خستەڕوو، کە دواتر بڕاردەی کەمالی نیگەران کرد، بە بۆچوونی نووسەرانی راسترەو تێگەیشتنی ئەردۆگان بۆ چەمکی هاوڵاتی بوون بەم شێوەیەی ئێستا هەمان تێگەیشتنی پەکەکەیە، چونکە چەمکی هاوڵاتی تورکی گوزارشت لە شووناسی ئیتنی دەکات، نەك وەکو چەمکێکی سیاسی، بەڵکو ئەم چەمکە وایکردووە هەموو پێکهاتەو گرووپە ئیتنیە جیاوازەکان لەژێر ناسنامەی (دەوڵەتی نەتەوەیی تورك) کۆبکاتەوە. ئێستا هەریەك لە ئاك پارتیو ئەردۆگانو کورد گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی، کە بە پێی دەستووری وڵات پێناسەو پیادەکردنی هاوڵاتی بوون لە تورکیا لە رۆژگاری ئەمرۆکەدا تەنیا لە نەتەوەی تورك کورت بۆتەوە، هەمان ئەم مافەش بەکورد دەدا، بەڵام ئەگەر کورد دەستبەرداری شووناسی کوردبوونی خۆی بێت، بۆیە لێرەدا ئەردۆگان دەیەوێ بازنەی تێگەیشتنی چەمکی هاوڵاتی بوون بەرفراوانتر بکات، بۆ ئەوەی هەر یەك لە کوردو نەتەوەکانی دیکەی تورکیا لە خۆبگرێ[222].

لە گوتارەکانیدا حکومەتی ئاك پارتی هەمیشە بەڵێنی زیاتری دیموکراسی لیبراڵی بەهەموو لایەك دەداتو بڕیار دەدات سەر لە نوێ پێناسەی هاوڵاتی بوون بکاتەوە، بەشێوەیەك تایبەتمەندی هەموو رەگەزو نەتەوەکان لەخۆ برگرێ، بۆ ئەم مەبەستەش پێشنیازی چەمکی (ناسنامەی پلە یەكو پلە دوو دەکات) بە گوێرەی ئەم

(220) "A Solution for the Kurdish Question must be a Solution for Turkey"، Istanbul - BİA News Center، 24،June،2010.

(221) LEVENT KÖKER "A Key to the “Democratic Opening”: Rethinking Citizenship، Ethnicity and Turkish Nation-State" Insight Turkey Vol. 12 / No. 2 / 2010، p.66.

(222) Hakkan and Ali Ozca، pp.10-11.

پێشنیازەش ناسنامەی پلە یەكو بنەڕەتی ناسنامەی نیشتمانی دەبێتو تێیدا هەموو لایەك بەجیاوازی نەتەوەو ڕەگەزەكان، كە لە پلەی دووهەمدایە لە خۆدەگرێ. لەلای خۆیەوە پسپۆڕی ئەكادیمی (باسكان ئۆران) لەبری چەمكی (توركی) پێشنیازی چەمكی (توركیالی) دەكات، كە پێناسەیەكی گشتگیرترو ڕەهەندی جوگرافی تەواوی نەتەوەكانی سەرخاكی توركیا لە خۆ دەگرێ، هەروەها ئامانجی باسكان لە پێشكەشكردنی ڕاپۆرتە پێشنیازكراوەكەیدا سەبارەت بە سەر لە نوێ پێناسەكردنەوەی چەمكی هاولاتی بوون، بۆ ئەوە بوو هیچ شووناسێكی نەتەوەیی دیكە لە توركیا هەڵنەوەشێتەوە لەمبارەیەوە دەڵێ: "چەمكی (توركیالی ڕێگری دەكات لە هەر پێكهاتەیەك كە خۆی بە ڕەگەزی بنەڕەتیو بالاتر لە ڕەگەزەكانی دیكە دابنێ، بۆیە ئاساییە كاتێك كەسێكی تورك دەڵێ (منی تورك) بەم شێوەیە ئاساییە كەسێكی كورد یاخود كەسێكی ئەرمەنی بڵێ (منی كورد، منی ئەرمەن لە توركیا"[223].

لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا پێویستە ئەم ڕێوشوێنانە لەگەڵ چەند گۆڕانكاریەك لە دەستووردا ئەنجام بدرێ، بۆ ئەوەی ڕێگە بە ناسنامەی كوردی بدرێو بە فەرمی دانی پێدا بنرێ، وەكو زانراویشە دەوڵەتی كۆماری توركیای كەمالی لەسەر بنەمای دەوڵەتی نەتەوەی مۆدێرنو تاكە ڕەگەز دامەزراوە، بەم شێوەو ئەنجامەش ناسنامەی (توركی) بووەتە تاكە چوارچێوە بۆ دیاریكردنی ناسنامەی كۆمەلایەتی. لەگەڵ بەردەوامی ڕۆژگاردا دەسەلاتی كەمالی خۆی بەسەر تەواوی دامەزراوە سەرەكیەكان یەكەمجار دەستوورو سیستمی یاسایی، پاشان سوپاو دواتریش بیرۆكراسی سەپاند، بۆ نموونە لەمادەی 88 ی دەستووری 1924 هاتووە (تاكی گەلی تورك بێ ڕەچاوكردنی ئاین، نەتەوەو ڕەگەز بە تورك ناودەبرێن). سەرەڕای ئەوەی بۆ یەكەمین جارە مادە دەستووریەكە ڕاڤەیەكی سەردەمیانەی بۆ دەكرێ، لە بارەی چەمكی هاولاتی بوونی (توركی)، كە لەسەر (كۆمەڵگەی مۆدێرنو مەدەنی)و بەدەرە لەهەموو بۆنو بەرامێكی ڕەگەزیو ئاینی بنیادنراوە، بەلام دیارە پراكتیزەكردنی مادەكە زۆر جیاوازترە لەوەی وەكو دەقو تیۆر هەیە، بۆ نموونە هەردوو دەستووری 1961 و 1982 دووپات لەسەر پرۆژەی كەمالی دەكەنەوە، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی مۆدێرن، كە لە سەر بنەمای نەتەوەو ڕەگەز بونیاد نراوە. تیۆری هاولاتی بوون لەسەر بنەمای ڕەگەزی زیاتر قووڵ بوونەوەی بەخۆوە بینی، بەتایبەت بە دەركردنی چەند یاسایەك كە بەهۆیەوە ڕێگە لە خەڵكی گشتی گیرا زمانی كوردی بەكاربێنن، ئەوەبوو ئەم یاسایە لەلایەن سیستمی سەربازییەوە كرایە، ئیلیزامیو لە 1980وە تاوەكو 1993 درێژەی بەردەوامی پێدرا[224].

بۆیە ئێستا كاتی ئەوە هاتووە، هەموو لایەك دان بەهەڵەكان بنێن، ئەستەمیشە بەبێ داڕشتنەوەی دەستوورێكی نوێی مەدەنیو دیموكراسی چارەسەری هەمیشەیی بۆ پرسی كورد دابنرێت، پێویستە دەستووری نوێ لەسەر بونیادی چەمكی هاولاتی بوون دابمەزرێ، كە تێیدا ڕێز لەهەموو ڕۆشنبیریەكانی توركیا بگرێ، بێ ئەوەی ئاوڕ لە تاكە ئایدۆلۆژیا، ڕەگەز، ئایین، ناسنامەی تائیفیو تاكە زمانێكی دیاریكراو بداتەوە، بەڵكو پێویستە دەستوور لە

(223) The issue of “Turkish” and “Türkiyeli” (Turkey National; from Turkey)، Today's Zaman.1-11-2011

(224) Egemen Basar Bezci `` The Kurdish Question in Turkey: A Critical Juncture `` Moshe Dayan centre، Tel Aviv Notes، August 17، 2009.

هەموو ئەو رەگەزانە بەدوور بێ، کە کۆسپو تەگەرە لە بەردەم پیادەکردنی مافەکانو ئازادییە بنەڕەتیەکان دادەنێ[225].

## 1- دەوردانو تەنینی پەکەکەو پارتی ئاشتیو دیموکراتی

رووداوەکان سەلماندیان پڕۆژەی دەستپێخەری کوردی بەبێ بوونو ئامادەگی پەکەکە وەکو کاراکتەرێکی سەرەکی سیاسیو تاکە هێزی گەورەی کوردی لە تورکیا بەرجەستە نابێ، پارتی ئاشتیو دیموکراتی کە دواتر شوێنی پارتی کۆمەلگەی دیموکراتی گرتەوەو پێشتریش لە دێسمبەری 2009 بە بڕیارێکی دادگای دەستووری لە کاری سیاسی قەدەغەکرا، توانی بەشداری هەلبژاردنەکانی 2011 بکاتو 40 کورسی پەرلەمان بەدەستبێنێ، پارتی ئاشتیو دیموکراتی بەردەوام جەخت لەسەر هەموارکردنەوەی یاسای هەلبژاردنەکان دەکاتەوە، وەکو گرنگترین هەنگاو سەبارەت بەچارەسەرکردنی پرسی کورد، ئەمەش یا بە هەلوەشاندنەوەی ئەو مادەیەی تایبەتە بە بەدەستهێنانی رێژەی 10٪ی دەنگەکان بۆ بەدەستهێنانی کورسیەکانی پەرلەمان لەلایەن پارتەکانەوە، یاخود دانانی یاسایەکی باشتر لەم یاسایە، بۆ ئەم مەبەستەش باشتر وایە پشت بەسیستمی هەلبژاردنی فەرەنسی ببەسترێ، لە پێناو دابینکردنی دادپەروەری لە هەلبژاردنەکاندا. بە بۆچوونی ئێمە حکومەتی ئاك پارتی، کە بەردەوام هەولی گۆڕانی ریشەیی دەدات لە دەستوور، بەشێوەیەك بازنەی دیموکراسی تێیدا بەرفراوانتر بێ، پێویستە بێ هیچ دوو دلیو گومانێك مادەی ئاماژە پێدراو هەلبوەشێنێتەوە، چونکە مادەکە لە گرنگترینی تۆخمەکانی سیستمی وەسایەی بیرۆکراسیە، کە سیستمی سەربازی لەدوای هاتنی بۆ دەسەلات لە 1980وە پشتی پێدەبەستێ، بۆیە پێویستە وەلامی ئەم خواستە بدرێتەوەو یاساکە هەموار بکرێتەوە، بۆ ئەوەی رادەربڕینی ئازادی راستەقینە شوێنی پەنا بردنە بەر رادەربڕینی توندو تیژو رەگەز پەرستانە بگرێتەوە، لەبەرامبەریشدا پێویستە پارتی ئاشتیو دیموکراتی زیاتر واقیعی بێ، لە پێناو بەدەستهێنانی دیموکراسیو مافە رەواکانی گەلی کورد. دیارە پێشتر سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری (کەمال کلیچدار ئۆغلۆ) بەلێنی هەلوەشاندنەوەی مادەکەیدا، بۆیە باشتر وایە حکومەتەکەی ئاك پارتی جلەوەکە لە دەست خۆی بهێلێتەوەو خۆی یاساکە هەمواربکاتەوە، هەروەها لەسەر سەرکردەکانی حکومەتو پارتی ئاشتیو دیموکراتی پێویستە بەردەوام بن، لە هاوکاری گفتوگۆکان بە ئامانجی زیاتر بەگەرخستنی دەستپێشخەری کوردی. لە 2009/12/28 (سێزجین ئەنوەر) نووسەرو پەیامنێری رۆژنامەی (زەمان) باسی لەوەکرد، کە جگە لە گفتوگۆ هیچ ئەلتەرناتیڤێکی دیکە بوونی نیە، بۆ ئەوەی سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسی کورد هەر یەك لە حکومەتو پارتی کۆمەلگەی دیموکراتی بەیەکەوە کۆبکاتەوە، سێزجین لەدرێژەی قسەکانیدا دەلێ: "دەبێ حکومەت باش بزانێ دانانی چەند یاسایەکی تایبەت بەداخستنی پارتی سیاسی لە تورکیا کارێکی قورسە، ئەگەر ئەمە

(225) Serkan Yolacan، Ed. A Roadmap for A solution to the Kurdish Question: Policy Proposal from the region for the Government، Trans. From Turkish by Noyan Ayan، TESEV Publication، 2008، p.8.

سەرکەوتن بێ، سەرکەوتنی راستەقینە لەکۆتاییدا دەبێو تێیدا هەمووان بە یەکەوە براوە دەبن. لەتورکیا شتێك نیە بەناوی دوژمنایەتی نێوان تورك‌و کورد، بەڵکو هەمیشە دەگوترێ ئەوان برای یەکترین، رەنگە کێشەو ناکۆکی لەنێوان برایەکان رووبدات، بەڵام پێی ناگوترێ دوژمنایەتی دەرەنجامیش دەکرێ لە میانی گفتوگۆکان هەردوولا زاڵبن، بەسەر کێشەکانی نێوانیان. ژمارەیەکی زۆری تورکەکان بۆچوونیان وایە، چارەسەرکردنی ئاشتیانەی پرسی کورد واتا پێدانی ئیمتیازات بەکورد، لەڕاستیدا پرسەکە پەیوەندی بە ئیمتیازاتەوە نیە، بەڵکو پەیوەستی بەمافی یەکسانە لە نێوان هەمووانداە، کاتێك یەکسان دەبین، ئەوکاتە دەتوانین ئازادبین"[226]. لەلای خۆیەوە (ئاڵتان تای) بۆچوونێکی لەم شێوەیە دەردەبرێو باس لەوە دەکات، ئەگەر راستە لە واقیعدا ئیسلام بوونی هەیە، ئەوا پێویستە بۆ هەمووان بە یەکسانی ببێتە مەرجەع، تورکەکان موسڵمانن پێویستە واز لە هەڵوێستی باڵای نەتەوەی خۆیان بێنن لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ کورد، بەڵکو پێویستە هەمووان بەیەکسانی مامەڵە لەگەڵ یەکتریدا بکەین[227].

دەکرێ پارتی کرێکارانی کوردستان چۆن بەشێکە لە کێشەکە بەشێکیش بێ لە چارەسەرکردنی پرسی کورد، بۆیە پێویستە هەموو کار ئاسانییەك بکرێ، بۆ چەکدانانی پەکەکەو تێکەڵاوبوونیان بە ژیانی سیاسیو یاساییدا. لە 31ی ئاياری 2010 ئۆجەلان لە راگەیاندراوێکدا بەڵێنیدا، ئەو بەهیچ شێوەیەك رێگر نابێ لە دانووستانەکانی نێوان حکومەتو پارتی ئاشتیو دیموکراتی سەبارەت بەچارەسەرکردنی پرسی کورد. هەروەها لەسەر حکومەت پێویستە سەر لەنوێ دارشتنەوە بۆ سیاسەتەکانی بکاتەوە، بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی پارتی کرێکارانی کوردستان، لە رابردوودا ئۆجەلان لە ئەنجامی بارودۆخی ناوخۆییو نێودەوڵەتییەوە پیادەی چارەسەری سەربازیانەی بۆ پرسی کورد دەکرد، بەڵام دواتر ئەو بارودۆخە تەواو گۆڕانی بەسەر داهات، هەروەها بارودۆخی گرتووخانەی بۆ باشترکرا، ئەمەش یاریدەدەرێکی باش بوو، بۆ ئەوەی ئامادەباشی زیاتری پێبدا بۆ پرۆسەی ئاشتی، خراپی بارودۆخی ئۆجەلان لە گرتووخانەو گێەچەڵ پێکردنەکانی چەکدارانی پەکەکە بە سوپای تورکیا بوونە دوو هۆکاری ئاڵۆزبوونی سەقامگیری، هەروەها هۆکارێکیش بوون، بۆ هەرەسهێنانی دەستپێشخەری کوردی. لەلای خۆشیانەوە ئۆپۆزسیۆن بەردەوام دەشپێشخەریەکەی بە (دەستپێشخەری دابەشکردنی تورکیا) ناو دەبرد، دواجار هەموو ئەمانەش جۆرە رەوش‌و کەشێکی نالەباری بارگاوی بە توندوتیژیو پڕ دوژمنکاری لە پرۆسەی ئاشتەوایی دروست کرد، لەم نێوەندەشدا پارتی ئاشتیو دیموکراتی بووە قۆچی قوربانیو تەنیا دوای چوار رۆژ لە هێرشێکی چەکداری، کە لەلایەن پەکەکەوە ئەنجام درا، دادگای دەستووری لە دێسمبەری 2009 پارتی ناوبراوی بە بیانووی ئەوەی (بووەتە بەرەیەکی تیرۆریستی) داخست. دواتر (سەنار ئاکین) کە بەرپرسێکی گەورەی حکومەتەکەی ئاك پارتیە رایگەیاند "لە لایەکەوە پارتی ئاشتیو دیموکراتی دەڵێ ئۆجەلان سەرکردەی راستەقینەیەتی... لەلایەکی

(226) YONCA POYRAZ DOĞAN "Sezgin says gov't and BDP should have dialogue to solve Kurdish problem "، 28 December 2009، www.todayszaman.com/tz-web/detaylar.do?load=detay&link

(227) Kürt Sorunu ، pp،559-60.

دیکەوە دەڵێ نموونەی (شین فین)ی ئێرلەندی نێوانگری دەکات لە نێوان حکومەتو لایەنی کوردی... پاشانیش وەکو باڵی مەدەنی پارتی کرێکارانی کوردستان رەفتار دەکاتو داوای دانووستانی راستەوخۆی نێوان حکومەت لەلایەكو پارتی کرێکارانی کوردستانو ئۆجەلان لەلایەکی دیکە دەکات، بۆیە ئێمە وەکو حکومەت پێویستمان بەو پارتە نیە"[228].

زۆر بەڕوونی دیارە دەبێ پارتی ئاشتیو دیموکراتی خۆی لە پارتی کرێکارانی کوردستان دووربخاتەوەو پێویستە پیادەی گوتارێك بکات، کە گونجاو بێ لەگەڵ بارودۆخی یاساییو سیاسی تورکیا، بگرە ئاگربەستی درێژخایەن دەبێتە هۆی دەست بەرداربوونی پەکەکە لە جڵەوی سیاسی کوردی لە سەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە کەماوەیەکی زۆرە بەتەنیا بە دەستییەوەیەتی. لەمبارەیەوە (عەلی ئەسلان کیلیچ) رێکخەری بەرقەرارکردنو بڵاوکردنەوەی دیموکراتی لە پەیمانگەی هێزری ستراتیژی (سەدا) دەڵێ: "... لە پێناو چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە پێویستە حکومەت پێڕۆی سیاسەتێکی نەرم بکات، تاوەکو فەزایەکی فراوانتر لەبەردەم کورد بکاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێ زیاتر تێکەڵاوی پرۆسەی سیاسی بێ، بۆ ئەم مەبەستەش لەسەر حکومەت پێویستە ئەلتەرناتیڤی جۆراوجۆر بدۆزێتەوە. هەروەها ئەکتیڤکردنی دەستپێشخەری کوردی یارمەتیدەر دەبێ بۆ دربازکردنی جڵەوی سیاسەتی کوردی کە بە دەستی پەکەکەوەیە". لەلای خۆشیانەوە رۆشنبیرانو سیاسەتوانانی کورد باوەڕیان وایە حکومەت کەمتەرخەمە لە ئاست چارەسەرکردنی پرسەکە، لەمبارەیەوە سیاسەتمەداری دیاری کورد (شەریف ئالچی) دەڵێ: "بەر لە دەستپێکردنی هەر دەستپێشخەریەك بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی پرسی کورد لەلان حکومەتەوە پێویستە چەکەکان بێدەنگ بکرێن". هەروەها ئاماژە بە پشتگیریەکەی پارتی ئاشتیو دیموکراتی دەکات، بۆ دانانی سنوورێك بۆ کۆتایی پێهێنانی توندوتیژیەکان لەدیاربەکر. لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ: "لە ژینگەو کەشێکی توندوتیژ ئامێزادا پارتی کرێکارانی کوردستان پارێزگاری لە نفوزو هێزی خۆی دەکات". ئالچی لەدرێژەی قسەکانیدا گوتی: "چەند پارتێکی دیکەی کوردی هەیە، بەڵام توانای بەرەنگاربوونەوەی پەکەکەیان نیە، زۆر ئەستەمیشە پارتێکی سیاسی وەکو ئەلتەرناتیڤی پەکەکە بێتە پێشەوە، مادام حکومەت هەنگاوی هەست پێکراو بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد نەهاوێژێ... بۆیە لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەی پارتی کرێکارانی کوردستان، پێویستە رێگە لە بەردەم ئەو پارتە واڵابکرێ بۆ ئەوەی چەك دابنێتو تێکەڵ بەژیانی سیاسیو یاسایی ببن[229].

بە بۆچوونی شارەزایانو چاودێرانی بارودۆخی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا دەکرێ هەوڵەکان بەگەڕبخرێن، بۆ دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤی پەکەکە، بۆ نموونە رەخنەی توند لە ئۆجەلان گیرا، دوای ئەوەی لەساڵی 1999 دەستگیرکرا کاتێك داوای لە پەکەکە کرد، واز لەخەباتی چەکداری بێنێ، دواتریش رایگەیاند کۆماری دیموکراتی

(228) "Turkey's 'Kurdish initiative': What went wrong? (Or did it?) | Foreign…foreignpolicyblogs.com/…/turkey's-'kurdish-initiative'-what-went-w 22…Oct 2011–

(229) New counterterrorism strategy will likely force BDP... - Today's Zaman 28 ، August 2011 ، www.todayszaman.com/news-255165-new-counterterrorism-strategy.

توركيا باشترین چارەسەری بۆ پرسی کورد پێشکەش دەکات. ئەم گوتارە رێك پێچەوانەی گوتارو لێدوانەکانی پێشووتری بوو، کاتێك بانگەشەی جیابوونەوەی دەکرد، بەڵام ئێستا دەڵێ جیابوونەوە ناکرێو پێویستیش نیە، هەر بۆیە دوای دەستگیرکردنی داوای ئاشتیو دیالۆگو کاری سیاسی ئازادانە دەکات، لە چوارچێوەی دەوڵەتی دیموکراتی توركیا، ئەم بەگشتی ئەم هەڵوێستە نوێیەی ئۆجەلان کەشێکی ئالۆز دروست دەکات، تاوا وای لێدێ لە 2003 هەڵۆکان بە (بەکرێ گیراوی دەوڵەتی تورکیا) تۆمەتباری بکەنو دواتریش جیابوونەوە لەناوخۆی حزب روو دەدات، هەروەها هەندێك سەرکردەی دیکە لە لێژنەی ناوەندی پارتی کرێکارانی کوردستان لەناویشیاندا عوسمان ئۆجەلان، نیزامەدین تاسو شەهناز ئالتون عەبدوڵڵا ئۆجەلانی رێبەری زیندانیکراوی پەکەکە تۆمەتبار دەکەنو بە (ستەمکاری هاوشێوەی ستالینو هیتلەر) ناوی دەبەن. دوابەدوای ئەم رەخنە توندانە گەورە کەسایەتیەکانی کورد لە تورکیا دەستیان بەدامەزراندنو پێکهێنانی رێکخراو گەلێکی نوێ کرد، کە پێویست نەبوو پشتگیری لە ئامانجەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان بکەن، دواتریش دروست بوونو هاتنی ئەم رێکخراوانە بۆ ناو گۆڕەپانی کاری سیاسیو بەرنامە تازەکانیان بوونە هۆکاری کەمبوونەوەی ئاستی جەماوەری پەکەکە[230].

لەتوانای حکومەتدا هەبوو پشتگیری لەو جۆرە دەنگە میانڕەوانەی ناو پەکەکە بکات، چونکە بەبێ پشتگیرییەکی بەهێزی حکومەت ئۆجەلان رێگەی بەدەرکەوتنی هیچ رکابەرێك نەدەدا، بگرە بەردەوام کاری کردووە بۆ لەناوبردنی رکابەرەکانی... بۆ نموونە ئۆجەلان (حیکمەت فیدان)و (کانی یەڵماز)، کە دوو سەرکردەی دیاری ناو پەکەکە بوون هەردووکیانی کوشتووە، لەبەرئەوەی پشتگیریان لەخەباتی ئاشتی کردووە، بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کوردو دواتریش بۆ ئەم مەبەستە لەهەوڵی پێکهێنانی پارتێکی سیاسیدا بوونە.

بە باوەڕی گەورە توێژەری لیبڕاڵی ناسراوی تورك (محەمەد ئالتان) ناکرێ چارەسەری پرسی کورد بکرێ لە رێگەی نکوڵی کردنی بوونی کورد لە تورکیا، یاخود لە رێگەی سەربازیو لەناوبردنی پەکەکە بەهاوکاریو پشتگیری هێزەکانی هەرێمایەتیو نێودەوڵەتی. نموونەی بەرەی (واشنتۆن، ئەنکەرەو بەغدا) بۆ دەرکردنی ئەم پارتە لە خاکی عێراق. بە بۆچوونی ئالتان بوونی پارتی کرێکارانی کوردستان وەکو دەرەنجامی پرسی کوردە لە تورکیا، نەك وەکو هۆکارێك بۆ خودی ئەم پرسە، هەر بۆیە حکومەت دەتوانێ چارەسەی کێشەی پەکەکە بکات، لەمیانی چارەسەرکردنی پرسی کورد جیاوازو بەدەر لە چارەسەرکردنی پرسی کورد لەمیانی پارتی کرێکارانی کوردستان، ئالتان دەڵێ: "ئەگەر حکومەتەکانی پێشوو بەم عەقڵییەتە رەفتاریان بکردبووایە، ئێستا بارودۆخ بەجۆرێکی دیکە دەبوو، لەڕاستیدا پەکەکە دەرەنجامی مامەڵەی (لۆژیکی دەوڵەتی کەمالیە)". بەم پێیە لە دیدی ئالتان چارەسەرکردنی پرسی کورد بریتیە لە: بوونی (کۆمارێکی دیموکرات لە تورکیا) کە دەبێت بەگوێرەی پێوەرەکانی

(230) KURDISTAN TURKEY: PKK dissidents accuse Abdullah Ocalan" ، The Middle East Magazine، July 2005.

نێودەوڵەتی وەکو هاووڵاتی مامەڵە لەگەڵ کورد بکات، لە بەرامبەریشدا کورد هەست بەوە بکات تورکیا چۆن تورکیای ئەوانەیە، کە بە تورکی قسەدەکەن ئاوهاش هی کوردە[231].

## 2- میکانیزمەکانی یەکلاییکردنەوەی ئاشتیانەی ململانێکان

توندی ئاڵۆزیو دوژمنکاریەکانو نەبوونی متمانە لەنێوان لایەنە ململانێکارەکانی ئیتنیو ئاینی پێویستی بە لایەنی سێیەم هەیە، بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەم ململانێیانە، هاتنە ناوەوەی لایەنی سێیەم بۆ یەکلاییکردنەوەی ململانێکانی نێوانو حکومەتی تورکیاو کورد تاکە نموونەو رووداوی نوێ نیە، بەڵکو پێشتریش بۆ یەکلاییکردنەوەی ململانێیو ناکۆکیە ئیتنیو ئاینیەکان لایەنی سێیەم وەکو نێوانگر بەشداری کردووە، دەکرێ رۆڵی نێوانگرەکان رێگە خۆشکردن بێ، بۆ ئەنجامدانی دانووستانی لایەنە ناکۆکەکانو لە یەکنزیکردنەوەی بیروبۆچوونەکانو دڵنیاکردنەوەیان لە جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی لەمیانی دانووستانەکان بەیەکتری دەدەن، بۆ نموونە سەرۆکی پێشووتری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بێڵ کلینتۆنو خودی ئەم وڵاتە رۆڵێکی گرنگیان بینی لە یەکلاییکردنەوەی تەنگژەی کۆماری ئێرلەندای باکوور، بەهەمان شێوە لەم دواییانەدا قەتەر هەمان رۆڵی ئەرێنی بینی، لە تەنگژەی دارفۆر، هەروەها هەردوو سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا کارتەرو کلینتۆن بەو پێیەی لەلایەك دۆستی تورکیانو لەلایەکی دیکە هاوسۆزی کوردن لە توانایاندا هەیە ئەم رۆڵە ببینن.

تورکیا دەتوانێ پەیوەندیە ئەرێنییەکانی کە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیەتی، بەکاربێنێو سوود لە هەوڵەکانی هەریەك لەسەرۆکی هەرێم مسعود بارزانیو سەرۆك کۆماری عێراق جەلال تاڵەبانی ببینێ، بۆ دەستپێکردنی دانووستانە نهێنیەکانی نێوان ئەنکەرەو پەکەکە. مسعود بارزانی بەو پێیەی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستانە کاندیدێکی بەهێزە، بۆ ئەوەی بە ئەرکی نێوانگرییەکە هەڵبستێ، بەجۆرێك بارزانی لەلایەن پارتی دادوگەشەپێدانی حزبی فەرمانرەواو خودی سەرکردەکانی ئەو پارتەو خودی وەزیری دەرەوە ئەحمەد ئۆغلۆ پەیوەندیەکی پتەوی هەیە، لەسەرێکی دیکەوەش بارزانی سەرکردەی کوردەو خاوەنی قورساییو سەنگیی خۆیەتی لەناو کوردانی تورکیا، بەتایبەتیش پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ هەندێك لە سەرکردەکانی پارتی ئاشتیو دیموکراتی هەیە، زۆربەی جارەکانیش سەردانی بارزانی دەکەن، بە مەبەستی بەدەستهێنانی راوێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

لەکاتی خۆیاندا وردەکاری گفتوگۆو دانووستانەکان تاوتوێ دەکرێن، بەڵام پێویستە بەنهێنی بەرێوەبچنو هەردوو لایەنی حکومەتو پەکەکەش ئاگر بەست رابگرن، بۆیە کاتێك پەکەکە دەستبەجێ ئاگر بەست رادەگەیەنێ، دانووستانەکان باش بەرێوەدەچن، هەروەها لە کاتێکیش دانووستانەکان ئەنجامی ئەرێنیان دەبێ، ئەوکات حکومەت

(231) İnan Rüma & Dilaver Arıkan Açar ، "External Pressure and Turkish Discourse on 'Kurdish/Democratic Initiative ". p.4.dergiler.ankara.edu.tr/dergiler/44/1566/17005.pdf.

دەتوانێ وردەکارییەکان ئاشکرا بکات، بۆیە پێویستە حکومەتی تورکیا متمانەی راستەقینەی هەبێو چاکسازی پێویست ئەنجام بدات، بۆ سەرخستنی نێوانگریەکان. دیارە لە کەس شاراوە نیە، کە هەریەك لە مسعود بارزانیو جەلال تاڵەبانی خۆشەویستیو رێزێکی ئەوتۆیان بۆ ئۆجەلان نیە، چونکە لە مامەڵەکردنی لەگەڵ هەردووکیاندا لووت بەرزو لەخۆبایی بوو، بەتوندی هێرشی دەکردە سەریانو هەموو دەمیش تۆمەتباری دەکردن بە (کورتە باڵاو فریوخواردوو کە بە فەرمانی هەریەك لە تورکیاو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کاردەکەنو دەجووڵێنەوە). هەر بۆیە پێویستە ئەم رۆڵە گرنگە بە سەرکردەکانی کورد بدرێ، سەرپشکیش بکرێن لەو دەسەڵاتانەی کە پێویستە هەیانبێ. (هینری بارك)ی لە دەزگای (کارینج)ی بۆ ئاشتی نێودەوڵەتی لە واشنتۆن لە 5ی حوزەیرانی 2010 لە دیمانەیەکی رۆژنامەی (حوریەت)دا دەڵێ: "کوردەکانی عێراق رۆڵی هێورکردنەوەی کوردانی تورکیایان هەیە، زیاتریش لەمە کوردانی عێراق خاوەنی ئەزموونو لێهاتوویینو بە چەندین رێگەو شێوەی جیاجیا دەتوانن ببنە باشترین ئومێد بۆ بەیەکەوە ژیانی سەرجەم کوردان".

لە کۆی هەموو ئەو دیدو تێروانینانە دەکرێ بگوترێ بڕیار بەدەستانی تورکیا تەواو گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی چارەسەرکردنی پرسی کورد لە بەرژەوەندی وڵاتو نیشتمان دایە، ئەم کارەش بەهاوکاری لایەنە کاراو کاریگەرەکانی هەرێمایەتی بەئەنجام دەگات، پشتگیری هەریەك لەو لایەنانەش هەڵوێستی حکومەتی تورکیا بەهێزتر دەکات، بۆ چارەسەرکردنی پرسەکە دواتریش سیاسەتی نزیك بوونەوە لە لایەنەکانی هەرێمایەتی بەگشتیو هەرێمی کوردستان بەتایبەتی ئەمڕۆکە تورکیا پیڕۆی دەکات، دەرەنجامی چاوپێخشاندنەوەی تورکیایە لە سیاسەتەکانی خۆی لە چۆنیەتی نزیك بوونەوەی چارەسەرکردنی کێشەی کوردو جیاکردنەوەی کێشەی تیرۆر لە کێشەکانی دیکەی هەژاریو ئیتنی[232].

پەیوەندییە پەرەسەندووەکانی ئابووری نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان هاندەرێکی بەهێزن بۆ دووبارە زیندووکردنەوەی دەستپێشخەریەکەی پارتی دادو گەشەپێدان بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە تورکیا. (گومان لەوەدانیە حوکمی خۆجێیی لە هەرێمی باکووری عێراق) توانایەکی گەورەی بەخشیوەتە لایەنە کاراکانی ئابووری هەرێمایەتی بەتایبەتیش تورکیا، لەماوەی هەشت ساڵی رابردوودا قەبارەی بازرگانی نێوان عێراقو تورکیا بەشێوەیەکی گەورە هەڵکشانی پێوەدیارە، بەشێوەیەك لە 2003 قەبارەکە پێنج ملیار، لە 2009 دە ملیارو لە 2010 بۆ بیست ملیار دۆلار بەرزدەبێتەوە، بۆیە ئێستا لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان زۆرترین کەلو پەلی تورکی دەفرۆشێت، جگە لەمەش بەگوێرەی راپۆرتێکی ئەنجومەنی ئەتلەنتی، کە لە حوزەیرانی 2009 دەرچووە ئاماژە بەوە دەکات، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەیە 100 ملیار دۆلار لە پڕۆژەکانی بونیادنانو ئاوەدانی خەرج بکات، بەم پێیەش تورکیا سوودێکی زۆر وەردەگرێت. لەکاتی ئێستادا 1200 کۆمپانیای تورکی کە 300 لەو

(232) Kivanç Özcan the Kurdish Opening: Motivational Factors for the Justice and Development {arty www.cmes.lu.se/wp-content/uploads/.../kivanc.pdf، p.13.

کۆمپانیایانـە کۆمپانیـای کۆنتـەراتین لـە هـەرێمی کوردسـتان کاردەکـەن، هـەروەها تورکیـا بـە بەکاربـەری یەکـەمی بەرهەمـەکانی وزەو سەرچـاوەکانی سروشـتیو گـازی دەرهێنـراوی کوردسـتانی عێـراق دادەنـرێ، لەسـەرێکی دیکـەوە نەوتی هەرێمی کوردستان بەشداریەکی باش دەکات، بـۆ پڕکردنـەوەی هێڵی نـەوتی نـابۆکۆ دیسـان لەمەشـدا تورکیـا سوودمەند دەبێ.

تورکیـا بەرژەوەندیـەکی گـەوەرەی ئـابووری لـە کێڵگـەی نـەوتی تـابوك هەیـە، بـۆ سەرخسـتنی ئـەم پـرۆژە ئابووریە زەبەلاحە پێویستی زیاتری بە پاراستنو سەقامگیری ئاشتیو ئاسایشی ناوچەی کوردی هەیە[233].

بەم شێوەیە راگرتنـی ئاگربەسـتی نێـوان حکومـەتی تورکیـاو پـارتی کرێکـارانی کوردسـتانی لـەمیانی نێـوانگری سەرکردەکانی کوردی عێراق، هەلێکی رەخساوە بۆ سەرخستنی دەستپێخەریەکە، بەڵام دەبـێ رەچـاوی ئـەم خاڵانـەی خوارەوە بکرێ:

1- پێویستە حکومەتی ئاك پارتی ئامادەیی تەواوی هەبێ، بـۆ گفتوگـۆکردنی هەنـدێك پـرس، کـە لـە لایـەن پـارتی ئاشتیو دیموکراتی دەخرێتە بەردەمی، لە ناویشیاندا ئازادکردنی هەندێك گیراوی سەر بە پارتەکـەو دەرکردنـی بڕیاری لێبوردنی گشتی، بۆ گەریلاکانی پەکەکـەو لایـەنگرەکانی، وەڵامدانـەوەی ئـەم خواسـتەی پـارتی ئاشـتیو دیموکراتی نیاز پاکی حکومەت دەگەیەنێ بەر لە دەستپێکردنی دانووستانەکان.

2- خۆ بە دوور گرتنی ئەندامانی پارتی ئاشتیو دیموکراتی لەهـەر لێـدوانێك، کـە لەلایـەن ئۆپۆزسـیۆنی تورکیـاوە خوێندنەوەو راڤەی تایبەتی بۆ دەکرێ، بەتایبەتریش لەبارەی ئەوەی پـارتی نـاوبراو لەلایـەن پەکەکـەوە بڕیـار وەردەگرێ.

3- نابێ پارتی ئاشتیو دیموکراتی هیچ جۆرە رەفتارو هەڵسو کەوتێك بکـات، دواتـر وانیشـانی بـدات حکومـەت لـە بەرامبەر پەکەکە لاوازبووەو خۆی رادەستی کـردووە. هـەروەها پێویسـتە خـۆی بـەدوور بگـرێ لـە رووداوەکـانی هاوشێوەی ئەوەی چەند ساڵێك لەمەوبەر لە دەروازەی خاپوور لەکاتی خۆڕادەستکردنەوەی ژمارەیەك گـەریلای پەکەکـە روویـداو دواتـر رووداوەکـە حکومـەتی نیگـەران کـرد، بـەم هۆیـەوەش ناچـاربوو بـۆ ماوەیـەك دەستپێشخەریەکە سڕبکات.

4- جگە لە پارتی کرێکارانی کوردستان تاڕادەیەکی زۆر پارتی ئاشتیو دیمـوکراتی لـەژێر هـەژموونی ئۆجەلاندایـە، بۆیـە دەکـرێ ژێـراو ژێـر لـەمیانی بەرێوەچـوونی دانووسـتانەکان رۆڵێکـی بـاش بـە ئۆجـەلان بـدرێو حکومـەت بارودۆخی ناو گرتووخانەی بۆ باشتر بکات.

دانووسـتانە راسـتەوخۆکانی نێـوان حکومـەتو پـارتی ئاشـتیو دیمـوکراتی کـە لـەمیانی نێـوانگری حکومـەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەچێ، چەندین سوودی هەیە دواجار یارمەتیدەرێکی باش دەبن بۆ دانـانی سـنوورێك لـە بەردەم ئەنجامدانی کردەوە توندوتیژەکان، بەر لەوەی ئەم کردەوانە شەرێکی گەورەو گشتگیری لێبکەوێتەوە، کە لـە

(233) Ibid،pp.13-14.

کۆتاییشدا حکومەتەکەی ئاك پارتی باجەکەی دەدات‌و زۆرترین زیانی سیاسی بەر تورکیا بەگشتی‌و ناوچە کوردیەکان بەتایبەتی دەکەوێت.

هاوکات لەگەڵ ئەم بۆچوونەی ئێمە، لە ساڵی 2008 ناوەندی توێژینەوەی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی توێژینەوەیەکی تێروتەسەلی لەناوچە کوردیەکانی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا ئەنجامداو لە کۆتاییشدا هەمان ئەنجامیشی خستەڕوو، توێژینەوەکە روونیکردۆتەوە ئەم هەنگاوانەی لەماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا حکومەت گرتوویەتیە بەر وەڵامی بەشێك لەخواست‌و داواکاریەکانی کوردی داوەتەوە، بەڵام مانای ئەوە نیە تەواوی چارەسەری پرسی کورد دەکەن، هەر بۆیە پێویستە حکومەت رێگاو میکانیزمی جۆراوجۆر بگرێتە بەر، بەتایبەت پێداگری کردن لە قووڵکردنەوەی دیموکراسی، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە بەر لە پێشخستنی هەر جۆرە چارەسەرێك بۆ پرسی کورد، حکومەت هەماهەنگی تەواوی لەگەڵ نوێنەرانی سیاسی تورك‌و کورد هەبێ. لەدرێژەی توێژینەوەکەدا هاتووە "... هەر چارەسەرێك بەبێ گەڕانەوەو ئاوڕدانەوە لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری‌و کۆمەڵایەتی ناکرێ‌و هیچ مانایەکیشی نابێ، چونکە چین‌و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردی هەریەکەیان جۆرە خواست‌و داواکاریەکی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا زۆرینەی کورد بەتایبەتیش ئەوانەی لەناوچە کوردیەکان دەژین، داواکاریەکانیان هاوشێوەیەو لەیەکنزیکە، بۆ نموونە هەموویان کۆکن لەسەر مافی بەکارهێنانی زمانی دایك‌و پێدانی مافی سیاسی‌و رۆشنبیری". هەروەها توێژینەوەکە چەند راسپاردەیەکی دیکەی پێشکەش کردووە لە ناویشیاندا: راگەیاندنی لێبووردنی گشتی، کۆتایی هێنان بە گۆشەگیری ئۆجەلان لە گرتووخانەی ئیمراڵی، داماڵینی چەك لەگەریلاکانی پەکەکە بەشێوەیەکی ئاشتیانەو ئەنجامدانی دانووستانی راستەوخۆ لەگەڵ نوێنەرانی کورد بەتایبەت پارتی ئاشتی‌و دیموکراتی.

ئەزموونی چارەسەرکردنی سەدەیەك شەڕ بۆ لە ناوبردنی پارتی کرێکارانی کوردستان دەریخستووە، کە پرسی کورد لە رێگەی سەربازییەوە چارەسەر ناکرێ، هەموو هەنگاوێکیش، کە بەرەو ئاراستەی ئاشتی دەنرێ بەبێ وەلانانی ململانێی چەکداری بەرهەمی نابێ، بۆیە باشتر وایە کۆتایی بە پرۆسە سەربازیەکان بهێنرێت، هەوڵی نێوانگری نوێنەرانی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیش بدرێ، بۆ رازی کردنی چەك دانانی پەکەکەو دەرکردنی لێبووردنی شکۆمەندانە بە مەبەستی هاندانی گەریلاکانی پەکەکەو دانانی چەکەکانیان، هەروەها پێویستە نەخشەیەکی نوێ دابنرێ بۆ ئەوەی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان شوێنی گونجاو لەناو کۆمەڵگەدا وەربگرن، بەشێوەیەکیش دەبێ لێبوردنەکەی حکومەت روون‌و ئاشکرابێ، بەجۆرێك نابێ ملکەچی بۆ گەریلاکانی پەکەکە تێیدابێ.

دیسان ئێمە هاوڕاین لەگەڵ نووسەری شارەزای تورك (جەنگیز چاندار) کە چارەسەرکردنی پرسی کورد پێویستی بە هەندێك بوێری‌و بیرکردنەوەی نوێ‌و خەیاڵێك کە هەمووان بگرێتەوە لە پرۆسەی ئاشتیدا هەیە، هەمان بۆچوونیشمان هەیە کە کۆکردنەوەی تواناو پشتگیری زۆرینەی تورك پێویستیەکی دیکەیە، بۆ سەرخستنی

دەستپێشخەری کوردی، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا رازیکردنی زۆرینەی تورك بەتەنیا بەس نیە، بۆ چارەسەرکردنی پرسەکە ئەگەر لەبەرامبەریشدا زۆرینەی کوردیش رازی نەکرێ بەوەی چارەسەری ئاشتیانە لەبەرژەوەندی ئەواندایە[234].

لەبەر ئەم هۆیانە لە سەر حکومەتی ئاك پارتی پێویستە تەواوی تواناکانی خۆی بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە هەستیارە بەگەڕ بخات، ئەگەر ویستیشی باشتروایە لێژنەی ئاشتەوایی نیشتمانی دەست بکات بە ئامادەکردنی توێژینەوەیەکی گشتگیر، دواتریش وەکو راسپاردە ئاڕاستەی حکومەت، پەرلەمانو ئۆپۆزسیۆنی بکات، پێویستیشە لێژنەی ئاشتەوایی نیشتمانی لە کەسانی دیارو دەست پاك، چاڵاکوانانی مافەکانی مرۆڤ، سەرانی سیاسی داناو میانڕەوو پەرلەمانتارانی تەواوی لایەنە جیاوازەکان پێکبهێرێت، هەروەها پێویستە لێژنەکە تەواوی سەرچاوە پێویستەکانو پیشتگیری هەموو لایەنەکانی لەبەر دەستدابێ، بۆ ئەوەی بتوانێ راسپاردەکانی سەبارەت بەچارەسەرکردنی ئاشتیانەی پرسی کورد پێشکەش بکات، دواجاریش بۆ سەرخستنی راسپاردە پێشنیازکراوەکەی لێژنەی ئاشتەوایی نیشتمانی پێویستە کۆدەنگی نیشتمانی بەدەستبێنێ.

چارەسەرکردنی واقیعیانەی پرسی کورد پێویستی بەچەندین لایەنو قۆناغی ماوە کورتو درێژ هەیە، هاوڕێ لەگەڵ رەچاوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

**یەکەم:** لەسەر حکومەتو پارتی فەرمانڕەوا پێویستە روونی بکەنەوە بۆ گەلی تورکیا ، کە چی دیکە ناتوانێ پرسی کورد تەنیا وەکو پرسێکی ئەمنی تەماشا بکات.

**دووەم:** گوتنەوەی دروشمی کلاسیکیانەی کەمالی کە داوای بونیادی دەوڵەت لەسەر بنەمای ناوەندێکی بەهێزو تاکە نەتەوە، تاکە زمانو تاکە ئاڵا دەکات، دروشمێکی سواوەو بۆ وڵاتێکی وەکو تورکیا گونجاو نیە، چونکە وڵاتێکی خاوەن فرە نەتەوەو رەگەزە، بۆیە پێویستە رێز لە لامەرکەزیەتی ئیداری، رۆشنبیری، سیاسیو ئابووری بگیرێ.

**سێیەم:** پێویستە هەموو بەشێکی پرسی کورد بەقەد خۆی هەڵسەنگاندنو شیکردنەوەی بۆ بکرێ، هەروەها دەبێ حکومەت رێگە بە ئاڵۆزییەکانی ئێستا نەداتو بەر لە ئۆپۆزسیۆن بگرێ، لە قۆستنەوەی دەستپێشخەری کوردی بە مەبەستی جووڵاندنی شەقامی تورکیو گوتاری زبرینی تورکە نەژاد پەرستەکان، دواتریش حکومەت نابێ پاشەکشە لەو ئیرادەیە بکات، کە بۆ دۆخی کورد هەیەتی لە ئەکتیف کردنی، بەڵکو دەبێ هەنگاوی دیکە بە ئاڕاستەی ئەکتیف کردنو بەهێزکردنی دەستپێشخەریە بنێ، حکومەت بەبێ ئەوەی پێویستی دەستپێشخەری کوردی بۆ کۆمەڵگە روون بکاتەوە، ناتوانێ لە دەستپێشخەریە دیموکراسیانەکەی سەرکەوتووبێ، زۆربەی جارەکانیش ئەو هەنگاوانەی سەبارەت بەکوردو بەلای زۆرینەی کوردەوە هەڵیدەگرن کەمترن لە پێویست، بۆیە ئاسان نییە ئەم بۆشاییە گەورەی

(234) İnan Rüma Dilaver Arıkan Açar، p.14.

**لەکۆمەڵگا دروست بووە پشتگوێ بخرێ، لەدواجاریش حکومەت پێویستی بە دیپلۆماسیەتێکی گشتگیری کارا هەیە، بۆ یارمەتیدانی هەردوو لایەنی تورکیو کوردی بە مەبەستی لەیەکگەیشتنی زیاتری هەردوولا لەیەکتری[235].**

**چوارەم: چارەسەری درێژخایەن (بەراوردی نێوان سوپای کۆماری ئێرلەنداو پڵنگەکانی تامیل): هەموو حکومەتەکانی پێشووی تورکیا بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد پێڕۆی سیاسەتێکی کلاسیکیانەی پشت ئەستوور بەچەوسانەوە، زۆرە ملێو پەراوێز خستنی پێکهاتەی کوردیان کردووە، هەموو جارێکیش ئەم قسەیە دووبارە کردۆتەوە، کە پرسی کورد لەو وڵاتە پیلانێکی دەرەکیە بۆ تێکدانی ئاسایشی نیشتمانی تورکیاو لە بنەڕەتیشدا پرسێك نیە بەناوی پرسی کورد، بەڵکو ئەوەی هەیە بریتیە لە: تیرۆری پارتی کرێکارانی کوردستان. ئەمە راستیەکەو تا ئێستاش لەلایەن نەتەوە پەرستە توندڕۆکانی تورك نموونەی پارتی گەلی کۆماری، پارتی کاری نەتەوە، زۆرینەی دەسەڵاتی سوپا، دادگاکانو بواری فێربوون دووبارە دەکرێتەوە.**

**بە بۆچوونی ئەم پارتو نێوەندانە بۆ یەکلاییکردنەوەی پرسی کورد دەکرێ حکومەتی تورکیا چاو لە رەفتاری زیرینی حکومەتی سریلانکا بکات، بۆ لەناوبردنی کەمینەی تامیل لەوڵاتەکەی، حکومەت لە سریلانکا زۆرینەی (سەنهالیە) بۆیە باوەڕی وایە لەناوبردنی پڵنگەکانی تامیل کێشەی کەمینەی تامیل یەکلایی دەکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش لەم ماوانەی دواییدا حکومەت توانی لەمیانی ئۆپەراسیۆنێکی بەرفراوانی سەربازی کۆتایی بە پڵنەگەکان بێنێ، دواجار بەهۆیەوە لە سریلانکا کۆتایی بە پرسی تامیل هات، بەڵام ئەوەی جێگەی تێڕامانە ئەم شکستە گەورەی تامیل، کە لەسەر دەستی حکومەت بەری کەوت دەبێتە جۆرە پاڵنەرێك بۆ هەڵوێستی توندی راسترۆو سوپای تورکیا لە پێڕۆکردنی بەرەنگاربوونەوەی سەربازی سەبارەت بە پرسی کورد، لەگەڵ ئەمەشدا بەرەنگاربوونەوەی سەربازی هێشتا چەندین کەموکوڕی تێدایە، کە دواتر باسی لێوەدەکرێ.**

**لەگەڵ ئەوەی لێکچوونێکی ئاشکرا لە نێوان هەردوو حاڵەتەکە هەیە، بەڵام هێشتا نابێ بەیەك شێوە تەماشای هەردوو حاڵەت بکرێو بەهەمان شێوەی تامیل چارەسەری پرسی کورد بکرێ، بەپێچەوانەی پڵنەگەکانی تامیل، پەکەکە لە جوگرافیایەکی بەرفراواندا جموجۆڵەکانی ئەنجام دەدات، لە پێگەو شوێنێکدایە بەتایبەت شاخە بەرزو سەختەکان، کە شەڕی پارتی زانی تێدا ئاسان دەکرێ، گەریلاکان بە ئاسانی دەتوانن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە شوێنی خۆیان بگۆڕن، لەوکاتەی پڵنگەکانی تامیل لە ناوچەیەکی دەشتایی بەرتەسك لە باکووری رۆژهەڵاتی سریلانکا مانۆڕو جموجۆڵ ئەنجام دەدات، هەروەها بەپێچەوانەی پڵنگەکانی تامیل پەکەکە پشتگیریەکی گەورەی دەرەکی لێدەکرێ، جگە لەمەش پەکەکە وازی لە ئامانجی سەربەخۆییو جیابوونەوە لە تورکیا هێناوە،**

---

(235) A morning with Erdoğan (on Kurds and more" / 23 20–04–2010MUSTAFA AKYOL.OPINION /http://www.hurriyetdailynews.com/n.php?n=a-morning-with-erdogan-on-kurds-and-more--2010-04-20.

بەڵکو ئێستا خاوەنی باڵێکی سیاسیە لەناوخۆی تورکیا ئەمەش وایکردووە هاوسۆزییەکی زۆر لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆو دەرەوە بەدەست بێنێ[236].

هەردوو گەورە توێژەری ئەمەریکی شارەزا لە کاروباری تورکیا (پارکی هنری)و (گراهام فۆلەر) لە توێژینەوە تایبەتەکەیاندا وێنەیەکی زیندوو بە دۆخی پرسی کورد لە تورکیا دەدەن، بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسەش پێداگری دەکەن لەسەر: (ئەنجامدانی چاکسازی ئابووری، باشترکردنی بارودۆخی بژێوی، دەستەبەرکردنی زیاتری دیموکراسی لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیاو ئیش کردن لەسەر سووککردنی هەندێك نیشانەو دەرهاوێشتەکانی تەنگژەکە، کە هۆکارگەلێکن بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد، بەڵام دواجار پێویستە چارەسەری کێشەی ئیتنی بکرێ، بەو مانایەی بەلانی کەم دەبێت بەڕوونی دانبنرێ بەکوردو شووناسە رۆشنبیریە تایبەتەکەیی‌و دانان بە مافەکانی، بۆ گوزارشت کردن لە تەواوی رۆشنبیریەکانی خۆی لە چوارچێوەی حوکمی خۆجێیی رۆشنبیری. بەم شێوەیە کورد بەشێکی ئەو دەسەڵاتەی وەکو هەرێمێکی خۆجێیی بۆ ئیدارەکردنی ناوخۆیی پێیدەدرێ، کە جگە لە پرسە نیشتمانیەکانی نموونەی لایەنی بەرگری، دارایی، ئاسایشی گشتی، سیاسەتی ئابووری‌و کاروباری دەرەوە، کە لەژێر دەسەڵاتی ناوەند دەمێننەوە، دەتوانێ پیادەی هەموو ئەوانی دیکە بکات[237].

بۆچوونی ئێمەو پێشنیازی هنری‌و فۆڵەر، کە هاوشێوەی پێشنیازەکەی جەنگیز چاندارە، هەموویان قابیلی ئەوەن لەلایەن بڕیار بەدەستانی تورکیاوە دیراسە بکرێن، دۆزینەوەی چارەسەرێکی لەم شێوەیە تەنیا لە رێگەی ئەنجامدانی دانووستان لەگەڵ نوێنەرانی کورد لە پەرلەمان‌و نێوانگیری سەرکردەکانی کوردی عێراق بە ئەنجام دەگات. لەڕاستیدا لەکات‌و شوێنی خۆیدا ئەم پێشنیازو دەستپێشخەریانە ئەنجامدانی چەندین رێوشوێنی ئامانجدار بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ئیداری‌و رۆشنبیری کوردی لەخۆ دەگرن، لە کۆتاییشدا ئەگەر نوێنەرانی کورد لە پەرلەمان توانیان لەسەر ئەم هێڵە بمێننەوە، ئەوکات هەلێکی زۆر گەورە دروست دەبێ، بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد.

لە کۆتایشیدا وەکو چۆن حکومەتی بەریتانیا ناچاربوو، دانووستان لەگەڵ (شین فین)ی باڵی سیاسی سوپای کۆماری ئێرلەندا ئەنجام بدات، بەم شێوەیەش حکومەتی ئاك پارتی دێتە سەر هەمان هێڵی نوێنەرانی کوردو ناچار دەبێ دانووستان ئەنجام بدات.

سەرەڕای توندی، پشێوی، ناخۆشی‌و ئەو گرێیانەی لە پەیوەندی نێوان حکومەت‌و پارتی ئاشتی‌و دیموکراتی لە پرسی کورددا هەیە، بەڵام هێشتا زۆر خاڵی هاوبەش‌و زۆر دەستکەوتی دیکە، کە لە رێگەی دانووستانەکان‌و چارەسەری ئاشتیانە دەتوانرێ بەدەست بهێنرێ، هەردوولا بەیەکەوە کۆدەکاتەوە، بەتایبەت ئێستا حکومەتی دادو گەشەپێدان لەسەر ئاڕاستەی چارەسەری ئاشیانەی پرسی کورددایە.

(236) Selah Bayaziddi “Will Turkey is able to repeat Sri Lankan experiment?” Kurdish Globe، Saturday، 17 July 2010.

(237) Turkey’s Kurdish question، Carnegie Corporation of New York، (Maryland: Rowan and little Field،1998)،pp.87-88.

بە گشتی خوێندنەوەمان بۆ داهاتوو پێمان دەڵێ ئەمڕۆ کورد حکومەتی ئاك پارتی لە بەردەستدایە، بۆیە ئاسان نییە لە داهاتوودا حکومەتێکی دیکە بێ بەم هەموو مەرجەی کورد رازیببێ، بۆ چارەسەرکردنی پرسەکە. لە بەرژەوەندی هەموو لایەکدایە بواری زیاتر بە پارتی ئاشتیو دیموکراتی بدرێ، بۆ جموجوڵو مانۆڕە سیاسییەکانی خۆی، بۆ ئەوەی زیاتر بە ئەرکی مێژوویی خۆی هەڵبستێو ببێتە هاوبەشێکی بەهێز لە حکومەت، بە ئامانجی بەدەستهێنانی بەرژەوەندی سیاسی، هەروەها پێویستە پارتی ئاشتیو دیموکراتی خۆی لە پەکەکە دووربخاتەوە، بەتایبەت کە ئەمە داواکاریو خواستی زۆربەی دۆستو لایەنگرە تەقلیدیەکانی کوردە لە ئەوروپاو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بۆ نموونە بەم دواییانە وەزیری دەرەوەی فەرەنسا داوای لە پەرلەمانتارانی کورد کرد، خۆیان لە پەکەکە بەدووربگرن، هەروەها ئیدانەی کردەوە توندوتیژەکان بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن رۆڵی زیاتر بگێڕن لەچارەسەری پرسی کورد لە تورکیا. ئاژانسی هەواڵی تورکی بڵاویکردۆتەوە جێگری سەرۆکی پارتی سۆسیالیست (هانز سۆبۆدا) رایگەیاندووە، لەسەر پەرلەمانتارانی کورد پێویستە بڕیار بدەن، کە ئەوان نوێنەرانی کوردن لەناو پەرلەمانی تورکیا یاخود ببنە باڵی سیاسی پارتی کرێکارانی کوردستانی تیرۆریست، سۆبۆدا باسی لەوەش کردووە، یەکێتی ئەوروپا تەواو بێ ئومێد بووە، لە بارودۆخو گۆڕانکاریەکانی ئێستا، بۆیە لەسەر پەرلەمانتارانی کورد پێویستە گوێ لە دۆستەکانیان لە پەرلەمانی ئەوروپا بگرنو وازبێنن لەوەی، کە ئەوان درێژکراوەی پارتی کرێکارانی کوردستانن لە پەرلەمان... پێویستیشە بڕیارێکی مێژوویی بدەن یا لەگەڵ چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورددان یاخود لەگەڵ تیرۆر. هەروەها (ئادان ئەلکسەندەر گراف لامپاسادۆرف) جێگری سەرۆکی پارتی لیبراڵی، کە سێهەمین گەورەترین کوتلەی پەرلەمانی ئەوروپایە دەڵێ: "هێرشە چەکداریەکانی ئەم دواییەی پەکەکە یارمەتی گەلی کورد نادەن"[238]. لە هەمان کاتو لە سەر ئاستی ناوخۆیی تورکیا هەمان داواکاری ئاراستەی پارتی ئاشتیو دیموکراتی دەکرێ، بۆ ئەوەی خۆی لە پەکەکە دووربخاتەوەو باوەڕیش بێنێ، کە تیرۆر میکانیزمێك نیە بۆ ئەنجامدانی دانووستانی سیاسی. لەلای خۆیانەوە لە راگەیاندراوێکدا کۆمەڵێك رێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی داوای راگرتنی کردەوە توندوتیژەکان دەکەن، هەروەها داوای دانانی دەستوورێکی نوێ دەکەن، کە تێیدا داواکاریەکانی کورد بەگوێرەی پێوەرەکانی دەستوور جێگەی بکرێتەوە[239].

حکومەت دەتوانێ بۆ یارمەتیدانو هاوکاریکردنی ئەندامانو لایەنگرانی خۆییو بەرگریکردن لەمافەکانی کورد، پارتی دادو گەشەپێدانی کوردی لەویلایەتەکانی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا دابمەزرێنێ. دیارە ئەزموونی تاڵی کورد لەگەڵ حکومەتەکانی تورکیا، عێراقو ئێران دەریخستووە، هەر کەسو لایەنێك کە پەیوەندی لەگەڵ ناوەند هەبووبێ، لەلای کورد راستگۆیی خۆی لەدەست داوە، بەڵام لەکاتی ئێستادا دەبێت حکومەتی ئاك پارتی مامەڵەیەکی باش لەگەڵ پەرلەمانتارانی کورد بکاتو هانیان بدات، بۆ ئەوەی زیاتر تێکەڵ بە پرۆسەی ئاشتی بنو

---

(238) Disappointed with BDP، EU calls on the party to sever ties with terror" 21 August 2011، Sunday / TODAY'S ZAMAN www.todayszaman.com/newsDetail_getNewsById.ac

(239) Ibid.

پابەند بوونی تەواویشیان هەبێ، بە ئەنجامەکانی تێکەڵاوبوون‌و بەشداریکردنیان لە پرۆسەی ئاشتی، بە ئامانجی پتەوکردنی دیموکراسی لە ناوخۆی پارتی ئاشتی‌و دیموکراتی‌و دوورخستنەوەی بالادەستی پەکەکە بەسەر پارتەکە بەشێوەیەکی گشتی.

لە راستیدا هەریەك لە حکومەتی ئاك پارتی‌و پارتی کرێکارانی کوردستان لەسەر چەندین ئاستی جیاجیادا کۆمەڵێك دیداری ئاشکراو نهێنیان ئەنجامداوە، بەم دواییانەش پەردە لەسەر پەیوەندیە نهێنیەکانی نێوان هاکان فیدان سەرۆکی هەواڵگری تورکی‌و نوێنەرانی پارتی کرێکارانی کوردستان هەڵدرایەوە، بەگوێرەی ئەو دەنگە تۆمارکراوەی، کە راگەیاندنەکانی تورکی بلاویان کردۆتەوە، دیدارەکە لە سێپتمبەری 2011 بەڕێوەچووەو ماوەی 50 خوولەکیشی خایاندووە، دیارە بلاوکردنەوەی دەنگە تۆمارکراوەکە وەکو بەڵگەیەك دەیسەلمێنێ، کە دیدارەکانی نێوان هەردوولا بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوامیان هەبووە، بێگومان بلاوکردنەوەی دەنگە تۆمارکراوەکە نموونەی تەقاندنەوەی بۆمبێك بوو، بەڕووی رای گشتی تورکیادا بۆ ئەوەی بزانێ تا چەند کاردانەوەی دەبێ بەسەر هەوڵەکانی حکومەت، بۆ ئەنجامدانی دانووستانی راستەوخۆ لەگەڵ پەکەکەدا، هەروەها دەکرێ ئامانج لەبلاوکردنەوەی بریتی بووبێ لە: وروژاندنی شەقام لە دژی سیاسەتەکانی سەرۆك ئەردۆگان‌و پارتەکەی، بەلام دیارە ئەگەر ئامانج ئەمە بووبێ ئەوا هەرزوو ئامانجەکە لەبارچوو، چونکە کاردانەوەی شەقام زۆر هێمنانە بوو، لەبەرامبەردا ئۆپۆزسیۆنیش تەنیا داوای لە ئەردۆگان کرد داوای لێبوردن بکات، لەو درۆیانەی لەگەڵ خەڵك کردوویەتی سەبارەت بە رۆڵی حکومەتی ئاك پارتی لەدانووستانە نهێنیەکان. بەگشتی دواجار ئەم جۆرە هەڵوێست وەرگرتنە کە توند نیە، یارمەتی باشی ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە دەدات.

پێشتریش لە 2010 فیدان وەکو نێردەی (تایبەتی ئەردۆگان)و ئان گۆیشەن کەسی دووەمی ئاژانسی ئاسایشی نەتەوەیی تورکی (میت) کە ئێستا خانەنشینە، لەگەڵ نوێنەرانی پەکەکە کە بریتی بوون لە: مستەفا قەرەسۆ، سەبری تەیب‌و زوبێر، کە سێ کەسایەتی دیاری ناو باڵی سەربازی پەکەکەن بەیەکەوە لە خوولی پێنجەمی دانووستانە نهێنیەکان کۆبوونەتەوە، هەموو ئەم دانووستانانەش، کە لەسەر ئاستێکی بالا بەڕێوەچوونە دەریدەخەن، حکومەتی ئاك پارتی بە ئاشکرا ئارەزووی چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کوردی هەیە، بە پێچەوانەی ئەوەی پەکەکە بانگەشەی بۆ دەکات، ئەم دانووستانانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی حکومەت ناتوانێ لە پرۆسەی چارەسەرکردنی پرسی کورددا پەکەکە وەلابنێ، بەڵکو وەکو هاوبەش سەیری دەکات.

لە راستیدا هەردوولا زۆر لەیەك نزیك کەوتبوونەوە بۆ ئەوەی بگەنە رێککەوتنێکی تەواو بەجۆرێك توانرا بوو، رێژەی 90٪ - 95٪ ی پرسەکان یەکلایی بکەنەوە، ئەگەر بێت‌و شرۆڤەی دەنگە تۆمارکراوەکە بکەیت‌و لە بەرامبەریشدا سەرەڕای بوونی هەموو ئەو کۆسپ‌و تەگەرە سیاسیانەی دێنە پێش بەتایبەت، کە بۆ دەرباز بوون لێیان پێویستی بە قوربانی دان‌و باجێکی زۆر هەیە، بەڵام هێشتا بۆت دەردەکەوێ کە ئەردۆگان چەندە مکوڕ بووە لەسەر هەنگاونان، بۆ گەیشتن بەچارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد. هاوکات لەگەڵ ئەم دانووستانانەدا حکومەت

چەندین دانووستانی درێژخایەنو سستماتیکی لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان ئەنجام داوە، بەشێوەیەك توانراوە جۆرە متمانەیەك لەنێوان بەرپرسانی حکومەتو ئۆجەلان دروست ببێ، هەرچەندە هەردوولا لەسەر چەند پرسێك نەگەیشتوونەتە رێککەوتن، بەڵام توانراوە لەو قۆناغانەی کە پێویست بووە تەواوی ململانێو خاڵە ناکۆکەکانی نێوانیان یەکلایی بکەنەوە. لێرەدا بە بۆچوونی ئێمە بۆ سەرخستنو یەکلایکردنەوەی تەواوی پرسەکان پێویستە لایەنی سێیەم بەشداری دانووستانەکان بکات، لەگەڵ ئەمەدا حکومەت رەزامەندی نواند لە خستنەرووی تەواوی پرسە سەرەکیەکان لەمیانی بەرێوەچوونی دانووستانەکانی نێوان هەردوولا، بەم هۆیەوە کورد توانی داواکاریەکانی خۆی سەبارەت بە کەمکردنەوەی رێژەی 10٪ی بەدەستهێنانی دەنگەکان بۆ گەیشتن بە پەرلەمان، دانانی بەناسنامەی کوردی، پێکهێنانی ئیدارەی خۆجێیی، دەرکردنی بڕیاری لێبووردنی گشتی بۆ گەریلاکانی پەکەکە، باشکردنی بارودۆخی ئۆجەلانو زیندانیەکانی دیکە لەزیندان بخاتە روو. لە هەموو ئەمانەدا بۆمان دەردەکەوێ ئێستا حکومەت لە پرسی کورددا گەیشتۆتە خاڵێك گەڕانەوەی بۆ نیە، ئەمەش بەڕوونی دەردەکەوێ، ئەنکەرە وازی لەو دەستەواژەیە هێناوە، کە دەگوترێ (دەوڵەت دانووستان لەگەڵ تیرۆریستان ناکات).

سەرچاوەکانی نزیك لە پەکەکە باس لەوەدەکەن، دانووستانەکانی نێوان حکومەتو پەکەکە تەنیا پێنج گەڕ نەبووە، بەڵکو تاوەکو بەر لە بەرێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی 12ی حوزەیرنی 2011 بەردەوام بووە، بەجۆرێك دانووستانەکان گەیشتبووە قۆناغی دیراسەکردنی ئامادەکردنی پرۆتۆکۆڵێك، کە تێیدا پارتی کرێکارانی کوردستان سوور بوو، لە سەر ئەوەی حکومەت پرۆتۆکۆڵەکە ئیمزا بکات، بەڵام دواتر بەهۆی زۆری داواکارییەکانی پەکەکە حکومەت ئامادە نەبوو ئیمزا لەسەر ئەو پرۆتۆکۆلە بکات[(240)].

ئێستا پرسیار ئەوەیە ئایا نوێنەرانی پەکەکە لە دانووستانە نهێنیەکان چۆن توانیویانە رێڕەوی بەرێوەچوونی گفتوگۆ نهێنییەکان تۆمار بکەن؟ هەروەها زانیارییەکان چۆن دزەیان کردووە بۆ دەزگاکانی راگەیاندن؟ لەڕاستیدا ئاشکراکردنی گفتوگۆکان هیچ سوودێکیان نیە، جگە لە سوود گەیاندن بەدەزگای دەوڵەتی قووڵو لایەنگرانی شەڕی دژ بە پارتی کرێکارانی کوردستان، وەکو نموونەیەك لەم بارەیەوە لە 1989 حکومەتی تارانو عەبدولڕەحمان قاسملۆ سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان/ ئێران خەریك بوو، بگەنە یەکلایکردنەوەی ئاشتیانەی ململانێی کورد لەگەڵ حکومەتی ئێران، بەڵام لەگەڵ ئەمەدا.... بەدوور نازانرێ ئیسرائیل لەگەڵ ئێران بەشدار بووبێ، لە تەواوی تیرۆرکردنی قاسملۆدا، چونکە لەبەرژەوەندی ئیسرائیلدا نەبووە، پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چارەسەر بکرێ، ئایا تۆ بڵێی بە فیتی ئیسرائیل هەندێك دەزگای ناو پارتی کرێکارانی کوردستان رێڕەوی بەرێوەچوونی گفتوگۆکانیان لەگەڵ حکومەتدا ئاشکرا کردبێ؟

ئێستا پێویستە پارتی دادو گەشەپێدان دەست بکات، بە ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی هەموو ئەو رێگایانەش بگرێتەبەر، کە پێشتر نموونەی چەندین ململانێی ئیتنی هاوشێوەی ململانێی کوردی بەشێوەیەکی

(240) Yavuz baydar " Is the ‘Oslo process’ a closed page?"،Today's Zaman،18 September 18، 2011،Sunday.

ئاشـتیانەی لەسـەر چارەسـەرکراوە، سـەرەڕای بـوونی هەنـدێك جیـاوازی لـە نموونەکـەدا، بـەڵام دیراسـەکردنی چارەسـەری تەنگـژەی سـوپای کۆمـاری ئیرلەنـدا لـە کۆتاییـەکانی سـەدەی رابـردوو باشـترین نموونەیەکـە، بـۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لـە تورکیـا، بـۆ ئـەم مەبەسـتە باشـتروایە تیشك بخرێتـە سـەر ئـەزموونی پیتـەر هـین (وەزیر)و ئەندازیاری رێککەوتنی ئاشتی لە باکووری ئیرلەندا، هین باوەڕی وایـە گەیشـتن بـە ئاشـتی قوربـانی زۆری دەوێ‌و پرۆسەیەکی ئاسانیش نیە. لەڕاستیدا کۆکردنـەوەی ئەنـدامانی پـارتی شـین فینـی کۆمـاری ئیرلەنـداو پـارتی یەکێتی دیموکراتی سەر بە بەریتانیا لەسەر مێزی دانووستان هەروا کارێکی ئاسـان نـەبوو، بـەڵام دواجـار ژانـی ئـەم پرۆسەیە رێککەوتنێکی گەورەی لێکەوتەوە، کە شـیاوی ئەوەیـە نـاوبنرێ بە(مێـژووی درێژخایـەن) ئـەوەبوو دواتـر پرسی ئێرلەندای باکوور لەوەتەی مۆرکردنی رێککەوتنامەی (هەینی خەمناك) لە ساڵی 1998وە کۆتـایی پێکهـات‌و پێشکەوتنێکی بەرجەستە بووی بەخۆوە بینی، هۆکاری سەرەکی لە پێشکەوتنی پرسی ململانێی ئیرلەندا بۆ گرنگـی پێـدانی پرسـەکە لەلایـەن تـۆنی بلێـرەوە دەگەڕێتـەوە، کـە چارەسـەری ئـەم ململانێیـەی لـە ئەولەویاتـەکانی سیاسەتەکانی خۆی دانابوو، لەمبارەیەوە هین دەڵێ: "ئەگەر ئـاوڕ لـە ململانێـی 30 سـاڵی رابـردوو بدەینـەوە فێـری کۆمەڵێك وانە دەبین، کەشیاوی ئەوەن لێکۆڵینەوەی زیاتریان لەبارەوە بکرێ، لایەنە باشـەکانی سیاسـەتی حکومـەت سەبارەت بە پرسەکە بریتی بوو لە: دانانی ستراتیژیەتێکی تاڕادەیەك رێك‌و پێك لە هێڵە گشتیەکانی: لـەناوبردنی تـیرۆر، پێشخستنی هەیکەلی سیاسی بەشـێوەیەکی نـاوازە بـۆ کێشـەکانی ئێرلەنـدای بـاکوور، ئەنجامـدانی چاکسـازی کۆمەڵایەتی، ئابووری‌و نوێ بوونەوە. ئەوەبوو دواتر سەرکەوتنی بەرچاو لەهەموو ئەم لایەنانە بـەدیکرا، هەربۆیـە سـەرۆك وەزیـران تـۆنی بلێـر بڕیاریـدا چارەسـەرکردنی ئاشـتیانەی کێشـەی ئێرلەنـدای بـاکوور لـە پێشـینەکانی حکومەتەکەی دابنێ. هەروەها سەبارەت بە چۆنیەتی سـەرکەوتنی ئەزموونەکـەی دەنووسـێ: "لـە سـەرەتاوە بـاوەڕم وابوو بۆ سەرخستنی پرۆسەکە پێویستە کەشێکی سیاسـی بـەدەر لـە توندوتیـژی بڕەخسـێندرێ، کەتێیـدا هـەمووان وەکو یەك بتـوانن گوزارشـت لـە ئامانجـەکانیان بکـەن، لەگـەڵ دەستنیشـانکردن‌و هەڵبـژاردنی کەسـانی ئـازاو خـاوەن ئیڕادە، بۆ رابەرایەتیکردنی کۆمەڵگە بە ئاڕاستەی ئاشتیانە، پاشانیش گەڕان بەدوای دانانی چوارچێوەیەکی سیاسـی کـە لـە توانایـدا هـەبێ خواسـت‌و پێداویسـتی هـەموو لایـەك لـەخۆ بگـرێ، دواجـاریش بونیادنـانی لەیەکگەیشـتن‌و بوارێکی بەرفراوان بۆ سازشکردنی هەموو لایەنەکان بۆ یەکتری"[(241)].

لـەم قسـانەی سـەرەوەدا دروسـتکردنی پانتاییـەکی سیاسـی بـۆ گوزارشـتکردن لـە شووناسـی ئیتنـی کـوردی هاوشێوەی شووناسی تورکی بە پێویست دادەنرێ، بۆ ئەوەی کورد بتوانێ گوزارشت لە شووناسی ئیتنـی خـۆی بکـات، پێویسـتە بـواری زیـاتر بـە پـارتی ئاشـتی‌و دیمـوکراتی‌و پارتـە کوردیـەکانی دیکـە بـدرێ، لـە بـۆ ئـەوەی بەڕاسـتی

(241) Peacemaking in Northern Ireland: A Model for Conflict Resolution?" London the Chandlery Office August 2008.
(http://cain.ulst.ac.uk/issues/politics/docs/nio/ph120607.pdf .(Accessed on July10، 2010.

بسەلێندرێ ململانێی چەکداریو ئەنجامدانی توندوتیژی بێ ئاکامە، هەموو لایەکیش ئاگادارن هەرکاتێك حکومەت دێ پارتی دیموکراتی گەلانHDP، پارتی گەلی دیموکراتی میللی DEHAPو پارتی کۆمەلگەی دیموکراتی DTP دادەخات، لە بەرامبەردا هێزی پارتی کرێکارانی کوردستان لەنێوان کورددا پتەوتر دەبێ، بۆیە حکومەت پێویستی بە دەستنیشانکردنی هەندێك کەسایەتی ناو پەکەکەو ناو پارتی کۆمەلگەی دیموکراتیو ئەوانی دیکەی خاوەن نفوزو جێ متمانەی ناو کورد هەیە، بۆ ئەوەی بەشداری راستەقینەی ئاشتەواییان پێبکات.

توێژینەوە مەیدانیەکەی جەنگیز چاندار یاریدەدەرێکی باشە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە تورکیا، چاندار باوەڕی وایە پرسی کوردو کێشەی پارتی کرێکارانی کوردستان دوو شتی لەیەکتری جیاوازن، بەلام لەگەلٚ ئەمەشدا دووپات دەکاتەوە دوو شتی بەیەکەوە پەیوەستنو جیاکردنەوەیان لەیەکتری قورسە، چاندار بۆچوونی وایە پرسی کورد شتێکی تازە لەدایك بوو یاخود دەرەنجانی چالاکیەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان نیە، بەلٚکو بە پێچەوانەوە پارتی کرێکارانی کوردستان دەرئەنجامی پرسی کوردە. سەرەڕای ئەوەی چاندار باوەڕی وایە لە دواجاردا پرسی کوردو کێشەی پەکەکە لە پێچانەوەیەکدا یەکتری دەگرنەوەو لەدۆخی ئێستاشدا جیاکردنەوەیان لەیەکتری زۆر قورسە، بۆیە لەدیدی ئەودا پەکەکە نوێنەرایەتی رەهەندی توندوتیژی کێشەی کورد دەکات، هەروەها دەلٚێ نابێ عەبدوللا ئۆجەلانو پارتی کرێکارانی کوردستان وەکو دوو لایەنی ململانێ تەماشا بکرێن، بەلٚکو پێویستە وەکو دوو لایەنی چارەسەر مامەلٚەیان لەگەلٚدا بکرێ، بۆ ئەم مەبەستەش داوا لە حکومەت دەکات بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد بەشداریان پێبکات، چاندار وایدەبینێ هێرشە چەکدارییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، کە جارێکی دیکە بوونەوە هۆی راگرتنی دەستپێشخەری کوردی، لە بنەڕەتدا وەکو پەرچەکردارێك بوو بەرامبەر بە پرۆسە ئاشتیانەکە بەجۆرێك ئەوانەی سەرکردایەتی پەکەکە دەکەن باوەڕیان وابوو خودی پرۆسەکە بۆ لە ناوبردنو لاوازکردنی پەکەکەیە، بۆیە لەبەرامبەردا بۆ سەلماندنی توانای بەهێزی خۆی پەکەکە دێ ئەم هێرشانە ئەنجام دەدات. دواتریش پێویستە پرسی کورد لە توندوتیژی بهێنرێتە دەرەوەو بەردەوامیش بە (دەستپێشخەری دیموکراتی) بدرێ، چونکە دواجار خودی ئەم دەستپێشخەریە پەکەکە دەخاتە پەراوێزو سنووورداری دەکات. لەڕاستیدا مردنو لەدەست چوونی دەستپێشخەری کوردی دەبێتە هۆی بەدەستەوەدانی پرسی کورد بە کەسانێك پشتگیری لە توندوتیژی دەکەن، لەم چوارچێوەیەشدا چاندار جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە داخستنی پارتی کۆمەلگەی دیموکراتیو هەلٚمەتەکانی دیکەی پۆلیس دژ بە قەوارە سیاسیەکانی دیکەی هاوشێوەی KCK ئەنجامدانی رێوشوێنگەلێکی ناڕاستن، چونکە ئەم کارە وادەکات کورد ناوەندو سەکۆی سیاسیو مەدەنی، کە ناتوندوتیژی خۆی لێوە دەردەبڕێ ون بکات، بگرە هۆکارێکیشە بۆ ئەو گەنجە کوردانەی تووشی نا ئومێدی دەبن، بۆ ئەوەی بچنە ریزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، ئەمەش شیرازەی پەیوەندی رۆحیانەی ئەم گەنجانە لە تورکیا دادەبڕێ. لەلایەکی دیکەوە دەبێتە هۆی هەلٚوەستەکردنو ساردبوونەوەی کادیرانو گەریلاکانی پەکەکە، کە بیر لە دانانی چەکەکانیانو بەشداری ژیانی سیاسیانە لە ناو تورکیا دەکەنەوە.

بەهەمان شێوە چاندار لێکچوونێك دەبینێ لەنێوان پارتی شین فین و سوپای کۆماری ئێرلەندا لەلایەك و پارتی ئاشتی و دیموکراتی و پارتی کرێکارانی کوردستان لەلایەکی دیکە وەکو دووباڵی سیاسی و سەربازی یەکتری، چاندار باوەڕی وایە بەردەوام دووبارەکردنەوەی دروشمی (لەناوبردنی تیرۆر) نابێتە هۆی سەرخستنی (پرۆسەی دیموکراسی) ئەمە لەکاتێکدا حکومەتی بەریتانیا لەبری پەنا بردنە بەر هێزی سەربازی بۆ لەناوبردنی تیرۆرو چەکدانانی سوپای کۆماری ئێرلەنداو بەشدارپێکردنی سوپا لە پرۆسەی سیاسی وڵاتدا دروشمی (چارەسەرکردنی تەنگژەی ئێرلەندای باکوور)ی بەرز کردەوە، چونکە بە باوەڕی حکومەتی بەریتانیا لەناوبردنی سوپای ئێرلەندا واتا لەناوبردنی پارتی شین فین، کە باڵی سیاسی و مەدەنی ئەم سوپایەیە، لە کۆتاییشدا ئەم هەڵوێستە کاردانەوەی نەرێنی دروست دەکات. هەر بۆیە تا ئێستا چارەسەرکردنی کێشەی پارتی کرێکارانی کوردستان و دۆزینەوەی رێگای دەرچوون لە توندوتیژیەکان بووەتە گرێی بنەڕەتی دەوڵەتی تورکیاو زوو یا درەنگ دەبێت ئەم گرێیە بکاتەوە[242].

چاندار باس لەوە دەکات زاراوکانی (پرسی کورد)، (پارتی کرێکارانی کوردستان)و (کێشەی تیرۆر) مانای خودی پرسەکە ناگەیەنن، بۆیە پێوستە پرسی کورد جیا لەکێشەی پەکەکە بەشێوەیەکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ، بەردەوامیشمان لەسەر میکانیزمە کۆن و تەقلیدیەکان یارمەتی دیدگاو خوێندنەوەی واقیعیانەمان پێ نادەن، لەبەر ئەوە بەبێ چارەسەرکردنی پرسەکانی دیکەی پەیوەست بە پرسی کورد بگرە سڕینەوەو لابردنی وێنەکانی ئۆجەلانیش ناتوانێ چارەسەری کێشەکە بکات... هەروەها کاتێك بەراورد لەنێوان پەکەکەو بزووتنەوەی سەربەخۆیی تکساس دەکەین، بە ئاشکرا هەڵەی ئەوانەمان بۆ دەردەکەوێ، کە گرەو لەسەر چارەسەرکردنی پرسی کورد دەکەن بە شاردنەوەو دوورخستنەوەی ئۆجەلان، چونکە لەگەڵ ئەوەی لەساڵی 1999 توانرا سەرۆکی بزووتنەوەی سەربەخۆی تکساس (ریچارد ماکلارین) دەستگیر بکرێ، بەڵام هێشتا 35٪ی هاوڵاتیانی تکساس داوای جیابوونەوە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەکەن[243]. هەروەها چاندار روونی دەکاتەوە سەرەڕای ئەوەی حکومەت پێچەوانەکەی دەڵێ، بەڵام لە راستیدا بەردەوام بووە لە گفتوگۆکانی لەگەڵ ئۆجەلان، پێویستیشە ئێستا حکومەت درێژە بە دانووستانەکانی بدات، لەگەڵ رێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان و بەشێوەیەکی ئاشتیانەش چەك بە پەکەکە دابنێ.

لەلای خۆیەوە (مارکەر ئیسیان) ستوون نووس لە رۆژنامەی تودەی تورکی بێزاری خۆی لە عەقڵیەتی داخراوی دەمەزراوەی فەرمانڕەوای دەوڵەتی تورکی دەردەبڕێ، کە ناتوانێ سوود لە ئەزموونی یەکلایکردنەوەی ململانێ ئیتنیەکانی شوێنەکانی دیکەی جیهان بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد وەربگرێ، لەمبارەیەوە چەند پرسیارێك دەوروژێنێ: " ئایا توخمە لەدەست چووەکانی رێبازی ئێمە چین، کە لە رێبازی ئەوانیدیکەدا بۆ بەدوا

---

(242) İnan Rüma Dilaver Arıkan Açar،pp.14-15.

(243) Ahmet Akgül ،pp.14-15.

داچوونی پرۆسەکانی ئاشتەوایی نموونەی سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی باشووری ئەفەریقیا لەگەڵ کۆنگرەی نیشتمانی ئەفەریقی AIVC، ئێرلەندای باکوور لەگەڵ سوپای کۆماری ئێرلەندا IRAو ئیسپانیا لەگەڵ هەرێمی باسكو رزگاری ئیتا بوونیان هەیە؟ ئەو هەلانە چین، کە لە پرۆگرامو رێبازی ئێمەدا هەیە؟ ئایا ئێمە ئەهلیەتی پێویستمان نیە بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتەوایی لە تورکیا؟. لەکاتی ئێستادا هۆکاری سەرەکی سڕبوونو بێ توانایی لە چاەسەرکردنی پرسی کورد بریتیە لە: نەبوونی متمانەیەکی ئالۆگۆڕپێکراوو دەستاو دەست پێکراو لە نێوان حکومەتو پەکەکە لەلایەكو لەلایەکی دیکە بەلاوەنانو دووبارە ئاوەدانکردنەوەو چارەسەرکردنی ئاسەواری ئەو وێرانکاریەی لەماوەی سالانی رابردوودا بەهۆی ململانێی چەکداری بەر هەردوو لایەنی تورکو کورد کەوتووە.

دوو جۆر دیدگاو بیروبۆچوون سەبارەت بە سروشتی دەوڵەتی تورکیا هەیە لەبارەی هۆکارەکانی ململانێو چۆنیەتی چارەسەرکردنی، بۆیە هەروا ئاسان نییە بگەیتە دیدگایەکی هاوبەش، بۆ لەیەکنزیك کردنەوەی بیرو بۆچوونو هەنگاونانی بوێرانەو ناتەقلیدی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد.

ئیسیان لەو باوەڕەدایە چارەسەرکردنی پرسی کورد بەدەستی ئەردۆگانو پارتەکەی نەبێ بەکەسی دیکە بەئەنجام ناگات، لەمبارەیەوە دەڵێ: "ئەردۆگانو پارتی دادوگەشەپێدان خاوەنی جەماوەرێکی بەهێزو ناوازەن، کە ماوەی چەندین ساڵە تورکیا سەرکردەو پارتێکی لەم شێوەیەی بەخۆوە نەبینیوە، ئەردۆگانو پارتەکەی خاوەنی بوێریەکی لە رادەبەدەرو بێکۆتایین لە تێپەڕاندنی قالبی ئایدۆلۆژیاو حزبایەتی بۆ ئەنجامدانو روودانی هەر گۆڕانێکی گەورە، ئەمەش ئومێدی راستەقینەی تورکو کوردە، کە دەنگیان لەبەرژەوەندی پارتی دادوگەشەپێدان داوە".

ئیسیان ئاماژە بەوە دەکات ئاشتەوایی بەرقەرار نابێ، بەبێ سازشکردنو وازهێنانی هەردوو لایەنی ناکۆك لەچەند داواکاریەکیان، کە وادەکات زیاتر لەیەکتری نزیك ببنەوە، ئەگەر خالی دەستپێکردن تەنیا بریتی بێ لە هاوسەنگی هێز، ئەوکات کام لایەن بەهێزترە هەولدەدا ئەنجامی دۆخەکە وەکو ئەمری واقیع بەسەر لایەنە بێ هێزەکە بیسەپێنێ، بەم پێیەش دووبارە بۆماوەیەکی دیکە پرسەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش نموونەی تامیل لە سریلانکا لەبەردەستدایە، کە تاڕادەیەك نموونەیەکی هاوشێوەیە[244].

پێویستە مامەڵەی پارتی کرێکارانی کوردستان هەمان مالەی گروپی چەکداری رزگاری باسك (ئیتا) بێ، کە بەم دواییانە ئاگربەستی هەمیشەیی راگەیاندوو تەواوی ئامادەباشی خۆی نیشاندا بۆ رێگەپێدانی چاودێرانی نێودەوڵەتی بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکان. لە 21 ی ئۆکتۆبەری 2011 لە راگەیاندراوێکدا، کە لە رۆژنامەی گاری باسکی بلاوکراوەتەوە بزووتنەوەی ناوبراو رایگەیاند: "ئیتا ئاگربەستی هەمیشەییو سەرتاسەری راگەیاند، بەم زووانەش لەلایەن چاودێرانی نێودەوڵەتییەوە لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدرێ". بێگومان لەلایەن پارتی باتاسۆنا کە بالی سیاسی ئیتایە فشارێکی زۆر خرایە سەر ئیتا، باتاسانۆ دەیویست بەشێوەیەکی یاسایی بەشداری هەڵبژاردنەکانی

(244) Markar Esayan، Which model for the Kurdish problem?،Today's Zaman 22 June 2011،Wednesday.

شارەوانی بکات، چونکە پێشتر حکومەتی ئیسپانیا بەهۆی بەرەنگاربوونەوەی گروپی تیرۆرستی ئیتا ڕێگەی بە باتاسانۆ نەدەدا بەشداری هەڵبژاردنەکان بکات، جگە لەمەش تەواوی مافە رۆشنبیریەکانی گەلی هەرێمی باسکی پشتگوێ خستبوو، بەلاّم ئێستا هەرێمی باسك بارودۆخێکی تایبەتی هەیەو کاریگەریەکانی کرانەوەی حکومەت بەرامبەر بەکارهێنانی زمانو رۆشنبیری تایبەتی هەرێمەکە تەواو دڵی هاولاّتیانی بۆ خودی هەرێمەکەیان راکێشاوە، بەجۆرێك هاولاّتیان رۆژ بە رۆژ زیاتر لە دەسەلاّتدارانی خۆیان نزیکتر دەبنەوەو لەبەرامبەریشدا قۆناغ بە قۆناغ لە گروپی چەکداری ئیتا دوور دەکەونەوە، لەلایەکی دیکەوە هەر کاتێك ئیتا هەڵمەتێکی سەربازی ئەنجام دەدات هاولاّتیانو گەلی باسك بەتوندی رەتیدەکەنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش دەڕژێنە سەر شەقامەکان. ئەوەبوو دواجار ئیتا گەیشتە ئەو باوەڕەی لەمەودوا خەڵك وەکو پێشوو پشتگیری ناکەن، بەڵکو ئێستا لەلایەن خەڵکەوە گرنگیشی پێنادرێ، بۆیە بڕیاری ئاگربەستی هەمیشەیی راگەیاند[245].

لەبری ئەوەی وەکو پاشکۆی پارتی کرێکارانی کوردستان بمێنێتەوە، پارتی ئاشتیو دیموکراتی دەتوانێ هەمان رۆڵی ئەرێنی باتاسانۆ بۆ راگرتنی ئاگربەستی هەمیشەیی لەلایەن پارتی کرێکارانی کوردستانەوە ببینێ، لە بەرامبەریشدا لەسەر حکومەتی تورکیا پێویستە دیراسەی ئەزموونی باتاسانۆ بکات، بۆ خۆ نزیککردنەوە لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ گروپێکی چەکداری کە هەڵگری پەیامو گیانی نەتەوایەتیە.

لە راستیداو لەمیانی سەردانەکەی بۆ ئەنکەرە لە نۆڤمبەری 2011، سەرۆکی هەرێمی کوردستان نەخشە رێگەیەکی چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کوردی لە تورکیا خستەڕوو، تێیدا داوای لە لایەنە ناکۆکەکان کرد، مامەڵەیەکی جددیانە لەگەڵ یەکتریدا بکەن، دەستپێشخەریو نەخشە رێگەکەی مسعود بارزانی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە تورکیا ئەم خالاّنەی خوارەوەی لەخۆ گرتبوو:

1- راگەیاندنی ئاگربەست لەلایەن پارتی کرێکارانی کوردستان بۆ ماوەیەکی نادیار.

2- حکومەتی هەرێمی کوردستان رێگە بە پارتی کرێکارانی کوردستان دەدات لەچوارچێوەی یاسادا وەکو هەر پارتێکی دیکە چالاّکی سیاسیو مەدەنی ئەنجام بدات.

3- میلیشیا چەکدارەکانی سەر بە پەکەکە چەکەکانیان دابنێنو لەناو خاکی هەرێمی کوردستان لەچەند ناوچەیەکی تایبەتدا نیشتەجێ بکرێن.

4- هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانو سەربازانی عێراق چاودێری ناوچە سنووریەکانی نێوان عێراقو تورکیا دەکەن.

(245) TOM WORDEN"، Basque militants ETA declare 'permanent ceasefire' after more than 50 years of bloodshed": http://www.dailymail.co.uk/news/article-1345794/Basque-separatist-group-Eta-declares-permanent-cease-50-years-violence.html#ixzz1lUngxuUd.

5- لەبەرامبەردا حکومەتی تورکیا بەڵێن بدات دانووستانی راستگۆیانە لەگەڵ نوێنەرانی گەلی کورد لە پەرلەمان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر تەواوی مافەکانی کورد ئەنجام بدات[246].

## 4- پرسی کوردو فرەیی زمان لە تورکیا

دیارە بژاردەو بەرپرسانی تورکیا بەلایانەوە ئاسان نیە خۆیان لە گرێی پەیماننامەی سیڤەر، کە لەوەتەی دوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە عەقڵی تورکی لە تێڕوانینی خۆی بۆ پرسی کورد پێکاوە رزگار بکەن. بۆ شیکردنەوەی قسەیەکی پێشووتری سەبارەت بە نەیاری کردنی دانان بەزمانی کوردی وەکو دووهەمین زمانی فەرمی لە تورکیا، ئەردۆگان رایگەیاند پێدانی مافێکی لەم شێوەیە بەکورد هانی کەمینە ئیتنیەکانی دیکەش دەدات، بۆ ئەوەی داوای هەمان ماف بکەن، لەلایەکی دیکەوە لەمیانی پروپاگەندەی هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی ئەم دواییانەدا سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری کلیچدار ئۆغلۆ بۆچوونێکی هەمان شێوەی سەبارەت بە دانپێنان بەزمانی کوردی دەبڕی، ئاماژەی بەوەشدا لە بەلژیکا دوو زمانی فەرمی هەیە، کە دواتر رێگەی خۆشکرد لە بەردەم پێشکەوتنی بزووتنەوەی جوداخوازی فلیمینکا. لە بەرامبەر ئەم شێوە قسەو هەڵوێست وەرگرتنەی ئەردۆگانو کلیچدار ئۆغلۆ، ئۆزگۆر ئەرکان دژی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لەمبارەیەوە دەنووسێ "ئەگەری جیابوونەوەی فلیمینکا لە بەلژیکا ریشەی بۆ چەند هۆکارێکی کەم دەگەڕێتەوە نەك تەنیا بۆ پرسی دووانەییو فرەیی زمان لەم وڵاتەدا، فلیمینەکانو والۆنەکان سەریان لێشێواوە لە دابەشکردنی ئیدارەی نێوانیانو ئەو هەڵە مێژووییەی هەردوو دەوڵەتی ناچاکردووە، لە ژێر شووناسی دەستکردی بەلژیکیو تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتیو ئابووری بژین، ئەمەش وایکردووە والۆنەکان بکەونە ناو خراپترین بارودۆخ، دواتریش بەهۆیەوە بزووتنەوەی جوداخوازی والۆن زیاتر بەرەو هەوڵی سەربەخۆیی هەنگاوبنێ.

لەدوای وەرگرتنی سەربەخۆیی لەساڵی 1830 پێچەوانەی پێشبینیەکان بەلژیکا تاکە زمانێك، کە فەرەنسییە وەکو زمانی فەرمی دەوڵەتی هەڵبژارد، دواتر بەهۆی هەژموونی زمانی فەرەنسی لە بواری کارگێڕی دامەزراوەکانی دەوڵەتدا بزووتنەوەی نەتەوەیی فلیمینکا لە ناو زۆرینەی خەڵك سەریهەڵدا، چونکە فلیمینەکان ئەوانەی فێری زمانی فەرەنسی نەبوو بوون رووبەڕووی کێشەی ترسناك دەبوونەوە، سەبارەت بە رێکاریە ئیداریەکان لە دامەزراوە فەرمیەکاندا، زۆرێك لەوانەی جگە لە زمانی فلیمینکی زمانی فەرەنسیان نەزانیوە نەیانتوانیوە لەدادگا بەرگری لەخۆیان بکەن، کە دواتر بەم هۆیەوە لەسێدارە دراون. پاشان لە ساڵانی 1840 یەکەمین جووڵانەوەی نەتەوەیی لە ئەنجامی سەپاندنی تاکە زمانی فەرمی دەوڵەت سەریهەڵدا، دواجاریش لەوەتەی دەرچوونی یاساکانی تایبەت بەزمان لەساڵانی 1898 و 1921 بەلژیکا لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا کار بە دوو زمانی فەرمی دەکات. سەرهەڵدانی ئەم

( 246 )"PKK members to be granted residence permission"، Sabah Turkish Daily، 08-11-2011.
http://english.sabah.com.tr/arama/arsiv?Query=barzani&Baslik=True&Metin=True&Yazarlar=True&Etiket=1&Sort=CreatedDateReal&Reverse=True&PageSiz.

بزاڤە بۆ چەسپاندنی دوو زمانی فەرمی دەوڵەتی بەلژیکا نەبوو، بەڵکو بۆ ئەوە بوو هاوسەنگی هێز لە کارگێڕی دەوڵەتدا بەلای بەرژەوەندی گەلی فلیمینکا بشکێتەوە، بەهۆی ئەو گۆڕانە گەورانەی بەسەر ئابووری داهاتو دواتریش توانی خۆی بەسەر دەوڵەتدا بسەپێنێ، لە بەرامبەریشدا جووڵانەوەی جوداخوازی والۆنی داوای دروستکردنی دەوڵەتێکی تایبەت بەگەلی والۆنیای دەکرد.

سەبارەت بە هەمان پرسی هاوشێوەو بەراوردکردنێکی ریالیستی لە نێوان هەردوو نموونەی بەلژیکی‌و تورکی ئەربەکان دەنووسێ: "نموونە هێنانەوە بە بەلژیکاو بەکارهێنانی وەکو پروپاگەندەی هەڵبژاردن، کە تێیدا دەوڵەت خاوەنی دوو زمانی فەرمیە گوایە دەبێتە هۆی جیابوونەوە لە نێوان گەلانی ئەم وڵاتە، جۆرێکە لە ساویلکەیی‌و خوێندنەوەی هەڵەو بەراوردکاریەکی ناوردبین"[247].

بەهەمان شێوە سیاسەتوانانی تورك خۆیان دەبوێرن لە دۆخی سەرکەوتووی بە فەرمی ناساندنی دووانەیی‌و فرەیی زمان، کە لە هەندێك لەوڵاتانی جیهاندا پێڕۆدەکرێ، بۆ نموونە دووانەیی زمانی فەرمی دەوڵەت هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ یەکگرتنی کەنەدیەکان ئەوانەی بە فەرەنسی ئەوانەشی بە ئینگلیزی قسە دەکەن، پێچەوانەی ئەو ستراتیژیەتەی سەرانی سیاسی تورك پێڕۆی دەکەن ئامانجی سەرەکی سیاسەتی زمان بەلای (لبیار ترۆدۆی) سەرۆکی پێشووی کەنەدا بریتی بوو لە: دروستکردنی دەوڵەتی کەنەدای خاوەن دوو زمانی فەرمی بۆ ئەوەی کەمینەی فەڕەنسی لە هەرێمی کیبك بتوانێ پارێزگاری لەتایبەتمەندیەکانی نەتەوەیی خۆی لە چوارچێوەی کەنەدا بکات.

لە ئیسپانیاو لە دوای سەردەمی فرانکۆ فرەیی زمان سەرکەوتنی بەدەستهێنا، پێشتر فرانکۆ هەوڵی زۆریدا، لە پێناو سەرکوتکردن‌و تواندنەوەی تەواوی زمان‌و شووناسی ئیتنە جیاوازەکان‌و سەپاندنی تاکە زمانی دەستکردی ئیسپانی بەسەر هەموو زمان‌و ئیتنە جیاوازەکانی ئەم وڵاتە، بەڵام ئەم جۆرە سیاسەتە هەر زوو ئیتنەکانی نیگەران‌و توڕە کرد، بەتایبەت بەم هۆیەوە سەرلەنوێ ئومێدو خەونی گەلی کەتەلۆنیا بوژایەوە، رێگەشی لەبەردەم جووڵانەوەی ئیتا خۆش کرد، بەڵام لە کۆتاییدا لەدوای وەرچەرخانی دیموکراسی لە ئیسپانیا دەوڵەت دانینا بە زمانەکانی باسك‌و کەتەلۆنیاو ناسنامەی ئیتنەکانی دیکە، لەو کاتەوەش هەریەك لەم زمانانە هاوشانی زمانی ئیسپانی وەکو زمانی دووەم لەدام‌و دەزگاکانی دەوڵەت بەکاردەهێنرێن، دواجار ئەمە وایکرد کاریگەریەکانی بزووتنەوەی ئیتا بەسەر کۆمەڵگەدا کەم ببێتەوە.

ئەگەر تەماشای ئەوروپا بکەین چەندین دۆخی سەرکەوتوو لەبارەی فرە زمانیدا دەبینین، بۆ نموونە بەم دواییانە لە وێلز زمانی ئینگلیزی بەکاردێت لە بەریتانیاش زمانی وێلزی، هەروەها لە سویسرا چوار زمان وەکو

(247) Markar Esayan، Which model for the Kurdish problem?Today's Zaman 22 June 2011، Wednesday

زمانی فەرمی بەکاردەهێنرێ بێئەوەی هیچ جیابوونەوەیەکیش رووبدات، بەڵکو بەم هۆیەوە توانراوە لە هەریەك لە بەریتانیاو سویسرا چەندین ئیتنی جیاواز بەیەکەوە کۆبکرێنەوە[248].

نموونەی چەندین وڵاتانی جیهان هەیە، کە خاوەنی چەند زمانێکی فەرمین، دەکرێ هەریەك لەم نموونانە بەشێوەیەکی سەرکەوتوو بۆ ئەو وڵاتانە بگوازرێتەوە، کە چەند ئیتنێکی جیاوازی تێدا دەژی بێ ئەوەی هیچ جیابوونەوەش رووبدات، لە بەرامبەریشدا سەپاندنی سیاسەتی تاك زمانی لەو کۆمەڵگایانەی چەند ئیتنێکی جیاوازی تێدایە نموونەی ئیسپانیای سەردەمی فرانکۆ بووەتە هۆی دروست بوونی تەنگژەی نەتەوەیی.

ترسەکە لەوەدایە سەپاندنو پێرۆکردنی تاکە زمانێك بەسەر تەواوی کۆمەڵگەدا، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانو چالاك بوونی بزاڤو جووڵانەوە ئیتنیو نەتەوەیەکیەکانی ناو کۆمەڵگەکە، بۆیە لەسەر تورکیا پێویستە خوێندنەوەیەکی ورد بکاتو سوودێکی تەواو لە ئەزموونی سەرکەوتووی ئەو وڵاتانە وەربگرێ، کە خاوەنی چەند زمانێکی قسە پێکردنن لە ئیتنە جیاوازەکاندا[249].

لە راستیدا مێژووی کۆمەڵگاکانی ئیسلامی پڕیەتی لە شارستانیو لەناو وڵاتانی ئیسلامیشدا چەندین جۆرە ئیتنو زمانی جۆراوجۆرو فرە رەنگ هەیە، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش سیستمی (ئوممەت) بونیادنراوە، بۆ وێنە خەلافەت یاخود دەوڵەتی عوسمانی هیچ کاتێك نەهاتووە، سەرکوتی بەکارهێنانی زمانە جیاوازەکانی ناو سنووری خۆی بکات، (ئیسیان) ئاماژە بە موحازەرەیەکی گرنگی گەورە بیرمەندی تورك (فەتحوڵا گوڵەن) سەبارەت بە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە تورکیا دەکات، ئیسیان باس لە گرنگی پوختەی تێڕوانینەکانی گوڵەن دەکات، سەبارەت بەو رووداوو گۆڕانە گرنگانەی بەسەر پرسی کورد لە تورکیادا هاتووە، بۆ ئەم مەبەستەش چەند بەشێکی ناو وتارەکەی گوڵەن دەخاتەڕوو، کە گوتوویەتی شێخ سەعیدی نوورسی مامۆستای چەند راسپاردەیەکی ئاڕاستەی دەوڵەتی عوسمانی لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمید کردووە، بە مەبەستی دامەزراندنی زانکۆی زەهرا لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا.

گوڵەن روونی دەکاتەوە، کە نوورسی تێڕوانینێکی تایبەتی هەبووە، لەسەر پرسی زمان، بەشێوەیەك گوتوویەتی دەبێ لە خوێندندا هەر سێ زمانی عەرەبی، تورکیو کوردی لەیەك کاتدا وەکو یەك بەکاربهێنرێن، بە جۆرێك زمانی عەرەبی زمانی ئەکادیمیاو ئیلزامی بێ، زمانی تورکی پێویستو زمانی کوردیش رێگە پێدراوبێ. پاشان گوڵەن پرسیار دەکات: "نازانم بۆچی لە قوتابخانەکانی تورکیا رێگە بە بەکارهێنانی زمانی کوردی نادرێت؟ لەکاتێکدا زمانی کوردی بەشێکە لە دەوڵەتی تورکیا، ئەمە لەکاتێکدا ئێستا ئێمە لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەژین، ئەو ئەمەریکیانەی بە رەچەڵەك لاتینین زمانی تایبەتی خۆیان بەکاردەهێننو لە قوتابخانەکانیش فێری

(248) Özgür Erkan، Secession through bilingualism: Is Belgium the right example to cite?، Today's zaman، January 04، 2011.

(249) Ibid.

دەبن، هەروەها ئیتاڵیەکانیش بەهەمان شێوە خاوەنی قوتابخانەی خۆیانن، ئێمەش وەکو تورك قوتابخانەی تایبەت بە خۆمان هەیەو تێیدا بە زمانی تورکی دەخوێنین، بەو پێیەی زمانی دایکەو کەسیش ڕێگری ناکات..."[250].

## 5- سوود وەرگرتن لە ڕێڕەوی مێژوویی

بۆ هەر چارەسەرێکی واقیعیو هەمیشەیی تایبەت بە پرسی کورد پێویستە ڕێڕەوی مێژوویی ململانێکە بەلاوە نەنرێ، کاتێك دێیتو بیر لە چارەسەریەکی هەمیشەی پرسی کورد دەکەیتەوە، پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکەیت، ڕاستەقینەی پرسی کورد لە تورکیا وەکو دەرەنجام یاخود لایەنێك لە لایەنەکانی تەنگژەی دەوڵەتی نەتەوەییە، کە لە دوای کەوتنی دەوڵەتی عوسمانی لەناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەدەرکەوت.

وەکو پێشتریش ئاماژەمان بەوەدا هەمیشە بژاردەی کەمالی بگرە چەند لایەنێك لەناو چەپی تورکیش بەتوندی حوکمی لامەرکەزی بەتایبەت لە ناوچەکانی کوردی ڕەتدەکەنەوە، بەشێوەیەك ئەم جۆرە بیرکردنەوە توندە بووەتە شتێکی ئاسایی لەناو توێژێکی گەورەی کۆمەڵگەی تورکی، بە بۆچوونی بژاردەی کەمالیو بەشێکی دیکەی چەپی تورکیا هەر داننانێکی فەرمی بە ناوچەی کوردی وەکو دۆخێکی تایبەت لەناو تورکیا بەهۆی ئەو سروشتە ئیتنیو ڕۆشنبیریەی کورد هەیەتی سیاسەتێکی هەڵەیەو هەنگاوێکە بۆ جیابوونەوە. لەڕاستیدا ئەم جۆرە تێگەیشتنو خوێندنەوەیە بۆ خودی دۆخەکە وردنییە، چونکە سروشتی یەکێتی دەوڵەت، کە لەسەر بنەمای ناوەندێکی بەهێزو لەرادە بەدەر بونیاد نراوە، ناتوانێ چارەسەری خواستو ئارەزووە ڕۆشنبیری، ئایینیو ئیتنیەکانی ناو کۆمەڵگەی تورکی بکات، پرسی کوردیش یەکێکە لە دیاردەو دەرهاوێشتەکانی ئەم کێشەیە. نەبوونی دەستوورێك، کە گوزارشت لە فرەییو پلورالیزمی کۆمەڵگەی بکات، لە داهاتوودا تورکیا ڕووبەڕووی چەندین کێشەی ئیتنیو ئایینی دیکە دەکاتەوە، لەبەرامبەریشدا دانانی دەستوورێکی نوێی لیبڕاڵ هاوکات ڕێگە بە فرەیی ڕۆشنبیری، ئاینیو ئیتنی بدات تەواو گونجاوە لەگەڵ خواستی تورکیا بۆ چوونە ناو یەکێتی ئەوروپا.

بەدرێژایی مێژووی چاخەکانی ئیسلامی بەتایبەت لە هەردوو سەردەمی سەلجوقیو ئەیوبی کوردو تورك بە ئاشتیانە لەگەڵ یەکتری ژیاون، بەلام لە سەردەمی عوسمانیدا لە هەندێك کاتدا میرەکانی کورد بۆ فراوانکردنی سنووری میرنشینەکانیان لەدژی دەسەلاتی مەرکەزی لە ئەستەنبوڵو بەغدا شۆڕشیان ئەنجام داوە، بەلام هیچ یەکێك لەو شۆڕشانە خاوەنی تایبەتمەندیو پاڵنەری ئیتنی نەبووە، ئەم جۆرە ڕووداوانەش تەنیا لەلای کوردا کورت نابنەوە، بەڵکو لە ئەنادۆڵ میرنشینی تورکمان سەریهەڵداوە، لەبیلادی عەرەبیش چەندین بزووتنەوەی هاوشێوە لەلایەن میرو حاکمی هەرێمەکان، کە بە ڕەچەڵەك تورکمان، ئەلبانو عەرەب بوونە لەدژی دەسەلاتی ناوەندی

(250) (Fethullah Gülen، Terör ve Izdırap، 24.10.2011، http://www.herkul.org/bamteli/index.php). Cited in، Markar Esayan، Gülen and a new paradigm in the Kurdish issue '، Today's Zaman، October 26، 2011.

عوسمانی شۆڕشیان ئەنجامداوە، بەتایبەت دوای دەستپێکردنی پرۆسەکانی تەغریب، کە بەناوی چاکسازیو دووبارە ڕێکخستنەوە "تەنزیمات" دامو دەزگاکانی دەوڵەتی عوسمانی گرتەوە.

کارێکی ئاساییە ماوەی 500 ساڵ کورد لەگەڵ گەلانی دیکەی ناوچەکە بە ئاشتیانە لەژێر سیستمی حوکمی لامەرکەزی ژیاوە، بەشێکی گەورەی کوردستانیش لەلایەن میرو شێخانی خێڵو هۆزە کوردیەکان فەرمانڕەوایەتی کراون، زۆربەی جارەکانیش شۆڕشەکانی کورد لە سەدەی نۆزدەهەمدا وەکو پەرچەکردارێك بووە، لەدژی نەزعەی مەرکەزی حوکمی ئیتیحادو تەرەقی، ئەگەرنا لەڕاستیدا ئەو دۆخەی خۆبەڕێوەبردن، کە کورد لە کوردستان تێیدا لە سەردەمی خەلافەتی عوسمانی خاوەنی بوو، هەر ئەوەبوو وایکرد کوردستان نەبێتە یۆنان، مەکدۆنیاو ئەلبانیاو چەندین وڵاتی دیکە، چونکە سیستمی خۆبەڕێوەبەردنەکە تەواوی مافەکانی تێدا بەرجەستە ببوو، بۆیە دواتر ئەمە بووە هۆکارێك بۆ ئەوەی کوردستان نەبێتە بەشێك لە پرسی ڕۆژهەڵات.

مێژوونووسو گەڕیدەی عوسمانی (ئەولیا چەلەبی) باس لەوە دەکات، لەمیانی گەشتەکانیدا لە سەدەی حەڤدەهەمدا بۆ ویلایەتە کوردییەکان لە (باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیاو باکووری عیراق) نۆ حکومەتی کوردی بینیوە، کە خاوەنی حوکمی خۆجێیی تەواوەتی بوونە، بەشێوەیەك پارەی تایبەتیان بەناوی میرەکانیانەوە دەرکردووە، هەروەها خاوەنی سوپای تایبەتو سەربەخۆش بوونە، بگرە دەسەڵاتی ناوەندی کاریگەری نەبووە بەسەر ئەم حکومەتە کوردیانەوە، بەڵام لەبەرامبەردا میرەکانی کورد پەیمانیان بە سوڵتان دەدا، بەشداری کارایان لەشەڕەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا بێ، بەجۆرێك هەموو پیاوانی سوارەی حەمیدی کورد بوونە[251]. پاشان دوای ڕووخانی سیستمی لامەرکەزی لەسەدەی نۆزدەهەمدا ڕاپەڕینەکانی کورد دژی حکومەتی ناوەندی پەرەیسەند، دواتریش واتا لە دوای کۆتایی پێهێنانی حوکمی عوسمانیو دروست بوونی سیستمی دەوڵەتی نەتەوەیی پرسی کورد ئاڵۆزی زیاتری تێکەوت[252]. جێگەی ئاماژە پێدانە لەماوەی نێوان ساڵانی 1846 - 1886 ویلایەتی کوردستان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا حوکمی تایبەت بەخۆی هەبووە[253].

جگە لەمانەش مستەفا کەمال دامەزرێنەری تورکیای هاوچەرخ لەماوەی ساڵانی 1921-1922 دوو دڵ نەبوو لە پەسەندکردنی بیرۆکەی پێکهێنانی حوکمی خۆجێیی کوردی لە کوردستان، وردەکاریەکانی ئەم بیرۆکەیەش لە بەڵگەنامەیەکی دوورو درێژداو بەشێوەیەکی یاسایی لە 10ی شوباتی 1922 لەلایەن کۆمەڵەی گەورەی نیشتمانیەوە گفتوگۆی لەسەر کرا، دواتر تەواوی دەقی پرۆژە یاسای حوکمی خۆجێیی بۆ کورد لەمیانی گوتارێکی فەرمی لەلایەن مەندوبی سامی بەریتانیا لە ئەستەنبوڵ (سێر هۆراس رامبۆڵد) ئاڕاستەی وەزیری

(251) cited in Özoğlu Hakan"*State-Tribe Relations: Kurdish Tribalism in the 16th- and 17th- Century Ottoman Empire"*، British Journal of Middle Eastern Studies (1996)، 23(1)،5-27 pp.15،18–22،26.

(252) Wadie Jwaideh، The Kurdish National Movement: Its Origins and Development، (*Syracuse، New York: Syracuse University Press، 2006).*pp.76-79.

(253) Devlet Selnamesi، 1284، 1864، (SALNAME-İ DEVLET-İ ALİYYE-İ OSMANİYE) Istanbul،p.93.

دەرەوەی بەریتانیا (لۆرد کیرزۆن) کرا، بەڵگەنامەکە 18 مادەی یاسایی لەخۆگرتووە لە بەندی یەکەمدا هاتووە (کۆمەڵەی گەورەی نیشتمانی دانیپێدادەنێو سەرپەرشتی بەرپرسیارێتی دورستکردنی دامەزراوەیەکی یاسادانانی هەرێمی بۆ ئیدارەی حوکمی خۆجێیی نەتەوەی کورد دەکات، بەجۆرێك ئەم کۆمەڵەیە خاوەن هەموو دەسەڵاتێکی گونجاویشە لەگەڵ دابو نەریتی کوردی لە حوکمی خۆجێیدا) هەر یەك لە مادەکانی 3، 4، 5 باس لە چۆنیەتی هەڵبژاردنی سەرۆكو ئەندامانی ئەنجومەنی ناوخۆیی کوردی دەکات، کە بەشێوەی ئازادانە ئەنجام دەدرێ، هەروەها مادەکانی 6، 7 باس لە ناوی ئەنجوومەنی ناوخۆیی کوردی بەناوی (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی) دەکات، هاوکات لەگەڵ دیاریکردنی سنووری کوردستان. لەمادەی 9 دا هاتووە حکومەت دەتوانێ هەموو رێکارییەك بگرێتەبەر لەویلایەتەکانی (وان، دیاربەکر، دەرسیم، مەلاتیە) لەگەڵ چەند ناوچەیەکی دیکە لە فەرمانگە فەرعییەکانی ئەرزرۆم. بەگوێرەی یاسایەکە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی دەسەلاتی رێکخستنی گومرگەکانو دەسەلاتی دادوەریو باجی دەبێت. مادەی 12 و 13 تایبەتە بە سوپاو جەندرمەی کوردیو گواستنەوەی ئەفسەرانی کورد لە ریزی سوپای تورکی بۆ ئەم ئەرکە نوێیە. مادەی 15 پەیوەندە بەچەندین مەرجی تایبەت بە بەکارهێنانی زمانی کوردی بە جۆرێك (بە مەرج گیراوە زمانی تورکی تاکە زمانی فەرمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی دەبێت، هەروەها تاکە زمانی بەکارهاتووشە لە تەواوی دامو دەزگا فەرمیەکان)، بەلام لەگەڵ ئەمەشدا کورد مافی ئەوەی دەبێ لە قوتابخانەکان بە زمانی کوردی بخوێنن‌و دواتریش لە فەرمانگەو کارگێڕیەکان بەکاریبهێنن. مادەی 16 باس لە کردنەوەی زانکۆو کۆلێژەکانی یاساو پزیشکی دەکات. مادەی 18 تایبەتە بە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردی، کە بەهیچ جۆرێك نابێ، پێچەوانەی بڕیارەکانی پێشووی ئەنجوومەنی گەورەی نیشتمانی تورکی بێ، کە لەساڵی 1922 لە ئەنکەرە پەسەند کراوە.

سێر هۆراس رۆمبلد لە نامەکەیدا باس لەوە دەکات، لە کۆی 437 ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانی تورکی 64 ئەندام دەنگیان لەسەر پڕۆژە یاساکەی حوکمی خۆجێیی کوردی نەداوە، هەندێکی دیکەش بایکۆتی دەنگدانەکەیان کرد، هۆکاری دەنگ پێنەدانی ئەندامانی کورد بە پڕۆژەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە پڕۆژەکە لە ئاست خواستو داواکاریو پێشبینیەکانی کورد نەبووە، دواتر بەهۆی ئەو پشێویەی لەسەر پڕۆژەکە لەلایەن ئەندامانی ئەنجوومەنی گەورەی نیشتمانی دروست بوو، گفتوگۆکردن لەسەر پڕۆژەکە بۆ دانیشتنێکی دیکە دواخرا، بەلام دیسان بەهۆی کۆمەڵێك فاکتەری ناوخۆییو دەرەکی جارێکی دیکە پڕۆژە یاسای حوکمی خۆجێیی کوردی گفتوگۆی لەسەر نەکرایەوە[254].

لەگەڵ سەرکەوتنەکانی لەشەڕەکانی دژی یۆنانو هاوپەیمانانو مۆرکردنی پەیماننامەی لۆزان، مستەفا کەمال دەستی کرد بە پێڕۆکردنی سیاسەتێکی نوێ بەرامبەر بە کورد، هۆکارەکەی بۆ ئەو ترسە بوو، کە ئیدارەی

(254) (Robert Olson، ``Kurds and Turks: Two Documents Concerning Kurdish Autonomy in 1922 and 1923``، Journal of South Asian and Middle Eastern Studies، 15(1991)، pp.21-30.

بەریتانیا لە عێراق بۆ لە باربردنی سەقامگیری تورکیا یاری بە کارتی کوردی بکات، هەر بۆیە مستەفا کەمال لەژێر کاریگەری (عیسمەت ئینینۆ)و (زیا گۆك)، کە دوو سەر سەختترین دوژمنی کورد بوون، دەستی کرد بە پێڕۆکردنی سیاسەتی لەناوبردنو توانەوەی کورد، بۆ ئەم مەبەستەش پلانی حوکمی خۆجێیی هەڵوەشاندەوە. بەگشتی هەرچۆنێك بێ مستەفا کەمال لە زۆرێك لە شوێنکەوتووانی دوای خۆی کە ئەمڕۆ حوکمی خۆجێیی کوردی بەحەرام دەزانن کراوەتر بووە.

بە باوەڕی نووسەر پێڕۆکردنی جۆرێك لە جۆرەکانی بەڕێوەبردنی حوکمی خۆجێیی کوردی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، بەشێکە لە یەکلاییکردنەوەو چارەسەرکردنی پرسی کورد، هەروەها سیاسەتی کرانەوە بەرامبەر بە کورد دیالیکتێکی گونجاوە بۆ مامەڵەکردنی تورکیا لەگەڵ یەکێتی ئەوروپاو جێبەجێکردنی چاکسازیەکان لە سەرتاسەری تورکیا، ئەمەش بەمانای داواکردنی حوکمی خۆجێیی یا فیدڕاڵی یاخود کوردستانی یەکگرتوو نیە، بەڵکو پێشنیازی ئەوە دەکەن بە جۆرێك لە جۆرەکان رێگە بە حوکمی خۆجێیی کورد بدرێ لەو ناوچانەی زۆرینەی دانیشتوانی کوردن، وەرگرتنی ئەم جۆرە سەربەخۆییە رێگە بە کورد دەدات، ببێتە خاوەنی هەموو مافە رۆشنبیریەکانی خۆی لەناوچەکەو بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەیی.

## پوختەی توێژینەوەو راسپاردەکان

1- کۆدەنگیەکی تەواو لەلایەن چاودێرانی کاروباری تورکیاوە هەیە، کە بەردەوامی دەستپێشخەری کوردیو وەستاندنی کردەوە توندوتیژییەکان هەلی زیاتر بە تورکیا دەدەن، بۆ ئەوەی ببێتە هێزێکی سەرەکی لەسەر هەردوو ئاستی هەرێمیو نێودەوڵەتی، هاوکات لەگەڵ دەرکەوتنی ئەو وڵاتە لە ساڵی 2023 وەکو یەکەمینەکانی ریزبەندی 10 هێزە گەورە ئابووریەکەی جیهان.

2- بە دڵنیاییەوە پارتی کرێکارانی کوردستانو پارتی ئاشتیو دیموکراتی هەندێك دەستکەوتی کاتی لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا بەدەست دێنن، بەڵام هەرگیز هەڵکشانی ململانێکان لە بەرژەوەندی ئەواندانیە.

3- بە دڵنیاییەوە پەکەکە وەکو سەرسەختترین دوژمنی تورکیا سوودێکی زۆر دەبینێو یارمەتی دەدرێ، بۆ گەڕانەوە بۆ حوکمو بێ ئەوەی کە هەستی پێبکات، ئەگەر پەکەکە جۆرە کەشێکی ئاڵۆزو ناسەقامگیر دروست بکاتەوە هەل لەبەردەم سوپاو ئەندامانی ئەرگەنەکۆن، کە ئێستا بۆ ماوەیەکی کاتی خۆیان شارۆدتەوە دەرەخسێنێ، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بە پشتگیری راستڕەوی تورکی وەکو سەرسەختترین دوژمنی کورد

بگەڕێنەوە دەسەڵات، ئەگەر ئەمەش رووبدات ئەوکاتە یەکەکە لەگەڵ حکومەتێك مامەڵە دەکات، کە زۆر توندتر دەبێ لە هەڵوێستەکانی بەرامبەر پرسی کوردو جارێکی دیکەش تورکیا دەست بە دووبارە کردنەوەی ئەزموونە کارەسات بارەکانی سەدەی رابردوو دەکاتەوە.

4- لەبەر ئەم هۆکارانە لەسەر حکومەت‌و پارتی کرێکاران پێویستە هەندێك سازش، کە زۆر پێویستە‌و پێویستیشیان بە بوێری هەیە بۆ یەکتری بکەن، ئەگەر پرسی کورد بە رێگەی ئاشتی چارەسەرنەکرێ، ئەو کات تورکیا رووبەڕووی مەترسیەکان دەبێتەوە، هەر یەکلاییکردنەوەیەکی ئاشتیانەی هەمیشەیی بۆ پرسی کورد لە تورکیا پێویستی بە گۆڕانکاری هەیکەلی سیستمی بەڕێوەبردن‌و دانانی دەستوورێك هەیە، کە هەموو پێکهاتەکانی گەلانی تورکیا لەخۆ بگرێ.

# بەشی یازدە

## هەڵوێستی حکومەتی دادوگەشەپێدان بەرامبەر حکومەتی هەرێمی کوردستان

**تاریق ئەعزەمی**

لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی عێراق لە 2003 ناکۆکی‌و جیاوازیەکی تەواو کەوتە نێوان حکومەتی تورکیا‌و واشنتۆن، هەر لە سەرەتاوە ئەنکەرە باوەڕی وابوو، دەبێ گۆڕانکاری لە عێراق لە دەرەوەی شەڕ بێ، لە بەرامبەریشدا هەولێدەدا باوەڕ بە حکومەتی عێراق بێنێ ئەو گۆڕانکاریانە قەبووڵ بکات، کە لە هاوسەنگی هێزەکانی جیهانی روو دەدەن، بەتایبەت دوای کەوتن‌و هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت، کە بەدوای خۆیەوە کۆتایی بەشەڕی سارد هێنا.

بەلای ئەنکەرە گرنگ بوو هەوڵەکانی تورکیاو خودی گۆڕانەکان، کە بەسەر هاوسەنگی هێزەکاندا هاتووە، ببنە هۆکاری ئەوەی سەدام حسێن دەست بە گۆڕانی ناوخۆیی بکات، بە ئامانجی دروستکردنو رەخساندنی کەشو دۆخێکی سیاسی کە تێیدا جێگەی فرەیی ببێتەوە[255].

هاوکات لەگەڵ پێداگری واشنتۆن بۆ ئەنجامدانی شەڕ دژی بەغدا هەڵوێستی تورکیا پشێوی تێکەوت، ئەگەرچی پێشتر هەر یەکە لە واشنتۆنو ئەنکەرە هەماهەنگیو پەیوەندییەکی بەتینیان لە بواری سەربازیدا بە یەکەوە هەبوو، بەڵام ئەمجارەیان بە پێچەوانەوە لە 1 ی ئازاری 2003 پەرلەمانی تورکیا داواکەی واشنتۆنی بۆ کردنەوەی بەرەی تورکیا بە مەبەستی ئەنجامدانی هێرشی هاوپەیمانان بۆ سەر ڕژێمی عێراق رەتکردەوە، ئیتر لەم بەرواره بەدواوە پەیوەندیەکانی نێوان تورکیاو سەرکردەکانی کوردی عێراقیش بەرەو دواوە چوو، هەروەها پارتی کرێکارانی کوردستان پێگەی خۆی لە ناوچە شاخاویە سەختەکانی سەر سنووری عێراق - تورکیا جێگیرتر کرد، دواتریش دوای ماوەی پێنج ساڵ لە ئاگربەست جارێکی دیکە لە بەهاری 2004 پارتی کرێکارانی کوردستان دەستی بە چالاکیە چەکداریەکانی خۆی کردەوە، بەم هۆیەشەوە سەرۆك وەزیرانی پێشووی تورکیا بولند ئەجەوید مەترسیەکانی تورکیای لە خواستو ئارەزووەکانی کوردی عێراق دەربڕی، کە کاریگەریان بەسەر کوردانی تورکیاوە دەبێ لەمبارەیەوە گوتی: "ئەوان (کوردانی عێراق) بیر لە دامەزراندنی پارتێکی کوردی هاوبیرو هاوشێوەی خۆیان دەکەنەوە لە تورکیا، لەڕاستیشدا لەم کارەیاندا سەرکەوتوو بوونە، کاتێکیش سەرکەوتوو دەبن دەڵێن بۆچی ئێمە لەدوو ناوچەی دابڕاو لە یەکتری بژین، بۆ ئەم مەبەستەش داوا لە تورکیا دەکەن سازش لە خاکەکەی بکات"[256]. کورتەی ئەم لێدوانەی ئەجەوید سەرەتایەکی نوێی لە پەیوەندیەکانی تورکیاو هەرێمی کوردستان لەدوای رووخانی رژێمی سەدام دروست کرد بەجۆرێك تا دەهات ئاڵۆزیو پێکدادانی زیاتری بەرژەوەندیەکانی لێدەکەوتەوە.

جێگەی خۆیەتی لێرەدا کورتەی سیاسەتی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان لەوەتەی دامەزراندنی ناوچەی ئارامەوە بەچەند خاڵێك بخرێتە روو، کورتەی ئەم خاڵانەش بریتین لە:

**یەکەم:** رێگەگرتن لە دروستکردنی دەوڵەتی کوردی لەسەر هەر خاکێك، کە کوردەکان بە مێژووی کوردستانی دادەنێن، ئەوانیش بریتین لە خاکی باکووری عێراق، رۆژئاوای ئێران، رۆژهەڵاتی تورکیا باکوورو رۆژهەڵاتی سوریا[257].

**دووەم:** بەرگرتن لە دامەزراندنی سیستمی فیدراڵی لە عێراق لەسەر بنەمای ئیتنی[258]. هاوکات ئەنکەرە کاردەکات، بۆ پێشخستنو سەرخستنی تورکمانەکان لەسەر هەردوو ئاستی سیاسیو ڕێکخستندا، بە توندیش رەتیدەکاتەوە کەرکوك بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستانی عێراق.

---

(255) The New Iraq،The Middle East and Turkey: Turkish View، SETA Centre Reports، Ankara ، April، 2006، p.36..

(256) رۆژنامەی حورییەت، 2004/11/22.

(257) سەبارەت بە هەڵوێستی تورکیا لە بارەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بڕوانە:
.Nihat Ali Özcan، Could a kurdish State be Set in Iraq، *Middle East policy II*، No. I (2004) p.126-31.

**سێیەم:** ئەنکەرە لە سەر بنەمای پرسی کورد دەستی کرد، بە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەو وڵاتانەی بەجۆرێك لە جۆرەکان هاوسۆزیان بۆ کورد هەیە، بەشێوەیەك پێی راگەیاندن ئەو هاوسۆزییەتان لەگەڵ کورد دەبێتە هۆکاری لێدانو بەرکەوتنی زیان بە بەرژەوەندییەکانتان لە تورکیا، بە پێچەوانەوە ئەگەر ئەم هاوسۆزییەتان بەلاوەبنێن، بەدڵنیاییەوە بەرژەوەندییەکانتان پەرەسەندوو دەبێ، بۆ وێنە کە ئێستاکە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا - ئێران، تورکیا - سوریا لەو بوارەداو لەسەر حیسابی کورد پێشکەوتنی گەورەی بەخۆوە بینیوە (دیارە ئەم هەڵوێستەی تورکیا بەر لە دەستپێکردنی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی لە ناویشیاندا سوریا بووە، چونکە لەکاتی ئێستادا هەر یەکە لە ئەنکەرەو دیمەشق بوونەتە سەرسەختترین دوژمنی یەکتری/ وەرگێڕ). بەگشتی دەبێ ئەوە لە بەرچاو بگیرێ، کە بەر لە هەڵگیرسانی شەڕی هاوپەیمانان دژی عێراق، فاکتەری کوردی ئامادەگییەکی بەهێزی لە حیساباتی ئەنکەرەدا هەبووەو لە ریزی پێشەوەی ئەولەویەتە ستراتیژییەکانی خۆی داناوە.

## پێشهاتەکانی هەڵوێستی تورکی

دوای کەوتنی رژێمی سەدام بارودۆخەکە تەواو پێچەوانەی بەرژەوەندیەکانی تورکیا گۆڕا، هۆکارەکەشی ئەمانەی خوارەوە بوون:

پەیوەندیەکانی نێوان تورکیا - ئەمەریکا لەدوای بڕیاری پەرلەمانی تورکیا لە 1 ی ئازاری 2003، کە رێگەی نەدا خاکی وڵاتەکەی بۆ لێدانی عێراق بەکاربهێنرێت بەرەو دواوە چوو[259].

دواتر پەیوەندیەکانی نێوان واشنتۆن لەگەڵ کورد لە کوردستانی عێراق پێشکەوتنی بەخۆوە بینی، بەم هۆیەوە کورد قازانجێکی نێودەوڵەتی کردو ئەرکی تورکیاشی قورسترکرد، هەروەها کاریگەری ئەرێنی هەبوو بەسەر رۆڵی هەرێمایەتی تورکیا لە ناوچەکەدا.

---

(258) Hakan ، Provincial/ Not Ethnic Federalism in Iraq ، *Middle East Policy II*، No. I (2004)، pp. 128-31.

(259) بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی ناکۆکی نێوان تورکیاو ئەمەریکا سەبارەت بە شەڕی دژ بە عێراق بڕوانە:
Cengiz Eandar، Turkish Foreign Policy and the war on Iraq، in *The Future of Turkish Foreign Policy*، ed.، Lenore G. Martin and Dimitris Keridis (Cambridge، MA: MIT Press، 2004)،pp. 47-60.

چالاکیەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لەدوای رووخـانی رژێمی سـەدام لـە 2003 بـەهۆی لـە دەسـتدانی تواناکـانی تورکیـا لـەناو خـاکی عێـراق روو لـەزیادبوون بـوو، پاشـان لـە 2007 وە جـارێکی دیکـە تورکیـا هێرشـە ئاسمانیـەکانی بۆ سەر پێگەکانی گەریلاکانی پەکەکە لەناوچە سنووریەکانی نێوان عێراقو تورکیا دەست پێکـردەوە، بەگشـتی ئـەم رەفتـارەی سـوپای تورکیـاش نـاڕەزایی عێراقـی لێکەوتـەوە، بـەڵام لەگـەڵ ئـەم هەڵوێستەیشـی بەغـدا جـەختی لەسـەر لـە نـاوبردنی پەکەکـە کـردەوە، بـەجۆرێك دەبێـت لـەمیانی لێژنـەی هاوبەشـی عێراقـی - تـورکی - ئەمەریکیەوە بێ، ئـەوەبوو چالاکیەکانی لێژنەکـە رووەو پاشەکشـە چـوو، بەتایبـەت دوای دواهـەمین کۆبوونـەوەی خۆی کە لە 2009/4/11 ئەنجامیدا.

بەهۆی ئامادەیی هێزەکانی ئەمـەریکا، تورکیـا رۆڵـی (بریکـاری) وڵاتـە یـەکگرتووەکانی لـەعێراق لەدەسـتدا، پاشانیش (دەستپێشخەری هەرێمایەتی) لە دەست چوو، دواتریش پەیوەندیەکانی لەگەڵ کوردانی عێراق پاشەکشـەی کرد، دوای ئەوەی لەوەتەی نەوەدەکانی سەدەی رابردووەوە جۆرە باش بوونو گەشەیەکی پێوە دیار بوو(260).

دانووستانەکانی نێوان تورکیاو یەکێتی ئەوروپا لە 3 ی کانوونی 2005 ئەنکـەرەی لـە بـەردەم چـەند بـژارێکی سیاسی بەرامبەر کورد لەسەر هەردوو ئاسـتی نـاوخۆییو هەرێمایـەتی دانـا، پاشـان لـە دوای ئـەم بارودۆخـە تورکیـا هەوڵیـدا کەشـێکی نـوێ دروسـت بکـات، بـۆ ئـەوەی بـە ئاڕاسـتەی چـەند بژاردەیـەکی دیکـەی سیاسـی هـەنگاو بنـێ، ئەوانیش بریتین لە:

- هەماهەنگی نێوان تورکیا، سوریاو ئێران، بۆ دروسـتکردنی هەڵوێسـتێکی یـەکگرتوو بەرامبـەر پێشـکەوتنەکانی کورد لە باکووری عێراق.
- بەرزکردنەوەی ئاستی هاوکارییە ئەمنیو هەواڵگریەکانی لەگەڵ سوریاو ئێران، بۆ دژایەتیکردنی چـالاکیەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان(261).

دوای ئـەوەی بـەهۆی پێشـکەوتنەکانی کوردسـتانی عێـراق ئـەو رۆڵـەی هـەیبوو لەدەسـتیدا، تورکیـا ئـەمجارەیان هەوڵیـدا سـەر لـە نـوێ هـەژموونو نفـوزی خـۆی لـە عێـراق بەتایبـەت لـە پەیوەندیـەکانی لەگـەڵ سـوننەدا بونیـاد بنێتەوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش هـەوڵێکی زۆریـدا بـۆ ئـەوەی حزبـی ئیسلامیو بـەرەی تـەوافوق بەشـداری پرۆسـەی سیاسی بکەن(262).

---

(260) لقمان عمر محمود، تركيا في الاستراتيجية الأمريكية المعاصرة دراسة في الموقف التركي من الحرب على العراق 2003. بحث قدم في مركز الدراسات التركية بجامعة الموصل، 2006.

(261) Philip Robins، Turkish Foreign Policy Since 2003،*International Affairs* 83: I(2007)، pp. 289-304.

(262) لە دێسمبەری 2005 لە شاری ئەستەنبۆڵو لە سەر زاری هەریەك لە وەزری دەرەوەی تورکیا عەبدوڵڵا گوڵ، باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق زاڵمای خەلیلزادو تاریق هاشمی ئەمینداری گشتی حیزبی ئیسلامی عێراق، بەرەی تەوافوق بەشداریکردنی خۆی لە پرۆسەی سیاسی عێراق راگەیاند.

**توركیا پارێزگاری لە پەیوەندیە ئەرێنیەکانی لەگەڵ حکومەتەکانی عێراق لەدوای کەوتنی رژێمی پێشوو بەتایبەت حکومەتەکەی هەریەك لە ئەیاد عەللاوی، ئیبراهیم جەعفەری‌و حکومەتی ئێستای نووری مالیکی کرد، باوەڕی ئەنکەرە وابوو دەبێت حکومەتی ناوەندی لە عێراق بەهێزتر بکرێ، بێئەوەی ئاوڕ لە پاشخانی سیاسی‌و مەزهەبی ئەم ناوەندە بدرێتەوە، بەباوەڕی توركیا پشتگیری کردن لە مانەوەی عێراق وەکو دەوڵەتێکی ناوەندی بەهێز یەکپارچەیی‌و سەقامگیری ئەو وڵاتە دەپارێزێ، هەروەها دەستی بەغدا کراوەتر دەکات، لە ناوچە سنووریەکانی لەگەڵ توركیا، بۆ بێبەشکردنی پارتی کرێکارانی کوردستان لە قۆستنەوەی ناوچەکە بۆ ئەنجامدانی هێرشەکانی بۆ سەر توركیا.**

**بە پێچەوانەی وڵاتانی دیکەی دراوسێ، توركیا خۆی بەدوور گرت، لەهەر ململانێیەکی تائیفی لە عێراق‌و پشتگیری لە هیچ هێزێك نەکرد لە دژی هێزێکی دیکە، ئامانجی سەرەکی ئەنکەرە لەخۆ دوورخستنەوەی ململانێکانی تائیفی لەعێراق مانەوەو پاراستنی رۆڵە کاریگەرەکەی بوو بەسەر تەواوی هێزەکاندا، دیسان بەهەمان شێوە ئەنکەرە نەچووە ناو هیچ ململانێیەکی راستەوخۆ، کە دواتر بە هۆیەوە بەر نفوزی لایەنەکانی دیکەی هەرێمایەتی لەناو عێراق بکەوێت.**

**دیارە جیاوازی زۆر هەیە لەنێوان تێڕوانینی پارتی دادو گەشەپێدان‌و دامەزراوەی سەربازی لەمامەڵەکردن لەگەڵ کەیسی کوردی لە چوارچێوە هەرێمایەتیەکەیدا، بۆ ئەم مەبەستەش ئاماژە بەسێ جیاوازی سەرەکی دەکەین، کە ئەمانەی خوارەوەن:**

- **بە پێچەوانەی هەڵوێستی سوپاو دامەزراوەی کەمالی، حکومەتی ئەردۆگان هیچ پاساو بەربەستێك نابینێ، لە مامەڵەکردنی لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراق، بەو پێیەی هەرێمێکی واقیعی‌و دانپێنراوە لە دەستووری عێراقی، کە زۆرینەی عێراقیەکان دەنگیان بۆداوە.**
- **حکومەتی ئەردۆگان پارێزەیی دەکات، لەهەر جۆرە گوتارێکی هەڕەشە ئامێزی دامەزراوەی سەربازی بۆ چوونە ناو باکووری عێراق بە بیانووی پاراستنی کەرکوك‌و بەرگریکردن لە تورکمانەکان، لە بری ئەم جۆرە بیانووو دروشمانە حکومەتەکەی ئەردۆگان لە ژێر رۆشنایی یاسای نێودەوڵەتی‌و بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە پشتگیری لە تیرۆر دەکات، دروشمی دەرکردن‌و راوەدونانی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان بەرزکردەوە.**
- **حکومەتی ئەردۆگان بە چاوی ئەرێنی تەماشای بزووتنەوەو پارتە تورکمانیەکان ناکات، بەتایبەت ئەوانەی کە هەڵگری گوتارێکی نەتەوەیی دژ بە کوردن، هەر بۆیە خۆی لە هەندێك لەو هێزانە بەدوور دەگرێ، کە لەلایەن دامەزراوەی سەربازییەوە پشتگیری دەکرێن، دیسان لەبری ئەمەشدا حکومەتی ئاك پارتی کرانەوەی تورکمان بەرووی هێزە کاریگەرەکانی گۆڕەپانی سیاسی عێراق بە پێویست دەزانێ[263].**

---

(263) بۆ زیاتر زانیاری سەبارەت بە دیدگای پارتی دادو گەشەپێدان لە بارەی ئەو پرسە، بڕوانە:

لـەلای خۆیـەوە دامـەزراوەی سـەربازی ناتوانـێ هـیچ ئەگـەرێکی دیکـە دابنـێ جگـە لـە ئەنجامـدانی پرۆسـە سەربازیەکانی بۆ سەر پارتی کرێکارانی کوردستان، هەروەها واشنتۆن بەهۆی پەیوەندی بـەهێزی لەگـەڵ حکومـەتی هەرێمی کوردستانی عێراق رەتی کردەوە چیتر گلۆپی سەوز بـۆ سـوپای تورکیـا هـەڵبکات، بـۆ پەڕینـەوەو هاتنـە نـاو سـنووری عێـراق بـەو شـێوە رەهایـەی پێشـتر وەریگرتبـوو، لـە بەرامبەریشـدا ئەمـەریکا نایـەوێ تورکیـای دۆسـتو هاوپەیمانی لە مێژینەو ئەندامی پەیمانی ناتۆو ئەو پێگە ستراتیژیەکەی هەیەتی لە دەست بدات، بەواتایـەکی دیکـە واشنتۆن ناتوانێ بەئاشکرا لایەنگری بەهێزی هیچ لایەکیان بکات، بۆیە هەر یەك لە تورکـەکانو کوردەکـانی عێـراق هەوڵدەدەن باوەڕ بە ئەمەریکا بێنن، سـەربارەت بـە بـاوەڕو تێڕوانینـی خۆیـان، بـەڵام لەچوارچێوەی هاوپـەیمانێتی نێوانیاندا.

## ئەنجامو هۆکارەکان

ئەگـەری دەسـتوەردانی سـەربازی لەلایـەن سـوپای تورکیـاوە لـە نـاو خـاکی هـەرێمی کوردسـتانی عێـراق پەیوەستە بە ئەنجامو هۆکارەکانی ناوخۆییو هەرێمایەتی.

### ئەنجامو هۆکارە ناوخۆییەکان

1- دووبارە گەڕانەوەی دامەزراوەی سـەربازی بـۆ وەرگرتنـی رۆڵێکـی گـەورەتر، کـە ئەمڕۆکـە لـە گۆڕەپـانی سیاسـی تورکی هەیەتی.

2– دامەزراوەی سەربازی لە توانایدایە (کۆدەنگی نیشـتمانی) لـەدەوری خـۆی کۆبکاتـەوە، بـە دڵنیاییـەوە هەوڵـدەدا ئەگەر پێویست بکـات، دەتـوانێ لـە ئێسـتای دیمـەنی سیاسـی تورکیـا هەڵبگەڕێتـەوەو سـەراو ژێـری بکـات، بـەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لە بارودۆخی ئێستادا ئـەم ئەگـەرە بـە دوور دەزانـرێ، چونکە تاڕادەیـەك جـۆرە گونجانێـك لـە نێوان حکومەتو سوپادا هەیە.

Saban Karadas، Turkey and the Iraq Crisis، in *The Emergence of a New Turkey*، ed. Hakan yavuz، Salt Lake City، Utah: The university of Utah Press، 2006، pp.306 – 330.

## هۆكارەكانی هەرێمایەتی

1- سەر لەنوێ دابەشكردنەوەی كارتەكان لە عێراق، كە بەم هۆیەوە جارێكی دیكە توركیا ئامادەگی لەناوچەی هەرێمی كوردستان دەبێ، بەشێوەیەك لە سەر ئاستی سەربازیدا هەڵمەتە سەربازیەكان زیاد دەكەن، هەروەها لەسەر ئاستی سیاسیشدا كرانەوەیەكی گەورەترو گفتوگۆیەكی راستەوخۆ بە ئەنجام دەگات.

2- سەر لەنوێ دەركەوتنی رۆڵی هەرێمایەتی توركیا لە ناوچەكە كە پشت ئەستوورە بە پشتگیریەكانی ئەمەریكاو بەریتانیا، ئەم رۆڵە لە عێراق دەست پێدەكاتو راوەستانەكەیشی پێویست ناكات، ئامانجی سەرەكی لە رۆڵی هەرێمایەتی توركیا لە ناوچەكە، بۆ هاوسەنگكردنی نێوان نفوزی ئێرانو ئەو وڵاتانەی ناوچەكەیە كە هاوپەیمانو دۆستی رۆژئاوان.

## هۆكارەكانی نێودەوڵەتی

1- هەر هێرشێكی بەرفراوانی سەربازی سوپای توركیا لە ناو خاكی هەرێمی كوردستان بۆ سەر بنكەو پێگەكانی پارتی كرێكارانی كوردستان كاریگەری نەرێنی دەبێت، بەسەر پەیوەندیەكانی نێوان ئەنكەرەو واشنتۆن،، كە لەوەتەی 2003وە ئاڵۆزیان تێكوتووە، ئەم دۆخەش لە بەرژەوەندی هیچ لایەكیاندا نیە، بەتایبەت، كە هەردوولا پێویستیان بەیەكتری هەیە، بۆ پتەوكردنو پشتگیریكردنی هەندێك پرسی پەیوەندار.

لەڕاستیدا وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا پێویستی زۆری بە توركیا هەیە، بۆ ئەوەی رۆڵی زیاتری خۆی لە زنجیرە بازنەی جیۆسیاسی لە ئەوروپا، رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ئەفغانستان بگێڕێ، لە بەرامبەریشدا توركیا هەمان پێویستی زۆری بە ئەمەریكا هەیە بۆ پێشخستنی ئابووریو هاوكاریەكانی بۆ چوونە ناو یەكێتی ئەوروپا، ئەم لە یەكگەیشتنە لە نۆڤەمبەری 2007 بەتایبەتیش لەمیانی دیدارێكی سەرۆك وەزیرانی توركیا رەجەب تەیب ئەردۆگانو سەرۆكی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا جۆرج بۆش لەنێوان ئەنكەرەو واشنتۆن دروست بوو، تێیدا هەردوولا رێككەوتن لەسەر هاوكاریو هەماهەنگی زیاتری نێوانیان، ئەمەش هەموو ئەگەرەكانی هێرشی بەرفراوانی سەربازی سوپای توركیا بەدوور دەخاتەوە.

2- پرۆسە سەربازیەكانی توركیا هەستی دوژمنكارانەی هەرێمایەتیو نێودەوڵەتی بەرامبەر بە توركیا زیاتر دەكات، هەروەها رەنگە پاڵ بە یەكێتی ئەوروپاوە بنێ، بۆ ئەوەی لەجاران زیاتر توندتربێ، لە رێگرییەكانی بەرامبەر بە ئەندام بوونی توركیا لە یەكێتیەكە، بەتایبەت كە ئەوروپیەكان باش بوونی رەوشی مافەكانی مرۆڤ لە توركیا بەگرنگترین مەرج دادەنێن، بۆ وەرگرتنی توركیا لە رێكخراوی سیاسیو ئابووری ئەوروپی.

3- لەگەڵ ئەو توانا سەربازیە گەورەیەی تورکیا هەیەتی، بەو واتایەی هەر کاتێك حکومەت بڕیار بدات سوپا دەتوانێ بەتەواوی ئەرکی خۆی هەڵبستێ، بەڵام ئەو گۆڕانەی بەسەر شێوازی شەڕی هێزە هەڵگەڕاوەو بەرگریکارەکاندا هاتووە، لە چۆنیەتی شەڕی کۆڵانەکانو شەڕی پارتیزانی شاخەکاندا ئاستەنگی سەخت لە بەردەم سوپای تەقلیدی دروست دەکات، بۆ چاودێریکردنی ئەم جۆرە شەڕانە، پاشان هەر جۆرە شەڕێکی لەم شێوەیە خوێنی زۆری دەوێو کەسیش پێشبینی کۆتاییەکەی ناکات.

4- هەر پرۆسەیەکی بەرفراوانی سەربازی دەبێتە هۆی لەبارچوونی ئابووری تورکیا، هەروەها کۆتایی بەهەموو ئەو دەستکەوتو بوژانەوە ئابووریانە دێنێ، کە حکومەتی پارتی دادو گەشەپێدان لەماوەی چەند ساڵی رابردوو بەدەستی هێناوە، بەتایبەت کە تورکیا لە ساڵی 2006 توانی پلەی هەژدەهەمین لە ریزبەندی وڵاتە گەشەسەندووەکانی جیهان وەربگرێ، هەروەها بەرێژەی 5،8٪ گەشەی ساڵانەی توانیویەتی راستەوخۆ پێش هەریەك لە بەلژیکاو سوید بکەوێ.

بەشێوەیەکی گشتی دروست بوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەكو دەستپێکردنەوەی چالاکیەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لەلایەکی دیکە، دەبنە هۆی دروست بوونی چەند کێشەیەك لەسەر ئاستە جیاوازەکانی پەیوەندیەکانی نێوان تورکیاو عێراق.

لە سەر ئاستی یەکەم خواستە رەواکانی کورد یەکانگیرو کارلێك دەکات، لەگەڵ ئەوەی بەدوای خۆیدا دەیهێنێ لە زەروریەتی مێژوویی‌و بابەتی ترسی هەرێمایەتی، کە بەردەوام لەزیاد بووندایە، بەڵام ئاستی دووەم کە قووڵایی تەنگژەکەیە بەهۆیەوە هاوکێشەی هەرێمایەتی سەنگەلا دەبێت، لەگەڵ ئەمەشدا دەستکەوتەکان جێگیر نابن، چونکە وەکو هەرێمێکی لکێندراو لە چوارچێوەو رێکخستنی هەرێمایەتی نوێی ناوچەکە دانیپێدەنرێ، هەروەها لەبەر ئەوەی عێراقو دراوسێکانی لە ناوبڕێکی چرکەساتی نێوان دوو قۆناغدان، تورکیا هەوڵدەدا لەمیانی هاوپەیمانێتی نێوانیاندا باوەڕ بە واشنتۆن بێنێ لە راستیو دروستی تێگەیشتنو دیدگای خۆی سەبارەت بەو پرسانەی کە لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراق ناکۆکیان لەسەر هەیە.

هەروەها بەهۆی کارلێكو بەریەککەوتنی هەرێمایەتیو بەرژەوەندیەکانی نێودەوڵەتی کە بە رێکخستنی هەرێمایەتیو دەستکەوتی شەرعیو واقیعی ناوزەد دەکرێ، ناکرێ پێشنبینی سەقامگیری تەواو لەعێراق بکرێ، بەبێ ئاوڕدانەوە لە تێگەیشتنی هێزە کاریگەرەکانی هەرێمایەتیو نێودەوڵەتی لە گۆڕەپانی عێراقدا، بەڵام واشنتۆن، کە رووبەڕووی ئارەزووە هەرێمایەتیەکانی ئێران دەبێتەوەو بەگەورەترین بەرەنگاری بەردەم خۆیشی دادەنێ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆیە ناتوانێ دەستبەرداری تورکیای هاوپەیمانی ببێ، بەتایبەتریش ئەگەر بێتو واشنتۆن یەکلاییکردنەوەی سەربازی بۆ لێدانی ئێران هەڵبژارد، ئەوکاتەش هاوسەنگی هێزەکان لە قووڵایی بەرژەوەندیەکانی رۆڵی تورکیا دەگۆڕدرێن، بەم ئەنجامەش واشنتۆن ناتوانێ دەستبەرداری ببێ، بەڵام ئەگەر واشنتۆن بەرەو ئاڕاستەی لێکتێگەیشتن لەگەڵ ئێران هەنگاوینا، کە لەکاتی ئێستادا ئەگەرێکی پێشبینی کراوە بەتایبەت دوای گەیشتنی

کۆماریەکان بۆ سەرۆکایەتیکردنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا رەنگە ئەوکات واشنتۆن قەرەبووی ئەنکەرە بکاتەوە بەهەندێك سازشکردن لە سەر حیسابی باکووری عێراق‌و بەهێزکردنی نفوزەکەی لە عێراق‌و ناوچەکە بەگشتی، بۆ ئەوەی لەدواجاردا هاوسەنگی هێزی هەرێمایەتی تورکیا لەگەڵ نفوزی هەرێمایەتی ئێران لەناوچەکە یەکسان بکاتەوە.

لە تێڕوانینی مێژوویی پەیوەندیەکانی نێوان ئەمەریکاو تورکیا بۆمان دەردەکەوێ پرسە ستراتیژیەکان گرنگترین کۆڵەگەی پێکهێنان‌و دروست بوونی ئەم پەیوەندیانەن، بەردەوامیش تورکیا لە روانگەو لۆژیکی جیۆستراتیژیە گرنگەکەی خۆیدا بۆ سیاسەت‌و بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا لەناوچەکە دانووستانی لەگەڵ واشنتۆن کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا هەڵبژاردنی باشترینی هاوپەیمانێتی ئەمەریکی - کورد لە عێراق، یاخود ئەمەریکی - تورکی لە ناوچەکە یەکلایی نەبۆتەوە، بەڵام ئەگەر تای تەرازووەکە بەلای تورکیادا کەوت، کە خاوەنی توانایەکی گەورەی سەربازی، ئابووری، پێگەی سەنگینی دیمۆگرافی‌و نموونەی سیستمێکی سیاسیە دەبێتە هاوبەشێکی سوودمەند بۆ ئەمەریکا هاوکاتیش لەگەڵ پاراستنی هاوپەیمانێتی کوردی، بەڵام بەو مەرجەی هەر یەکە لە بەغداو ئەنکەرە لەسەری رازیبن.

لە راپۆرتێکدا کە لێژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی کۆنگرێس لە ئازاری 2007 بڵاویکردۆتەوە، گفتوگۆیەکی تێرو تەسەل لەلایەن ئەندامانی کۆنگرێس لەسەر رۆڵی ئەرێنی تورکیا وەکو هاوپەیمانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کراوە، هۆکارەکەشی بۆ ئەم چەند خاڵەی خوارەوە دەگەڕێتەوە:

- بەشداریکردنی هێزەکانی تورکیا لەجەنگی دژ بە کۆریاو پێشکەشکردنی چەند پشتگیرییەکی جۆراوجۆر بۆ هەوڵەکانی رۆژئاوا لەماوەی جەنگی ساردا.
- رۆڵی تورکیا بۆ پشتگیریکردنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەماوەی تەنگژەی بەلکان، پێشکەشکردنی هاوکاریەکان بۆ هەوڵەکانی ئەمەریکا بە مەبەستی رووبەڕووبوونەوەی شەڕی تێرۆر بەجۆرێك هێزەکانی تورکیا رۆڵێکی باشیان لە ئەفغانستان هەبوو، هەروەها حکومەتی تورکیا رێگەیدا بە کارئاسانیکردن بۆ پڕکردنی هێزە فرەڕەگەزەکان لە عێراق بە پێشکەشکردنی هاوکاری لۆجستی‌و سووتەمەنی لەمیانی بنکەی سەربازی ئەنجەرلیك‌و سنووری وشکایی نێوان عێراق‌و تورکیا.
- هاوپەیمانێتی پتەوی نێوان دامەزراوەی سەربازی تورکی‌و ئیسرائیل.
- لەسەرەتای سەدەی بیست‌و یەکەوە تورکیا رۆڵێکی زۆر گرنگی هەبووە بۆ هاوکاریکردنی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەت کە حکومەتی ئێستای تورکیا ئارەزوو دەکات، رۆڵی نێوانگری نێوان ئیسرائیل‌و وڵاتانی عەرەبی بگێڕێ.

- بەو پێیەی سنووری تورکیا دەکەوێتە سەر سنووری هەریەك لە عێراق، سوریاو ئێران، بۆیە ولآتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نایەوێ دەستبەرداری ئەم هۆکارە جیۆسیاسیە ببێ لە نەخشەدانانی پەیوەندیەکانی لەگەڵ هەریەك لەم ولآتانەدا.
- سیستمی سکیۆلاریزمی تورکی بە چەکێك لە چەکەکانی دەستی رۆژئاوا دادەنرێ، بۆیە دەبێ رۆڵی زیاتری پێبدرێ بۆ دژایەتی پێکردنی ئەوەی پێی دەگوترێ ئیسلامی توندڕۆ کە دژی رۆژئاوایە.

بەم دواییانە تورکیا توانی گرنگیەکی دیکە لە بواری ستراتیژی ئابووری سەبارەت بە پرسی وزەو سووتەمەنی بەدەست بێنێ، گرنگی ئەم دەستکەوتەش بۆ ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا سوودی خۆی هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش تورکیا دەبێتە دەروازەو پردێك بۆ گواستنەوەی نەوتو گاز لە ولآتانی قەوقازەوە بۆ رۆژئاوا، دواتریش ئەم پرسە پەیوەندی بە داهاتووەوە هەیە سەبارەت بە پرسی ململانێو هەژموونی نێوان هێزەکان بۆ دەست بەسەرداگرتنی ناوچەکانی سووتەمەنی لە جیهاندا.

پاشان راپۆرتەکەی کۆنگرێس باس لەوە دەکات "لەبەر ئەم هۆیانەو سەرەڕای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد، بەڵام تا ئێستا تورکیا هاوپەیمانی ستراتیژی رۆژئاوایەو ناکرێ دەستی لێبەربدرێ، بەڵکو پێویستە پشتگیری هەوڵەکانی بکرێ بۆ بنبڕکردنو لەناوبردنی تیرۆری پارتی کرێکارانی کوردستان، لەبەرامبەریشدا هانی سەرکردەکانی کوردی باکووری عێراق بدرێ کارێك نەکەن ئەم هاوپەیمانێتیەی نێوان ولآتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو تورکیا لەکەدار بێت"[264].

ئەوەبوو دوابەدوای دیدارەکەی نێوان سەرۆك ئەردۆگانو سەرۆك بۆش لە 5 ی کانوونی دووەمی 2007 تورکیا توانی هەڵوێستی پشتگیریکارانەی واشنتۆن بە دەست بێنێ، بۆ ئەم مەبەستەش هەردوولا لەسەر هەماهەنگیکردنی یەکتری دژی پارتی کرێکارانی کوردستان رێککەوتن، دواتر ژەنەڕاڵ (کۆلسن) لەدەستەی سوپا سالاری ئەمەریکا راسپێردرا بۆ ئەوەی بچێتە ئەنکەرەو هەماهەنگی مەیدانی لەگەڵ هێزەکانی تورکیا بکات، بۆ لێدانی پێگەو بارەگاکانی پەکەکە لە ناوچە سنووریەکانی نێوان تورکیاو عێراق[265].

---

(264) United States Congress، Committee on foreign Affairs، House of Representatives، *" U.S.-Turkish Relations and The Challenges Ahead،"* Ser. No.110-30. March 15، 2007. US Government Printing Office، Washington. 2007.

(265) R.Nicholas Burn ، Under Secretary for Political Affairs، *"the Future of U.S. Turkey Relationship،"* Remarks at The Atlantic Council of the United States (ACUS). Published by The U.S. Department of State Website at http://www.stat.gov.

# تورکیا، کوردو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

## ئاڕاستەکانی سیاسەتی تورکیا بەرامبەر کوردستانی عێراق لەسەردەمی پارتی دادو گەشەپێدان لەماوەی نێوان ساڵانی 2002- 2009

د. بەیار مستەفا سەیفەدین

لەوەتای دروستبوونی سیستمی کۆماری لە ساڵی 1923 هیچ کات تورکیا وەکو ئێستا لەلایەن ناوەندەکانی توێژینەوە، توێژەرانو نەخشە دارێژەرانی سیاسەتی دەرەوە، دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ناوخۆییو هەرێمایەتیو نێودەوڵەتی لە سەر هەردوو ئاستی ناوخۆو دەرەوە گرنگی پێنەدراوە. هەروەها لە پێشوودا تورکیا هەرگیز بەم شێوەیەی ئێستا تێکەڵ بە کاروبارو ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو جیهان نەبووە، هیچ کاتێکیش سەرکەوتنی لەم شێوەیەی ئەمڕۆ لە بوارەکانی ئابووری، بازرگانیو سیاسی بەدەستی هێناوە تۆمار نەکردووە.

لە ڕاستیدا سەرکەوتنە گەورەکەی پارتی دادو گەشەپێدان لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی نۆڤمبەری 2002 سەرەتایەك بوو، بۆ کەوتنی چینی باڵادەستی سیاسەت لە تورکیا، کە لەماوەی ساڵانی 1938- 2002 فەرمانڕەوایەتی وڵاتی کردووە، لێرەدا ماوەی سەردەمی فەرمانڕەوایەتی موزمینو ئەو چینە سیاسیەی کە هەموو ڕاستگۆییەکی خۆی بەهۆی فەزیحەو نەنگییە یەك لەدوایەکەکانو بڵاوبوونەوەی گەندەڵیو داتەپینی ئابووری لەدەستدا کۆتایی پێهات. ئابووری وەکو یەکێك لە کۆڵەگە سەرەکیەکانی دەوڵەت بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگە هەمیشە پێویستی بە پەرەپێدانو بوژانەوەی زیاتر هەیە، بەڵام ئەوەی لە تورکیا ڕوویدا بە پێچەوانە بوو، بە جۆرێك لە

شوباتی 2000 نرخی لیرەی تورکی بە ڕێژەی 40٪ دابەزی، لەبەرامبەردا لە ساڵی 2001 ڕێژەی بێکاری بۆ 6،12٪ بەرز بۆوە، دواتر لە ناوەڕاستی هەمان ساڵدا ڕێژەکە بۆ 2،17٪ دووبارە بەرز بوونەوەی زیاتری بەخۆوە بینی. ئەمانە هۆکارگەلێك بوون بۆ ئەوەی گەل لە هەڵبژاردنەکاندا هەڵوێستی خۆی لەبەرامبەر چینی سیاسەتی تەقلیدی دەربڕێ، بەم هۆیەوە پارتی دادو گەشەپێدان توانی لە هەرسێ هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی ساڵانی 2002 ، 2007 ، 2009 لەلایەن زۆرینەی گەلەوە دەنگی پێبدرێ، لە بەرامبەریشدا چینی فەرمانڕەوای تەقلیدی شکستێکی گەورەی بەرکەوت.

بەم شێوەیە پارتی دادو گەشەپێدان بووە تاکە هێزی سیاسی وڵات، کە لەوەتای ساڵی 1987وە بۆ یەکەمین جارە تاکە پارتێکی سیاسی بەبێ پێکهێنانی هاوپەیمانی بۆ سێ خولی یەك بەدوای یەك بەتەنیا کابینەی حکومەت پێکبهێنێ، لەناو پەرلەمانیشدا پارتی دادو گەشەپێدان تەنیا ڕووبەڕووی ئۆپۆزسیۆنێکی لاواز بە نوێنەرایەتی پارتی گەلی کۆماریو لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەش پارتی کاری نەتەوەو پارتی ئاشتیو دیموکراتی کوردی بوویەوە.

هەر لەگەڵ یەکەم ڕۆژی وەرگرتنی دەسەڵات پارتی دادو گەشەپێدان گۆڕانێکی ریشەیی بەسەر دووبارە دامەزراندنەوەی هەیکەلی دەوڵەتو دامەزراوەکانی دەستووری، مەدەنی، حوکمی سەبازیو دادوەریدا هێنا، بەدەر لە چەمكو پێناسە کلاسیکیو بە پیرۆزگیراوەکانی سەردەمی ئەتاتورکو دواتریش کەمالیزم، حکومەتی ئاك پارتی دەستیکرد بە دووبارە داڕشتنەوەی چەمك، ڕێساو تیۆرەکانی تایبەت بە پەیوەندیەکانی دەرەوە لە ناویشیاندا ئاسایشو بازرگانی.

لە قۆناغی یەکەمی دروست بوونی کۆمار لە 1923 - 1946و دواتریش قۆناغی جەنگی سارد تورکیا چەندین پۆستی گرنگی بەدەستهێنا، لەوان ئەندامێتی یا چاودێریکردن یاخود پێکهێنانی هاوپەیمانێتی لەگەڵ زۆرێك لە هێزە دیارەکانی هەرێمیو نێودەوڵەتی، کە بە پلەی یەکەم گرنگیان بەلایەنی ئاسایش دەداو سەر بە بلۆکی ڕۆژئاوا بەتایبەتریش وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوون، ئەوەبوو لە پاڵ پرۆسەی بەئەندام بوون لە یەکێتی ئەوروپا تورکیا توانی ئەندامێتی نەتەوە یەکگرتووەکان، لێژنەی ئەوروپی، پەیمانی باکووری ئەتڵەنتیك، ڕێکخراوی هاریکاریو بوژانەوەی ئابووری، ڕێکخراوی ئەوروپی بۆ هاریکاریو ئاسایش، ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی، ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی، ڕێکخراوی دەریاری ڕەش بۆ هاریکاری ئابووری، ڕێکخراوی هاریکاری ئابووری، کۆمەڵەی هەشت وڵاتەکەو کۆنگرەی راوێژی متمانەو هاریکاری زیاتر لە ئاسیا بەدەست بێنێ، هەروەها توانی بەشدار بێ لە دەستپێشخەری پرۆسەی بەرشلۆنە بۆ یەکێتیەکان لە دەریای ناوەڕاست.

سەرەڕای ئەوەی ئەنکەرە لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد، هەستا بە دروستکردنی چەندین پەیوەندی دەرەکی هەمە جۆر، بۆ ئەم مەبەستەش ڕووی لە باکوورو باشوور کرد، بەڵام بەهاتنی پارتی دادو گەشەپێدان بۆ دەسەڵات قۆناغێکی نوێ (قۆناغی دووبارە دۆزینەوە)ی ئەو ناوچانەی لە پێشوودا بەشێك بوون لە سنووری دەوڵەتی عوسمانی دەستپێکرد، بۆ ئەم مەبەستەش تورکیا دەستی کرد بە دروستکردنی پەیوەندیەکی پتەو لەگەڵ

هەریەك لە سوریاو ئێران، کە رکابەری سەرسەختی ئەمەریکان، هەروەها توانی نێوانگری دانووستانەکانی نێوان ئیسرائیلو سوریاو فەلەستینیەکان بکات، هاوکاری خۆیشی پێشکەشکرد بۆ دۆزینەوەی چارەسەری ئاشتیانەی پرسی بەرنامە ئەتۆمیەکەی ئێران، دواتر لە ناوچەی قەوقاز ئەنکەرە پێشنیازی ئاشتیانەی پێشکەشکرد بۆ دەستوەردانی سەربازی رووسیا لە ناوخاکی جۆرجیا.

تادێ چاڵاکیە دپلۆماسیەکانی تورکیا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی روو لە زیاد بووندایە، بەشێوەیەك لە ماوەی 2009 - 2010 توانی سەرۆکایەتیکردنی پرۆسەی هاریکاری نێوان وڵاتانی باشووری رۆژهەڵاتی ئەوروپا وەربگرێ، هەروەها لەمیانی کۆنگرەی لووتکەی سەرۆك دەوڵەتانو حکومەتەکانی ئەندام لە کۆنگرەی هاریکاری ئاسیا کە لە حوزەیرانی 2010 بەڕێوەچوو، دیسان تورکیا توانی چەندین راوێژی رێوشوێنی متمانە ئامێز بگرێتە بەر، ئەوەبوو لە ئەنجامدا بۆ سەرۆکایەتیکردنی کۆنگرەکە بۆ ماوەی دووساڵ 2010- 2012 هەڵبژێردرا. هەر لە 2010 توانی بۆ ماوەی ساڵێك لە مانگی 11 /2010 تاوەکو ئایاری 2011 پۆستی سەرۆکایەتی لیژنەی وەزاری ئەنجومەنی ئەوروپی وەربگرێ، دیسان جارێکی دیکە دێ بە سیفەتی چاودێری هەمیشەیی چاڵاکیەکانی رێکخراوی وڵاتانی ئەمەریکا، یەکێتی وڵاتانی کاریبیو یەکێتی ئەفریقیا بەشداری دەکات. لەساڵی 2007 وەکو سەرەتایەك بۆ گۆڕینی پەیوەندیەکانی لەگەڵ کۆمکاری عەرەبی بە مەبەستی بونیادنانی پەیوەندیەکی دامەزاوەیی تورکیا دێ رێککەوتننامەی چوارچێوەیی دامەزرانـدنی کۆڕبەندی هاریکاری تورکی - عەرەبی مۆردەکات، پاشان لە 2008 لەچوارچێوەی دامەزراوەییداو بە میکانیزمی گفتوگۆی ستراتیژی دێتە ناو ئەنجوومەنی هاریکاری وڵاتانی کەنداو.

وەرگرتنی پۆستی ئەمینداری گشتی رێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی لە لایەن (ئیحسانەدین ئۆغلۆ) پێشوەچوونێکی دیکەی تورکیا بوو لەسەر ئاستی جیهانی ئیسلامی، جگە لەمەش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی تورکیا دەبێتە ئەندامی ناهەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش، لە یەکەمینی ریزبەندی پێشەوەی ئەو وڵاتانەش دێ، کە لە پاشماوەکانی تەنگژەی ئابووری جیهانی هەستانەوەی بەخۆوە بینیوە، جگە لەمەش توانیویەتی رێژەی گەشە ئابووریەکەی بگەیەنێتەوە 11٪ ئێستاش بە شەشەمین هێزی ئابووری ئەوروپاو حەڤدەهەمینی جیهان دادەنرێ. هەروەها بەهۆی ئابوورییە گەشەسەندووەکەی، بەدەر لە بوژانەوەو گرنگی پێدانی ناوخۆیی ئێستا تورکیا دەستی کردووە بە هاوکاریکردنو بوژانەوەی وڵاتانی ئەفریقیا، پاکستانو فەڵەستین.

لە راستیدا لەوەتەی ساڵی 2002و گەیشتنی پارتی دادو گەشەپێدان بە دەسەڵات گۆڕانێکی ریشەیی بەسەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا هاتووە، بەجۆرێك توانرا سیاسەتی دەرەوە لەو بازنەیەدا، کە ئەتاتورك دیاریکردبوو دەرباز بکرێو پێ بنێتە قۆناغێکی نوێو پێشکەوتوو، بە جۆرێك لەگەڵ فەرمانڕەوایەتیکردنی وڵات لە لایەن ئاك پارتییەوە تەواو گونجاوە، بۆیە دەبینی لەو کاتەوە سیاسەتوانانی تورکیا بە ئاڕاستەیەکی بازنە فراوانو گشتگیرتر لەسەر ئاستی ناوخۆیی، هەرێمیو نێودەوڵەتی هەنگاو دەنێن. نابێ لە یاد بکرێ، کە تورکیا هەر لە سەردەمی دامەزراندنی کۆمار لە 1923 تا هاتنی حکومەتەکەی ئاك پارتی هەنگاوەکانی بەرەو ئاڕاستەی ڕۆژئاوا بوو، بێ

ئەوەی ئاوڕ لە رۆژهەڵاتو جیهانی ئیسلامی بداتەوە، بەڵام بەهاتنی ئاك پارتی سیاسەتی دەرەوە بە دیدگایەکی کراوەترو گشتگیرتر دوژمنکاریەکانی پێشووی لەگەڵ رووسیا، ئێران، یۆنان، سوریاو عێراق بۆ پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ هەر یەکێکیان دەگۆڕێ، بەڵکو دێ (ئەنجوومەنی هاریکاری ستراتیژی) یان لەگەڵ دادەمەزرێنێ، هەروەها لەکاتی ئێستادا سەردانیو گەشتەکانی نێوان تورکیاو 60 شەست وڵاتی دیکە بەبێ ڤیزە ئەنجام دەدرێ.

بەدڵنیاییەوە تورکیا دەخوازێ هەژموونی خۆی کراوەترو بەرفراوانتر بکات، لە پانتاییەکانی ناوچەکانی پێشووی دەوڵەتی عوسمانیو سفرکردنەوەی کێشەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێو دامەزراندنی گۆڕەپانی نفوزی خۆی لە بوارەکانی سیاسی، ئابووریو رۆشنبیری لە بەڵکان، باشووری قەوقازو ئاسیای ناوەڕاست، هاوکات لەگەڵ بەردەوامی پێڕۆکردنی سیاسەتە هەستیارو وردو چاڵاکەکان لەسەر ئاستی جیهانی بەگشتی، لەلایەکی دیکەوە تادێ گرنگی زیاتریشی سەبارەت بە هەرێمی کوردستان دەبێت. توانای هەرێمی کوردستان لەسەر درێژەدان بە سەرکەوتنەکانیو بگرە مانەوەیشی لە دۆخی ئێستای پەیوەستە بە تێڕوانینو تێگەیشتنەکانی بۆ دراوسێکانی بەتایبەتریش تورکیا، کە لانی کەم لە چارەگی یەکەمی سەدەی رابردوو هۆکارو رێگری یەکەم بوو لە بەردەم دروست بوونی قەوارەیەکی سیاسی نەتەوەیی کوردی، ئەم رێگریەشی لەمیانی پێڕۆکردنی سیاسەتە دوژمنکاریەکانی بەرامبەر بە مافە سیاسیو نەتەوەییەکانی کورد چ لەسەر ئاستی تورکیا چ لەسەر ئاستی وڵاتانی دراوسێ بۆ ماوەی نزیکەی یەك سەدە درێژەی کێشا، بەڵام دواتر لەسەرەتاکانی دەیەی کۆتایی سەدەی رابردوو بە هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتو پەلاماری رژێمی سەدام بۆ سەر کوێتو پاشانیش دروست بوونی قەوارەی کوردی لە کوردستانی عێراق وەکو ئەمری واقیع بارودۆخەکە گۆڕانی بەسەردا هات، ئەوەبوو هەرچۆنێك بێ تورکیا لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا بەناچاریو بە سوێوە هەرێمی کوردستانی عێراقی قبوڵکرد.

بەهاتنی پارتی دادوگەشەپێدان بۆ دەسەڵات تادێ گۆڕانە ریشەییەکان لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆو دەرەوە زیاتر دەردەکەون، ئەم گۆڕانانەی حکومەتەکەی ئاك پارتی هەرێمی کوردستانیشی گرتەوەو توانی لەیەك کاتدا دوو جۆر مامەڵەی لەگەڵدا بکات، هەم لەسەر ئاستی ناوخۆی تورکیا هەم لەسەر ئاستی خودی واقیعەکەی هەرێمی کوردستانی عێراق، بە پێچەوانەی هەموو حکومەتەکانی پێشووتر، کە کوردو کوردستانیان وەکو هەڕەشەیەکی ترسناك بۆسەر ئاسایشی نەتەوەییو نیشتمانی تورکیا لە قەڵەمدەدا، حکومەتی ئاك پارتی دێ سەر لەنوێ داڕشتنەوە بۆ ئەم تێگەیشتنو پێناسەیە دەکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش تواناکانی خۆی دەخاتە کار بۆ ئەوەی ئەم هەڕەشەیە بگۆڕێتو وەکو دەرفەت مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

ئەو راپرسیو رووپێوییەی ناوەندی توێژینەوەی تورکی ئەنجامیداوە، کە تێیدا هەریەك لە تورك، کورد، عەرەبو نەتەوەکانی دیکەی ناو تورکیا لەسەر ئاستی 14 پارێزگا (ئەستەنبۆڵ، ئەنکەرە، ئەزمیر، دیاربەکر، وان، ماردین، ئاگری، هەکاری، شەرناخ، باتمان، بەتلیس، سرت، ئاگریرو مۆش) بەشداریان تێدا کردووە گرنگیەکی زۆری هەیە، هاوشێوەی ئاوێنەیەکیشە بۆ هەرێمی کوردستان، هاوکات وەڵامی چەندین پرسیاری وردو ترسناك دەداتەوە

کەبریتین لە: هەڵوێستی گەلی تورکیا چیە لەبارەی بەشداریە چڕوپڕەکانی تورکیا لە کاروبارەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟ کاریگەری رای گشتی لە بەرامبەر ئاڕاستە نوێیەکانی تورکیا قەبارەیان چەندە؟ گەلانی تورکیا چۆن دەڕواننە رۆڵی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو وڵاتانی ئەوروپا لە دەستوەردانی کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟ تورك‌و کوردو هەموو گەلانی دیکەی تورکیا چۆن دەڕواننە KRG ؟ ئایا KRG چ گۆڕانێکی کردووە لە ناوچەکە؟ قەبارەی ئەو قورسایی‌و سەنگەی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستانی داناوە چەندە؟ ئایا KRR چەندە پێویستی بە ئەوانیدیکە هەیە لە بەرامبەریشدا ئەوانی دیکە چەندە پێویستیان بە KRG هەیە؟ رێژەی ئەو متمانەیەی ئەزموونی هەرێمی کوردستان بەدەستی هێناوە لەلایەن گەلانی رۆژهەڵاتەوە چەندە؟ ئایا قەبووڵی (قەوارەیەکی نوێی سیاسی) دەکرێ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟.

ئەمانە ئەو پرسیارانەن ناوەندی توێژینەوە تورکیەکە ئاڕاستەی گەلان‌و ئیتنە جیاوازەکانی ناو تورکیای کردووە، لە راستیدا جێگەی خۆیەتی رێزو نرخ بۆ ئەم جۆرە هەوڵ‌و کارانە دابنرێ‌و پشتگیری تەواویشی لێبکرێ، هەر بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو وڵاتانی دیکە پشتگیری لە ناوەندو دامەزراوەکانی توێژینەوە بکات، بۆ ئەوەی توێژینەوە ئەکادمییەکانیان پێشکەش بکەن. ئەم رووپێوییە دەستپێشخەری‌و هەوڵێکە بە ئاڕاستەی دروستکردنی رۆشنبیری‌و هۆشیاری لە گرنگی‌و پێویستی ئەم جۆرە ناوەندو توێژینەوانە، کە بەشداریەکی گرنگ دەکەن لە پڕکردنەوەی بۆشایی هیزری، رۆشنبیری‌و سیاسی لە هەرێمی کوردستان، هەروەها کار ئاسانی لە بەردەم ئەرکی بڕیار بەدەستدانی هەرێم دەکات، بەو پێیەی وێنەی راستەقینەی رووداوەکان بەگوێرەی سیاق‌و رەهەندی راستەقینەی خۆی دەخاتە روو، بەجۆرێکیش مەدای قەبارەی وەرگرتنی هەڵوێستەکان دیاریدەکات‌و دواتریش بڕیار لەسەر هەڵویست‌و رووداوەکان دەدرێ. راپرسییەکەش، کە لە 25 پرسیار پێکهاتووە بەم شێوەیەی خوارەوە ئەنجام دراوە:

## (1) گرنگترین رووداوەکانی مانگی حوزەیران

لە بەرامبەر پرسیاری ئایا گرنگترین رووداوەکانی مانگی حوزەیران چی بوو؟ وەڵامەکان بەم شێوەیە بوو:

4،42٪ تورك، 4،55٪ عەرەب، 4،48٪ کورد، 8،48٪ی نەتەوەکانی دیکە، لە پلەی یەکەم هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ (سەرکەشتی گەلی ئاشتی)یان هەڵبژاردووە، بە پلەی دووەم‌و بە رێژەی 1،46٪ تورك، 4،35٪ کورد، 2،32٪ عەرەب، 2،33٪ی نەتەوەکانی دیکە ئاگربەستی یەك لایەنەی پارتی کرێکارانی کوردستانیان هەڵبژاردووە، لەو کاتەی سەردانیەکەی سەرۆك وەزیرانی تورکیا بە یاوەری سەرۆکی سوپا سالار بۆ بەرەکانی شەڕ لەدژی پارتی کرێکارانی کوردستان بە رێژەی 3،3٪ کورد، 5،1٪ تورك، 6،2٪ نەتەوەکانی دیکە، 0٪ ی عەرەب لە پلەی سێیەم دێ، هەروەها بەگشتی رووداوەکانی دیکەی هەمان مانگ بەم شێوەیە گرنگیان پێدراوە 8،5٪ کورد، 5،4٪ تورك، 6،4٪ عەرەب‌و 2،12٪ی نەتەوەکانی دیکە.

### (2)  گرنگترین رووداو له سیاسەتی دەرەوەی تورکیا

لەبارەی گرنگترین رووداوەکانی سیاسەتی دەرەوە وەڵامەکان بەشێوەیە بوو: لە پلەی یەکەم هێرشی ئیسرائیل بۆ سەرکەشتی گەلی ئاشتی بە ڕێژەی 5،64٪ تورك، 8،61٪ کورد. لە پلەی دووەم وەڵامەکەی سەرۆکی تورکیا بەرامبەر ئیسرائیل بە ڕێژەی 7،10٪ تورك، 3،5٪ کورد. لە پلەی سێیەم سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیاو بە ڕێژەی 3،15٪ کورد، 5،3٪ تورك. لە پلەی چوارەم پرسی هەلگرتنی ڤیزەی بازرگانیو لە پلەی پێنجەمیش دەنگدانی تورکیا لە دژی سەپاندنی ئابلۆقەی ئابووری سەر ئێران لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیو لە پلەی شەشەمیش رووداوەکانی دیکە دێ، کە بەلای هاوڵاتیانی تورکیا کەمتر گرنگیان هەیە.

### (3)  کاردانەوەی سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیران بەرامبەر ئیسرائیل

سەبارەت بە کاردانەوەی سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیران بەرامبەر ئیسرائیل، کە لەلایەن چینو توێژەکانی تورکیا گرنگی زۆری پێدرا وەڵامەکان بەم شێوەیە بوو:

لە پلەی یەکەم بە ڕێژەی 2،63٪ تورك، 1،61٪ کورد، 2،62٪ عەرەب، 1،54٪ نەتەوەکانی دیکە پێیان وابوو کاردانەوەیەکی شایستە بوو. لە پلەی دووەم بە ڕێژەی 4،31٪ تورك، 8،28٪ کورد، 20٪ عەرەبو 32٪ ی نەتەوەکانی دیکە پێیان وابوو کاردانەوەکان نەرێنی بووە. لە پلەی سێیەمو بە ڕێژەی 4،5٪ تورك، 10٪ کورد، 8،13٪ عەرەبو 8،13٪ی نەتەوەکانی دیکە وەڵامی (نازانم) یان هەڵبژاردووە.

### (4)  هەلگرتنی ڤیزەی بازرگانی لەنێوان تورکیا، سوریا، ئوردنو لوبنان

لەوەڵامدا بە ڕێژەی 6،70٪ تورك، 1،69٪ کورد، 2،69٪ عەرەبو 2،65٪ی نەتەوەکانی دیکە هەلگرتنی ڤیزەی بازرگانی لەنێوان تورکیا، سوریا، ئوردنو لوبنان بەکارێکی ئەرێنی لە قەڵەم دەدەن.

### (5)  سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا

لە بارەی سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەڵامەکان بەم شێوەیە بوو: لە پلەی یەکەمو بە ڕێژەی 7،62٪ کورد، 5،31٪ تورك، 2،49٪ عەرەبو 9،45٪ ی نەتەوەکانی دیکە بەسەردانیەکی ئەرێنی دادەنێن، لە

پلەی دووەمو بە ڕێژەی 9،55٪ تورك، 23٪ كورد، 30٪ عەرەبو 2،37٪ی نەتەوەكانی دیكە بەسەردانێكی نەرێنی دادەنێن.

**(6) ڕەتكردنەوەی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی سەبارەت بە سەپاندنی ئابلۆقەی ئابووری سەر ئێران لەلایەن توركیا.**

سەبارەت بەو پرسیارە وەڵامەكان بەم شێوەیە بوو: لە پلەی یەكەم بە ڕێژەی 5،60٪ تورك، 8،59٪ كورد، 4،64٪ عەرەبو 6،56٪ی نەتەوەكانی دیكە هەڵوێستەكەی توركیا بە ئەرێنی دادەنێن. لەوكاتەی لە پلەی دووەمو بە ڕێژەی 1،28٪ تورك، 3،23٪ كورد، 5،13٪ عەرەبو 5،35٪ی نەتەوەكانی دیكە بەكارێكی نەرێنی دەزانن.

**(7) سەردانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان بۆ ژووری بازرگانی توركی**

لە پلەی یەكەم بە ڕێژەی 9،39٪ تورك، 68٪ كورد، 63٪ عەرەبو 49٪ی نەتەوەكانی دیكە بەكارێكی ئەرێنی دادەنێن. لەو كاتەی لە پلەی دووەمو بە ڕێژەی 1،44٪ تورك، 8،17٪ كورد، 6،24٪ عەرەبو 7،34٪ ی نەتەوەكانی دیكە بەكارێكی نەرێنی هەژماری دەكەن.

**(8) سەردانی وەزیری دەوڵەت بۆ كاروباری بازرگانی دەرەوەی توركیا بۆ هەولێر**

وەڵامەكان بەم شێوەیە بوو:

لە پلەی یەكەم بە ڕێژەی 9،39٪ تورك، 68٪ كورد، 63٪ عەرەبو 49٪ ی نەتەوەكانی دیكە بە سەردانێكی ئەرێنی دادەنێن. لەو كاتەی لە پلەی دووەمو بە ڕێژەی 1،44٪ تورك، 9،17٪ كورد، 6،24٪ عەرەبو 7،34٪ی نەتەوەكانی دیكە بە سەردانێكی نەرێنی دەزانن.

**(9) ئایا پێویست دەكات توركیا ببێتە بەشێك لە كێشەی فەلەستین؟**

وەڵامەكان بەم شێوەیە بوو: 7،71٪ تورك، 4،74٪ كورد، 3،72٪ عەرەبو 6،69٪ ی نەتەوەكانی دیكە بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە.

**(10) هەوڵەکانی تورکیا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی فەلستین**

وەڵامەکان بەم شێوەیە بوو: 2،71٪ تورك، 5،71٪ کورد 3،72٪ عەرەبو 3،64٪ ی نەتەوەکانی دیکە وەڵامەکانیان بە بەڵێ بووە.

**(11) هەڵوێستی تورکیا لە بەرامبەر راگەیاندنی سەربەخۆیی کورد لە عێراق چی دەبێ؟**

وەڵامەکان بەم شێوەیە بوو:

لە پلەی یەکەمو بە رێژەی 9،64٪ تورك، 2،16٪ کورد، 8،30٪ عەرەبو 8،39٪ ی نەتەوەکانی دیکە بە پێویستی دادەنێن تورکیا لەدژی رابوەستێتەوە، لە پلەی دووەمو بە رێژەی 7،20٪ تورك، 7،74٪ کورد، 2،49٪ عەرەبو 8،40٪ی نەتەوەکانی دیکە بە پێویستی دادەنێن تورکیا قبوولی بکات، لەوکاتەی لەپلەی سێیەمو بە رێژەی 4،14٪ تورك، 4،9٪ کورد، 2٪ عەرەبو 4،19٪ی نەتەوەکانی دیکە بەنازانم وەڵامیان داوەتەوە.

**(12) ئایا پێویست دەکات تورکیا پەیوەندیەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان باش بکات؟**

وەڵامەکان بەم شێوەیە بوو:

لە پلەی یەکەمو بە رێژەی 2،47٪ تورك، 8،79٪ کورد، 2،69٪ عەرەبو 6،56٪ی نەتەوەکانی دیکە بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە. لە پلەی دووەمو بە رێژەی 3،43٪ تورك، 9،11٪ کورد، 9،16٪ عەرەبو 23٪ی نەتەوەکانی دیکە وەڵامەکانیان بە نەخێر بووە، لە پلەی سێیەمو بە رێژەی 5،9٪ تورك، 3،8٪ کورد، 8،3٪ عەرەبو 4،20٪ی نەتەوەکانی دیکە بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە.

**(13) ئایا چ لایەنێك دەتوانێ چارەسەری پرسی کورد بکات لە تورکیا؟**

وەڵامەکان بەم شێوەیە بوو:

لە پلەی یەکەمو بە رێژەی 4،41٪ تورك، 36٪ کورد، 6،44٪ عەرەبو 18٪ی نەتەوەکانی دیکە حکومەتیان هەڵبژاردووە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد، لە پلەی دووەمو بە رێژەی 16٪ تورك، 9،4٪ کورد،

2،6٪ عەرەبو 6،4٪ی نەتەوەکانی دیکە دەڵێن سوپا، لە پلەی سێیەمو بە ڕێژەی 5،18٪ تورك، 9،31٪ کورد، 6،24٪ عەرەبو 23٪ی نەتەوەکانی دیکە ڕێککەوتنی نێوان پارتـەکانیان هەڵبـژاردووە. لـە پلـەی چـوارەمو بـە ڕێژەی 2،5٪ تورك، 9٪ کورد، 2،6٪ عەرەبو 7،7٪ ی نەتەوەکانی دیکە دەڵێن ڕۆشـنبیران توانـای چارەسـەری پرسـی کوردیـان هەیـە. لـە پلـەی پێنجـەمو بـە ڕێـژەی 4،3٪ تـورك، 6،2٪ کـورد، 6،4٪ عـەرەبو 6،6٪ی نەتەوەکانی دیکە وڵاتانی دەرەوەیان بۆ چارەسەرکردنی پرسەکە هەڵبژاردووە، لەوکاتەی لـە پلـەی شەشـەمو بـە ڕێـژەی 6،15٪ تـورك، بەهـەمان ڕێـژە کـورد، 8،13٪ عـەرەبو 1،30٪ ی نەتـەوەکانی دیکـە وەڵامـی جـۆراو جۆریان داوەتەوە.

### (14) کێشەی کورد لە تورکیا پەیوەندی بە چ ڕەهەندێك هەیە؟

وەڵامەکان بەم شێوەیە بوو:

لە پلەی یەکەمو بە ڕێژەی 9،69٪ تـورك، 1،81٪ کـورد، 6،64٪ عـەرەبو 3،67٪ی نەتـەوەکانی دیکـە دەڵێن کێشـەیەکی سیاسـیە، لـە پلـەی دووەمو بـە ڕێـژەی 9،24٪ تـورك، 3،15٪ کـورد، 7،27٪ عـەرەبو 24٪ی نەتەوەکانی دیکە بەکێشەیەکی ئابووری دادەنێن. لە پلەی سێیەمو بـە ڕێـژەی 2،5٪ تـورك، 5،3٪ کـورد، 7،7٪ عەرەبو 7،8٪ی نەتەوەکانی دیکە بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە.

### (15) ئایا پرۆسەی دیموکراسی لە تورکیا بەردەوام بێ؟

وەڵامەکان بەم شێوەیە بوو:

لە پلەی یەکەمو بـە ڕێـژەی 1،43٪ تـورك، 31٪ کـورد، 47٪ عـەرەبو 7،34٪ی نەتـەوەکانی دیکـە دەڵێن بەردەوام دەبێت، لە پلەی دووەمو بە ڕێژەی 3،47٪ تورك، 7،58٪ کورد، 5،38٪ عەرەبو 48٪ی نەتـەوەکانی دیکە دەڵێن ڕادەوەستێ، لـەو کاتـەی لەپلـەی سـێیەمو بـە ڕێـژەی 6،9٪ تـورك، 3،10٪ کـورد، 8،13٪ عـەرەبو 3،17٪ی نەتەوەکانی دیکە بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە.

### (16) ئایا پێویست دەکات پرۆسەی دیموکراتی لە تورکیا بەدەوام بێ؟

وەڵامەکان بەم شێوەیە بوو:

له پلەی یەکەمو بە ڕێژەی 5،51٪ تورك، 5،77٪ كورد، 4،75٪ عەرەبو 7،61٪ی نەتەوەكانی دیكە بە پێویستی دەزانن، لە پلەی دووەمو بە ڕێژەی 7،41٪ تورك، 2،15٪ كورد، 3،12٪ عەرەبو 25٪ی نەتەوەكانی دیكە بە پێویستی نازانن، لە پلەی سێیەمو بە ڕێژەی 8،6٪ تورك، 2،7٪ كورد، 3،12٪ عەرەبو 3،13٪ی نەتەوەكانی دیكە بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە.

**(17)ئایا پرۆسەی دیموكراسی سەركەوتن بەدەست دێنێ؟**

وەڵامەكان بەم شێوەیە بوو:

له پلەی یەکەمو بە ڕێژەی 1،39٪ تورك، 6،41٪ كورد، 8،50٪عەرەبو 2،37٪ی نەتەوەكانی دیكە بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە، لە پلەی دووەمو بە ڕێژەی 3،50٪ تورك، 7،40٪ كورد، 2،26٪ عەرەبو 3،42٪ی نەتەوەكانی دیكە دەڵێن نەخێر سەركەوتوو نابێ، لە پلەی سێیەمو بە ڕێژەی 6،10٪ تورك ، 7،17٪ كورد، 1،23٪ عەرەبو 4،20٪ی نەتەوەكانی دیكە بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە.

**(18)ئایا پەیوەندیەكانی نێوان هەرێمی كوردستانو توركیا یارمەتیدەردەبن بۆ چارەسەركردنی پرسی كورد؟**

وەڵامەكان بەم شێوەیە بوو:

له پلەی یەکەمو بە ڕێژەی 2،39٪ تورك، 1،62٪ كورد، 5،61٪ عەرەبو 3،42٪ی نەتەوەكانی دیكە بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە، لە پلەی دووەمو بە ڕێژەی 2،51٪ تورك، 27٪ كورد، 5،18٪ عەرەبو 3،39٪ی نەتەوەكانی دیكە بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوە، لە پلەی سێیەمو بە ڕێژەی 6،9٪ تورك، 8،10٪ كورد، 20٪ عەرەبو 4،18٪ی نەتەوەكانی دیكە بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە.

**(19) ئایا وەبەرهێنان لەناوچە كوردیەكان، دەبێتە هۆی چارەسەركردنی پرسی كورد لە توركیا؟**

وەڵامەکان بەم شێوەیە بوو:

لە پلەی یەکەمو بە ڕێژەی 4،65٪ تورك 4،52٪ کورد، 2،49٪ عەرەبو 8،62٪ی نەتەوەکانی دیکە بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە، لە پلەی دووەمو بە ڕێژەی 4،29٪ تورك، 5،41٪ کورد، 3،32٪ عەرەبو 26٪ی نەتەوەکانی دیکە بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوە، لە پلەی سێیەمو بە ڕێژەی 2،5٪ تورك، 1،6٪ کورد، 5،18٪ عەرەبو 2،11٪ی نەتەوەکانی دیکە بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە.

**(20) ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان توانای هاوکاریکردنی چارەسەری پرسی کوردی هەیە لە تورکیا؟**

وەڵامەکان بەم شێوەیە بوو:

لە پلەی یەکەمو بە ڕێژەی 9،36٪ تورك، 6،56٪ کورد، 47٪ عەرەبو 8،37٪ی نەتەوەکانی دیکە دەڵێن دەتوانێ، لە پلەی دووەمو بە ڕێژەی 5،54٪ تورك، 7،32٪ کورد، 8،30٪ عەرەبو 3،41٪ی نەتەوەکانی دیکە دەڵێن ناتوانێ، لە پلەی سێیەمو بە ڕێژەی 5،8٪ تورك، 7،10٪ کورد، 5،21٪ عەرەبو 9،20٪ی نەتەوەکانی دیکە بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە.

**(21) ئایا تورکیا لە پەیوەندیەکانی دەرەوەیدا جێگیرە؟**

وەڵامەکان بەم شێوەیە بوو:

لە پلەی یەکەمو بە ڕێژەی 7،51٪ تورك، 8،40٪ کورد، 2،49٪ عەرەبو 3،42٪ی نەتەوەکانی دیکە بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە، لە پلەی دووەمو بە ڕێژەی 3،43٪ تورك، 47٪ کورد، 4،35٪ عەرەبو 9،44٪ی نەتەوەکانی دیکە بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوە، لە پلەی سێیەمو بە ڕێژەی 1،5٪ تورك، 2،12٪ کورد، 4،15٪ عەرەبو 8،12٪ی نەتەوەکانی دیکە بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە.

**(22) ئایا باوەڕت وایە تورکیا ئامادەباشی تێدایە، بۆ بە ئەندام بوون لە یەکێتی ئەورووپا؟**

وەڵامەکان بەم شێوەیە بوو:

لە پلەی یەکەمو بە ڕێژەی 7،54٪ تورك، 8،46٪ کورد، 4،55٪ عەرەبو 9،46٪ی نەتەوەکانی دیکە بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە، لە پلەی دووەمو بە ڕێژەی 1،33٪ تورك، 9،40٪ کورد، 6،24٪ عەرەبو 8،37٪ی

نەتەوەکانی دیکە بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوە، لە پلەی سێیەمو بە ڕێـژەی 2،7٪ تـورك، 3،12٪ کـورد، 20٪ عەرەبو 3،15٪ی نەتەوەکانی دیکە بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە.

## (23) گەڕانەوەی تورکیا بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

وەڵامەکان بەم شێوەیە بوو:

لە پلەی یەکەمو بە ڕێژەی2،61٪ تورك، 8،60٪ کورد،66.2٪ عەرەبو 2،6٪ی نەتەوەکانی دیکە بـە باشـی دادەنـێن، لـە پلـەی دووەمو بـە ڕێـژەی 5،30٪ تـورك، 2،27٪ کـورد، 5،18٪ عـەرەبو 5،26٪ی نەتەوەکانی دیکە بە باشی دانانێن، لەپلەی سێیەمو بـە ڕێـژەی 3،8٪ تـورك، 12٪ کـورد، 4،15٪ عـەرەبو 3،13٪ی نەتەوەکانی دیکە بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە.

## (24) سەرکردەی نەتەوەیی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد

لەوکاتـەی 8،41٪ هـیچ وەڵامێکیـان نەداوەتـەوە، بـە ڕێـژەی 8،35٪ (عەبـدوڵڵا ئۆجـەلان)، 4،7٪ (مسـعود بـارزانی)، 7،4٪ (ئەحمـەد تـورك) یـان هەڵبـژاردووە، بـە ڕێژەیـەکی نزیـك لـە ئەحمـەد تـورکیش هەریـەك لـە عوسمـان بایـدەمیر، سـەلاحەدین دەمیرتـاش، مـوراد قـەرەیلان، سـری سـوڕەییا ئۆنـدەر، زوبێـر ئیـدار، جـەلال تاڵەبانیو پارتی ئاشتیو دیموکراتی (بەدەپە)یان هەڵبژاردووە.

## شیكردنەوەی رووپێوییەكە:

- **كارلێكی توركیا لەگەڵ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

رووپێویەكە دەریدەخات، كە زۆرینەی توركیا داوای هاریكاری ئابووریو پەیوەندی بازرگانی نێوان وڵاتەكەیانو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەكەن، لەم پێناوەشدا حكومەتی ئاك پارتی توانیویەتی سەركەوتنێكی بەرچاوو پێوانەیی بەدەست بێنێ، بە بەرزكردنەوەی ئاڵوگۆڕیە بازرگانیەكان لەگەڵ وڵاتانی ناوچەكە بەتایبەت، كە خودی سەرۆك وەزیران رەجەب تەیب ئەردۆگانو وەزیری دەرەوە ئەحمەد داود ئۆغلۆ لەمیانی گەشتە مەكۆكیەكانیاندا بۆ پایتەختی وڵاتانی دراوسێ چەندین رێككەوتنامەی گرنگی ئابووریو بازرگانیان مۆركردووە.

رووپێوییەكە سەركەوتنە گەورەكانی پارتی دادو گەشەپێدانی لە تەوزیفكردنی پرسی ململانێی فەلەستین - ئیسرائیل تۆمار دەكات، بەجۆرێك تەوزیفكردنی پرسەكە توانیویەتی لەسەر ئاستی ناوخۆدا دۆخی سازانو كۆدەنگی تەواوی نێوان توركو عەرەب دروست بكات، بەهەمان شێوە بە سوود وەرگرتن لە ئایدۆلۆژیای ئاینی دیسان ئاك پارتی توانیویەتی پشتگیری كوردیش لە بەرامبەر پەرچەكرداری ئەنكەرە دژی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر كەشتی گەلی ئازادی بەدەستبێنێ، ئەمەش تەواو رەنگدانەوەی سەركەوتنەكانی ئاك پارتیە، بە راكێشانی كورد بەلای خۆیداو دووركەوتنەوە لەو پرسانەی راستەوخۆ بەر مافە نەتەوەییەكانی گەلی كورد دەكەون. جگە لەمەش رووی چەندین ڕاستی دیكە ئاشكرابوونە لەسەرووی هەمووشیانەوە رۆڵی نەرێنی ئیسرائیل لە هاوكاریكردنی توركیا بۆ دەستگیركردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە شوباتی 1999، بۆیە بە باوەڕی بەشێك لە چاودێران ئەگەری ئەوە هەیە ئەم ناكۆكیانە لە داهاتوودا ببنە هۆی هەڵوەشاندنەوەی هاوپەیمانێتی كلاسیكی نێوان ئەنكەرە – تەلئەبیب، كە بە هۆیەوە كورد لە توركیا زیاتر لە گەلانی دیكەی ئەو وڵاتە زیانی بەركەوتووەو كاردانەوەی نەرێنی بەسەر تەواوی مافە بنەڕەتییەكانی لێكەوتۆتەوە، بەڵام نابێ لە یادبكرێ هێشتا فاكتەری ئایینی لە پشتەوەی ریزبەندی ئەولەیاتە هەمە چەشنەكانی گەلان بەتایبەت لە نێوان هەردوو گەلی توركو كورد دەمێنێتەوە.

رووپێویەكە روونیدەكاتەوە سیاسەتەكانی ئاك پارتی لەسەر ئاستی دەرەوە بەتایبەت لە بواری ئابووری توانیویەتی بە رێژەیەكی تاڕادەیەك لەیەكنزیك لەلایەن تورك سەركەوتن بەدەستبێنێ، لەلای كوردو عەرەبی ئەو وڵاتەش پشتگیری لێدەكرێ، ئەمەش لەخشتەكانی (4 ، 6)ی رووپێویەكە بەدیار دەكەوێ.

حکومەتی ئاك پارتی توانیویەتی بە ڕێژەیەکی بەرز پێڕۆی سیاسەتەکانی دەرەوە بکات، کە گونجاو بێت لەگەڵ ریتمی خواستەکانی زۆرینەی گەلانی تورکیا، بۆ نموونە سەبارەت بە تێکەڵبوونو کارلێکی تورکیا بە کاروبارەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆچوونی ئەرێنیانەی تورك، کوردو، عەرەبو گەلانی دیکەی ناو تورکیا لەیەکتری نزیکە، ئەوەی بەرچاوەو تێبینی زیاتری لێدەکرێ کۆدەنگی نێوان هەردوو گەلی تورکو کوردە سەبارەت بە پرسی تێکەڵاویو کارلێکی تورکیا لەگەڵ کاروبارەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام دیسان هەردوولا لەو خاڵەدا لەیەکتری جیادەبنەوە کاتێك قسە دێتە سەر پرسەکانی تایبەت بە دیموکراسیو مافەکانی گەلی کورد.

بە گوێرەی خاڵی بنەڕەتی رووپێویەکە ئاك پارتی سەرکەوتنەکانی خۆی لەسەر ئاستی سیاسەتەکانی دەرەوە، وەکو کارتێك بۆ بەهێزترکردنی پێگەی ناوخۆیی بەکارهێناوە، کە لە بنەڕەتیشدا پێچەوانەکەی راستە. لە راستیدا سەرکردەکانی ئاك پارتی توانیویانە زۆرێك لەو پرسە هەستیارو گرنگانەی کە هەستی گەلانی تورکیا دەجوولێنێ، بەکاربهێنن بۆ بەرگریکردنو بەرەنگاربوونەوەی فشارە گەورە، ئاشکراو شاراوەکانی نێوەندەکانی کەمالی، نەژاد پەرستە تورکەکانو سکیۆلارە توندڕۆکان، کە سوپا پشتگیریان دەکات. لە دیاترین سەرکەوتنەکانی ئاك پارتی لەو بوارەدا کارلێكو تێکەڵ بوونیەتی، بە پرسی فەلەستینو پرسی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر کەشتی گەلی ئازادی تورکی، بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە خشتەکانی رووپێوی ژمارە (1 ، 2، 3، 6، 9، 10).

دواجار بە پشت بەستن بەداتاو ئەنجامەکانی ناو رووپێویەکە هاوسەنگی هێزەکانو دروستکردنی بڕیار لە ئەنکەرە گۆڕانی ریشەیی بەسەر داهاتووە، دیارترینی ئەم گۆڕانە بریتیە لە: هەڵکشانی ناوەندەکانی هێزە نوێیەکان لە بەرامبەر دابەزینی هێزە تەقلیدیەکان، لە سەرووی هەمووشیانەوە هەڵکشانی چینی بزنسمانان، کە توانیویانە ئاڕاستەکانی سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەی تورکیا دیاری بکەن، کە پێشتر لەوەتەی دروست بوونی کۆمار لە 1923 بەدەستی سوپاوە بووە.

- **سوپاو حکومەتی ئەردۆگان: ململانێی بڕیار دروستکردن**

لە یەکتر توندکردنو ململانێ شاراوەکانی نێوان سوپاو حکومەتی ئاك پارتی بەتایبەت دوای ئاشکرابوونی فەزیحەی ئەرگەنەکۆنو زەفکردنەوەی لەلایەن حکومەتو دەزگاکانی راگەیاندن زیانێکی گەورەی بەناوبانگی سوپاو پارتەکانی لایەنگری سوپا گەیاند، لە بەرامبەریشدا وەکو بەڵگەیەکیش بۆ سەرکەوتنەکانی ئاك پارتی لە شکاندنی هەژموونو دەسەڵاتی سوپا، ئاسایشو سیاسەتەکەی هەژماردەکرێ، بەتایبەت ئەم پرسە متمانەیەکی زیاتری لەناو شەقامی تورکی بۆ ئاك پارتی دروست کردوو لەگەڵ خۆیشیدا کاریگەریەکانی دامەزراوەی سەربازی بۆ نزمترین ئاست لەوەتەی دروست بوونی کۆمارەوە دابەزاند، بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە رووپێوی ژمارە (11).

لەلایەکی دیکەوە هێشتا پرۆسەی پاشەکشەی رۆڵی سوپا پێویستی بەوریاییو پارێزەیی زیاتر هەیە، چونکە تا ئێستا لایەنی ئەمنی وڵات زاڵە بەسەر بیرکردنەوەی زۆرینەی هاوڵاتیانی تورکیا، بۆ سەلماندنی ئەم راستیە بگەڕێوە

ژماره (1)ی رووپێویەکە بەجۆرێك نزیکەی رێژەی 46٪ ی هاوڵاتیانی تورك بابەتی کۆتایی هاتنی ئاگربەستی یەکلایەنەی پارتی کرێکارانی کوردستان وەکو دیارترین و گەورەترین رووداوەکانی مانگی حوزەیران هەڵدەبژێرن.

- **دەستپێشخەری کرانەوەی دیموکراسیو پرسی کورد: چارەسەر لەلای دراوسێکانە یاخود لە ئەنکەرە؟**

لەمیانی گەڕانەوە بۆ خشتەکانی ژمارە (15، 16، 17) لێکدابڕانێکی تەواوو ئاشکرا لە نێوان هاوڵاتیانی تورك لەلایەك و کوردو کەمینەکانی دیکە لەلایەکی دیکەوە دەبینی، داتاکان بێئومێدی کورد سەبارەت بە پرۆژەی ئاك پارتی (کرانەوەی دیموکراسی بەرووی کورددا) دەردەخەن، لەگەڵ ئەوەی هێشتا ئومێدێکی زۆر هەیە بۆ جێبەجێکردنی، بەڵام داتاکان ئاماژە بەبێ بەڵێنیو پاشگەزبوونەوەی ئاك پارتی دەکەن، لەو بەڵێنانەی لەمیانی هەڵبژاردنەکانی 2002و 2007 بەدەنگدەرانی کوردی دابوو، بۆ بەدیهێنانی داواکاریو خواستەکانیان. دواتریش بەلای زۆرێك لە چاودێرانەوە ئەنجامو شکستەکانی ئاك پارتی لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان، کە لە ساڵی 2009 ئەنجام درا، بەگەورەترین تۆڵەسەندنەوەی کورد دادەنرێ لە ئاك پارتیو پاشگەزبوونەوەی لە بەڵێنەکانی پێشووتری.

پێویستە لەسەر حکومەت ئەو راستیە بزانێ، کە بەردەوامی پاشەکشەی متمانەی کوردو بەرزبوونەوەی ئامانجو داواکارییەکانی واتا سەرلێشێواویو نقوم بوونی حکومەت لەناو زۆنگاوی سیاسەتەکانی بەرامبەر بە کورد. سەرەڕای ئەوەی بەگوێرەی رووپێوییەکە تورك و عەرەب لەگەڵ کورد هاوڕان بۆ دۆزینەوەی چارەسەری پرسی کورد، بەڵام لەو خاڵەدا بە رێژەیەکی کەمتر هاوڕان، کە زۆرینەی کورد باوەڕیان وایە چارەسەری پرسی کورد لە رێگەی تەوافوقی نێوان پارتە سیاسیەکان دەبێ، لەسەرێکی دیکەوە ئەگەری ئەوە هەیە زۆرینەی کوردان ئەوانەی پەیوەندی یاخود هاوسۆزن لەگەڵ پارتی ئاشتیو دیموکراتی BDP کە نوێنەرایەتی زۆرینەی لایەنگرانی پارتی کرێکارانی کوردستان دەکات، چارەسەری پرسی کورد لە روانگەی تەوافوقی نێوان پارتە سیاسیەکانەوە ببینن.

لە راسیتدا زیادبوونی رێژەی ئەو تورکانەی دەڵێن پرسی کورد پرسێکی سیاسیە، رەنگدانەوەی زیاتری دەبێت بەسەر هۆشیاریو تێگەیشتنی هاوڵاتیانی نەتەوەی تورك بەرامبەر بە پرسی کورد لەو وڵاتە. ماوەیەکە بەشێکی زۆری تورکەکان باوەڕیان وایە پرسی کورد بریتیە لە: پرسی تیرۆر یاخود پرسی ئابووریو کۆمەڵایەتی پەیوەندار بە ژێرخانی تیرە، هۆزو خێڵایەتی گەلی کورد، ئەمەش پشت راستکردنەوەو هەمان بۆچوونو تێگەیشتنی ئەو پارتانەیە کە هەڵگری ئایدۆلۆژیای نەتەوەیینو سوپاو نێوەندەکانی کەمالیش بە پارێزگاری راستەقینەی ئەو ئایدۆلۆژییەیان دادەنێن، بەڵام لە بەرامبەردا کوردان، کە دەڵێن پرسی کورد پرسێکی سیاسیە واتا بەردەوامیدان بەو بیرکردنەوەیە، کە دەبێت پرسی کورد لە قاڵبی ئەمنی بهێنرێتە دەرەوەو تەواو بە سیاسی بکرێت، بەهەمان شێوە

**ئەم بیرکردنەوەیە پاڵنەرێکی بەهێزە لە زیاد بوونو هەڵکشانی ئاستی هۆشیاری نەتەوەییو بەرزبوونەوەی سەقفی داواکاریە نەتەوەیەکان. بڕوانە خشتەی ژمارە (12).**

**گرنگترین ئەو پرسانەی رووپێوییەکی دەریخستووە، بریتیە لەوەی پرسی کورد لە تورکیا بوونی کێشەیەك نییە لە ناو خودی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا (باکووری کوردستان) بەڵکو کێشەیەکە لە ناوەندی (ئەنکەرە)و راستەوخۆ پەیوەندە بە ئایدۆلۆژیا، سیستم، هەیکەلی دەوڵەتو پێکهاتەو هێزری سیاسی تورکی. بە گوێرەی ئەم رووپێوییە، زۆربەی کوردو تورك تواناکانی حکومەت هەڵدەبژێرن بۆ چارەسەری پرسی کورد، بەهەمان شێوەو لەپلەی دووهەمدا کورد باوەڕی وایە تەوافوقی نێوان پارتە سیاسیەکان دەتوانێ هۆکاری سەرەکی بێت بۆ چارەسەرکردنی پرسەکە، لەو کاتەی رێژەیەکی بەرز لەکورد، تورکو نەتەوەکانی دیکە پشتگیری لە پەیوەندی ئەرێنی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستانو تورکیا دەکەن وەکو پاڵنەرێكو کارتێك بۆ چارەسەرکردنی پرسەکە. بڕوانە خشتەکانی (5، 7، 8، 14، 18، 20).**

**لە دیدی تورکە نەژاد پەرستەکان هەموو ئەم ئەنجامانەی لەم رووپێوییەدا هاتوون، بیانوون بەدەستی هەوڵە بەردەوامەکانی کورد بۆ دابەشکردنی تورکیا. لە راستیدا ئەم جۆرە قسەو گوتارە دەرهەق بە کورد تۆمەتێکی ئاشکرایە کە ماوەیەکی زۆرە دراوەتە پاڵیو بە هۆیەوەو بە ئامانجی مل پێکەچکردنو دەستبەردار بوون لە مافەکانی چەندین هێرشو پەلامارو پرۆسەی زۆردارانەی توندی کراوەتە سەر، بەجۆرێك تا ئێستاش ئەم جۆرە تۆمەتانە لەلایەن نێوەندەکانی کەمالی لەسەر هەردوو ئاستی دەوڵەتو پارتی سیاسیدا بۆ مەبەستی هەڵبژاردنەکانو سیاسەتی بەرژەوەند خوازانەی کورت مەودا درێژەیان هەیە[266].**

**پێویستە لەسەر حکومەت دەستنیشانی کەموکوڕیەکانی سیستمی سیاسی عەقڵیەتی بژاردەی فەرمانڕەوا، جۆری پێکهاتە، ئاڕاستەو ژێرخانی ئایدۆلۆژیاکەی بکات، بوونی ئەم هەموو درزو کەموکوڕیانە لە دیموکراسیەتی تورکی وایکردووە تا ئێستا دیموکراسیەت لەم وڵاتە پێنەگاتو توانای گونجانو قەبوولکردنی جیاوازیەکانو یەکسانی سیاسیو ئیتنیو رۆشنبیریەکانیشی نەبێ، بەجۆرێك نەیتوانیوە پارێزگاری لە ئەحمەد تورکی پەرلەمانتاری کورد بکاتو بەچاوی هاوپەرلەمانتارە تورکەکان مامەڵەی لەگەڵدا بکات. تا ئێستاش دیموکراسی لە تورکیا بەهۆی بیروبۆچوونی سیاسیو فێربوونو قسەکردن بەزمانی دایك خەڵك تاوانبار دەکاتو رووبەڕووی دادگایان دەکاتەوە، بۆ نموونە لەم ماوانەی دواییدا چەندین سەرکردەی BDP لەسەر ئەم پرسە رووبەڕووی دادگا کرانەوەو بەگشتیش**

---

**(266) ئەو بیانوویەی بەدەست کوردەوەیە بۆ دابەشکردنی تورکیا پەیوەندە بە کۆمەڵێك هۆکاری واقیعی، جوگرافیو ئیتنی گرنگترینیشیان بریتیە لەو ژمارە زۆرەی کورد کە لە شارە نا کوردیەکانی تورکیا دەژین، بەجۆرێك ژمارەکە زۆر زیاترە لەو ژمارەیەی کە لە ناوچەو شارە کوردییەکاندان. ملیۆنەها کورد لە رۆژئاوای تورکیاو ناوەڕاستی ئەنادۆڵو شارە درێژبووەکانی سەر دەریای ناوەڕاستو دەریای مەڕمەڕەو دەریای رەش (ئەستەنبۆڵ، ئەنکەرە، ئەزمیر، مێرسین.......) ژیان بەسەر دەبەن، هەروەها ئەوانەی بەشێوەیەکی چڕوپڕ بەشداری چالاکیەکانی ئابووری، کۆمەلایەتیو ژیانی گشتی دەکەن، ناکرێ پێگەو ژمارەیان لەو ناوچانە دابڕێندرێن.**

.

نەچوونە ژێر باری ئەم جۆرە دیموکراسییە مانای سەرپێچیکردنی یاساو سووکایەتی پێکردنی دەستوور دەگەیەنێ، بەم شێوەیەش دیموکراسی تورکی بەدەست کەموکوڕیەکی زۆرەوە گیری خواردووە، بەشێوەیەك هەر لە بنەڕەتدا بونیادی هەیکەلی بەم جۆرە دروستکراوە.

لەسەر سەرکردایەتی پارتی دادو گەشەپێدان پێویستە بۆ زانینی راستییەکان ئەم هەلە بقۆزنەوە، ئەگەرنا بەهەمان شێوەی پارتەکانیدیکە فەرمانڕەوایەتیکردنی وڵات لەدەست دەدا، چارەنووسی پڕۆژەکەیان (پڕۆژەی تورکیای نوێ) کە گوایە لە هەموو کەمو کوڕیو خاڵێکی لاواز بەدەرە، دەبێتە خەیاڵو لەدەست دەردەچێ. ئەوەی تا ئێستا بەکردەیی دەبینرێ سیاسەتەکانی ئاك پارتی بەرامبەر بە پرسی کورد سەرەتایینو هیچ ئەنجامێکی راستەقینەو راستەوخۆی نەپێکاوە، بە دڵنیاییەوە ئەگەر ئاك پارتی بەردەوام بێ لەم جۆرە سیاسەتکردنە بەرامبەر بە کوردو دەستوور، یاساکانیش وەکو خۆیان بمێننەوە، کە جگە لە تاکە نەتەوەیەك کە نەتەوەی تورکە دان بە هیچ نەتەوەیەکی دیکە دانەنێ، ئەوکاتە داهاتووشی هەر وەك ئێستا دەبێ بێ ئەوەی زیاتری پێبێ. ئێستا هەلێکی زۆرباش لە بەردەستدایە بۆ ئەوەی ئاك پارتی مانۆڕی سیاسیو دەسەڵاتی خۆی تێدا ئەنجام بدات، ئەم هەلە لە ئەنکەرەیەو بەدەست بڕیار بەدەستانیەتی، بۆیە ناکرێ بەرپرسانی حکومەت بەبیانووی راکردن لە قورسایی هەڵوێستی شەقامی تورکیو بیروکراسییەتی ناوەندەکانی دامەزراوەی سەربازیو دادوەری خۆیان لەو واقیعە راستە بدزنەوە.

ئەگەر جارێکی دیکە بگەڕێینەوە سەر رووپێویەکە بۆمان دەردەکەوێ زۆرێك لە شەقامی تورکی کە رێژەیان لە 30٪ - 35٪ دەبێت، بەچاوی ئەرێنی تەماشای حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەنو پشتگیری لە پەیوەندی باشو پتەوی نێوان ئەنکەرەو هەولێر دەکەن، لە بەرامبەریشدا رێژەی کورد سەبارەت بەم پرسە زۆر زیاترە لە تورکەکان بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە نەخشەکانی (5، 7، 14، 18، 20).

بەهەمان شێوەو بەهەمان رێژەی نزیك لە توانای حکومەت بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد، رێژیەکی زۆریش بەتایبەت لە هاوڵاتیانی کورد رێککەوتنی نێوان پارتە سیاسیەکان بە هۆکارێکی سەرەکی دادەنێن، بۆ چارەسەرکردنی پرسەکە. بڕوانە نەخشەی (11، 12).

لەپاڵ ئەوەی زۆرینەی تورك، کورد، عەرەبو کەمینەکانی دیکە چارەسەرکردنی پرسی کورد لە تواناو دەسەڵاتەکانی حکومەت یاخود رێککەوتنی نێوان هێزە سیاسیەکان دەزانن، بەڵام لە بەرامبەریشدا دەبینی دامەزراوەی سەربازیو بیرۆکراسیەتی تەقلیدی بەتەواوی بژاردەو خودی پارتەکەی بەردەوامو بەهەموو شێوەیەك رووبەڕووی هەر چارەسەرێکی ئاشتیانەی پرسی کورد دەبێتەوە، بگرە لە لاوازترین قۆناغیشیدا لەسەر هەردوو ئاستی دەستووریو جەماوەریدا دژی پڕۆژەکانی ئاك پارتی دەوەستێتەوەو رووبەڕووی لێدانی کتو پڕی دەکاتەوە، بۆ زیاتر بەرچاو روونی بڕوانە خشتەکانی (1، 11).

رووپێویەکە دەریدەخات حکومەتەکەی ئەردۆگان، کە بە لیبڕاڵی کۆنسێرڤاتۆری (ئیسلامی) ناسراوە، لە دوای هەشت ساڵ لە فەرمانڕەوایەتیکردنی وڵات وەکو هەموو حکومەتەکانی دیکەی پێش خۆی لە چارەسەکردنی ئاشتیانەی پرسی کورددا سەرکەوتوو نەبووە (ئەم رووپێوییە بەر لە چوار ساڵ ئەنجامدراوە، بۆە باس لەو زەمەنە دەکات، کە ئەو کات تەمەنی فەرمانڕەوایەتی ئاك پارتی تەنها هەشت ساڵ بوو/ وەرگێڕ). لە راستیدا لە غیابی نموونەی سیستمێکی دیموکراسیو هاوچەرخدا کە تەواو رێز لە فرەیی شووناسو مافەکانی مرۆڤ بگرێ ئەگەری چارەسەرکردنی پرسی کورد زۆر لاوازە. پرۆژەکەی ئێستای حکومەتی ئەردۆگان (کرانەوەی دیموکراسی) تەنیا توانیویەتی چەند دەستکەوتێکی کەم بۆ کوردو نەتەوەو کەمینەکانی دیکەش بەرجەستە بکات، لەمیانی وتارێکیدا هاوسەرۆکی BDP گوڵتەن کشاناك رایگەیاند سیاسەتی ئێستای حکومەتی ئەردۆگان بۆ ریشەکێشکردنو بنەبڕکردنی ژێرخانی سەربازی پارتی کرێکارانی کوردستانە لە دەرەوەی سنووری تورکیا. دوابەدوای گەشتە مەیدانیەکەی ئەردۆگان بۆ ناوچە کوردیەکان کشاناك دەڵێ: "ئەردۆگان لەدەرەوەی گۆڕەپانی راستەقینەو کردەیی ناوخۆی تورکیادا دەخوێنێ، گەشتەکانیشی بۆ ناوچە کوردیەکان هیچ بەشداریەك لە چارەسەرکردنی پرسی کورددا ناکەن".

- **حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدیدی گەلانی تورکیا ، هەڵکشانی متمانەی زیاتر بەهەرێمی کوردستان**

رووپێویەکە ئەنجامە راستەوخۆکانی سیاسەتەکانی ئاك پارتی فەرمانڕەوا لە پشتگوێ خستنی هەریەك لە (ئۆجەلانو BDP ) دەخاتەڕوو، بەتایبەت کە چەندین دەرهاوێشتەی لابەلاو ترسناکی لێکەوتۆتەوە، بەتایبەتریش ئێستا زۆرترین کورد هەم لە ناوخۆی تورکیاو هەم لە شوێنەکانی دیکەو (هەرێمی کوردستانی عێراق)یان کردۆتە بەرەیەکی نوێی نەتەوەیی. لەگەڵ ئەوەی تورکیا بەهۆی درێژەپێدەری جوگرافیو ئیتنی کوردو بوونی رێژەیەکی زۆری کوردانی ئێرانو سوریا کە بە 30٪- 35٪ دەخەملێندرێ لە ریزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستاندا خەباتی چەکداری دەکەن، هەوڵدەدا لە دەرەوەی سنووری خۆی چارەسەری پرسی کورد بکات، بەڵام بەبێ دەستنیشانکردنی ریشەو رەهەندەکانی پرسەکە لە ئەنکەرەو دەستپێکردنی گفتوگۆکان لەگەڵ لایەنی پەیوەنداری یەکەم (ئۆجەلانو BDP )و پاشانیش چوون بۆ بەغدا، دیمەشق، تارانو هەولێری کاراکتەری نوێ هەروا ئاسان چارەسەری پرسەکە بکرێ. ئەگەر وردبیتەوە لە ئاراستەی سیاسەتەکانی تورکیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەندێك جار بە ئاشکرا ناکۆکیەکی تەواو لە نێوان بەرژەوەندیەکانی تورکیاو هاوپەیمانەکانی بەتایبەت (ئەمەریکا – ئیسرائیل) دەبینی، ئەمەش واتا دەرکەوتنی سیاسەتە نوێیەکانی تورکیا بۆ دوورخستنەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا یاخود هەر هێزێکی دیکەی رۆژئاوایی لە ناویشیاندا وڵاتانی ئەوروپا لەپرسی کورد لە تورکیاو لەناوچەکەدا. لە راستیدا سەرکردایەتی نوێی تورکیا توانیویانە سەر لەنوێ هەیکەلی سیاسەتی دەرەوە بونیادبنێتو جارێکی دیکە

پێناسەیەکی تازە وەبەر بەرژەوەندیە زیندووو مەترسیەکانی سەر تورکیا بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە پرسی کوردەوە هەیە بنێتەوە. لەروانگەی ئەم سیاسەتە نوێیەوە ئاك پارتی گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی پێڕۆکردنی هەمان ڕێبازی پێشووی کەمالیزم بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد تواناکانی دەوڵەت لەسەر ئاستی ناوخۆدا زیاتر لاواز دەکاتو لەسەر ئاستی دەرەوەش سنووردار دەبێت. سەبارەت بە یەکەمیان دەست پێوەگرتنو کۆنترۆڵکردنی کەیسەکە لەلایەن سوپاوە واتا بوونی دەوڵەتێك لەناو دەوڵەتێکی دیکەدا، بەڵام دووهەمیان سەرکردایەتی ئاك پارتی گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی هێزەکانی رۆژئاوا لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەمەریکاو ئیسرائیل پرسی کورد لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆو دەرەوەدا دەقۆزنەوە، دیارە هەریەك لەم دوو وڵاتە پێشتریش بەشداریان لەچەندین پرسی دیکەی ئیتنی ناوچەکە کردووە لەوانەش فەڵەستین، عێراق، بەلکان، کۆسۆڤۆ، بۆسنەو هەرسك، باشووری سودانو چەندین نموونەی دیکە بێئەوەی بتوانن چارەسەری پرسەکە بکەن، بەڵکو بەپێچەوانەوە کێشەکان زیاتریش ئاڵۆزتر بوونە.

لەلایەکی دیکە رووپێویەکە دەریدەخات ئەنجامە ناڕاستەوخۆکانی ئەم جۆرە سیاسەتە سوودێکی باشی بە هەرێمی کوردستان گەیاندووە، وەکو توانیویەتی بەشدارییەکی گەورە بکات، لە بەرزکردنەوەی ئاستی متمانەی کورد لەدەرەوەی سنووری عێراقو هەرێمی کوردستان، بگرە وایلێهاتووە حکومەتی هەرێمی کوردستان بووەتە بەرەیەکی گرنگ لەنێوەندی دەرەوەدا بەجۆرێك بووەتە سەرەتایەك بۆ بەدەستهێنانی مافەکانو بەرگریکردن لە مافەکانی گەلی کورد لە تورکیاو بەشەکانی دیکەی کوردستان لە ئێرانو سوریا. ئەم سەنگو قورساییەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بەشێك لە هەوڵەکانی ئەم حکومەتە دادەنرێ، لە دۆزینەوەی جۆرێك لە هاوسەنگی لە نێوان فشارەکانی تورکیاو ئەمەریکا لەلایەكو چالاکیەکانی پارتی کرێکارانی کوردستانو خواستەکانی کورد لە تورکیا لەلایەکی دیکەدا. بەدڵنیاییەوە ئەزموونی حوکمڕانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەماوەی نێوان ساڵانی 2003 - 2009 زۆر سەرکەوتوو بووە لە بەدەستهێنانی متمانەی هەموو لایەنەکانو بەڕێوەچوونی دۆسیەی پەیوەندیەکان لەگەڵ تورکیا(267) لەسەر هەردوو ئاستی پەیوەندییەکانی حکومەتو پەیوەندی پارتە سیاسیەکانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بەتایبەت، کە پیاوانی کار دەتوانن کاریگەربنو رۆڵ بگێڕن لە نەخشەی ئاڕاستەی سیاسی ناوخۆییو دەرەوەی سیاسەتەکانی تورکیادا.

---

(267) لێرەدا پێویستە ئاماژە بەو رۆڵە گەورەیەی (نێچیرڤان بارزانی) بکرێ، لە بەرەو پێشوەچوونی دۆسیەی پەیوەندیەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا، بەجۆرێك بارزانی گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی تورکیا بە بەراورد لەگەڵ دراوسێکانی دیکە تاکە دەوڵەتە دەتوانێ ئەوەی کوردستان پێویستیەتی پێشکەش بکات، رۆڵی بارزانی تەنیا لەماوەی بەکارهێنانی پۆستی سەرۆکی حکومەت کورت نەبۆتەوە، بەڵکو لەزۆر کاتیدیکە بە هەوڵە تاکە کەسیەکانیو لە میانی جووڵەی ئابووریو پرۆژەکانی وەبەرهێنان توانیویەتی ئەم رۆڵە گەورەیە ببینێ. لە کاتی ئێستاشدا پیاوانی کار لە پشتەوەی زۆربەی جووڵەو ئاڕاستەکانی سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەی تورکیادان رۆژ بەڕۆژیش ئەم رۆڵە زیاتر دەبێ. نووسەری ئەم چەند دێڕە لە دیمانەیەکدا کە ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی ORSAM لە ئەنکەرە لە کۆتاییەکانی 2008 لەگەڵی ئەنجامداوە، زیاتر ئەم رۆڵەی نێچیرڤان بارزانی روون کردۆتەوە. بۆ زیاتر ئاشنابوونو بەدواداچوونی ئەم بابەتە سەردانی ئەم لینکە بکە.

http://www.orsam.org.tr/tr/orsamkonukgoster.aspx?ID=99 ؛

یەکێك لە رەنگدانەوەکانی ئەم سەرکەوتنە لەسەر ئاستی ناوخۆییداو، کە رووپێویەکە گرنگی پێداوە بریتیە لە: دەرکەوتنی رێژەی 30٪ - 35٪ هاولاتیانی تورکیا کە بەشێوەیەکی ئەرێنی تەماشای پەیوەندیەکانی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستانی عێراق دەکەن، هەروەها دەرکەوتنی ئەم رێژە بەرچاوە مانای رەزامەندی بەسوێی تورکیا لە قەبوولکردنی دراوسێیەکی نوێ لەسەر ئاستی میللی دەگەیەنێ، هەروەها بریتییە لە دیوێکی دیکەی رەنگدانەوەی قەبارەو ئاستی گۆڕانکاریو وەچەرخانە گەورەکان کە تورکیا پێیدا تێپەڕ دەبێ، بەلام لەسەر سەرکردایەتی KRG پێویستە هێشتا ئەم رێژەیە بەرز بکاتەوە، هەروەها ئەم هەلە بقۆزێتەوە بۆ پیادەکردنی سیاسەتگەلێکی هەمە چەشنەو ماوە درێژ بەشێوەیەکی گەورەتر لەگەڵ تورکیا، ئەمەش لەمیانی بەردەوامیدان بە پەیوەندیەکانو هاوکاری ئابووری، رۆشنبیریو سەردانی دپلۆماتی.

سەبارەت بەو تورکانەی بە چاوی نەرێنییەوە تەماشای پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن، لە راستیدا ئەم تێڕوانینەیان لە لایەنی ئەمنییەوە سەرچاوەی گرتووە، بەجۆرێك کە گومانو راڕاییەکی زۆر بەسەر بیرکردنەوەیانو جۆری مامەڵەیان لەگەڵ کورد زاڵ بووە، بگرە هیچ کاتێکیش جیاوازی ناکەن لە نێوان پەیوەندییە ئابووریو بازرگانییەکانو پەیوەندییە سیاسییەکان. سەردانییەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان مسعود بارزانی بۆ ژووری بازرگانی تورکیو سەردانییەکەی وەزیری ژووری بازرگانی تورکیا بۆ هەولێرو سەردانییەکەی سەرۆکی هەرێم بۆ تورکیاو دیدارو چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ بەرپرسانی باڵای تورکیا تەنیا لەلایەن یەك لەسەر سێی ئەو تورکانەوە کە بەشداریان لە رووپێوییەکەدا کردووە پێشوازی لێکراوە، جگە لەمەش هێشتا پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان هەردوو لایەنی تورکیو کوردی لەلایەن ئەو تورکانەوە پێشوازییەکی کەمیان لێکراوە. رەنگە بەشێکی زۆری ساردی تورکەکان لە پێشوازیکردنیان لە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان پەیوەندی بەلایەنی ئەمنییەوە هەبێ، بۆ ئەم مەبەستە بگەڕێوە خشتەی ژمارە (1). هەروەها تورکەکان ترسیان لەوە هەیە کوردانی تورکیا چاو لە هەرێمی کوردستانی عێراق بکەنو بە ئامانجی یەکلاییکردنەوەی پرسی کورد لە تورکیا داوای دووبارە بوونەوەی نموونەیەکی لەم شێوەیە بکەن.

- **تورکیاوحکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق: هەیمەنەی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکان**

بە پشتبەستن بە هەموو ئەوانەی باسکراون گرنگی پێویستی تورکیا بە KRG کەمترنییە لە گرنگی پێویستی KRG بە تورکیا، بۆیە دەبینی ئێستاکە بارودۆخەکە تەواو گۆڕاوە، بۆ نموونە لەوەتەی دروست بوونیەوە لەساڵی 1992 قەوارەی کوردی لە کوردستانی عێراق هەمیشە بۆ مانەوەو درێژە پێدانی خۆی بەشێوەیەکی نیمچە گشتی پشتی بە "سەروەری تورکیاو سنگ فراوانیەکەی" بەستووە، بەلام بەدڵنیاییەوە ئێستا بارودۆخ گۆڕاوەو پێویستیەکانی هەردوولا بەیەکتری دووقۆڵینو دەستاودەستیان پێدەکرێ، بەشێوەیەك هەرێمی کوردستانی عێراق

قۆناغی پەناگیریو دابڕانی نێودەوڵەتی تێپەڕاندووەو بووەتە وێستگەیەکی گرنگی فرۆکەوانی رۆژئاواو لەسەر هەموو ئاستەکانی فەرمی جیهانی، گەشتیاریو رۆژنامەوانی لە ڤییەناو میونخەوە بۆ هەریەك هەولێرو سلێمانی پێشوازی لە میوانەکان دەکات. لەگەڵ ئەوەی لەوەتەی ساڵی 2003وە KRG بە پێی دەستووری عێراق روویێکی یاسایی وەرگرتووەو توانیویەتی ژێرخانی دامەزراوەیی خۆی تەواو بکاتو بەردەوامیش کاربکات، لەسەر پێشخستنی کاری سیاسیو ئاراستەکانی دیموکراسیو پەیوەندیەکانی دیپلۆماتی، بەکردنەوەی حەڤدە کونسوڵگەری وڵاتانی عەرەبیو بیانی لە هەولێر، هەر بۆیە دەبینی پێویستی تورکیا بە هەرێمی کوردستان رۆژ بەڕۆژ بەرەو ئاراستەیەکی دوو تەوەری هەنگاو دەنێ ئەوانیش بریتین لە:[268] تەوەری یەکەم: تایبەتە بەبوونو بونیادی حکومەتێکی بەهێز لە هەرێمی کوردستان، کە هەڵگری ئاراستەی لیبڕاڵیو سەقامگیریبێ لەسەر هەردوو ئاستی ئەمنیو سیاسی، کە تەواو بگونجێ لەگەڵ دیدگای نوێی تورکیا لە پەیوەندیەکانی دەرەوە بەتایبەت دیدگاو تێڕوانینەکانی ئەحمەد داود ئۆغلۆ لە تەوزیفکردنی سیاسەتی دەرەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئاڵۆزەکانی ناوخۆ لەسەرووی هەمووشیانەوە پرسی کورد، وەکو سەرۆك کۆمار عەبدوڵڵا گوڵ چەندین جار بە مەترسیدارترین بەرەنگاری بەردەم بەرقەرارکردنی ئاشتیو سەقامگیری لە کۆماری تورکیا ناوی بردووە. لە راستیدا سەرکردایەتی ئێستاکەی تورکیاو گەرمو گوڕیان لەسەر پێشخستنی پەیوەندیە هاوسەنگەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان بە پلەیەك هەڵقولاوی ئەم باوەڕەیە کە بەکردەیی ئەحمەد داود ئۆغلۆ لەمیانی سەردانیەکانی بۆ هەولێرو دیدارو چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ بەرهەم ساڵحو پاشانیش لەگەڵ مسعود بارزانی بەرجەستەی دەکات، بێگومان سەردانەکەی ئۆغلۆ لەم ئانو ساتەدا کۆمەڵێك ئاماژەی گەورە هەڵدەگرێ، بەشێوەیەك سەردانیەکە بەیەکەمین چاوپێکەوتنی سەرۆکی حکومەتی نوێی KRG لەگەڵ بەرپرسێکی بیانی دادەنرێ، هەروەها بەهەمان شێوە چاوپێکەوتنەکەی ئۆغلۆ لەگەڵ بارزانی دیسان هەمان گرنگی هەیە، چونکە پێشتر هەمیشە ئەنکەرە بارزانی بەکەسێکی (توندڕۆ) ناو دەبردوو بە پێچەوانەی سەرکردەکانی دیکەی کوردی دوورتر مامەڵەی لەگەڵ ئەو کەسایەتییە دەکرد. بەڵام تەوەرەی دووەم لە ئاراستەی نوێی تورکیا لە مامەڵەکردنی لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراق پەیوەندە بە بەدەستهێنانی ئامانجە ئابووریو بەرژەوەندیە سیاسیەکان لە رێگەی کوردستانی عێراقو ناوچەی کەنداو. لە راستیدا دۆزینەوەی رێژەیەکی زۆری نەوت لە خاکی KRGو مامەڵەی تورکیا لە پیشەسازی

(268) ئەمە بە مانای کەمکردنەوەی رۆڵی تورکیا نییە وەکو هاوبەشێکی سەرەکیو گرنگ، لە پشتگیریکردنی ناوەندی هەرێمی کوردستان لە ناوچەکەو جیهان. جوگرافیای سیاسی کوردستان کە هیچ دەروازەیەکی دەریاوانی نییەو بە کۆمەڵێك دراوسێی سەرسەخت (ئێران، سوریاو بگرە عێراقی عەرەبی) دەور دراوە، هیچ یەکێکیشان ناتوانن لەگەڵ سیستمی سیاسی، پێشکەوتنی تەکەنەلۆژیاو زانستو ئابووریو پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی لیبڕالی رۆژئاوا ئەمەریکاو ئەوروپا هەڵبکەن، بۆیە لەم نێوەندەدا تورکیا ئامادەیە هەموو ئەمانە پێشکەشی هەرێمی کوردستان بکات، کە زۆر پێویستی پێیانە، هەروەها ئێستا هەرێمی کوردستان بە خێراترین ناوچەی گەشەسەندووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەژمار دەکرێو بە قۆناغی بونیادنانو پێشکەوتنێکی خێرا تێپەڕ دەبێ.

نـەوت لـەو ناوچـەیەو هەڵکەوتـەیی کوردسـتان وەکـو خـاکێکی بەفـەڕ بـۆ پـرۆژەی بەدەسـتهێنانی زیادەیـەکی لـە ڕادەبەدەری گـازی سروشـتیو دواتـر گواسـتنەوەی بـۆ تورکیـاو پاشـانیش بـۆ ئـەوروپا وادەکـات تورکیـا سـوودمەندی یەکەمی ئابووری بێت، سوودێکی دیکەی ئـابووری بـۆ تورکیـا بریتیـە لـەوەی هـەرێمی کوردسـتان بۆتـە هاوبەشـێکی گرنگـی ئـابووری بـۆ تورکیـا بـەجۆرێك ڕێـژەی ئـاڵوگۆڕە بازرگانیـەکانی نێـوان تورکیـاو هـەرێمی کوردسـتان تـەنیا لـەماوەی سـاڵی 2009 تـاوەکو ناوەڕاسـتی 2010 گەیشـتۆتە شـەش ملیـار دۆلار، جگـە لەمـەش کوردسـتان بۆتـە بازاڕێکی گەورەی فرۆشتنی بەرهەمەکانی تورکیاو کارکردنی کرێکارەکانی ئەمەش وایکردووە ببێتە دەروازەیەك بـۆ هاتنی کۆمپانیا تورکیەکان بۆ عێراق لەوێشەوە لە داهاتوودا بۆ وڵاتانی کەنداوی فارسی. لەسـەرێکی دیکـەوە ناوچـە سنووریەکانی کوردستانی تورکیاو هەرێمی کوردستانی عێـراق، کـە زیـاتر بەدەسـتی بێکـاریو کێشـەکانی ئـابووریو کۆمەڵایەتیەوە دەناڵێنن، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ سوودیان لە ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردسـتان وەرگرتووە، بەشێوەیەك ئاستی بێکاری لەلایەن گەنجانی ئەم ناوچانە کەم بۆتەوە، کـە لـە ڕاسـتیدا بێکـاری پاڵنـەری یەکەم بووە لە پەیوەندیکردنی گەنجان بە خەباتی شاخ.

لـەرووی سیاسـیەوە تورکیـا دڵنیـابوو، بەدەسـتهێنانی سـەقامگیری لـە عێراقـی دوای سـەدام دووره ئەنجامـە، بەتایبەت بوونی هەموو بەربەسـتەکانی سیاسـی، ئـەمنیو جوگرافی کـە عێراقـی نـوێ بەسـەر تەنگـژەکانو ناکۆکیـە تائیفیو ئیتنیەکان دابەش دەکات، ترسی لەلای تورکیا دروست کرد، لە گواستنەوەی ئەم دوژمنە بـۆ نـاو خاکەکـەی، ڕوونتر بڵێین کۆمەڵێك تایبەتمەندی هاوبەش لە ڕووی ئیتنـی، تـائیفیو مێـژوویی لـەنێوان هـەردوو وڵاتـی دراوسـێ بـوونی هەیـە، بـەلای تورکیـاوە هـەر زوو ئەگـەری گواسـتنەوەی ئـەم دۆخـە لـە عێراقـەوە بـۆ نـاو خـاکی وڵاتەکـەی چاوەڕوانی لێدەکرێ، لەسەرێکی دیکەوە سەبارەت بە تورکیا دروست بوونی بۆشایی ئەمنی لە کوردستانی عێراق لـە ڕووی چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگـەڵ کێشـەی کـورد لـە وڵاتەکـەی کارەسـات بـار دەبـێ، لـەم ڕوانگەیـەوە گەڕانـەوەی PKK بۆ ناو هەندێك لە گوندەکانو شارەکانی کوردستانی عێـراق یـاخود دووبـارە گەڕانـەوە بـۆ دۆخـی نـەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، کە تورکیای لەسەر ئاستی ناوخۆو سنووری باشووری ڕۆژهـەڵات ڕووبـەڕووی شـەڕێکی کـراوە کـرد، بچووکترینو ساناترینی ئەگەرەکان دەبن، هەروەها ڕەنگە خێراترینو ساناترین نیشانەیەکیش کە لـە حکومەتەکـەی ئەردۆگان دەردەکەوێ، دووبارە گەڕانەوەی دەسەڵاتی سوپاو داڕمانی تەواوی ئەنجامەکانی خـەباتی قـورسو سـەختی ئەردۆگان بێ لەگەڵ دامەزراوەی سەربازی، کە ماوەیەکە بە توندی بەریەککەوتوون.

دەرەنجام پەیوەندی سروشـتی نێـوان تورکیـاو کوردسـتانی عێـراق هـەروەك خزمـەت بـە کوردسـتان دەکـات، بەهەمان شێوە خزمەت بە تورکیا دەکات، لە واقیعدا تورکیا تەواو تێکەڵاوو سەرقاڵی کارکردنـە بـۆ سـوود وەرگـرتن لـە پەیوەندیـەکانی لەگـەڵ KRG لـە دۆزینـەوەی چارەسـەری کێشـەکان، نـەك هـەر تـەنیا کێشـەکانی نـاوخۆییو باشکردنی ئاستی بازرگانی بە بەرزکردنەوەی ڕێژەی هەناردەکردنەکانی، بەڵکو لە دۆزینەوەی چارەسـەری دیـارترین

بەرەنگاری بەردەم تورکیا، کە لەوەتای دامەزراندنی کۆمارەوە لە 1923، بەگشتی گەورەترین بەرەنگاری، کە رووبەڕووی ئەو وڵاتەو بەتایبەتیش رووبەڕووی حکومەتەکەی ئەردۆگان دەبێتەوە، بریتیە لەچارەسەرکردنی پرسی کورد، رووپێوییەکە رۆڵی ترسناکی KRG دەردەخات لە جووڵەپێکردنی ئەم بەرەنگاریە کە پرسی کوردە لە تورکیا، بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە خشتەکانی ژمارە (5، 7، 8، 14، 18، 20).

- **پەیوەندی نێوان تورکیا و کوردستان وەکو دەرفەت نەك هەڕەشە**

لە راستیدا کەمکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان لایەنگران‌و نەیارانی سیاسەتەکانی پارتی دادوگەشەپێدان بەرامبەر بە حکومەتی کوردستان‌و هەوڵەکانی بە ئاڕاستەی چارەسەری پرسی کورد لەناوخۆی تورکیا، پێویستی بەکارکردنی زیاتر هەیە، لەگەڵ ئەوەی لەم پێناوەدا کارێکی باشکراوە، بەڵام تائێستا ژمارەی ئەو تورکانەی پەیوەندی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان بە ئەرێنی دادەنێن رێژەکەی لە 30٪ - 35٪ تێپەڕناکات، بۆیە پێویستە کاری زیاتر بکرێ، بۆ پێشخستن، هەمەجۆرکردن‌و فراوانکردنی ئەم پەیوەندیە لەسەرجەم بوارەکانی ئابووری، رۆشنبیری، سیاسیی، راگەیاندو زانستی. لە راستیدا دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان هەردوولادا سەرەتا پێویستی بەناسینی یەکتری هەیە، دواتر بەردەوامیدان‌و پاشانیش دۆزینەوەی لەیەکگەیشتنی دوولایەنەی تورکی – کوردی KRG، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت پەیوەندیەکە لە چوارچێوەی ئەمنی – تاکتیکی سیاسی دەربێت‌و رەهەندەکانی دیکەی ئابووری، کلتوری‌و کۆمەڵایەتی دواجاریش پەیوەندیەکی ستراتیژی بگرێتەوە.

گومان لەوەدانیە بوونی رێژەی کوردو نەتەوەکانی دیکە، لە پشتگیریکردن لە پەیوەندیەکانی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستانی عێراق لە چارەسەرکردنی پرسی کورد رەنگدانەوەی تەواوی دەبێت، بەسەر پتەوبوونی کوردستانی عێراق وەکو قەوارەیەکی نوێ لە نەخشەی ئاڵۆزی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە گۆڕانکاری تێدا سەختە، بەواتایەکی دیکە هەرێمی کوردستان دەکەوێتە بەر ئەگەری ئەوەی ببێتە کاراکتەرێکی چالاکی هەرێمایەتی، لەگەڵ ئەو رۆڵە ترسناکەیشی بەسەر گۆڕەپانی عێراق هەیەتی، کە بەلای تورکیاو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو تەواوی وڵاتانی دیکەی ناوچەکە گرنگیەکی زۆری هەیە. بڕوانە نەخشەکانی (13 ، 14 ، 18).

- **حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و خواستەکانی تورکیا لە دیدگای ستراتیژیانەی ئەمەریکا بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

رووپێوییەکە خاڵێکی مەترسیداری سەبارەت بە هەرێمی کوردستانی عێراق دەرخستووە، کە بە بەرەنگاری راستەقینە دادەنرێت‌و بەشێوەیەکی ئاشکراو دیاریش رووخسارەکانی لەگەڵ تەواو بوونی پرۆسەی کشانەوەی

هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق لە کۆتاییەکانی 2011 دەردەکەوێ، ئەم بەرەنگاریە راستەقینەیە بریتیە لە: توانای KRG بۆ هاوسەنگکردنی ئەکتیڤی هەرێمایەتی لەمیانی پەیوەندیە پتەوەکانی لەگەڵ تورکیا بە پلە یەكو دراوسێکانی دیکە لە پلەی دووەم، هاوکات پارێزگاریکردن لە پەیوەندیە پتەوەکانی لەگەڵ ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو هێزە گرنگەکانی دیکەی رۆژئاوا کە تاڕادەیەك سەقامگیری عێراق دەستە بەردەکەنو رێگرن لەبەردەم راکێشانی ناوچەکە بۆ مەترسی لەناوچوونو سەرهەڵدانی پشێوی تەواوەتی. رەتکردنەوەی هەر جۆرە نفوزو هەژموونێکی ئەمەریکی – ئەوروپی لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست لەلایەن تورکیاوە لەسەر هەردوو ئاستی حکومەتو گەلو لەگەڵیشیدا ولاتانو گەلانی دیکەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست، هەروەها نەبوونی سیاسەتێکی ناڕۆشنی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەرامبەر بە عێراق بەتایبەت لەماوەی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەم ولاتە، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەخاتە بازنەی حیساب گەلێکی قورسو وردەوە، بۆیە دەبینی لەم ماوەیەدا ئەركو بەرپرسیارێتی سەرکردایەتی KRG زیاتر دەبێتو هەموو جووڵەو هەنگاوێکی سیاسی ئەم سەرکردایەتیە خوێندنەوەی بۆ دەکرێتو لەسەری هەژمار دەکرێ.

- **سەرکردەی بزاڤی رزگاری خوازی نەتەوەیی کورد**

یەکێك لەو پرسانەی رووپێویەکە تۆماریکردووەو جێگەی دڵخۆشی نیە، پەیوەندی بە پێشکەوتنی بزاڤی نەتەوەیی کوردیو مانەوەی ئەم بزاڤە لەناو خۆیدا بێ ئەوەی سنوورەکانی دیکە ببڕێ هەیە، لەگەڵ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێناوە، لە راکێشانی متمانەی کوردان لە پارچەکانی دیکەی تورکیا، ئێرانو سوریا بگرە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش، بەلام رووپێویەکە دەریخستووە بزاڤی رزگاری خوازی نەتەوەیی کوردی بەشێوەیەکی گشتیو ئەزموونی هەرێمی کوردستانی عێراق بەتایبەتی، نەیانتوانیوە سەرکردەگەلێکی نەتەوەیی کە سنووری ناوخۆیی تێپەڕێنێت پێشکەش بکەن، بۆ وێنە تەنیا رێژەی 4،7٪ باوەڕیان وایە سەرۆکی هەرێمی کوردستان مسعود بارزانی سەرکردەی نەتەوەییە، لەو کاتەی رێژەی 8،35٪ دەنگەکان بۆ سەرۆکی زیندانیکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان عەبدوڵلا ئۆجەلانو 7،4٪ بۆ ئەحمەد تورکی هاوسەرۆکی بەدەپەو رێژەیەکی کەمتریش بۆ عوسمان بایدەمیرو چەند سەرکردەیەکی دیکە چووە. لە دەرەنجامی ئەم دەنگانەوە روون دەبێتەوە، تا ئێستا شپرزەییو دواکەوتوویی زاڵە بەسەر پێشکەوتنی بزاڤی نەتەوەیی کوردی لە تورکیاو پارچەکانی دیکەی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی ناکرێ پاساو بۆ سەرکردەکانی کورد بهێنرێتەوە لە ئەدای بەرپرسیارێتیان، بەلام لە راستیدا ئەگەر هەموو بەرپرسیارێتیکەیش لە ئەستۆی ئەوان دابنرێ لەجێگەی خۆی نیە، بێگومان ئەو رێژە دەنگەی، کە بەشداربووانی رووپێویەکە بە سەرۆکی هەرێمی کوردستانیان داوە، هۆکارەکەی بۆ هێرشی ئەو راگەیاندە زبرو شەڕانگێزیە دەگەڕێتەوە، کە راگەیاندنە توندڕۆکانی تورکە نەژاد پەرستەکانو

راگەیاندنی پارتی کرێکارانی کوردستان بەیەکەوە دەیکەنە سەر سەرۆکی هەرێم، لە بەرامبەریشدا راگەیاندنی کوردستانی عێراق بەشێوەیەکی نیمچە تەواو شکستی هێناوە، لە رەواندنەوەو رووبەڕووبوونەوەی ئەو هێرش‌و پەلامارە ستەمکارانەی کە هەندێك جار دەکرێتە سەر سەرۆکی هەرێم‌و ناوبانگەکەی، کە ئەمەش بەلگەیەکی روون‌و ئاشکرایە راگەیاندنی کوردستانی عێراق لۆکالێەو کاریگەریەکانی سنووردارەو پێشەکەوتنەکانی لەسەرەخۆیە. لە راستیدا ئەم رێژەیەی کە بەشداربووان دەنگیان لەبەرژەوەندی سەرۆکی هەرێم داوە هیچ کات رەنگدانەوەی سەنگ‌و کەسایەتی‌و تێکۆشانی سەرۆکی هەرێم نیە، لە کاتێکیدیکەدا ئەو رێژەیەی بەشداربووان کە دەنگیان لە بەرژەوەندی ئۆجەلان داوە، دیسان هۆکارەکەی بۆ رۆڵی راگەیاندنەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان وەکو راگەیاندنێکی لۆکالی‌و سنووردار لەناو بازنەی بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی دەگەڕێتەوە، هاوکات بەشێکی دیکەی ئەو دەنگانەی بۆ بەرژەوەندی ئۆجەلان بەدەستهاتوون هۆکارەکەی بۆ ئەو هاوسۆزیە دەگەڕێتەوە، کە زۆرێك بۆ ئۆجەلانی زیندانیکراو لە زیندانی دوژمن هەیانە، بەشێکی دیکەشی وەکو کاردانەوە لەبەرامبەر دەوڵەتی تورکیا دەنگیان لە بەرژەوەندی ئۆجەلان داوە، چونکە بە بڕوای ئەوان دەوڵەتی تورکیا دوژمنی هەرەسەرەکیە.

یەکێك لەو پرسانەی کە تروسکاییەك لە ئومێد لەناو رووپێویەکەدا دەهێڵێتەوە، بریتیە لەو رێژەیەی کە دەنگیان بەهیچ کەسایەتیەك نەداوە، وەکو سەرکردەیەکی نەتەوەیی‌و خاوەن زۆرترین جەماوەر لەناو هەر چوار سنوورەکەدا، رێژەی ئەو کەسانەش کە دەنگیان بۆ هیچ کەسایەتیەك نەداوە، بریتیە لە رێژەی 8،41٪ ، دەکرێ لە رێگەی رووپێوی‌و توێژینەوەی زانستی جۆری ئەو کەس‌و چین‌و توێژانەی کە دەنگیان نەداوە، لەگەڵ هۆکارەکانی دیارینەکردنی هیچ کەسایەتیەکی کورد، وەکو سەرکردەی بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی دەست نیشان بکرێت‌و هەڵوەستەیان لەسەر بکرێ، بەشی هەرە گەورەی ئەم ئەرکەش دەکەوێتە ئەستۆی راگەیاندنەکان.

- **تورکیاو ماراسۆنی گەیشتن بە یەکێتی ئەوروپا**

تا ئێستا پرسی بە ئەندام بوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا، لە گرنگترین ئەو پرسانەیە کە هاوڵاتیانی تورکیا بە تەواوی پێکهاتەی نەتەوەییانەوە پێوەی سەرقاڵن‌و بەشێکی گرنگ، لە سەر ئاستی هەردوو شەقامی تورکی‌و کوردی لەم وڵاتە باوەڕیان بە هەوڵ‌و جددیەتی تورکیا هەیە بۆ گەیشتن بە یەکێتیەکە. ئەوەی تایبەتە بە شەقامی تورکی بەتایبەت لە نێو سکیۆلارەکاندا ژاوەژاوێکی گەورە دروست بووە، لەسەر رادەی جددیەتی حکومەتی دادو گەشەپێدان، بۆ بە ئەندام بوونی تورکیا لە یانەی سیاسی‌و ئابووری یەکێتی ئەوروپا، بەتایبەت کە دادو گەشەپێدان بەوە ناسراوە، پارتێکی کۆنە پارێزو مەیلی ئیسلامگەرایی هەیە، لە چۆنییەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ یەکێتی ناوبراو، بەشێوەیەك لە ماوەی فەرمانڕەوایەتیکردنی وڵاتدا هێندەی سەرقاڵی پرسەکانی رۆژهەڵات بەگشتی‌و پرسەکانی ئیسلامی، لە ناویشیاندا کێشەی فەڵەستین بووە، زۆر کەمتر هەنگاوی بەرەو ئەوروپاو یەکێتییەکەی ناوە. لە راستیدا رەنگە زۆرێك لەو دەستکەوت‌و هەنگاوە گەورانەی تورکیا لەسەردەمی

فەرمانڕەوایەتی دادوگەشەپێدان لەمیانەی ماراسۆنی چوونە ناو یەکێتی ئەوروپا بەدەستی هێناوە، لەناونیشاندا باش بوونی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤو هەموارکردنەوەی چەندین یاساو مادەگەلێکی دەستووری کە لەگەڵ پێوەرەکانی یەکێتی ئەوروپا یەکانگیر نەدەبوو، لەلایەن زۆرێك لەوڵاتانی ئەندام لەو یەکێتیە پێشوازی لێکراوەو توانیویەتی بەشێکی زۆری گومانی سکیۆلارەکان بڕەوێنێتەوە، بەڵام سەبارەت بە کورد کە هێندە پەرۆشو گەرمو گوڕ نیە لە پرسی بە ئەندام بوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا پەیوەندی بەچەند فاکتۆرێکەوە هەیە، لەناویشیاندا هەڵوێستی دوژمنکارانەی وڵاتانی یەکێتیەکە بەرامبەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان کە تائێستاش لەلایەن زۆرینەی کورد لە تورکیا پشتگیری لێدەکرێ، لەلایەکی دیکەوە متمانەپێکردنی کورد بە ئەوروپیەکان کە لەسەر حیسابی پرسی کوردو نەرمی نواندنی تورکیا بەرامبەر بە پرسی قوبرسو هەر پرسێکی دیکە سازش بۆ تورکیا دەکەن.

هەر لە میانی رووپێوییەکەدا بابەتێکی دیکە روون دەبێتەوە کە تایبەتە بە فاکتۆرەکانی ئایینیو ئایدۆلۆژیای ئایینی لەناو کوردا، بەجۆرێك لە خشتەی ژمارە (33) دەرکەوتووە، کە تەنیا ژمارەیەکی کەمی کورد کاریگەرن بەو دوو فاکتۆرە، هەر بۆیە بە گرنگی نازانن تورکیا ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، کە سەرجەمی ئەندامەکانی بریتین لە وڵاتانی مەسیحین، ئەم هەڵوێستە مانای ئەوەیە ژمارەو بەشێکی کورد خوازیارنو پشتگیری گەڕانەوەی تورکیا دەکەن، بۆ جیهانی ئیسلامیو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

زۆرێك ئەو بیرکردنەوەیان هەیە، کە ئەگەر تورکیا ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا پرسی کورد چارەسەر دەبێ، لە راستیدا ئەم بیرکردنەوەیە لەکورتبینیەکی روونو ئاشکرا لە تێگەیشتنی سروشتی پەیوەندیەکانی نێودەوڵەتیو بەرژەوەندیەکانی نێوان وڵاتانو رەهەندەکانی پرسی کوردەوە سەرچاوەی گرتووە، هیچ کاتێك لەوەتەی دامەزراندنییەوە یەکێتی ئەوروپا نەیتوانیوە چارەسەری کێشە ئیتنی، نەتەوەییو ئاینیەکانی نموونەی کێشەکانی باسك لە ئیسپانیا، پرسی ئێرلەنداو قوبرسو کێشەکانی دیکەی ناوچەی ئادریاتیكو بەڵکان بکات، کە هەر یەکێکیان لە ناو خودی خۆیدا بوونیان هەیە، جگە لەمەش یەکێتیەکە چەندین کێشەو پرسی جۆراوجۆری ناوخۆیی هەیە، بۆ هەریەکێکیشیان پێڕۆی پێوەرگەلێکی دوو ئاڕاستەیی دەکات، لە مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەو پرسانەی کە رووبەڕووی بەرژەوەندیەکانی خۆییو هاوپەیمانەکانی دەبێتەوە.